# رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک
# بەرگی دووەم

## رون کردنەوەیەکی پێویست

خوێنەری بەرێز... لەبەرگی یەکەمی رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك دا هەندێك هەڵەی چاپ وهەڵەی وێژەیی تێدا هەبوو، من ئەوەی نوسیومەو دەینوسم بۆئەوە نیە دژی ولاّتێك، حزبێك،عەشیرەتێك، تیرەیەك، بنەماڵەیەك، شەخسیٚ بێت، بەڵکو بۆهێشتنەوەی ئەو روداوانەیە بەزیندویی لەمێژودا کەمن لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیم دا دیومەوهەندێکی لیٚ ئاگادارکراوم وهەندێکی وەرم گرتووە، ئەو مەسەلانە پەیوەندی بەخۆم وەکو مرۆڤێك وئەو روداوانەی دەوروبەرمەوە بووە، من تەنها هەرسەیری بەر پیٚ ی خۆم نەکردووە، بەڵکوئامانجێکم هەبووە، من لەشۆرش دابوم خەباتم بۆچارەنوسی گەلەکەم بەپیٚ ی توانای دیاری کراوی خۆم کردووە، من لە 1976/6/26 چەکی پێشمەرگایەتیم هەڵگرتووەویەکەم پێشمەرگەی ئەو شۆرشە بووم، بیٚ بەرنامەوهەرلەخۆمەوە ملم لیٚ نەناوە، من لەوچەند ساڵەدا سەدان لەکەسە نزیکەکانم بەشەهید بون داوە لەپێناوی ئامانجێکی دیاری کراودا بەئومێدی سەرکەوتن بۆگەلەکەم هەر ئەورۆژانەش بیرم لەوە دەکردەوە کەدەبیٚ ژیانی رۆژانەی سەختی پێشمەرگایەتیم لەیاداشتەکانم دا بۆداهاتوو تۆماری بکەم، من بەرواڵەت مرۆڤێکی ئاسایی وەکو ئەوهەموو مرۆڤە کوردەو ئەو مرۆڤانەی پێشمەرگە بوون، بەلاّم لەئەساس دا وانەبووە چونکە تیاچونی هەر مرۆڤێك ئاسان نیە گەورەترین سەرمایەی مرۆڤایەتی ژیانە، گیانە، دڵسۆزترین ونزیکترین کەسم بەجیٚ هێشت وماڵ ئاوایم لیٚ کردو هەموویم بەچەکەکەی شانم دا بۆبەرگری کردن لەماف رەوای گەلەکەم وبۆیاری کردن لەگەڵ مەرگ ، ئەوەی نوسیومەتەوە بەو ئومێدەی کەرۆژێك بێت نەوەکانی داهاتوو سودی لیٚ وەربگرن وبۆئەوانەی ئێستاوداهاتو هەڵەکان دووبارە نەکەنەوە باسود لەکارە چاکەکان وەربگرن، یەکیٚ لەنەخۆشیە کوشندەکانی کورد نەنوسینەوەو نەخوێندنەوەی مێژووی خۆیەتی هەر بۆیەش هەموو روداوە

مێژویەکان لەیەك بازنەدا دەخولێنەوەو دووبارەو چەندبارەش دەبنەوە، سەیری مێژوی کورد بکەین لەدوای مێژوی (شەرەف خانی بەتلیسی) کەئەویش لەهەلومەرجی خۆی وئەوتایبەتمەندانەدایەتی یەوە دوای ئەو تەمومژێك لەسەر مێژوی کورد دروست دەبێ لەدوای ئەویش بەچەندین سەد ساڵێك (ئەمین زەکی بەگ)ی مێژونووس دوای ئەو شتێکی ئەوتۆ نەنوسراوە کەسەرنجی هەموو کوردێك رابکێشێ، لەودوایەدا کۆمەڵێك لەنوسەرانی مێژوو قەڵەمی بەبرشتیان هاویشتەوە مەیدان وە ئومێدی زیاتریان لێ دەکەین، (14)ساڵ شۆرشی ئەیلول کوشتن وبرین وماڵ وێرانی شتێك نەنوسراوە دڵی مرۆڤی کورد وهەتا بێگانەی پێ پاراوبکات، هەندێك لەم دوایەدا نەبێ کەتەمەنیان بەسەردەچێ و لەکەناری گۆر دەلەرزن لێرەولەوێ هەندێك شت دەڵێن نەك نوسین، بۆ شۆرشی ئەیلول کەم نووسەرورۆشنبیرو خەڵکی بەتواناای تێدابووە؟ مەگەر پەنا بۆکریس کۆچراوبییانیەکان بەرن بۆیە ئێستاش مێژو نووسانی کورد بەناچاری لەئەرشیفی بێگانە هەوڵ دەدەن بۆروناك کردنەوەی مێژوی کۆنی کورد، کورد خاوەنی شارستانیەت ومێژوی خۆیەتی، هەر بۆیەمن دەفتەری رۆژانەی خۆم بەدوونوسخە نوسیوەتەوە نەوەك سەری ساڵ تەواو نەبێ و تیابچم و هەموی ون ببێ، من هەموو سەری ساڵێك دەفتەری رۆژانەی خۆم لەیەکێ لەئەشکەوت وژێر بەردو شوێنەکانی کوردستان پاراستووە وهەمیشە یەك کەس لەو پێشمەرگانەی لەگەڵم دا بووە جێگاکەیم پێ وتوە ئەگەرمن تیابچم با نوسینەکە بمێنێتەوەوئەگەر خۆشم نەمێنم باکەسێك لەنەتەوەکەم سودی لێ وەربگرێت وروداوە مێژویەکان زیندە بەچاڵ نەبێ وەکو بووە لەوەپێش، بەکوشت دان یاشەهید بونی هەر رۆڵەیەکی ئەونەتەوەیە چ لەسەنگەر یا دورە تۆپ یالەماڵی خۆی یالەچیاهەڵیان دابێ یاسوتابێ یالەئاو خنکابێ یالەژێر ئازاروئەشکەنجە دا گیانی لەدەست دابێ شیشێك بووە لەجگەری منی داوە، هەتا ئەوکەسانەی کەدوژمن فریوی داوون و مانەوەیان زیانی بووەبۆ ئەمنی قەومی کورد کوشتنی ئەوانەش ئەگەر بەرواڵەت نەم ویستوون، بەڵام لەدەرونەوە وەك مرۆڤێك زۆر پێ ی نارەحەت و هەر بەوەم زانیوە کەکوردێك کەم دەبێتەوە، هەتا لەبەرەکانی شەردا یاگرتنی ئەسیر لەبەر دەستم بووە وەك مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ،وەك مرۆڤایەتی، وەك موسڵمانێك، وەك هاولاتیەك، پێم

ناخۆش ونا مرتاح بوم، بەكوشتنی هەرئەوە نەبووە چەك لەشان وشەرئەنگێزوتفەنگ بەتاریكیەوە بنێم بەڵكو تفەنگم بەهەدەفەوە ناو ئەگەر شەوە زەنگیش بوبێت بەلاّم من لەسەر زیادە ماومەتەوەو خوا یارمەتی داوم هەزاران جار رزگارم بووە لەمردن، ئەوبەرهەمەش كەنوسیومەتەوە جگە لەوەی هەندێكی لەساڵی(1993) لەپێنجوێن نزیكەی (3)هەزار بەڵگەنامە بەهەموو مستمسەك وشریتی ڤیدیو و فایلی ئەمنی كەركوكەوە پارتی دیموكراتی كوردستان چووە سەر مقەرەكەمان وگرتیان وبردیان كەهەندێكی محمود بناوەسوتەیی فەوتاندی وەهیوادارم ئەوانەشی لای پارتی وەكوبردیان نەفەوتابێ و دەست كەسێكی خەم خۆركەوتبێت بۆئەوەی مێژوی گەلەكەمان بپارێزێت بۆنەوەكانی داهاتوی خۆی وەهیوادارم ئاگریان تێ بەرنەدابێ ، ئێستازۆربەی لەبەر دەستم دایە نەك بۆهەر ئەو (4)بەرگەی رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك بەڵكو بۆسەدان كتێب دەبێتە سەرچاوەی گرنگ ئەگەر خوایارمەتیم بدات ومەرگ مەودا بدات دەیخەمە بەردەمی خوێنەرانی ئازیز، لەدوای بەرگی یەكەم زۆرنامەو تێبینی ورای نوسەرومێژونووس ودڵسۆزانی گەلەكەم پێ گەیشتووە لەراوبۆچونی خۆیان دەوڵەمەندیان كردوم كەزۆرسوپاسیان دەكەم لەو رەئیە جیاجیا یانە.

خوێنەری ئازێز... دەربارەی نامەكان من پێم وایە هەر نامەیەك فەترەیەكی دیاری كراوی بەسەردا چوو خۆی دەبێتە نامەیەكی مێژویی، نامەیەكی بەبەها، من نالێم كەموكوری لەنوسینەكەدا نیە بەلاّم ئەوەندەی پێم كرابێ ، یابۆم رەخسابێ وەك كەسێك لەدوورەوە سەیری روداوەكانی كردبێ نوسیومەتەوە وەشتی شەخسی خۆم نوسیوە ، من ئەوەی نوسیومە زۆر لەوبرایانە هاوسەنگەروهاوخەبات وهاولاّتی وهاوناوچەو دراوسێ وخزمیشم بوون، من وەكو برادەری و خزمایەتی وهاوسەنگەری ودۆستایەتی وعەشائیری وشۆرشگێری ئەوانە ئەوەی ماوەو ئەوەی شەهید بووە هەموی هەر براوهاوسەنگەرو هاوخەباتمە بەلاّم مەسەلەی میللەتێك ، مەسەلەی مێژویەك، مەسەلەی گرنگی خەباتی دورودرێژی گەلێك كەهەزاران شەهیدی داوەورووبەرووی درندانە ترین شێوازی چەوسانەوە بووە لەهەموومان گەورەترە، بۆیە راستیەكان نابێ بشارینەوە نابێ وابزانین شعوری ئەو كەسە یائەم كەسە بریندار بووە من بەش بەحاڵی خۆم رێزی تایبەتیم

بۆهەموو ئەوانەی ناویان هاتووە هاوخەبات وهاوسەنگەروهاوبیروباوەر بوین و هیچ لەو ڕێزەی کەم ناکاتەوە لای من، هەرکەسێك شتێکی لەسەرمن هەیە بائەسپی خۆی تاوبدات وبینوسێ من زۆر بەدڵ فراوانیەوە لێ ی وەردەگرم، من قەڵەمم بەکار هێناوە باقەڵەم بەکاربێ وەك وتەکەی خوالێخۆشبوو کاك ڕەسول مامەند دەیوت (باچەك پشووبدات و قەڵەم دەست بەکاربێ) لەکوردستانی ئازاد کەخەباتمان بۆکردووە، من خۆم بەمرۆڤێکی دیموکراتی دەزانم ودەبێ کوردیش رابێ لەگەڵ ئازادی ودیموکراتی وهەموو پێ ی هەزم بکرێت وکەس خۆی لەروداوەکان نەدزێتەوە چۆن لەشاخ سودمان بۆگەلەکەمان هەبووە ئەبێ لەشار لەگەڵ قۆناغی نوێ دا سودمان بەشێوەیەکی کە بۆی هەبێ، لەجەزائیر ئەوەی جاشایەتی کردبوو دژی گەلەکەی خۆی بوو دوای سەرکەوتنی هەمویان دەرکردن لەجەزائیر، بۆیە نابێ ئەوبرایانەی کەئێستا ئەندامی سەرکردایەتی حزبەکانن و(10 –12) لاندکروز لەدواوەیەتی ودەیان کەس حمایەی دەکات پێ ی عەیب نەبێ بابی جاش بوەو چەکی پێ بووە یاخۆی پێشتر کاری خیانەتی کردووەو زروف هێناویەتیە پێشەوە دەبێ پێ ی شەرم نەبێ دژی پێشمەرگە بووە وەکوردی تەسلیم کردوەوئیعدام کراوە دەبێ پێ ی شەرم نەبێ مانگی (13)دینار مەعاشی وچەکی (11)تیری پێ بوو هەرشەوەش شەوکوتی گوندێکیان دەکرد، یابێ شەرم نەبێ شۆرشی کردووەو فیداکاری کردووە بۆمیللەتەکەی خۆناشکوری خوانەبێ ئێستا جاش وباش لەکوردستان جیاوازی نی یە، ئەوەی پێشمەرگەی کۆن وخەباتی کردووە لەزۆرشت بێ بەریە، ئەوەش وەکو دۆمەڵانی بەهار لەرێگای هەورەتریشقەوە سەری هەڵداوە ئێستا لەپێشەوەو حکوم دەکات دەبێ ڕاستیەکان هەر دەرکەوێ، زۆرجار باسی ئەوەکراوە ناوی شەخسی نەیەت من پێم وایە شۆرش شەخس کردویەتی چاکو خراپی شەخس دەوری هەبووە ناوی نەیەت وەکو تەیرێکی بێ سەروباڵ دەردەچێ.

خوێنەری ئازیز... من باسی کەساسی گەلی کوردم کردووە کەوەکو مریشك لەشایی وشیوەن هەر سەردەبڕێ، والێرەوە دەچمە سەر ئەسڵی مەبەست وئەم ڕاستکردنەوەیە هەڵەی چاپ بوو لەبەرگی یەکەمدا.

1- وەلی دێوانەوشەم لەعەشیرەتی کەماڵەیی ولەبنەماڵەی حەمە سوری کەماڵەین نەك میکائیلی.

2- لەدەرەی مەر بەفرباری رۆژەکەی 12/7 بوو نەك 7/12 .

3- کاك شیروان شیرەوەندی ئاگای لەحمەرەشید دەرۆیش عبداللە پریسی نیە.

4- حسێن خلیفە نیە بەڵکو حسێن فەیلیە .

5- ئەحمەدمراد خان نەورۆڵی نیە کەلورە.

6-میرزاحەسەن رەئیس عەشرەت وپیاوێکی ناوداری ناوچەکەبوو لەورێگایش تووشی زۆر گیروگرفت بوو.

7-کورەکەی میرزاحەسەن نەوزادی عبدالرحمن پریسی کوشتی ، نەوزادیان بردە بەردەستی و عەفوی کرد کەئەوەش لەدەست کەم کەس دەهات .

8-عەلی فەتاح دوانزە ئیمامی کەڕولاڵ بوو جاشی سیروان تەقەیان لیٚ کردو کوشتیان، سەدان وسەدان ماڵی خەڵکی شارەزوور وهەورامان تالاًن کرا بەدەستی جاش و خاوەنەکەی چاوی زاقەی دەهات ونەیشی دەوێرا قسە بکات، کیٚ بیٚ نەزانیٚ (شەوکوت) کاك ئەحمەدحمە ئەمین پریسی خۆی پیاوێکی خاوەن هەڵوێست وناحەقی وئیهانەی قبولٚ نەدەکرد شۆرش تەعدای لیٚ دەکرد ودەیانویست زەلیلی بکەن ئەویش قبوڵی نەکردو بەوپەری شەرەفەوە مەردانە بەرگری کردتا تیاچونی خۆی ئەگەر شۆرش لەپشتی کاك حمە شەمێرانی نەبوایە شەورۆژێك لەپریس شەربوو دەبوو (2-3)هەزارماڵی عەشیرەتەکەی بڕۆن بەهاواریەوە بەلاًم شۆرش لەپشتی بوو ئەوەبووعوسمان وچەند کەسێکی کوشت لەحەوشەکەی خۆیدا بەلاًم کاتێك کاك حمە شەمێرانی چەکی شۆرشی پیٚ نەما کاك مەلا عەبداللەی کوری کاك ئەحمەدحمە ئەمین تۆڵەی باوکی کردەوەو کاك حمەشەمێرانی کوشت، کوشتنی فائیق محمودی محمدسان ئەحمەد رەئیس عەشرەت کاك حمەشەمێرانی وکاك صابیر حمەئەمین بارام بۆباوکی فائیق بانگ کرایە حاجی عمران وتەهدیدکراو ناچار بەریشی صوڵحی کردو هەندێك لەتیرەوعەشیرەتەکان گلەییان کردوە کەناوی عەشیرەت یاتیرە هاتووەبەلاًم دەبیٚ بزانن کەناوی ئەو عەشیرەتە هاتووە باسی چاکەکانی وخراپەکانی کراوە لەشۆرشدا، باسی قارەمانێتی حسێن عارف حمەصالَح

عبدالرحمن بەشارەتی، عومەرحمەصالح وخزمەتی حمەرەشید دەرۆیش عبدالله ومالی میرزاکەریم و دەیان کەسی کە کراوە بەلام خۆنابێ لەوە ئینکاری بکرێ خالو محمدی ئاغا وەیس لەسەر ئەوەی شۆرش ناوچەیەکی چەك کردو مالی چەکێکی پێ کری چەکی رژێمی هەلگرتبوو (300)کەس لەگەلیدا بوو کێ بون لەگەلیدا، الحمدالله خالو محمد ماوەوخۆم چەندجارێك لەدوای راپەرین سەردانم کردووە وقسەم لەگەل کردووە خۆی ئینکاری ناکات، کاك حاجی رەوف سەراوی لای هانەسورە کاك محمودی میروەیس یاکوێخا عەلی کۆکۆیی یارەشەی صالح یامام وەسمان لەسەیدصادق یامالی شێخ نەصرەو یاعبداللەی شەریف یادەیان کەس بەلام هەرکەسێ هۆی تایبەتی خۆی هەیە، بەلام پیاوی ناسراوی رەئیس عەشیرەتی نەورۆلی وەکو کاك میرزاحەسەنی تێدابووە کەخۆی چەندجار لای من سکالای کردووە لەزۆرشت بەلام کورەکەی کوژرا نەوزادیان بردە بەردەستی عەفوی کرد، پیاوی وەکو حاجی حمەسەعید فەقێ حەسەن یەکێکە لەپیاوە ناسراوەکانی عەشیرەتی نەورۆلی لەگوندی بەشارەتی سەروجاش چونە سەری و عەزیەتیان دا ناوی جاشەکە حەمەئەمین عێراقی بووهەر ئەوەش بووە هۆی مردنی، یائەوانەی شۆرش لەناوی دەبردن ودەی کوشتن هەموویان عەشیرەتیان نەبوو، کەمالی ئەحاروش خاوەنی گەورەترین عەشیرەتی هەورامی خۆی وباوکی کوژرا کەعبدالوهاب ئەتروشی کوشتنی کەس چی پێ کرا، مالی حاجی ابراهیم چەرمەگا مەجید رۆستەم هەمویان دەعوەت کردوسەیدعاصی هەموویانی کوشت لەکەمیندا لای خەلەکان بەئەمری بارزانی کێ چی پێ کرا عەشیرەتی اسماعیل عوزێری گەورەشی هەبوو، مام حاجی محمودی هاورونی رەئیش عەشیرەتی هارونی مەلامستەفای رەحمەتی لەسالی 1967لەساوجی گرتنی نەهارونی ونەجاف چی پێ کرا، مەلاعەزیزسیامەنسوری ومەلاکەریم ناوێك چەندجار مام حاجی محمودی هارونیان گرت وئیهانەیان کرد کێ چی پێ کرا، یاکاك اسماعیل خەسرەو لەعەشیرەتی سایانی سەدان جار عبدالوهاب ئەتروشی دەیگرت تاوای لێ هات جارێ لەسەرجادە بینیم بەتانیەکی بەکۆلەوە بوو وتم چی دەکەی لەگەل خۆم بردمە خورمال وتی کاك عبدالوهاب بانگی کردوم ودەزانم سجنم دەکات باسەرماش نەم کوژێ ئەم بەتانیەم لەگەل خۆم هێناوە کەیەکێك بوو لەپیاوەکانی جاف،

جەزای عەلی کاتب لەرێگای ئەحمەد مراخان وخالید حاجی فەرەج وبەتەوجی کاك عبدالوهاب کوشتیان و ئەوانەو زۆرشتی کەش، خۆسەرەتای شۆرش یاپێش شۆرش نەکۆکۆیی ونە نەورۆڵی ونەشەمێرانی هیچ دوژمنایەتیەکیان نەبوو تاشەری ناخۆ وچونە سەرگوندی باوەکۆچەك وسەر چاوەی باوەکۆچەك وبەرگری کۆکۆیەکان هەوڵی ئەوکاتەی سیاسەتی پارتی بۆدروست کردنی کێشەی عەشائیری وکوشتنی کاك حسێن عارف کەیەکێك بوو لەسەر لقە بەتواناو لێهاتوەکانی شۆرشی ئەیلول و لەشەری پردی زەڵم لەساڵی 1963بەرگری قارەمانانەی کردو هەرئەوکاتەش کاك محمد کویخاکریم برینداربوو هەردوکیان لەیەك سەنگەردابوون بەڵام شۆرش پشتیوانی لەهەرکەس و لایەکی کرد کەس ناتوانێ دژی بێت ئەگەر حزب زۆر بێت یان کەم لەژمارەی دەست تێنەپەری بێت نمونەش بۆئەوە زۆرە لەشۆرشدابەتایبەتی لەناومیللەتێکی وەکو کوردا هەردەیان ساڵە دوژمن ژەهری تاڵی خۆیان ئەرێژن ئاسان نیە بەسەریدا سەربکەوێت ونکوڵی وکەم وکوری وبێ‌تەجروبەی‌شۆرش و مەسئولینی شۆرش وشکاندنی سومعەی پیاوەدیارەکان دەبەن تایبەتی خۆی هەیەو وابووەو خۆعەشیرەتی بارزان تائەوکاتەی شۆرش پشتیوانی لێنەکرد وەکولەزۆر جێگانوسراوە بارزانیەکان یادەبوو عێراق هاوکاریان بکات دەبوو ئەوناوە یاکوردستان چۆڵ بکەن گیریان خواردبوو بەدەستی عەشیرەتەکانی سورچی وهەرکی وگۆران وزێباری ...هتد، هەمیشە شەریان بوو هەرسورچی یەکان سێ جار بارزانیان سوتاندووە کاك عمرئاغا باسی کردووە ، لەچلەکاندا زێباری یەکان بارزانیەکانیان راوناوەو بەهاوکاری عێراق تائێران وچوونە لای‌قازی‌محمدو کۆماری‌مهاباد وەکو کاك بکرعبدالکریم حەوێزی باسی دەکات ئێستا لەسلێمانی یە ، تادوای شۆرشی 14تەمموزی 1958 وگەرانەوەی بارزانی یەکان وکوشتنی ئەحمەدزێباری ، بارزانیەکان یالەخواروی عێراق یالەتورکیاوئێران یالەشارەکان دەربەدەری دەستی عەشیرەتەکانی ناوچەکەبوون ، بەڵام کاتێك شۆرش دەستی پێکردو پشتیوانی لەبارزانی کراوشۆرشیان دامەزارند لەدەربەندیخان ودەبەندبازیان عەشائیری‌جاف وهەموولایەك رێگای گرت وپاشان مام جەلال کەمینی دانالای کۆیەو پارەی‌عێراق گیراو لەوپارەیە بۆ بارزانی رەحمەتی نێردرا کاك عەلی

عەسـکەری بـۆی بـرد بۆئـەوەی برواتـە تورکیـا، پێـشمەرگەی ناوچـەکانی سـۆران وهەموولایەك چوون بۆپاراستنی بارزانی وشەری عەشائیرو عەشیرەتەکانیان بەرەورژێم راونا،پاشان بەیانی 11ی ئازارو تەسلیم بوونی زۆری عەشائیر بەعەشیرەتی بارزان و مل کەچ کردنیان بەبۆنەی شۆرشەوە بوو ، ئێستاش رۆژانە هەررەئیس عەشائیرو عەشیرەت لەبەردەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان گیانیان بەخت دەکەن وخۆشیان بۆبەکوشت دەدەن کەئەوە هەمووی مەسەلەی شۆرشەوکەس ناتوانێ دژی رێگایان نەداو دەریان کەن ، حسین فارس هاتە بەروخۆرە و لەوێ مام حاجی فتاحیان لەسەری نەفی کرد لەلایەن کاك علی عبداللەی پارێزگاری سلێمانی ئەوکاتەوە بەلأم علی ئاوای وهارونی نەیان هێشت ، قادری حمەصالح هەمووجاڤ بانگ کرد بۆلای بەرزنجە بەلأم لەبەر کەس هەڵنەسا وەکوئیهانە تاکاك علی حاجی محمد جیلان قسەی پێوت رێزێکی کەمی خەڵکەکەی گرت . شۆرش کاك حمە شمێرانی لەزەمەقی داناو کاك قادری حمەصالح لەبەشارەت وکاك کریم عبداللەی خاسە لەناو 10گوندی هارونی ونەورۆلی داناکێ چی پێکرا، هادیبرای مستەفا کۆکۆی یان کوشت کەسوکاری چی پێکرا. پیاوەناسراوەکان کاك حاجی عبدالقادر گۆمەلارو مەلاحمەئەمین وحمەصاڵح فەتاح هانە ژاڵە .بەلأم خۆدەوری پیاوانی هەمووعەشیرەتەکان کاك حمەفرج حاجی محمودپریسی وعلی محمودی محمد مرادخان وحمەی رەمەزان وە لەشۆرشی نوێدا فرج تریفەی ومەلائیبراهیم ودەیانی کەیان دەوریان بووە ، ماڵی حمید ئاغای مێرگەسوری هەمویان گولەباران کران چیان پێکرا .حمەنەزیف قادری میکوڵ بەبەرچاوی عبدالعزیزی برایەوە لەلای سوسەکان کوژرا لەشۆرشی ئەیلول لەعەشیرەتی یەناخی بوو ، کاك نادر هەورامی . عوسمان بانی شاری . حمەیرەمەزان وخالیدی حاجی محمدیصالح دێکۆنی ومحمد کۆڵنەدەروعەلی کوری یان گولەباران کرد شۆرشیان لەپشت بوو، هەموو هارونی وجاف داوای لەمەلا مستەفا کرد ئەحمەد حاجی نەکوژێ هەرکوشتی، ئەمین لەیلانی ئیهانەی شیرەمەروگامێش تەپەی کرد وحاجی حمە محمود پیاوێکی ناوداروریش سپی کەلەوێ بوو لەگامێش تەپە ئەگەر شۆرش نەبوایە کێ ئەوەی قبوڵ دەکرد هەرچەندە گامێش تەپە دایان لەئەمین لەیلانی، کاك جەلال لاورانی حسن رەشیدهاورنی کوشت

وهاته قەدەفەری.توفیق رەحیم تەحسین گوڵپی و دووپێشمەرگەی لەشەشك گرت تەسلیم بەرژێمی کردەوە، ئەحمەد عبدالرحیم قاینجەیی وکەریم ابراهیم بەگ تەپەسەرقولەیی گرت وتەسلیم بەرژێمی کردەوە.

خوێنەرانی ئازیز... باوەربکەن ئەوەی نوسیوومە، دیوومەو چاوم پێ کەوتووە، هەواڵم بۆهاتووە مستمسەکە، ئەوەی دەڵێم، دەی نوسم لەو (4) بەرگە و هی تریش ئەوەی ناوی هاتووە، کورد...حزب... حکومەت...عەشیرەت... تیرە... بنەماڵە... کەمی هەیە زیادی نیە، باوەربکەن شتی وام لایە من خۆم لەجیاتی خاوەنی نامەکە، خاوەنی قسەکە، خاوەنی رەفتارەکە هەرکات دەیبینم لەجیاتی ئەو من بەناخی زەویدا دەرۆم ولەجیاتی ئەوان من خۆم بەشەرمەزار دەزانم بۆیە ئەگەر مەرگ مەودای داو (4) بەرگەکە تەواو بوو مامۆستا کەریم حسامی واتەنی پیاچونەوە بەهەر چواربەرگەکەش هەر حەوسەڵەم هەیە، لەکۆتایدا ئاوات دەخوازم وا رابێین لەگەڵ ئازادی نوسین ئازادی بەگشتی وئازادی رەخنەورەخنە لەخۆ گرتن وداهێنانی شتی نووێ کەخزمەت بەگەلەکەمان بکات لەوانەیە ئێستا هەندێ کەس پێ ی نارەحەت بێ، کاتی خۆشی شعری شێخ رەزایان پێ ناخۆش بووە بەڵام دەرکەوت ئەگەر شعری شێخ رەزا نەبوایە ئەدەبی کوردی نوقسان و لاوازدەبوو بۆیە من دەڵێم بازەمان دەری خات کەراستیەکان نەشارینەوە لەپشتی پەردەوە بۆسوود وەرگرتن لێ ی، جارێکی کە بەخواتان دەسپێرم تابەرگی (3)یەمی رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك.

**محمد حاجی محمود**

## چیای سورێن چی یەو لەکوێ هەڵکەوتووە.

من بەبۆنەی ئەوەی کەلە 1976/6/27 لەشۆرشی حوزێرانی 1976 ، یەکەم هەنگاوی مەفەرەزەی سەرەتایی لەسەر داوای من بۆئەو ناوچەیە رۆیشتین و تا 1991/3/5 من هەر لەو چیایە ژیاوم زۆربەی وەختم، سورێن سەرجەم سەری لەگەڵ هەورامان بەیەکەوە داوەو

لەجنوبی شەرقەوە و لەشمالیشەوە یاشمالی غەرب بۆنزیك یا جنوبی رۆژ هەڵاتی پێنجوێن واتا تانزیك ئاسناوای یا سێ کۆ یاکانی مانگا کۆتایی پێ دێت، وەلەرۆژهەڵاتی شاری سلێمانی یەوە هەڵکەوتووەو لەرۆژهەڵاتی ناڵپارێزو شمالی شاری هەڵەیجە کەوتووەو چەمی زەڵم و ئەحمەدئاواو ئاوی سەرچاوەی زەڵم هەورامان وسورێن لەیەك جیا دەکاتەوە و زنجیرە چیای سورێن سنوری ئێستای عێراق _ ئێران جیا دەکاتەوە، وەلەرووی ئێرانەوە دزلی وسیاناوئەسکۆڵی سەروخوارو کانی کەوەی پیران وپیرانی کۆن کەکاتی خۆی شێخ محمودی نەمر لەوێ بووە، کانی چنارودۆڵەبی، گوندەکانی دیووی ئێران و لەکوردستانی عێراق( زەڵم وئێلاڵن پێ و هانەی قوڵ و بانی شارو عامورەو میری سورو ریشێن و دەرەگولاڵن و چنارەو کانی ئاسکان و نەوێ و گەچێنەو بەردەبەلی سەرو بەردەبەلی خوارو قەڵبەزەو تازەدێ و وڵەسمت و ئوچ قوبەو توتاقاج و بەرکەورگان و بانی بنۆك و جۆمەرەسی و پۆری دەری سەرو پۆری دەری خوارو سیامێوەو خرنوك و زەنگی سەرو چەوتان و کولیتانی خوارو کولیتانی کوێخاقادرو کانی سێف و توتمانی سەرو توتمانی خواروکورەمێوو کوری گەپڵەو سێ ماڵەو تەراتەوەن و کانی سپیلکە)، ئەم گوندانەش دەکەوێتە دامێنی سورێنەوە..(کانی مانگا، رەشان، ناڵپارێز، قاینجە، عالیاوا، قوڵخورد، مەلاوەیسە، گوڵەخانە، شیرەمەر، خورماڵ)، چیای سورێن ناوی محەلی هەیە لەزۆر جێگا لەسەر چیاکەوە وەکو...( دلانی، مڵخورد، رەنگین، کەلی چەنگا، منارەکەوە، کەلەپەرەی شارەزوور، هەشە رێ، سەکۆی ئەحلە، تاشلێ، چادرسەوز، کانی حەیفی، کانی شەخەڵە قونەی قائیە) هەندێك لەو جێگایانە کوێستانە بۆهەوارومەر هاوینان بەکاردێت لەوانە کوێستانەکانی دالانی ومڵخوردو رەنگین و مەیدان و داڵەمیز وکانی خەیاران و کانی پونگە وکانی کاکە وەیس، ئەوانە زۆریان لەسەر سنورە بەشی ئێران کەوتووە، سورێن زۆر سەختەورێگای هاتووچۆی بەم شێوەیە..( رێگای مڵخورد، رێگای رەنگین، رێگای هانە ئەحمەدە، رێگای کەلەبەرە، تەنگەڵە یاشارەزوور، رێگای هەشەرێ، رێگای تاشلێ، رێگای چادرسەوز، رێگای کانی حەیفی، رێگای کانی شەخەڵە) زۆربەی ئەم رێگایانە زستان هاتوچۆی ولاّغ نامێنێ و تەنها رێگای سەڵتە زەلام هەیەو بەزەحمەت، ئەك رێگای دەرەی میکوڵ هەیە

ئەوە بەپیادە ئەگەر شارەزاوچەند کەسێك نەبێ ناتوانن لێوە بپەرنەوە لەچوار جێگاوە بەحەبل سەردەکەویت هەریەکەی (10تا 12) مەتر بەرزە دەبێت لەسەرەوە رات بکێشن زۆر سەختە بێ سنور لەهەموو کوردستان چیایەکی واسەخت و واش لەرووی جوگرافیاوە هەڵنەکەوتووە کەلایەکی ئێران و نزیکی هەموو ناوچەکانی کوردستان بێت بۆهەر ناوچەیەك بەیەك شەو تێ دەپەریت لەکاتی پێشمەرگایەتی دا بۆقەرەداغ بۆ شاربازێر بۆشلێر، سورێن جیایەکی گرنگ بوو لەروی ئاوەوە خۆی کەم ئاوە بەلاّم لەدامێنی سورێن ئەو ئاوانە هەیە (چاوگی چەقان کەلە جۆمەرەسی هەڵدەقولێ بەشێکی بۆوڵەسمت و بەشێکی بۆبەرەی خەرنوك وزەنگی سەرو کەوڵۆس و بۆچەمی چەقان بەناو سەید صادق دا دروست دەکات، ئاوی چەمی نەوێش کەلە میولێ وە هەڵدەقولێ، ئاوی ریشێن کەئاوێکی گەورەیەو چەمی ریشێنی لێ دروست دەبێت لەقەدەفەری وقاجروگردی صادق لەگەڵ ئاوی زەڵم یەك دەگرنەوە، چاوگی شەڵم هەیە لەریشێن ئاوی شەڵم ئاوەکەی گەرمەولەپەنای ئاوی ریشێنەوە دەروات و ماسی ئاوی ساردەکە دەچێتە ئاوی گەرمەکەوە یەکسەر کوێر دەبێت، ئاوی شیرەمەر هەیەو ئاوێکی گەورەیەو ئەویش دوای زەراعەتی زیاتر لە (3)هەزار دۆنم دەرژێتە سەرئاوی زەڵم ، ئاوی گەراوەکە یاخێراوەکە ئاوێکی زۆرگەرم و گۆگردە، ئاوی گەنجان لەناو خورماڵ دا ئەویش ئاوێکی گەورەیەو دەرژێتە چەمی زەڵمەوە جگە لەوانەش ئاوی زەڵم کەلەناوچیاکەوە دەردێت و لای کەرەجاڵ و لەژێر چیای سورە سێوە دەردێت ئەویش لەسورێنەوە هاتووە بۆئەوەی تەختە پێ ی دەڵێن سوەر سێو، دەگێرنەوە ئاوی زەڵم و ئاوی ریشێن لەزرێبارەوە دێت لای مەریوان جگە لەوانەش ئەم کانی و ئاوانەی تێدا هەڵکەوتووە (کانی کەرەجاڵ، کانی وشکەناو، کانی مڵخورد، کانی دالانی، کانی رەنگین، کانی خالوسان، کانی خۆرنەوەزان، کانی نەیجەکۆڵە، کانی مەرداڵ، کانی هانە ئەحمەدە، کانی قەولیژە، کانی قلاتکی، کانی سیانی رەشید عەودل، کانی سیانی حاجی رەشید، کانی سیانی حممە ئەمین عەول، کانی میران، کانی دەرەکۆرە، کانی هەرمێڵە، کانی دارویەکی هەرمێڵە، دەرەکۆرە، سێ کوچکان، کانی مەنجەر، کانی قەلاّ، کانی مریاوەکە، کانی هەورامی، کانی هەیان، کانی هانە درە، کانی دلیاو، کانی کاکەوەیسی دەرەگولاّن، سیرەکان وهەرمێڵەی قەویلە، کانی

قایله خان، کانی گاگلەکە، کانی حەمەمراد چاوەش، کانی حەیفی، کانی داروبی کەی لای کولیتەی سەید عەتا، کانی سێفی کۆن، کانی شەخەڵە، کانی سەعیدمحمود کەوڵۆسی، کانی کاکەوەیسی تاشلی، کانی سەرسیامێوە، کانی کەچەکەڵی، کانی حاجی قادرخرنوکی، کانی هەوارەکانی کولیتان، کانی حمەرەش، کانی وباخەکانی پشتی تازەدێ، کانی پونگەڵە) هەندێك وردە ئاوی کەیش بەلاّم ئەمانەجگەلە ئاوی دێهاتەکان لەناو شاخەکاندان وهەمووی لەکاتی پێشمەرگەیەتی دا سودمان لێ وەرگرتووە جگە لەمیولێ و شوێنی کەش، چیاکە لەرووی دارەوە هەندێك شوێنی ئەوەندە سەختە داری لەناودا نیە و هەندێك شوێنی لەبەر ساردی داری نیە، بەلاّم بەعام دەوەن و لەزۆر جێگا دارودەوەندو ئەوانەی هەیەو لەسنوری بانی بنۆك وجۆمەرەسی و پۆری دەرو کانی سێف وتوتمانەکان و تازەدێ وکولیتان وتەراتەوەن دارستانی چری هەیەو مازوو بەروو گویژو بلاّلوك وشاهین وکیکف وزۆری تری هەیە، چیای سورێن لەرووی بەرزیەوە لەهەندێك جێگا (2548)م و لەهەندێك جێگا زیاتریشە، سورێن لەرووی گیانەوەرەوە ئەو شتانەی لێ دەژێ (کەڵەکیوی یابزنە کیوی کۆن مرەسەری لێ ژیاوە ئێستا کەم بۆتەوە، ورچ و بەرازوگورگ وجارجاریش بەپێ ی ئەوانەی لەوێ ژیاون شێروپڵنگی هەبووە یاشوێنە واری هەیە کەروێشك و رێوی وچەقەڵ وسوچەروچالاکەو کەمتیارو ژوژگ و زۆری کەشی لێ دەژێ کەوکۆتروکاژو داڵ و واشەو باز، خۆمان بازمان لێ گرتووە قوڵتەو بولبول و هەموو جۆرە تەیرێکی لێ دەژێ لەگەڵ فصلەکاندا دەگۆرێ ، (3-4) جۆر ماری هەیە.. تولە کویرەو باش قبان ورەش مارو زەردەمارو تولەمارودوپشکی رەش و زەردی هەیە و هەموی سەلامەتەو مەگەر بەدەگمەن بگەزن، زستان هەندێك جێگای شاخی سورێن بەفر تادرەنگ و هەندێك جێگاشی تابەفری تازە دەبارێ لێ ی دەمێنێتەوەو کۆن سودی لێ وەردەگیراو دەیان هێنا بۆفرۆشتن، بەلاّم ئێستا زۆر لەگوندەکان ئاوەدان کراونەتەوە جگە لە چەند گوندێك ئەویش بەهۆی دوریەوە بانی شار نەچونەتەوە گوندە کۆنەکەو (250) ماڵێکیان لەخواروی گوندەکەی خۆیان ئاوەدان کردۆتەوە، چنارەش (50)ماڵێکیان لەخواروی خۆیان ، گەچێنە چونەتەوە ، بانی بنۆك نەچونەتەوە زۆربەیان کەموو زۆر چونەتەوە گوندەکانی خۆیان، لەروی گژوگیاوە.. گیای خواردن ( کاشمە، پچچ ، نۆك،

ریـواس، شـنگ، هالـه کـوك، قارچـك، هـاز، کناولـه، روسـق، کنگـر، کـالاکنگ، کـوکلاش، گیایەکە دەبێت پێشتر ئەو گیاو شتانەی کەی هەیە ( بەرزەلنگ، گوڵەرۆنـە، هـەلا لەبەرمـە، بەنەوشە، سورهلالە، گولاڵە خاش خاشە، سپون .. دەبێتـە سـابون وشـکی دەکـەیت وەکـو تایت وایە، زۆری کـەش، بۆحـەیوان تـوی هەیـەو بـۆ ولاّغ بـەرز کـەمالی هەیـە گیـاو هـەموو جۆری هەیە دارەبەن بۆینێشت، گەزوی هەیەو هـەنگی هەیـە ومـازوی هەیـە گیایـەکی سـیٚ پەلەی هەیە گلێکی هەیە، لەرووی مەعدەنیەوە جگە لـەئاوی گەراوەکـەی خورمـالّ و ئـاوی شەڵمی ریشێن لەم ماوەیەدا لای بانی شار بیرێکیان لیٚ دابوو هەموو گۆگرد و نەوت بـووە دایـان پوشـابوەوە رێکخـراوە خێرخوازەکـان بـەدوای ئـاودا بـۆ بـانی شـار گـەرابون، جگـە لەوانـە بـەری سـورێن باشـترین بـەردی مەرمـەرە بـەپیٚ ی ئـەو کەسـانەی شـارەزاییان هەیـە وخـاکی جۆربەجۆریـشی هەیـە، لـەروی شـوێنەوارەوە شـورای خورمـالّ و زەڵـم ئێـستاش شوێنەکانیان ماوەو جێگای قولـەکان و جگەلـە ئاشـی چیاکەو بادروسـت کردنـی چـەندین رێگاوبەرینی پەروەردە لەسەکۆی خان ئەحمەدخان ودیوارەکانی دەوری زەڵم لەگەلّ دزڵـی لەبـەك دەدەنـەوە هەمووشـوراکانی دیوارەکـە دیـارەو بەقـصل کـراوە لـەبانی بـانی شـاریش جێگایەك هەیە پـیٚ ی دەڵـێن رێگـای ئەسـکدندەر وای بـاس دەکـەن ئەسـکەندەری مقـوری ویـستویەتی سـەرکەوێت مـەجالیان نـەداوە لەسـورێن چـونکە لەپـشتی ماڵـەکان هەنـدێك تـەخت کـراوە دەڵـێن بۆعارەبانەکـەی ئەسـکەندەر کـراوە ، لـەمیری سـورودەرەکۆرە چیاکـە چـەندین قەبرسـان و چـەندین ئەشـکەوت بەدەسـت لەچیاکە تاشـراوەو بەقـصل دروسـت کراوەو رێگـاو جێگـای حـوکم رانـەکان بـووە وەچـەندین گـۆری مـردوی لـەناودابوو کەئێمـە بەهۆی دروست کردنی مەقەراتەوە رێگامان لیٚ دەکەوتە ئەویٚ، وەچەندین گۆزەشتی کـۆن دەدۆزرایـەوە، لەچـەمی نـەوێش لای گەچێنە و یـامیولی دا جێگایـەك هەیـە پـیٚ ی دەڵـێن شاری زوحاك و یاسجنی زوحاك و یاچەمی زوحاك شوراو بـەردی هەڵکەنراوی تێدایـەو بەئاشـکراش شـوێنەکانی دیـارەو لەوبارەیـەوە کـاك شـێخ ئـەمین شـێخ حـسام الـدین لـەژێرناوی شـارەزوور و شـارەزووریەکان باسـی سـورێن بەدورودرێـژی دەکـات و کـاك عبـدالرقیب یوسـف لـەژێر نـاوی شـوێنەوارەکانی شـاخی سـورێن لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـردووەو ئێمـە لەکۆنـەوە پرسـیارمان لـەپیاوە بەتەمەنـەکان کردووەوزۆرشمـان لیٚ بینیـوە

کەلەنـەویَ وە خـانوو بـووە تائەحمـەد ئاواوخورمـالَ یـاگولَ عەنبـەری نـاوبووە ئەوکاتـە، دەگێرنـەوە کـچێك ون بـووە لـەباش ماوەیـەك لەئەحمـەدئاوا دەچـنە نـەویَ داوای کـچێك دەکەن کاتێك کـچەکە دەبەنـە ئەحمـەدئاوا لـەماڵی زاوا کـچەکە وەبیری دێتـەوە کەئەو ماڵـە غـەریب نیـە لای شـەو زاوا دەچێتە لای پـیَ ی دەڵێت مـن هەرچـی سـەیر دەکـەم ئـەم ماڵـە بەغەریب نازانم پرسیار لەدایك وباوکی کورەکە دەکەن کەکاتی خـۆی کـچەکەیان بـەمناڵی ون بـووەو نەدۆزراوەتـەوە کـچە دەڵێت ئەگـەر کۆڵەکـەی ناوماڵەکـە وادیـارە بۆشـایی تێـدا بووە وتبوی بەمناڵی بوکڵەیەکم کردۆتە ناوی ئەگەر لەناو کولەکەکە بوکڵەکە مابوو ئـەوە من ئەوکچەم ون بومە کاتێك چەند کەسێك کۆدەکەنـەوە بۆشـایەتی وکۆڵەکەکـە دەشـکێنن بوکڵـەی کـچەکەی تێدابووە کـچەکە بەخوشـکی کورەکە دەرچـوو، دەگێرنـەوە گێـرە سـاوە بەریووە لەنەویَ بۆخورماڵ بەسـەریاندا رۆیشـتووەو زۆر شـتی کـەش بـاس دەکرێـت ئێمـە زۆرمـان لەخـەڵکی بینیـوە لەسـورێن دا، گونـدی سـیامێوەش کـە پـێش (7) سـالَ زیـاترە ئاوەدانـەو وەزیـاتر عەشـیرەتی مـاموی لـیَ ژیـاوە یائەردەڵانیـەکان کەلەسـنەوە بۆسـیامێوە هەرلەسیامێوەشـەوە رویـان کردووەتـە خورمـالَ و ئەحمـەدئاوا بۆئیمـاراتی ئەردەڵانیـەکان دامەزراوە پێشتریش لەسیامێوە حوکمیان کردووەو ئێستاش شوێنەواری ئاشـە ئاوەکـان وشـوێنە واری قـەڵای سـیامیوەو لـەکاتی خـانو کـردن دا خـەڵکی سـیامێوە زۆر شـتی بەبەهاوقـەدیمیان دۆزیـەوە لەشـێوەی ئەسـپی ئاڵتون و سـەگ وئاسـکی و زۆر شـتی کـەو مجەسەمەی پاشاکان هەروەها لەچەمی رەشـان وپـوزانیش دا شـوێنە واری زۆری لـیَ یـەو جێگای قەدیمی زۆر لیَ یە ئێستاش مـاوەو ئەگـەر کـەس و یـادائیرەی ئاسـار بیـەوێت زۆر شـتی کەشـی لـیَ پەیـدا دەبێـت و زۆرشـت دوزراوەتـەوە، لـەروی ژیـانی خەڵکـەوە زۆری تائێستاش بیَ بەریە لەقوتابخانەونەخۆشخانەو جادەو کەرەسەی هاتووچۆ تائێسـتا ولاَغ بەکار دەهێنن، ژیانیان زۆرباش نیەو ژیانیان زۆری لەسەرمەروماڵات ودانەوێڵەیەو کەمێك کـشتوکالَ دەکـەن وکـۆلَ بـەری بـۆئێران و هـاتوو بـەقاترو بـار گۆرینـەوە دەکرێـت بـەلاَم زەحمەتـەو بەتایبـەتی رژێم ناوچەکانی قەدەغـە کردبـوو زۆر خـەڵکی ناوچـەکە بەدەسـتی رژێم تیاچوون و جاری وابووە بۆیەك نەفەر (5) تەیارەی بۆ دەرۆیشت، لەشەری عێـراق – ئێرانیش خەڵکی زۆر کوژراوبەتایبەتی خـەڵکی بـانی شـار لـەئۆردوگای شـانەدەری بوون،

لەدوای راپەرین وگەرانەوەیان رۆژانە لوغم بە ژن و منالٚ و پیرو گەنج دەتەقێتەوەو زۆری دەکوژێ و زۆری بێ دەست و قاچ یائەندامێکی لەدەست دەدات بەلأم هەمیشە خەلٚکی ئەو ناوچەیە ناوچەکەی خۆیان بەجێ نەهێشتووە و هەمیشە دوژمن لێیان ترساوە، ئێلأن پێ شەری ئینگلیزی کردووەو لەبانی شاریش باپیری بەگ زادەکانی نەوێ نصرالله بەگ لەبانی شار بووە هەرکەسێ یاخی بوایە لەرژێم روی دەکردە بانی شار ئیتر کەس نەیتوانیوە روی تێ بکات و هەر ئەوەش پێ ی دەلٚێن قولٚتەوبانی شار واتا بازیەکی بۆ بانی شار قولٚتە چۆلەکەیە کەبەباز دەروات، لەم شۆرش دا شەهیدی زۆریان هەیە لەگوندەکانی سورێن نوری حاجی سعید لەعامورەو هادی علی عبدالله لەمیری سورو کەریم ریشە لەتازەدێ ی کانی سێف و دەیان شەهیدی تری حزب وەکو عەتای حاجی فەریق لەنەوێ و شێرزاد حاجی صالح لە ولەسمت و شەهیدی فەرماندە حاجی عبداللەی حمە سعید لەسیامێوەو بەشارەزوورەوە زیاتر لە(500) شەهیدی حزب لەسورێن و شارەزوورهەورامان هەیە، دەیان داستانی قارەمانانە لەسورێن تۆمار کراوەو وەکو شەری بەردەبەل سالی 1976 ومیری سور1977 وشەری شیرەمەر1983 وشەری ریشێن 1979 و 1981 و شەری قلنیجە 1976 وشەری کانی سێف یاتوتمان 1976 و شەری بەرکەورگان 1987 و شەرەکانی سورێن بەدرێژایی (8)ی سالەی شەری عێراق _ ئێران و سەدان و شەری گەورەو بچوك لەو ناوچەیەدا کراوە و سورێن پەناگای هەموو هێزەکانی جودبووەو لە دوای 1988 یش جگە لەمەقەری سۆسیالست هەر لەسورێن مایەوە تا ئازاری 1991 ، دەیان گۆری درێژی لێ یە پێ ی دەلٚێن گۆری ئەسحابە وەدەیان گۆرستانی تێدایە، ئەمەش هەندێك ناون لەئەشکەوتەکاتی سورێن..(ئەشکەوتی وشکەناو کەزیاتر لە(10) ئەشکەوتی لێ یە، ئەشکەوتی کەرەجالٚ، ئەشکەوتی بلەکی، ئەشکەوتی مرگولانی بانی شار، ئەشکەوتەکانی خۆرنەوەزان زیاتر لە (15) ئەشکەوتن، ئەشکەوتی پیرغەیبی بانی شار، ئەشکەوتی مرە دولەبی بانی شار، ئەشکەوتی مر نیانی بانی شار، مەرلەلەهجەی هەورامی ئەشکەوت دەکات، ئەشکەوتی مرە کولیچە بانی شار، ئەشکەوتی مەرنار کەئاوی هەیە بانی شار، ئەشکەوتی مەردالٚ کەئاوی هەیە، ئەشکەوتی پیرەکە بانی شار ، ئەشکەوتی مەرتەسە، ئەشکەوتی رەشە هەمەوەندو میری سور، ئەشکەوتی حەوشە

گەورە، ئەشکەوتی کانی مکرا، ئەشکەوتی حمەشێت، ئەشکەوتی هەزار ئەستون ئەم ئەشکەوتە لەناوەوە (19) ژووری تێدایە مەقەری ئێمەی لێ بوو ماوەیەك پاشان مەقەری حزبی شیوعی عێراقی لێ بوو ، ئەشکەوتی چنارە، ئەشکەوتی بانی هەرمێڵەی قەویلە، ئەشکەوتە مینوکاوەی، ئەشکەوتی دلیاو، ئەشکەوتی هانە درە، ئەشکەوتی لای کانی حەیفی و زۆری کەش ئەم ئەشکەوتانە هەیە (500) کەس زیاتر دەگرێ یا بۆخۆشاردنەوە هەزاران کەس دەتوانێ خۆی لەهێرشی دوژمن بپارێزێ وەپاراستویەتی، ئەشکەوتی گردی بەوش لای کانی ئاسکان ودەرەگولاَن زۆری لێ دەماینەوە وەسەدان ئەشکەوت و بن کاچ وجێگای حەسارگەو ئەشکەوتی مەنجەروئەشکەوتی مریاوەکەو ئەشکەوتی سوڵتان و زۆری کەش بەزۆریان ئاوی تێدایە یا ئاو لێیانەوە نزیکە هەزاران دۆڵ و لوتکەی بەرزوجێگای حەساسی تێدایە جێگای داخە لوغم زۆرەو لەشەری عێراق_ ئێران بەملیون لوغم لەلایەن عێراق و لەلایەن ئێران و پێشمەرگەش بە نارێك و پێکی لای پەنا بەردێك شکمان لێ ی بوبێت دوژمن لەپاڵ ئەو بەردەوە تەقەمان لێ دەکات ئێمە لوغمان لێ داناوە و زۆر جار پێشمەرگەی خۆمانی شەهید کردووە و برینداری کردووە لەوانە عبدالرحمن ئەحمەد بەچە شەهید بوو وەمحمد حاجی عبداللەو ئەحمەد قەدەفەری و صالح رەحیم ورەفیق پارەزانی ودەیان پێشمەرگەیکەمان بریندار کراوەو حمەلاو و حمە رەحیم وزیاتر لە (30) پێشمەرگە ئەندامی لەدەست داوە بەبۆنەی لوغمەوە، خەڵکی ئەم ناوچەیە هەمووی موسڵمانەو گوندەکانیان مزگەوتی هەیە لەکاتێکدا خانوەکانی خۆیان لەقور دروست کراوە بەتایبەتی دوای راپەرین بەلاَم مزگەوت مسەلەحە وزۆربەباشی دروست کراوە، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە زۆر سەخی وبەرچاو فەریح و میوان بەرێزن و هەمیشە پێشمەرگە لەماڵەکانیان بوو تاگوندەکان لەساڵی 1979 هەموویان بارکران و هەندێکی لەساڵی 1981 بارکران و هەندێکی لەساڵی 1987 بارکران بەکوڵ و پشتی ولاَغ نانیان پەیدا دەکردو بەزۆری دایان دا بەپێشمەرگە، سەرچاوەی ئاوە گەورەکان زۆریان سودی بۆ گوندەکانی ناوچەی سورێن نیە بۆدەشتەکانی شارەزوور دەروات زۆری گوندەکان سەر بەعەشیرتێکی دیاری کراو نین جگە لەزەڵم وئەحمەدئاواو ئێلاَن پێ لەعەشیرەتی هەورامین و ئێلاَن پێ خۆیان بەتیلەکۆیی دەزانن، شیرەمەرلەعەشیرەتی

سـەدانی وگوڵەخانـەو عـەلیاواو قوڵخوردوریـشێن لـەتیرەی  هـارونین و قاینجـەوبلباس وتازەدێ و پوزانی و توتمان لەشێخ بوزانی پێك هاتووەو نـەوێ لەبـەگ زادەی هـەورامی و دانیشتوانی پێك هـاتووە و دەرەگولاّن لەقەویلـەیی و چنارەش قەویلەیەتوتاقاچ غـەوارەو کولیتـان غەوارەیـەو چـەوتان لەشـێخ وغـەوارە یـەو بـاقی گونـدەکان کـەمیان نـەبێت تـیرە یاعەشیرەتێکی دیاری کراونین ئەم گوندانە رەزوتریێ وباخی بەری وداریان هەیە و سودی لێ وەردەگرن لەهەندێك لەو گوندانە ئێستاش گابۆ جوت بـەکار دەهێـنن و چـەند دۆڵێکـی گەورەشـی تێدایـە واتـا دۆڵـی رەشـان بـوزتن کـانی سـێف و توتمـانی سـەروخواروکوری گەپڵـەو کورەمیـوو سێ ماڵـەو کـانی مانگـای تێدایـە، چـەمێك ئـاوی گـەورەش بەتایبـەتی زسـتان گـۆوە سـوری پـێ دەڵـێن لەسنوری دزڵـی وە دێـت و بەناویـدا دەروات و دەچێتە ناڵپـارێز و بۆشارباژێروقەلاّچـۆلاّن وبۆسـەر ئـاوی بەربەسـتی دوکـان، دۆڵـی کولیتـانی سـەروخواروی تێدایـەو ئـاوی ئـەو گوندانـەو جۆمەرەسـی دەرواتـە سەرچـەمی چـەقان یاکـــەولۆس و بـــۆ سەیدصـــادق، چـــەمی چـــەقان لەجۆمەرەســـی و پـــۆری دەری سەروخواروسـیامیوەوخەرنوك و زەنگـی سەروبۆسـەرکەولۆس کەچـەمی چـەقان دروسـت دەکـات ولەســەید صــادق و تەپــەرەش  و کــەڵوران و کەڵتەکــەوە دەرژێنــە بەنــداوی دەربەنـدیخان، چـەم یـادۆڵی نـەوێ گونـدی نـەوێ و بـانی بنـۆك و گەچێنەیەو چـەمی چـناروەش چـنارەوکانی ئاسـکان بەچـەمی مەنجـەردەرەکۆرە و  مـاوانی مـیری سـورو دەرەگولاّن و ریشێن لـەدامێنێتی، چەمی مـەرداڵ بانی شارو عامورەیـەو چەمی زەڵمیش زەڵم وئەحمەدئاواو خورماڵ لەدامێنێتی ئەمانـە لەناوجەرگـەی سورێنەوە دێنـە خـوارەوەو جگـە لەگونـدەکانی کـە وەکـو بەردەبەلـەکان یـادۆڵی بەرکـەورگان و ئـوچ قوبـە جگـە لەبەردەبەلەکان و قەڵبەزە و ئێلاّن پـێ و هانـەی قوڵ و زۆری کـەش ، ئـەم جێگایانـە دوای ئـەوەی کەگونـدەکانی کوردسـتان چـۆڵ کـران بـەوردی و هـەر گونـدێك چـەندماڵێ بـووە هــەمویم نوسـیوە و بـەلاّم لەهێرشـی پـارتی سـاڵی 1993 بۆسـەر بارەگـای ناڵپـارێز و پێنجـوێن زۆری مـستەم سـەك ویاداشـت و زۆربەڵگەنامـەی رژێـم کەلەئـەمنی کـەرکوك هێنـابووم بردیـان و تیاچـوو هەنـدێکی لەسـەر شـت بـوو (حمـەی رەمـەزان) فەوتانـدی لەکەرکوك تەسلیم ئەوم کرد زۆرشتی ئەمن و منظومة شەرقی مـان هـەبوو شـتی مێژوویی

زۆر ناوچـەم نوسـیبوو لەوبارەیـەوە، لـەم سـنورەش چـەند جێگـای موبـارەکی تێدایـە دیارترینیان ( شێخ محمد تەراتەوەن) ئەو خەڵکە دەچنە سەری بۆزیارەت، میری سوریش چوارشەممان دەچنە سەری شێت چاك دەکاتەوە و خەڵکی حەیوان سەردەبرن لەسەری و شەویێك دەمێننەوە زۆرشتی ترو شوێنی کەش هەیە وەکو پیرغەیب لەبانی شاروقەڵاتك وخری زینە لای سیامیووە و دۆڵی ئەسحابان و زۆر جێگای کەو کەداری ماوەتەوەو کەس نای برن سەدان جێگاو شوێنەواری هەیە وەکو دنگ بەردین و هارەگەل و زۆری کەش بناروچەمەکانی سورێن بۆمەرەزەو توتن زیاتر بەکار دێن وهەموو جۆرە زەراعەتێکیان لێ دەکرێت بەڵام برنجی بەناو بانگەو وەکو برنجی چەوتان، لەروی ئیداریەوە سورێن هەندێکی سەر بەناڵپارێزوپێنجوێن تاسیامیووە وجۆمەرەسی و نەوێش سەر بەخورماڵ و بۆهەڵەبجەو ئێستا هەندێکی سەر بەسەیدصادقە بەڵام سەر بە دوو قەزای هەڵەبجەو پێنجوێن پێشتر هەر سەر بەهەڵەبجە بون بەپێنجوێن یشەوە بەپارێزگای سلێمانی .

# بەرەی جەوقەد– جود..... سەرهەڵدانی ناکۆکیەکان

ساڵی 1982 ساڵێکی پڕ لەکارەسات بوو،گەرمەی شەڕی عێراق _ ئێران بوو، شەرەکەش بەرەو سنوری کوردستان دەکشا، پارتیش بۆ زیندووبوونەوەی خۆیان زیاترهەوڵی راکێشانی شەرەکەیان ئەدا بەرەوسنوری کوردستان کەدیارە لەئەنجامی ئەمەدابزوتنەوەی کوردایەتیش دە کەوێتە ژێر تەپوتۆزی شەرەکە وە. ئێمەئەوکاتە زیاتر فشاری یەکێتی نیشتمانیمان لەسەر بوو، لە زۆرناوچەدا تەنگیان پێ هەڵچنیبووین،ئەوپارە یەی لەجەوقدکەلە(لیبیا) وەردەگیرا بەشی ئێمەیان دەبری وە لەئەمینداریێتی گشتی(الامانةالعامة) بەعسی یەکان یا تەجەموعی نیشتمانی عێراقی بەراسپاردەی یەکێتی رێگایان نەدابن کەئێمە بەشداری بریارەکانی جەوقەد بین هەر چەندە تائەوکاتەش هێزەکانی سۆسیالست لەزۆربەی ناوچەی کوردستاندا باڵا دەست بوون، هەر ئەمەش بوو وای کرد کەسۆسیالست هەوڵی زیندوکردنەوەو بەهێزکردنی بەرەیجود بدات چونکە لایەنی سەرەکی بەرەی (جود) بوو، ((جەوقەدلە 12/تشرین دووەمی 1981

لەشام ئیمزا کرا (جود) لە28/تشرینی دووەمیهەمان ساڵ(( لەراژان)) ئیمزا کراوە، جەوقەد کاك د.محمود ئیمزای کردو جودیش کاك رسول مامەند (جودو جوقد) دوو بۆچوونی جیاجیا یان لەخۆ گرتبوو وەلەدووسەرچاوەی جیاوازوە جەمسەریان گرتبوو، ئیمزا کردنی جود لەلایەن حزبی سۆسیالیستی کوردستانەوە لەژێر تەئسیری حزبی شیوعی عێراقدا بووەپێیان وابوو کەئەگەر لەهەردوو بەرەکەدا بەشداربن دەتوانن یەکێتی وپارتی کە دوولایەنی ناکۆك بوون لەیەکتری نزیك بکەنەوە بەڵام لەراستی دا وانەبوو بەڵکو حزبی شیوعی عێراقی بەو نیازەی تە رازوی هێزەکان لەکوردستاندا بەقازانجی خۆی رابگرێت بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو وەهەوڵی ئەوەشیان ئەدا کەپارتی بهێننەوە کوردستان (هەوڵی حزبی شیوعی لە هێنانەوەی پارتی بۆ کوردستان چەند مەبەستێکی لەخۆگرتبوو کەئەوەش باسێکی تایبەتی دەوێت)، لەراستی دا ئیمزا کردنی جود لەلایەن سۆسیالستەوە هەڵەیەکی گەورەبوو نەدەبووبکرابایا چونکە هەر لێرەوە ناکۆکیەکانی نێوان کاك رسول وکاك د. محمود سەری هەڵدابوو بەگەورەترین کێشەلەناوحزبدا، یەکێتی بۆ بەدیلی سۆسیالست هەر زۆر بەپەلە سامی عبدالرحمانیان هێناوئیبرازیان پێکرد وە وایان بۆ خەڵك دەرئەخست کەگوایە سامی لەماڵی مەلا مصطفی جیا بۆ تەوەو لاوازیشیان دەکات بۆیە یەك ملیۆن دۆلاریان بەناوی جەوقەدەوە لەلیبیاوەرگرت سامی عبدالرحمان (هەروەکو دوو هەنگیان لەدارێکدا دۆزیبێتەوە )، یەکێتی لەم بۆ چوونەدا زۆر هەڵەبوو چونکە هەرخۆیان لەرابردوودا خاوەنی ئەوتەجروبەیە بوون (کاتێك کەبزوتنەوە لەیەکێتی جیابۆ وە وویستیان بزوتنەوەیەکی داتاشراو قوت بکەنەوە ) سامیش بوو بەمارەکەی شێخ هۆمەروتائێستایش لەملیان ئاڵاوە! فشارەکانی یەکێتی لەرێگای‌لایەنەعەرەبی یەکان وسوریاوە لەسەر سۆسیالست لەزیادبووندا بوو تەنانەت ئەو یارمەتی یە کەمەی قیادەی قەومی حزبی بەعس بۆ نووسینگەی دیمەشقی حزبی سۆسیالست تەرخان کردبووە بڕییان، هەڤاڵانی سۆسیالست لە سوریا لەئەنجامی ئیمزا کردنی جود بەساردی لەگەڵ بریارەکانی جەوقەد مامەڵەیان دەکرد لەکەشێکی ئاوادا حزبی شیوعی عێراقی دەیویست قورسای پەیوەندی یەکانی حزبی سۆسیالست بەرەو خۆی رابکێشێت لەم بوارەشدا چەند چەمکێکی پەرەپێ ئەدا لەوانە : هەرکەس لەگەڵ

حزبــی شــیوعی دا هاوكــاری هــەبێت ناســنامەی نیــشتیمانی دەبێــت و وولاّتــە سۆسیالستەكانیش (بەسەركردایەتی یەكێتی سۆڤیەت ) دەبنە دۆستی و ئەمەش خۆی لەخۆیدا نعمەتێكی خوایی زۆر گەورەیە.حزبی شیوعی عێراقی لەهێنانەوەی پارتی و دامەزراندنی جود مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو بەلاّم. هەندێك لەبرادەرانی ئێمەش هەرچاویان لەپارتی و هێنانەوەی پارتی بوو ( پشیلەیان كرد بەحاكم بەلاّم هەرچاوی لەئێسقان بوو) بەو نیازەی كەپارتی هێزێكی دژبەیەكێتی یە بەهاتنەوەیان هەندێك لەو قورسای یەی سەر سۆسیالست كەم دەبێتەوەویاهەر هیچ نەبێت دەبێتە سەیركەر، كەئەمەش هەرهەڵەبووچونكە یەكێتی نیشتمانی زۆر بەتوندی سەنگەریان لێگرتبووین وەبە هەموو توانایەكەوە هەولیَ لەناوبردنیان ئەدایین هەروەكو لەنامەكەی كاك نەوشیروان مـصطفی دا دەردەكـەوێت كـەدەلێت:– لـەماوەی (3) رۆژدا لەسـنوری هـەولێرو كۆیـە وەكـو(لاكیـان) لـیَ بكـەین واتـا وەكـو چـۆن لەشـكری ئیـسلامی كوردیـان لـەناوبرد سۆسیالستیش لەناوبەرن. ئیسلامی كوردیان چۆن لەناو برد واشیان لیَ بكەن، زۆر بونی شەری ناوخۆ هەر تەنها سۆسیالست لە جوددا شەری پیَ دەفرۆشرا لەلایەن یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوەو پارتی خواهەڵناگرێت مەگەر لەسەر سنورەكانەوە لەشەری عێراق ئێرانەوە هەواڵی كوردستانیان پیَ دەگەیشت و لەوكاتەدا پارتی خەریكی خۆ كۆكردنەوەو معاملەی بوو لەگەلَ ئێراندا،

## درووست بونی شەڕی حزبی دیموكرات وپارتی

ئێـران و پـارتی هـەوڵیان دەدا رێكـەون لەسـەر بەرنامەیـەك بۆلێـدانی حزبـی دیمـوكرات چونكە حزبی دیموكرات دژی كۆماری ئیسلامی ئێران بوو پارتیش لەوكاتەدا لاوازبوو پێویستی بەهاوكاری ئێران هەبوو وەئێرانیش تەنها بەلێدانی دیموكرات هاوكاری پارتی دەكرد پارتیش چۆن قەناعەت بەو خەڵكە بكات كە شەر دژی كوردی ئێران دروست بكات ئەوەش بەرنامەیەكی تایبەتی و پێویست بوو وەتەنها بەشەخسی (بارزانی) بارزانیەكان عەتفیان دەجولاّ بۆئەو مەسەلەیە، بۆیە باسێكی واهەیە بەتایبەتی حزبی دیموكراتی زۆر تـەركیزی لەسـەر ئـەكرد وەكەسـە نزیكـەكانی لای پـارتیش كەلەرێگـەی سـەركردایەتی پارتیەوە ئەویش لەرێگای هەندێك لەكەسانی نزیك بەخۆیانەوە تەرمەكەی مەلا مستەفای

خوالێخۆش بوویان لەسەر نەخشەیەکی دیاری کراو دەرهێناو ئەوەبوو شەری کوردی ئێرانیان دەست پێ کرد، رایەکی ترهەیە کە هۆشیاری سید ئەحمەد سید طە گەیلانی کەبرای هۆشەنگە لەبەغداد بووەو مامۆستای کوردی صدام حسێن بوو گوایە هۆشیارو رائید کاکل ئەو کارەیان کردووە، وەپارتی دەڵێت سەید رەسولی بابی گەورە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردویەتی، وەحزبی دیموکراتیش دەڵێت پارتی خۆی ئەو کارەی کردووە بۆئەوەی قەناعەت بە بارزانیەکان بکات و شەری دیموکراتی ئێران بکات چونکە وەزعی پارتی زۆر خراپ بوو

ەهەروەها گومانێکی تریش هەبوو لەرائید کاکلی هەولێری کەئەویش دەستی لەدەرهێنانی تەرمی مەلامستەفادا هەبووە یالەنێوانی کەسانی نزیکی سەربەماڵی بارزانی وهەندێك لەمەسولەکانی ئێران ئیتفاقێکی لەوبابەتەوە هەبوو( رایەکی تر هەیە کەفەرهەنگیکوڕی سەید ئەحمەد سەید طە برای هۆشەنگی سەید ئەحمەد کەدایکیان ئێرانیە هۆشەنگ ڕاستەوخۆ پەیوەندی یەکی تەواوی لەگەڵ صدام حسین هەبوو مامۆستای صدام حسین بووە بۆفەرهەنگی کوردی (... گۆری بارزانی ئەو کاتە لەگۆرستانی نزیك زێوە ی لای (ئورمیە) بوو لەوکاتە پارتی وەزعیان زۆر خراپ بوو هەرچۆن لەساڵی 1975 لەبەریەك هەڵوەشابون هێزەکانیان لەئۆردوگاکانی ئێران بلأوەیان کردبوو تازەش قیادەی موەقەتیان دەرکردبوووەکۆنگرەیان گرتبوو سامی عبدالرحمن وجەوهەرنامق وکەریم سنجاری وچەندینی تریان دەریان کردن وەئەوانیش لەوکاتەدا پێویستیان بەهاوکاری ویارمەتی هەبوو وەئێرانیش بەبێ بەرامبەرهیچی بۆنەدەکردن وەکوردی ئێران دژی پارتی بووجگە لەحزبی دیموکرات ئەوکات دۆستی پارتی بوو یەکێتی نیشتمانی دژیان بوو، پارتی وەکو حزبێکی سیاسی نەمابوو دەیویست لەوبۆشایەی شەری ئێران عێراق هەوڵ بدات خۆی پێ بەهێزبکات بۆیە لەوکاتەشدا دووبەرگی کتێبی (کوردستانی یەك) و(کوردستانی دوو)لەسەفارەتی ئەمریکا کەلەلایەن ئێرانەوە گیرابوو ئەودوو کتێبە تەنها پەیوەندی بەکوردەوە هەبوو کەباسی هاوکاری پارتی وساواك و( CIA)ی ئەکات وەناوی سەرکردەکانی پارتی لەوکتێبەدا هاتووە بەناوی لانەی جاسوسی کەئەوەش بۆئێرانیەکان بەئاسانی هەزم نەئەکرا یارمەتی پارتی بدەن

بۆیە کەسانی سەر بەعێراق لەورێگەوە هەوڵیان دەدا چۆن بتوانن شەر لەنێوان کوردی عێراق وحزبی دیموکرات دا دروست بکەن لەوکاتەدا تەنها پارتی پێویستی بەوشەرە هەبوو لەگەڵ کوردی ئێران یاپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بۆئەوەی ئەو خاڵە رەشانەی کەهەبوو لەگەڵ شای ئێران بیشواتەوە وەبۆکۆماری ئیسلامی بسەلمێنێ کەدوستێتی وەخۆشی بگەرێتەوە سەر گۆرەپانی کوردستان ودرێژەدان بە سیاسەت بەپێ ی ئەو هەنگاوانەی کەئەو کاتە نرا بۆقەناعەت پێ کردنی وەراکێشانی عەتفی بارزانیەکان تەنها بەشەخسی بارزانی دەکرائەو پیلانە جێ بەجێ دەکرا ئەوەش دەرهێنانی جەنازەی بارزانی لەگۆرەکەی و دورخستنەوەی بۆچەند مەترێك پاشان تەقانەوەی گۆرەکەی لێرەدا جێگەی سەرسورمانە؟ ئەگەر عێراقە بۆلەناو قەبرەکەدا نەی تەقاندۆتەوە یاعێراق داوای لەرائید کاکل کردووە جەنازەکە بەسەلامەتی بگاتەوە عێراق و لەوێ عێراق مەحکەمەی جەنازەکەی بارزانی بکات یائەگەر سەید رەسولی بابی گەورە بوو بۆهەرلەوێ لەناوگۆرەکە (تی.ئین تی) یەکەی نەتەقاندەوە بۆیە گۆمان لەپارتی خۆیان هەیە کەجەنازەکەیان بەسەلامەتی لەدورەوە داناوە وەزویش خەبەریان دا بەهەموو بارزانیەکان کەوا سەید رەسولی بابی گەورە جەنازەی بارزانی دەرکردوە بەدەستی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاشان (تی.ئین.تی) لەناو گۆرەکە تەقاندۆتەوە ئەوە نەك تەنها بۆبارزانیەکان بەڵکو بۆهەموو کوردێك ولایەنە سیاسیەکان کارەساتێکی ناخۆش بوو کەپیاوێکی وەکو بارزانی خوالێخۆش بوو بەشێك لەتەمەنی بۆخەبات کردن بۆمیللەتەکەی سەرف کرد لەناوکوردستان ولەناو میللەتی کورد جەنازەکەی دەربێت وبەوشێوە ناشرینە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کەئەوە بێ وەفایی بۆکوردیش پیشان دەدا بەرامبەر بەسەرکردەکانی خۆی بۆیە ئەو مەسەلەیە بۆعەشیرەتی بارزان بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نەدەکرا وەئەوەش وای کردکەپارتی هەموو داواکانی کۆماری ئیسلامی قبوڵ بکات وەکۆماری ئیسلامیش ئەوکاتە تەنها دوژمنی سەرەکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو کەهەلێکی باش بوو بۆکۆماری ئیسلامی دەستی کەوتبوو وەلایەنە سیاسیەکان زۆر هەوڵیان دا لەگەڵ پارتی بەتایبەتی شەخسی کاك ادریس بەلام بەهیچ شێوەیەك قبوڵیان نەکردوەحزبی دیموکراتیش ئامادە نەبوو بەیانێك دەربکات لەسەر سەید رەسولی

بابی گەورە بەڵام ئامادە بوو بەیانێك دەربكات كەئەوان ئاگایان لەوكارەنیە بەڵام پارتی بریاری خۆی دابووەباشترین فرسەتی دەست كەوتبوو بارزانیەكان دڵ گەرم ببوون وەخۆیان ئامادە ئەكرد بۆشەری حزبی دیموكرات بۆیە چەك وپارەیەكی زۆریان لەكۆماری ئیسلامی وەرگرت بۆئەو مەبەستە هەرچەند ئەو ماوەیە كاك رەسول مامەندوكاك دكتۆر محمود هەوڵێكی زۆریان دا لەنێوان پارتی وحزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران وەحزبی شیوعیش هەولی دا بەلام پارتی بریاری خۆی دابوو بۆلێدانی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران وەپارتی بوژاندنەوەی خۆی لەوشەرەوە دەبینی ئینجا ئەو مەسەلەیە دەرهێنانی جەنازە ی بارزانی خوالێخۆش بوو، پارتی خۆی بووە یاسەید رەسولی بابی گەورە یارائید كاكلی هەولێر ئەوە ئێمە جیٚ ی دیٚلین بۆمێژوو چونكە زەمەن خۆی ئەو مەسەلەیە هەر ئاشكرا دەكات وەشێوەی شەرەكە جارێكی تر دێینەوە سەری....! هەر چەندە سەید رەسول دەوری باشی نەبوو لەگەڵ هێزەكانی كوردستانی عێراقدا بەتایبەتی لەرێگای كەوپەرخانە برادەرانی ئێمەیان دەگرت وەئێمە جارێك لەلایەن مەفرەزەی شەهید مەلانوری ئەومان لەلای دۆڵە سوردا گرت لەگەڵ دوو ئەفسەری عێراقدا لەگەڵ ئەوەشدا كاك محمد نزیف لەگەڵ (50)هەزار دینارو چەند كەسێكی كەدا لەساڵی 1984 لەنێوان هەڵەبجەو سلێمانی گرتمان و بەرمان دان تەقدیری زروفیانمان كردو بەرمان دان وەسەید رەسول كێشەی بۆ دروست دەكردین وەكادرێكیان شەهید كردین بەناوی نجم الدین لەناوچەی دۆڵەنیا، ئێمە تازە لەگەڵ پارتی و بەرەی جود جێگر دەبووین ئەو شەرە لەروی جەماوەری و نەتەوەیەوە كاریگەری سلبی هەبوو یەكێتیش دەیقۆستەوە و كاریگەری لەسەر سۆسیالست كردبوو هەر چەندە سۆسیالست بەیانێكی دەركرد دژی ئەوكارە جگە لەوەی كاك رەسول سكرتێری حزب وكاك قادر عزیز ئەو كات ئەندامی (م.س) سۆسیالست بووچونە لای پارتی و داوایان لەپارتی كرد ئەو شەرە نەكەن بەڵام پارتی بریاری خۆی دابوو وە ساڵێك بوو كۆنگرەیان گرتبوو بریاری شەریان دابوو هەتا وتبویان واتا كاك مسعود دژی ئێران قسەی كردبوو كەئەو مەلایانە هیچیان پیٚ نیەو برادەران لەگەرانەوەیاندا باسی ئەوەیان كرد سەید كاكە قسەیەكی بەكاك مسعود وتبوو.. وتی لەبیری چووە بابی خۆی مەلا بووە ئەو هەموو خەڵكەی بەو هیلاكەتە داو دوایی

ئاشبەتاڵی کرد ئەوە بیانوو بو بۆ پارتی لەو رۆژەوە پارتی شەری خۆی دەست پیێ کردو مەکتەبی سیاسی سۆسیالست بەیانێکی دەرکرد لەسەر رووداوەکان و دژی ئەو شەرە بوو بەیانەکە رادیووی دیموکرات چەند جارێك بلأوی کردەوەو پاشان پارتیش تەرجومەی کردوو دایان بەئێران لەسەر ئەوەش ئێران سەید کاکە ومەلاناصح یان گرت و خاڵە حاجی بەتوندی دژی پارتی بوو سەید قادر جەباری نارده لای پارتی ووتی لەماوەی (3) سەعات دا بەرنەبن لەکورولە براتان دەکوژین و دەستان لیێ ناپارێزین و لەبەرەی جودیش دەردەچین سەید قادر رۆیشتە راژان و قسەکانی بەپارتی وەکو خۆی پیێ ووتن و لەماوەی (3) سەعاتەکەدا کەمتر سەید کاکەو مەلا ناصح بەربوون و خاڵە حاجیش بەبرادەرانمانی وتبوو خۆ قسەتان نەکردووە یاشتێك سەید کاکە یش وتی من قسەم نەکردووە بەلأم پاسدارێك پیێ ی ووتم چەند ساڵە پێشمەرگەیت وتم نزیکەی (25) ساڵە... پیێ ی ووتم چەند جار بریندار بویت منیش پێم وت بریندار نەبوەمە ئەویش وتی وادیارە پیاوێکی ترسنۆکی کەبریندار نەبویت لەو(25) ساڵەی کەشەرت کردووە، وتی مامۆستاش قسەی وای نەکردووە وەئەگەر کردبێتی لیێ ی تێنەگەیشتون چونکە کەقسە دەکات ئێمە خۆمان لیێ ی تیێ ناگەین بەکوردی بەفارسی کیێ لیێ ی تیێ دەگات واتە ئێمە چوینە بەرەیەك کەهەرچی پارتی دەیکرد باجەکەی ئێمە دەماندا واتە حزبی شیوعی و سۆسیالست پارتییان هێنایەوە کوردستان وناسنامەی نیشتمانیان پێدان و دوای ئەوەش پارتی کەوتە ئەوەی ئەو کوردانەی لەئێران دان (15) رۆژ جارێك لەدائیرە بن کارمەند بون لەئێران و (15) رۆژ بەناوی پێشمەرگەوە لەسەرسنورەکان و لەگەڵ پارتین بۆ شەر لەناو ئێران و سەرسنورەکان حسابی ئەو مانگانەیان بۆ بکرێت واتە هەموو پارتیەك دوو مەعاشی هەبوو یەکێك بەناوی پارتی و یەکێك بەناوی کارمەندەوە لەئێران وەردەگیراو لەدائیرەکانی ئێران وەری دەگرێت ئەوەش وای کرد وردە وردە پارتی لەئێران ببوژێتەوە لەسەرحسابی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وسۆسیالست وشیوعی وەپارتی بەرەو سەر سنورەکان بێت و چەکدار کۆبکەنەوەو شەری عێراق ئێران توند تر دەبوو.

## بۆچی ئێران وەك پێویست هاوكاری نەدەكردین...؟

ئێرانی ئەوكات هەر كەسێك بەناوی ئیسلامەوەقسەی بكردایە یارمەتی دەدا لەوەش حزبی سۆسیالست بیٚ بەش بوو هەر ناوی سۆسیالستیان دەبیست ئێمەیان بەحزبی شیوعی دەزانی و وەكو كۆمەنیست هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دەكردین تادواجار مقراتی حزبی شوعی دامەزرا ووتیان ئەوانە جیان لەئێوە ووتمان خۆتان پرسیاربكەن ،پرسیاریان لیٚ كردبوون كەئەوان خۆیان ووتبویان كۆمەنیست و پێشمەرگەی ئێمەش نوێژی دەكرد وایان لیٚ هات ئەوان بەكۆمەنیست و ئێمە باشتر مامەڵە بكەن بەلاّم چەند جارێك قیادەی ئیسلامی داوای گۆڕینی ناوی حزبی سۆسیالستیان لێدەكردین كەناوی بگۆڕین وئەوان یارمەتیمان بدەن چەند جارێك و دوا جاریش ئاغای (شمس) مسئولی قەرارگای رەمەزان و یوسف عەلمهۆداو و ئاغای (مجید سۆسیالست) و مجید پاسدار بوو هاوكاری ئێمەی دەكرد ناویان نابوو مجید سۆسیالست و ئەحمەد كریمی و باقری وعەلی رەزا هەموویان ئێستا مسئولی دەسەلاّتدارن لە كۆماری ئیسلامی دا داوایان كرد بەمەرجێك ناوی حزب بگۆرین هەموو شتمان بۆ بكەن وەكو خۆیان دەیانووت ببنە حزبی یەكەم لەكوردستان بەلاّم ئێمە ئەو مەرجەمان قبولٚ نەكردوو بریارماندا بەنەبونی و برسێتی بیبەینە سەر نەك لەژێر هیچ پاڵەپەستۆیەكدا ناوی حزب بگۆرین ئەوە بوو ئەوان هەوڵیان ئەدا كەسان و حزب و لایەنی كە دروست بكەن وەكو لەشكری ئیسلامی و چەندین گروپی ئیسلامی كە لەكوردستاندا تەواوی ناوچەی هەولێرو خۆشناوەتی لەدەستی سۆسیالست و لەباڵەكەیایەتی هەندێك مەفرەزەی یەكێتی هەبوو لەدەوری كۆیەش دوای شەهید بوونی شیركۆی شێخ علی لەسنوری جافەتی یەكێتی بەهێزی زۆرەوەنەبێت نەیان دەتوانی بمێننەوە ئەوە وای لیٚ كردن كەسۆسیالیست بەخەتەر بزانن لەسەر خۆیان بەتایبەتی نزیك بوونەوەی سۆسیالست لەپارتی زیاتر یەكێتی نارەحەت كردبوو، لەناوریزی سۆسیالست كاك دكتۆر محمود چووە دەرەوەی ولاّت و بۆ سوریا، ئەوانەی بەناوی كاك دكتۆرمحمودو یاحزبی سۆسیالستی یەكگرتووی كوردستانەوە لەدەراوی گۆرەشێر بیٚ دەلان مابونەوە كاك حاجی حاجی ابراهیم گەرایەوە و لەبریارێكی كۆمیتەی ناوەندی شەرعیەتی سەركردایەتی پیٚ دراو و دەستی بەئیش كردەوە، كاك

عادل چووه دەرەوە، کاك عەدنان هەر لەسوریا بوو، کاك عەزیز عەقراوی کە(م.س) بوو لەکۆنگرە لەلایەن گرتنی دژی یەکێتی بوون بەڵام شەری ئێمەو یەکێتی گەرم بوو ئەو هەڵهات و چووە لای پارتی و حسن النقیب لەراژان گوایە ترساوە لەشەرەکان لەجیاتی ئەوەی قیادەی شەرەکان بکات و ماوەیەك بوو بەپارتی و دوای بوو بە(پ .ك . ك ) پاشان چووە دەرەوەی ولاَت و ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی لەشاری کۆڵن، ئەو هێزەی دکتۆر محمود زۆربەیان گەرانەوەوهەندێکیان چونە ناو یەکێتیەوە، کاك محمد هۆتمان شێنێی و سەربازئەحمەد کۆیی و ئازادی حمە گەپحان و رەسولی حاجی شێخە وشێخ محمدی شێخ محمودی سەرگەڵویی کەئەو لەبەر خاتری کاك شێرکۆ بەبریاری حزب تەجمیدی کردبوو وەکۆمەڵێکی کە لەو کادرانەو ئەوانەش دوودڵ بوون خۆیان لەشەری یەکێتی دەدزیەوەو گوایە یەکێتی شەریان ناکات لەوانە عبدالله سوورومام ئاراس و عوسمان قادر منەوەر بون و عبدالله سوورومام ئاراس هەردوکیان لەشەردا لەگەڵ یەکێتی شەهید بون بەدیلی و عوسمان لەشەری دەرەمیانەو کەمینیان بۆیان دانابون و وەستا عومەروفەرەیدون صابیر شەهید بوو پاشان کەمینێکی کە بۆسەیارەکەی کاك عوسمان دانراجەزای علی کاتب بەرکەوت هەمووی بۆ عوسمان بوو بەلاَم بەرنەکەوت واتا ناکۆکی کاك دکتۆر محمودوکاك رەسول لەوەش زەرەری لەحزب دا لەو ناکۆکیەی ئەوان و چەواشە کردنی هێزەکەو کۆمیتەی ناوەندی سۆسیالستیش هەر دوو دڵ بوون لەشەرەکان وخۆیان دەپاراست و پارتیش لەسەر سنوورەکان بوو نەیدەوێرا رووبکاتەوە کوردستان و هەوڵی ئەدا جەیش وپاسداری ئێران بێتە پێشەوە ئەویش لەگەڵی بێتە پێشەوەو سوود لەوە وەربگرێت نەك لەهێزی خۆی یاشەری یەکێتی یا ئاشتی بکات بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبوو ئێمەش خۆمان لەکانی خەیاران و پەیوەندیەکمان لەگەڵ ئێران دروست کردبوو لەو سنوورە، سەرکردایەتی سۆسیالست لەلایەك باوەریان بەوە نەبوو پەیوەندی لەسەربنەمایەك لەگەڵ ئێران دامەزرێنین و لەلایەك وەزعیان باش نەبوو هەتا ئەو پارەو پولەی کۆ دەکرایەوە هەر مەسئولەکان لەخوارەوە سەرفیان دەکردو نەدەگەیشتە سەرکردایەتی وزۆر نەبوو سەرکردایەتی نەیدەتوانی هەموی کۆبکاتەوەو چونکە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەخوارەوە بوون چۆن لەترسی موزایدە لەسەریەك

گوایە ئێران خراپەو نابێت هاوکاری بکرێت کاك دکتۆرو کاك عادل و کاك عەدنان لەسوریاو لەژێر کاریگەری عەرەبەکان لەوێ و دژی شەری ئێران عێراق و هەمیشە داوای راگرتنی شەریان دەکرد، راگرتنی شەرو دژایەتی ئێران لەوکاتەدا هەتا (حازم) عبدالجبار مسئولی معارەزە یامەکتەب( شوق عێراق) بوو لەسوریا برادەرانی ئێمە دژی بوون و لەگەڵ ابوصلاح وئەوان رێك بوون کاتێك حازم گیراولیٚ ی دراو سجن کرا برادەرانی ئێمە بوون بەهاوریٚ و دۆستی حازم دژی ابو صلاح واتا برادەرانمان بریاریاندا بوو هەمیشە لەگەڵ معارەزە یا لەگەڵ چەوساوەو ئەوەش وای لیٚ کرد ئەو حسەیە برا کە دەدرا بەسۆسیالست لەسەرهەر هێرشێکی ئێران بەیانێکیان دەردەکرد جارێك لەسەر فاو بەیانەکەیان بۆ مامۆستا مەلاناصح لەئورمیە برد بوو وتبویان ئەوە بەیان دژی ئێران دەرکراوەو داگیر کردنی فاو گەنجەکان پێیان خۆش بوو بۆیە هێنابویان بۆی، مامۆستا مەلاناصح وتبوی لایبە لایبە وتبویان سەرکردایەتی دەری کردووە ئەویش وتبوی سەرکردایەتی( .... خوارد) هەندێکی کەش وەکو ئەبوعلی چووە عێراق و دکتۆر هوشیاریش چووە دەرەوە ومام وریاش چووە ئەڵمانیا و کۆمەڵێکی تر کاك قادر عەزیز سەرپەرشتی دەکردن ئەوانە مارکسی بوون یالایەنی چەپی ناو حزب بون واتا دکتۆر دوور کەوتەوەو کاك رەسول بوو بەرەجعی و پێچایانە خاڵە حاجی.

## رۆڵی خاڵەحاجی لە پێش خستنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دا

خاڵەحاجی لەشۆرشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووەو دەوری مەسئولیاتی جیا جیای بینیووە، خاڵە حاجی پیاوێکی وریاو لێهاتووبەدەم و دەست و شارەزاو دڵسۆزو موقنیع بوو، خاڵەحاجیماڵیان لە شیراز بووەو لەکاتی پەنا هەندەیدا (2 _3) جار ماڵی بارزانی دایان بەگرتن و هەتا گەیشتە ئەوەی تەسلیمی بکەنەوە بەعێراق ئەوە خاڵە حاجی خۆی باسی کردو کاك خورشید شێرەش لەیادی چلەی کاك محمودی عەزیزبەگ لەهۆڵی رۆشنبیری لەسلێمانی ئیشارەتی بەو مەسەلەیە دا کەلەئەرشیف هەیە لامان ..لەگەڵ خورشید شێرەوخاڵەحاجی جارکیان لە شیراز دراوسیٚ ی ماڵی ئایەت اللەعلی خامەنەئی بوو لەگەڵ زۆری مەلاکان پەیوەندی دۆستانەشی لەگەڵ شۆرشی ئێران هەبوو، لەشۆرشیشدا هاوکاری کردبوون و خاڵە حاجی زۆر شارەزای پارتی و مەلا موستەفاو

کورەکانی بوو زۆر لەنامەو بەڵگەی جۆر بەجۆری لابوو هەمووخاڵە بەهێزە لاوازەکانی دەزانین، خاڵە حاجی پێشتر پەیوەندی کردبوو بەحزبەوە لە ساڵی 1979 بەجارێك خۆی تەرخان کردبوو بۆ ئیشی حزب و لەکۆنگرەش بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبـژێردراو بـوو بەمـسئولی علاقـاتی حـزب لـەئێران زیـاتر دەسـتی کرایـەوەبۆ ئیـشوکاری حـزب، حاڵەحاجی بەتـەنهاو لەگەڵ وەفددا هـەموو مـسئولینی کۆمـاری ئیـسلامی ئێرانـی بـینی چـەند جارێـك بەبـەرێزئیمام خومەینیـشەوە، نامـەکانی بـەرێز ئایـەت واللەسـەیدعلی خامەنەیی ئێستاماوە بۆ بەنی سەدر نوسیبووی کەسەرۆك کۆماربووئەوکات لەشورای عـالی دفـاع ئیـشی دەکردپەیوەندیـەکی باشـی بـوو زیـاتر شەخـسی بـوو لـەوەی لەچـوار چێوەی پرۆتۆکۆل بێت بەلاّم ئیشەکان دەکران و رانەدەگیران مەگەر کێشەی نیوان لایەنە کوردیەکان گیروگرفتی بۆ دروست بکردایەن ئەوکات لەیەکێتی کاك دکتۆر فوادو لەپارتی کاك ادریس لەویٚ بوون یەکێتی لەتەهران لەرێگای مام وسۆوە (تی ئێن تی) یان بۆ ناردن و نەتەقیـەوەوپێیان زانی لە ئوتێل ئەتڵەس لەتـەهران هەمیشە چاڵیان بۆیـەك هەڵدەکـەن وتاتیاچوون لەسەری دەرۆیشتن دژی یەك بوون مانگانە (40) چل تەن ئازوقە برایـەوە بۆ حزب بەتانی و پارەو چەك دەدراو لەوکاتەدا یـەکێتی مهندسی دەگرت و ئەو مهندیسانە بێگانـە بـوون لـەعێراق کاریـان دەکـردو بـەریان دەدان بـەپارەو یاتەسـلیم بـەو ولاّتانـە دەکرانەوە کاتێك ئێمە مهندیسمان گرت وتیـان ئـەوە دژی بێگانەیـەو کـورد بەتیرۆریـست دەناسـرێت و لەسـەر مهندیـسە فەرەنـسی و بەریتانیـەکان بـەیانێکی دوورو درێـژو زەرەرەکانی بۆ کورد هەمووی لەسەر سۆسیالست بلاّوکرایەوەو واتا بۆ خۆیان حەلاّڵەو بۆ ئێمە حەرام بوو، مهندیسەکان لەرێگای دکتۆر قاسلمۆو هەندێکیان لەرێگای ئێرانەوە ئەو کاتەبـەردران و لـەوەش (3–4) ملیـون تومـەنی ئـەو کاتـە سـوودی بـۆ حـزب هـەبوو ئـەو هاوکاریەی ئێران بۆ ئێمە یەکێتی وپارتی پیٚ سەغڵەت بوبون هەم حزبی دیموکرات پیٚ ی سەغڵەت بون و چەند جارێك باسیان کردبوو تا کادرێکمان بەناوی نجم الدین لەرێگای خانە شەهیدیان کردتـەنها بـوو، شـەهید نجم الـدین یـەکێك بـوو لەکادرەکانی حـزب لـەو سـنوورە هـەر چـەندە برادەرانـی ئێمـە هەمیـشە بـاجی هاوکـاری دیموکراتیـان داوە هـەر لەچونە سەر بارەگاکانمان لە زێوکەوماشکان لەلایەن پارتی و ئێران و گرتنی سەید کاکەو

مامۆستا مەلاناصح و پاشان سەید قادرووراگرتنی ئیشەکانمان و هاوکاری خاڵەحاجی وشەهیدکردنی ئەحمەد فقی رەش لەلایەن پارتیەوە، وەشەهیدبوونی ملازم انور مجید سوڵتان بۆدیموکرات بەلام دیموکرات هەمیشە بێ منەت بوون لەوهەموو هاوکاریەی سۆسیالست بەشەهیدەکانیشەوە و هاوکاریشەوە دوایش بۆ یەکێتی هەروابوو ئەوەش دەگەرایەوە بۆ تەئسیری عێراق لەسەریان چونکە یەکێتی شەری بۆکردن و بەتایبەتی لەئالۆتان بەلام دیموکرات پارتی پێ باشتر بوو، لەیەکێتی بەئێستاشەوە کەپێچەوانەیە، پارتی هەر لەسێ رای سلماس لای خویی تا قصرشیرین دیموکراتی تەفروتونا کردو دەری کردن و ئەسیرو کوشتن و ئەوەی لەدەستی هات پارتی لەبەر خاتری کۆماری ئیسلامی نەیکردبوو بۆ پشتیوانی وکردنەوەی جێگای خۆی و پارەیان بداتێ ئەوەی کرد نەك لەبەر ئەوەی باوەری بەئیسلام هەیەو بەکۆماری ئیسلامی چونکە پێش ئەوەش ودوای ئەوەش بۆزۆر جێگای کەشی کرد وەکو لەناوبردنی مەلا ئاوارەوهاورێکانی لەساڵی 1967 لەناوچەی سەردەشت وەسەعید یەڵچی ودکتۆرشوان وهاورێکانیان بەپیلان لەکوردستانی تورکیا...هتد، بەلام دیموکرات نەکەوتە بەر هێرشی سوپای عێراق بۆ لێدانی کورد ئەگەر هاوکاریشی کردبێت لەسنورێکی تەسکدابووە بەلام ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە هەر لایەك لە عێراق نزیك بوایە دیموکرات لێ ی نزیك دەکەوتەوە، عێراق چەکی بەدیموکرات ئەداو رۆژانە لەبەردەم مەقەرەکانی ئێمە لەناوزەنگ و نۆکان و دۆڵەتوو دەیان برد و بێ ئەوەی هاوکاری هێزەکانی کە بکەن و هەتا لەبەر عێراق خۆشیان ئاشکرا نەدەکرد زۆرجار هاتوو چۆیان بەنهێنی بوو ئەوانەی کەش کەچەکیان وەردەگرت لەعێراق سمکۆی علیاربوو کەناوی خۆی کاك ئەحمەد نابوو هاوکاری یەکێتی دەکرد لەهێنانی چەك و عبدالله بابان هەبوو ئەویش لایەنگری کۆمەڵە بوو لەجەولەیەك لەکوردستان لەگەڵ ئێمەدا بوو هاوکاری یەکێتی دەکردو حامیدحمەتایر بەگ و حمەی حمەتایربەگ لەئەسلاً خەڵکی لای جوانرۆوگوندی قشلاخی لای پاوە بوون چەکیان وەردەگرتو وەجبەیەکیان تەسلیم بەکاك ئازاد هەورامی کردبوو بۆ یەکێتی ناردبوو پاشان چریکی فدائی حامیدبەگ بۆلای یەکێتی دەچوو لەمهاباد گرتیان و کوشتیان بەناحەق، حامیدبەگ ئەوەی هەبوو دژی شاهنشایی بوو هەر معارەزەو لەعێراق

بوو زۆر وەخت، مامۆستا شێخ جەلال یارمەتی شەخسی لەعێراق وەردەگرت و هاوکاری یەکێتی تامودەتێك دەکرد نەك زۆر ناوبەناو وەردەگیراو سوپای رزگاری کەکورەکانی شێخ عوسمان دوورو ئەوەیان دامەزراندبوو لەلایەن یەکێتیەوە کاك شەوکەتی حاجی مشیر سەرپەرشتی دەکردن ئەوانیش سەرەتا هاوکاری یەکێتیان دەکرد تاچەك کران لەلایەن کۆمەڵەوە یا کاك شەوکەت پاشان لەمەریوان هەندێك خەڵك لەدیموکرات جیا بونەوە چەك و پارەیان لەعێراق وەردەگرت کاك محمود ئاشتیانی لەمەریوان و کاك عەلی مەریوانی و هی تریش زۆر نزیك بوون لەعێراقەوە وەزعەکان نارەحەت و ئاڵوزتر دەبوو ئێمەش لەسنوری لقی سلیمانی دوای شەهید بونی صالح یوسفی من بومە ئەندامی ئەصڵی کۆمیتەی ناوەندی وبوم بە مسئولی لق وپەیوەندیەکی محەلیمان جگە لەوەی سەرەوە لەگەڵ مسئولینی ئێران دامەزراند لەسەر حسابی شەری عێراق و ئێران لەسەرەتا لەرێگای دکتۆر موستەفا چمران وەزیری دیفاع و بەناوی جەنگاهای نامنەزەم و پاشان حاجی ئەحمەدی متەوەسلیان مەسئولی سوپای مەریوان و سەرهەنگی سەیادی شیرازی وسەرهەنگ جەمالی و علی پەنای کەکورد بوو خەڵکی سنە بوو هاوکاری زۆری کردین ئەو پەیوەندیەی ئێمەش جێگای گرت و لەرێگای حاجی بهاودوریان بۆلای ئاغای مونتەزری و بەنی سەدروسەرکەوت و پاشان بۆ سوپای پاسداران و قەرارگای رەمەزان وتادوایی، ئەوەش یارمەتی زۆری ئێمەی دا هەرچەندە دیموکرات لەچەند کۆبونەوەیەکدا باسیان کردبوو بۆ ئەو پەیوەندیە بەتەنها کراوەو ئەوە تەنها محمدی حاجی محمود کردویەتی نەك سۆسیالست گلەییان هەبوو پەیوەندی ئێمەش لەوسنووره لەچوارچێوەی پرۆتۆکۆل نەبوو بەڵکو مامەڵەی رۆژانە بەهاوبەشی فلان رەبایە دەگرین بەرامبەر ئەوە ئەوەندە پارچە چەك و جیهازو ئازوقەو ماڵە پێشمەگە واتا لەسەر ئەساسی شەری عێراق ئێران ئێمە هاوکاری کۆماری ئیسلامی و بەحسابی دوژمنی هاوبەشی ئەوەمان کرد، چونکە عێراق هەموو ئاشتیەکی رەت دەکردەوە و بەهەموو جۆرێك دژمان بووبەلاّم عێراق جار جار دەینارده لامان بۆ هاورکاری ئێران دەکەین، بەلاّم عێراق کویتی چەکدار دەکردو سودانی ومیسری دەهێنا بۆ شەرو (300) هەزار جاشی خەفیفەو جەیشی شەعبی کۆکردبووەو جەیشی لەو ولاّتانی کەی عەرەبی دەهێنابۆ سەر ئێمە، ئێمەش هەرچی

پێمان بکرایە دەمانکردئەوان کیمیاوی و ئەنفال و ئەرزی سوتاوی بۆ ئێمە بەجێ هێشت و(7) هەیلکۆپتەری بۆ یەك زەلام هەڵدەسان ئێمەش هەر چۆن زەربەمان لێ بدایە دەمانکردو هاوکاری ئێرانمان دەکرد بۆ لێدانی زەربە لەعێراق و دامودەزگاکانی و بە حەقی خۆمان دەزانی و فرسەت بوو بۆمان رێکەوت ببوو بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئاشتی یا عێراق سودی لێ وەربگرێت لەو فرسەتانە بەلاَم ئەو ئامادە نەبوو ئێمەش رەدی توندمان دەدایەوە بۆ عێراق پەیوەندیەکەمان زیاتر دەبوو جار لەجار لەبەر ئەوەی زیاتر شەری ناوچەکەمان گەرم تر دەبوو بەهێزتر دەبوو، عێراق رۆژانە چەکی تازەو ساروخی تازەو تەیارەی تازە لەبەرەکانی شەر بەکار دەهێناو هێزەکانی کۆمەڵەو دیموکرات تائەو کاتە یاتاساڵی 1984 کەسەرەتای شەری ناوخۆیان دروست ببوو هەروا لەناو قولاَیی ئێران دا یاکوردستاندا مابونەوە بەتایبەتی لەهاوین دا بەردەوام بوون و زەربەیان دەوەشاند، یەکێتی رۆژ بەرۆژ بەرەو لای عێراق دەرۆیشت و دکتۆر قاسلمۆو حزبی دیموکرات هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی یەکێتی بەرەو عێراق بەرن و یەکێتی وردە وردە لەسنوری سوریا دور دەکەوتەوە و لەولاشەوە لەگەڵ ئێران تێکی دەدا لەسەر ئەوچەکانەی لەسنە سەیادی شیرازی گرتی و دوای دایان بەپارتی چونکە پارتی شەری کوردەکانی ئێرانی بۆدەکردن وەجبەیەکیان تەسلیم بەکاك نادرهەورامی کرد کە(250) چەك بوو بۆگرتنی دزڵی وکوشتنی سەعید کاڵ کاڵ وەراوناونی هێزەکانی دیموکرات لەوسنورە کەحامید بەگی سەردۆشیش تێدا بوو بەلاَم دەربازبوو وەگرتنی کەلی کەمانجارو هەورامانی تەخت و لەگەڵ دووجبە پارە (65) هەزار تومەن و(45) هەزار تومەنی تربەجیا وەچەکەکان چەکی یەکێتی بون درابەپارتی لەسەرئەوە تێك چووبون ئێمەش بەردەوام لەناوچەکانی سلێمانی سەرگەرمی چالاکی سیاسی و رێکخستن و جەماوەری و عەسکەری بوین لەهەموو بوارێکی جیا جیادا چیای سورێن یش ببوبەپشتووپەنابۆسۆسیالست پاشانیش حزبی شیوعی مەقەریان هێنا لەئەشکەوتی هەزار ئەستون وەپارتی هێنایانە چنارەو خۆرنەوەزان .

## دەرکردنی پاسۆك لەسنوورەکانی ژێر دەستی پارتی و جێ کردنەوەیان لەلایەن سۆسیالستەوە

دوای ئەوەی لە 1982 پارتی و یەکێتی ڕێکەوتنێکیان کردلەشارباژێر پارتی ڕێگای نەداپاسۆك بڕواتە ئەو سنووره یەکێتی مەرجی ئەوەبوو ماڵی مەجید خانی حمەرەشید خانی بانە کەئەوکات پارتی بون وپاسوك نابێت دابەزن بۆ خوارەوە یابۆ شارباژێر پارتی چواردەوری پاسوکی گرت و وتیان بێنە خوارەوە لێتان دەدەین لەکاتێکدا پاسۆك لەگەڵ پارتیدا لەمەریوانەوە بۆبلەکێ وەلەبلەکێ وە بۆشلێربۆسەرچیای لەرێ لەپشتی شەخڵ مارین ئەورێگا دورودرێژەی لەگەڵ پارتی بڕیبووئەوکات پارتی بەمەرحەبایەکی موەقەتی یەکێتی پاسۆکی هاوسەنگەروهاوپەیمانی خۆیان دەرکردوهەرەشەشیان لێکردن کەنابێت بێنە خوارەوە وەماڵی مەجیدخانشیان بەهەمان شێوە کاك ئازادمستەفا نامەیەکی بۆ من ناردبوو منیش موافقەتم کرد مقەڕەکانی پاسۆك بگوێزنەوە بۆسورێن ودە ڕەکۆرە وپاشان لەبانی شار دامەرزان و ئێمەیارمەتیمان دان لەڕووی ڕاگەیاندن وئازوقەو پارەوەوەکومقەرەکانی خۆمان بێ جیاوازی لەوێ بوون تا86 19ئێمەلەهەرجێگایەك بووین ئەوانیش لەوێ بوون تائاشتمان کردنەوە لەگەڵ یەکێتی داومن بروسکەیەکم دابەمام جەلال لەگەڵ پاسۆك ئاشت بێتەوە ئەوانیش بڕیاریان دا ئیترلە85 19داکاك ئازاد بروسکەیەکی دابەیەکێتی بەبۆنەی شەڕی دابانەوە بەلاّم یەکێتی وەلاّمیان نەدایەوە ئێمە کەوتینە نێوانیان و ئاشتمان کردنەوە کاك ئازاد و ملازم کەریم وکاك پشکۆوکاك شەماڵ وبرادەران سەردانی یەکێتیان کردو هەموو مقەڕەکانیان بردە مالومە و بەومانایەی یەکێتی ڕادیۆکەیان لەشۆڕشی عێراقەوە کردبەدە نگی گەلی کوردستان خۆیان بۆئەوە نائومێد ببوون لەعێراق و دەیان ویست هەوڵی ئاشت بوونەوەبدەن لەبواری خۆیدا باسی دەکەین ،پاسۆك دەی ووت ئێمەهەوڵمان بۆئەوەیە کوردایەتی ئێستایەکێتی هاتۆتە سەر ڕەئی ئێمەو وەکو پاسۆك بیردەکاتەوە بۆنەچین لەگەڵیان ڕێکەوین..ئەوە بۆچوونیان بوو تابریندار‌بوونی ملازم کەریم لەتەکیەی قەرەداغ بەهۆی تەیارەوە وەلەئەنفالەکان هەرلەوێ مانەوە ولەمقەڕە کەیان لە قوسامینەی لای شلێر لەگەڵ مەقەڕاتی لقی کەرکوکی حزبی سۆسیالیست دا پێکەوە بوون لە ساڵانی85 و86 دا، لەشەوی 31-1982/1/1

لەسورێن بووین لەمەقەری لق لەدەرەکۆرە خەریکی ڕێکخستنی بارەگاکان بووین لە 1982/1/1 هەرلەسورێن بووین و لەشەوی 1-1982/1/2 چوینە گردەنازێ و مەسەکان و ناوگردان بێڕەشکەو لەماڵی کاك نوری حاجی فتاح بووین دوای چوین بۆتەپەسەرقولەو شیرەمەڕ وەئەو ڕۆژە ئێران لەسنوری نەوسودەوە هێرشی کرد تاگەیشتە پێنجوین شەڕبەگەرمی بەردەوام بوو وە ئێمە لەشیرەمەڕبووین، لە1982/1/4 چووینە گوندی ڕیشێن لەوشەڕەدا لە لەشاخی شرام کەپارتی بەشداری کردو ئامرکەرتێکیان بەناوی مجنون کوژراو هەلیکۆپتەرو سوپای ئێران هاوکاری کردن و (25) سەربازی عێراقی بەدیل گیرا لەوشەرە ئێران هەموو دیلەکانی بردو نەیدا بەپارتی،یەکێ لەو کێشانەی نێوان سۆسیالست و ئێران دا هەبوو لەسەر دیلەکان بوو ئێمە دیلی شەرەکانمان نەدەدا بەئێران بەڵام ئەوان داوایان دەکرد ئەوە یەکێ بوو لەکێشەکانمان، شەوی 4 –1982\1\5 چوینە شانەدەری ولەوێیشەوە بۆ ماوەکان و کەچەڵی، لە 1982\1\5 چوینە هۆزخواجەو شەو لەوێ بووین، لە1982\1\6 چوینە قەویلە، ساڵی 1981 لەورۆژەدا لەقەویلە ودەوروبەری شەربوو لەگەڵ یەکێتی دا دوای چوینە کانی سپیلکە وشەوەکەی چووینە تاسلوجە ئەو شەوە لەماڵی کاك حمەی فەرەج بوین لەتاسلوجە صدام حسین لەتەلەفزیون قسەی دەکردو دەگریا بۆ شەهیدەکان ئەوەش زیاتر ورەی جاش وجەیشی عێراقی هێنایە خوارەوە ئەو بەو نیازە دەگریاکەخەڵکی عێراق هەموو بەجارێك برۆنە بەرەی شەر بەڵام بەپێچەوانەوە بەسەریاندا شکایەوە و زەرەریان لێ کەوت لەو گریانە، ئێمە هێزی تۆکمەو باش و لێهاتومان هەبوو بەئازادی لەناوچەکان دەسوراینەوە عێراق نەیدەپەرژایە سەر ئێمە بەبۆنەی شەرەوە، سۆسیالست وەکو تاکە هێزی سەر گۆرەپان لەبەشێکی شاربازێروشارەزووروتا بناری قەرەداغ زۆر بێ باکانە جەولەی دەکرد زۆر جاریش ڕژێمیان راودەنا، یەکێتیش رۆژ بە رۆژ لەشارەزوور دەکشایەوە چونکەهەم لەرووی سیاسی و هەم لەروی سەربازی و جەماوەریەوە نەیدەتوانی جێگای خۆی بکاتەوە هەندێك مەفرەزەی پارتیش جار جار بە ئاگاداری ئێمە دەچونە شارەزوور یا تا دۆڵی گلاڵ بەڵام یەکێتی پێی دەزانین و یادەیگرتن یاراوی دەنان و دەری دەکردن لەناوچەکە، پارتی نەکەسی هەبوو لەناوچەکەو، نەجەماوەر پارتی بە خەڵکی کوردستان دەزانیی

خۆشیان حسابی (15) رۆژەکەیان دەکرد برۆنەوە بۆ ئێران واتا بە پارە گیرابوون نەك وەکو پێشمەرگەو بەبێ یارمەتی، ئێمە مانگی (5) دینارو دوایی (10) دینارو پاشان (25) دینارمان بەپێشمەرگە دەدا بەو شێوەیە ئیدارەی دەکرد، چوینە سواری لە 1982\1\7 چوینە تەپی کەرەم لەماڵی کاك توفیق بوین یەکێك بو لەوماڵانەی خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد دوای چوینە گردی عەول و موانی هەلاجەکان و موانی رۆستم و موانی حمەی حسن وموانی کۆن هەموویان لەشارەزوورن لەنێوان کانی پانکەو عەربەت و زەرایەن دایە، لە1982\1\8 لەتەپی کەرەم ومالوانی سەروکانی کەوەی کۆن و حاصل بوین، لە1982\1\9 چوینە ئالان، گوندی ئالان سەربە شارەزوورەو ناوچەی دەربەندیخانە لەماڵی کاك ئەحمەد محمد رۆستم بوین، لەشەوی 9-1982\1\10 تەقە کرابوو لەماڵی عەلی مەجە لەکانی کەوەی کۆن وە هاتەلای ئێمەو شکاتی کردوبە فەتاحی حمە قالەی دەزانی ئەو پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراق بوو هەر شەو ئاگاداری ئێمەی کردەوە تەقەیان لێ کردووە، فەتاح لەبەگ زادەکانی گەلاڵی بوولەوردە بەگ زادە، فەتاح پیاوێکی ئازابوو لەناو گلاڵی داهەموویانی بەچە ترسێن کردبوو وە زۆری لێکوشتبون هەر لە ساڵەکانی 1970 وە لەگەڵ حزبی شیوعی دا بوو کاتێك جەبهەی شیوعی و عێراق هەبوو ئەو سوودی لێ وەرگرت، چی خزم وعەشائیرەکانی گەلاڵی بوو لەوکاتەشدا ابراهیم ناوێکی لەقەڵبەزە کوشت و خەڵکی تری برینداری کرد لێیان کەیەکێکیان عەزیزحەسەن بوو وە دژی شۆرشی ئەیلول بوو لەشۆرشی نوێشدا هەر بەهەمان شێوە حزبی شیوعی بەکاریهێنا بۆ داگیر کردنی زەوی وزاری خەڵکی و ئەزیەت دانی خەڵکی ناوچەکە کەحزبی شیوعی زۆر بەباشی پشتیوانیان لێ دەکرد و دیفاعیان لێ دەکرد، لەسەرەتای 1984 دا کەیەکێتی پەیوەندی و گفتوگۆیان لەگەڵ عێراق دا دەستی پێکرد لەجادەوە گەرانەوە شارەزوور فەتاح بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی چووە ناو یەکێتی و وازی لەحزبی شیوعی هێناو لەکانی بەردینە و جەردئاسنەش گەلاّبەیەکی دووتەنی (تی ئین.تی) لەماڵی کاك محمودی حمەی موسا لەکانی بەردینە ئێمەی دا بەدەستی یەکێتیەوە کەبۆتەقاندەوەمان دەنارد بۆ بەغداد دوای هەر یەکێتی تەنگی پێ هەڵچنی چووە لای عێراق و پاشان هاتەوە لای حزبی شیوعی و چەند جارێکی کە ئەم سەروئەو

سەری کردو خوا هیدایەتی بدات تائێستاش هەر بەردەوامە و هەر لەهاتووچۆدایەو کلاۆیشیان لەسەریان کرد، حزبی شیوعی هەر دیفاع لەهاورێ فەتاح دەکات کەبەقەدەر شەش گوندی ناوچەکە زەوی دەکێڵێت و جوتیاریش هەیە زەوی نیە ئەوە دەگەڕێتەوە لای خۆیان و پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، چوینە قەڵبەزە وکانی بەردینە لە 1982\1\10 لەکانی بەردینە بووین و چوینە بێسەڵمێن، لە1982\1\11 چوینە تووە قوت و ئیمامی زامن، ئیمامی زامن ناوی نزرگایەکە بەوناوە کاتێك جاف چووە بۆ گەرمیان وکوێستان لەدارەکەی ئیمامی زامن هەرچی شتی زیادیان پێ بووە دایان ناوە و تالەکوێستان یالەگەرمیان گەرانەتەوە کەس نەیتوانیوە دەستکاری بکات واتا بەزەمانەت داویانەتە دەست ئیمامی زامن و خەڵکی ناوەچەکە باوەریان پێ بووە، لەشۆڕشی ئەیلول و بەیانی 11 ی ئازاردا شۆرش هەندێك لەمەسئولەکانی شۆرشی کۆکردەوە و گوندیان بۆ ئاوەدان کردنەوە لەسەر حسابی گوندەکانی خولامی سەرو خولامی حاجی محمودی عبدالعزیز خولامی لمە وقارەمانی وجەردئاسنەوبێسەڵمێن وکانی بەردینەو توەقوت وبێژاوا وکانی شێخ ودوانزە ئیمام کەئەم گوندانە هەمویان هارونین هاتن لەوێ نزیکەی (20) خانویەکیان بۆکردنەوە کەلەعەشیرەتی شەمێرانی بون ئەوانە لەبەرئەوە شۆڕش پشتیوانی لەوان ئەکردشۆرشی ئەیلول عبدالوهاب ئەتروشی وەهارونیەکان هیچیان پێ نەکرا بەرامبەریان وەپێیان نەوێران چونکە ئەوان شۆرش لەپشتیان بوو وەتائێستا هەر لەجێگەی خۆیانن هەروەکو چۆن کاك محمد شەمێرانی لەگوندی زەمەقی خانویان بۆکردەوەوزەویان بۆدابەش کردن لەناوعەشیرەتی نەورۆلی وەقادری حمە صالحی تاوگۆزی بۆبەشارەتی خواروبەلام پاش شۆرشی ئەیلول عەشایرەکە زەویەکانیان هەندێك لەقادری حمەصالح ومحمد شەمێرانی سەندەوە ئەویش بەهۆی شۆرشی نوێیەوە کەبەهۆی کاك حامیدی حاجی خالیدەوە وەریان گرتەوە ... ئەوکاتە شۆرش خانووی بۆ کردن و بەزۆر ئەو گوندانەی دروست کردو زەوی دانێ و سنوری دیاری کردو شۆرش پشتیوانی لێ دەکردن و خۆشیان سەرلق و بەتالیون بوون هەمیشە (100) چەکداریان لەگەڵ بوو یائەو (50 _ 60 ) خانووەیدەیان کرد بۆ ئەو چەکدارانە دەکرایەوە کەبەرگری لەخۆیان بکەن ئیمامی زامن بۆکاك کەریم عبداللەی خاسەی شەمێرانی ئاوەدان کرایەوە ،

لەنێوان هەموویان دا گوندێکی (20) ماڵ بەخانووی مسەلەح وبلوك و کۆنکریت وگەچ بۆیان دروست کراو ئەوانیش زۆریان لەگوندی ناوچیاکان بوون لەو گوندانە زەوی و کەرەسەی کشتوکاڵ و گەنم و راوەماسی و کەڵەك و قەڵەباڵغیان لەئاودا دانا لەسەر دەریاچەی دەربەندیخان جارجاریش تەقەیان لەخەڵك دەکردو رێگایان لەهاتوچۆی گوندەکان دەبری بۆ ئەوەی تەسلیمیان بن وەرەقەی بۆ حمە شەمێرانی زەمەقی و قادری حمە صالح بەشارەتی خواروو جەلال لاورانی قەدەفەری و حسێنی فارس قوڵخوردوبەروخۆرە نارد جەلال یەکێ لەپیاوە ناسراوەکانی عەشیرەتی هارونی کوشتبوو لەگەرمیان بەناوی حەسەنی رەشید لەگەڵ ئەوەشدا نادریانە گوندی قەدەفەری کەئەوانیش هارونین بەلاَم هارونی نەیان هێشت بێتە گوندەکە هەروەها لەسەر بەروخۆرە کاك حاجی فەتاحی عەلیاوایان لەلایەن کاك عەلی عبداللەی پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانیەوە نەفی کرا بۆچوارقورنە بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی عالیاواو عەشیرەتی هارونی نەیان هێشت حسێنی فارس بێتە بەروخۆرە لەناو شارەکانیش خانووشتیان بۆ کرایەوە لەشۆرشی نوێش دا هەر زوو بەکۆمەڵ هەندێکیان دەبون بەجاش لای رژێم بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە نەتوانن کاریان لێ بکەن یاخود تۆڵەی خویانیان لێ بکەنەوە واتالەشۆرشی ئەیلولدا هەندێك لە ئاغاو بەگ زادەکان دەستەلاَتیان کەم بۆوە لەسەر ناوچەکان و جوتیارەکان بەلاَم لەهەر ناوچەیەك (2_3) مەلاکی گەورە دروست دەبون لەسەر جوتیار واتا جوتیار وەکو مریشك وابوون لەشایی و شیوەن هەر سەردەبران و زوڵمیان لێ دەکرا ژێر دەستە بوون لەهەموو کاتێکدا هەر زوڵم لەئەوان دەکرا و سەرکوت دەکران، رۆژێکیان چوینە گورگە چیا لەساڵی 1976 زۆر جار لەگورگەچیا دەماینەوە، گورگە چیا گوندێك بوو دەوروبەری رووت بوو گوندەکانی دەوروبەری حەزیان لێ نەدەکرچونکە ئەوانیش هاتبونە سەرئەوگوندەو بۆخۆیان ئاوەدانیان کردبووەوە وەزۆربەیان لەعەشیرەتی تاوگۆزی بون، حاجی عبدالقادری مستەفا ریش سپی و کوێخایان بوو پیاوێکی باش و وشیار بوو ئەوانەی گورگە چیا تاوگۆزی بوون هاتبونە گورگە چیا برایەکی حاجی عبدالقادر ناوی کاك ئەحمەد بوو پورێکی کاك حامید حاجی خالید یاکچی حاجی حمە سەعیدی فەقێ حەسەن بەشارەت خێزانی کاك ئەحمەد بوو

حـاجی حمـه سـهعیدی بهشـارهتی سهروله‌عه‌شـیرهتی نـهورۆڵی بـوو پهیوهندیـهکی زۆری لهگـهڵ باوکمدا هـهبوو بـههۆی هەندێك لهخزمـهکانمان لهدێکـهی ئـهوان بـوو کـاك حسـێنی حمـهی کامـهران وکـاك عبـدالکریم ئهحمـهدو جگـه لـهوه حـاجی حمـه سـهعید پیـاوێکی ناسـراوو دهسـت رۆیـشتووو‌ەیه‌کێك لـهریش سـپیه‌کانی عه‌شـیرەتی نـهورۆڵی بـوو بـههۆی ئـهوهوه دهچـوینه مـاڵی کـاك ئهحمـهد، لـهمانگی 8\1976 دا لـهبالآنبۆ و کـانی مـسهلیه وکانی حه‌ملی لای هانه سوورهوه گه‌راینه‌وه لهماڵی کاك ئهحمهد لاماندا کاك علی شیعه و دکتۆر ره‌زاو کاك حامیدوکاك ره‌وف و کاك حمه‌ی حاجی صابر بوین سهر لهبه‌یانی پێم ووتن نان کهم بخۆن چونکه ئێمـه نـهمان دهتـوانی برۆینـه دهرهوه لـهو گوندانـهش تـا ئـهو دواییه تهوالێت نهبوو دهبوو بۆ دهرهوه مهسینه بهریت وهئێمه نـهمان دهتـوانی بـۆ دهرهوه بـرۆین دوو حالـهت هه‌بوویاله‌ژووره‌کـهدا چـاڵت بکرادایـه یـان تهنه‌که‌یـه‌ك لهبـهر چـاوی هـهموان یـا بـۆ گـهورێك ئهگـهر نزیـك بوایـهت زۆرمـان لهگـهڵ هه‌ولـدان کـاك ئهحمـهد ئـهو رۆژەخۆی لهترسا رووی نهکرده ماڵی خۆیان و پیّ ی عه‌یب بوو جێگامان نه‌کاتـه‌وه بهلاّم پوره ئـامین خزمـهتی کـردین کـاك ئهحمـهد چووبۆ هه‌ڵه‌بجـه نیـوه‌رۆ گۆشـت و شـتی زۆری ناردبۆوه بۆ ماڵ بهلاّم خۆی نهیویرابوو بێته‌وه پوره ئامین نانی بۆ چاك کردین ئێمه چهند رۆژێك بوو بهچیای بالآنبۆو کانی مسهلیه و ئـهو ناوه‌وه بـوین تامـه‌زرۆی خـواردنی بـاش بـووین گۆشـته‌که چـهور بـوو شـلهکه چـهور بـوو بـرادهران زۆریـان خـوارد ره‌حمیـان نـه بـهخۆیان نهبهکـهس نـهکرد لهسـهعات (2)ی پـاش نیـوه‌رۆ کـاك دکتـۆر رەزا وکـاك حمـهی حـاجی صـابر بهتـهواوی بیّ تاقـهت بـوون بـۆ تـهوالێت و بـهگیر هـاتبوون چـونه دهرهوهش قهدهغـه بـوو داوای تهنهکـهمان کـرد بۆیـان هێنـاین دکتـۆر رهزا چـووه سـهر تهنهکـه لهناوه‌راستی هه‌موومان سه‌یرمان دهکرد ووتی شهرم دهکهم بۆم ناکرێت ووتمـان قاچتان بـهرز بکهنـهوه بهدیوارهکـهدا دهگه‌رێتـهوه هـهردوکیان زیـاتر لـه(3) سـهعات بهوشـێوه‌یه وهسـتان پاشـان دکتـۆر وکـاك حمـهی حـاجی صـابر هاواریـان کـردوو وتیـان کـۆنترۆڵ لهدهستمان نـهماوهو سـهرکهوت داوامـان کـرد پـوره ئـامین لـهرێگای کـاك حامیـدی حـاجی خالیدهوه ووتمان ئهو گهورهی ئهو بهر چۆڵه وتی بهڵێ ووتمان ئیشمان پیّ یهتی ئـهوهی ئێمه‌ش لیّ ی بوین گهور بوو چیخ لـهژێره‌وه داخرابوو لبادوده‌شـه‌ك لهسـهر هـهموی بـوو

بـۆنی شـیاکه و کـێچ زۆر بـوو ئـامین وای ئـەزانی کۆبونـەوەی تایبـەتیمان هەیـە لبـادو دۆشەکی برد دایخست بوو ووتی ئەوە چۆڵەو بەدوای یەکدا بەراکردن چوون کاك حمـەی حاجی صابر زوو گەیشت و دکتۆر رەزایش جگەرەیـەك بەدەسـتی یـەوە بـوو هـەردوکیان لەبەینی یـەك مـەتردا بەرامبـەری یـەك دانیشتبون پەشۆکابوون لەوگـەورە گەورەیـە لـەبری ئەوەی هـەر یەکـەیان برۆنـە سوچێکەوە وەجگەرەشیان دەکێشاو بەیـەکیان دەوت لەسـەر خۆبـە باکەشـف نـەبین لـەو دیـوو دیوارەکـەوە منـاڵ یـاری دەکـەن گویـان لێیـەتی، ئـامین ویستی چایان بۆ بەرێت گەیشتە قاپیەکە شتێکی سەیری دیبوو کاك حامید بانگی کرد مەرۆ لایان وازیان لیٚ بێهێنە رۆژێکی ناخۆش بوو بەلاٚم خۆشیش بوو ئەو وەزعەی ئێمەی تیٚ کەوتوبوین، لەمانگی 9\1976 چوینە گوندی تەکیە لـەماڵی کاك حسن ئەحمـەد قادر دایکی خزمی کاك رەوف بووپورە سەلمە خزمەتی دەکردین خۆشی لەرێکخستنی کۆمەڵە بـوو لەگـەڵ ئـەیوبی بـرای دا چووینە ماڵیـان ئـەو شـەوە چـوینە خورمـاڵ بـۆ گـرتنی پیـاو خراپ لەوانە مینەگەر ناوێك جاسوسی بۆ صالح مامە قالەو حمەی مام دێوانە محمود نـاوی جـەلال بـوو حمـە رەشید علی شـریف و صـالح قالـە هـۆری نـاوی کـاژاو بـوو چـەند کەسـێکی کـەش بـەیانی هێلکـەو رۆنـی زۆریـان خواردجێگایەکەشـی دوو کیلۆمـەتر لەخوارماڵـەوە دورە بـەلاٚم چـەم و نـاو دارسـتانەو چـەمی زەڵـم و چـەمی خورماڵـەو زۆر جەنگەڵـە کـاك حمـە رەشـید زۆری بـۆ هـات خـەڵکی زۆر لەگوندەکـەدا بـوو نـەدەبوو کـەس بچێتە دەرەوە ژوورەکە (3 بە 4 ) بوو بچوك بوو چۆڵ ببوو بۆ ئێمە فەرشێکی پـر بـەخۆی داخرابوو زۆر هەوڵمانـدا هـەر زۆریـان خـوارد زۆری وەخـت لەچیا بـوین عەسـریش زۆری مـابوو چاریش نـەما یـاخۆی پـیس بکـات یادەبێـت چارەی بکـەن بێڵیـان هێنالەلایەکـەوە سوچـی فەرشـەکەمان لاداو چـاڵێکی نیـو مـەتریان هەڵکەنـدو تانـەجاتی خـۆی داوودوای داپۆشـرایەوەو فـەرش لەسـەری داخرایـەوە وەکـو هـەر هـیچ روی نـەدابێت چـەند جـار تووشی ئەوە بوین لەگەڵ هەڤالاٚندا لەگەڵمان بوون، لەگورگەچیاوە بۆ نانی ئێوارە چوینە بـەکرئاوا، بـەکرئاوا بـەناوی گردێکەوەیـە کـە گـردی بـەکرئاوا گەورەیـە لەسـەرەوەی گردەکەوەیـە کـە(3–4) هـەزار مـەتر چوارگۆشـە دەبێـت و لەچـەند لایەکـەوە ئەوانـەی بەشـوێن ئاسـاواردا دەگـەران هـەڵیان دریبـوو وەشـتیان لـیٚ دۆزیوەتـەوە نـاوی بەکرسـور

یاشاری زهور یاشاری زۆر بوەو زۆرجار بەپایتەختی ئیماراتی شارەزۆر باس دەکرێت و لەدەمی خەڵکی ناوەچەکەوە دەیگێرنەوە بەلأم شتێکی وای لەسەر نەنوسراوە، دوای نانی ئێوارەچوینە دەلین یا قشلاخە روتە و چوینە هەردوو گوندی شەشك، شەشکی خوارو وشەشکی سەرو شەشك و شێخ رەش، شێخ رەش نەزرگەیەو خەڵکی بۆ نەخۆشی دەچونە سەری شەشکەکان هەردووکیان زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان دەکردوو دائیم پێشمەرگە لەناویاندا بوو چونکە چەم وجەنگڵی بووخەڵکەکەشی باش بوو ئەخباریان نەدەکردوتێکەڵ بون لەنەوروۆڵی ولەهۆزی یاروەیس بەتایبەتی عەبدولی عبدالرحمن شەشکی زۆر خزمەتی دەکردین خۆی وخێزانەکەی وە دوژمنیش بەئاسانی نەیدەوێرا خۆی لەقەرەی بدات، لەماڵی کاك عەبدول عبدالرحمان بووین کەهەر لەساڵی 1976 بزوتنەوە بوو دوایش سۆسیالست بوو هەر لەگەڵ حزبدا بووە بەردەوام خۆیی و خێزانەکەی زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد بیٚ ئەندازە ماندوو دەبون و شەشکی سەرو چەند ماڵێك بوو لەساڵی 1977 شەوێك چوومە ماڵێك (7 –8) پێشمەرگە بووین ئەو شەوە دوایی بەتەما بوین چوینە زەمەقی و پاشان بۆ هەڵەبجە و (ئار. بی .جی) مان لەمەقەری جاشەکانی صالح خەیات وتوفیقی رەحیم دا لە لای ماڵی شێخ صالح بەرامبەری مەقەرەکەی (1 _2) ئار بی جی مان لێداو مەقەرەکەی کون کردو بەناوژورەکەی صالح خەیات و توفیق رحیم دا چوبوە ژورەکەی کە تەقیبوەوە ئەوکات تازە خانوو دەکرا لەحمەۆغانەوە چوینە ناو هەڵەبجە لەغەزینە دەردەچوین دەشتی راست لەبەری جادەکە دابون من جادەقیرەکەم لەبەین بوو ئار بی جی مان لێداو شارەزاکەمان ناوی علی بوو خەڵکی زەمەقی بوو دوای بەبرینداری جاشەکان لەهاوار شەهیدیان کرد ئەو شەوە لەماڵی کاك ئەحمەد بوین، کاك ئەحمەد خزمی کاك ئەحمەدعومەربوولەخورماڵ خێزانەکەی ئافرەتێکی نەترس بوو حەزی دەکرد شت بزانیٚ ئێمە حەزمان نەدەکرد بەتایبەتی من بمان ناسیٚ ئێمە ئەو چالاکیەمان لەبەردەست بوو بۆ ئەوەی کەشف نەبین و بکەین هەر چەندە زۆر گرنگ بوو چالاکیەك لەوکاتە لەناو هەڵەبجەدا و بەسەرکەوتویش ئەنجامانداوگەراینەوە ژنەکە پێم وابیً ناوی فاتمە بوو دەیوت ئێوە کێن نەیدەزانی جاشین یا پێشمەرگەین پیاوەکە تیٚ ی دەگورمان یاعنی قسە مەکە ژنە دەچووە دەرەوە

پیاوەکە دەرۆیشت نەسیحەتی دەکرد قسە نەکات فائیدەی نەبوو ئێمە بەوانمان ووت ئەم شەو سبەینێش تا ئێوارە هەرلێرە دەبین و باکەس نەزانێ ئەو رۆژە برادەرانی رێکخستن هاتنە لامان ژنەکە هەرچی هەوڵی دا نەیزانی چین پیاوەکە وتی بۆ ئەوەندە قسە دەکەیت هەرچی هەن وکەیفی خۆیانە ژنەکە وتی دڵم دەتەقێ نەزانم چین سەیری ریش و چڵکنی و مەخزەنەکانیان هەر یەکەو لەجۆرێکە لەپێشمەرگەی شاخ دەچن سەیری قسەکانیان دەکەم نازانم ئێوە پێشمەرگەی حکومەتن یاشاخ واتا جاش یا پێشمەرگە، ناوی منی هێنا وتی خزمە و شەوکەت هەر خزمە کاك ئەحمەد دەیوت بەچاووریش و سمێڵ و بەهەموو جۆرێ هەڵی دەتەکاند قسە نەکات وتی خوای دەکرد هەر ئێستا ئیعدامیان دەکردیت من (2) رۆژە ئەو (7 _8) کەسە لێرەن نازانم چین پێشمەرگەن یاجاش خزمەتیان بکەم ئەگەر جاشن وەکو جاش خزمەتیان بکەم ئەگەر پێشمەرگەن وەکو پێشمەرگە، ئێمە چالاکیەکەمان ئەنجامداو گەراینەوە وادیاربوو بەدەنگوباس کەلەهەڵەبجە دراوە ئێمە ئەو ناوەمان چۆڵ کرد یەکەم رۆژیش کاك ئەحمەد چووە خورماڵ و ئێمەی بەجێ هێشت دەترسا بێت و هەر چەندە لای رون نەبوو شتێك رووبدات ئەو توشی بێت، رژێم خەڵکی زۆر ترساندبوو مجازەفە بوو هەرکەسێ جێگای پێشمەرگەی بکردایەتەوە لەو ناوە داوای لە کاك عەبدول مسئولیان کردبوو پێ ی وتبون من کەی چوومە ئەو ناوە بۆ خۆ شاردنەوە، لە1982\1\12 لەشەشکەوە چوینە خێڵی حمەو تەپە کورەوبۆ بەشارەتی سەرو بۆ هەردوو تەپی سەفاو شەو چوینە تەپە تۆڵەکە دەبوو زۆر بگەرێن بۆ ئەوەی هەم هورەی خەڵکی و مەعننەویات هەبێت هەم دوژمن جێگامان نەزانێ هەرچەندە شەری ئێران عێراق بوو دەمانتوانی (150 _ 200 ) پێشمەرگە بەجارێك جەولە بکەین پێکەوە، لەرۆژی 1982\1\13 چوینە کشەیەری و قاجرو گردی شەریف و مەسەکان و گردە نازێ و بۆ مەقەری سورێن لەبانی شارو میری سووررودەرەکۆرە وبنارەکە، بەڵام هێزەکە لەخوارەوە دابەش کراو هەرجەولەی خۆیان دەکرد و دەگەران، لەمەقەری سورێن بوین لە 15 و1982\1\16 لەدەرەکۆرە کاك سەید قادر جەباری ئەوکاتە مەسئولی علاقات بوو لەمەریوان گەرابوەوە لامان یەك مەتر بەفر باری بوو لەلای مەقەرەکانمان لە رۆژەکانی 17 و18 بەفر زۆر بوو هەر لەمەقەر بوین ئێران داوایان کردبو بچم بیان بینم

لەگەڵ کاك سەید قادر و کۆمەڵێك پێشمەرگەدا بەرێ کەوتین بۆ چنارەو کانی خەیاران، لەرۆژی 1982\1\19 بەیانی لەدەرەکۆرە بەرێ کەوتین عەسر چوینە چنارە کە هەموی یەك سەعات رێگایە ئێمە زۆرمان پێ چوو لەبەر زۆری بەفرو شکاندنی بەفر برادەرانی پاسۆك رێگایان نەدا برۆین و لای ئەوان ماینەوە، کاك ملازم نصرالدین علی برای شەهید عبدالملیك (علی عوسمان) وکاك ملازم سیف اللەش پاسۆك بوو ئەو شەوە کاك یوسفە لچە زۆر قسەی خۆشی کردو وتی تا افلام کارتۆن نەبێتە کوردی ئێمە رێك ناکەوین لەگەڵ عێراقدا ئەو کات پاسۆك بووگاڵتەیان پێ دەکرد باسی افلام کارتۆنی بەکوردی دەکرد ئەو رۆژەش ئێمە مەفرەزەیەکمان رۆیشتبون لەرێگای کانی خەیاران پێشمەرگەیەکمان لەناو بەفردا رەق ببوەوە و مردبوو بەناوی (بابە رەسول)جنازەکەی رۆژی دوایی هێنامانەوە زۆریش مەجبور نەبوین لەو رێگا ناخۆشە بدەین، لە 1982\1\20 لەچنارەوە بۆ کانی خەیاران دەچوین نزیکەی (15) پێشمەرگە بوین هەندێك لە پێشمەرگەکان دەگریان ئەوەندە سارد بوو زریان بوو (2) مەتر بەفر باری بو هەموو ناوچەکە جگە لەبەفر شتێکی تر نەدەبینرا زۆر لەحەیوانە کێویەکان خۆیان دەکرد بەناو مەقەرەکاندا من بەفرەکەم دەشکاند بەتایبەتی لەسەر سورێن لای هەشەرێ لەوە دەچوو پێشمەرگە گیانی خۆی لەدەست بدات پێم ووتن خۆیان ببەستن بەجامانەکان بۆ ئەوەی بەفر زۆر کاریان لێ نەکات چونکە گەر عەورەت ببەستن لەوکاتەدا لەناو بەفردا میز کردن ئینسان دەکوژێت و دەیبەستێ زۆر بەنارەحەت گەیشتینە مەقەرەکانی کانی خەیاران بەڵام مەقەر دیار نەبوو جگە لەوەی هەتاو کەوت و بەدوکەڵی سۆپادا زانیمان مەقەرە چونکە بەفر لەکانی خەیاران لە (3) مەتر سەرکەوتبوو لەسەرەوە دەبینرا ناو خانوەکان چونکە خانوەکان وشکە کەڵك بوو بەفر دەهاتە ژورەوە بەڵام نەوت و داری زۆرمان لابوو هەمیشە ئاگر دەکراوەو هەندێك ژورەکانی گەرم کردبووشەهید مەلا نوری کە رۆژی پێشوو لەگەڵ جەنازەکەی بابە رەسول گەرابووە لەژورەکە هەرچی دەکرد پێڵاوەکانی بۆ دانەدەکرا سەیرم کرد پێڵاوی لەپێ نەماوە وتم ئەوە بۆ ناچیتە ژوورەوە وتی پێڵاوەکانم داناکەنرێ پێم وت هیچت لەپێ نیە کەسەیری کرد پێلاوی لەپێدا نەماوە ئەوکات زانی جێ ماوەوبەپێ ی پەتی هاتووە چووە ژورەوە بەفرەکەو سەرماکە بێ ئەندازە بوو بەهیلاکەت

گەیشتبون لەوێش چوینە ژێر بەفر هیچمان نەدەبینی یەو هەتا ڕێگای گەرانەوەشمان نەبوو چونکە هەر بەفردەباری، کاك شاخەوان وکاك کاروانیش لەویٚ بوون و هەر لەویٚ مولیدەو تابعەو رۆنیو شت هەبوو پۆستەروشتمان تەبع دەکرد و بەیانمان لەسەر روداوەکان وئەوماوەیە خۆمان پێوە مەشغول دەکرد و ماڵەوەشمان هەر لەناوئەو بەفرە بوون، لەرۆژی 19\1\1982 بەفرێکی گەورەی تر سەرانسەری باری و هەموو ناوچەکانی گرتەوە بەشارەزووریشەوە واتا ئەگەر بەفر زۆر نەبێت شارەزوور نایگرێت بەخۆیەوە (18) رۆژ بەفر لەشارەزوور مایەوە و لەسورێن و لەزۆر جێگا (4) مەتر بەفر باری بوو، لەرۆژانی 1و2\2\1982 هەوڵماندا بۆ ڕێگای گەرانەوە بۆ مەقەرەکانی سورێن ڕێگا نەبوو هەتا ڕێگا نەبوو لەمەقەرەکە بێینە دەرەوە لەمەریوانەوە هاتبون بۆ لامان شوێنەکەی ئێمەیان نەدۆزیبۆوە و گەرابونەوە نەیانزانیبوو مەقەرەکە لەکوێدایە پێشمەرگەی شارەزابوون بەلاّم سەیارەیەکی سوپای ئێرانی هەبوو بەسەر بەفرەکەدا تێدەپەری و نەدەنیشت نزیکەی (500) کیلۆیان هەڵدەگرت، لە 7\2\1982 هەر بەفر بەزۆری دەباری و ڕێگای هاتنە دەرەوەی لەمەقەرێك بۆ مەقەرێکی تری لیٚ برین بەلاّم ئازوقەو شتمان هەبوو بەتانی هەبوو خانوەکەش نەدەروخاو لەبەفری بەردەم قاپیەکە بۆ ئاو سودمان لیٚ وەردەگرت و دەمان تواندەوە، لە 15\2\1982 کەمێك توانیمان بێینە دەرەوە لەژورەکان و بەفری سەر خانووەکە لابەرین کەبەفرەکە لەخانوەکە زیاتر بووئەوەندە دەباری جاران باسیان دەکرد کەچەند بەفر دەباری لە کوێستانەکان باوەرم نەدەکرد تا بەچاوی خۆم دیم ئەو هەموو بەفرە باری واتە چەند رۆژبووڕێگای هاتنە دەرەوەی بری لێمان و ژورەکانیش هەندێکیان وا دروست کرابون لەدوو ژوروهۆڵێکی گەورەو لە (3) جێگاکرابوون، خانوەکان لەکانی خەیاران بون ئەوان پەیوەندی جیهازیان هەبوو لەگەڵ خوارەوەدا ئاگاداریان کردم کەوا مام والی خەلیفە سەعید برای شەهید رەوف خەلیفە سەعید فیشەك لەدەستی دەرچووە لەمەقەری دەرەکۆرە شەهید بووە، لە28\2\1982 بەفرێکی تر باری زۆر بوو وە لەرۆژی 1\3\1982 هەر بەفر دەباری و لەرۆژی 2\3\1982 لەکانی خەیارانەوە گەراینەوە بۆ سورێن و دەرەکۆرە ومیری سوور و دوای تەحقیق کردن لەشەهید بونی والی دەرکەوت فیشەك لەدەست پێشمەرگەیەکی رەفیقی دەرچووە ناوی

فائیقەو خەڵکی خراجیان بوو شەهیدی کردبوو ئەوکات کورەکەمان نەگرت چونکە قەزاو قەدەر بوو لەدەستی دەرچوبوو کورەکەش دوای ماوەیەك پێشمەرگایەتی تەسلیم بووە منیش لەبەر ئەوەی نەڵێن دیفاع لەخزمی خۆی دەکات سجنمان نەکرد چونکە ئەوە زۆر دژی من بەکار دەهات چونکە چەکەکەی جۆری ئۆمێك بوو چەکی ئۆمێکیش ئەوەندە درێژە ئینسان دەستی ناگات لەخۆی بدات نەئەوکورەو نەخزمەکانی جارێك نەهاتن سەردانمان بکەن بۆئەومەبەستە هەرچەند کاك والی کوری مامم بوو بەلاّم شۆرشم لامەبەست تربوو بەلاّم دەبوو ئەویش ئێمەی بەجێ نەهێشتایە وەدوای چوینە سورێن (3) مەتر بەفر باریبوو سورێن و هەموو شارەزووریش بەفر گرتبووی، لە2\3\1982 گەیشتینە دەرەکوّرە لەرۆژەکانی (3 و4\3\1982 ) هەر لەدەرەکوّرە بوین، لەرۆژی 5\3\1982 هەواڵ هات کە لەگوندی قازان لەسنوری کەرکوك ئەنوەر حەسەن کەگەنج و رۆشنبیربوو لەساڵی 1979 من لەنشکولاّن بووم هاتبووە دەرەوە دوای دەورە لەمنەزەمەی تەحریری فەلەستینبوو وەدوای ببوە فەرماندەی هەرێمی دووی یەکێتی بوو جاشەکانی قادر فەرەج و تەحسین شاوەیس چوبونە سەریان و (22) کەس شەهیدوبریندارگیرابون، لەرۆژی 6\3\1982 لەمەقەری حزبی شیوعی لەئەشکەوتی هەزار ئەستون لەسورێن کۆبونەوەی بەرەی جود هەبوو لەشیوعی کاك توفیق حاجی وکاك کەریمی حاجی وکاك سەیدتوفیق وشێخ سەعید لەپاسۆك کاك ئازادو مولازم سیف اللە لەپارتی کاك عبداللە ئاغاوکاك عەدنان کەمال وکاك سەید فتح اللە بون لەسۆسیالست من و کاك مەلا هەژاروکاك شیروان شیروەندی وکاك قادرجەباری بوین لەدانیشتنەکەدا ئەوەی هێزی لەسەر ساحەکەدا هەبوو سۆسیالست بوو هێزی شەرکەربوو حزبی شیوعیش هێزی هەبوو بەلاّم ئەوان لەگەڵ یەکێتی شەریان نەبوو پارتیش تازە هاتبونەوەو فەتاح ئاغا تازە شەهیدبوو لەحاجی عمران و کاك عبداللە ئاغاش مهندیس بوو لەسەیدصادق ولەدروست کردنی ئۆردوگای شانەدەری و ئەو ناوە تازە چوبوە دەرەوە بۆ کەرەج، کاك ادریس بارزانی نامەیەکی دابوێ بۆمن بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەم ورێگایان بدەم مەقەر دابنێن لەسنوری سورێن و لای ئێمە تازە بەتازە دەکەوتنە جموجۆڵ کاك عبداللە ئاغا تەرحی (2_3) خاڵی کرد حزبی شیوعی قبوڵیان

نەکردو دوای ئەوانیش من قبولم نەکرد ئەو خالانە لەبەر ئەوەی ئەوان تازە لەعێراقەوە هاتبون و هەم تازەش سەری ئێرانیان دابوو گەرابونەوە بۆ کوردستان، پارتی دەوری نەبوو خۆی بەتەنها هیچی پێ نەدەکرا دوای ئێمەش برادەرانی پاسۆك قسەیان لەقسەی پارتی دا کردو وتیان یا بەپێچەوانەی بۆچونەکانی ئەوان بون کاك عبدالله ئاغا تورە بوو وتی بلێن چی پارتی وا لاوازو کەنەفت بووەو گوێ ی بۆ ناگیرێت لای ئەو وابوو دەبێت پارتی هەرچی وت وا بکرێت وتی پارتی وەکو مانگای لێ هاتووە هەر ساڵەی دووجار دەزێت واتا ئەم حزبانە هەمووی لەپارتی جیابونەتەوەو ئێستا گوێ ی بۆ ناگرن منیش بەسوعبەتەوە وتم ئەگەر پارتی مانگاکە بێت دەبێت حزبی شیوعی کەڵەکەی بێت منیش وتم لەومانگاو لەوکەڵەگایە هەرئەبێت کەسانی وەکو کاك قادرجەباری لێ ی ببێت، وەمن بەبرادەرانی خۆمانم ووت پارتی لەکاتێکدا لاواز بوو کەنامەیان بۆ ئێمە دەهێنا هاوکاریان بکەین ئەوە کردوەیان بوە هەرکات دەستیان رۆیشتوە وا معامەلەیان لەگەڵ دۆستەکانی خۆیان کردوەو دەبێت لەو روانگەیەوە سەیری پارتی بکرێت پێوانەی داهاتوی بۆ بکرێت هەندێك بریاری هاوبەش درا بەلام ئێمە لەسەرانسەری کوردستان هێزی کاریگەرمان هەبوو، حزبی شیوعی هێزیان هەبوو لەکوردستان ئەوەی میوان بو بۆ سەر حازری هاتبووە لەدژی یەکێتی ئێمەش دەست کێشیمان دەکردن بۆکوردستان هەر پارتی کەسیان نەبوو تەنانەت شارەزای رێگاوبانیش نەبون بۆ هاتوچۆی ماڵی کەسوکاری خۆیشان نەدەزانی لە کوێوە لەساڵی 1975 رۆیشتبونەوە تا ساڵی 1982 ئاگایان لە کوردستان نەبوو چۆڵ کراوەو وێران کراوەو خەڵکەکەی ئاوارەیەو گوازراوەتەوە بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێ کان و خەڵکی ناوچە جۆر بەجۆرەکان بێ رەغبەتی خۆیان و بەزۆر ناردویانتە ئۆردوگای زۆرە ملێ هەتا لەرێگای پێشمەرگەی سۆسیالیست و شیوعیەوە نامەی هاتوچۆیان بۆدەکرا، لەرۆژی 11\3\1982 پێشمەرگەی یەکێتی بەچەکەوە هاتنە لامان لە مەقەری سورێن، لە رۆژی 13\3\1982 مەفەرەزەیەکی هەرێمی دوو ناوچەی دوکان کاك عبدالله همزەو شۆرش(رەفیق) لەجافەتی وە هاتنە لامان کاك خدری قالە مەرگەیی بو دەربارەی وەزعیان کەفشاریان زۆر لەسەرە لەلایەن یەکێتی یەوە بەلام هەروا بەردەوامن و چەندین شەریان بووە لەهەڵەدن و زۆر جێگای کە لەگەڵ یەکێتی دا وەشەری

صابورئاوایان کردووەدژی حکومەت وە زەرەریان لەجەیشی عێراق داوەو سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، لە 1982\3\14 لەشکری ئیسلامی لامان بوون چونکە زۆر رێك نەبون، لە 1982\3\21 نەورۆز بوو ئاگر کرایەوەو میوانمان هەبوولەسەرکردایەتیەوە هاتبونە لامان، بەرەکانی شەری عێراق ئێران تا دەهات گەرم دەبوو هەواش بەرەو خۆشی دەچوو، شەرەکەش گەمتر دەبوو لە 1982\3\22 لەبەرەی شەر بەپیێ ی راگەیاندنەکانی ئێران و دونیا (16) هەزار کوژراوو (20) هەزار گیراوی جەیشی عێراق هەبوو لەسەیف سەعدو ئەوناوە، لە1982\3\25 دا ( 4697 ) سەربازی عێراقی بەدیل گیرا لەلایەن ئێرانەوە شەر هەر بەردەوام بوو لەهەموو سنورەکان، لە 1982\3\27 لەمەقەری پارتی لەکەرەجالێ لەگەلێ حزبی شیوعی عێراقدا وابزانم کاك شوان بوو لەحزبی شیوعی دا وەلەپارتی کاك نادرو چەند کەسێکی کە بوون (4) هەزار سەربازی عێراق بەدیل گیرابوون لەخواروی عێراق، لەرۆژی 1982\3\27 قائد فەیلەق بەناوی (علی دەخیل هیلال) یان تێدا بوو لەگەلێ گیراوەکاندا، کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی سلیمانی کەرکوك بەرەی جود بوو لەرۆژی 1982\3\30 هێزی جاش وجەیش هاتە سەر پێشمەرگەکانی کەرتی(4) لە ناوگردان لەسەعات (11)ی سەرلەبەیانی تا سەعات (2) ی پاش نیوەرۆ لەوشەرە دەست و یەخەدا (عوسمان کاکەرەش) فەرماندەی کەرت و (حمە حسن حاجی حسین) کەورزەینالی سەربەدەربەندیخان شەهید بوون ئازادی حمە رەزا بەبریندارى گیراو دوایی حمە حسن بەبریندارى شەهید کرا، لەلایەن کوێخا شەوکەتی دەگا شێخانەیی لای بیارە....دوای پێشمەرگە گرتیان لەکاتێکدا کە چو پارەی ئەو پێشمەرگانەی کە شەهیدی کردبون وەربگرێت لەرژێم واتا اکرامی، لەلایەن پێشمەرگەی سۆسیالیستەوە گیراو بەسزای گەل و تۆلەی شەهیدەکانی لیێ کرایەوە، عوسمانی عەلی چەوتون مسئولیان بوو چونکە زۆر لەمەسئولە کۆنەکانی پارتی لەسەر داوای پارتی چەکی جاشایەتیان هەلگرتبوو هەر کات پارتی داوای لێیان بکردایە بچنەوە لای پارتی و هەر بەشۆرشگێر حسابیان بۆ بکرێت، لە 1982\4\1 هەر لەسورێن ودەرەکۆرە بوین و رۆژی درۆی جیهانی بوو بەلاّم شەهید بونی عوسمان و حمە حسن و ئازاد کاریگەربوو بۆ ئێمە چونکە عوسمان پێشمەرگەی کۆن و لەهەکاریش بەشدار بووە و ئازاو نەترس و

لەچـەندین شـەر بەشـدار بـووەو چـەند جـار بریـنـدار بـووە و هەمیـشە دەرۆیـشتە ئـەو سـنورانەی بـەمۆو قـەرەداغ و گـەرمیان بـیَ ئـەوەی یـەکێتی بتـوانن ڕێگـای لـیَ بگـرن و شـارەزابوو خـەڵکی ناوچـەکەش یارمـەتی دەدان و لەشـەڕێکدا لـەدەرەدوین ناقیلـەیان سوتاندبوو و چوبونە سەر تیلەکۆش چەند ئەسپ و شتیان هێنابوو بەئاسانی لەسیروان دەپەڕینـەوەو تۆپخانـە لـەپێوازبوو ئالیـات لەدەربەنـدیخان بـوو، لەشـەری شـلێردا کـە بەعەزیەت جەنازەکەی شەهید حمە حەسەنی دەرەدوینی ئەو دەریکردو هێنایەوە لەناو کەمیندا، لەرۆژانی 1و2و3و4\4\1982 هەر لەدەرەکۆرە بوین لەسورێن، لە 5\4\1982 لەمەقـەری حزبـی شیوعی کۆبونـەوەی بـەرەی جـودی سلیمانی کـەرکوك هـەبوو هـەموو بەرنامەی پارتی بۆ بردنی هێزو لێدانی یەکێتی بوو دەیوت چۆن بەرەمان هەبێت و ئێوە لەگەڵ جەلالی پێکەوە دەبن و ئێمە لەسورێن نەچینە خوارەوە و رۆژانە چەکداری پارتی دەهاتنە لای ئێمە لەوانە حمە ئەمین شەمێرانی و حمەی رەمەزان وزۆری کەیان دەهاتنە لامان هەندێك دەچونە لای یەکێتی، لە شەوی 6_7\4\1982 لەسورێنەوە بۆ کەچەڵی وماوەکان و لەویَ ماینەوە تا 8\4\1982لە هۆزخواجەو ئەشکەوتان و میرمام و لەچەمی گلال یادۆڵی گلال لەلای سروچك وقەلاَی شوجاع چونکە کاتی خۆی ناحیەی بەرزنجە بەناوی ناحیـەی سروچکەوە بـووە، سروچك قەلاَیـەکی سـەختی هەیـەو پـیَ ی دەچێت جێگـای یـەکێك لـەمیرە کۆنـەکانی کـورد بوبێـت تـا ئێـستا لـەزۆر جێگـادا تـا لـە(12) مـەتر دیواری بینایەکە ماوەو لەژێرەوە ئاو هەیەو ئاو لەخوارەوە سەرکەوتوە بۆیان، دۆڵی گلال جێگایەکی هەیە پیَ ی دەڵێن چاڵ خویکە دانیشتبوین یەکێك هاتەوە دوای سلاَو وتی ئەمرۆ تەیارەی ئێران دای لەکارگەی شەکرەکە لەسلیمانی دای لەچاڵە خۆیەکە وتی چاڵی خویَ وامزانـی چاڵی خویەکـەش هـەر جێگایەکـە لـەلای کارگـەی شـەکرەکە لەسـلیمانی کەمەلا فایق پێکەنی و وتی چاڵی خویَ ئەو دۆڵەیە لەو بەرەوە کاتی خۆی خەڵکی چونە لای رەزائیە خوێیان هێناوە لەسەر دەریاچەکە کۆیان کردۆتەوە وتی بۆ خۆیان ئەیکەن ولێرەوە نەچن بۆ هێنانی وچاندبوی لەدۆڵی وگلاڵ پایز چوو سەیری بکات شتی بچوك وزەرد وادەزانیَ چرۆی کردووە ئەویش دای لەزمانی وای زانی خوێیەکە دەرهاتووە دوپشکی بچوك دەبێت دەدات بەسەری زمانیەوە و دەڵێت خوێی چاکەو زۆرتاڵە واتا

کـەتاڵ بێـت زۆر باشـەو بەباشـی دەزانـیٚ وەکـو دەیگێرنـەوە هـەر لـەو دۆڵـەدا لـەنێوان سـلیمانەو میرمـام دا ئەشـکەوتێك هەیـە پـیٚ ی دەڵـێن کونـەرەش، کونـەرەش قاپیـەکی بـچوکەو لـەناوەوە گەورەیـەو جێگـای (20) کەسـێکی تێـدا دەبێتـەوە، لەسـاڵی 1977 دا کەعەشائیری ناوچەکە هەندێك لەعەشیرەتی چوچانی لەسەرداوای کاك مولازم تاهیر علی والـی بـەگ داوایـان لێکرابـوو کـە چـەکیان هـەڵگرتبوو لـەو هێرشـەی رژێـم کـە هـەموو ناوچـەکانی گرتبـۆوە ئـەوانیش نـەیان تـوانی بـوو مقاوەمـەتی ئـەو هێـزە گەورەیـە و دور لەکەسوکار بکەن و رژێم کەسـوکاری گرتبـوون داوای لـیٚ کـردن بـرۆن کەسـوکاری خۆیـان بهێننەوە ئەوانیش هاتبونە ئەو دۆڵە واتا دۆڵی گلال خۆیان بشارنەوە و یـەکێك بنێـرن بـۆ لای رەحیمە خولـەی مۆریاسـی یـا کوێخـای مۆریـاس وابزانم ئەوخـەڵکی تەسلیم دەکردە وەلەلای رژێم ناوی کوێخا رەحیم بـوو لەگـەڵ شێخ سلێمان لەعەربـەت دا ئـەوانیش کـاك حمـەی عەزیزشـاوە کـەپیاوێکی قسەخۆشی ئـەو نـاوە بـوو ئاگاداریـان کردبـوو کـە بڕواتـە لایان چوبوەلایان وتبویان هەوڵێکمان بۆ بدات بۆ تەسلیم بونەوەیان و نان و شتیان بداتیٚ لەوانـە کـاك فـائیق حـاجی فرحـان وکـاك محمـود حمـە خـەجیٚ و ئـەوانیان خـەڵکی گونـدی بیوەك و دۆڵی گلال (12) کەس بوون هەمووشیان یازۆریان تەمەنیان کردبوو کاك حمـەی عزیزشاوێس وتبوی کونی باش وتبویان کونەرەش بردبونە کونەرەش وتبویـان بـەردێك لەسـەر کونەکـە دانـیٚ نـەك بێنەسـەرمان تـا تـۆ دەگەرێیتـەوە چونکە جـەیش هـەموو لایـەك دەگەرا بەهەموویانەوە بـەردێکی گـەورەیان هێنـابووە نزیـك دەرگـای کونەکـەو هـەر ئـەوەی مابوو بەئاسانی یەك کەس پاڵی پێوە بنیٚ دەچوە سەردەمی کونەکە ئەوان دەچـنە نـاوەو لالە حمە پاڵ بە بەردەکەوە دەنێت و دەمی کونەکـە دەگرێـت و دەروات و لـەبیری دەچێـت کە ئەوانـەی لـەویٚ دانـاوە سـەری سلیمانی و بەرزنجـەو سـەیدصـادق دەدات سـیٚ تـا چـوار رۆژی پـیٚ دەچێت ئـەوانیش لـەناوەوە هێزیـان لـیٚ برابوونـەیان توانیبـوو بەردەکـە لابـەن برسێتی وزەی لیٚ بیربون تا بیر دەکاتەوە بەردی لەسەر کونی ئەشکەوتەکە داناوە بەپەلـە پـەل سـیٚ چـوار کـەس پەیـدا دەکـات و بـەرد لادەبـات سـەیر دەکـات هـەر بـەحاڵ گیانیـان تێدایەویەکـە یەکـە بەپـشتوین رایـان دەکێـشنە سـەرەوە ودەیانبەنـە بەرزنجـە ئامرەکـە سەیریان دەکات دەڵێت ئەمانە چین دەڵێن هاتونەتەوە تەسلیم بونەتەوە و پێشمەرگە بونە

ئامرەکە دەڵێت بابە ئەمانە هەموی مردون لەگۆرستانەوە هێناوتانەتەوە و ئەمانە شەریان لەگەڵ ئێمە دەکرد باهەر ئێستا برۆنەوە شەرمان بکەن ئەوە هەموویان چاویان چوە بەقوڵداو رەنگی مردنیان لێ نیشتووە و هیچ پرسیاریان لێ نەکرابوو پێشتریش رژێم چەندین جار نامەی بۆ دەناردن و داوای چەك دانانی لێ دەکردن بەلأم ئەوان هەروا گەرابونەوە ماڵی خۆیان، لەرۆژی 9\4\1982 چوینە گوندی بێوەك و زل زلە (3)ماڵ بوون کۆن گوندێکی گەورەوشێخەدێ بووەو ئێستاشێخەکانی زل زلە بەزۆری خۆیان لەشێخی بەرزنجە بەجیا دەزانن دوایی چوینە گوندی چنارەی باساك و بۆ باساك واتا ئەم گوندانە هەمویان شێخەو گەیشتیتە هەر کەس بڵێ مەرحەبا کاك شێخ بەسەهوو نەچویت من لەپارەزان هەرچی ئەهات دەیانوت یاشێخ بەخێر بێت من گەیشتمە پیاوێك بەناوی کاك محی الدین وتم مەرحەبا کاك شێخ وتی وەڵاهی لەم گوندە نزیکەی (120) ماڵە تەنها من شێخ نیم چۆن تۆ نوسایت بەمنەوە زۆری ئەو گوندانە وابون شێخ بون، لەرۆژی 10\4\1982 چوینە هونددەرینەو باراووپاشان چوینە چنیان، چنکیان یاجنیان گوندێکی گەورەیەوهەمیشە سەیارەی لەسلیمانیەوە بۆ ئەهات و زۆرجاریش جەیش بۆی دەهات لەوە دەچو جیهاز و جاسوسی لێ بێت رۆژێك کاك جەلال حاجی حسین کەڵۆش وکاك رەوف خەلیفە سەعیدلەوێ بون جەیش هاتە سەریان کاك نوشیروان لەوێ بوو لەگەڵ کاك موستەفا چاورەش وکاك عوسمان قادر منەوەرجەیشیان بۆ هات و یەك شەهیدو (8) دیلیان لێ گیراو شەهیدەکەیان بەناوی نامق خەڵکی چەمەکی لای سپیار بوو لای شەخەڵ مارین لەچاخانەی قەیماسە لەجێگای کە تۆو شەر دەبوو هەر لەوگوندانەش بو کاك موستەفا وکاك عوسمان وکاك نەبەز هەرسێکیان لیژنەی کەرت یا هەرێم بوون کاك فواد یاسین وکاك صباح برای رابەر سیاسی بوون، رۆژێك کاك هەژار واتا کاك فواد ناوی هەژار بوو کاك صباح ناوی جوتیاربوو دەڵێت کاك عوسمان من ئیشم هەیە چەند رۆژێك، کاك عوسمان بەپەلە دەڵێت زۆر باشە بفەرموو پێشمەرگەت دەوێت لەگەڵتا بنێرم کاك هەژار دەڵێت من لێرە نیم کاك صباح کاك جوتیار لێرەیەو دەوری رابەر سیاسی دەبینێ و هاوکاری بکەن کۆبونەوەی لەگەڵدابکەن لەکۆبونەوەیەکدا دەڵێت کێ پرسیاری هەیە، کاك عوسمان دەڵێت من دەڵێت من گوناهم چیە دوو رابەر سیاسیتان بۆ

داناوم چونكه ئەو كاتە مەسئولینی پێشمەرگە دژی رابەری سیاسی و كادر بوو وای دەزانی بۆ جاسوسی هاتۆتە لایان هەر چەندە زۆریان لەجیاتی ئیش كردن و بینا كردن مەسئولەكانیان دەروخان و هەتا تەسلیم كردنەوەش وازیان لیٚ نەدەهێنان لەو سەفەرەدا گەراینەوە لەگوندی كونە مشكەی لای ئالوتان كاك عوسمان چووە ماڵێك من لە دەرەوە وەستابوم چاوەرێم دەكرد كاك عوسمان لەگەڵ دووپێشمەرگە هەر دەنگی دەهات و كەس دیار نەبوو چونە ماڵێك مناڵێكیان لە بێشكەدا بوو وتبوی پورە فلاّن بلێ بەدایكم لەسەر ئاو بێتەوە میوانمان هەیە كاك عوسمان وتبوی زل حیز ئەوەندە دەزانی چی دەكەی لە بێشكەدا واتا مناڵەكە وتی پێیان هەر چوارلاو وەخێریەن واتا هەر چوارتان بەخێربێن یەكێتی لیٚ بوو ئێمەش بەیانی چوینە گوندەكە هەمووی بەمۆرەوە سەیری یەكی دەكرد و كاك بێستون مەلا عومەر ئامر كەرتی یەكێتی بوو هاتبوو بۆ لای من لەمزگەوتەكە بەگەرمی بەخێرهاتنی كردین و ئەوشەوەش دەعوەتی كردین و لای ئەو بوین و زۆر قسەمان كرد دژی شەری ناوخۆ بەتایبەتی سۆسیالست ویەكێتی كە ئەو شەرە پارتی سودی لێوەر دەگرێت ، كاك بێستون پیاوێكی ماعقول و بۆچونی باشی هەبوو منیش پێم وت بریارمان هەیە تایەكێتی شەرمان نەكات ئێمە شەری یەكێتی ناكەین و پێشمان خۆش نیە كاك بێستون لەلایەن رژێمەوە دەرمان خواردكرا لەگەڵ كاك دكتۆرمحمودوكاك عەدنان موفتی لەماڵی كاك مستەفا چاورەش لەناوچەی مەرگە كاك بێستون و چەند كەسێك بەوكارە شەهید بون وەكاك دكتۆر محمودوكاك عەدنان موفتی وكاك سامی شۆرش وكاك مستەفا چاورەش رزگاریان بوو لەپاش چارەسەر كردن، لە 1982\4\11 چوینە ئاوایی نۆدیٚ، نۆدیٚ گوندێكی بەناو بانگەو شێخ نوری باپیرەیان كاك ئەحمەدی شێخ لەنۆدیٚ بوەو چۆتە سلیمانی و شێخ مارف نۆدیٚ وشێخ محمد بچكوڵ وئەوان سەرچاوەی شێخانن و پاشان چوینە گورگەدەر شەو چوینە بزەینان و لەویٚ ماینەوە شەو لەماڵی كاك حمە جەزای حاجی عەلی بوین كاك حمە جەزا ئەوكات ئامر كەرت بوو لای یەكێتی نیشتمانی و ماڵی لەبزەینان بوو شەو خزمەتی زۆریان كردین، لە 1982\4\12 چوینە عازەبان و ولاّنەو لە 1982\4\14 چوینە ئالیەسیاو دوای چوینە سیتەك و نانی ئێوارەمان خواردولەبرادەرانی یەكێتی مامۆستا صالح و چەند كەسێكی

تری لێبوو ئەوان کەم بوون گوندەکەیان کۆکردبۆوەو قسەیان بۆ بکەن بیَ ئەوەی ئێمە ئاگامان لیَ بێت بلأوەیان پیَ کردبون و خۆیان رۆیشتبون وایان دەزانی ئێمە دەستیان لیَ دەوەشێنین ئێمەش ئاگامان لەهیچ نەبوو دوای نانی ئێوارە هەندێك ئیشوکارمان کردو چوینە گوندی کانی ساردی شاربازێر، لەشەوی 14-1982\4\15 ماینەوە لەکانی سارد هەر لەشارباژێر بوین، شاربازێر لەوە دەچێت لەوشەی شارەوە هاتبێت دوای چوینە ئەحمەد ئاوای نزیك چوارتا و بۆ دۆڵەتووی لای قەیماسەو چیای کەتوو، کەتوو ئەو چیایە کە زۆرجار خولە پیزەی لیَ بووەوشەری کردوەو پۆلیسی کوشتووەو تالیبی برای تێدا بریندار بووەو لەویَ گۆرانی پیا هەڵوتراوە، کەتوو چیایەکی بچوکە بەلأم ناو ناوبانگی گەورەیەو دەیان داستانی لیَ دەگێرنەوە وەکو بەردەکە کە خولەپیزە شەری لەپەنادا کردووە و شتی زۆری لەسەر باس دەکرێت لە چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا بووە، خولەپیزەیش کابرایەکی ئازاو لێهاتووبووەو بەناوی دایکیەوە ناوی دەرکردووە و لەغەوارە بووە و لەتیرەی بیَ سەری بووەو لەگوندی چەم یاڵەی شارباژێربووەو سەربازی فیرار بووەو پۆلیسێك بەناوی حمە ئەمین بانی شاری هاتۆتە سەری و ئەویش لەگەوردا خۆی شاردۆتەوە لەتاقەوە سەیری کردوە پۆلیسەکان جنێویان بە پیزەی دایکی و رەحمەی ژنی داوە و قورئانیان بۆ بردووە شەقی لەقورئان داوەو قسەیان بەدایکی وتووە ئەویش تەحەمولی نەماوەو تەقەی کردوەوحمە ئەمین بانی شاری کە مەسئولی ئەو پۆلیسانە بوو کوشتویەتی و ئەوانی تر هەڵهاتوون ئەویش ئیتر قاچاغ بووە (7) سالَ، لەساڵی 1945 تا 1952 لەرژێم قاچاغ بووە و زەرەری زۆری لیَ داون و بەچەتە ناویان بردووە و ئەویش هەرچی وتبو وەکردویەتی و شێخەکان یارمەتیان داوەوحکومەتی عێراق کە عومەر عەلی تورکمان بووە کردویەتی بە موتەسەریفی سلیمانی و دەسەلأتی تەواوی داوەتیَ تەنها بۆ لەناو بردنی خولەپیزەو ئەو حاکمە تاهیری برای بریاری اعدامی دابوو لەپردی ناڵپاریز کوشتبووی هەر ناوی ئەو پردە نراوە پردی بیَ مەحکەمە و لەناوچەی سورکیوو شیوەکەل و زۆر جێگا ژیاوە و پاشان لە رێگای چەکداری خۆیەوە بەناوی مەلاکەتان بۆیان دروست کردو کوشتیان بەلأم بەلای من ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ نەبونی کیانی کوردو کێشەی سیاسی و نەبونی دەسەلأتی کورد بۆیە دەبو خولە

پیـزەیش ئیعـادەی نـەرزی بـۆ بکرێتـەوە و بـۆ لەچـەتەیەوە بـووە شۆشـگێر  چـونکە بـاری سیاسی وای لەو کردوەو توشی ئەو بارودۆخە ببێت و دوژمـن هـەوڵی داوە نـاوی چـەتەی لـیٚ بنرێـت و لەقـەبارەی کـەم بکاتـەوە چـونکە زۆربـەی راپەرینـەکانی کـورد هـەر راپـەرینی چەکداری بووە نەك شۆرش، راپـەرینی ابـراهیم خـانی دەلـۆ و راپـەرینی بـارزان وزۆری تـر هـەر راپـەرین بـووە و (7) سـاڵ حکومـەتی عێراقـی لەسـنووری سلیمانی مەشـغولی خولـە پیزە بووە، خولەپیزە دەورێکی گرنگی هەبووە عێراق جاش پۆلیسی بۆ گرتووە هـەمووی لەشەرەکاندا شکاون و راوی ناون تا لەدەستەکەی خـۆی بـە موئامـەرە زەربـەیان لـیٚ داوە، کـەتوویش یەکێکـە لـەو جێگایانـەی خولـەپیزە باسـی دەکرێـت هـەروەها رژێـم لەشۆرشـی شـێخ محمودشـدا نـاوی چـەتەی بـەکار دەهێنـا دژی کوردەکـان ، لـە 20\4\1982 لەدۆڵـە تـوەوە بەشـێك پێشمەرگەمان نـاردە سـوێرەلەو بـۆ شـەوەکەی لـەو گوندانـە بـوین، لـەنزیك گـەرەدیٚ کەوتینـە کـەمینی یـەکێتی یـەوە محمـودی حمەتاتەوعومەرقاینجـەیم لەگـەڵ بـوو عومەر خـۆی هاویـشتە بـەردەمم بۆئـەوەی گولـە بـەرمن نەکـەویٚ بـەڵام یـەکێتی زانیـان مـنم تەقەیان نەکرد، لە 21\4\1982 چووینە گوندی سوێرەلەو هەرمێڵە ئەو گوندانە بەتایبەتی هەرمێڵـەو سـوێرەلە تادەگاتـە لای بـاراو هـەموو ئـەو گوندانـە داری گـوێزو هـەڵوژەو شـتی نایاب و جوانی هەیە چوالەی لێکراوەو رەزو ترشیان زۆرەو باسوق و مێوژوودۆشاوی لیٚ دەکرێت و لەسەروی هەرمێلەوە گوندی گەلی بووە بـەژێر بـەفرەوە  و گوندەکـەی رامـاڵیوە بەڵام بۆ هاوین فێنك و خۆش و ئاوداروميوەو بۆ پێشمەرگەش گەلیٚ جێگایەکی سەخت و دژوار بووە دوژمن نەیتوانیوە بەئاسانی لێوە دەرچێت وەکە دەیان گێرایەوە خولـەپیزەش زۆرجار لەوناوە بووە، لەساڵی 1979 دا لەکاتی هێرشی رژێم بۆ ئەو ناوچەیە کاك ئەنوەر موجید سـولٚتان لـەوناوە خۆیـان دەربـاز کردبـوو و جەیـشی عێـراق لـەحاجی مامەنـدو ئـەو ناوە دەیان کەسیان لیٚ رەق بووەوە لەچەمەکەوە لەبەردەمیـەوە تێدەپـەرێت و تەنکـە بـواری پیٚ دەڵێن لەو لایەوە بۆ گوندی پلٚنگە دەروات و بۆ بـەری سـورکێو دەروات وەلەوناوچـەیە زۆربـەی باخـەکانیان موتربـە کـراوەو بـەدەیم هـەڵوژەو میـوە دەگرێـت ، دوای ئـەوە چـوینە هـەولٚو وزەلان ودۆڵ پـەمووگوێزە رەش وپـارەزان وچـنارە وگوێزەکـوێر وقـولی گیـسکان ودۆســت دەرەو رەزلــەو پــەرخ وبیــوەك ومیرمــام وســڵمانە و هۆزخواجــە بــوین، لــە

1982\4\20 چـــوینه قەویلەوبـــەردەرەش وكـــانی ســـپیلكەی پـــەرخ، شـــەوی 20-1982\4\21 چـوینه تاسـلوجەو قوماشـی حمـه رەشـید بـەگ، لـه 1982\4\21 چـوینه سـۆیلەمیش و كـەڵوران و شـاتوان وبێرەشـكەو نـاوگردان ودۆڵاش و گـردی شـەریف و قاجرو كشەوەری بۆ ئێوارەكەی چوینه تەپەرێزینـەوبۆ گردی قازی و گێڵـەك و شیرەمەر، لـەرۆژی 1982\4\22 چوینـەوە میری سوروله مەقـەری سورێن ودەرەكۆرە بوین رەنگـه ناوی ئەو گوندانەو مەساحەی ئەو زەویه هەروا به نوسین ئاسان بێت بەڵام بەرێگاو بـەپێ و لـەمانگی نیسان و لەكـەمین وجەیشی دوژمـن تـەنها پێشمەرگەی سۆسیالـست بـەهێزی گەورەو بچوكەوە زۆربێ باكانـه لـەو رێگایانـەی دەداو دەرۆیـشتن بـەڵام ئێمـه هـەواڵمان بـۆ هات رژێم نیازی هێرشی بۆ بناری سورێن هەیـەوبۆ ئـەوەی هێزەكانی ئێمـه لـەو نـاوە دور بخاتەوە بۆ بنارەكانی بەرامبەر ئەو هێزە یا ئەو هێزی بۆ شەری ئێران هێناوە بـه ئێمـەوە مەشغوڵی بكات نـەك هێـزی كـه بگەرێتـەوە بۆ قـولایی ناوەچەكان و بەئێمـەوە مەشـغەڵی بكەن و ئێمەش لـەناوەوە دەسـت لـه هێزەكـان بوەشـێنین ئـەوەش هەنـدێك بەهانـه درابـووە دەست جاش و جەیش كەشەو واتا پارتی لەگەڵ پاسدار دەچونه شانەدەری و دەكەوتنـه كـەمین و هـەرجارەی (5-6) كەسـیان لـێ دەگیرا ئـەوە وای كـرد لـەو سـنورانه جەبهەیـەك دروســـت بكـــەن چـــونكه ئەوكاتـــه كۆمـــەڵێك لـــەجاش ولـــەپارتی ئیتفاقیـــان كردبـــوو كەپاسدارتەسلیم بكەن بەرژێمی عێراق لەوانەی لای پارتی ئەحمـەدی مەلاصاڵح كەئـەوان چەند پاسدارێكیان تەسلیم بەعێراق كرد لەرێگای خالیدی خولەسورەوە، وەلەبەر ژیانی خۆیانی پێ بگوزەرێنن و ناوچەكان ببێت بەبەشێك لەشەرەكه هەر چەندە شەری بەرامبەر بـۆ ئێـران زەحمـەت بـوو لـەو سـنورەو دور بـوو لـه جـادەو بانـەوە دەبـوو (4-5) سـەعات بەپیادە ئینجا بگەنه لای ئێمەو هەر زەختێ دەكەوتە سەر چۆڵیان دەكرد چونكه هێزێكـی كەمی لێ بوو ئێران له (50) كەس تێنەدەپـەرین بـەڵام عێـراقیش هـەروابوو بـەڵام ئەوانـەی لەشەر خۆیان دەشاردەوە بەرژەوەندیان بوو هەموو ناوچەكانی كوردستان ببێتە جەبهـەی شەر بۆ ئەوەی شارەزا بن و نەیانبەنه ناو جەبهەكەو شـەریان پـێ بكـەن خۆیـان هـەر لـەو ناوچەیە بشارنەوە ئـەوە وای كـرد كـه دوژمـن نیـازی هێرشـی بۆ سـەر ناوچـەكه هـەبێت و ئێمه ئیسراحەتمان نـەكرد، ئێمـه لـه 1982\4\22 گەیشتینەوە وە لـه 23 و1982\4\24

لەویٚ بوین لە مقر، لەشەوی 24–25\4\1982 رژێم هێرشی کردە سەرناوچەکانی کانی ئاسکان و قاینجەو دەرەگولاٚن وپشتی کانی ئاسکان، لەرۆژی 25\4\1982 بەدرێژایی رۆژ شەر لەنێوان پێشمەرگەکانی سۆسیالست و جەیشی عێراقدا بوو بەهاوان لێمان دان و هێرشمان بۆ کردن شەربوو تا ئێوارە زیانی دوژمن (25) گوژراو (2) سەربازی بەدیل کەوتە دەستی پێشمەرگەی سۆسیالستەوە، لە 26\4\1982 تا ئێوارە هەر شەر بەدەوام بوو لە 27\4\1982 جارێکی کە بەهاوانی 81 ، شەهید بەرزان عەلی حسێن خەڵکی سەوزبلاٚغ بە هاوان لێیان دان و پێشمەرگەش هێرشی بۆ بردن و زیانیان لێدان بەلاٚم ئەوان مەعەسکەریان لەقاینجەو کانی ئاسکان کردبوو تارۆژی 8\3\1991 لەراپەرینەکەدا رایان ماڵی. شەوی 27–28\4\1982 هێزێکمان چووە سەر مەعەسکەری کانی ئاسکان و رەبایەکانی دەوروبەری زیاتر لە(8) سەعات شەر بەردەوام بوو لەو سنورەو لەزۆر جێگاوە جەیشەکە پاشەکشەی پێکرا، لە 29–30\4\1982 هەر لەسورێن بوین شەری عێراق ئێران لە ئەهواز گەرم بوو ، لەرۆژی 28\4\1982 (3) هەزار سەربازی عێراقی لە ئەهوازو خەفاجیە بەدیل گیران بەپیٚ ی هەواڵەکانی دنیاو ئێران، لە رۆژی 1\5\1982 رۆژی کرێکارانی جیهانی لەسورێن بووین بەیانمان دەرکردبوو بەو بۆنەیەوە، لەرۆژی 3\5\1982 دوژمن هێرشی کرد بەرەو ریشێن بەهێزێکی زۆرو (6) دەبابەوە لەسەعات (5)ی سەرلەبەیانی شەر بوو تا سەعات (2) ی پاش نیوەرۆ شەر بەگەرمی بەردەوام بوو زیانی کوژراوبریندار لەدوژمن کەوت و ئێمەش (3) پێشمەرگەمان بریندار بوو، لەرۆژی 12\5\1982 هێزی سۆسیالیست من ومامۆستا دڵشادبوین هێرشمان بۆ ریشێن کردو واتا لەپێشەوە لەگەڵ ئێران، بریاربوو پێکەوە هێرشی هاوبەش لەگەڵ پارتی دا بکەین بۆ ئەو جێگایانە فیشەك و تەقەمەنیمان لە ئێران وەرگرتبوو لەگەڵ حزبی شیوعی دا قسەمان کردو ووتیان ئێمەش ئامادەین فیشەکەکانمان بۆ ئەوانیش وەرگرت و برادەران بەمنیان دەووت تۆ مەیە دەمزانی دەڵێن مەیە بۆئەوەی خۆیان لەو شەرە بدزنەوە ئێران ووتی هەرچی گیرا بۆ ئێوە بەس شەر بکرێت و لەکاتی شەرەکەدا نیو سەعاتیش هێرشی (70)پاسدار هەموی بەفانیلەیەکەوەو بەرومانەو کلاٚشنکۆفەوە هاتن وتیان ئێمە لەپێشەوە هێرش دەکەین و ئێوەش لەدواوە وەرن هاورێیانی حزبی شیوعی لەئازوقەو

فیشەك بەشداربوون و لەهێرش هەردوولامان بەشداربوین وتیان با پاسدار تێکەڵ بێت نایکەین کاك شیروان شیروەندیش دەیوت پاسدارمان ناوێت منیش دەمزانی پاسدار بەشدار نەبێت بەئاسانی ناگیرێت بەپاسدارمان ووت ئێوە مەیەن پاسدارەکان دەگریان و دەیانوت ئێمە هاتوین شەهید بین بۆ ئێوە ڕێگامان نادەن لەسەر داوای حزبی شیوعی ڕێگامان نەدان و خۆشمان بۆمان نەگیراو ئێرانیش لێمان عاجز بوو کەرێگەمان نەداوە خۆشمان نەمانگرتوو بۆرۆژی دوایی برادەرانی حزبی شیوعی کەسێکیان ناردبوو بۆ وەرەقەی هاتووچۆی ئێران، لەگەڵ ئێران وا تێکچوبوین تاچارەسەرمان کرد یەك مانگی پێ چوو، (واتا گۆشتەکەی ناخۆین گۆشتاوەکەی دەخۆین) ئێمەو حزبی شیوعی بیرمان لەچالاکیەکی کە کردەوە سۆسیالیست رەبایەی لەبەرامبەر هێزەکانی عێراق دانابۆ پاراستنی بارەگاکانمان و هێزەکانمان لەخوارەوە ئاگادار کرد هەمووی لەدەوری ناوگردان و دۆلاش و گردی شەریف وقاجرو تەپەسەرقولە کۆببنەوە، لەشەوی 22-1982/5/23 چوینە شیرەمەرو گێلەك و گردی قازی و تەپەریزینە، لە1982/5/23 لەتەپەسەرقەلەو کیشەدەری و قاجرو گردی شەریف بوین، لە 1982/5/24 لەکیشەدەری ودۆلاش و ناوگردان بوین جەولەی هاوبەشمان لەگەڵ حزبی شیوعی دا پێکەوە دەکرد، لە 1982/5/25 لەدۆلاش و مەسەکان وگردی شەریف و قاجر بوین، لەرۆژی 1982/5/26 لەسەر بەرنامەیەکی دیاری کراو و داریژراو لەسەیدصادق تاسیروان زیاتر لە (15) جێگاوە کەمین وپێشمەرگەی لێبوو سەرجادەی گشتی سەیدصادق هەڵەبجە (100) جاش لەگردە نازێ بون و هەموو دێهاتەکان جاشی لێبوو لەنزیك گامێش تەپە و لەگردی حاجی عبداللەو لەنێوان گامێش تەپەو گردەنازێ (2) ناقیلە یامدەرەعە حەرەس بوو لەگەڵ جاشەکان لەکارێزی مەلامحمود لەنێوان قەدەفەری و گردەنازێ لەلای پردی زەڵم و لەنزیك تەپەتۆڵەکەولەلای تەپەگولاوی و ئاوایی حاجی رەقەو رێگای کۆنی سیروان سەیدصادق تاسەر پردەکەی خاکوخۆڵ کەمین دانرایەوەلەلای چایەکە لە سەعات (3) پاش نیوەرۆوە پەلاماری گردەنازێ دراو لەنیو سەعات دا دەستی بەسەردا گیراو جاش و مدەرەعەیەك شکاو ئەو جاشانەی لەسیروان وهەڵەبجە بۆ هاوکاری جاشە هەڵهاتوەکان دەهاتن دەکەوتنە کەمین و بەر(ئار. بی. جی )

و چـەکی پێـشمەرگەی هاوبـەش دەکـەوتن و زیـاتر لـە(20) جـاش کوژراوزیـانی زۆر لەسـەربازو جاشـەکان کـەوت، جاشـی واهـەبوو لـەگردەنازێ لەسـەربیناکانی زراعـەوە کـە دووقات بوو خۆیان هەڵدابووە خوارەوە لەوجاشە ناسراوانە حمەی بـرای رەشـەی صـالحە کەلە(1963)وە جاشە و کوژراو چەندین کەسی کوژراو بریندار تر هەبوو ئـەو چالاکیەو لەرۆژی رۆشناو لەپشتەوە لەدوژمن لەکاتێکدا دوژمن وایدەزانی هەموو هێزەکانی ئێمـەی مەشغوڵ کردووە شتێکی تازە بـوو بـۆ رژێم و بـۆ جـەماوەرو بۆجاشـەکانیش حسابێکی تایبەتیان بۆ خۆیـان دەکرد هێزێکـی سـەربازیش هـەر لـەوێ تێکشکێنراو زەرەروزیانیـان لێکەوت هێزەکانی ئێمە هەموو (2) برینداریمان هەبوویەکێکی پێشمەرگەی حزبی شیوعی بووئـەوی تریـان پێـشمەرگەی سۆسیالـست بوونـاوی غەفورقلیجـەیی بـوو گەراینـەوە شیرەمەر، لەشەوی 26–1982/5/27 هێزەکەمان لەگێڵەك و شیرەمەر دامەزراندو خۆمان بۆ کۆبونەوەی بەرەی جود، چوینەوە مەقەری پارتی لەخۆرنەوەزان وادیاربوو ئێران زۆری بەپارتی هێنابووسەرکردایەتی خۆشیان دەیانوت بۆ شیوعی وسۆسیالست شـەردەکەن و ئەوان دوور دەگرن کۆبونەوەکە داوای چونە خوارەوەی هێزی هاوبەش بۆ ناوچەکان و بـۆ بـەری قـەرەداغ هێـز بـروات مـن رام نـەبوو لەوکاتـەدا خۆمـان بەشـەری نـاوخۆوە بگلێـنین و پارتیش وەکو شـەری رەزڵـەمان لـێ بکـات و دوای شـەرەکە کـە ئێـستا هاتۆتـەوە کـۆر یـەك ساڵی پێ چووە بەڵام فائیدەی نەبوو هەموو لایـەك داوایـان دەکرد هێـزی هاوبـەش بـروات شـیوعی لەشـارەزوور لەگـەڵمان دەبـن بـەڵام لەقـەرەداغ لەگـەڵمان جەولـە ناکـەن چـونکە تووشی شەر دەبن لەگەڵ یەکێتی هەندێك مناقەشەو سور بونەوە لەنێوان حزبی شیوعی و پارتیدا لەسەر ئەوە بوو ئێمە لەناوچەی خۆمان لەگەڵ پارتی دا خۆمان تووش کردبوو هـەر لەشارەزایی رێگـاوە تاهـەموو هـەنگاوێك دەبوو رێنماییـان بکـەین لەپاسدار خراپتر بوون و پاسداریشمان لەگەڵدا بوو دەبوو هێزی ئێمە دەربازیان بکەین ئێمە گەراینەوە لای هێزەکەی خۆمان و بریاربوو لەشـەوی 29–1982/5/30 هێـزی پـارتیش بێتـە خـوارەوەو مەفرەزەیـەکی شـارەزامان بـۆ بـەجێ هێـشتن ئێمـە لەگـەڵ کـاك شـیروان چـوینەوە قـاجرو ئەوناوەو شەویش هاتینەوە تەپەرێزینە لەوێ ماینەوە، هەرلەئێوارەوە لقی 3 و4 بەولاغ و پێشمەرگەیان وادیاربوو هەرچی ئیجازەو کارمەندانیان لـەئێران هـەبوو کۆیـان کردبـۆوەو

نزیکەی (300) کەسێکیان کۆکردبۆوەو هاتنە خوارەوە بەتەئکید هەواڵ دەگاتە رژێم و بەتایبەتی پارتی ئێمەی لەگەڵ نەبوینانە هەر زووتێدەکەوتن وئەخباری دەکران، هاتنە تەپەسەرقولەو باخەکانی کیشەدەری وقاجرو ئەوناوە پێمان وتن یا لەتەپەسەرقولە نەبن یا دەبێت شەر بکەین ..ووتیان شەر دەکەین و لەویٚ دەبین ئێمە کەرتی عەلی بچکۆلمان لەگەڵدا ناردبون و شەهید بەرزان جێگری بووهەندێك لەپێشمەرگەکانی دەستەکەی خۆم شەهید مام کەریم سەرپەرشتی دەکردن سوپای رژێم هاتە سەریان کە (4) هیلیکۆپتەرو (2) مدەرەعەو یادەبابەی بەرازیلی و (200) مغاویروزیاتر لە (500) جاش هێرشی کردە سەر تەپەسەرقولە تەیارەش هەر ئەوە مابوو زنجیر شۆر بکاتەوەو هەڵمان بکێشێت لەسەعات (10)ی سەرلەبەیانی شەر دەستی پێکردو هەرزوو پارتی هەڵهاتن و کاك قادر قادروکاك عەدنان کەمال مابونەوە کاك قادر قادریش هەڵهاتبوو بەلاّم کاك عەدنان شەری کردبووکاك عەلی بچکۆلیش قسەی زۆری پیٚ ووتبون داوای روخسەتیان لەعەلی دەکرد واتا پارتی لەتەنگانەدا هەموو کەسێکیان بەمەسئولی خۆیان دەزانی بەلاّم لەکاتی ئاسایدا خۆیان بەمەسئولی هەموو کەس دەزانن لەبەرچاوی خەڵکەکە هەڵهاتبوون لەپارتی حمە قوتەی سەرگەڵو شەهید بوولەسۆسیالیست بەرزانی عەلی حسێن جێگری کەرت و خەڵکی لای خانەقین بوو هەندێك بریندار هەبوو، حاجی محمودی تەپەسەرقولە (محمودی حسێن) شەهید بوو کەهاولاّتی بوو لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بەلاّم برادەرانی ئێمە شەریان کردومنیش پێش ئەوەی تەیارەکان بێن لەکشەیەری بوین لەگەڵ کاك شیروان داوای (ئار.بی.جی) م لە عوسمان ناوێك کرد(عوسمانی حاجی صالح) وتی ئێمەش پێشمەرگەین ئەگەر دوژمن هات بەکاری دەهێنین ووتم باشە بەلاّم دەترسم نەی تەقێنن، دوای شەرەکە هاتمە ئەوناوە (ئار.بی.جی)کە بیٚ خاوەن لەگەڵ کۆمەڵێك چەك و کۆڵەپشتدا کەوتبون کەس لیٚ ی نەدەپرسین و گولەکەی هەر لەسەر بوو سەعات (6)ی ئێوارە کۆتایی بەشەرەکە هات ودوژمن گەرایەوە دواوەو هەلیکۆپتەر کوێرانە تەقەی دەکرد (17) برینداری پارتی هەبوو بیٚ ئەوەی شەربکەن یەکێکیان ناوی حاجی بووچەکەکەی هاویشتبووە ناوجۆگەی ئاو لەلای کشەدەری دا دوایی پێشمەرگەی ئێمە دۆزیانەوە ،لەحزبی شیوعیش (5) برینداریان هەبوو دوژمن (20) سەربازی کوژراو (2)

جاش و بریندارى سەربازیشى هەبوون، پارتى داوایان دەکرد هێزەکەیان بگەرێتەوە لەبەر ئەوەى ماندوون کەیەك ساڵ بوو خۆیان بۆ ئامادە دەکرد واتا لە 1981/9/15 وەتا 1982/4/30 توانیان ئەو چالاکیە بکەن ئیتر بەرنامەى چونە قەرەداغ هەمووى هەڵوەشایەوەو کەوتنە ناونوس کردنى بریندارەکانیان بۆ ئەوەى شتى پێوەربگرن لەئێران هەر ئەوەیان پیویست بوو لەوکاتەدا نەك شۆرش بکەن، لەوشەرەدا کاك ئازاد قەرەداغى لەهەموو هێزەکە زیاتر دەترسا وبەئاشکرا هاوارى دەکرد لەگریانەوە نزیك بوو سەیتەرەى لەسەر خۆى پىێ نەدەکرا ئەوکاتە مەسئولى لقى (3)پارتى بوو، ئێمەش هێزەکەمان دابەش کردهەر یەك بۆ سنوورى خۆى منیش گەرامەوە بۆ سورێن و مەقەرى دەرەکۆرە لەمەقەر بوین تا 1982/6/9، لەشەوى 9-1982/6/10 دابەزین بۆ شیرەمەرو گێڵەك و گردى قازى وتەپەرێزنەوتەپەسەرقوڵەوکشیەرى بۆ رۆژى 1982/6/11 چوینە دۆڵاش وبێرەشکەو کەڵتەکەو کەڵوران ومالى حاجى فەتاح و سوێلەمیش بۆ تاسلوجەو ئێوارەکەى واتا شەوى 11-1982/6/12 چوینە کانى سپیلکەى پەرخ و بۆ قەویلە، لە رۆژى 1982/6/13 هەر لەقەویلە بوین لەماڵى کاك حمە رەشید عەلى شەریف و مامۆستایاسین هەرقەویلەیى بوون و لەوێ بوون ئەو فیرار بوو هاتبوە قەویلە براى عەلى رەشاش بوو،

## جەولەکەى شاربازێر

لەرۆژى 1982/6/14 چوینە مۆریاس ولەوێ دابەش بوین ئێمە هێزێکى (150) پێشمەرگە دەبوین بۆ شەوەکەى لەمۆریاسەوە بەدەشتى زەڵێدا چوین بۆشاربازێر هەواڵمان بۆ هات کەیەکێتى هێزەکانى کۆکردۆتەوە کاك عوسمان قادر منەوەر فەرماندەى هەرێمى (3) ى شاربازێرى سۆسیالست بوو بەتەنها هەر کاك ئاوات قارەمانى ئامر تیپ بوو نەى دەتوانى خۆى لەقەرەى بدات هەموو هێزەکانى کۆکردبۆوە لەوناوەو لەقەرەداغ و هەموو لایەك بۆ ئەوەى عوسمان دەربکەن لەوناوە، عوسمان و هەرێمى (3)ش هەر نزیکەى (80) کەس دەبون و ئەوان زۆریان بۆ کۆکردبونەوە ئێمە شەوى 14-1982/6/15 لەمۆریاس دەرچوین هەموومان ترساند وتمان لەهەردوو لاى رێگاکەوە رەبایەى جەیشەو دەشتیە ئەگەر تەقە ببێت زەرەرمان لىێ دەکەوێت و کەس قسە نەکات

ئەو پێشمەرگانەی کەنامەی کاك عوسمانیان هێنابوو داوایان کردبوو یا ئەوان بێنە لای ئێمە یا ئێمە هێزیان بۆبنێرین قوەتێکی (150)پێشمەرگەم لەگەڵ خۆمدا بردو (2) پێشمەرگەکەمان هێستریکیان پێ بوو لەگەڵ دووجانتای گەورە و قورس لەرێگا هێسترەکە بارەکەی خست و یەك پێشمەرگە سواری بوو رۆیشت ئەو پێشمەرگەکەی تر جانتا قورسەکەی نابوو بەشانیەوەو لەدواشەوە لەقولی پێ ی دەداو چرکەی نەدەکردو دەرۆیشت چونکە ترسی تێدابوو پێشمەرگە ئەوەندە ئیلتزامی بەرەبایەوە دەکرد یابەدوژمنەوە دەکرد بەمەسئولەکانی خۆیەوە نەدەکرد دوای ئەوەی گوندی مۆریاسمان کۆکردەوە لە مزگەوت و قسەم بۆ کردن دوای بەرێکەوتین منیش دەمووت هێسترەکە بگرن پێشمەرگەکان بەئێواشی بەمنیان دەوت قسەمەکە .. بەدەست ئیشارەتیان ئەکرد ئەوە رەبایەیە من خۆم بەئەوانم وتبوو منیش ناچار وەکو ئەوان بێ دەنگ بم و قسە نەکەم زیاتر لە(2/30) سەعات ئەو جانتایانە دوو پێشمەرگە بەکۆڵیانەوە هەڵیان گرتبوو بێ ئەوەی کەسیان چرپەیان لێوە بێت نەوەك رەبایەکە بزانێ و تەقە بکات لەدەوری سەعات (11) شەو چوینە گێڵەدەرەو هەر ئاگری گوندەکە دەرکەوت پێشمەرگەکان خۆیان بەزەوی دەداو بەتایبەتی ئەو دوو پێشمەرگەی کە جانتاکەیان پێبوو ئەوە هەر مردن بەقەدەر درێژایی رێگا بێ دەنگ بوون بایی هەمووی قسەیان کردو لەوێش کۆمەڵێك پێشمەرگە تێیان خورین ئەمانیش لەوەلامدا وتیان سۆسیالستین برادەرانی هاتن وتیان خاڵە عوسمان هاتۆتە دەمی کونەکە واتا بۆ شارەزوور بێت و وتیان وادیارە تەنگیان پێ هەڵچنیوە چاوەرێ ی کرد بۆ ئەوەی درەنگ بکات بەرەو مۆریاس بێت و بۆ شارەزوور وادیاربوو زۆربەی گوندەکانیان گرتبووئێمە چوینە گوندی کاژاو وادیاربوو مەفرەزەیەکی یەکێتی نەیان زانیبوو کەئێمە هاتوین چوبون بۆتاقیبی کاك عوسمان... کاك عوسمان وتبووی کێن ئەوانیش وتبویان یەکێتین کاك عوسمانیش قسەیەکی بەکاك ئاوات وتبوو کە سۆسیالست هاتون وفلاَن هاتووە ناوی منیان دابویە هەریەکسەر جنیوێکی بەکاك ئاوات دابوو وتبوی لەکوێن و نەیەڵم لەدەستم دەرچێت هەر لایەکیان هێزیان بوایە خوایان نەدەناسی یەکیان باش دەناسی ئێمە گەیشتینە لای کاك عوسمان و لەوێ لەگێڵ دەرە چامان خواردو ئیسراحەتمان کردو گەراینەوە چوینە کاژاو بەیانی مەفرەزەیان

ناردبو بۆ تاقیبی کاك عوسمان ، کاك عوسمانیش پێشمەرگەی ناردبوو دەوری گرتن و هەندێکیان چەك کردبون و تافریایان کەوتم و بەرمدان و گەرانەوە بۆ لای جەماعەتی خۆیان کەهێزەکەی ئێمەیان بینی ئیتر وەکو ئاوێك بەئاگردا بکرێت وازیان لێ هێناو گەرانەوە، لە 1982/6/16 چوینە وێڵەو عازەبان و لەوێ ماینەوە تا 1982/6/17 دوای چوینە بزەنیان و لەهەر چوار لاوە بەدەوری گوندەکەدا کاك موستەفا چاورەش و ئەو برادەرانەی رۆژی پێشوو بەدوای کاك عوسمان دەگەران دەستیان کردبوۆوە بەئەم لاو ئەولا کەئێمە گەشتینە سەر بەرزایی ماڵەکان لەعازەبانەوە کاك مستەفا بەسەیارە لەچەمەکەوە دەرچوو ئێمە دەستمان کردبەقسەکردن لەگەڵیان بەلأم زۆر لەمەسئولەکانی یەکێتی دەربازبون ئێمەش نیازی شەرمان نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کەیەکێتی شەرمان نەکات و هێزەکانمان بەزۆر دەرنەکەن و بۆ چاوسورکردنەوەبو نەوەك شەر جگە لەکاك دانای ئەحمەد مەجید وابزانم ئەوکاتە سەر تیپی پێنجوێن یاسلیمانی بوو لەچایخانەکەی بزەنیان هەندێك سوعبەتمان کردوواديار بوو ئاگاداريان کردبون بزەنیان چۆڵ بکەن برادەرانی ئێمە هەندێکیان داخ لەدڵ بوون بۆ شەر بەلأم من رێگام نەدان پاشان دوای نێوەرۆ چوینە گورگەیەر، لە1982/6/18 چوینە ئاوایی گەرەدێ ی شارباژێر و پێش گەیشتنمان تەیارە هاتە سەرمان و بە(ئار.بی.جی) تەقەمان لەتەیارەی هیلکۆپتەر کردوهەڵهاتن بۆ شەوەکەی چوینە کانی ساردودوای بۆتەگەران و سیرەمێرگ لەوێ ماینەوە لەماڵی کاك جەلال سیرەمێرگی تا رۆژ بوەوە، لە1982/6/20 چوینە گوندی خەمزەو قەیوان لە 1982/6/21 چوینە دێ ی کۆڵەردو قولەجاغ و گاپیلۆن و مالومە لەدۆڵی جافەتی، لە1982/6/22 چوینە چوخماخ یەکی رەمەزان بوو من بەرۆژوبووم لە 1982/6/23 چوینە یاخسەمەرو هەڵەدن شەو لەوێ ماینەوە لەماڵی حاجی شەوکەت و شەو لەماڵی کاك صالح سوروئێوارە لەماڵی کاك حمە سوارە بوین لەگەڵ هەرێمی (4) دا لەوێ یەکمان گرتەوە لەهەڵەدن، لە1982/6/24 هەر لەهەڵەدن بوین لە 1982/6/25 چوینە سەرگەڵو سەردانی ماڵی شەهید شێرکۆمان کرد وەهەر لەرۆژی 6/25/ رۆژی هەینی بوو منیش بۆنوێژچومە مزگەوتەکە ئەورۆژە مەلاعەلی سەرگەڵویش لەوێ بوو کەکۆن رێکخستنی سۆسیالست بوو وەناوە نهێنیەکەی سەربازبوو لەگەڵ کاك

عبــدالخالق ســەرگەڵویی وەهــەر ئــەورۆژە کــاك فــاضــل جــەلالیش کەیــەکێك بــوو لەمەسئولەکانی لەشکری ئیسلامی لەویێ بوو کەکۆن قیادە موەقەتەبووە وتی حەزدەکەم سەردانمان بکەن چونکە پێشتر پەیوەندیمان هەبوو پێکەوە وەهەر ئەو رۆژە چوین بۆسەردانی مەقەری لەشکری ئیسلامی لەبەرگەڵو کەحاجی شێخ حسێن وکاك فاضل جەلال وکۆمەڵێك لەویێ بون کاك فاضل نەدەترسا چونکە ئەو رەفیقمان بووبەلاَم حاجی شێخ حسێن وئەوان لەترسا نەنانیان دەخوارد نەچایان دەخواردهەر چەنێ ئێمە ئاگامان لەوە نەبوو کەچەکیان بکەین بەلاَم وادیار چۆن خەبەریان بەخولەئامە دابوو ئاواش خەبەریان بەئەوان دابوو دوای یەکێتی هەمووی ئەوانەی چەك کردوکۆمەڵێکی لێ کوشتن و وەلەیەکێتشی کاك صلاحی منهدیس وچەندکەسێکی تر شەهید بون کەمەسئولی دۆڵی جافەتی بوو، لە 1982/6/26 چوینە گوندی قرە هەنگووی دۆڵی جافەتی بۆ گوندی سێ دەر و دوای چوینە ماڵێك پیاوێکی پیری تەمەن (80) ساڵەو ژنەکەشی هەر نزیکی (70) ساڵ دەبوو بەلاَم لەسەر خۆو قسە خۆش بون، لەرۆژی 1982/6/27 چوینە گوندی شارستێن و بۆ مەلاسۆفی لەرێگا بارانێکی زۆر لێ ی داین و تەری کردین کەعەجایەب بوو باران لەوهاوینە ببارێت (6)ی رەمەزان بوو شەو لە مەلاسۆفیان بوین لەماڵی فەقێ ...فەقێ لەشۆرشی ئەیلولدا سەرلق ببوو بەلاَم ئەوکاتە کە ئێمە لەوێ بوین فەقێ ببوو بەلەشکری ئیسلامی ئەو شەوە نارنجۆکێکیان بۆهەڵدان لەدورەوە وەلەوێ لەگەڵ قوەی ئاسۆس وکاك محمد عەلی وئەوان یەکمان گرتەوە، لە رۆژی 1982/6/28 چوینە گوندی مەرگە یاناحیەی مەرگە سەر بەبنگردەو نزیك قەلاَدزەو رانیە بوو لەدوای هێزەکەوە بوین قوەی ئاسۆس و هەرێمی (1 و2 و3 و4 و5) بوین لە(300) پێشمەرگە زیاتر بوین چوینە هەڵونەو ئورزکەولوتەر لەبەری مەرگە سەر بەبنگردەو دووسەعات لەسەروی دوکانەوە دور بوین شەو لە هەڵونەو لوتەر تەقەیان لێکردین بەدەستی یەکێتی بوو ئێمە زۆر گوێمان نەدایەونارنجۆکیان هەڵدا بۆ ئەو ماڵەی کەمنی لێ بووم بەلاَم هەر لەدورەوە تەقیبۆوە، لە1982/6/30 چوینە گوندی بیوەکە لەماڵی ئاغا بوین و دوایی چوینە گوندی شارستێن و بۆ دۆڵەبی ، لە 1982/7/1 لەدۆڵە بیەوە بەو هەورازە ناخۆشەدا و رەمەزان بوو بەرۆژوبوم بۆ سەرچیاکەو ئاوێك لەرێگا لەکۆنە بەردێکدا بووخۆمان پێ فێنك کردەوەو

چوین بۆ چالاٌوا بەرۆژبوم و زۆرم تینوبوولەچالاٌوا لەبەر زۆری پێشمەرگە من چوم بۆ هەڵەدن یەکی تەمموز بوو شەو لەماڵی کاك صالح بوین، لە رۆژی 1982/7/2 چوینە مالومەوگاپیلۆن و ولاٌغلوو شەو لەولاٌغلوبوین وە لە1982/7/3 چوین بۆ قولەجاغ و کوڵەردوسنگڵ ومێولاٌکەو قەیوانی بچکوك وە لە 1982/7/4 چوینە خەمزەو نیوەرۆ لەوێ بوین دوایی چوین بۆسیرەمێرگ و بۆ سیتەك بۆ شەوەکەی چوینە گەرەدێ، لە 1982/7/5 چوینە گورگەیەر و نودێ شەو لەوێماینەوە و قسەمان بۆ خەڵکەکە کرد، لە 1982/7/7 چوینە دۆڵەتوو سویلەوهەرمێڵەو هەولۆ و کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوچەی دوکان وپێنجوێن و هەڵەبجە کرا، لە 1982/7/8 چوینە گوندی زەلان و دۆڵ پەموو گوێزە رەش و پارەزان برادەرانی یەکێتیش هەر لەوێ بون پێشمەرگەی ئێمەش لەدێیەکە بون چوبون بۆ تەفتیشی ماڵی کاك بەکری حاجی سەفەر بەلاٌم من پێم نەزانی بوو دوای کەزانیم زۆرم پێ ناخۆش بوو پێشمەرگەکانم بانگ کردو محاسەبەم کردن، دوایی چوینە چنارەو رەزڵەش لەو کاتەدا یەکێتی دەیویست لەشکری ئیسلامی چەك بکات و خۆیان بۆ ئامادە دەکردو لەهەمان کاتدا بلاٌویان کردەوە کە سۆسیالست ئیسلامی چەك دەکات و دەبێت ئاگاتان لەخۆتان بێت، لە 1982/7/9 لەگوندی رەزڵە بوین زەلامێکیان گرت پێشمەرگەکان وتیان ئەمە پێشمەرگەی یەکێتی یە بێ چەك جێگای شەیالەکەی بەناو شانیەوەیە پشکنیان نامەیەکی شاردبووە نامەکە کاك حامید حاجی خالید نوسیبوی بۆ لەشکری ئیسلامی وبۆ شاوێس مۆریاسی کەئاگاداری خولەئامە بکات دەڵێت (حسك) بەتەمای چەك کردنتانە و ئاگاتان لەخۆتان بێت و حەرەستان هەبێت و ئەگەر پێشمەرگەتان پێویستە تا بۆتان بنێرین من مەعلوماتم هەبوو کەدەیانەوێت لەشکری ئیسلامی چەك بکەن ووتم وادەردەکەوێت کە یەکێتی دەیەوێت لەشکری ئیسلامی چەك بکەن خولە ئامەش چەند جارێك دژی پێشمەرگەی ئێمە قسەی کردبوو بێ منەت بوو لێمان ئێمەش بریارمان دا چەکیان بکەین لەپشتی پەرخەوە مەقەریان هەبوو وتمان تا یەکێتی فریا نەکەوتووە ئێمە ئەمانە(70) کەسێکن چەکیان بکەین و هێزەکانمان عەسر دابەش کردو شارەزاکان محمود زەردۆیی و مامە رەشەی کەچە دابەشمان کردوولەسەعات (4) ی بەیانی دەورمان گرتن و هەموو هێزەکەمان هێنابوو لە ماوەی یەك

سەعاتدا هەموومان چەك كردن نزيكەی (70) چەكێكمان گرت ولەسجيلەكەيان نوسرابوو چەند چەكيان لەسنورەكە دابەش كردووە هەمومان كۆكردەوەو ئێمە نيوەرۆ تازە گەيشتبوينە رەزڵە و هەوارەكانی دۆڵە چەوت و سەر بەڵخە وتيان يەكێتی لەحاجی مامەندو لەسەرگەڵوو لەهەموو لايەكەوە پەلاماری لەشكری ئيسلاميان داوەو كوری حاجی شێخ قادر كوژراوەوكوری خولە ئامەش لەوناوە كوژراوە وصلاح مهنديس فەرماندەی هەرێمی (4) ی يەكێتی شەهيد بووە و كەس دەرنەچووەو حاجی محمودی گەورەدێ دەربازبووە لەگەڵ شێرزادی شێخ عەلی برای كاك شێركۆ دا، دوايی خولەئامە داوای چەكێكی لێ كردم منيش وەسەتەكەی دەستی خۆمم پێ دايەوە، ئێمە لەرۆژی 1982/7/10 ئيسلاميمان چەك كردو عەلی بچكۆل و مەلاغەريبش لەشيرەمەر (6) كەسيان لەوێ بون لە لەشكری ئيسلامی چەكيانيان كردبوون يەكێكيان بريندار كرابوو ئێمە لەو جەولەيەداولە درێژەی ئەو ماوەيەدا سەركەوتو بوين لە جەولەكەمان و گەراينەوە بۆ شارەزوور هەرئەو رۆژە خولەئامە داوای برنەوێكی وەسەتی لێ كردم منيش برنەوەكەم دايە وەمن نەم دەويست كەسيان لێ بكوژرێت بۆيە خۆم لەپێشەوە رۆيشتم وەپێش ئەوەی دەوريان بگيرێت من گەيشتمە ئەو جێگايەی كەخولەئامەی لێبوو وەهەر لەگەڵ دەست پێكردنی تەقە من گەشتمەلايان ونەم هێشت كەس بكوژرێت، لە1982/7/11 لە هۆزخواجە و قەويلە بوين بۆ بەيانيەكەی هەر لەوێ بوين لەماڵی كاك حمە رەشيد عەلی شەريف لەقەويلە دوای چوينە ماڵی كاك فائيق، لەشەوی 12- 1982/7/13 چوينە كانی سپيلكەی پەرخ و بۆتاسلوجەوسۆيلەميش لەوێماينەوە لە 1982/7/13 چوينە كەڵوران وكەڵتەكەو بێرەشكەوناوگردان و مەسەكان شەو چوينە گردی شەريف ولەرەزڵە قوەی ئاسۆس و هەرێمی (3) و هەرێمی (4)مان گەرانەوە بۆ سنوری خۆيان، لە1982/7/14 لەدۆلاش و گردی شەريف وقاجر وتەپەسەرقولە بوين بۆ شەوەكەی چوينە تەپەرێزينەو گێڵەك لە 1982/7/15 چوينە شيرەمەرو لە1982/7/16 من سەركەوتمەوە بۆ ميری سور لەدەرەكۆرەوسورێن ئەو ماوەيە خەريكی كاروباری راگەياندن و مەقەرات و قائيم كردنی سورێن بوين چونكە رژێم هێزی گەورەی هێنابووە ناوچەكە دوايی سەركەوتينەوە بۆبانی شار و ئيسلاميەكان مەقەريان لەهەرمێڵە و چنارە

بوو رەد فعلی توندیان وەرگرتبوو لەسەرمان و چەند جارێك تەقەیان لەمەقەرەكانمان و دەوروبەری بەهاوان كردبوو برادەرانیشمان هەندێك ترسا بوون هەندێكیان هاتنە خوارەوە بۆشیرەمەر كاك عبدالخالق هەورامی وهەندێك لە برادەران رەئیان وابوو من سەرنەكەومەوەوپروپاگەندەیەكی زۆریش لەیەكێتی و پارتی دژی ئێمە كرابووكە لەگەڵ ئێراندا تێك چووین و سورێن و بارەگاكانمان جێگای گرنگ بون حزبی سۆسیالست ئەگەر نزیك دەبونەوە لەگەڵ ئێران دەیانوت نزیكن سەربەئێرانن وەئەگەر دور بوایەن دەیانوت تێك چون و نامێنن و ئێران دژیانە هێزی ئێران كەم بوو ئێران لەگەڵ هێزێكی فەعالی وەكو ئێمەدا تێكی نەئەدا چونكە ئێمە لەروی سیاسی و عەسكەری و جەماوەری و راگەیاندن و جوگرافیاوە تەئسیرێكی گرنگمان لەسەر ناوەچەكە هەبوو ئێمە لەشیرەمەر (7) ئیسلامی و لەپەرخ و شاربازێر نزیكەی (70) كەسێكمان چەك كردبوو لەوكاتەدا خوا خراپەی خراپ تری دا یەكێتی نزیكەی (1500) كەسی لێ چەك كردن بەكوژراو دیل و تالان كردنی بارەگاكانیان و راونانیان ئەوەی ئێمە هەر نەك ئێران بەڵكوئیسلامیەكان خۆشیان بەهەدیەیان دەزانی بۆ ئێمە چونكە ئێمە نەمان كوشتن بەلام ئێمە پێش یەكێتی لەبەر چاوی خەڵكی دەستمان پێكرد بوو چونكە ئێمە دەمانزانی یەكێتی چەكیان دەكات بۆیەئێمە لەپێشا چوینە بارەگای بانی شاری كۆن زۆر اعتیادی هەر وەكو جاران بەلام هێزەكانمان بەژمارەی زیاترلە (200) پێشمەرگە جگە لەوەی لەمەقەر بوون و بەبلاوە چوین و بەدرێژایی بانی شار شتێكی غەریب نەبوو بۆ نان و چای نیوەرۆ دامەزرابوین لەمەقەرەكانی بانی شاریش بەشێنەیی دامەزرابوین و بریارمان بوو دیفاع لەسنوری خۆمان بكەین چەند پاسدارێك لەهەرمێڵەوە هاتن و هێزەكەیان بینی بەژمارەی زۆر تر تێگەیشتن و گەرانەوە بۆ هەرمێڵە ئەوان هێزیان زیاد كردبوو هەرچی ئیسلامی لەدەستی ئێمەویەكێتی دەرچوبون لەوێ بون هەرچی لەئێران مابونەوە هەمویان لەوێ كۆكردبونەوەوپاسداریش نزیكەی (100) كەسێكیان هێنابوو هەموو بەرزایەكانیان گرتبوو بەلام ئیسلامیەكان كاك شێرزادی شێخ عەلی و محمد عەلی ماوەتی و چەند كەسێكی كەیان لابو ئەوان دۆستی ئێمە بون و هەوڵی خاو كردنەوەیان دابوو دوای ئەوە پاسدارەكان مەسئولەكەیان نارد بۆلای من و ووتی بۆ نیوەرۆ دەعوەت بن لای ئێمە لە

هەرمێڵە ناوی مەحمودی ئیسلام دۆست بوو هەرمێڵەش لەسەر رێگای ئێمە بوو دەبوو بەناویاندا تێپەرین وتم باشە دێین لەدوای نیوەرۆ هێزەکە بەرێ کەوت بەمەسافەیەکی باش و رێك و پێك منیش لەناوەراستی هێزەکەدا بوم نیوەرۆی رۆژی 1982/7/16 لام دایە لایان لەگەڵ هەندێك لەمەسئولەکان بەلاَم هێزەکە هەر بەردەوام دەرۆیشت بۆ بارەگاکانی دەرەکۆرەو مەنجەرومیری سوروسولَتانی ساق و ئەشکەوتی هەورامی نیوەرۆی رۆژی 1982/7/17 من بەرۆژوبوم لای ئەوان ماینەوە وتیان ئەو ماوەیە لێرە نەبویت وتم جەولەمان هەبوو لەناوچەکانی تری کوردستان و ئێستاش جموجوَلی عێراق هەیە گەراینەتەوە باسی لەشکری ئیسلامیان نەکردو زۆر بەخێرهاتن و داوای هاوکاری و ئاگا لەیەك بونیان کردو بروسکەشیان کرد بۆ ئێران دوای دوو رۆژ نوێنەریان هاتە لامان و داوایان لێ کردین ئەگەر شتێکی وابچوك بووە گرنگ نیەو ئێمە ئێوەمان مەبەستە نەك ئەوانە دەمانزانی هەریەکەیان سەر بەحزبێکن، چوینەوە سورێن زۆر لایەن چاوەرێ ی ئەوە بون شەر دەست پێ بکات لەگەڵ ئێران ئەوەش کۆتایی پێ هات و ئەوماوەیە لەسورێن خەریکی کارەکانی حزب بوین وهێزەکەمان دابەش کردەوە بۆ سنورەکانی خۆیان وهەر ئەو هێزە کەلەوێ بون مایەوە لەسورێن، رۆژی 1982/7/22 رۆژی جەژنی رەمەزان بوو لەسورێن بوین جەژنمان لەوێ کرد، لە 1982/7/25 چوینە بانی شارو خۆرنەوەزان و بۆ وشکەناو و ئەحمەدئاوا لەسەر ئاوەکە ئیسراحەتمان کردوناوچەی دوکانیش میوان بون لامان و ئاوی زەڵم جێگایەکی خۆش بوو بۆ هاوین فێنك و میوەو ئاوی سارد، لە1982/7/26 هەر لەئەحمەئاوا بوین لەزۆر جێگاوە خەڵکێکی زۆر هاتبون بۆ سەردانمان، لە1982/7/27 چوینە سەرچاوەی ئاوی زەڵم ، گوندی زەڵم چۆڵ کرابوو روخا بوو ئەحمەدئاوا مابوو چوینە سەرچاوەی زەڵم و سەرئاوەکە لە سەختی چیاکە کۆنێکی تێدایە وەکو ئەشکەوتی بچوك ئاوەکە دێتە دەرەوە بە بەرزی (18) مەتر دەبێت لەناوچەکە دیمەنێکی جوان و دڵرفێنی هەیە لەنزیکیدا دادەنیشتین پرشی ئاوەکە لەسەرخۆ لەمرۆڤ دەدات زۆر فێنك و هەست بەژیان دەکەیت ئاوەکەش زۆر خێرایەو ناتوانی لەبەردەمیدا بوەستیت رات دەماڵێ چونکە زۆربەهێزەو لەوێوە دەرژێتە ناو چەمەکەو هەموی باخی بەری و هەنارو گوێزوترێ و میوەوهەنجیرو

هەموو میوەیەکەو بەدرێژایی (7–8) کیلۆمەتر هەموی سێبەروباخ و چیاکەش ئەم بەروئەوبەر سەری هاتووەتەوە (1–2) ڕێگانەبێت ڕێگای نیەو لەزۆر جێگا ئاساری کۆنی خان ئەحمەد خان فەرمان ڕەوای ئیماراتی ئەردەڵانی پێوە دیارەو ئەشکەوتی داتاشراو بەخشت و قسڵ دروست کراو بۆ جێگای جۆربەجۆر، زەڵم نزیکەی (250) ماڵەو ژیانیان لەسەر باخەکانەو بەدرێژایی چەمەکەش ئاشی ئاوی هەیە زیاتر لە(30) ئاشی تێدایەو حەیوان داری و گەرمیان وکوێستان وڕێگای زەڵم کەرەجاڵ و ڕێگای زەڵم و وشکەناو ڕێگای زەڵم سورەسێو بۆ پلەی مەلاموستەفا زەڵمی برای حاجی شەمسە دروستی کردووە لەسەر حسابی خۆی بۆ هەوارەکانیان وبۆ مڵەخورد بۆ دزڵی و دوای جادەی بۆ کراوە لە ساڵی 1988 ڕێگای زەڵم دەرەی مەریش هەیەو ڕێگای زەڵم ئەحمەد ئاوا و واتا ئەو ناوچەیە گەورەیە ئەوەندە ڕێگای هەیە لەهەموو لایەکیەوە ئەو یەك دوو ڕۆژە لەوێ بوین، لە شەوی 27–1982/7/28 لەبەری ئێلاڵن پێوە چوینە شیرەمەر لەپەنای خورماڵەوە شیرەمەریش هەر (3) کیلومەتر لەخورماڵەوە دوورە، لە 1982/7/28 لەشیرەمەر بوین شەو سەرکەوتینەوە بۆ مەقەری میری سورو سورێن، لە 1982/7/31 لەسورێن و لەمەقەری دەرەکۆرە بوین ، شەوێ پێش ئەوە ئێران هێرشی کردە سەر بەسرەو شەر زۆر گەرم و زۆر نزیك ببوەوە لەبەسرە ئەو ڕۆژە بەپێ ی ڕادیوی دنیاو خۆیان (40) هەزار کەس کوژراوی هەردولا هەبوو هەروا شەر بەگەرمی بەردەوام بوو زیاتر لە دووساڵ بووخۆراکی ئەوشەرەش خەڵکی عێراق وئێران بوو ئەو ئاشەیان دەسوراند لەدوای شەری دووەمی جیهانی بەیەکێ لەگەورەترین شەردادەنرا لە دنیادا، لەرۆژی 1982/8/1 لەسورێنەوە چوینە گوندی شیرەمەرو بەنیازی دابەزین بوین بۆ شارەزوورو بۆ گێڵەك و گردی قازی و تەپەرێزینە و بۆ قاجر، لەرۆژی 1982/8/2 چوین بۆ دۆڵاش وگردی شەریف و ناوگردان و بێرەشکەو کەڵتەکەوکەڵوران و سۆیلەمیش و تاسڵوجە، شەوی 2–1982/8/3 چوین بۆ کانی سپیلکەی پەرخ لەجادەی سلیمانی سەید صادق دەبوو بپەرینەوە بۆ قەویلە، لە 1982/8/3 لەقەویلەوە بۆ میرمام و هۆزخواجەودۆڵە چەوت و بەردەبەلەکە، لە1982/8/4 لەبەردەبەلەکەوە بۆ گولانی سەروگولانی ناوەڕاست و چوینە سەرگۆری شەهید جەعفەر جەلال هەڵەبجەیی (جەلال

عەزین) ی باوکی کادربوو لەشۆرشی ئەیلولدا لەشەردا تەیارە لێیداو شەهید بوو لەگەڵ مامە رەشەی کەچەدا بوو لەسەر بەڵخە شەهید بوو دوای چوینە سەر گۆری شەهید عوسمان خەلیفە جەمە هەر لەوێ، شەهید عوسمان لەشەرێکدا لای پێنجوێن شەهید بووکەکاتی خۆی باوکی هێنای بۆ لای حزب و ووتی یاشەهید بون یا لەگەڵ ئێوە دەبێت بەداخەوە شەهید بوو، ساڵی 1981 هاتە ریزی پێشمەرگایەتی، شەهید جەعفەر جەلال یش لەدوای هەکاری و لە 1978/7/27 بو بەپێشمەرگەو چەند جار بریندارببوو دوای ئەوە چوینە گولانی خوارومالی کاك جەلال کەکاتی خۆی فەراشی مەکتەبەکەی گولان بوو وەپیاوێکی باش ولایەنگری سۆسیالیست بوو وەسەردانی مالی شەهید عوسمانمان کردو چاومان بەباوکی ومنالەکانی کەوت و چوینە هەوارەکانی دەشتی خەرمان، لە1982/8/5 چوینە دەرەمیانەو بایانەو لەبناری تالیەر، تالیردەریش (قانعی) شاعیر شیعری هەیە لەسەری دوایی لەبایانەوە چوینە خوارەوە بۆ دارو شەخسەکەی شەخەڵ مارین بەسەیارە دابەزین کاك عوسمان قادرمنەوەریش بوو من سەیارەکەم لێدەخوری و سەریع بووم هەمووی پێچاو پێچ بووئاگام لێ بوو زۆردەترسا لەسائقیەکەی من وای دەزانی منیش وەکو ئەوان تازە لەپێشمەرگایەتی و لەسەر سەیارەو تراکتۆری هاولاتیان فێری سائیقی بوم جا ئەوە باو بوو هەرکەسێ دەیویست فێری سائیقی ببێت لەسەر مالی خەلکی خۆی فێردەکرد ئەوەی پێشمەرگایەتی کردبێت بەتایبەتی مەسئولەکان جگە لەهەندێکی کەم ئیتر سائیقی زانیووە والەمن تێگەیشتبوو قسەی نەدەکردو هەناسەی لەخۆی بری بوو لەپێچەکان چوینە خوارەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو هەرچی قسەم بۆ کردبوو هیچ ئاگای لێ نەببو گەیشتینە تەختایی وتی ئەزانی کەسێك لەسائیقی تراکتۆرەوە فێر ببێت باشترین سائیقی لێ دەردەچێت پێم ووت کوری باش من لەسائیقی تراکتۆرەوە فێربوم وتی نا مەبەستم تۆ نیە ئێستا ئەوە مەبەستەکە دیارە، لەو کاتەدا پارتی ویەکێتی ئاشتیان ببوەوە یەکێتی هەندێك کێشەی هەبوو لەوکاتەدا خەریکی خۆ کۆکردنەوە بون و زۆربەی هێزەکانی لەدیوی ئێران لەنێوان خانەو سەردەشت و لەئالوەتان و ئەوناوە لەشەردا بون دژی ئێران و هاوکاری دیموکراتیان دەکرد دیموکرات ناوی نابون هێزی پشتیوانی یا هێزی پشتگیری دیموکرات شکا بون

هـەموو هێزەکانیـان لەبەریـەك هەڵوەشـابون دەوری ئەساسـی پـارتی بـوو سـەرەتا بۆلێـدان بۆیـە یـەکێتی ناچـار بـوو ئـاگر بەسـتی موەقـەت لەگـەڵ پـارتی بکـات و لەگـەڵ ئێمـەش نەشەرونەئاشتی بوو پارتی هەربەو ئاگر بەستە موەقەتـەی لەگەڵ یـەکێتی دا ئیتر هـەموو دۆسـتەکانی خـۆی لەبـەرەی جـودو هـەتا هەنـدێك پێـشمەرگەی هێزەکـانی خۆشـیانی لـەبیرکرد ئاگـاداری پاسـۆکی کـرد کەپاسـۆك هـەر لەمـەریوان و بلـەکێ وە لەگـەڵ پـارتی هاتبوون بەناوشلێرو ئەو رێگا دورەدا بۆ شـەر هـاتبون و تاچیای لیرەیـان کـە موسـەیتەرە بەسەر شارباژێرداوشەخڵ مارێندا گرتبوو یـەکێتی ناچـار بـوو ئاگر بەست لەگـەڵی بکات بەمەرجێك پارتی پاسۆك و ماڵی مەجید خان نەهێنێتە خـوارەوە و حـاکم نـەبن لەناوچـەکە هەتا شکاتی پارتی دەبێت روبەروی یەکێتی ودادگای یـەکێتی بکرێتـەوە پـارتی هـەمووی قبـوڵ کـردو هاوکـاری سۆسیالـست نـەکات ئەگـەر شـەر بـوو لەگـەڵ سۆسیالیـست پـارتی ئەوەشی قبوڵ کرد و وای دەزانی دوو هەنگ لەدارێکدا دۆزیوەتەوە بـەڵام یـەکێتی هـەر بۆ ماوەیەك بوو دەستی لەشەری ئێران بکاتـەوە ئـەو کاتـە ئـەو پارتیـەی لەمەریوانـەوە هـاتوە دەبێتـە (بمگرەو هـاتم) راویـان دەنێتـەوە بۆمـەریوان مـن زۆر لام روون بـوو کـەپارتی چۆن هاوار بۆ ئێمە دەهێنێ و راویان دەنێن، چونکە پارتی هێـزی شـەری نـەبوو هێزێکـی شـەق وشـــرو مەســـئولی قەبـــەو وترســـنۆکیان زۆربـــوو وەپێـــشمەرگەی ئازایـــان وەکـــو حەمەقوتـەوعوسمان سـەرگەڵووی کـەم بـوو وەپـشویەکیان دابوولەناوچـەکە پـارتی یەکـەم جـار بـوو بـێ تـرس بگـەرێن لەشـاربـاژێردا ئێمـە لـە 1982/8/6 لەبایانـەوە بـۆ داروشەخسەکەی شـەخڵ مـارین دەرۆیـشتین مەقـەرەکانی کـاك نادرهـەورامی لەرێگامانـدا بـوو وەکـو ئوسـوڵ دەبـو سـەردانیان بکـەین ولادەینـە لایـان ئێمـەش ئاگادارمـان کـردن و سەعات (10)ی سەر لەبەیانی چوینە لایان کاك نادر وهەنـدێك لـە برادەرانـی پـارتی لـەوێ بوون سەروچاویان وادەردەکەوت کە ئێمە دژی یەکێتی قسە دەکەین شەر شتێکی خراپەو لەو قسانەیان بۆ ئێمە دەکردووایان پیشاندا ئەوان راستە لەبـەرەی جـود دان بـەڵام ئێستا لەگەڵ یەکێتی دا ئاشتیان بوەتەوەو کێشەیان نـەماوە و دەبێتـە ئاشـتی سەرانسەری کاك نادر ووتی ئێمە دەچینە لای کاك ئازاد قـەرەداغی و برادەران لەسـەر چەمەکەی لای مـاڵی حاجی محمودە شەل لەخانوەکەدان حەز دەکەین ئێوەش بێن و چاوتان بەوانیش بکەوێت

و قسه بکەین و چی بکەین باشه ئێمەش پێمان باش بوو چوینه لای کاك ئازاد قەرەداغی و کاك عەدنان کەمال و کاك ئەحمەد فتح الله و زۆری کە بوون کاك قادر قادرو هەندێك دانیشتین و کاك عبدالله ئاغا وتی ئێمه کۆبونەوەمان لەگەڵ یەکێتی بووەو گلەییان لێتان هەیە لەسۆسیالست بەتایبەتی و لەکاك عوسمان قادر منەوەر لەشاربازێرو کاك موستەفاچاورەش ئەم بەیانیه گلەیی کردوەو بۆ من پێم وتووە سۆسیالیست دۆستمانه من قسەیان لەگەڵ دەکەم کاك عوسمان وتی کاك عبدالله ئەگەر یەکێتی شەری کردین وتی وەلا ئێوە تەنها قسەی خێرودۆستایەتی لەئێمەوە چاوەروانبن شەر لەئێمە هیچ چاوەروان مەکەن هاوکاریتان ناکەین لەنامەیەکیشدا عبدالله ئاغا بۆ کاك عوسمان نوسیبوی دەڵێت ئێوە مراعاتی قانون ناکەن و دژی یەکێتی قسه دەکەن لەپشتی ئێمه دەیکەن مەیکەن پارتی واتێگەیشتبون ئێمه لەپشتی ئەوانەوە شتی تر دەکەین ئەوان جگە لەراکردن هیچی تر نەبوون هەمیشه پێشمەرگەی سۆسیالست ئەوانی دەپاراست،

## پارتی بونی پاسۆکی رەت دەکردەوە

کاك مولازم شوان نامەیەکی بۆپارتی ناردبوو لەسەر چیای لەرێ بوون داوای ئیجازەی کردبو بێتە خوارەوە بۆ چاڵە خەزێنە لەبەر ئەوەی کەسوکاری لەسلیمانیەوە دێن وبیان بینێ وسەیری نامەکەیان کردو وتیان ئەو (4–5) کەسە چی دەکەن لەوسەرە یا لەوشاخە بۆ نارۆنە لای یەکێك ئەو پاسۆکەی پێش یەك مانگ هەمیشه رادیوی پارتی باسی دەکرد وا وەڵامیان دایەوە هەرچەندە مولازم شوان هەر نامەکەی نوسی بووخۆی دابەزیبو بۆ چاڵە خەزێنە بۆ لای کەسوکاری، برادەرانی ئێمەش لەوێ مەقەرمان هەبوو ئەوان واتا پارتی کۆبونەوەیان لەگەڵ یەکێتی هەبوو ئێمەش درێژەمان بەجەولەی خۆمان داو لەرێگای تازەدێ وە دەچوینە چنارەی شەخڵ مارین و بۆ گوندی رەنگێنە و تازەدێ لەنێوان بارەگاکانمان لەچنارەو تازەدێدا (3) هەلیکۆپتەر هاتە سەرمان پێشمەرگەکانی هەرێمی (1و2و3و5) بوین بە (ئار.بی.جی) تەقە لەتەیارەکان کرا ئەوە یەکەم جار بوولەوناوە لەتەیارە بدرێت چونکە پێشتر هەرکات هاتبوو چەند کەسێکی کوشتبوو

لەوناوە ئێمە تەقەمان لەتەیارەکان کردو ئەوانیش هەڵهاتن هەر لەرێگا وتیان پارتی چۆن دەبینی وتم من پارتی وەکو فەریقە کوێر دەڵێت کوێخای توکاوا عاباکەت، یەکێتی پێستی سەریان دەهێنێتە خوارەوە بانگیان دەکات کوێخای توکاوا عاباکەت بەجێ ماوە بگەرێرەوە بۆی ئەوە رەئی منە چونکە یەکێتی هەر ئەوەندەی پێویستە تاهێزەکانی دەگەرێتەوە و خەریکی نەقڵ کردنی هێزەکان و سەرکردایەتیانە بۆ ناوچەکانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە ئەمەیان دروست کرد ئەوەش یەکێتی بەرەو عێراق دەروات و نائومێدی لەئێران و بەشداربون لەشەر دژی ئێران ئەوەش دوا وەرەقەیە بۆ بەدیلی دیموکرات و عێراق ئەوکات تەپڵی تۆپان بەپارتی دەنێتەوە لەو ناوچەیەدا ئێمە چوینە گوندی چنارە زۆر بەشێنەیی دابەش بوین، لە1982/8/8 لەمەقەری ناوچەی دوکان وهەرێمی (4) بوین لەچنارەو ئەو ناوە لە 1982/8/9 چوینە گوندی مامە خەلان ومێشولان وحەسەنە گورگ و گۆرەدێم وبەیانە وچەم یالە ونۆرك دوای گەراینەوە بۆگوندی سەرخوارو دەچوینە گوندی زێ ی حەمە ئەمین ئاغا باوکی فەتاح ئاغابوو بۆ رۆژی 1982/8/10 لەچاڵە خەزێنە بوین کاك مولازم شوانمان بینی و وتمان چۆن هاتویتە خوارەوە وتی وەلا بۆ لای کەسوکارم هاتبوم و وتی ئەگەر ئێوە رازی بن دەگەرێمەوە سورێن وتم باشە هەرکات هاتی بەخێر بێیت و لەوێ هەرچیمان هەبێت پێکەوە دەیخۆین بەلأم زوو وەرە بانەچینە لای پارتی وە لەراکردن و راوناندا وتی ئامادەین لەگەڵ پارتی تەواو ئیتر چۆن باوەریان پێ دەکەین، ماوەیەکی تر نامەیەکی کاك ئازادیان هێناو هاتنە لامان لەسورێن چوینەوە چنارەو بۆ شێخەڵ مارێن، لە1982/8/11 بەیانی زوو بە(11) تراکتۆر لەچنارەوە بەرێ کەوتین بۆ دەرەمیانە لەرێگا دوو تراکتۆر وەرگەران و هەندێك پێشمەرگە عەزیەتی هەبوو برینداربوون و دوایی بۆ ئێوارە چوینە سەرچەمی گۆمە سورو پەرینەوە بۆ گولان، لە1982/8/12 چوینە ماڵی مامە رەشە لەدۆڵە چەوت و بۆ کەولۆس و بۆ شەوەکەی چوینە هەردوماو و کانی سپیلکەی پەرخ و تاسلوجەو قوماشی حمە رەشید بەگ، لە1982/8/13 چوینە سواری و تەپەکەل و حاصل و قلیجە بۆ تەعزیە و دوایی گەراینەوە بۆ حاصل وئالان و تەپەکەل و سۆیلەمیش و کەڵوران و کەڵتەکە و بێرەشکەو دۆڵاش بەسەیارە هاتین ئەوکاتە سەیارە لاندگرۆزێکمان هەبوو پێ ی دەگەراین

لەشارەزووردا، لە رۆژی 1982/8/14 چوینە دۆلاش و گردی شەریف و قاجرو کشەیەری وتەپەسـەرقولە و تەپەریزینـە بـۆ شـەوەکەی چـوینە گـردی قـازی و گێڵـەك و شیرەمەرکشەیەری، کشەیەری یەکێك بوو لەوگوندانەی بێ ئەندازە خزمەتیان دەکردین مـاڵی کـاك ابـراهیم بەتایبـەتی خێزانـە بەرێزەکـەی زەحمـەتی لەگـەڵ دەکێـشاین وهەمووماڵەکان بەگشتی زۆریش ماندوبون لەگەڵمان وە ماڵی چەند پێشمەرگەیە لەوێ بـوون، لـەرۆژەکانی 15و1982/8/16 هـەر لەشـیرەمەر بـوین، لـەئیوارەی رۆژی 1982/8/17 پێشمەرگەکان لەسەر جادەی گردەنازێ دایان لەسەیارەیەکی سەربازی( قوات خاصە) (12) کەسیان لێ کوشت و سەیارەکەیان سوتاندو رەئیس عرۆفایەك بەدیل گیراو (8) کلاشنکۆف و دەمانچەیەك گیراو دەستکەوتی پێشمەرگە بوو لەو شەرەدا وە بۆ شـەوەکەی ئێمـەش سـەرکەوتینەوە بـۆ سـورێن و مەقـەری دەرەکـۆرە مـن چـەند ئیـشم لەئەستۆ بوو نەبونی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی و ئەگەر (3) مانگ جارێك نامەیەك دەبوو وە نەگەیشتنی بلاوکراوەی ناوخۆو حزبی بۆ لای ئێمە و رون نەبونی سیاسەت لەسەر روداوەکانی شەری عێراق ئێران و هەڵوێستی ئێمە و سیاسـەتێکی رون لەسەر جودو پارتی و حزبی شیوعی و پاسۆك و نەبونی سیاسەتی ئاشکرا لەسەر یەکێتی و شەریا ئاشتی، نەشەرونەئاشتی نەیدەهێشت ئیشەکانمان بروات دعایەی زۆرو زەبەند دژی سۆسیالیست و من، دەبو ئەو هەموو بۆشاییە پر بکەینەوەو کەس هەست نەکات ئێمە ئەو کێشانەمان هەیە، نەبونی میزانیەی دیاری کراو لەسەرەوەو بەڵکو هەر نەبوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران حزب پرۆتۆکۆل یا بەرنامەیەکی هاوبەشی نەبوو پارتیش کەلایەنێك بوو لە بەرەی جود بەفیکەیەکی یەکێتی ئێمەی بەجێ هێشت و لەجیاتی یـەکێتیش جـار جـار نەسـیحەتی دەکـردین ئێمـە خۆمـان ئەگـەر ئیلتزامـان لەگـەڵ سەرکردایەتی و بەرەی جودو ئێران و لایەنەکانی جود نەبوایە سەرمان لەکارەکانی خۆمان دەردەکردو دەمانزانی چی دەکەین و بۆ کارەکان چۆن هەنگاو دەنێین هیچ نەبوو لەدەستمان دەربچێت هەر چەندە یەکێتی بریاری شەری دژمان دابوولە هەر فرسەتێکدا بۆی بکرایە بەسەر هەلی خۆیدا تێ نەدەپەری بە تایبەتی لەسەر شەخسی من بەلام من زۆر لام ئاسایی بوو هیچ کەسێ منی بۆ نەدەکوژرا ئەگەر خۆیانی تیانەچوایە وەکو

مەسەلەی جەمالی عەلی باپیرو شێرکۆی شێخ عەلی  بۆیە کەس ئامادە نەبوو خۆی تیا بچیٚ بەشەرتێك من بکوژن ئەگەر لەخوارەوە بۆیان بکرایەئەوە هەر زوو دەکرا بەلأم نەکرا و لەشەری بەرامبەریشدا کەس شەری ئێمەی بەئاسانی پیٚ نەدەکرا بۆیە ئێمە لەبەر نەبونی سیاسەتێکی راست و دروستی سەرکردایەتی هەر کەسی تر بوایە دادەما بەدیاری روداوەکانەوە بەلأم ئێمە هەمیشە دەست پێشکەر بوین لەهەر روداوێك لەناوچەکەو کوردستان روی دەدا بیٚ گویٚ دانە هیچ کۆسپێك بێتە رێگامان و لامان ئاسایی بوو بەرچاومان رون بوو لەبریاری خۆمان هەمیشە فیشەك لەلولەی چەك و ئامادەی هەر شەرو رەدێك بوین بەلأم گەربمانزانایە بەرامبەر شەرمان دەکات دەست پێشکەریمان دەکرد لەهەر روداوێکی سیاسی و پەیوەندی و سەربازی لەناوچەکە روی بدایەت هەمیشە ئامادەی روداوەکان بوین و لەهەنگاوە سیاسیەکاندا دەست پێشکەر بوین و سەرەرای نەبونی پەیوەندی رۆژانە و مانگانەش، سیاسەتی رون و ئاشکرای سەرکردایەتی لەبریاری شەرو ئاشتی و هەر هەنگاوێگی تر زۆری بۆچونەکانمان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی یەکی دەگرتەوە سەرەرای ئاگا لەیەك نەبون و دروست بونی ئەو کێشەیە کە بۆ لقەکانی کە دروست بون وە کو لقی دهۆك و هەولێر چونکە ئەوانیش ئاگایان لەبریارەکانی سەرەوە نەبوو وەخۆشیان بریاریان پیٚ نەدەدرا بەڵکو بیریان لەوە دەکردەوە هەمیشە دژی سەرکردایەتی و خۆ بەعاقڵ تروشارەزاترو حزبی ترو مارکسی تر دەزانی وکاروکردەوەیان شەری سەرکردایەتی حزب و هەتا ناوهێنانی شەخسی لەسەرکردایەتی و لەژێر پاڵەپەستۆی پارتی ویەکێتی دا بەرەولای حزبی شیوعی وپارتی دور دەکەوتنەوە لەسەرکردایەتی حزب ئەوەش کاك قادر عزیز بەئاشکرا سەرپەرشتی دەکردن و مامۆستا ئەمین و مامۆستا سەعد سەرەتاو کاك قادر جەباری تاپەتەکە لەگەڵیان بوو(پەتەکە) واتا تابەریٚ ی کردن وئیشیان  دور کەوتنەوەیان لەحزب وتەئسیری راستەو خۆی حزبی شیوعی و پارتیش بەتایبەتی کاك ادریس بارزانی لەپشتێوە بوو ئەوانیش بە بەهانە بوون کاك رەسول وخاڵە حاجی و کاك قادر جەباریش لەبەرنامەیاندا بوو، خاڵە سەید کاکەو کاك قادر ململانیٚ ی هەردوکیان لەوێوە ئاشکرا بوو کاك سەید کاکە بەئوسلوبی خۆی و رەدی کاك قادر بەئوسلوبی خۆی رۆژ بەرۆژ

بارەکە ئالۆزتر دەبوو خۆیان بە گویٚ رایەڵی سەرکردایەتی حزب و مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی نەدەزانی، لەرۆژی 1982/8//19 لەمەقەری دەرەکۆرە بوین لەسورێن لەرۆژانی 20 و1982/8/21 هەر لەسورێن بوین،( لە رۆژی 1982/8/21 رێکخراوی ئازادی خوازی فەلەستین هەڵوەشایەوەو ئەحمەد جبریل و نایف حەواتمە و جۆرج حەبەش و زۆری کە بەیانیان لەدژی یاسر عەرەفات دەرکردوشەرو کێشە لەناویان دروست بوو لەسەر دوو سیاسەتی جیاواز بەلای دوو بەشی عەرەبی و جیهانی داو بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردیش بەهەموو باڵەکانی وە بەبیٚ دراسەو بیٚ گوێدانە روداوە جیهانیەکان دیفاعی لەو هێزەی بەلای سوریادا شکاندەوە دژی یاسر عەرەفات و لەعەرەفات عەرەب تر بون و لەعەرەب زیاتر دژی ئیسرائیل بوون وەکو شتی عاتفی زۆری هەر لەسەر رێچکەی رۆژهەلاٚت و رۆژئاواوسوڤیەت و ئەمریکا خۆشیان و بزوتنەوەی کوردی نەیاندەزانی بۆ دژی عەرەفاتن بۆ پشتگیری لە ئەحمەد جبریل و ئەوانی کە دەکەن)، لە مانگی (8) دا شەر لەگردە نازیٚ کرابوو هەلیکۆپتەرێك لەکانی شێخ و ئیمامی زامن کەوتە خوارەوە لەلایەن مەفرەزەکانی سۆسیالیستەوە حەمە شوتەوفاتیحی خەلیفە فەریق چەند سەربازو جاش بەدیل گیرابون لەلایەن هێزەکانی سۆسیالیستەوە، لە 1982/9/1 لە سورێن بوین و لە رۆژی 1982/9/2 جادەی هەڵەبجە سەید صادق لەتەپەتۆڵەکەوە لەلایەن پیشمەرگەوە براو دەیان سەیارە راگیرا وپشکێنراو (2) سەربازی سوپای عێراق بەچەکەوە گیران و قسە بۆنەفەرەکانی ناو سەیارەکان کرا،

### توندو تۆڵ کردنی بارەگاکانی سورێن

لەسورێن بوین بەردەوام خەریکی ئیشوکاری حزب بوین، رۆژانی 3و4و1982/9/5 کارەبای تەواومان بەموەلیدە بۆ بارەگاکانمان داناو تەلەفۆنی محەلی بۆ هەموو بارەگاکانمان بەست بەیەکەوە جگە لەپەیوەندی جیهازو کردنەوەی سجنی گەورە کە (100 تا 120) کەس بگرێت، لە1982/9/9 تەلەفزیۆنمان بۆ هەموو بارەگاکانی حزب کری و بۆیان دانرا بۆ ئەوەی زیاتر ئاگایان لەروداوەکان بێت و تەنها هەر ئەو پێشمەرگانەی لەگوندەکان جەولە دەکەن ئاگایان لە هەواڵ و روداوەکان بێت و دانەبرێن لەروی هەواڵ و روداوەکانی بەرەی شەر، لەشەوی 15-1982/9/16 دابەزین بەئیشوکار

بـۆ شیرەمەرچـوینەماڵی حمــەی حمــە فــەرەج، لــەرۆژی 1982/9/17 چـوینە دۆڵاش و تەپەسـەرقولەو تەپەتۆڵەکەو کشەیەری، لـە 1982/9/18 لـە تەپەسـەرقولەو کشەیەری و قاجرو چەمی زەڵـم بـوین بۆ شـەوەکەی چوینەوە میری سـوورودەرەکۆرە بـۆ مەقـەری لـق، 1982/9/21 یەکـەم رۆژی پـایز بـوو لەسـورێن بـوین ، 1982/9/22 دوو سـاڵی تـەواو تێپەری بەسەر شەری ئێران عێراقدا و لەرۆژی 1982/9/29 رۆژی جەژنی قوربان بوو لـە مەقەری دەرەکۆرە بوین لەسورێن، لـەگولاّن فیـشەك لەدەسـت پێـشمەرگەیەك دەرچـووناوی (فائیق عەلی تـەپی کـەرەم)ی بـوو پێـشمەرگەیەکی شـەهیدکردناوی (تـەها محمـد رەشـید) خەڵکی موانی حمەی حەسەن بوو، لە1982/9/30 دا و هەمان رۆژ شەر بـوو لەشـارەزوور عوسمـان عەلـە چـەتون و زۆرجـاش کـوژراو لەئێمـەش شـێخ جـەلال بـەرزنجی شـەهید بـوو جاشــەکان هــەڵهاتن و عەســکەریە و دەبابــە شــکان و حزبــی شــیوعیش لــەو شــەرەدا بەشـداربون  مـن لەسـورێن بـووم، لـە رۆژانـی 1 و 2 و1982/10/3 هـەر لەسـورێن بـوین، رۆژی 1982/10/4 ئەحمــەد حەســەن بــەکر ســەرۆك کۆمــاری عێــراق بــوو کــەلابرابوو لەســەعات (4) ی پــاش نیــوەرۆ لەبەغـداد کۆچـی دوایـی کـردو لـەرۆژی 1982/10/5 لەسەعات (10)ی سەرلەبەیانی لەبەغداد ناشتیان و کۆتایی پێهات، ئەحمەد حەسەن بەکر لەساڵی 1968 وە هـاتبوە سـەر حوکم و بـۆ دووەهـەم جاریش سـەرۆك کۆمـار بـوو صـدام حسـین جێگـری بـوو بـەلاّم بریـار لەدەسـتی صـدام حسـین بـوو نـەوەك لەدەسـتی ئەحمـەد حەسەن بەکر کەسەرۆك کۆماربوو تائەو کاتەی پێویستیان پیٚ نەما وەکو دیکۆرێك لابـراو دوایش کورەکەی بەکارەسـاتی سـیارە کـوژراو خـۆیـشی مـردو یـان مرانیـان و کـۆتـایی پـیٚ هـات ئـیتر صـدام حـسین بـو بەسـەرۆکی عێـراق، مـن لـەدەرەکۆرە بـوم لـە1982/10/6 پێشمەرگەیەکمان بەناوی محمود محمد شـەهید بـوو لەشیرەمەر ناشـتمان محمـود خـەڵکی ســـەرای ســـوبحان ئاغـــا بـــوو فیـــشەك لەدەســـتی برادەرێکـــی دەرچـــووبوو محمودوعبداللەوحەسەن وئەحمەدوکەریم ورەحمان برابوون و ئەحمـەد لەهـەکاری شـەهید بـوو ئـەوانیش هەریەکـە لـەجێگای جیاجیـا شـەهید بـون بـەلاّم دەرکـەوت ئەحمـەد خـۆی کوشتویەتی لەبەرئەوەی ئەحمەد لیٚ ی دەترسا چونکە رۆژیٚ پێش ئەوە قسەی بەئەحمەد وتبوو،ئـەو ماڵـە (4) شـەهیدیان هەیـە هـەر چـواریان بـران،  دوایـی دەرکـەوت ئەحمـەد

سەراوی خۆی کوشتویەتی ، لە1982/10/7 چوینە خۆرنەوەزان و مەقەری پارتی و کۆبونەوەی بەرەی جود هەبوو پارتی لەوێ بون و وەزعیان زۆر نالەباربوو شەربووئەوان بەپێچەوانەی ئێمەوە بون ئێمە ماڵ و ژیان وهەرچیمان هەبوو هەر لەوێ بوین و لەو ئەشکەوتانەو خانوومان کردبوو کارەباوتەلەفۆن و ژیان و ئازوقەوپێشمەرگە زۆر جیاوازبوولەگەڵ پارتی ئەوان ئەو هەموو ئیمکانەتەی هەبوو کەلەئێران وەریان دەگرت ئاگایان لەخۆیان و لەهیچ هەواڵێ نەبوو پێشمەرگەی ئێمەش وەکو ئەوەی هەمیشە لەشاربێت ئاگای لەهەموو روداوەکان هەبوو، پێشمەرگەکانی ئێمە بەشێکی زۆر کەم لەبارەگاکانی سورێن و کانی خەیاران مابونەوە ئەوەش بەشی حەرەسیات و رەبایەکان بون ئیتر هەمووی لەجەولە بوون لەناوچە جۆربەجۆرەکان، برادەرانی حزبی شیوعی لەروی بارەگاو بەرنامەیان زۆر باشتر بون لەپارتی کەئەوان لەچاو پارتی دا مەسەلەی ئازوقەو پێویستیان کەم بوو هەر (10) رۆژ جارێك هەموو ئەو دەموچاوانەی پارتی دەگۆران و دەموچاوی کە دەهاتن هەتا لەکۆبونەوەی بەرەی جود دا هەرجارەی کەسێك دەهات ئاگای لەبریاری پێشو نەبوو دەبوو قسەمان بۆ بکردایە و مەحزەری پێشومان بۆ بخوێندایەتەوە ئەوەش هەر کێشە بوو بۆمان چونکە ئەوان یەك زمانیان دەزانی ئەویش ئەوە بوو چۆن شەری جەلالی بکەین و هەر ئەوە قسەیان بوو نەك بەرنامە بۆ لێدانی رژێم و یا ئاشتی، لەرۆژانی 8 /10 تا 1982/10/14 ئێمە لەسورێن خەریکی دروست کردنی خانوو قورکاری بوین وە زۆر ماندوبوین (8) خانومان دروست کردبوو بۆ زستان کە هەر یەکەی لەدوو ژوور وهەیوانێك پێك هاتبوو جگە لەوەی کۆمەڵێ خانوی کەشمان هەبوو رۆژی 13 ی مانگ زۆر ماندو بوین و هێزمان لێ برابوو بەلاَم ئیشی باشمان کردبوو من نەم هێشت سجنەکان لەخانوی من ئیش بکەن، لە رۆژی 1982/10/15 لەخواری ماڵەکانی شیرەمەرەوە کۆبونەوەمان بەپێشمەرگە کردو بەتوندی محاسبەمان کردن لەسەر کاری خراپ کە پێشمەرگەکانی هەرێمی (1 و2 و5) لەوێ بون دوایش (12) سەر حەیوانمان بۆ سەربرین بەلاَم هەر گلەییان هەبوو دەیانوت کەمە چونکە هێزێکی باش و تۆکمەو لێهاتوبوو دەمانتوانی بۆهەموو شەرێك بریار بدەین و بیکەین، لەشەوی 15-1982/10/16 چوینە گوندی گێڵەك و گردی قازی و تەپەرێزینە بۆ بەیانیەکەی

لەتەپەسەرقوڵەوقاجروگردی شەریف و دۆڵاش بوین، لە1982/10/17 لە بێرەشکەو کەڵتەکەو کەڵوران و سۆیلەمیش بوین، لە1982/10/18 گەراینەوە قاجر، هێزێکمان لەقوەی هەورامان چونە سەرجادەی هەڵەبجە سەیدصادق لە لامەرکەزی و سەیتەرەیان دانا لەسەرجادە دوای راگرتنی دەیان سەیارە، سەیارەیەکی ئیڤەیان هێناو مەفرەزەیەکی هەرێمی (5) وکاك عەلی بچكۆل تراكتۆرێكی دەبڵ ئەکسلی فیاتیان هێناو کاك نوری وقوەی هەورامان شوفلێکیان هێنا لەسەر جادەی تەپەرێزینە رژێم لەدەیان لاوە هێرشی کرد بەنیازی بردنەوەیان و بەتۆپ وهاوان تەقەی لەناوچەکە دەکردو خەڵکی دەترسان بەڵام هەمویمان دەرکردو شەوی 19–1982/10/20 بەسەلامەتی گەیاندمانە سورێن ، لە 1982/10/20 لەشیرەمەر بوین لە 1982/10/22 من چومەوە بۆ بانی شار و لای بارەگاکان، رژێم هێرشی کرد بۆ تەمشیت کردنی شارەزوور بە دوای پێشمەرگەدا دوای ئەو چالاکیانەی کە لەو سنورەدا کرابوون، لەرۆژی 1982/10/23 هێرشی کرد بۆ شیرەمەرودەوروبەری بەڵام پێشمەرگە لەبەرماڵەکان لەشیرەمەر دور کەوتبونەوەو خۆیان لەشەر لادابوو من هەر لەسورێن بوم تا 1982/10/31، هەر ئەو رۆژەیش ئێران هێرشی کردبووە سەرناوچەی مەندەلی و زۆرجێگای تر لەعێراق، لە1و1982/11/2 لەسورێن بوین، ئێران رۆژبەرۆژ لەهێرشدا بوو بۆ سەر عێراق، عێراق لەوکاتەدا کەبیری درێژەی شەرەکەی نەبوو خۆی بۆ شەرێك بەلای زۆرەوە (3) مانگ تەرخان کردبوو زیاتر لە(2) ساڵ درێژەی کێشابوو رۆژبەرۆژ پاشە کشەی دەکردوئێرانیش لەهێرشدا بوو بۆ سەریان، لە1982/11/2 ئێران لای عەمارە وە هێرشی کردو زۆرجێگاو سەربازێکی زۆری بەدیل گرت لە عێراق، لە 1982/11/17 لەسورێن بوین ئەحمەد سەراوی ئامر کەرت بوو لامان کورێکی ئازاوباش بوو لەبەرئەوەی لەجاشایەتیەوە هاتبوو شەری ناخۆیش وای کردبوو مەجالی هەبێت کاری خراپی دەکرد چەند جارێك محاسەبە کرابوون بەتایبەتی رۆژی 1982/11/15 قسەی زۆریشم پیۆ وتن لەناو کۆبونەوەیەکدا پێم وتن ئێوە جاش بن لەسەیدصادق سودتان زیاترە بۆ کورد لەوەی پێشمەرگە بن لەریزی حزبی سۆسیالیست و ناوبانگی خراپ بکەن روم لەزۆرلەمەسئولەکان کرد یەکیۆ لەوانە ئەحمەد سەراوی و رەوف زەرایەنی بوون لەوکاتەدا عێراق هەوڵی دەدا نێوان ئێمەو ئێران تێك بدات

هەرکەسێ تەسلیم بەعێراق بوایەتەوە داوای کوشتنی پاسداری لێ دەکرد، سەرەتا پاسداریش دەچون لەپشتی حزبەکانەوە هەوڵیان ئەدا خەڵکی بکرن و سودیان لێ وەربگرن دەنگوباس و چالاکی وهەواڵ بەرنەوە بۆ ئێران گوایە ئەو پاسدارانە شەر دەکەن و خۆیان لەپێشەوەن بۆ ئەوەی پاسدارەکان خۆیانی پێ بەرنە پێشەوە لەئێران ئەوە چەند جارێك بەمەسئولەکانی ئێرانمان وتبوو ئەوە ئێوە زەرەر دەکەن لێ ی لەلایەکی کەیشەوە یەکێتی نیشتمانی هەوڵی ئەوەی ئەدا کەخەڵك بنێرن و پاسداربکوژێت بۆ تێك چوونی نێوان ئێمەو ئێران چەند جارێك ناردیان لەکەلارەوە پاسداریان بەناوی سۆسیالیستەوە دەکوشت و دەرۆیشتەوە لای یەکێتی، ئەحمەد سەراویش یەکێك بوو لەوانەی کەعێراق داوای لێ کردبوو پاسدار بکوژێت و دوایش بیکات بەمەسئول یان ئامر مەفرەزەی جاش لەلای رژێم و بەناوی عەمەلیاتەوە پەیوەندی لەگەڵ پاسدارەکانی هەرمێڵە دروست کردبوو بێ ئاگاداری ئێمە و ئێرانیەکان وادیار بوو وایان پێ باش بوو دوای ئەوەی لەرێگای رەفیق محمودی عەلی هەیاسەوە پەیوەندی کردبوو ئاگاداری رەبایەکانی سێ تەپانیان کردبوو کەپاسداربکوژێت و بە ئەوانیشی وتبوو کەئامادەبن بۆ شەوەکەی، لە دوا نیوەرۆی رۆژی 1982/11/18 لەخواروی بانی شارەوە (14) پێشمەرگە بوون (4) پاسداریان کوشتبوو مەسئولەکەیان ناوی رەزائی بوو چەکەکانیان و هەویەکانیان بردبونەوەو (ئار.بی.جی)یەکی ئەوان و (14) چەك و ئار بی جی یەکی سۆسیالیست و (1) دوربین و(1) دەمانچە یان بردبو ئەوە خۆی بۆ خۆی کێشەی بۆ دروست کردین و گرژی نێوان ئێمەو پاسداران لەناوچەکەو بێ سیقەیی ونامەی ئاغای منتەزری بۆ بەنی سەدرو راوەستانی هەندێك لەئیشەکانی ئێمەو بونی وەفدی حزب خاڵەحاجی وکاك قادرجەباری ومەلا هەژاروکاك عبدالخالق هەورامی لەقوم وتەهران و تاخیر بون ئەمانە هەموی هۆی کاری ئەحمەد سەراوی بوو بۆیە حزب بەتوندی هەوڵی سزادانی ئەو چەکدارانەی داو لەلایەك هێزی ئێمەو پاسداران بەرامبەری یەك وەستان بەچەکەوە ئەوان بەهاوان و شەوانە بەتەڵقە تەنورە بەسەرماندا بەڵام هیچ لایەکمان نیازی شەرمان نەبوو ئێمەش بەتوندی دژی ئەو کارە بوین، لەشەوی 19-1982/11/20 لەمیری سورەوە بۆ شیرەمەروگێڵەك و تەپەرێزینەو تەپەسەرقوڵەوکیشەدەری دەچوین بۆ بەیانیەکەی چوینە

قـاجرو گـردی شـەریف و دۆڵاش و نـاوگردان، شـەو ناردمـان نزیکـەی (20) کـەس لەکەسوکاری ئەحمـەدو ئـەو چەکدارانەمان گـرت و هەنـدێکیان رەوانـەی سـورێن کـران و لەشـەوی 20-1982/11/21 هـەرواش خـەڵکمان دەگـرت بۆئـەوەی کەسـێکی کـەش جورئەت نەکات و زۆربەتوندی بەگژیدا چوین و زیاتر لە(40) کەسمان لـەو رۆژانـەدا گـرت و هەریەکـە پـارەی (3) چـەکمان لـێ دەسـەندن و هـەر سـجن بـون بـەرمان نـەدەدان و(3)کەسمان لەوگیراوانـە ناردبۆدادگـای مـەریوانی ئێـران وپـاش لـێ کۆڵینـەوە لەگـەڵیان گەرانەوە لامان، لەرێگای رێکخستنەکانەوەچەند جارێك لوغمان لـەنێوان مەقەری جاش و گراجی سەیارە بـۆ دانـان وەهەرلـەرێگای رێکخستنی حزبمانـەوە دەمانچەو شتمان دانـێ ئەحمـەد بکـوژن لەسـەر ئـەو خیانەتـەو ئـەو حاڵەتـە مەترسـی دارەی دروسـت کردبـوو، ئەحمـەد لـەماڵی خـۆی کوشـتیان و دوای (10) دەقیقـە بـەجیهاز ئاگاداریـان کـردین کـە کوشتویانە ئەوەش تۆڵە سەندنەوەیەك بو بۆ ئەوەی کەس نەوێرێت شتی لەوبابەتە بکات، لە1982/11/21 چوینە بێرەشکەوکەڵتەك وکـەڵوران و سـۆیلەمیش و تەپەکـەل و حاصـل وئالان وکانی کۆێرەوکانی مرواری وکـانی بەردینـە، رۆژی 1982/11/22 لەجەردئاسـنە کۆبونەوەمان کردو چوینە کانی بەردینەوقەڵبەزە کاك مـەلا نـەجم قاینجـەیی هاتـە لامـان و وتی هەندێك لەکەسوکاری جاشەکان ناردویانە کە کەسوکاریان بەردەن  وناوی هەنـدێکی دابونێ کەسوکاریان بەنهێنی چەکی رژێمیان لابوو ناردمان لێمان سـەندن ویـان نـاردە کـە کەسـوکاریان بـەردەن هەنـدێك لەرێکخـستنەکانی حـزب ناردبویـان کەسـوکاریان بـەردەن ئـەوان ئامـادەن هەرچیان پـێ بڵێن بیکـەن، ئیترمنـیش (3) تفـەنگم بۆنـاردن لەچەکەکانی خۆمان ، لەقەڵبەزەوە چوینە ئالان وبۆ قلیجە، قلیجە گونـدی مـاڵی کـاك مـولازم تاهیرعـەلی والی بوو، ناحیەی دەربەندیخان لەکۆندا ناوی ناحیەی وارماوا بوەو وارمـاواش لەگونـدی قلیجە مەرکەزی ناحیە بووە، شەو لەقلیجـە بوین کـە دەکەوێتـە سـەرجادەی دەربەنـدیخان وعەربەت سلیمانی و بەدوو کیلۆمەتر لەقلیجەوە چوینە ئەحمـەد برنـە هێزێکـی زۆر بـوین هەواڵیان داینێ لەرۆژی 1982/11/24 باران بوو هـەواڵ هـات کـەوا مەفرەزیـەکی یـەکێتی ئاراسی برای کاك عوسمـان قـادر منـەوەر کەلەشـەری شـارباژێردا گیرابوو بۆ قـەرەداغیان دەبردهەواڵیان داینێ کە حمە قاشتی وشێخ حمەئەمین ناوێك خەڵکی عازەبانە ئەو سجنە

دەبەن بۆ قەرەداغ و لەعازەبان لایان داوە بۆ ئەوەی شەو بپەرنەوە هێزەێکمان نارد بۆ گرتنیان ئەوان (15) کەسێك بوون وادیاربوو ئەوان دەرچوبون خۆیان هاویشتبوە چەمەکەو چوبونە نێوان قاشتی وبیرکیٚ بەرەوبەردەکەر رۆیشتبون و پێشمەرگەش دەوری دێکەیان گرت و باران وسەرمابوو (2–3) کەس هەڵهاتبون بۆ ماڵێك یەك دوو پێشمەرگەمان تێیان خوریبووکێیت وتبوی شێخ حمەئەمین م ئێمە بۆ شێخ حمە ئەمین چوین تەقەیان لیٚ کردبوو کوشتوبویان کەچوبونە سەری ئەو شێخ حمە ئەمین ئامۆزای شێخ حمە ئەمین ئامر کەرتی یەکێتی بوو کە کوژرا پێمان ناخۆش بووچونکە بەسەهۆکوژرا بەڵام چاریش نەبوو شەربوو روی دابوو بەسەهوو چونکە جگە لەوەش شێخەکان دۆستمان بوون لەعازەبان و ئەحمەد برنە ئێمە بۆ ئیسراحەت گەراینەوە بۆ ئەحمەد برنەو وازۆڵ و گوڵان و بەحرەکەو ئیمامی زامن و کانی شێخ وقولەرەش و دوانزە ئیمام و بەشارەتی خوارو، لە 1982/11/26 لەبەشارەتی سەرو تەپەکورەو خێڵی حمەو شەشکی سەروشەشکی خواروتەپی سەفای سەروخوارو کوڵکنی ئەحمەد فەقیٚ کەرەم لەسەر جادەی خورماڵ پردی زەڵمە، لەشەوی 26–1982/11/27 چوینە کوڵکنی حاجی حمەسوورولەرۆژی 1982/11/27 هەر لەویٚ بوین لەماڵی حاجی محمد عبدالقادر و لەماڵی حاجی عەلی شەریف بوین، لە1982/11/28 لەشیرەمەربوین سەرکەوتینەوە بانی شار، رۆژی 1982/11/29 ئەو رۆژە (35) ساڵ دەکات کە فەلەستین داگیر کراوە لەلایەن ئیسرائیلەوە بەڵام قەناعەتم وایە ئەو شعارەی هەردوکیان بۆیان ناکرێت نە فەلەستین ئیسرائیل دەخاتە بەحرەوە نە ئیسرائیل فەلەستینی پیٚ لەناو دەچێت بۆیە دەبێت نەتیجە خەتی وەسەت هەڵبژرین بۆ خۆیان ئەوە رای منە لە1982/11/19 م بووە هەر وەکو خۆی نوسیومەتەوە لەگوندی بانی شار بوین کەمەقەری هێزی هەورامان و هەرێمی(3) ناوچەی پێنجوێن لەویٚ بون لەشیرەمەر ووتم بە دوو پێشمەرگە پرسیار بکەن کیٚ تەقەی لەشێخ حمە ئەمین کرد من خۆم زانیم کام مەفرەزە تەقەی لیٚ کردوە بەڵام دەمویست تەئکید بکەمەوە وادیار بوو پرسیار کراوە کیٚ تەقەی کردووە بۆ مەقەر دەرۆیشتەوە مەفرەزەکە ترسا بوون بیان گرین لەشیرەمەرەوە هەڵهاتبون کە (10) پێشمەرگە بە(10) چەك ویەك (ئار.بی.جی) یەوە تەسلیم بەرژێم بونەوە لەکانی پانکە

هەنـدێکیان خۆیـان لـێ دزیبـوەوە گەرانـەوە لامـان ودوای ئـەوە، لـە 1982/11/19 کـاك رەووف زەرایەنی تەسلیم بوەوەو (1−2) کەسی کوشت لەعەربەت حکوم درا(20) سالٚ،وە لەعافواتدا بەربوو لەراپەرینەکەدا هاتەوە لامان بەلاّم ئەو سجنە رەوفی زۆرعاقلٚ و هۆشیار کردبوەوە وسودی زۆری لێ وەرگرتبوو لەوماوەیە کەلەسجن بوو، رەوف کورێکی بـاش و ئـازابوو بـەلاّم سـەرەرۆبوو لەشـەرێکدا سـالّی1981 یـەکێتی لەبـەری قـەرەداغ بەبریـنـداری گرتیـان و لـەوەش رزگـاری بـوو، لـە1982/11/23 هـەر لەسـورێن بـوین لـەو ماوەیـەدا دوو کـەرتمان تەسـلیم بـەرژێم بونـەوە خیانـەتی ئەحمـەد سـەراوی زۆر لـەوە گـەورەتر بـوو هـی رەوف کەمتر بو بەلاّم هەریەکەیان بەپیٚ یحەقی خۆیان هەردەبێت بەسزای تاوانی خۆیان بگەن دووریانزیك ،درەنگ یان زووئەو رۆژە ئەوە نوسـراوە، لە1982/12/29 کـاك مـولازم تاهیرعـەلی والـی وکـاك کـاوەی شـێخ لـەتیفی حەفیـدوکاك مـولازم عوسمـان سـەعید والـی ومامۆسـتاکامەران سـەعید والـی وعـەریف ئـەنوەرو مامۆستاعەبدولاّفەیلەسـوف و عومـەر نەبی و لەتیف دەروێش حاتـەم خانـەقینی و سەیدیاسین کـەردزی بریـاربوو بێنەناوچـەی سـورێن ولای ئێمـە دوای ئـەوەش بـۆ نەخۆشـی کـاك عوسمـان بـەرێ بکـەن بـۆلای دکتـۆر ونامەی کاك تاهیر بۆمن دەلّێت دەگەینـە لاتـان لـەم رۆژانـەدا، لـە1−1982/11/2 لەچیای قەندیل سەرماوبەفرو زریان لێیان هەلّدەکات و لەپشتی کۆنەلاجانەوە لەبەفردا دەخنکێن و هـەموویان شـەهید دەبـن جگـە لەیـەکێکیان دەرچـوبووناوی توفیـق گـەرەوانی بـوو، لەدەسـت دانـی ئەوپۆلەپێشمەرگەیەو بەتایبـەتی کـاك تـاهیر زەرەرێکـی گـەورە لـەکورد و شـۆرش و حزبـی سۆسیالـست کـەوت و جێگـای پرنـەدەبۆوە، هەرچـەندە مقاوەمەشـیان کردبوو بەلاّم وادیار بوو بەفرەکە زۆر بوو ناچاری کردبوون و سـەری لێتێکدابوون و هـەر لـەدوای یـەك هـاتبوون تائـاخری دۆلّەکـەش شـێخ کـاوەش هەرلـەخوارەوە کۆچـی دوای کردبوو کەوەکەی لەقەفەزەکەدامابۆ وە حەرەسـەکەی ئەو بـەگیان مـابوو شـێخ کـاوە دوای ئەوەی یەکێتی گرتیان و دووکەس لەجەماعەتەکەیان کوشـت و خۆشـی سوکایەتی زۆری پێکـراو لەوەدەچـوو بکوژرێـت لەسـجن هـەلّهاتبوو هـاتبووە لای سۆسیالـست و دەیویـست لەگەلٚ ئێمە ئیش بکات و دۆستی حزب بێت ئەگەریش نەیکات بـەلاّم بریـاری خـۆی دابـوو هـەموویان خەسـاربوون جـەنازەی کـاك تـاهیرو شـێخ کـاوە و( 5−6) کەسـیان دۆزرایـەوە و

هەنـدێكیان هەرنەدۆزرایـەوە، كـاك مـولازم تـاهیر عـەلی والـی بـەگ لـەو ئەفـسەرانە بـوو كەلەسـاڵی 1962 دا هـاتبووە ریـزی شـۆڕش و لەزۆربـەی ناوچـەكانی كوردسـتان بـووەو پێشمەرگە بووەو پلـەی مەسـئولیاتی تـاجێگری هێـز لەشۆڕشـی ئـەیلول و لەسـاڵی1970 لەكوردستان (9) فەوج حەرەس حدود كرایەوە بۆشۆڕش كاك تاهیر مەسئولی یەكێك لـەو فەوجانە بوو لەپێنجوێن، كاك تاهیرپیاوێكی لەسەرخۆوهێمن و ئازاو نەترس بوو بەرامبەر دوژمـن، دڵـسۆز بـوو بـۆ گەلەكـەی لەسـەرەتای شۆڕشـی 1976 وە هاتـە دەرەوەو لـەناو شۆڕشدای ئەندامی سەركردایەتی بوو، كوردستان دابەشكرا بە(4) هـەرێم، هـەرێمی یـەك لـەئاوی دوكانـەوە بۆچـەمی كەلـەوێ بەسـلیمانی و كەركوكـەوە مەسـئولی عەسـكەری و سیاسی هـەموو ئـەو ناوچانە كاك تـاهیر بوو وەكـاك محمد غـەفور ئاغجەلـەری مەسئولی عەسـكەری وسیاسـی سـنوری كـەركوك بـوو وەسۆسیالیـست بـوو قـادر فـەرەج وتەحـسین شـاوێس شـەهیدیان كردبەتـەوجیهی پـارتی ودوای تەسـلیم بـەرژێم بونـەوە ئەوكاتـە قـادر فەرەج وتەحسین قیادەی موەقەتە بون هـەروەها مامۆسـتا غـەفور ژاژڵـەیی وكـاك ئەحمـەد فتح الله بزوتنەوە بون، كاك تاهیرلەساڵی 1978 بو بەئەندامی مەكتەبی سیاسـی یـەكێتی نیـشتمانی لەچـەمی خرێنـەو دۆڵـی سـالاریە لەسـەفەری هـەكاری بەسـەختی بریـندار بـوو تەیارە لێ ی دان و لەهەكاری گیراو بۆ ئەوەی هـەوڵ بـدەن بۆ دروسـت كردنـی كێشە كـاك تاهیریان بردە كەرەج لەئێران و بۆ لای كاك ادریس بارزانی بەریانداو بەچەند راسپاردەوە كـاك تـاهیر لەجیابونـەوەی یـا بریـاری سـەربەخۆیی بزوتنـەوە ئەنـدامی مەكتـەبی سیاسـی ومەسـئولی مەكتـەبی عەسـكەری حزبـی سۆسیالیـست بـوو، لەسـاڵی 1981 دا سـەردانی ناوچـەی شـارەزووری كـردو لـە سـورێن بـوین تـارۆژی 1982/11/29 لەقەنـدیل لەبـەفردا مـردن، لـەم شۆڕشـە بنەماڵەكـەیان ئـەم شـەهیدانەیان هەیـە، (كـاك تـاهیر عـەلی والـی، كـاك رەوف موستەفا، كاك رۆستم موستەفا، كاك ئـەنوەر سـەعید والـی ، كـاك عوسمـان سـەعید والی، كاك كامەران سەعید والی، كـاك بـەختیار ئەحمـەد، كـاك بـاهیر ئەحمـەد، كـاك تـاریق قـادر، كـاك عومـەر كـەریم)،(ئەمانـە هـەمووی ئـامۆزای كـاك تـاهیر)ن، شـەهید بـاهیر قیـادە موەقەتـە شـەهیدی كـرد، شـەهید ئـەنوەر سـەعید والـی جاشـەكانی حمـەخانی حـاجی دارا شەهیدیان كـرد لـەداری قـەلان وزەرایـەن، ئەمانـە هـەمووی لـەحزبی سۆسیالیـست شـەهید

بون لەپێناو کوردایەتی و شۆرشدا لەکاتێکدا کە کاک تاهیروکاک کاوەی شێخ لەتیف شێخ محمـودی حەفیـد پێکـەوە بـون و بـەرەو سـورێن دەهـاتن لەگـەڵ (10) هـەڤاڵی کـەی کادروکەسانی بەتواناو لێهاتووی شۆرش وحزب هەموویان لەناو بەفردا شەهید دەبن، لە 1و1982/12/2 لەسـورێن بـوین میـوانێکی زۆرمـان لەشـارەزووره هـاتبون وکەسـوکاری ئەوجاش و جەیشی شەعبی وسەربازانە کەلای حزب گیرا بوون هاتبون، مەسەلەی شکات خـەڵکێکی زۆر هـاتبوون لـەروی ئیداریـشەوە تـەنها لای سۆسیالـست خـەڵکی ناوچـەکە دەهاتن بۆ چارەسەری کێشەکان بەبێ بریاری سۆسیالست کەس بۆی نەدەکراو هەرچی سۆسیالـست نەیکردایـە نـەدەکرا، تـا 1982/12/11 هـەر لەسـورێن بـوین بـۆ شـەوەکەی چوین بۆ شیرەمەرو گێڵەك وگردی قازی وتەپەرێزینەو تەپەسەرقولەو کشەیەری، لە رۆژی 1982/12/12 لەشـیرەمەر بـوین، لـە1982/12/13 لـە کـشەیەری وقـاجرودۆلاش و بێرەشکە بوین بەنیازی لێدانی زەربەیەك لەسەیدصادق (150) پێشمەرگەمان کۆکردەوەو لەهەر چوارلاوە ناردمانە ناو سەید صادق دەستیان بەسەر زۆربەی شاردا گرت لەسـەعات (3)ی دوای نیوەروی رۆژی 1982/12/15 بەچوار هاوانی (60 ملم) لەمەقەرەکەو بەدوو هـاوانی (81 ملـم) لـەگردی کـەڵوران دووکیلۆمـەتری سەیدصـادق بـەهاوان لەهـەموو جێگاکانی ناوچەکەوە لەرژێممان دا تا سەعات (7)ی ئێوارەو پێشمەرگەش لەناوشاری سەیدصـاق رژێـم زۆرترسـابوو هەرچـی جـاش و ئـەوەی لـەخۆی ترسـابوو هـەڵهاتبوون هەلیکۆپتـەر شـەو گەیـشتە نـاو مەعەسـکەرەکەوبریندارو کوژراوەکـانی گواسـتەوە زۆر لەمەسئولە عەسـکەریەکانی سەیدصـادق دەربـاز کـرد بـۆ پـشتەوەی شـەرەکە لـەو شـەرە زیـانێکی زۆر لـەرژێم کـەوت وەهاولاتیـەك کـە ئـافرەتێکی (60) سـاڵە شـەهیدبوو خـەڵکی سۆیلەمیش بـوو ،(2-3) هـاولاتیش بریـندار بـوون وە (2) پێشمەرگەیش بریـنداربوون، رژێـم دوای (6) سـەعات تەقـەی لەناوچـەکە دەکـرد ئـەم چـالاکیە روحیـەتی باشـی بەجەماوەروپێشمەرگە بەخشی چالاکیەکی وا بەربلاو هەر لەجادەی سەیدصادق هەڵەبجە تا جادەی سلیمانی سەیدصـادق وناوشارو بەکارهێنانی هـاوان و ئێرانشی تێدا نـەبێت چـالاکی زۆر گـەورەوبوو لـەو کاتـەدا، شـەوی 15-1982/12/16 چـوینە سـۆیلەمیش و رۆژی 1982/12/16 چـوینە مـوانی مـەلاتاهیرو مـوانی مـیرزاو تـەپی کـەرەم ومـالوان

وحاصـل وئـالان، رۆژی 1982/12/17 بـارانێکی زۆربـوو هـەر رۆژەی بـاران بوایـەت بـۆ پێشمەرگە زۆر باش بوو، لە1982/12/18 لەتەپەکەلی سارتکە بوین و شەو بروسکەیان کرد بگەرێمەوە هێزەکەمان ناردەوە جێگای خۆیان ومن شەو گەرامەوە، لـە1982/12/19 لەشیرەمەر بووم بۆ شەوەکەی چومەوە سورێن ومەقەری دەرەکۆرە دوای تەواو کردنی ئیـــشەکان گەرامـــەوە شـــیرەمەرو شـــەوی 20-1982/12/21 چـــوینە ئەحمـــەدئاوا و کۆبونەوەی بـەرە هـەبوو بـۆ شـەوی دوایـی چوینە هـەردوو شەشك، رۆژی 1982/12/22 چـوینە هـەردوو تـەپی سـەفاو بـۆ خێڵـی حمـەو تەپەکورەوبەشـارەتی سەروبەشـارەتی خواروتەپەتۆڵەکەو کشیەری شەو چوینە قاجرزیاتر لەو گوندانە بوین، شیرەمەرو کوڵکنی (3) کوڵکنی هەیە وگێڵەك و گـردی قـازی وتەپەسـەرقوڵەو تەپەتۆڵەکەو قاجرو کشەیەری ئەمانە زۆر نزیکی جادەو رەبایەیان تیابوو بەلاّم چەمی زەڵم جەنگەڵ و تورك و دارستان بـوو دوژمـن بەئاسـانی نەیـدەتوانی روی تـێ بکـات و پێـشمەرگە بدۆزێتـەوە و هـەزاران پێـــشمەرگەی تێدابوایـــە کـــەس نەیـــدەوانی، لـــە1982/12/23 لـــەدۆلاّش ونـــاوگردان وبێرەشکەوشاتوان وتەپـەرەش بوین، تەپـەرەش و سەیدصـاق تێکەڵـە، لـە1982/12/24 لەسۆیلەمیش و تاسلوجە لای سـەرای سوبحان ئاغاو سەرچاوەی قوماشـی یـا قوماشـی حـاجی ئەحمـەدفارس بـوین، لـەرۆژی 1982/12/25 چـوینە کـانی سـپیلکەی پـەرخ و قەویلەوئەشـکەوتان وهۆزخواجەوکـەولۆس و چـوالەو شـەوەکەی چـوینە زەردۆیـی، لـە 1982/12/26 چوینە دۆڵـە چـەوت وبـەردە بەلەکـەو رەزڵـەو شـەو چوینە گولاّنی خـوارو بۆبـــەری بـــەرکیو واتـــە دەرەمیانـــەودوایی چـــوینە ئـــاروزەری وێـــران کـــراو بۆبایانـــە، لـە1982/12/29 چـوینە چنارەی شـێخەڵ مـارین و هەسـەنەگورگ حەسـەن حمـە نوقڵـە بەبرینـــداری خـــۆی لـــەوێ شـــاردبۆوە بـــەلاّم یـــەکێتی دۆزیبویانـــەوە ودوای (2-3) رۆژ شەهیدیان کردبوو، دوای چوینە کانی کوزەڵەوبۆ مشیولان وکۆخی حـاجی عـەلی، رۆژی 1982/12/30 چوینە گوندی موبرە مزگەوتی گوندەکە زۆر قەدیم دەردەکەوت لەوگوندە کۆنـــە ئـــەوەی ســـەرنجی راکێـــشام دارێکـــی زۆر گـــەورەبوو رایەڵەیـــەك سەرانـــسەری مزگەوتەکەی گرتبوو بەهەیوانەکەوە دوکانی لـێ بـوو سـاردی قوتـوو ئـاوی مـۆز ئێمـە لـەو چیایە بوین لەهـەر گونـدێك دوکـان بوایـە بەشـارمان دەزانـی هـەر لـەوێ شتمان بـۆ هـەموو

پێشمەرگە كری و پاشان دابەش بوین هێزەكەمان زۆر چالاك و گورجوگۆڵ بوون تەنها لایەنێك ئەگەر قەستی بوایەو شەری بكربایەین تەنها یەكێتی بوو هیچ هێزێك نەیدەوێرا خۆی لەقەرەمان بدات یاهەر نەبووهەتا رژێم هەواڵی هێزی سۆسیالیستی بزانیایە نەك بیربكاتەوە بێتە سەری بەڵكو ئەوان ئاگاداری وەحدەو هێزی خۆیان دەكرد وریا بن سۆسیالیست لەوناوەیە نەك بێنە سەرتان وارژێم خۆی لائەدا وخۆی قائیم دەكرد ئێمە نەچینە سەریان، لە1982/12/30 چوینە گورەدێم وبیانە لای چوارتا، بیانە ئەو گوندە بوو شەهید جەباری لێ بوو شەهید جەبار ئازاترین پێشمەرگە بوو لەشەری مامەندە رومانەی دوژمنی هەڵدایەوە ناو رەبایەكەیان و رەبایەكەی گرت بەرومانەی خۆیان وەلەشەری ناوگردان دەوری كاری گەری هەبوو لەرۆژی 1981/9/15 لەرەزڵە شەهید بوو، لە1982/12/31 چوینە كۆخی حاجی رەشید لەشارباژێرو بۆتەنكەبوار وبۆ دۆڵە توو بۆچنگیان دوا رۆژی ساڵی 1982 بوو دونیا ساردبوو دەفتەری رۆژانەم هەمووی بەو شێوەیە نوسراوە ناونیشان (محمد حاجی محمود) نازناو (عزیز ، سەرباز، كاوە) بەهەر (3) ناوەكە نوسینم هەیە یامەقالە لەگۆڤارورۆژنامەكاندا، پیشە.. پێشمەرگایەتی، شار..چیای سورێن، گەرەك..دەرەكۆرە، شەقام.. میری سور، ژمارەی تەلەفۆن..تەلەفۆنی داخی هەبوو یابانگ كردن یاپێشمەرگەیەك یائەو پێشمەرگەیەی دەنگ گەورەبوو ناوی مەریوان بوو.. مەریوان تەلەفونی بوو لەلای سەرەوەی، ژمارەی ئۆتۆمۆبیل(11) واتا هەردووقاچ یالاقی خۆم بوو، جۆری خوێن( + O)، لە1983/1/1 لەچنگیان ونودێ وگورگەدەروگەرەدێ ی شارباژێرو بۆ شەوەكەی چوینە سیتەك چونكە چنگیان زۆر ساردبوو هەوایەكی ناخۆشی بوو دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان لە سیتەك خوارد هەرێمی (1 و2و3و5) لەگەڵ كاك عوسمان قادر منەوەر لەوێ بون بەرێ كەوتین بۆ سیرەمێرگ بەڵام بارانێكی زۆر بوو لەوچەم ودۆڵەتاگەیشتینە سیرەمێرگ دەزوی وشكمان لێ برابوووەرێگەمان لێ تێك چوولای بازە گیرەوە سەركەوتین لەبازەگیر پیاوێكی لێبوو ناوی شێخ كەریم بوو سەربەرێكخستنەكانی سۆسیالیست بوو بەڵام ئێمە لەبازەگیر لامان نەدا چونكە وەزعمان زۆر خراپ بوودوای چوینە سیرەمێگ و چوینە ماڵی كاك رەشید وبراكانی كاك بەكر سیرەمێگی زۆریان خزمەت كردین و ئەو شەوەتارۆژبووە لەوێ

ئیسراحەتمان کردوبۆ نیوەرۆسەرکەوتین و چوینە گوندی خەمزە، خەمزە گوندێکی خۆش و ئاوداروميوەو روی شارستانیەتی پێوەبوو وەکو سیتەك چونکە نزیك شاری سلیمانی و هاتوچۆی رۆژانە هەبوو، لە1983/1/2 لەخەمزە بوین لە 1983/1/3 چوینە قەیوان وکولەردو وقولەجاغ وگاپیلۆن شەو لەماڵی کاك مارق رەشید حمە سەعیدجاف بوین شەو صدام حسێن قسەی کرد دژی ئیسرائیل چونکە خۆی گلانبوەوە شەرێکی گەورەوە بەبێ هاوکاران و دۆستانی ئەمریکاش دەبو ئەوە بکات ، لە1983/1/4 چوینە مالومە لەوکاتەدا هێزێکی پارتی بۆ جەولە بێ ئاگاداری سۆسیالیست چوبونە ئەو سنوورە و لەسەر رێکەوتنی ساڵی 1982 کەکردبویان و وازیان لەدۆستەکانیان هێنابوو لای سەرگەڵوو ئەو ناوە بون بەقیادەی قادر قادر و ئەحمەد فتح اللە و زۆری کە لەمەسئولەکانیان یەکێتی هێزی بۆ کۆکردبونەوە لەمەڵبەندی (1 و2و3) هەموو هێزی یەکێتی لەسەریان کۆبوەوە ئێمەش ئاگامان لەوە نەبو لەسەرنامەی برادەرانی خۆمان لە هەرێمی (4) و ناوچەی دوکان بۆ جەولە چوبوین چونکە ئەو ماوەیە پارتی لەوێ دڵخۆشی برادەرانی ئێمەیان کردبوو زۆرجار زەختیان لەهەڤالأنی ئێمە کردبوو وادیاربوو مەقەریان لەسەرگەڵو دانابووبەناو عوسمان سەرگەڵویی وئەو ناوە یەکێتیش مەڵبەندەکانی دادەمەزراندو پێویستی بەو ناوچەیە هەبوو کەسەرکردایەتیان بگوازنەوە وگفتوگۆ لەگەڵ عێراق دەست پێ بکەن و شەرت وشروتەکانی عێراق جێ بەجێ بکەن بۆ تەسفیەی هێزەکانی جود لەو سنورە چونکە عێراق لە ساڵی 1979 دا گفتوگۆی لەگەڵ سۆسیالیستدا کردو داوای ئەوەبوو هەر لەشاخ بن و یارمەتیمان بدەن و خۆمان بەهێز بکەین و هێزەکانی کەش لاوازو بییان هێنینە ژێر رکێفی خۆمان یالەناوچەکە دەریان بکەین ویارمەتیمان بدەن، یەکێتی بریاری دابوو ئەوە بکات وخۆی تاکە هێزی سەرساحەکە بێت و سەرەتاکەی لەلێدانی ئێران وهاوکاری حزبی دیموکراتەوە دەستی پێکردبوو بۆ یەکێتی دوای ئەوەی بەرگری ئێرانی پێ نەکراو هەموو ناوچەکانی گرت ودیموکرات بەرەو سەرسنورە لای دۆڵی جافەتی و هەرزنە بەرێ کەوتن و مەقەراتیان لەئێران نەماو ئێران هاتە سەرسنورەکان یەکێتیش دەستی لەو شەرە بەتاڵ بوو بۆیەدەبو دەست پێ بکات بۆلێدانی هێزەکانی جود لەوکاتەدا لەپێشیانەوە پارتی بێت و وانەکات

ئێمـەو پـارتی بخەنـە نـاو یـەك سـەنگەرەوەو هـەر لەوماوەیـەدا (7) پێشمەرگەی پارتیـان لەکەنە کەوەی لای قەلاَسێوکە کوشت وهەرچی پارتی هـاواری کـرد لیژنـە دانێین یـەکێتی هـەر دوای دەخست و هێـزی بـۆ سـەر هێزەکـانی کـەی پـارتی کـۆکردەوەو پێویـستی بـەو رێکەوتنە نەمابوو کـاتی خـۆی کردبووی لەسـاڵی 1982دا ، وەختی ئـەوەبوو پـارتی لـەو ناوە نەمێنن و دۆڵی جافەتیش بۆ بارەگای سـەرکردایەتی یـەکێتی چـۆڵ بکرێـت لەهـەموو هێـزە بەرهەڵست کارەعێراقیـەکان ئێمـەش دەمانویـست بـیٚ لایـەن بین لـەنێوان یـەکێتی و پارتی دا چونکە پارتی لەو ماوەیەدا رەفتـاری خـراپ بـوو لەگـەڵ ئێمـە و لایەنـەکانی بـەرە وەکـو حزبـی شـیوعی و سۆسیالـست زۆر پێویـستیان نـەك بـەپارتی نـەبوو بـەڵکو پـارتی بارێك بوو لەسـەرمان پاسدارمان لەگەڵ بوو پێشمەرگە پـیٚ ی نـاخۆش بـوو نـەك لەسـەر ئاسـتی سیاسـی لەبـەر ئـەوەی ناشـارەزاو عێـراق بیزانیایـە پاسـدارە بـۆی دەهـات و ئیسراحەتی لـیٚ تێك دەچوو واتا بـارێکی قـورس بـو پـارتیش وابـوو بـارێکی قـورس بـوو لەسەرمان، پارتی ئیشی بەئێمە هـەبوو نـەك ئێمـە بەپارتی بـەڵام ئـەو مـاوەی چـەند مانگـە پارتی بەمەرحەبایەکی موەقەتی یەکێتی هەموو شتی لەبیرچوبوەوە و ئێمـە پێمـان خـۆش بـوو یـەکێتی زەخـت لـەپارتی بکـات نـەك شـەر چـونکە پـارتی لـەناوەی کوردسـتان وەکـو ئینـسانێکی مەلـە نـەزان زوو دەخنکـیٚ لـەئاودا چـونکە پـارتی لەکوردسـتان شـەریان پـیٚ نـەدەکراو هـەر یـەکێتی چـاوی لـیٚ سـور دەکردنـەوە یاتەسـلیم دەبـون یاهەڵدەهاتن ئەگـەر رێگـای هەبوایـە، هـەواڵیان دایـنیٚ پـارتی لەمالومەیـەو یـەکێتیش دەوری گرتـوون هێـزی پـارتی (200) کـەس دەبـوو هێـزی گـەورە بـوو بـەڵام بـیٚ دەسـەڵات بـوون هەنـدێك لەمەسـئولەکانیان چـوبونە گـەرەدیٚ لای کـانی میـوو گـەورەدیٚ گوایـە نزیـك سەرسنورەوبەرەوئێران هەواڵی هێزی ئێمەیان زانـی بـوو هاتنـە لامـان و فریایـان بکـەوین ئێمەش وتمان هەردوو دۆستی یەکن چاوەریٚ ی ئێمە مەکەن ئێمە شەری یـەکێتی ناکـەین چونکە پێشتر ئێوە واتان بەئێمە ووت و بەڵام ئەوان لەترساهەر هەوڵیان ئـەدا بەتێکەڵاوی ئێمـەوە خۆیـان بچنـە نـاو مالومـەوە لەگـەڵ هێزەکـەی ئێمـە ئـەوانیش هاتنـە نـاو مالومـەو پـارتی لـەویٚ لـەرێگای گاپیلۆنـەوە دامـەزرابون وچـاوەریٚ ی خۆرئـاوابون بـۆ هـەڵهاتن یەکێتیش تازە دەگەیشتە مالومەو هێزی ئێمـەش هێزێکـی گـەورەبوو هـەر ئـەو رۆژەیـش

هەرێمی (4) گەیشتە لامان قادرچاوشین و صالحە سوروبرادەران ئەوان هەر خۆیان لەوێ بوون خەڵکی ئازاو باش بون ئێمە لەگەڵ یەکێتی دۆستایەتیمان نەبوو وەشەریشمان نەبوو بەڵام خەڵکی ئێمە بۆ لای ئەوان ولای ئەوان بۆ ئێمە ئەوە وای کردبوو شەر لەسەر چەك دروست ببێت، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی وکاك حمەصالح قەرەچەتانی ئەوانیش پەیدابون ویەکێتی وپارتی داوایان لەمن کرد بکەومە بەینیان، پارتی بۆ ئەوەی شەر نەبێت و یەکێتیش بۆ ئەوەی ئێمە بێ تەرەف بکەن ولەوان بدەن یاهەر نەبێت ئێمە بێ تەرەف بین بەڵام سۆسیالیست رازی ببێت بە نەمانی پارتی لەو سنورە ئێمە زۆر دۆست نەبوین هەتا ئێمە چوین بۆ مزگەوت یەکێتی وەستا بون مام رۆستەم وجەماعەتێك شێخ صدرالدین ئێمە سەلاممان لێیان نەکردو بەناویاندا چوینە مزگەوتەکەو پێشمەرگەی ئێمە هەموو سەربان وبەرزایەکانی گرت و هەر چەندە بەفر دەباری کابرایەك هەبوو ناوی عوسمانە شێت بوو عوسمان تاقسەی نەکردایە پیاوێکی ماعقوڵ و هەیکەلی تەواوومشکی بەسەرو جلی چاك وسەروسمێڵی گەورە بوو عوسمان چاوی بەمن کەوت کردی بەهەرا لەناوئەو هەموو پێشمەرگەدا کەهەمووی ئاگری لێ دەباری بۆ شەرولەهەموو حاڵەتێکدا چاوەرێ ی قسەیەك یافیشەکێك بتەقێت و شەر دەست پێ بکات عوسمان چەپڵەی لێئەداو هات حسك هات ، سەیدکاکە لەولاوە بۆجەلالی هات چونکە سەیدکاکە لەکاتی شەهیدبونی کاك شێرکۆ هاتبوە ئەوناوچەیە... هەروەهادەیوت خۆ ئەمان قیادە موەقەتە نین بترسن و راکەن لەو کاتەدا عوسمان سەرگەڵویی و (2-3) پێشمەرگەی پارتی بەهەلیان زانی خۆیان پێچابووە ئێمەوە پێشمەرگەیەکی ئێمە ناوی حمەی مامە سەعە ووتی ئەو جامانە سورەچیە پێت بۆلای نابەیت  پارتیەکان هەموو جامانە سورەکانیان لابردوودیاربوو جامانەی رەشیان لەژێر پشتوێنەکەیان هەبوو ئیحتیاتیان پێ بوو رەشەکانیان بەستە سەریانەوە یەکێتی ئەوەیان دی بەرواڵەت توندوتیژین هەندێك حەزەرو گەرانەوە دواوە و تەوزیع بوین وکاك شێخ صدرالدین جوابی نارد لەگەڵ کۆمەڵێك لەمەسئولینی یەکێتی بێنە لای ئێمە و قسە بکەین ئێمەش فەرمومان کردو سەرەتا هەر خۆی و (2-3) کەس هاتن و وادیار بوو ئەوان واتێگەشتبوون ئێمە بۆهاوکاری پارتی هاتوین ووتمان وەڵا ئێمە ئاگامان لێ نیە و کارمان بەسەر پارتی یەوە نیە بەڵام پێمان

خـۆش نیـه شـەربکەن ئەگـەر هەرلایـەکتان شـەربکەن ئێمـە هاوکـاری لاکـەی کـە دەکـەین کەشەری پێ دەفرۆشرێ لەبەر ئەوە بوو شەرنەکەن لەگەڵ شێخ داپێك هاتین هـەردوولامان هەرلەمالومە بێن وهەوڵێکی ئەو کێشەیەش بدەین منیش پێم باش بوو دوای ئـەوەش کـاك عـەلی بـچکۆل مەسـئولی مەڵبەنـدی دووی یـەکێتی نامەیـەکی بـۆ نـاردم بۆچـاوپێکەوتن بریارمان دا لەماڵی حاجی قادر(قالە دێگەڵ) بێن کوێخـاو ریـش سـپی گوندەکـە بـوو بـەبار جنێوی دەدا و توره دەبوو بەڵام نابێ دژی پارتی ونەزان بـوو لەقسەکانی دا ، لـەو کاتـەدا لەیـەکێتی کـاك عـەلی بـچکۆل و کـاك مـستەفاچاورەش و کـاك ئـاوات عەبـدول غـەفورو مـام رۆستەم و زۆری کـەش بـوو، لەسۆسیالـست مـن و کـاك عوسمـان قـادر منـەوەرو کـاك قـادر چاوشین و کـاك مـەلا هـەژارو کـاك ئەحمـەد قەدەفـەری وکـاك عبدالله هـەمزە  ناردمـان کـاك قادر قادر نەدەهات و نامـەی ناردبوو کـەمن وەکیلیـان بم ووتم مەترسـە وەرە لەسـەرقسەی ئێمـــەو پـــارتی ئەحمـــەدفتح اللـــە و عوسمـــان ســـەرگەڵویو چـــەند کەســـێکی کـــەبوون هەرلەسـەرەتاوە هـەمووی لەوژورەداودەوروبـەری زۆردا فیـشەك لەلولـەی چـەك وهـەمووی دەستی لەسـەر چـەك وهەریەکـە مشتی ئـەوی کـەی گرتبـوو قسەش دەکـەین حـاجی قـادر پێش قسەکردن بەخێرهاتنی کردین و ووتی ئەم ناوچانە لەسـەرەتاوە تائێـستا یـەکێتی و سۆسیالستی لێ بووەو هەرئەو دوولایەنەش شۆرشـگێرن و هەرئـەوان بۆمیلـەتی دەکـەن و شەهیدیان داوە، پـارتی ئـاش بـەتاڵی کـردو ئێـستاش لەگـەڵ ئێرانـەو لـەو شـەرەوە لەسـەر سنوورەکانەوە سەر دەهێنێ، ئێمەبەناوی جەماوەری مالومەو دۆڵی جافەتی یەوە قیادەی موەقەتەمان ناوێت و وازمان لێ بهێنن و شەرمان پێ مەفرۆشن لەکوێ وەهـاتوون لـەوێوە برۆنەوە  ئەگـەر نەرۆنـەوە داوا لەیـەکێتی وسۆسیالـست دەکـەین دەریـان بکـەن و رەوانـەی لای ئاغاکانیان بکەنەوە پارتی یەکان قسەیان نەماو قسەیان بـۆ نـەدەکرا مـن ووتم حـاجی ئەو قسانەی تۆ زۆر خراپە هەمووی چاوەرێ قسەیەکەو دەیان کەس لەم گونـدە بکوژرێت ( 250)کەسـی سۆسیالـست و(300)کەسـی یـەکێتی و(200)کەسـی پـارتی و ئاڵکـاون بەیەکداو هەرتەقەیـەك ببێـت شـەر دەسـت پێدەکات تـۆ ریـشت سـپی یـەو دەبێـت قسەی خێربکەیت و ئاو بـەئاگردا بکـەیت، مـام رۆسـتەم و برادەرانـی یـەکێتی ووتیـان کاکـە ئـەوە رەئـــی جـــەماوەرە بەرامبـــەر بـــەپارتی مـــن ووتم حـــاجی تـــۆ لـــەماڵی خـــۆت نـــەدەبوو

ئەوقسانەبکەیت بەهەرحاڵ کەوتینە قسە کاك عەلی بچکۆل مەسئولی یەکەم بوو دەوری باش بوو هەوڵی دەدا شەر نەبێت و شەرەکەی بەزەرەری یەکێتی دەبوو چونکە ئەگەر ئێمە بکەوتینایەتە ناوشەرەکەوە کاك مستەفاو ئەوانیش هەوڵی خاوکردنەوەیان دەدا سەرەتا بەوە دەستی پێکراو ئەوان دەیان ووت قیادەی موەقەتەو ئێمە دەمان گووت پارتی هەر لەسەرقیادەی موەقەتەوپارتی خەریك بوون نەگەشتنە ئەنجام ویەکێتی رازی نەبوو وەئەوڕۆژە تائێوارە قسەمان کرد پارتی رازی بوو بەگەرانەوەو چۆڵ کردنی تەواوی ناوچەکە بەمەرجێك تادەگەنەوە شاربازێرو دەرەمیانە تەقەیان لێ نەکەن و رێگایان لێ نەگرن من ئەو وەعدەم بۆوەرگرتن لەیەکێتی و پێم ووتن من وەعدیان پێدەدەم دوای هەرچی بکرێت لەگەڵ من کراوە، هێزەکەی پارتی بەش بەش بوو بوون ئەگەر بگەرێنەوە هەندێك دێتە لای سۆسیالست و هەندێك بۆلای یەکێتی، کاك قادر قادر نامەی نارد ئێمەچاوەرێی کاك سوارەی جاسەنی دەکەین ئەم شەو بالەم ناوە بین با(25)پێشمەرگەی سۆسیالیست بێتە لامان بۆگەرەدێ بۆحەرەسیاتی (200)کەسی پارتی بەمەرجێك منیش شەو بچمە لایان لەگەرەدێ ی دۆڵی جافەتی  چاوەروان بن لامان تۆ شەو وەرە گەرەدێ لامان نەوەك یەکێتی بێنە سەرمان من بەبرادەرانی یەکێتیم ووت چاوەرێ ی سوارە جاسەنی دەکەن و ئەم شەو لەوێ لەگەرەدێ بەشەرتێك من بچمە لایان نەوەك ئێوە بچنە سەریان من شەو لای ئەوان دەبم و هێزەکەشمان بەشێکی هەرلەمالومەیەو هەرچی روبدات ئێوە لێ ی مەسئولن بەرامبەر بەپارتی ئەوان وەعدیان دابوو وتیان سوارەی جاسەنی هاتۆتە لای ئێمەو لای پارتی نەماوە هەر لەو کاتەدا جار جار قادرچاوشین دەهات ئەوە (10) کەسی پارتی دەیەوێت بێنە لامان چیەیەکی بۆ من دەکردویەکێتی وای دەزانی دژی ئەوان، مام رۆستەم و ئەوان دەیانوت قادرچاوشین تۆ بۆ قسەی خێر ناکەیت لەوانەیە حاجی محمودی گەورەدێ بە (20) کەس و سوارەی جاسەنی بە(22) کەسەوە لەرۆژی 983/1/7 هاتنە لای ئێمەو حاجی محمودلای ئێمەو سوارە بۆلای یەکێتی من ئەو شەوە چومەلای کاك قادرقادرو ئەوان زۆر دەترسان و شلەژابوون هەر ئەوەبوو داوایان لەمن دەکرد بە سەلامەتی بییان گەیەنمەوە سەر سنوری ئێران ویا بایانەو چاڵە خەزێنەی شاربازێر شەو لەوێ بوین پێم ووتن سوارە چۆتە لای یەکێتی ئەوەندەی کە ترسان وتیان

بەخوا سوارە شارەزایەو قسەمان لای کردووە لەکوێ سوە بڕۆین کەمینمان بۆ دادەنێن ئەحمەد فتح اللە لەبیری چوبوو بڵێ نەکسە ئەیوت وەڵا وائەزانم ئەمرۆ ئاش بەتاڵمان کردووە وئەم ناوچەیە چۆڵ دەکەین، ڕۆژی 1983/1/7 من گەرامەوە بۆ مالومە پێشمەرگەیەکی یەکێتی لەماڵێك حادیسەیەکی لێ قەومابوو لەسەر ئەوە خەڵکی گوند بێزار بون لەهەموویان چەند ڕۆژ بەفرو هەمووی لەحاڵەتی شەردا ئەوەش هاتە سەری و بەقسە چونە سەر یەکێتی و بەشێك لەهێزەکەی یەکێتی بۆ گاپیلۆن بەپەلە هاواریان لێ هەستا پارتی ئەوە بۆ ئێمە دێن ناچار هێزێکمان ناردەوە گاپیلۆن تاپارتی نەترسن و بگەینەوە لەو سەفەرەدا نزیکەی (30) کەسی پارتی هاتە لای هەرێمی (3و4) سۆسیالیست و(22) کەس چونە لای یەکێتی و هەر ئەو شەوە، دوای لەگەرەدێ وە گەراینەوە مالومەو هاورێیانی حزبی شیوعی لەوێ بون وابزانم کاك عەتاوکاك حمە صالح بون و کاك عومەر حامید، پارتی لەشەوی 6-7-/1/1983 ناوچەی دۆڵی جافایەتیان بێ تەقە چۆڵ کردو ئێمەش بەرێ کەوتین بەرەو هەڵەدن لەوکاتەدا ئێمە ئاگامان لێ نەبوو کە (3) کەسی یەکێتی ئار.بی.جی. یەك و کلاشنکۆفێك و دەمانچەیەکیان هێناوەتە لای هەرێمی (3) و لەگەڵ کاك عوسمان دا لەدواوە دێن ئێمەش لەمالومەوە دەرچوین بەرەو هەڵەدن و مەترێك بەفر لەزەویدایە بەلاَم هێشتا پێشمەرگەمان لەناو مالومە ماوە سەربان گیراو کاك عوسمان بانگی منی دەکرد وەرە بزانە ئەو نەفامانەچییان دەوێت کەمن گەرامەوە وادیار بوو مام ڕۆستەم و (20) کەسێك سەری کۆلاَنەکانیان لێ گرتبون داوای چەکەکانیان دەکردئێمەش شتێکی وانەبوو هەر کەسێ لەهەر لایەك بۆ هەر لایەك دەرۆیشت و بەچەکەوە من نامەیەکی توندم بۆ کاك عەلی بچکۆل نووسی و وتم ئێستاش بریاری شەر ئەدەم کاك عەلی لەناو کۆمەڵێك پێشمەرگەی ئێمە لەماڵەکان دەوری گیرابوو دەستیان لەناوشانی توند کردبوو بۆ هەر تەقەیە ببێت ئەو بکوژن کاك عەلی هاواری کرد بۆ من فریام بکەوە تکایە بریاری خەتەر مەدە هەر کەسێ بکوژرێت لەئەستۆی تۆیە و جنێوو قسەی بەجەماعەتی خۆیان دەوت من گەیشتم و پێشمەرگەم دور خستەوە وکاك عەلی م هێنایە لای خۆمان وتم کاك عەلی من (2-3) ڕۆژە لەنێوان ئێوەو پارتی دام بۆ ئەوەی شەر نەبێت هێشتا پارتی دور نەکەوتۆتەوە شەر بەئێمە دەفرۆشن وتی ئەوە

چەکەکەی خۆم چیتان دەوێت بەس شەری هەردوولامان نەبێت ئێمە بۆ شەری پارتی هاتوین و بۆ شەری ئێوە نەهاتیون قسەی باشی کردو دڵی منی هێنایەوەو کاک عوسمان وئەوانیش هەموو هێزی ئێمەش دەوری ئەوانیان گرتبوو هەردولادەستی بەسەر لولەی چەک و تێکەڵ بوین لەوە کۆتایی هات و پێشمەرگە و چەکەکان هاتنە لای ئێمەو نەماندانەوە ئەوانیش وازیان هێنا ئێمە بەعینادی وتمان باشە ئێمە دەرۆین ئەو شەوە ئەوان چون بەرەو چۆخماخ و گاپیلۆن و گەرەدێ و ئێمەش لەمالومە و بەشێك بۆ هەڵەدن، پارتیش شەوی 6-1983/1/7 گەیشتنەوە شارباژێرو ناوچەکەیان بەتەواوی بەجێ هێشت، لە1983/1/7 چوینە گوندی هەڵەدن و لەماڵی کاك صالح بوین و شەوەکەی هەموو خەڵکی گوندەکەمان لەمزگەوت کۆ کردەوەو سیاسەتی حزب لەوکاتەدا یەکێتی دەیویست خۆی وەکو حاکم بناسێنێ بێ ئاگاداری ئێمە ئەنجومەنی دێهاتیان دادەمەزراندو هەموو خەڵکی سەر بە کۆمەڵەو رێکخستنی خۆیان دادەنا ئێمەش پێمان دەگوتن ئەوە شتێکی خراپەو وەرن باخەڵکەکە کۆبکەینەوەو هەرکەسێ هەڵبژێرا لەهەر حزب یابێ لایەن بوو پێمان باشە لەبەرئەوە ئەوان نەیان دەکرد ئێمەش رێگامان نەئەداو ئەوان کێیان دادەنا ئێمە هەڵمان دەوەشاندەوە تێکمان دەدا یاهەندێك خەڵکی سەر بەخۆمانمان دادەنا ئەوەش کێشەیەکی گەورە بوو کەشەری لەسەر دروست نەبێت و بردنی چەك شەری لەسەر دروست دەبوو لەسەر هیچ شتێك شەر نەدەبوو جگە لەحاکمیەت و چەك شەر لەسەری دەبوو لەزۆربەی شوێنەکان سۆسیالست موسەیتەر بون لەهەموو کوردستان جگە لەقەرەداغ کەداخراو بوبۆ کۆمەڵەش نەك یەکێتی، قسەمان دەکرد بۆ گوندەکان و ئعترافمان بەئەوانەی ئەوان نەدەکردو هەرەشەشمان لێ دەکردن، رۆژی 1983/1/8 لەهەڵەدن بوین، لە1983/1/9 لەهەڵەدنەوە چوینە سەرگەڵو شەو لەماڵی سەلام عبداللە بوین و رۆژی 1983/1/10 گەراینەوە هەڵەدن و لەرێگای نێوان هەڵەدن و سەرگەڵودا لەلای خواری بەرگەڵو تووشی یەکێتی بوین و گەراینەوە و پارتیان بەرێ کردبوو، کاك عەلی بچکۆل و کاك مستەفا چاورەش زۆر احترامیان نواندو ئعتزاریان هێنایەوە لەو شتانەی کەروی داوەو سوپاسیان کردین کەوەکو بێ لایەن چارەسەرمان کردو نەمانهێشت شەر ببێت وتیان کە گەراینەوە میوان داریت لێ دەکەین و دەبو

بمێنیتەوە و ماڵمان لەسەرگەڵوەو زۆر لەخۆیان  هاوکاریان پیشانداو ئێمەش سوپاسمان کردن وخواحافیزیمان کردو توشی سوارە فەتاح بوین بەڵام من زۆر گویم نەدایە چونکە کەسی بێ هەڵوێست لەکاتی شەردا هەر کێ بێت ئەگەر یەکێتی بۆ لای پارتی یا پارتی بۆلای یەکێتی یا هی ئێمە ئەوە من بەکاری ترسنۆك و یائینتیازی دەزانم بۆیە زۆر موجامەلەم نەکردن ئەوانەی سوارە چوبونە لای یەکێتی هەتا حاجی محمودی گەورەدێش هاتبوە لای ئێمە من زۆر موجامەلەم نەکردن ئەوانەئەمرۆ دێن و سبەینێ دەڕۆن و دوای وەستان ئەوان بۆ سەرگەڵو ئێمەش بۆ هەڵەدن بەرێ کەوتین بەڵام هەر لایەك بەحەزەرەوە هەرچەندە ئێمە زۆر گویمان نەدا، پارتیش گلەییان لەهەرێمی (4) دەکرد ئەوان هاوکاریان نەکردن دژی یەکێتی وتمان خۆ هەرێمی (4) بڕیاری پێ نیە دژی یەکێتی شەربکات و ئێوەو یەکێتی ڕێکەوتنتان هەبوەوە لەسەر ناوچەکان پێکەوە بونە، لەرۆژی 1983/1/11 لەهەڵەدنەوە چوینە یەخسەمەرو چۆخماخ نیوەرۆ لەچۆخماخ بوین وپاشان بۆ میولاکەوسنگڵ لەو گوندانە دابەش بوین، لە 983/1/13 چوینە قەیوان وخەمزەو سیرەمێرگ وشەو چوینە سیتەك، لە 1983/1/14 رۆژی هەینی بوو چوینەگەرەدێ ی شارباژێرو لە خەمزە هەرێمی (4)مان گەرانەوە دواوە بۆ سنوری خۆیان، لە1983/1/15 چوینە گورگەیەر دوای چوینە بزەنیان و شەو لەوێ بوین، لە983/1/16 چوینە عازەبان مەقەری کەرتی(3)ی هەرێمی (3) لەوێ بون و دابەش بوین لەماڵێك کاك محمدی ناوبوو کچێکی بچکۆڵەیان هەبوو زۆر منداڵ بوو وابزانم گەردەی ناوبو هات وتی یاخوا بەخێر بێن ئەوە ماوەیەکە جەلالی لەم ناوە دەسورێنەوە هەرچی سەیریان دەکەم خەریکە چاوم کوێر دەبێت و قیادە موەقەتەش هەروا، مام ئاراسیان شەهید کردوە چاوم نایان بینێ، لەهەرێمی (3) خواحافیزیمان کردوچوین بۆ پوشێن بەفر زۆر بوو ماندوبوین هەرچیمان کرد سەیارەکانی هەرێمی (3) ئیشیان نەکرد بمانبەن هەمووی بەستبوی چوینە خراپە ماڵی کاك عەلی زۆریان خزمەت کردین لەو ماڵەوە لەخراپەوجادەی عەربەت سەیدصادق پەرینەوە بۆ زێرینجوی گەورەو قازاوی محمود فەتاح و هەلاجەکان ومحمودخانی و تەپی کەرەم، لەشەوی 17-18\1\1983 لەخراپەوە چوین بۆ زێرنیجوی بچوك و لە1983/1/18 چوینە گوندی کانی کەوەو موانی میرزاو موانی مەلاتاهیرو کەوچك تاش

و سواریی وسۆیلەمیش و کەڵوران و کەڵتەکەوشاتوان و بێرەشکەو ناوگردان و دۆڵاش، بۆ شەوەکەی لەدۆڵاشەوە چوینە قاجروکیشەدەری وگردی قازی و گێڵەك و شیرەمەر، لە983/1/20 هەر لەشیرەمەر بوین بۆ شەوەکەی هەواڵمان بۆهات کە دوو پێشمەرگەمان لەشانەدەری شەهید بووە تەنها هادی شەهید ببوو نەوزاد بەبریندارى گیرابوو دوای لەعەفواتی گشتی بەربوو، رۆژی 1983/1/24 سەرکەوتینەوە بۆ مەقەری میری سور لەسورێن بوین ئێران داوای نوێنەرێکی لێ کردین بۆ گفتوگۆئێمەش کاك سەلیم وكاك کەنعان مان نارد بۆ مەریوان، لە983/1/26 لەسورێن بوین زۆر ساردبوو رەشەبابوو بەفربوو بۆ شەوەکەی دابەزین بۆ شیرەمەر و لەرۆژانی 28و29 و983/1/30 لەشیرەمەربوین، لە 1983/1/31 لەمەقەری دەرەکۆرە بوین لەم مانگە دونیا زۆر ساردبوو بەفر زۆرباری سەرمامان بوو لەجەولەی ناوچەی سەرگەڵودا لەمەقەری سورێن بوین، لە 1983/2/5 بەدواوە رادیوی یەکێتی دژی حزبی سۆسیالست قسەی دەکردو دەیوت سۆسیالست دژی هەموو لایەکە بەڵام بەرای من زەمینەی بۆ شەر خۆش دەکرد ، لە 1983/2/7 ئێران هێرشی کردە سەر عێراق لەناوچەی عەمارە بۆ شەوەکەی کوژراوی زۆر لەهەردوولا هەبوو، لە 1983/2/8 پارتی لەدەوری کونەمشکەی سەردەشت هەندێك تەقەیان لەیەکێتی کردبوو رایان کردبووە دیوی ئێران، لەرۆژی 1983/2/11 یەکێتی پەلاماری پێشمەرگەی سۆسیالیستیان لەکۆیەدا بەڵام هێزی ئێمە سەرکەوتوبون، هەر ئەو رۆژە لەسورێن خەریکی چاککردن و ناشتنی پیازو زەراعەت بوین بۆ مەقەرەکان زۆر باش بوو، لەسورێن بوین یەکێتی هەرچی هێزیان هەبوو کۆیان کردبۆوە لەنێرەگین لەدەشتی هەولێرچونە سەرهێزەکانمان و لەشەوی 11-1983/2/12 ئێمە (3) شەهیدمان هەبوو یەکێتی تێك شکان لەنیرەگین و بەرەو تەق تەق و ناچاربون هەر دوای ئەوە بەناوبژیوانی حزبی شیوعی شەرەکە راگیرا تا 1983/2/21 هەر خەریکی زەراعەت و ئیشوکاری مەقەربوین بۆ شەوەکەی دابەزین بۆ شیرەمەرو بۆ رۆژی دوایی چوینە تەپەسەرقولەوکیشەدەری وقاجروگردی شەریف ودۆڵاش، لە1983/2/25 چوینە بێرەشکەو کەڵتەکەو کەڵوران و سۆیلەمیش وتەپەکەل، لە1983/2/26 چوینە مالوان وکانی کەوەی چوغ وکانی کەوەی کۆن وحاصل، لە1983/2/27 لە حاصل وئالان

وقەڵبەزە بوین، لە1983/2/28 چوینە کانی بەردینەوشەو لەوێ بوین، رۆژی 1983/2/25 رژێم هێرشی کردە سەر ئەحمەدئاواو دەوری گرت ولەوشەرەدا حەسەن حمەلاو پێشمەرگەی سۆسیالیست بوو خەڵکی بناری گل گیراو ئەحمەد سۆڤ عەلی بەبریندار گیرا، لە1983/3/1 لەکانی مرواری ودەق وقلیجە بوین، لە1983/3/2 لە قلیجەوە چوین بۆ ئەحمەدبرنەووازۆڵ وگولاڵن، لە1983/3/3 چوینە گوندی جەردئاسنە لەسەر دەریاچەی دەربەندیخان، لە1983/3/4 لەتوەقوت وئیمامی زامن وکانی شێخ وگاگردەڵ و دوانزە ئیمامی سەروخواروبەهاوانی (81 و60 ملیم) سێ هاوان لەکاگردەڵ ودوانزە ئیمامی سەرولەبەشارەتەوە بەهاوان لەمەقەری جاش و جەیش و ناحیەی سیروانمان داو لەسەعات(5) ی دوای نیوەرۆوە تا سەعات (7\30)ی شەو زیاتر لە (200) گولەی هاوانمان لێداو پێشمەرگەش لەهەر چوارلاوە بەئار.بی.جی. وهەموو چەکێ لێیان دان مامۆستا دڵشاد وکاك نوری حمەعەلی تەقەیان بەهاوانەکان دەکرد کاك نوری لەکاگردەڵ ومامۆستا دڵشاد لەقولەرەش ودوانزە ئیمامی سەرو هەرێمی (3)ی کاك عوسمان قادرمنەوەرلەنێوان بەشارەتی خواروجان جان دا من لەیەکەم خانوی دوانزە ئیمامی خوارو بوم لەمەقەری جاش و ناحیەکەمان دەدا ئار.بی .جی یەك دای لەو خانوەی یائەو حەوشەی کەمنی تیابوم ئاگری گرت بەنارەحەت کوژاندمانەوە زەرەرو زیانمان لەرژێم داو رژێم بەهاوان لەماڵەکانی ئوردوگای دەدا (15) کەسی کوشت و بلاَوی کردەوە کە سۆسیالیست تۆپی لێداوە بەلاَم خەڵکی لەدیعایەی رژێم ئاگادار بون و باوەریان پێ نەدەکرد بەلاَم شەرەکە درێژەی کێشا زیاد لەوەی کەنوسراوەو شەو هێزەکان گەرانەوە ئێمەش چوینە گوندی تەپە گولاَوی بۆ ئیسراحەت کە(3) کیلومەتر لەناحیەی سیروانەوە دورە جاشەکان بەجیهاز جنێویان دەدا وبەمن یان دەیانوت جاشی خومەینی ناوی دەبردین کەنەك هەر پاسدارمان لەگەڵدا نەبوو بەڵکو هەر ئێران ئاگای لەوە نەبو کەئێمە شەر دەکەین ئەو رۆژە وەکاك شێخ محمدشاکەلی بەجیهازقسەی لەگەڵ کردین لەسورێنەوە وەمیوانێکی عەرەبمان هەبوو ناوی ئەبو جەعفەربوو لەسورێن ، لەکانی بەردینە بوین هێزیکی یەکێتی نزیکەی (110) کەسێك دەبون ئێمە لەکانی بەردینەو قەڵبەزەو جەردئاسنە بوین ئەوان لەبێسەڵمێن بون هەموو برادەرانی ئێمە رەئیان وابوو

لەو هێزەی یەکێتی بدەین و فرسەتی وامان دەست ناکەوێت و ڕێگای دەرچونیان نیەو بەرەو دەریاچەکە دەیانبەین و هەرچی گیرا گیراو هەرچی دەرچو دەکەوێتە ئاوەکەو هەموو لایەکیان لێدەگرین ئەوان زۆر سەغڵەت ببوون ونامەیەکیان بەسەیارەی بەختیاری حمە ڕەشید بەگ دا لەڕێگای حاصلەوە ناردبوو داوایان کردبوو ئەگەر هەرچی زووترە هێزێك فریایان نەکەوێت وەزعیان خراپەو لەمەترسیدان لەگەڵ ئەوەش من ڕێگام نەدا کاك ئەحمەد قەدەفەری ومامۆستا دڵشاد زۆرپێیان داگرت هەتا وتیان تۆ ئەم شەوو سبەی وەرەوە دەڵێن ئەو لێرە نەبوە ئێمە کردومانە کاك ئەحمەد قەدەفەری ئەیوت تۆنایەڵیت ئەم هەنگوینە بێ مێشەمان لەدەست دەرئەکەیت بەلاّم ئێمە ئەو چەك وگولەتۆپانە هێنابومان بۆلێدانی عێراق نەك بۆلێدانی یەکێتی ،کاك شەوکەت وئەوان ناردیان ئایا دەچینە سەریان یانە من وەلاّمم دانەوە نابێ بێنە سەرتان بەلاّم ئەوان هەر دەترسان لەنامەکەیاندا گوایە ئێمە (5)هاوان و(15)بارگولەمان پێیەو بۆلێدانی ئەوان هێناومانە بەلاّم ئێمە بەنیازی لێدانی جاشەکانی سیروان هێنابومان برادەرانمان دەیانوت بەو گولەتۆپانە لەیەکێتی بدەین باشترە تالەڕژێمی بدەین ئەوەش ناحەقیان نەبوو چونکە یەکێتی ئەوەندە ناحەقیان کردبوو بەرامبەر سۆسیالست ئاسان نەبوو بەئاسانی برادەرانی ئێمە لەئاستی یەکێتی دڵیان پاك ببێتەوە ئەوەشماندوبونی دەوێت بەلاّم من هەر ڕێگام نەدا ئەگەر یەکێتی هەلی وای بۆ ڕێکەوتایەت بەسەریدا بازی نەدەدا، لە1983/3/5 لەکیشەدەری وقاجروتەپەسەرقولە بوین چونکە هەرکات وەزعەکە ئاڵۆز بوایەت یاهێرشی ڕژێم بۆ کیشەدەری و تەپەسەرقولە وکوڵکنییەکان یاشەشك و یا بۆسورێن خۆمان لادەدا دوژمن شەر هەڵبژێرێت ئێمە شەروجێگاوکاتی شەر هەڵبژێرین ئەو ناوتورك وداروئاوچەمە وجەنگەڵە وگوڵەبەرۆژە کەمتر قایم نەبوو لەسورێن وەخەڵکەکەی باش بوو بەتایبەتی کیشەدەری وتەپەسەرقولە وقاجروکوڵکنیەکان هەر (3)یان، پاشان چوینە تەپەتۆڵەکەو تەپی سەفاو لەڕۆژی 1983/3/6 کەساڵ ڕۆژی ڕێکەوتنە شومەکەی جەزائیر بوو لەتەپی سەفای سەرووخوارۆشەشکی سەروخواروچوینە خێڵی حمەو گوندەکەمان کۆکردەوەو قسەمان بۆ کردن، خێڵی حمەش جادە دێنن بۆ خورماڵ بەناویدا دەرۆیشت هێزەکەزۆر بوون ناردمان هەموپێشمەرگە ساردی بۆهاتوو ساردی یەك بە (75) فلس بوو

مەلاجەبارمان نارد بۆهەمووی کڕی و ووتی من وتۆ ماوین پارەشمان پێنەماوە وای دەزانی من پارەم پێ یە بەلام ووتم حەزی لێناکەم و دوای رۆیشتین ووتم پارەمان پێ نەبوو ساردی بکرین هەرئەوە بوو بۆهێزەکەمان کری زۆری پێ ناخۆش بوو بەلام کەم کەس باوەری دەکرد وایان دەزانی پارەمان بەدەیان هەزارە لەوکاتەدا ئەبێت تەنها من دەمزانی کەنیمانە هەتا برادەرانی خۆشمان هەبوو باوەریان نەدەکرد، دوای چووینە گۆمەلارو دێ کۆن لەوێ دابەش بووین من لەماڵی کاك محمودیعبدالقادر بووم پاشان سەری کاك حمە دێکۆنیم داو سەریماڵی چەند شەهیدێکم دا دوای لەدێکۆنەوە چووینە ئاوای رۆستەم بەگ لای مەعەسکەرەکەوە سەرکەوتین چووینە ئەحمەد ئاواو لەوێتەوزیع بووین لەئەحمەدئاواش باران بوو تاگەیشتینە ئەوێ ئیتر لەوێ لەمزگەوت و چەندماڵێك هەموو حەرەسیاتیان دەرکرد سەروی گوندەکە رەبایەبوو خوارەوەش مەعەسکەربوو لەئاوای رۆستەم بەگ و لەناحیەیخورماڵیش جەیش و جاش بوو بەلام رژێم ئەحمەد ئاوای پێویست بوو بۆ دەنگ وباس و هاتووچۆی پیاوانی خۆیو ئێمەش ئەحمەد ئاوامان پێویست بوو بۆ هەمان مەبەست سوودی بۆشۆرش و بۆرژێم هەبوو شەو لەئەحمەد ئاوابووین بەفر دەباری لە1983/3/7 شارەزور بەتەواوی بەفر گرتبووی هەر ئەو رۆژە من گەرامەوە دەرەکۆرە، لەرۆژانی 8تا12 /1983/3 هەرلەدەرەکۆرەبووین و خەریکی ئیش وکاربووین لەرۆژی 1983/3/13 چوار داربی و چل دار توومان لەدەرەکۆرە ناشت بۆ ئەوەی لەگەڵ دارەکانی کە لەداهاتوودا سوودیان هەبێت بۆرۆژی دوای خەیارو ترۆزی وسەوزەمان چاند بۆ ئەوەی مەقەرەکان سوودی لێ وەربگرن لەرۆژانی 15-1983/3/16 دا هەموولای مەقەرەکانمان کرد بەزەرعات ئەم کارانەی ئێمە چەندلایەنە،یەکەم لەروی خۆبەخێوکردنەوە چاومان لەکەس نەبوو ، دووەم راهێنانی پێشمەرگە لەو کارەو کیفائی و ئەمنیشەوە خەڵکێکی بەباوەربوون بەدرێژخایەنی شۆرش وپشوی درێژی شۆرش گێری پیشان دەدا لەرووی ئەمنیەوە ئەوە بوو وەختی واهەبوو پێشمەرگە بۆدووکیلۆ تەماتە دەکەوتە کەمین و شەهید دەبوو، لەمەقەرەکە هەبوو ئاسان وبێ زەحمەت بوو لەرووی ئابووریشەوە هەریارمەتی دەدا بۆیە وەك واجب دەبوو هەموو مەقەرەکان ئەو شتە بکەن، لەرۆژانی 18و1983/3/19 هەرلەسورێن بووین بۆشەوەکەی

لە1983/3/22 چووینە خوارەوە لە1983/3/21 چووینەشیرەمەرو یەکەم رۆژی بەهاربوو چووینە کیشەدەری وقاجرو گردی‌شەریف ومەسەکان و ناوگردان و گامیّش تەپە،شەوگەراینەوە ناوگردان لە1983/3/23 لەمەسەکانی حاجی ئەحمەدو گردی شەریف ومەسەکانی مامۆستا مەلا عەلی بووین، لە1983/3/24 دووبارە چووینەوە مەسەکان وقاجرو گردی شەریف و دۆڵاش و ناوگردان و گامێش تەپە، لەشەوی 25–1983/3/26 ئۆردگای شانەدەری کەزیاتر لە هەزار جاشی چەکداری تێدابوو جگە لەجەیشی شەعبی کاك حمە شوان ئاگاداری رێکخستنی کردبوو هەمووبەچەکەوە ئامادەبوون و دەیان پێشمەرگەیان دابە شکردبوو لەمزگەوتێکی گەورەش هەموو میکرۆفۆنی دەبڵ موکەبرەی مزگەوت لەمزگەوتەکە بۆماوەی دووسەعات قسەم بۆدانیشتوانی ئۆردووگا کرد کەدەنگەکە دەچووە هەمووماڵێك و مەقەری جاشەکان لەترسا تەقەیان لەمەکەبەرەکە دەکرد و پێشمەرگەش لەچەندلاوە دای لەمەقەرەکەیان نەرژێم و جەیش و نەجاش جورئەتی ئەوەیان نەبوو بێنە سەرمان دوای بەسەرکردنەوەی دەیان ماڵ وخەڵك وریکخستنی حزب و دەم کوت کردنی جاش و پیاو خراپ رۆیشتینە شانەدەری سەروو لەوێ بەسەیارەو تراکتۆر چووینە کەوڵۆس و چووالەو زەردۆی لەوێ ماینەوە ، لە1983/3/26 چووینە دۆڵە چەوت و پێشمەرگەمان ناردەوە کەوڵۆس و چوالە نەوەك جاش وای زانی بێت رۆیشتوین وهاتینە ئەوگوندانە ، لە1983/3/27 چووینە هۆزخواجەو بەردەرەشەو کانی سپیلکەی پەرخ لەمزگەوت کۆمان کردنەوەو قسەمان بۆکردن لەسەر هەلوومەرجی ئەم کاتەو رێبازی حزبی سۆسیالیست بۆشەوەکەی چووینە تاسڵوجەو سۆیلەمیش و لەوێ هێزەکە لەگەڵ مامۆستا دڵشاد بەرەو حاسڵ و ئالان رۆیشتن منیش لەگەڵ مەفرەزەکەم بۆ کەڵتەکەو دوای چووینە بێرەشکە رۆژێکی ساردبوو دابەش ببوین لەماڵی کاك نوری حاجی فتاح بووین ئێمە لەسنوری ناوچەکە بێگوێ دانە کێشەی شەخسی و عەشایەری و کام عەشیرەتەو کام تیرە ئەوە هەمووکەسمان وەردەگرت بەپێشمەرگە لەوانە کورێکی قادری حمەصالح (قالە سور) کۆن سەرلقی پارتی و پاشان قیادە موەقەتەو لەساڵی 1981 کەوت بەسەر لوغم داو لەگەڵ وەلی ئەبوشوارب لەناوچەی باوەجانی لای کانی سالار شەهید بوو ئەوان کورەکانی هەندێکیان پارتی بوو هەندێکیان

جاش بوون یا خۆیان حەشاردابوو لەسەر ئەوەی یەکێتی عەزیزی مامیانی کوشتبوو ئەویش گوایە برایەکی کاك حەمەی حەمە سەعید کاك شاهۆی کوشتووە ئەوە کەئێمە ئاگامان لەوە نەبووە ساڵێك یا پێش تر شتی وا رووی داوە، تۆفیق رەحیم کەجاش بوو لەهەڵە بجە هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ ئیمە هەبوو چەند جارمەفرەزەی پێشمەرگەمان دەچووە ناو هەڵە بجە لای ئەوان دەحەسایەوەو هاوکاریان دەکردن بۆگرتنی ئەوکەسانەی دەمان ویست وەکۆمەڵێکیان لەهەڵەبجە گرت لەوانە صاڵحی قالەهۆری کەلەمانگی 1977/6 چەکێکی سەمینۆڤ تەسلیم بەرژێم کربوەوە لەکانی سێفەوە لەگەڵ حمەی ئەحمەد بوزانی لەدوای ئەوچەند ساڵە ئیجرائاتی چەکەکەمان کرد وە توفیقی گەروچمان گرت لەگەڵ چەندکەسێکی ترئەوانە بەهاوکاری چەکدارەکانی توفیقی رەحیم بووکەئامر مەفرەزەی جاش بوو وە تۆفیق داوای لێ کردین کە(3) کەس هەیە بیان کەین بەپێشمەرگە تاریق قادری حمە صاڵح و شەماڵ (عمر مام کەریم) پێشمەرگە بوون لەگەڵ کاك تاهیردا و عەزیزی قادر ئەمین لەعەشیرەتی نەورۆڵی بوون تاریق لەعەشیرەتی تاوەگۆزی بوو خزمی کاك تاهیر بوو ئێمە لەگەڵ هەموو عەشیرەتەکان پەیوەندیمان باش بوو بەڵام ئەمانە لەناو خۆیان لەگەڵ شەمێرانیش دوژمنا یەتیان هەبوو هەروا لەگەڵ یەکێتیشدا ئێمە زۆر لەوکێشانە نەدەکۆڵینەوە بەڵکو هەر هەوڵی چارەسەرمان دەدا لەوماوەیەدا ئەوان هاتنە لای ئێمە یەکێتی بەهان دانی کاك مەلابەختیارومامۆستا شاهۆ هەمیشە هەوڵی کوشتنی ئەو کورانەیان دابوو بێ ئاگاداری ئێمە کەئەوانە پێشمەرگەی سۆسیالیستن لەو کاتە شەرمان نەبوو زۆر جار یەکمان دەبینی بەڵام ئەوان هەرلەدوایان بوون ، رۆژی 1983/3/28 تاریق و شەماڵ وعەزیز داوای ئیجازەیان کردبوو بۆسەردانی کەس وکاریان لەهەڵەبجە ئەو کاتە ئەوان لای مامۆستا دڵشادبوون لەقەڵبەزەوە رۆیشتبوون لەو کاتە دا هێزێکی یەکێتی لای جەرد ئاسنەو ئەوناوەبوو مراقەبەیان کردبوون و کەمینیان بۆ دانابوون لای تووە قوت بەقیادەی ئامرکەرتێکیان بەناوی لەتیف حمەی مەلا سابیر لەهەڵەبجە مامۆستا شاهۆ وزۆری کە کەوتنە کەمینەوە لەسەعات (9)ی سەرلەبەیانی تاریق وشەماڵ شەهید ببوون و عەزیز دەرچوبوو بۆلای برادەرانمان گەرابونەوە وەکو لەیاداشتی شەهید مامۆستا دڵشاددا هاتوە کەمەسئولی هێزەکان

بوولەشارەزوور دەڵێت... داوای ئیجازەیان کردو پێم خۆش نەبوو بەڵام زۆر ئیلحاحیان کرد بەنابەدڵی ئیجازەم دان و، کاتیَ هەواڵی شەهید بونیان هات بۆمان زۆرم پیَ ناخۆش بوو بریارماندا تۆڵەیان بکەینەوە لەوکاتەدا نزیکەی (30) کەسێکی یەکێتی لەبێرەشکە بوون بەڵام نوری کۆیی لەسەر جیهازەکە بوو بەمنی نەوت شتێکی وایە کاک نوری بەخاوەن ماڵەکەی وتبوو ئەویش ئاگاداری یەکێتیەکانی کردبوو برۆن و نەوەستن چونکە (2) پێشمەرگەیان شەهید کردووە، قەناعەتی خۆم بوو دوای نوری بانگی کردم کەجیهاز داوات دەکات لەجیهازحاڵی بووم کە تارق و شەماڵ شەهید بون، نوری حاجی فەتاح یش زۆر شپرزە ببوو زۆریش رجای کرد کەشەر نەبێت ووتم کاک نوری ئێمە بریاری شەرمان نیە تایەکێتی شەرمان نەکات ئەگەر شەرمان بکەن دەریان دەکەین لەوسنوورە شەریان دەکەین لەسەرانسەری کوردستان، نوری کۆمەڵە بوو سەربەیەکێتی بوو بەڵام دۆست وبرادەری من بوو حاڵی بووم، سەعات (11) بوو (2) سەعات تێپەری بوو یەکێتیش وەکو ئێمە تەوزیع ببون بەڵام ئەوان بەپەلە خۆیان کۆکردبۆوەو نانیان نەخواردبوو بەرەو شاتوان وکەڵتەکە بەریَ کەوتبوون  من هاتمە دەرەوە بیانگرین ئەوان ئاخر کەسیان لەو بەری چەمەکەی خواروی شاتوانەوە دەرباز بوون، نوری کۆیی لابەلا خەبەری پیَ دابون ئێمەش ئاگاداری هەموو لایەکمان کرد لەهەر کوێیە یەکێتیتان دەست کەوت بیانگرن هەر لەئالان وحاصڵ (2) کەسیان لیَ گیراو لەتەپی سەفا (2) کەسی تر گیراو وادیار بوو ئاگاداریان کردبون کەیەکێتی کەمەفرەزەکانیان دەرباز بکەن چونکە شتێکی وابووە لەنێوان بێرەشکەو دۆڵاش، (6) کەسمان لیَ گرتن لەیەکێتی لەوانە کاک جەمیل هەورامی وکاک شەوکەت حمە صالح ونوری ئالانی ونزیکەی (12)کەسمان لیَ گرتن  وە لەشارباژێریش لێیان گیراو مەسەلەکە بەرەو گەورەتر رۆیشت، شەوی 28–1983/3/29 لەشیرەمەر بوین (11) کەسی یەکێتی سجن بوون لامان بەرێمان کردن بۆ مەقەری سورێن و هێزەکانمان ئاگادار کرد لەهەموو لایەکەوە وریا بن ، من گەرامەوە مەقەری دەرەکۆرە لەو مانگەدا یەکێتی شەریان پیَ دەفرۆشتین بەناحەق، لەرۆژی 1983/4/11 لەسورێن بوین من تەمەنم (29) ساڵ و(4)مانگ بوو لە 1983/4/12 لەشیرەمەربوین  بریارماندا دەست لەرژێم بوەشێنین دوای ئەوەی یەکێتی مان لەناوچەکە دەرکردولەسنوری جادەی

دەربەندیخان و بۆ دۆڵی گلاڵ و شارزوور بەتەواوی و جگە لەمەفرەزەی (2) کەسی یان (5) کەسی کەلەهەموو ماڵێکدا خۆیان دەشاردەوە، لە 1983/4/13 لەکیشەدەری وقاجرودۆلاش و ناوگردان بوین و خۆشم چووم‌ە خوارەوە، لە1983/4/14 چوینە بێرەشکەو کەڵتەکەو کەڵوران وسۆیلەمیش وسواری و تەپەکەل وەزعەکە بەرەو ئاڵۆزی وشەڕێکی گەورە دەڕۆیشت من خەمی سەرکردایەتی وهەولێرم بوو دەترسام ئیحتیاتاتی خۆیان نەکردبێت هەمیشە ئەوان دەیانوت شەڕناکەین بەراستی پەروەردە کردنی پێشمەرگە وبەشەر نەکردن وبەرچاو ون بوونی سەرکردایەتی ویادوودڵی شەر بکەین یانەیکەین لەکاتی چارەنوس سازدا دەردێکی کوشندەیە بەلام ئێمە بەرچاومان رون بوو بریاری شەر یادیفاع هەمیشە لامان بوو غافڵ نەبوین چونکە بەرامبەرەکەی خۆمان دەناسی و خۆشمان دەناسی بۆیە زۆر بێ منەت بوین لەشەر پێمان خۆش نەبوو بەلام دیفاع و شەریشمان دەکرد، لە1983/4/16 لەتەپەکەل ومالوان وکانی کەوەی کۆن وحاصڵ وئالان بوین ئاگاداری هێزەکانمان کرد لەهەموو لایەکەوە کۆببنەوە، لەرۆژی 1983/4/17 یەکێتی بەتەواوی اعلانی شەری کرد لەگەڵ پارتی دا لەوکاتە کاک حمەی فەرەج مەسئولی عەسکەری مەڵبەندی (1) ی یەکێتی بوو نامەیەکی بۆ من نوسیبوو کەمن بەشداری شەر نەکەم دژی یەکێتی چونکە پارتی لەترسا خۆیان بلاویان کردوبوەوە گوایە من لەدۆڵی گلاڵ وحاجی مامەندەوە دەچمە سەر مەقەری یەکێتی، ئێمە لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە لەپارتی نارەحەت بوین شتی وامان نەدەکردبەڵکو حەزمان دەکرد یەکێتی شەری پارتی بکات بەلام یەکێتی لەئەساسدا شەری ئێمەی دەکرد لەسەرەتای مانگی (4) 1983دا چەند پێشمەرگەی یەکێتی فیشەك لەدەستیان دەرچوبوو بریندار ببوون ، عوسمانی قادرمنەوەر بۆ ئەوەی بریندارەکان نەمرن و بەسەلامەتی بگەنە خەستەخانە رێگای دابوون، من پێشتر کاك عوسمانم ئاگادار کردبوو لەرێگەی رێکخستنی سلیمانیەوە کەیەکێتی شەرتان دەکەن و بریاری کوشتنی تۆیان هەیەو هەڵوەشاندەوەی هەرێمەکە بەلام کاك عوسمان دووخالی هێشتبۆوە .. یەکەم، لەنزیکی شاروسەردانی کەسوکاری پێشمەرگە رۆژانە بۆ لایان لەشارەوە جێگای مەوعدوچاوپێکەوتنی دایك وکەسوکاری پێشمەرگەی سۆسیالیست لەشارباژێرولە دارەکەی حسك لەدۆڵی دوکانیان هەموو

رۆژێـك لەسـليمانيەوە دايـك و خوشـكی پێـشمەرگەو خێزانيـان نـان و مەنجەڵـە يـا پراخ و كفتـەو شـفتەيان بـۆ دەهێنـان، دووەم لای ئێمـە بوايـە دەسـەڵاتی کـەم دەبوو لەحاكميـەت چـونكە لەشـارباژێر ودەوری سـليمانی سۆسياليـست حـاكم بـوون وەخۆيـشی لـەرێگای رێكخستنەكانەوە جارجار پارەی كۆدەكردەوە لەناوشار وەعبدالله ئاغايش تەئسيری تیٚ كردبووبۆئـەوەی سـوود لـەو هێـزەی سۆسياليـست وەربگـرن چـونكە پـارتی و يـەكێتی بڕياری شەريان هەبوو ياپارتی لەسەر جەزای عەلی كاتـب بڕيـاری شـەری هـەبوو جەزاش رەفيقی عوسمان بوو لەسەيارەی عوسمان كوژراوبوو كاك جەزا لەساڵی1967 دا خاليدی حاجی فەرەجی لەهەڵەبجە كوشتبوو، وا عوسمانيان تێگەياندبوو كەعوسمان بەكوشـتی داوە ئـەوە وای كردبـوو كـەعوسمان لەشـارباژێر بمێنێتـەوە ئێمـەش دەمـانزانی يـەكێتی بەرنامـەی شـەری هەيـە دژی سۆسياليـست نـەك پـارتی لەوكاتـەدا دوای ئێمـەش شـەری پارتی بكـات بـەوەش هـەر قەناعـەتم نـەكرد لـەرێگای كـاك جـەمال حمـە نوقڵـە كەمەسئولی رێكخستنی ناوخۆی سۆسياليست بوو كاك جەمال رەئی وابوو منيش برۆمـە شـارباژێرو هـەموو هێزەكـان لـەویٚ بێـت و لـەوێوە لەگـەڵ پـارتی پـەلاماری مەڵبەنـدی يـەكێتی بدەين سەركردايەتيش هەر رەئی وابوو من دەمويست هەڵە دووبارە نەكەمەوە چونكە ئەوماوەيـە پـارتی زۆرعەزيـەتيان دابـوين و لەسـەرپارتی يابەتـەنها شـەر بكـەين عـەلی بـچكۆل و (12)پێشمەرگەم لەگەڵ نارد لەوانە كەريمەريشەو مستەفا دەمركانی وسەرداريەخی ماڵی و شێخ توفيق و رەوف زەرايـەنی و حمـەی عازەبـانی وچەندين پێشمەرگەی بەتوانا ووتم برۆنە شارباژێر كاك عوسمان و هەرێمی (3) هەموی لەگەڵ خۆتان بهێنن و ئەگەر يەكێتی بـو بەتوشـتانەوە دەسـتيان لێمـەدەن ئێـوە هـەوڵ بـدەن كـاك ئـاوات (عومـەر) فەرمانـدەی شارباژێری يـەكێتی يامەسئولەكەيان بگـرن وبييـان هێـنن لـەنێوان دۆڵـەتوو چنگيان (2) سـەيارەی يـەكێتی دەكەوسـێتە ناويانـەوە و كـاك عـەلی و ئـەوان دەڵـێن فرسـەتی باشـە دەيانگرين ودەيانبەين كاك نوری حاجی عەلی زەرنگەر جێگری كەرت بوو لەگەڵ هەندێك لەپێشمەرگەی هـەرێمی (3) تكايـان لـیٚ دەكـەن دەڵـێن ئەگـەر ئـەوە بكـەن شـەر دەبێـت لـەم سنووره يادەڵێن سۆسياليست شەری دروست كردوەو پەشيمانيان دەكەنەوە دوای بەكاك عوسمان دەڵێن، كاك عوسمان دەڵێت كاكە ئێوە دەتانەوێت ئەو ئيماراتە لەمن تێك بدەن،

بێینە شارەزوور لەویٚ چی دەکرێت لێرە هەمو شەوێك لەسلیمانین و شەردەکەین بەو قسانە خۆیان دەخەڵەتێنن و برادەرانی ئێمە لە1983/4/18 گەرانەوە و من بە(ئامین)ی خوشکم دا نامەیەکم بۆ ناردن لەماڵی شێخ کاوە، باجی حەلاوی دایکی کاك جەمال لەگەڵ ئامینی خوشکم رویشتبونە سیتەك وماڵی حەلاوە خانی خێزانی شێخ لەتیف کاك عوسمان هاتبوە ئەویٚ و بەڵام هەر لەویٚ مابوەو وەڵامی منی دابوە دەڵێت ئەگەر شت بووە دەچمە لای برادەرانی پارتی و لەگەڵ ئەوان یەك دەگرم من حەزم نەدەکرد برواتە ئەویٚ کەمینێکیان دانابوو وەستا عومەر کریم وفەرەیدون صابریان شەهید کردین لەگورگە دەرو پێشتریش سەیارەکەی کاك عوسمان چوبوو جەزای عەلی کاتب بردبوی بریندلری یەکێتی رزگار بکات لەگورگەدەر کەمینیان دانابوو عەلی رەشە جوتەوحمەعەلی بەرزنجی وجەماعەتێك جەزای عەلی کاتب وچەند کەسیٚ لەبریندارەکانی یەکێتی کوژران وسیارەکەی کاك عوسمان سوتێنرا واتا کەمین بۆ سۆسیالیست دانرابووچونکە سەیارەکەی کاك عوسمانیان ناسیبوونەیان زانیبو جەزاو برینداری خۆیانی تیایە نەك پارتی دوای ئەوەش من ناردم عوسمان هەرمایەوە لەو سنورە من دەمزانی پارتی شەری پیٚ ناکرێت و ئەوانیش توشی شکان دەبن و زەرەری تێدا دەکەین، لە1983/4/17 یەکێتی بەرادیوو دوای ئەوەی ماوەیەك بەهۆی مەلامحمدی شارەزووریەوە کە خۆی لەرێکخستنی یەکێتی بوو هەندێکی کە لەخەڵکی ناوچەکەوە بۆ ئاشتی دەکرا بەڵام لەئەسلاٚ بۆ وەخت بەسەربردن وخاوکردنەوەی هێزەکانی پارتی و سۆسیالست و کۆکردنەوەی هێزەکانی یەکێتی لەسەر هێزەکانی پارتی بووچونکە هێزەکانی یەکێتی دەستیان بەتاڵ بوو لەشەری ئێران لەئاڵوتان وەتازەگەرابونەوە، نوێنەری ئێمە لەو سنووره مەلا جەبار بوو لەکۆبونەوەکان بەشداربوو ئاگاداری کردین شەر دەبێت لەنێوان پارتی و یەکێتی دا من ئاگادارم کردن بگەرینەوە لای ئێمەو بەشدار نەبن لەگەڵ پارتی (40) پێشمەرگەی کەرتی شەهید محمود زەردۆیی و کەرتی مامە رەشەی کەچە بوون ئەوان بەرەو دۆڵە چەوت گەرابونەوە وکاك عوسمان بەرەو لای موبرە رۆیشتبون و لەویٚ لەگەڵ پارتی تەنسیقیان کردبوو (2-3) رەبایەیان وەرگرتبوو لەوانە حەسەن حمە نوقڵە کەرت بوو عومەری حەلاو جێگری کەرت بوو کەمال حاجی ابراهیم وئاراسی برای کاك

عوسمان  مەسئول بوون و لەگەڵ هێزەکە مابونەوە لەرەبایەکان دا، لە1983/4/18 چوینە قەڵبەزەو کانی مرواری وچوینە دەق وکانی کەوەی کۆن و لەوێ جاشێکیان بەدەمانچەوە گرت بەناوی حەسەن سەعید، لەوێ (16) کەسمان جیاکردەوە لەگەڵ عەلی بچکۆل و مەلافائیق و مەلا غەریب ناردبۆ سەر رەبایەی حمایەی فرقەی (36) لەسەراو لەنێوان سەراو سەیدصادق لەسەر چیاکان یەکێك لەرێکحستنەکانی حزب لەو رەبایانە بون لەکات وساتی دیاری کراودا کە ئەو حەرەس بوو چوینە سەر رەبایەکە لەشەوی 19-1983/4/20 سەعات (11)ی شەو بەلأم تەقە روی داو شەر بوو (2) کەس کوژارو رەبایەکە گیراو (7) دیل و یەك ئار.بی.جی و هاوان و(10) چەك و بەتانی و هێسترێك دەست کەوت بوون و گەرانەوە رەبایەکەشیان ئاگر تێبەردا، لەتەپەکەل بەجیهاز بەمنیان ووت دەمێنینەوە هیلاکین من رازی نەبوم و ووتم نەوەستن وادیار بوو رژێم چاودێری جیهازەکانی دەکرد وجیهازیان لابوو اتجای جیهازەکان بزانێ ئێمە لەکانی کەوە وە بەتراکتۆر بۆئالان وحاصڵ وقەڵبەزەوکانی بەردینە چوین داوام کرد ئەوانیش بگەرێنەوە کانی بەردینە بەلأم پیپێشمەرگە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا هەندێك لەخۆبایی دەبوو خۆی بەشت دەزانی و دوژمنی بەلاوازتر دەزانی  من هەر خەمم بوو وتیان دێینەلاتان بەلأم ماندوین با(1) سەعات لەقەڵبەزە ئیسراحەت بکەین دوایی دێین، زۆر دواکەوتن رۆژبووە نەهاتن داوام کرد بێن وتیان خۆ تا ئێستا هیچ نەبووە بەلأم شەو زانیبویان بەجیهاز لەتەپەکەل ولەکانی بەردینە قسەمان کردووە هەرچەندە بەهۆکی تۆکی و بەجفرە قسەمان دەکردبەلأم هەر دەیانزانی چونکە جیهازی تازەوباشیان هێنابووە ئەو سنوورە کەبۆ شەری عێراق ئێران و ئێمەش سودیان لێوەردەگرت ئەوەی رەبایەکەشیان بەناوی گرتنەوە لەگەڵ (7) دیلەکە هێنابوو، سەردار تەپی کەرەمی بووکەتەنزیمی خۆمان بووئەوشیان لەگەڵ دیلەکاندا هێنابوو چونکە ئەویش سەربازبوو نزیکەی (16) پێشمەرگە لەقەڵبەزەوە لەگەڵ (6) دیل مابونەوە  وەسەرداریش چووە لای ئەوان بون بە(17) پێشمەرگە، ئێمە (52) پێشمەرگە بوین لەکانی بەردینە لەسەعات (10س)ی پێش نیوەرۆ (9) هلیکۆپتەر هەڵساو یەکسەر لەدەوری تەپەکەلی ساردتکە لەسەر تانجەرۆ نیشتنەوە وجەیش لەخوارەوە گوندەکەیان پشکنی و هیچیان دەست نەکەوت تاسەعات

(11) ی پێش نیوەرۆی پێچوو لەسەعات (11)دا هەڵسان وبێ وەستان لەدەوری کانی بەردینە سەرەتا دەوری گوندەکەیان لەسەر بەرزاییەکان جاش و جەیشێکی زۆریان دابەزاند، من داوام لەحەرەسەکان کرد کەبێنە ناو گوندەکەوە وکەس خۆی دەرنەخات، کانی بەردینە هەردەیەو بەڵام روتە نەدارونەجەنگەڵ هیچی تیانیە و گردەکانی ساف و گوندەکە لەچاڵیەکدایەو هەر چوار دەوری چیایەو لایەکی دەریاچەی دەربەندیخانەو لایەکەی کەشی جادەی سلیمانی دەربەندیخان و زەرایەن و ناوچەی وارماوەی کۆنە واتا تەیارە لەهەموو لایەکەوە خەڵك و پێشمەرگە دەبینێ ئەگەر خانوەکان نەبێت هیچ جێگایەك بۆ پێشمەرگە نیە، رژێم هێزی دادەبەزان و (3) هەلیکۆپتەری جەنگی و چەندین مدەرەعەی بارهەڵگری جەنگی گەورەو ئەوانیش ساروخ و دۆشکەیان لەسەر بوو ئەو هێزە بەرزاییەکانی دەگرت و چاوەرێ ی هێزی زەمینی دەکرد کەلیوای (99)و(90) و هێزی تایبەتی لەتوتمان و پێنجوێن وبەرەی شەری عێراق ئێران گەرابونەوە نزیکەی (5) هەزار جاش و (10) هەزار سەرباز و(250) سەیارەو ناقیلەو دەبابەوە لەزەویەوە هێرشی کردە سەرمان یەکەم هێز تووشی شەر بوو لەکانی بەردینە لەسەعات (11/30) تەقەدەستی پێ کرد چونکە ئەوان نەیانزانی بوو لەقەڵبەزە پێشمەرگەی لێ ماوە جیهازەکانیان کەشفی کردوو بێ ترس جاشەکانی حمەخانی حاجی دارا و جاشەکانی زەرایەن بە(2) شۆفرلێت و (1) ئیڤاوە لەگەڵ جەیشەکە لەپێشەوە هاتبوون و لەیەکەم ماڵی قەڵبەزە دا عەلی بچکۆل وجەماعەتی حمەی مامە سەعە ومەلافائیق وجەمال دۆڵەسوری و ئەوانی لێ بوون کوژراو بریندایان جێ هێشت لەوانە تاهیر مۆریاسی کەپێشمەرگەی سۆسیالست بوو چوبووە لای یەکێتی دوای هاتەوە لای ئێمەو هەم چووە لای یەکێتی و دوای کادرێکی یەکێتی کوشت بەناوی (سیف الدین هاواری) لەگەڵ سەعید عەبدول ناوێك تەسلیم بەرژێم بونەوە، یەك لەبریندارەکان تاهیر بوو کەدوایی کوژراوچەند جاشێك و سەیارەی حمە خان بو خۆی بەپەلە پروزە دەرباز ببوو هەویە موستەمسەکەکانی جێ مابوون و تائێستاش لامانە ئیتر ئەوان شکان من لەبەر ئەو پێشمەرگانەی قەڵبەزە کەم بوون (17)کەس و (6) دیل بوون لەوێ هێرشمان دەست پێکرد بۆ سەر بەرزاییەکان چونکە پێشتر هەموو تەیارە هەلیکۆپتەرەکان

لەقەڵبەزەوکانیبەردینەی دەداو چەند ماڵێك ئاگری گرتبوولەقەڵبەزەوکانی بەردینە وە جەیش وجاش روی لەقەڵبەزە دەکرد، لەسەعات (2\30) ئێمە هێرشمان دەست پێکردومن چەند ئار.بی.جی یەکم دالەتەیارەکان کەحمەرەشید مرواری ئار.بی.جی.یەکەی بۆدەهێنام وە هێزێکی باش ئامادە کرا لەوانە نجم گردی شەریفی وصالح قارەمانی و حەسەن قارەمانی و حەسەن جاف و مستەفا دەمرکانی وسەرداریەخی ماڵی خۆیان ئامادە کردبوو هلیکۆپتەرێك هات و لەدوری (30) مەتر لەمنەوە سەربازی دادەبەزاند ئار.بی.جی یەکە لای حمە رەشیدی مرواری بوو ئەوکات ئیسلامی بوو تازە هاتبووە لای سۆسیالیست و ببوە پێشمەرگە تابانگی ئار.بی.جیم کرد ژێرسەیەکم لابوو لەچەپەوە دەبوومیلەکەی بێنیتەوەو تەقەی پێ بکەم تەیارەکە بەمنی زانی و من ئار.بی.جی م لێدان و تەیارەکە خۆی بۆ چەمەکە هاویشت و بەرزایەکەو گردێك کەوتە نێوانمان بەلاّم نەیوێرا دەستی کرد بەسەرباز دابەزاندن ئیتر ئێمەش لەسەربازمان داو هەندێکیان کوژراو هەندێکیان گیران دوای ئەوە مستەفاو ئەوان هێرشیان کرد لەهەموو لایەکەوە وەمستەفا رومانەیەکی هەڵدابۆناو جەیشەکە وەپەلامارمان دان شەربوتاسەعات (5\30) ی ئێوارە رژێم شکالەهەموو لایەکەوە بەئار.بی.جی. لەتەیارەمان دەداولەهەموو لایەکەوە هێرشمان لەسەر بوو شەرێکی گەورەبوو دوژمن شکاو بەدوایدا رۆیشتین بەرەو قەڵبەزە بەتەمای ئەو پێشمەرگانەی قەڵبەزە نەمابوین دوکەڵ لەخانوو بەرزبوەوئاگری گرتبوو لەو شەرە سەختەداو لەهێرشدا لەو دۆڵە هێشتا مابومان بگەینە قەڵبەزە عەسکەریەکی زۆر کەوتبوو لەبەردەم مان لەپێشمەرگەو لەجەیش هەموو دەکەوت بریندارو کوژراوهەبوو لەئێمە حەسەن قارەمانی وحەسەن جاف و عەلی حمە ئەمین قالیجۆیی شەهید بوون و صالح قارەمانی وسەرداریەخی ماڵی بریندابوون خۆرئاوابوو ئێمە گەیشتینە بەرامبەری ماڵەکانی قەڵبەزە سەیرم کرد(1)شۆفرلێت و یەك ئیڤا وەستاوە وامزانی جەیشە نزیك بووم دوکەڵی ئاگری خانوی سوتاو رێگای نەئەدا (2) ئار.بی.جیم لەسیارەکان دا ئەگەر پێشمەرگە بێ لەگوندەکە بانگ دەکەن و ئەگەریش جەیش وجاش بێت تەقە دەکەن کەس دەنگی نەبوو تەقەیش نەبوو (2) کەس لەنێوان ئالان قەڵبەزە لەنزیك جاش و جەیش تەقەیان دەکرد

پشتیان لەئێمە بوو وتم ئەوانە لەپێشمەرگە دەچن برادەرەکانم  باوەریان نەدەکردعوسمان و صـلاح ورزگـار دەیـانوت پێـشمەرگە نیـە ئەوانـەش لەدەسـتەکەی خـۆم بـوون ئـەوان لـەناوەوە تەقـەیان لـیٚ کـردین نیـو سـەعات تەقـە بـوو مـن ئـەو تەقەیـەم بەجـەیش نـەزانی چونکە جەیش تەقەی زۆر دەکات بەلاّم پێشمەرگە تەقە کەم دەکات بانگم کردن وتم ئێمە پێـشمەرگەین ئێـوە چـین وتیـان پێـشمەرگەین منیـان ناسـی وبـانگی منیـان کـرد بـەلاّم پێشمەرگەکان هـەموویان دەنگیـان دانوسـابوو دەنگیـان دەرنەدەچـوو کـاس ببـوون لەبـەر تـۆپ وتەقـەی زۆری شـەرەکە خـەڵکی گوندەکـە بانگیـان کـردین پیـاوێکی بـاش و ئـازاو ماعقولٚ ناوی حاجی عەزیزبوو بانگی کردین، حـاجی عـەزیز تەمـەنی نزیکـەی (65) سالٚ دەبوو بەلاّم ئەو رۆژە شان بەشانی پێشمەرگە شەری کردبوو خـەڵکی هـان دابـوو ئافرەتی قەڵبەزە بە ئاو نان و فیشەك هاوكاری پێشمەرگەیان کردبو، قەڵبـەزە گونـدێکی گـەورەی (200) مـاڵی بـوو لەچـۆلاّیدا بـوو دەوری روت  و بـەلاّم هـەردە بـوو گوندەکـە لەسـەر چـەمووئاو بـوو بـەلاّم دارو جەنگـەڵی نـەبوو تـەنها خانووەکـان جێگـای سـەنگەر بـوون خەڵکەکـەی دڵـسۆزوئازاو کوردپـەروەر لێهـاتووبوون بەتایبـەتی بـۆ سۆسیالیـست پـشتوو پەنایەکی گەورە بوون لەوشەرەشدا لەژێر ئـەو هـەموو تـەیارەو قومبەلەیـەدا بەدڵـسۆزیەوە شەریان دەکردو هاوکاری پێشمەرگەیان دەکرد، گوندێکی واگەوەرودرێـژی (2) کیلۆمـەتر ئەگـەر خـەڵکی نەبوایـە پێـشمەرگەی  کـەم برینـدار دەکرایـەوە لـەو (17) کەسـەش (2) پێشمەرگەی قارەمان یەکێکیان شەهیدو ئەویان برینداربو واتا ابراهیم حاجی عبدالله دانیشتوی گوڵەخانە و عەزیزی حاجی فەرەج میرمام دۆڵی گلالٚ کەدایکی ئەو پیٚ ی ووتم مەسئولێکی گـەورە هـاتووە لەیـەکێتی هـەتا لەحمـەی حـاجی صـابیر گـەورەترە دوای یـەك سـەعات ئـەویش لەبەرکاریگـەری برینەکـەی شـەهید بـوو لـەو شـەرەدا خـەڵکی گوندەکـە زۆرهاوکاریان کردین لەوانە حاجی عەزیزو ماڵی محمودی حمـەئاغا و وەتـەواوی خـەڵکی گوندەکـە  هەرلەوشـەرەدا مـاڵی کـاك محمـدمحمود کـەریم ورەحـیم اللـە کـەرەم ومحمـد محمودمولود سوتا لەگەلٚ چەندماڵێکی تـردا وەلەوشـەرە(5) شـەهیدمان هـەبوو ( حەسـەن قارەمانی جێگری کەرت، حەسەن جاف ئامر مەفرەزە، عەلی قالیجۆیی پێشمەرگە، عـەزیز حاجی فەرەج ئامر مەفرەزە، ابراهیم حاجی عبدالله ئامر مەفرەزە) ئەوانەی شەهید ببـوون

زۆریـــان مەســـئول بـــوون ئـــامر مـــەفرەزەی ئەوکاتـــە دەســـەلاَتی هـــەبوو، ســـەرجەم بریندارەکانمان(16) کەس بوون لەو شەرەدا ئێمە (110) پارچە چەکمان گرت و (12) جیهازی راکاڵی بچوك و (4) ئار.بی.جی،و (2) جیهازی روسی و(5) دوربین و(22) سەربازو دەرەجەدار یەکێکیان مولازم ئەوەل بوو لەشەری عێراق ئێرانەوە هێنابویانەوە خزمی نەعیم حەداد بوو دوای گۆریمانەوە بە پێشمەرگەیەکی بریندارمان کەگیرابوو لە ئەحمەدئاوا ناوی ئەحمەد صۆفی عەلی خەڵکی ناحیەی سیروان گوندی جان جان لەعەشیرەتی عەمەڵەبوو گۆریمانەوە لەگەڵ عێراقدا وە(6) دیلی کەی رەبایەکەش هەبوو هەموو (28) دیل بوون یەکێکیان سەردار بوو کە رەبایەکەی تەسلیم کردین ئەو بەدیل حیساب نەدەکرا لامان واتا (27) دیلمان هەبوو لەعەرەب و تورکمان لەگەڵ (1) ئیڤاو (1) شۆفرلێت پیکاب کەلەکار کەوتبوون، کوژراوی دوژمن زیاتر لە (130) کوژراو(6) جاش کوژراو هەبوو (2) جاشیش دیل هەبوون ، زۆر ماندوشەکەت بوین بە (4) تراکتۆر بریندارەکانمان لەقەڵبەزەوە بارکردو شەهیدەکانمان ناردبۆ کانی بەردینەولەوێ بیان نێژن ئێمە زانیمان کەدوژمن بۆ  رۆژی دوایی دێتەوە بۆ جەنازەو جێگای شەرەکە ئێمە دورکەوتینەوە لەو سنورەوچوینە تەپەکەل شەو سەعات (2)ی شەو گەیشتین تائەو کاتە توانیمان جەنازەو بریندارەکان جێ بەجێ بکەین ماڵێك نەخەوتبوون لەتەپەکەل بەعەلی بچکۆلم ووت تا ئێوە تراکتۆرپەیدا دەکەن من شکم لەو ماڵە هەیە پێ دەچو کەشتی لێ بێت  مالی عەلی ناوێك بوو سەیرم کرد کەسم نەدی هاتمە دەرەوە لام سەیر بوو ئەو ماڵە نەخەوتبوون ومیوانیان هەبوو کورێك هاتە لامان و ووتی جوندیەك لەو ماڵەیە و گەرامەوە وتم ئەو جوندیە هاتە ئێرە کوا وتیان  ئەوەتا جاری پێشو نەدت دی سەیر دەکەم جلی کوردیان لەبەر کردووەو لەناو ژنەکان دایان ناوە ناوی رەشید بوو چەکی کوژراوی زیادی پێ بوو شکم لێ ی هەبوو کەحەسەن قارەمانی ئەو شەهیدی کردبێت چونکە جوندیەك لای حەسەن کوژرا بوو چەکی جوندیەکە وچەکی عەلی حمە ئەمین یش نەمابوو پێشمەرگەیەك ووتی ئەمە تەقەی لەحەسەن کرد ئار.بی .کەی یەك وکلاٚشنکۆفێکی پێبوو رەئیس عورۆفا بوو ئەویشمان خستە ناو دیلەکان وبەرێ کەوتین بۆ سۆیلەمیش وکەڵوران وکەڵتەکە وشاتوان لەنێوان شاتوان و بێرەشکەدا تراکتۆرەکان چەقین بەبریندارەوە

بەزەحمەت دەرمان کردن و (2) تراکتۆر مایەوە لەبێرەشکە دووتراکتۆری کەشمان هێناو لەناوگردان و دۆڵاش و قاجرەوە چوینە چەمی کشیەری رۆژمان لێ بوەوە، لەرۆژی 1983/4/22 لەگەڵ بریندار وهێزەکەمان لەکشیەریەوە چوینە تەپەسەرقولە وقاجر بەجیهاز قسەمان کرد لەگەڵ سورێن مامۆستا دڵشاد و(30) پێشمەرگەو دکتۆر بەکر(صبری) ئێستا لەدانیمارکە بەدەرمانەوە هاتنە لامان و دەستیان کرد بەتەداوی بریندارەکان هەندێکیان برینیان سوك بوو باش بوون ئەو رۆژە سەدان کەس هاتە لامان بۆ ئەحواڵ پرسین وئەوەی ئاگای لەشەرەکە بوبێت وای زانیوە کەسمان رزگار نەبوین ئەرزوئاسمان ببوو بەئاگرو دوکەڵ هەر تەنهاعەسکەرە بریندارەکانمان بەسیارە سەر خستەوە بۆ شیرەمەر لەجادەی نێوان هەڵەبجەو سەیدصادق پەرینەوە ئەو بەرەوە دوژمن شکابوو، رۆژی 1983/4/22 رژێم هەر لەبەیانیەوە تا عەسر توانی بگاتە لای قەڵبەزە ونێوان کانی بەردینەو جەنازەکان کۆبکاتەوە بە خەڵکی ناوچەکەو تەقەکردن بەتۆپی گەورە لەجێگای شەرەکە وعەزیەت دانی خەڵکی هاوزەمان لەگەڵ رۆژی گرتنی رەبایە، پێش ئەمە بەدووڕۆژواتە لەرۆژی 1983/4/20 یەکێتی هێرشی بۆسەرپارتی دەست پێکردبوو لەشارباژێر ئەو هێزەی ئێمەش نزیکەی (90) پێشمەرگە دەبوون لەگەڵ پارتی یەکیان گرتبوو لەترسی یەکێتی چوبونە سەنگەرەوە، شەهید کردنی عومەروفەرەیدون وای کردبوو کەهێزی ئێمەش کەس رازی نەبوو بچنە سەنگەرەوە لەوشەرە ئەگەر هێزی سۆسیالیست لای ئێمە بوایە توشی ئەو زەرەرە نەدەبوون و خۆشیان لەشەری پارتی و یەکێتی نەدەگلان و بەتەنها دەستمان دەوەشاندو هەر لەناوچەکەش دەبوین هێزی ئێمە هێزی کاریگەری جود بوو من دڵنیابووم لەشکاندنی پارتی لەکاتێکدا کەمین بۆ هەرێمی (3) دانراو جەزای عەلی کاتبی تێ کەوت نامەیەکم بۆ کاك نادر هەورامی نارد کەشتی وا روی داوە بەرنامەتان هەیە لەوبارەیەوە وەکو جود ئەویش لەسەر نامەیەك یاکاغەزێك زەرد دەڵێت من دەرۆم بۆ شارباژێر و دەبێت تەمێی جەلالی بکەم و تۆڵەی جەزایان لێ بکەمەوە، ئێستایش پێویستمان بە هێزی ئێوە وجودنیە، هێزی تەواومان هەیەو بەشی ئەوان زیاتر دەکات و چومە شارباژێر ئاگادارتان دەکەم... هەرچوبونە شارباژێر یەکێتی نامەی بۆ من دەنارد کەشەری ئێمە ناکەن و نامەی کاك عوسمان وکاك نادر هات دوو

نامەی جیا جیاو نامەی هاوبەشی کەش کەسەربکەوم بۆ لای دۆڵە چەوت و ئەوانیش لەوێوە هێرش بکەن بەڵام لەبەر وەڵامی نامەکەی کاک نادرو پێشترش بەعوسمانم وتبوو بگەرێنەوە چونکە ئێمە بەرنامەی شەری رژێم مان دانابوو لەجیاتی ئەو شەرە، شەری 1983/4/20 بەرنامەی جود نەبوو بەڵکو بریاری یەکێتی بوو شەری هەموو لایەك بکات و لەسەرئەو بەرنامەی کەلەگەڵ عێراق و بەهاوکاری وناوبژیوانی دکتۆر قاسملوکرابوو یەکێتی دەستیان بەتاڵ ببوو لەشەری ئاڵوتان و دەبو شەری جودبکەن و لەپێشەوە پارتی یان لەدۆڵی جافەتی دەرکردبوو بۆ لێدانی ئێمە بوو پاشان پارتی بێت لەسەر ئەو بەرنامەی یەکێتی شەری دەکرد، پارتیش دڵی دۆستەکانی خۆی عاجز کردبوو بۆ ئەو رێکەوتنە موەقەتەی لەگەڵ یەکێتی کردبووی ، پاسۆك لە مەقەرەکانیان کۆبونەوە و کاك مولازم کەریم هەر جنێوی بەپارتی دەداودەیوت با عوسمان هاوکاریان نەکات من لەرادیوی یەکێتی گوێم لێبوو کە هێزی پارتی و سۆسیالیست لەشارباژێر شکاون بەرەو مەریوان سەرکەوتون وپاسدار موەقەتەو جوجە رەسولی حسك و زیانەکانی دەخوێندەوە و کردبووی بەهەراو قسەیان بەمن دەوت کەمن هەر لەو سنورەش نەبوم بەڵام یەکێتی بریاری دابوو شەر بکات وپارتیش بریاری ئاشتی لەگەڵ یەکێتی دا نەبوو سەرکردایەتی سۆسیالیست دوای کۆنگرەو دوای شەهید بوونی شێرکۆی شێخ عەلی ئیتر زیاتر بەلای پارتی و دوژمنایەتی یەکێتی دەرۆیشت بەتایبەتی کاك رەسول وکاك حاجی حاجی ابراهیم وکاك قادر عەزیزو سەیدکاکەیش، کاك عەدنان و کاك عادل دوور بون کاك دکتۆر محمود لەسوریا دانیشتبو ئەوەمان دژی هاوکاری پارتی و جود بوین کەم بوین کاك ئەحمەد فەقێ رەش ومن و خاڵەحاجی و مامۆستا مەلاناصح بوین کاك شێخ محمد شاکەلی تازە هاتبوە دەرەوە هەرچەندە هەندێك هەوڵی دەدا لەرێگای خویندکاران و مامۆستایانەوە هەوڵی هەندێك بدات تازە بوو زۆر ئاو لەجێگای بیێ لی نەدەرۆیشت، مامۆستا سەعدیش ئەوکات بەرەو حزبی شیوعی جار جار لەگەڵ کاك قادر بیریان لیێ دەکردەوە وتێك دەچوون ، کاك قادر قسەی دەکردو بیری لەدەسەلات دەکردەوە لەململانیێ ی کاك رەسول دابوو هەموو شتی جیاجیا یەکیان گرتبوو خاڵەحاجی دژی پارتی بوو کاك رەسول دژی یەکێتی بوو بەڵام زۆر جار رێك بوون لەسەر چەند خاڵێك، کاك قادر

عەزیز دژی یەکێتی بوو لەگەڵ کاك رەسول رێك نەبون، کاك قادر جەباری دژی یەکێتی وپارتی بوو زیاتر یەکێتی ،سەیدکاکە دژی یەکێتی بوو بەهەموو شێوەیەك هەردەبوو لەیەکەم رۆژەوە پارتی بوایە بەلاّم بەهۆی مەسئولیەتەوە لەگەڵ سۆسیالیست مابووەوە، ئەوەی لای سۆسیالیست دەیکرد لای پارتی بۆی نەدەکرا، پارتیش هەمان شەری یەکێتی دەکردین بەلاّم پارتی شەرەکەی لەژێر ناوی دۆستایەتیدا دەکردین بەلاّم یەکێتی بەئاشکرا دوژمنایەتی دەکردین و دەیکوشتین بەلاّم پارتی تادەستی نەدەرۆیشت بەدۆستایەتی دەیکوشتین و کەدەستی رۆیشت بەئاشکرا ئەحمەد فەقێ رەش احتیاتی مەکتەبی سیاسیان لەشنۆ شەهید کردتائێستایش قاتیلەکەی ئامرلیوایە لای پارتی بەناوی ئازادعەریف شێخە، لەشەری 18و19و1983/4/20 یەکێتی دژی پارتی وسۆسیالیست یاپارتی و عوسمانی قادرمنەوەر لەشاربازێربەلاّم سۆسیالیست لەهەمووکەس زیاتر زەرەری تێدا کردو چەند کادری ئەساسی شەهید بوون لەوانە حەسەن حمەنوقلّە وعومەرحەلاوو کەمال حاجی ابراهیم و وەستاعومەروفەرەیدون صابیروشێخ عیساو ئاراسی برای عوسمان گیرابوو، (11) پێشمەرگەی سۆسیالیست شەهید بون و زۆریان بەبریندراری وبە دیل گیرابون لەلایەن جەمال حمەی خواکەرەم وکاك سامان وکاك مستەفاچاورەشەوە محکەمەی مەیدانیان بۆداناون شەهیدیان کردن بەلاّم ئاراس لەبەر رەفاقەت کاك مستەفا نەی هێشتبوو بیکوژن و پاشان (13) دیلی یەکێتی مان بەردا و ئەوانیش ئاراسیان بەردا هەرچەندە بریاری کوشتنی دوولەدیلەکان درابوو وەئیمزاش کرابوو بەلاّم من نەم هێشت جێ بەجێ ی بکەن وەپارتیش زەرەری زۆریان لێکەوت و لەوانە جەلالی عەلە ورگەو صالح خاڵەو نزیکەی (20) کەسێکیان لێ شەهید بون هەرچەندە جەلال پێش ئەوە لەنزیکی گۆرەدێم کەمینێکی دانابوو(10)کەسی یەکێتی کەوتنە کەمینەکەوە بەناحەق هەموویانی شەهیدکردبوولەناوسەیارەیەکدا کەجوامێرناوێك ئامرکەرتیان بوو وەپارتی بریندراریان هەبووشکان و بەپەلە پروزە لەگەڵ عوسمان گەیشتنەوە مەریوان و لەرێگای ساوجی سیارەی عەسکەری جۆری (ئیڤا)ی ئێران چوبوو بەدەم پارتیەوە وەرگێرابوو لای ساوجی (4-5) کەسی پارتی سەرودەستیان شکابوو لەوانە کاك نادریش ئازاری پێ گەیشتبوو رادیوی یەکێتیش گۆرانی( تۆزئەکات

**وتۆزئەکات)ی بۆ دەوتن وماڵەکەت بارکرد بەرەو مەریوان ئەمانەیان دەوتەوە، لەرۆژی 1983/4/23 من گەرامەوە بۆ مەقەری سورێن ودەرەکۆرە سەیرم کرد هەرێمی(3) لەمەریوانەوە وەکولەشکرێکی شکاو هاتنەوە لامان  کاک عوسمان خۆی دەیزانی کەکەتنی داوە خۆی خستبوە دواوە بزانیٚ من رەئم چیە لەسەری دەستە دەستە دەهاتنەوە من سەرەتا هاوارم لیٚ کردوناردم کەشت روو نەدات کەروی دا ئیتر پێویست ناکات لەسەری برۆین ئەوە نەبێت باس بکرێت بۆ ئەوەی تەجرەبەی جارێکی کەی لیٚ وەربگرێت، دوای ئەوانیش بۆ ئێوارە کاك عوسمان گەیشتەوە مەقەرو زەرەری زۆریان کردبوو ئەویش قسەی بەپارتی دەووت کەشەریان نەکردووە و ئەمان لەپێشەوە بونەو پارتی رای کردووەو جیٚ ی هێشتوون، ووتم کاك عوسمان پێویست ناکات خەتاکە بخەیتە سەر پارتی شکست کەس خۆی بەخاوەنی ناکات من سەرەتا هەوڵم لەگەڵ ئێوەدا ئەوە روونەدات تازە رویداوەو تەنها دووبارە نەکرێتەوە باشە بۆ ئەوە باس بکەین خۆت لیٚ ی مەسئولی هەموو، لەمیری سورودەرەکۆرە و پاشان لەبانی شار مەقەرمان بۆ دروست کردن وخانویان کردو چادریان هەڵداو هێزەکەشیان هەر لەورۆژانەدا (6) کەسیان لیٚ تەسلیم بونەوە بەرژێم و چونەوە سلیمانی و باقی هێزەکە لەویٚ مانەوە جار جار کاك عوسمان دەچووە جەولە تەشکیلاتی تازە کراو نەجم ئامرکەرت و محمودی حمە تاتە ئامرکەرت بەلاٚم ئەو چوبوە دەرەوە عەلی کەریم لەجێگای بوو سیروان و نوری حاجی عەلی و سەردارو سەرداری قالە بەراز و شامیلەشەل وکاك اسماعیل (سمەی تەپڵ) و زۆری کەش وەکو کاك جەمالی حەلاولەئامرکەرتە کۆنەکان بوو جەباری عەلی عەوێز لەویٚ مانەوە لەشارەزوور توشی چەند شەرێك بوون و بەلاٚم بەشەهیدو بریندارو راکردوو (53) پێشمەرگەی هەرێمی (3) مایەوە لەسورێن، لەرۆژەکانی 24 تا1983/4/30 هەر لەسورێن بووم بۆ جێگاو رێگای پێشمەرگە و ئیشوکارو شەرەکان لەهەموو لایەك گەرم تر دەبون، لەدۆڵی خەلەکان لای باداوان شەرێك ببوو لەگەڵ قوەی ئاسۆسی سۆسیالیست وحزبی شیوعی حمەی دەلاك و محمد عەلی مامەند لەگەڵ یەکێتی بەلاٚم حمەی دەلاك ئاگاداری محمد عەلی کردبوو کە هێزێکی یەکێتی لەو ناوەن و محمد عەلی کەمینی بۆ دانان ولەباداوان  سەربازئەحمەد کۆیی وشێخ شەماڵ یان کوشت، سەرباز پێشتر سۆسیالست**

بوو چوبووبۆلای یەکێتی لەشەری یەکێتی گولەیەك بەر سەری كەوتبوو هێشتا شوێنەکەی چاك نەبوەوە چووبووە ناویەکێتی وەشێخ شەماڵیش پێشمەرگەی کۆن بوو سەرەتا لەقەرەداغ بوو پاشان ناردیانە سوریالەویٚ وە بۆلای فەلەستینیەکان لەبەیروت دوایی گەرابوەوە بۆکوردستان کورێکی هێمن ولەسەر خۆبووبەلاٚم لەکاتێکدا هێزەکانی یەکێتی چوبون بۆلێدانی قوەی ئاسۆس پێشمەرگەکانی قوەی ئاسۆس چەند کەسێکیان لەیەکێتی کوشتبوو وەسەید ابراهیم کەفەرماندەی کەرت بوو لەتیپی (21)ی کەرکوك بەدیل گرتبویان بۆیە یەکێتی ئاگاداری شێخ شەماڵی کردبوو کەبێنە سەرجادە ی باداوان وئەوانە بگرن نەوەك محمدعەلی وقوەی ئاسۆس بپەرنەوە بەرەو دەشتی بتوێن وبێستانە وەیەکێتی لەویٚ هێزی بۆ کۆکردنەوە لەشەرەکەش یەکێتی شکاو سەید ابراهیم ئامر کەرتی یەکێتی بوو لەلایەن قوەی ئاسۆسەوە بەدیلی گیراو دوای قوەی ئاسۆس چونە بناری کۆسرەت، قوەی ئاسۆسیش پێشمەرگەی ئازابوون محمد عەلی ورەسول حمە مستەفاومەولان و(20) کەس بوون بەردەشانی بوون خزمی کاك رەسول بون بەلاٚم بیٚ ئیتلزام و کێشەیان بۆ حزب دروست دەکرد رۆژێك لای حکومەت و رۆژێك پێشمەرگە بوون جگە لەمحمد عەلی خزمی کاك رەسول هەموویان مشکیلەیان بۆ حزب و کاك رەسول دروست دەکرد گلەیی هەموو سەرکردایەتی لەکاك رەسول لەسەرئەوان بوو، ئەوان لەکاتی ئیسراحەت دا دەبونە(50) کەس عەزیەتی خەڵکیان دەداو شەریان دادەمەزراند لەگەڵ یەکێتی و چەکیان دەکردن هەر شەردەبوو محمد عەلی و(7) کەس دەمایەوە هەموویان تەسلیم دەبونەوە و هەر بەیانی ئاشتی دەردەچوو هەموویان دەهاتنەوە و دەبوو ئەو ماوەشیان بەپێشمەرگایەتی بۆ حساب بکرێت ئەوە بوو یەکێتی خزمێکی کاك رەسول ویا ئامۆزای کوێخا ئەحمەدیان کوشت لەبناری کۆسرەت و ئەمانیش چون شێخ حمە صالح لەبەری کۆسرەت لەگەڵ (2) کچیدا کوشتیان شێخ حمە صاڵح برای مام جەلال بوو باوکی کاك شێخ عەلی بوو هێشتا ئەوان داوای باقیان دەکرد دەیانوت ئێمە برا کوژی تەواومان کردووە و برای مام جەلال مان کوشتووە ئەوکات ئەوان چەکداربون لەلای عەباس بایزی باڵوك ئاغا بەلاٚم بەئەمری کاك رەسول کاریان دەکرد هەر، عەباس بایزیاڵوئاغا ئەوەی پیٚ کردبون بۆکوشتنی شێخ حمەصاڵح لەکەڵکانی بەری کۆسرەت، بۆیەش دەبووچەکداری

رژێمیان بەپێشمەرگایەتی بۆ حساب بکەین ئەگەرجار جار کاك رەسول لەگەڵ برادەرانی سەرکردایەتی دەمی تێ بگیریایە لەوانەی دائیم لەسەرکردایەتی بون وکەسیان لەگەڵ نەبوو خزمەکانی کاك رەسول بەکلاشنکۆفەوە دەهاتنە ناو ژوری کۆبونەوە دەوەستان و ناچار کۆبونەوە بێ دەنگ دەبون چەندین جار شتی وا رویداوە( لەشەقلاوەش ساڵی 1992 هەمان شت روی دا کەکاك عادل مراد تەرحی کرد کاك دکتۆر محمود ببێتە رەئیس و کاك رەسول سکرتێر بێت، بەلام کاك رەسول توره بوو ووتی ئێوە موئامەرە لەمن دەکەن یەکسەر هەندێك لەخزمەکانی بەکلاشنکۆفەوە هاتنە ژوورەوەو دکتۆر محمودیش ووتی برا کاك رەسول جەنابت هەر برا گەورەبن و سکرتێری حزبیت وئەوانە لەخۆیانەوە تەرحی وایان کردووە، دوای لەبەشێکی کەدا دێنە سەر ئەو باسە)، لە17 تا1983/4/27 دا هێزی جود لەسۆسیالیست و پارتی و پاسۆك و شیوعی چونە سەر مەڵبەندی (4)ی یەکێتی لەبالیسان و مەڵبەندیان گرت ودەستیان بەسەردا گرت وجانتاکەی سەید کەریم گیراو نامەکانی کاك نەوشیروانی تێدا گیرا کەچۆن بەرنامەی شەری لەناوبردنی سۆسیالیست و لایەنەکانی دانابوو(دەقی نامەکە لەبەڵگەنامەکاندا هاتووە) ، لەرۆژی 1983/5/1 لەهەموو لایەکەوە هێرشی یەکێتی بۆسەر ئاشقولکەو پشت ئاشان پەلاماریان درابوو هەر وەکو ئەو هێزەی کە مەڵبەندی (4)ی گرتبوو لەوێ نەجولان و(2–3) رۆژ مابونەوە ئەگەر نەوەستایەت و یەکسەر برۆیشتاینە مەلەکان وبۆ ساوسیوکان و وەرتێ لەگەڵ هێزی پشت ئاشان و ئاشقولکە یەکیان دەگرتەوە بەلام نەبونی مەسئولی یەکەمی هێزەکەو چەند بۆچونی جیا جیاو بیر نەکردنەوە لەوەی کەپەلاماری پشت ئاشان و ئەشقولکە کەبارەگای سۆسیالیست لەمانگی 1982/11/10 دا لەدۆڵە تووەوبۆ ئەو ناوچەیە لەسەر پێشنیاری حزبی شیوعی گواسترابووەوە کەجێگایەکی دورەو لەسنوری ئێرانەو بە(20) سەعات دەگەیشت لەقەندیلەوە کەهۆی شەهید بونی کاك تاهیرو هەڤاڵەکانی سەبەب بون، لەرێگای قەلاتووکانەوە یەکێتی لێ بوو ئاسان نەبوو هاتوچۆ، یەکەم دور کەوتنەوە لەئێران و سنوری ئێران سەخت بونی رێگای هاتوچۆ چەنێ مەکتەبی سیاسی لەئاشقولکەوقرناقە بوو من نەمتوانی بچمە سەرکردایەتی (24) سەعات رێگای قەندیل زستانیش نەدەتوانرا زۆر زەحمەت بوو،

دووهەم وەکو شتێکی سیاسی لەیەکێتی دورکەوتنەوە و زۆر بونی گومان و لەولاشەوە ئەوەی ئەوان دەیانویست سەرکردایەتی حزبی شیوعی لەو بارەیەوە وانەبون هیچ هێزێك لەرۆژهەلاتی ناوەراست جورئەتی ئەوە بکات بێتە سەر سەرکردایەتی یان و سۆسیالست هەروای دەزانی ئەگەر لەو ناوچەیە بن نایەنە سەریان و شەریش ناگاتە ئەوەی بچنە سەر سەرکردایەتی یەکترو باوەریان وابو پارتی مەکتەبی سیاسییان دێتەوە ئەو ناوە یاحاجی عۆمەران دەگرێتەوەو دێنەوە ئەو نزیکانە پێکەوە جەبهەیەك لەو سنوورە دروست دەکرێت و یەکێتیش واتێگەیشتبوو ئەو جەبهەیە دژی یەکێتیە هیوا بربوو لەسۆسیالست و بەمەبەستی هێزیکی تەواوکەری پارتی یاخەتەر تر لەپارتی حسابی بۆ دەکردن چونکە هێزێکی تۆکمەو شارەزاو لەیەکێتی جیابونەتەوە (4)سالْ پێشترو شارەزای ناوەوەی یەکێتی یان هەیەو بۆیە هەولْیان ئەدا هەر چۆن وبۆیان رێك بکەوێت لەسۆسیالیست بدەن هێزەکانی یەکێتی لەشارباژێر پارتی وسۆسیالستیان دەرکردبوو ئەوانیش یەکێتیان لەدۆلْی بالیسان و دەشتی هەولێروکۆیە دەرکردبوو ومەقەری مەلْبەندی (4)یان گرتبوو هەروەها لەشارەزووریش دەرکرابوون بەتەواوی، بەبۆنەی رۆژی 1/ی ئایار کە جەژنی کرێکارانی جیهانە بەرنامەیەکمان دانا بۆ سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی سۆسیالست و شیوعی عێراق وپاسۆك، حزبی شیوعی (150) کەسێکیان لەوێ بوون زۆربەی شەرنەکەروئافرەت و پیرو پەك کەوتەو لەوبابەتەبوون، پاسۆك (3)کەسیان لەوێ بوون کاك ئازادوکاك جوادمەلاو(عبداللە) لەرادیوی یەکێتی دەیوت سەرکردایەتی پاسۆك هەلْهاتن (3) پێشمەرگەیان هەبوولەگەلْ سەگەکەیان ، سۆسیالیست (200) پێشمەرگەی لیْ بوو یەکێ لەوانە شەهید محمود حمەتاتە رۆژی 4/29 واتا دوو رۆژ پێش هێرشەکە لەسوید گەرابوەوە بۆ کوردستان ولەئاشقولکە شەهید بوو یەکێتی لەبەر ورەی هێزەکانی خۆیان باسی مەلْبەندی (4)یان نەدەکرد کەشکاون لەو کاتە سۆسیالست راگەیاندنی بەهێزی نەبوو رادیوی پارتی هەبوو هەر گێلەگێلی بوو کەس لیْ ی تێنەدەگەیشت هەر قسەی نەکردایە باشتر بوو هێزەکانی یەکێتیش بەقیادەی کاك نەوشیروان مستەفا لەژێر ناوی ( تۆلەبەسەبرە ئەما بەزەبرە) دا لەچەند لایەکەوە پەلاماری بارەگاکانی سۆسیالست و شیوعی یان داو دەترسان هێزی بالیسان بگات و پەلاماری ناوزەنگ بدات بەپێچەوانەی

هێزەکەی (سۆسیالست و جود)ەوە، هەرچەندە کاک نەوشیروان پێشتر بەرنامەی چونە سەریانی هەبوو، کاک ئەحمەد فەقێ ڕەش و کاک قادرعەزیزوکاك حاجی حاجی ابراهیم مەسئول بون لەسەرکردایەتیش کاک شیروان شیروەندی مەسئولی عەسکەری بوو کاک ڕەسول وکاك قادر جەباری وکاك سەعد عبدالله و کاک شێخ محمد شاکەلی تازە هاتبوو کەوتبووە ناو ئەو وەزع و هەرایە سەری لێ دەرنەدەکردو تووشی چی بووەو لەشەڕەدا هێزی شیوعی زۆری کوژرا بەدیلی ولە ئێمە محمود حمەتاتە کەتازە گەڕابووەوە لەسوید شەهید بوو عبدالله بەگ شەهید بووبەدیلی وەدووپێشمەرگەی تربەناوی کرێکاروجوتیار کەلەڕاگەیاندن بون لەوێ شەهید بون وەفاروق شەهید بوو وەدکتۆرعەلی ومریم خانی خێزانی بەدیل گیران، عبدالله مستەفا وکۆمەڵێکی ترمان تیاچون وشەهید بون، هەروەها کاک (خالید) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (PKK ) وکاك(سەعید) ئەندامی پێشکەوتوی (PKK)کەهەردوکیان میوان بوون لامان لەوێ بەدەستی یەکێتی کوژران، هێزەکەو برادەرانی سەرکردایەتی بەودیوی ئێراندا لەقەندیلەوە سەرکەوتبوون و هەرێمی (4) و کاک قادر چاوشین و ئەوان لەوێ بون و شەری باشیان کردبوو وەکاك شیروان شیروەندی شەری کردبووبەڵام کاک قادرجەباری ئەوشوێنەی بۆیان دیاری کردبوو ئەو نەچوبو وە لەجێگەیەکی تر بۆئیسراحەت لێ ی خەوتبو کاتێ خەبەری ببوەوە سەری ساوێن وجاسوسانیان لێ گیرابوو کاک قادر دەستی لەبنی هەمانەکەوە دەرچوبوو هەرێمی (4) وعبدالله هەمزەوقادرچاوشین وصاڵحە سور وعبداللە گلاڵەیی وحمەکانە وشێخ عوبێد وعومەر سێ کانیانی مقاوەمەیان کردبوو تاکاك قادرخۆی دەربازکردبوو بەڵام هێزەکانی یەکێتی زۆر بون و سەربەرزایەکانیان گرتبوو حزبی شیوعی نەشەری کردبوونەباوەڕیشی وابوو کەیەکێتی بچێتە سەریان هێزیان لەسەر بەرزایی و ڕەبایەکان هێنابووە خوارەوەو هەرچی برادەرانی ئێمەش بوو چوبونە لایان و قسەیان لەگەڵ کردبون وپێ یا ووتبون لەئێوەش ئەدەن باوەڕیان نەکردبووچوبونە ژورەوە تا پێشمەرگەی سۆسیالیست لە 5/1 تا 1983/5/3 شەڕەکە کۆتایی پێ هاتبوو برادەرانی ئێمە لەبەر بێ فیشەکی وکەمی هێزەکە و شەڕنەکردنی حزبی شیوعی چۆڵیان کردبوو ئەم جار یەکێتی بەشێنەیی چونە ناو مەقەرەکانی حزبی شیوعی و زیاد لە(70) کەسیان لێ کوشتن بەپێ ی قسەی خۆیان

و تەعـدای زۆریـان لـێ کرابـوو هەرچـی پـارەو چـەك و شـتیان بـوو گـیرا و لـەدەوری مەقەرەکانیش مامۆستا کەریم ئەحمەدو کاك مەلا ئەحمەد بانی خێلانی و چەند کەسێکی کەیان لێ گیراو رادیوی یەکێتی بە جیهاز راستەو خۆ کاك نەوشیروان مستەفا هەواڵەکانی دەدانێ بـەدەنگی خـۆی دوایـی رێپۆرتاژێك لەسـەری دابـەزیوو جاسوسـان گیراوپـەلاماری حسك دراولەدرێژەی قسەکانی رادیۆکەدا دەیووت(ئەوانەی شەری یەکێتی دەکەن لەپارتی پـەروباڵیان لـێ بکەینـەوە لەتـەپڵی سـەریان دەدەیـن و تـەواومان کـردن و بـەرەو ئێـران هەڵهاتن)و (2) کوژراوی حسکی خوێندەوە و(2) گیراو، گیراوەکانی ئێمە یەکێکیان ناوی سەید نصرالدین بوو (کەر)بوو خەڵکی دەشتی هەولێر بوو حمایەی کاك سەیدکاکەبوو هەروەها وتی (وائێمە تۆڵەی مەڵبەندی (4)مان لێ کردنەوەو تۆڵە بەسەبرە ئەما بەزەبرە بەدەنگی کاك نەوشیروان خۆی  وا کولانەکانی حسك وحشع مان بەسەریەکدا روخاندوو دەیان دیل و کوژراوی شیوعی هەیە وپاسۆك بە(3) کەسی سەرکردایەتیانەوە هەڵهاتن و جوجە رەسول هەڵهاتن و لەدۆڵی خانەقاش (32) کەسی پارتی گیرابوون و وتی وائێمە سەری مارەکەمان پان کردۆتەوە وەکومریشك پەروپۆمان لێ کردۆتەوە ئەوە ئێوەش پەروباڵەکەی لێ بکەنەوە لەخوارەوەو لەهەموو کوردستان وەدەریان نێن لەهەر جێگایەك بۆتان رێك دەکەوێت دەستیان لێ مەپارێزن) زیاتر لە(25) دەقیقە لەرادیوی یەکێتیەوە کاك نەوشیروان قسەی دەکرد دەیوت (ئێستا لەناو کولانەکانی حسکەوە قسە دەکەم سەرمان بریوە ئێوەش دەست بەکار بن پەروباڵیان لێ بکەنەوە) خۆی بۆ جود بەگشتی و سۆسیالیست بەتایبەتی کارەکەیان بوو بەلام یەکێتی هەرلەوکاتانەدا و پێش ئەوەش لە 11و4/12 دا لەهەولێر پەلاماری هێزێکی سۆسیالستیان دابوون وشکابوون لەگوندی نێرەگینی دەشتی هەولێربەرەو تەق تەق هەڵهاتبون و لەرۆژی 1983/4/10 دا هێزێکی گەورەیان پەلاماری قوەی ئاسۆسیان دابوو لەسەر ئاوەکەش لێیان دابون قوەی ئاسۆس (3) رۆژ شەری لەگەڵ کردبوون و یەکێکی لێ کوشتبون و سەید ابراهیم فەرماندەی کەرت لەتیپی (21) کەرکوك یان بەدیل گرتبوو یەکێتی هەرچەندە زۆر بوون بەلام شکابون و نەیان دەوێرا لەجێگای خۆیان بجولێن، قوەی ئاسۆس مقاومەیان کردبوو جیهازەکەیان وەرگرتبوو کە هێزی کۆیەش بەتەمایە بێتە بەری کۆسرەت  سەر ئاوەکەیان لێ بگرێت

ئەوانیش پەری بونەوە بەری کۆسرەت و لەسەر ڕێگاکەدا هێزی یەکێتی کەمینیان دانابوو لەباداوان لای شەخس و دارەکەی سەرجادە بۆ ناو گوندەکەش دەچێت هێزەکەی یەکێتی بەریّ کەوتبون وادیار بوو هێزەکە بەپیّ هاتبون مەوعدیان باداوان ببوو ئەمان لەگوندەکە دەبن و پێشتر محمد دەلاك ئاگاداری محمد عەلی فەرماندەی قوەی ئاسۆس دەکات هێزی یەکێتی بەرێوەن محمد عەلی لێبووە لەگەڵ حزبی شیوعی دا محمودی حاجی نادرخزمی کاك رەسول بون محمد علی کەمین دادەنێن وسیارەی شەماڵ وسەرباز دەکەوێتە ناوەو لەئێوارەی 1983/4/16 دەکوژرێن (5) کەسی ئەوانیش دەپەرنەوە بەری کۆسرەت لای خردان و دۆڵەرەقەوە دەگەنەوە لای ماخ وبزنان و لەوێوە بۆ سەرکردایەتی و لەکومتانەوە سەردەکەونەوە بەلاّم لەرێگا وەکوهەمیشە هەندێکیان تەسلیم دەبنەوە بەرژێم واتا بەپیّ ی نەتیجەکان هەمیشە یەکێتی دەست پێشکەروشەر فرۆش بووە بە سۆسیالیست لەسورێن بوین لە 5/1 تا 5/3 شەری ئاشقولکە و پشت ئاشان بوو مەقەری سۆسیالیست لەئەشقولکە بوو شیوعی لەپشت ئاشان بووئەوشەرە زەربەی قورس بوو لەهەردوولا کەوت بەتایبەتی سۆسیالیست ئەو شەرانەش چارەنوس ساز بون، لەشەوی 4-1983/5/5 لەدەرەکۆرەو شیرەمەرو تەپەرێزینەو قاجرو دۆلآش بوین ، لە 1983/5/6 لەدۆلآش بوین بریارمان دا بەهیچ شێوەیەك ڕێگای یەکێتی نەدەین بێنە شارەزوور لەسەر شاخی رەزڵەوە بەیانی زوو بوو 1983/5/3بوو کاك شەوکەت ومحمودی حاجی فەرەج بەجیهاز قسەیان دەکردو هەواڵی گرتنی سەرکردایەتیان دەدایە هێزی خۆیان و زۆر بانگی جیهازەکەی منیان دەکرد زۆرجار قسەمان دەکرد پێکەوە من ناوی نوسین و ناوی جیهازم سەربازبوو ئەوانیش دەیانزانی دوای وەلاّم دانەوە و اعتیادی چاك وچۆنیمان کردو محمود وتی ئەوە سەرکردایەتی حسك بەتەواوی کۆتایی پیّ هات و ئێوەوپاسۆك هەمووی گیراون منیش زۆر لەسەر خۆ ووتم کاك محمود لە سنوری تورکیاوە تادەگاتە لای تۆ لەسەر بەرزایەکەی پشتی رەزڵە بێت یا تالای من حسك لەکوردستان نەمێنیّ ئێمە لێرەوە دروستی دەکەینەوە و دەشگاتەوە هەموو کوردستان لەبەر ئەوە خەیاڵتان خاوەو ئێمە بەئێوە لەناو ناچین و هەرئەوەندە قسەم کردو ئێوارەکەی چوینە خوارەوە بە قوەتێکی زۆرەوە بریاری شەری یەکێتی مان دا یەکێتی هەتا لەراگەیاندنی خۆی

دەیویست سۆسیالیست کەم بکاتەوە لەجیهازەکانیان و لەهێزەکانیان بەئاشکرا شەری حسك یان پیێ نەدەکرا یاخۆیان لائەدا ئەگەر هێزی چوار بەرامبەریان کۆنەکردایەتەوە سەر هێزی سۆسیالیست، لە 1983/5/7 لە سۆیلەمیش بوین، لە1983/5/8 لەتەپەکەل بوین رادیوی یەکێتی هەواڵی مامۆستا کەریم ئەحمەد وکاك مەلا ئەحمەد بانی خێلآنی یان بلأو کردەوە کە گیراون و لەناو زەنگ لەگەڵ مام جەلال بەیانێکی هاوبەشیان دەرکردو ئیدانەی شەری ناوخۆیان کردوەو دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی بکەن هەر زۆرمان لاسەیربوو مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی مان لەگەڵ بون زۆر ئیحراج بوون هێزەکانی یەکێتی یش لەهەندێك جێگای قەرەداغ لەبەر حزبی شیوعی چۆڵیان کردبوو حزبی شیوعی دوای گیرانی سەرکردایەتیان و دەست بەتاڵبونی یەکێتی دەترسان هێزی یەکێتی بگەرینەوە بۆیان ئاگاداری ئێمەیان کرد رۆژی پێشوو هەندێك هێزی یەکێتی لەشارەزوور پشتی وازۆڵ و ئەحمەد برنە بون بۆیان چوین هێزەکانی ئێمە هەر لە 1983/3/1 یەکێتی لەسۆیلەمیش چونە سەرپێشمەرگەمان ئێمەش هەموو رێگاکان وپردی زەڵم و ئەوناوەمان لیێ گرتن بەڵام ئەوان دەرچوبوون، لە1983/4/25 پێشمەرگەی هەرێمی (3) تەسلیم بوونەوە بەرژێم کاك اسماعیلی تێدابوو دووبرای شەهیدی سۆسیالست بوو، لەشەوی 29–1983/4/30 جارێکی کە یەکێتی هێرشیان هێنایە سەرهێزەکەمان لەسۆیلەمیشەکان شەربوومناڵێك تازەهاتبووە  پێشمەرگایەتی بە(ئۆم – 1) ێکەوە گیرابوو،  لە1983/5/3 هێزێك لەگەڵ مامۆستا دڵشاد لەئەحمەد ئاوابوون لەسەعات 30ر4 جیش و جاش هاتە سەریان شەرتاسەعات (8 )ی بەیانی بوو نەیان زانی بوو دەوری هەموو گوندەکە گیرابوو ئەحمەدصۆڤ عەلی بەبریندارى گیراو مستەفا حاجی قادر یەخی ماڵی لەتەپەکەل شەهید بوو ، لە1983/5/8 چوینە حاصڵ و هاورێیانی حزبی شیوعی بریاربوو شەوی 7–1983/5/8 هەموهێزەکەیان لە قەرەداغەوە بپەرێننەوە بۆ بەری شارەزوورولەرێگا کاك مەلا عەلی عبداللە ومەلا فەرەج مان تووش بوو ووتی ئەبوسەلام (کاك بەهادین نوری) ئەوانیش دێنە ئەم بەر، لە1983/5/10 لەقەڵبەزە بووین مامۆستا (بەهادین نوری) م بۆ یەکەم جار لەنزیکەوە دیبوو هاتە لامان بەژمارە هێزەکەی حزبی شیوعی زۆر بوو خەڵکی ئازایشی تێدابوو بەڵام بۆشەری یەکێتی ئامادە نەبوون

شەربكەن دوای قسەكردن بریاردرا ئەوان برۆنە سەرەوە بۆجێگاورێگای هێزی هاوبەش هەردوولا لەخەتێك لەچیای ئەحمەد برنەو و قلْیجەو وازۆلْ و گولاْنەوە دروست بكەن بۆهەر هێرشێكی رژێم، یەكێتی نەی دەتوانی بێنە ئەو سنورە پێشترتەنها هێزی سۆسیالست لەسنورەكە یەكێتی دەركردبووئێستا هێزەكەی حزبی شیوعی نزیكەی(500 )كەس لەسنوری كەركوك وسلێمانی وهەموولایەكیان كۆكردبۆوە بۆشارەزوورو سورێن قسەمان كردلە تۆلْەی سەركردایەتی پەلاماری مەلْبەندی یەكی یەكێتی لەحاجی مامەندە بدەین و هێزی هاوبەش بۆقەرەداغ بەلاْم حزبی شیوعی ئامادە نەبوو مەفرەزەی ئێمەبۆ قەرەداغ بەرێت و كاك ئەبو تارا دژی یەكێتی بوو كاك بەهادین نەرم بوو كاك بەهادین داوای لەمن كرد هێرشی سەرمەلْبەندی یەكی یەكێتی لەحاجی مامەند رابگرین چونكە ئینشیقاق هەیە ئالاْش بەتەمایە جیابێتەوە مەلا بەختیار مەسئولی مەلْبەندبوو، كاك سالار بو ئەبوشەهاب و زۆری كەلەكادران لەپارەزان بون ، نامەگۆرینەوە لەنێوان كاك بەهادین وكاك مەلابەختیارو كاك سالاردا هەبوو من لەجوابی نامەیەكی كاك حمە فەرەج قالە سوردا قسەم دژی كاك مەلا بەختیار كردبوو كەئەو (جەلالی )یە و نەك یەكێتی بەكاك بەهادینم ووت باوەری پیْ مەكەن لەنامەی دووەم دا كاك سالار نووسیبووی لەسەر زەرفەكە كاك مەلا بەختیار كەمەسئولی مەلْبەندبوو بەخەتی خۆی نووسیبووی بۆدلْنیای من .. من ئەو كات نامەمان ناردوو داوامان لێكردن بریاربدەن وجیاببنەوە لەچی دەترسن ولەكیْ دەترسن ئەوان خۆیان مەسئولن لەسەر ئەوە هێرشی سەرمەلْبەندی یەكێتیمان راگرت و كەوتینە نامە گۆرینەوە من پێم ووتن وەرنە سورێن كیْ لەگەلْتان دێت بابێت لێرە ئێمەرێگاو جێگاو مەقەرات و وەسیلەی راگەیاندن ولەوكاتەشدا رادیویەكمان لەدەرەوەی ولاْت برادەران كری بویان وكاك جەمیل هێنابویەوە تەهران و خالْەحاجی دەری كردبوو لەگەلْ جیهازی هۆكی تۆكی و هەندێك جیهازو ئیزاعەیەكی حزبی شیوعی دا لەتەهرانەوە دەری كردبون و هێنابوی ورادیوی ئێمە زۆر باش ئیشی دەكردو لەوكاتەدا خەریك بوو بەكار بكەوێت ئێمە بەئالاْی شۆرشمان دەوت بابێنە لای ئێمەو لەویْ خۆمان رێك دەخەینەوە بۆ لای ناوچەكانی قەرەداغ و شاربازێر، ئەوانیش دەیانوت بەتایبەتی كاك مەلا بەختیار ئێمە هەموو هێزی سەرەكی یەكێتی مان لەگەلْدایەو باجود

بێت پەیوەندی بەئێمەوە بکات گوایە هەموو هێزی عەسکەری یەکێتی و ڕێکخستنی هەموو لەگەڵ ئەودایەو بەناو وەفدی ئاشتی نێوان یەکێتی و جود کاک مەلا بەختیار سەردانی لای حزبی شیوعی کردبوو، کاک سالار ومامۆستا جەعفەری دیبوو بۆ هەمان مەبەست ئەوانیش لێ ی ڕازی نەبون، ڕەئیەکانیم لا سەیر بوو ئەویش خۆی لەجود بەهێزتر دەزانی و بۆچونەکانی واقعی نەبوو، بەهەر حاڵ من و کاک بەهادین لەسەر ئەوە ڕێکەوتین ئەگەر ئەوان بێن ئێمە پێشوازیان لێ دەکەین و ئەگەرنەشهاتن نەچینە سەریان و تەنها سنوری شارەزوور بپارێزن لەرژێم ویەکێتی وچاوەرێ ی بریاری سەرکردایەتی بوین هەر چەندە لەوکاتەدا بریاری سەرکردایەتی ئاسان نەبوو هەتا کۆبونەوەش بکرێت و سەرکردایەتی بلاوبوو لەزۆر جێگاو لەدەرەوەو ناوچەی جیاجیای کوردستان، لە1983/5/11 لەقلیجە بوین وکەمینمان بۆسەر ڕێگاکان نارد، لە1983/5/12 لەئەحمەدبرنە بوین، لە1983/5/13 لەوازۆڵ بوین لەگەڵ هەموو هێزی حزبی شیوعی دەپەرینەوە بەری شارەزوور، لە1983/5/14 لە گولان بوین و هێزمان لەو شاخانە دامەزراند تابێن شەوورۆژ لەوێ بوین، لەکاتێکدا هێزی یەکێتی ئاشقولکەو پشت ئاشان وسەرکردایەتی سۆسیالیست وحزبی شیوعی عێراق وپاسۆك گرتبوی هێزەکانیان بەرەو خۆشناوەتی ودەشتی هەولێر بردو لەوێش هێزی پارتی هەمووی بێ وەستان بەرەو ئێران و حزبی شیوعی بەرەو بارزان مەقەریان لەو ناوە بوو، لە سۆسیالیست کاک قادرعەزیزو کاک حاجی حاجی ابراهیم وکاك ئەحمەدفەقێ ڕەش هەر سێکیان بریاریان دابوو بگەڕێنەوە بۆ لای گرتك ورۆست و لەوێشەوە بۆ زێوکەو ماشکان لای خانەو شنۆ چونکە کاك ڕەسول وبرادەران چوبونە زێوکەو ماشکان لەوێ مەقەریان دانابوو خەریکی بەکار خستنی رادیوۆ بوون و کاك قادر عەزیزوكاك حاجی و ئەوانیش لەگەڵ هێزەکەی سۆسیالیست نزیکەی (600) پێشمەرگەی بەتواناو لێهاتوو شارەزا بون هێزەکە کە(3) ئەندامی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی لەگەڵ بوو لەجیاتی ئەوەی ئیدارەی هێزەکە بدەن و هێزەکە بەجێ نەهێڵن یان لەگەڵ خۆیان بیان بەن بۆسەرکردایەتی وەجواب کردنی هێزەکە بو بەهۆی دابەزینی ورەی هێزەکە چونکەپێیان وتبوون لەدەشتی هەولێرو ناوچەکە خۆتان حەشار بدەن تا هێزەکەی یەکێتی بلاوەی لێ دەکات، هێزی

سۆسیالیست لەوکارەش جواب دانی هێزولەکاتی واداو رۆیشتنی سەرکردایەتی بۆ ئێران و جیٚ هێشتنی هێزەکە کارێکی هەڵەی گەورە بوو ئەو برادەرانەی سەرکردایەتی کردیان چونکە هێزەکە بەچەك و زیاتر لە(50) هەر سیارەی لاندکرۆزەروسەیارەی باشیان پیٚ بوو ئەوە ناوی هەندێك لەمەسئولەکانە (قادر مستەفافەرماندەی هەرێمی(8)وسەرپەرشتیاری هێزەکان بوو ، مام غەفە(غەفورئەحمەد)فەرماندەی هەرێمی (7)ی قەرەچوغ بوو، عبداللە بۆرفەرماندەی هەرێمی (12) سۆران بوو، بورهان بلەیی فەرماندەی هەرێمی (17)ی کۆرەك بوو، سەید عبداللە کەردزی فەرماندەی قوەی دیدەوان بوو، دکتۆر رەشیدفەرماندەی قوەی زورگەزراب بوو، تەحسینە شەل فەرماندەی هەرێمی(10)ی سەفین بوو، دلٚزار کۆیی فەرماندەی قوەی هەیبەت سولٚتان، حمە سوور(صدیق کوێخا تەهای کانی کوردە) فەرماندەی هەرێمی (15)ی شەهید دکتۆرخالیدبوو، خالید سەعید هەولێری فەرماندەی مەفرەزەی مەکتەبی عەسکەری بوو، مامۆستا صلاح، محمد عبداللە/ محسین عوسمان ) وزۆری کە کەهەموو کادری ئازاو لێهاتوبوون، لەوشەرەی مەڵبەندی(4)دا کاك بەکر توتمەیی فەرماندەی کەرت شەهید بوو، عبداللە سوریش نەچوبوو بۆ شەرەکە هەر لەدەوری دۆڵەرەقە بون لەژێر تەئسیری ئەوەی یەکێتی شەری ئەو ناکات هێزەکەی سۆسیالیست ماوەیەك لەدەوروبەری هەولێروناو شاری هەولێر خۆیان حەشار داو ماوەیەك لەدەشتی قەراج وزۆر عەزیەتیان بوو کەس لیٚ ی نەدەپرسینەوە و زەختی یەکێتی شیان لەسەر بوو هەروەها زەختی عێراقیش هەمو هۆی بەجیٚ هێشتنی هێزەکە وئەوهەموو گیرگرفتە دەگەرێتەوە بۆبیٚ مەسئولی وبەجیٚ هێشتنیان لەلایەن ئەو (3)مەسئولەی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی ، پارتی بەرنامەی هێرشی بۆسەر وەرتیٚ ی بەستبووبەهێرشی ئێران وحاجی ئۆمەرانەوە وادیاربوو پارتی دەیویست بەتیرێك دوونیشان بشکێنیٚ.. یەکەم وەعدی بەئێران دابوو هەماهەنگی لەگەڵ بکات بۆ حاجی ئۆمەران... دووەم گفتوگۆی پارتی ژێربەژێر لەگەڵ عێراق...سیٚ یەم بەکارهێنانی هێزی سۆسیالیست وشیوعی لەبناری قەندیل وچوار میحوەریش شەری یەکێتی بکات پارتی بەو شێوەیە بۆ مەسەلەکان دەچوو واتا پارتی معامەلەی لەگەڵ ئێران دەکرد دەیویست هێزیٚ لەگەڵ ئێران بۆگرتنی حاجی ئۆمەران ئامادە بکات وەلەلایەك

لەگفتوگۆبوو لەگەڵ عێراق بۆئەوەی بیفرۆشێتەوە بەئێران وەلەلایەك هێزەكانی جودی لەناودەشت وبناری قەندیل دانابوو وەلەجودیش كاك ادریس بارزانیان كردبوو بەمەسئولی ئەوهێزەی بناری قەندیل وناودەشت واتا كاك ادریس لەگەڵ ئێران قسەی دەكرد كەهێزی لەناودەشت وبناری قەندیل داناوە هەركاتێ بیەوێت ئەو ناوچانە دەگرێت وەداوای قائیمەی هێزەكانی جودیان دەكرد بەو قائیمەیە ئازەقەوفیشەك وهەموو شت وەردەگیرا بۆخۆیان هی حزبی شیوعی وسۆسیالیست وپاسۆك هەموی بۆخۆیان وەریان دەگرت هێزەكانی سۆسیالیست حاجی حاجی ابراهیم مەسئولیان بوو وەهێزەكەی حزبی شیوعی ئەبورائید مەسئولیان بوو وەهێزەكەی پاسۆك ملازم كەریم مەسئولیان بوو وەهێزەكەی پارتی حەسۆمیرخانی دۆڵەمەری مەسئولیان بوو وەكاك ادریس بارزانی مەسئولی هەمویان بوو وەكاك سەید كاكەش لەوێ بوو بەڵام ئەو مەسئولیاتی نەبوو.

لە 1983/4/11 یەكێتی مان بەیەكجاری لەشارەزوور دەكردو جانتاكەی كاك شەوكەت حاجی مشیربەجێ مابوو زۆرنامەی تێدابوو كەكاك مەلابەختیارناردبوی بۆكوشتنی تاریق وشەماڵ لەشاخی ئەحمەدبرنە بوون ئەگەر دەرنەچوباین شەو بەئاسانی دەرباز نەدەبون یەكێك لەپێشمەرگەكانی ئێمە ناوی نجم الدین حمەی حەسەن موانی بوو ترسابوو نامەیەكی بۆ كاك شەوكەت نوسیبوو نامەكەمان گرت لەجانتاكەی دا، لە1983/5/20

نجم الدین مان چەك كردو رەوانەی مەقەرمان كردەوەوچونكە ئەو كارە خراپەی كردبوو كەس زۆری لێ نەكردبوو هاتبووە دەرەوە بەئارەزوی خۆی هاتبوو لەوكاتەدا پارتی بەرنامەیەكی هەبوو لەدوولاوە پارتی لەگفتوگۆدابوو لەگەڵ عێراق و گفتوگۆی هەبوو لەگەڵ ئێران وەلەگەڵ جودیشدا گفتوگۆی هەبوو لەگەڵ سەركردایەتی جود قسەی كردبوو بۆ تۆڵەی پشت ئاشان و ئەشقولكە هێز برواتە بەری قەندیل وناودەشت ئەوناوە و لەنێوان سەنگەسەرو قەسرێ و جادەی حاجی ئۆمەران و چۆمان وگلاڵە یاپردی حافیز دایەو یالە كومتان یاگروەی كومتان دەست پێ دەكات لەدۆڵی شەهیدان وقەسرێ و خانەقاو وەرتێ و هەموو ئەوانە ناو دەشتی پێ دەڵێن وپاشان لەناو دەشتەوە هێرش بۆ وەرتێ و مەلەكان و بۆخۆشناوەتی بكرێت بۆ ئەوە پارتی (1000) هەزار پێشمەرگەو حزبی شیوعی (350) پێشمەرگەو سۆسیالیست (400) پێشمەرگە، بنێرین بەدوای

هێزەکانمان لەدەشتی هەولێر ئەگەر ئەوان بگەن ئەوە دەبینە (500) کەسێك لەشەرەکان بەشدار بن کەس لەو حزبانە ئەو ژمارەیان نەهێنابوو، ژمارەی پارتی بە(120) پاسداریشەوە نەگەیشتە (600) کەس و باقی قوەتی پارتی بۆ حاجی ئۆمەرانیان ناردبوو چیای یادەوری حەسارۆست وکۆنەلاجان بۆ هێرشی ئێران وحاجی ئۆمەران لەگەڵ جود واباس کراو پارتی داوای لیستی کرد کەئازوقەی هێزەکانی ئەوان بیدەن وادیاربوو ئازوقە هەمووی لەسەر لیست لەئێران وەردەگیراو بەشێکی کەم بەحزبی شیوعی و سۆسیالیست دەدراو لای ئێران کاك ادریس هەر بەناوی پارتیەوە قایمەی کردبوو، خاڵەحاجی وتی بەخوا نەك هەر ئازوقەی هێزەکە بەڵکو ئازوقەی مەکتەبی سیاسی وکاك رەسول یش پارتی وەری دەگرێت بەناوی ئێمەوەوخۆیان دەیبەن، قسەکەی راست وایش بوو، ئەمربۆ هەرێمەکانی سۆسیالیست بەرێ کران لەدەشتی هەولێرو کۆیەو خۆشناوەتی و دەوری رەواندوزوئەو ناوە هاتبون وهێزێکی زۆر بون کاك قادرمستەفاو مام غەفورو دکتۆر رەشیدو سەید عبدالله و عەریف عەلی و عبدالله بۆرو تەحسینە شەل ومحمد عبدالله و دەیان کادروپێشمەرگەی ئازا هاتبون وخاڵە سەید کاکەیش لەگەڵیان رۆیشتبوو بەلأم کاك حاجی حاجی ابراهیم مەسئولی هێزەکە بوو بەرەسمی لەوێ ئەو هێزە لەمانگی (6) وە تادوا هێزی سۆسیالیست لەهەولێر، لە 1983/7/15 گەیشتە زێوکەو ماشکان لای سەرکردایەتی و لەوێشەوە بۆقەندیل ، لە7/20 گەیشتن بەلأم پارتی وکاك ادریس هەر روی نەکردە لای هێزی جود، هێزی پارتی دانابوو لەگەڵ هێزی ئێران بۆ حاجی ئۆمەران و لەهەمان کاتدا هێرشی وەرتێش بکرێت ودوای لەبەلاغێکدا هەمووی پێکەوە بلأوبکرێتەوە، هێزەکە لەسەرمای قەندیل ودوری رێگاوسەرشاخ وکەمی ئازوقەوناخۆشی باروزروف وبێ تاقەتی بلأوبوەوەوئەو گەرم وگوریەی یەکەم رۆژی هێزەکە نەمابوو کەدەیانتوانی بەئاسانی زۆر جێگا بگرن بەتایبەتی هێزی سۆسیالست کارامەبوو لەشەرداومەسئولی باشی هەبوو بەلأم هێرشەکە بەسترابو بەهێرشی ئێرانەوە بەدەستی خۆیان نەبوو لەکۆبونەوەش خۆیان کاك ادریس یان کردبوو بەمەسئولی یەکەمی هێزەکە، کاك ادریس لەدەوری خانەو زێوەو کۆنەلاجان بوو بەلأم لەگەڵ ئێرانیەکان پێکەوە مەشغوڵی ئەولا بوون کەئەساسی بوو لایان لەولاشەوە لەگەڵ عێراق

لەگفتوگۆدابون کە بگەرێنەوە ناوچەی بارزان و بۆخۆیان دانیشن و شۆرش نەکەن و (10) هەزار تا(12) هەزار کەس لەعەشیرەتی بارزان چەکدار بکەن و گوندەکانیان بۆ ئاوەدان بکەنەوەو بگەرێنەوە جێگاوشوێنی خۆیان لەبارزان، عێراق (12)هەزار چەکیان بداتێ و چەکەکانی بۆ حاجی ئۆمەران ناردبوو ئەوانیش دەست بەگواستنەوەو ناردنەوەی خەڵکەکە لەپشتەوە بکەن وخۆشیان وردە وردە سوك بکەن و لەیەك وەختدا بگەرێنەوە بۆ ئەومەبەستەش عێراق ئەوکاتە (2)ملیۆن دیناری بۆ ناردنەوەی خەڵکەکە بۆ سەرف کردبون کە (120) ملیۆن تومەنی ئەوکاتەی دەکرد دابەشی بکەن لەسەر خەڵکەکە بۆ گەرانەوەیان لەولاشەوە لەگەڵ ئێران لەگفتوگۆدا بون کە عێراق داوای لێ کردوون بگەرێنەوە و هەندێك بەڵەگەیان پیشان دابوون لەرێگای (تیمسال فلاحیەوە) بەئێرانیەکانیان وتبوو ئێستا عێراق ئامادەیە هەموو شتمان بۆبکات وئێرانیش داوای لەپارتی کردبووکەئەوان ئامادەن شتی زیاتریان بۆبکەن بەمەرجێ ئەوان لەکاتی ئەم مفاوەزاتە کەعێراق سیقەی بەپارتی هەیە ئەوان هاوکاری ئێران بکەن وناوچەی حاجی ئۆمەران بگرن بۆئێران کەئەوکاتە ئەوناوچەیە بۆپارتی ئەهەمیەتێکی زۆری هەبووەکۆنیش جێگای خۆیان بووە معاملەیەکی باش لەگەڵ ئێران کرابوو کەپارتی ئامادەیە (5)هەزار کەس لەناودەشتەوە تاحاجی ئۆمەران وچیای هەڵگوردودەوری چۆمان بەشداری بکات وئەوەش لیستەی پێشمەرگەیەو نوێنەری خۆتان لەناودەشتەو پرسیار بکەن و عێراق ئەوەندە پارەی داوەو ئێرانیش ئەوەی بەهەل زانی بۆ کردنەوەی جەبهەیەکی کە بۆلابردنی زەخت لەسەر خواروی ئێران کەمیحوەری ئەساسی شەری هەردوولابوو تائەوە کرا یەکێتی خۆی کۆکردەوەوخۆی ئامادە کرد بۆ پەلامار، هەرلەوکاتەدا یەکێتیش لەگفتوگۆدا بوو لەگەڵ عێراق یەکێتی شکی هەبوو پارتی لەگفتوگۆدایە دەترسا پارتی لای عێراقیان لێ بگرێت و لەولاشەوە لەگەڵ ئێران ناکۆك بوو، یەکێتی لەرێگای دیموکراتی ئێرانەوە بەردەوام پەیوەندی هەبوو لەگەڵ عێراق ونوێنەری هەردوولا یەك دەبینن لەکاتێکدا هێرشی ئێران لەسەر حاجی ئۆمەران بوو دەبو یەکێتی لەسەرداوای عێراق پەلاماری هێزی جود بدات لەوێ، کاك ادریس دەیویست کڵاو بکاتە سەری عێراق و ئێران وسودی لێوەربگرێت وکڵاوێکشی کردە سەرلایەنەکانی

جوديش وكرديه سەرشيان تابن گویَ بەدەرەوە نەبوو هێزی جود چاوەریَ ی هێرش بوو جەماوەری ناوچەكەش بەتەمای هێرش بووبەتايبەتی هێزی سۆسيالست زۆر بیَ تاقەتی بوو لەورەبايانەداماندوبون وەكو پارتی دانيشت و پشوی درێژ بێت، سۆسياليست حەزی لەشەر دەكردو لەگەرانی بیَ وچان لەگوندەكان وشاروبەسەيارەو نەك لەرەبايەدا دانيشێت بەهەرحالَ هێزەكە چاوەروان بون، لەرۆژی 1983/7/31 ئێران وپارتی هێرشيان كردە سەرحاجی ئۆمەران ودەوروبەری وگرتيان و ئەوچەكانەش بۆ پارتی هاتبون ئێران گرتی ولەشكری (64) ئورميەوپارتی پێكەوە بەهاوكاری سوپا هێرشيان كردبوو لەوسنورە دوای چەند رۆژ گردەمندودەوروبەری ئێران گرتی ودەستی گرت بەسەرناوچەكەدا معامەلەی زۆرخراپی لەگەلَ پارتی دەكردبەناوی رەزمەندەگانی كوردی عێراق هاوكاری كردون دوای ئەوە هەرچی داری گەورەوداری بەری هەيە لەوناوچەيە هەموی بەشوفلَ هەلَيدەكەندو بەگەلاَبە دەيبرد لەناوئێران دەيناشت وەلەبەرزايەكان وشاخەكانی بەناوشەهيدانی ئێرانەوە ناونا لەگەلَ ئەوەشدا لەپارتی دلَنيا نەبووەپارتی دەخستە دوای خۆيانەوە لەجەبهەكە وەپارتی خەلَكی زۆری لیَ شەهيدبوو لەوشەرانەدا لەوانە فەتاح ئاغا وە لەدوای ئەوەش عێراق (رەد فعلی) پارتی دايەوە زۆربەتوندی نزيكەی (3700) بارزانی لەقوش تەپە، پاشان كران بە(8) هەزارو بران وئەنفال و زيندە بەچالَ كران لەسەر ئەومعامەلەی پارتی و عێراق، بارزانيەكانی قوش تەپەوئەوانی دی باجەكەيان داوجگە لەعوبەيداللەبارزانی ولوقمان بارزانی وصابركەهەرسیَ كيان كوری خوالێخۆشبو مەلامستەفابارزانی بوون عێراق هەموويانی ئيعدام كردلەگەلَ بارزانی يەكاندا ئەمەش لەتۆلَەی ئەو كارەی گوايە پارتی كردويانە دژی عێراق وتۆلَەیلێكردنەوە لەجياتی (2)مليۆن ديناروپەيمانيان شكاندوە لەگەلَ عێراق ... عێراق ئەوكارەی كرد وەپێش ئەوە گفتوگۆلەنێوان يەكێتی وعێراق وەپارتی وعێراق هەبوو بەلاَم چۆن بەپارتيان وتبوو برۆنەوە بەرزان وهەندێك چەكتان دەدەينیَ وپەيوەنديتان لەشۆرشەوە نەمێنێت بەپێچەوانەوە لەگەلَ يەكێتی نيشتمانی قسەيان كردبوو وەشتی سياسيان لەگەلَ باس كردبون وەپێيان وتبون (مجلسی تەشريعی ومجلسی تەنفيزيتان) تەسليم دەكەين بەلاَم دەبیَ يەكێتی دەست بەجیَ چەك بێت كەلەكاغەزێكی كاك عومەرعەزيزدا بۆكاك شەكەوتی

حاجی مشیر زیاتر ئەوراستیە ئەسەلمێنێ تائەو کاتەی یەکێتی بەشێنەی هێزەکانی خۆی کۆکردەوە سەرهێزەکانی جود، لەشەوی1-2/9/1983 داپەلاماری جێگا حساسەکانیان داو کەحەسۆمیرخانی ژاژۆکی لە کونە کۆتر بوو لای دۆڵی باڵیانەوە لەبەرامبەر گوندی شێخان بۆی سەرکەوتبون و لەجادەی خوارەوەش زۆر زەحمەتە لای کۆمتان وکونە کۆتر (من لەساڵی 1988 داچومەسەری زۆر ساردوناخۆش وبەرزە وکلیلی ناوچەکەیە لەو سنورە)، یەکێتی هێرشی زیاتر بۆ سەر پارتی و حزبی شیوعی بووچونکە هەمیشەلەناوجودا خۆیان لەهێرشی سۆسیالست یان لە سنوری سۆسیالست دەپاراست و دووریان دەگرت هێزی سۆسیالست شەری دەکردو زیاتر شارەزای یەکێتی یش بوو لەشەردا ، هێزەکانی جوود لەوناوچەیە شکان جارێکی کە لەسۆسیالست مامۆستا صلاح سکرتێری خوێندکاران ولاوان شەهید بوو لەپشت ئاشان خڕببون مرشید شەهید بوو ئەویش هەر لەخوێندکاران بوو، سەید کاکە گەرایەوەو ووتی خۆمن مەسئول نەبووم ولەبەر خاتری ئەوپێشمەرگانەی هەولێر رۆشتبووم لەگەڵیاندا هەتا لەکۆبوونەوەکانیشدا بەشدارنەبووم، ووتی ئەگەر من مەسئول دەبووم چاوەروانی ئدریسم نەدەکردو هەرسەرەتا هێرشم دەکردو سەرکەوتوش دەبووم لەو قسانە هێزەکە خراپ شکابوو رادێوی یەکێتی ناوی (47) بارزانی خوێندەوە لەوانە حەسۆ میرخان ژاژاوکی وعبدالرحیم جەسیم و (45) کەسی کەش جگە لەگیراو پارتی هێزەکەیان زەرەی زۆرلێکەوتبو، حزبی شوعیش شەهید و برینداریان هەبوو، بەڵام هێزی ئێمە زەرەریان کەم بوو هەرهێزی ئێمەش شەری باشی کردبوو، لەرۆژانی 14-19/5/1983 لەکانی بەردینەو قەڵبەزەو تەپەکەل بووین، لە19/5/1983 لەمەقەری سورێن بووم لە20/5/1983 چوومەشیرەمەر و سورێن تاشەوی 4-5/6/1983 هەر لەسورێن بووم و خەریکی ئیش وکاری حزب ومەقەربووم جەریدەو مجەلەوبەیانات وبلاوکراوەی ناوخۆمان دەخوێندەوە لەمەقەر، هەر ئەو شەوە چووینە شیرەمەر تارۆژی 6/6/1983 هەر لەشیرەمەربووین بۆ شەوەکەی چووینە قاجر، 8/6/1983 لەگردی شەریف بووین( لەرۆژی 9/6/1983 هەواڵیان دامێ لەماڵەوەمان کچێکیان بووە و ناویان ناوە شەرام لەگوندی شیرەمەربووین، شەرام چیایەکە لای هەورامان لەسنوری عێراق ئێران

لایگەچـێنە وباخـەکۆن، منداڵـەکانی ئێمـە هەریەکـە لەجێگایـەك لـەدایك بـووە بـەهۆی شۆڕشەوە ((عەتیە و کوێستان)) لەگوڵە خانە لەساڵی1974 و1976 لەدایك بوون. ((عەتا وپـــشتیوان)) لـــەپارەزان لـــە 25/4/ 1979 لـــەدایك بـــوون کەدوانـــەن، ((شـــەرام)) لەشیرەمەرو((شـارا وریـبین وئاریـان)) لەشـاری سنەی کوردسـتانی ئێـران لـەدایك بـوون ، ((رێـژین)) لەشـاری رەزایـەی ئێـران لـەدایك بووەلەسـاڵی1987 ،(ئـارین) لەسـاڵی 1988 لەرەزائیـە لـەدایك بـووە، هـەر رۆژەی لەجێگایـەك بـوون و لـەئاوارەی دابـوون) ، لـەرۆژی 9/6/1983 لەگەڵ مامۆستا بەهادین نوری لەشارەزوور لەگونـدی دۆڵاش بووین هـەروەها لەگەڵ کاك مەلا محەمەدی جوانرۆی و لەگـەڵ هێزێك لەسـەر بارودۆخەکە قسەمان دەکرد بۆ دانانی بەرنامەی هاوبەش و جەولـەی هاوبـەش لـەو سنورە ، لەو رۆژەدا رژێم هێرشـی کردبوو بۆسەر هێزەکانمان لەئەحمەد برنە شەر بـوو لەبـەیانی هـەتا ئێـوارە رژێـم شـکابوو ئێمە(2) بریندارمان هـەبوو یـەکێکیان حەمـەی مامـە سـەعە و بریـندارێکی حزبـی شـیوعی بـوو، لـەرۆژی 10/6/1983 لوغمێـك لـەژێر ناقیلەیـەك لـەجادەی تەپـە تۆڵەکـە تەقییـەوە کەرۆژانە بۆحیمایەی جادە دەهات پارچە پارچە بوو هەرچی تیابوو کوژران ئـەو لوغمـە لەلایەن ناوچەی هەڵەبجەوە دانرابوو زەرەری زۆری لـەرژێم دا، لـەرۆژی 11و12/6/1983 لەشـیرەمەر بـووین مـاڵی پێـشمەرگەی سۆسیالـست زۆری لەشـیرەمەر بـوو، شـیرەمەر (3) کیلۆمەتر لـەخورماڵ دوربوو کـەمتر لـەوە لـەجادەی خورمـاڵ سـەید صـادق دور بـوو پـێش ئەوەی شەری دوای لەگەڵ یەکێتی واتا پێش 28/3/1983 کەتەقەنەبوو لەبەینمان هەموو رۆژێك هێزێکیان کۆدەکردەوەو دەهاتنـە شیرەمەر دەیـانووت تـەوزیع دەبین، شـیرەمەر دوا گونـدی بنـاری سورێن بـوو چـەند جارێـك دەهاتنـە شیرەمەر بەدوای پاسـۆك دا گـەرابوون تاپاسۆك چوبونە ماڵی ئێمە لەوێ وازیان هێنابوو ماوەیەك بەدوای پارتی دا دەگـەران هەر چەندە لەسەر رێکەوتنی محەلی یاموەقـەتی پـشت ئاشـان لای حزبـی شـیوعی تادەسـتیان بـەتاڵ دەبێـت شـەریان راگرتبـوو لـە28/2/1982 بـەلام یـەکێتی هەڵیوەشـاندەوە لەسـەر ئەوەی پارتی رێگا نادات یەکێتی برواتە ئـەو سنورەی بادینـان هـەتا رۆژێـك مـن لەماڵـەوە بـوم هێزێکیـان هێنـابووە ئـەو نـاوەو لای مـاڵی ئێمـەش پیاسـەیان دەکرد مـن ووتم ئێـستا لێیـان ئـەدەین وادیـار بـوو ئـەوان شـکیان کـرد پێـشمەرگەی ئێمـە کەوتنـە جموجـۆڵ کـاك

شەوکەت نامەیەکی نارد ووتی ئێمە بۆنان خواردن هاتوین و دوای نان خواردن دەڕۆین و بۆ هیچ غایەیێك نەهاتوین من وەڵامی نامەکەم دایەوەو وتم ئەگەر لەکوردستان گوندی تیا نەماوە ئێرە نەبێت ئەوە قەیناکات بەڵام حەقتان نیە جارێکی کە بێنە شیرەمەر ماڵی پێشمەرگەی لێیەو ئێمە لەسەر ئەوە چوینە پارەزان و ماڵی ئەوانی لێ بوو تەفتیشی ماڵەکانمان کرد لەبەر ئەوەی کەجارێکی کە شتی وا نەکەن، لەساڵی 1987 دوای ئاشتبونەوە لەرێگا بۆ چالاکی لەقادر کەرەم لەقەرەداغەوە لەگەڵ کاك عومەرفەتاح وکاك شەوکەت وکاك شێخ عبدالکریم وکاك شێخ جەعفەرو مام ڕۆستەم وزۆری کەش (2) ڕۆژ بەسیارە ڕۆیشتین هەر نەدەگەیشتین و هێشتا بۆ دوز زۆری مابوو ووتم باشە ئێوە بۆ ئەوەندە بێ ویژدان بون هەموو ڕۆژێك دەپێچانە شیرەمەر ئەو هەموو ناوچەیەتان بەدەستەوە بوو ئەوەندە بەغیل بوون لەهەموو کوردستان تەنها شیرەمەریان پێ ڕەوا نەدەبینین بەرۆژوبووم و دنیا گەرمیش بوو، لەرۆژی 1983/6/13 چوینەوە مەقەری سورێن و(2) رۆژ لەوێ بوین، لەرۆژی 1983/6/15 جاشێکی زۆر هاتە شیرەمەرو هەندێك تەقەوتۆق بوو ئێمەش چوین بەدەم شەرەکەوە تائێمە گەیشتین جاشەکان هەڵهاتن ئاگایان لەهێزەکەی ئێمە بوو لەسورێنەوە دابەزین و بەجیهازی هۆکی تۆکی قسەمان دەکرد من بەرۆژوبووم جێگا هەورازو ناخۆش بوو توفیق رەحیم وصالح خەیات ورەشەی صاڵحەو زۆر لەجاشەکان لەسەر جیهاز بوون چاوم لێ بوو سیارەی جاشەکان لای گردی قازی لەسەر رێگای گێڵەك وەستابوون خۆشیان بڵاوەیان کردبوو ووتم مەرۆن تائێمە دێین وتیان چاومان لەتۆیە دوریت واشۆفۆلێتمان پێیەو دەچین، ووتم من چاوم لەئێوەیە توفیق رەحیم وتی چۆن ، ووتم سەیارەی شۆفرلێتی سپیت پێیەو دەستێکت لەسەر قاپیەکەو لەژێر چەناگەت داناوەو خۆت داوەتە سەر سوکانەکەداو هێشتا دەستت راست نەکردۆتەوە بۆسەر قیرەکە دێورتان کردوەو روت کردوەتە تەپەسەر قولەو(15)مەتر لەجادە قیرەکەوە دوریت لەگەڵ وام ووت هەموو سیارەکانیان لەماوەی (2) دەقیقەدا دەرچون ولەنزیك ناحیەی سیروان قسەیان کرد دوای کەبیستم وتبویان وامان زانیوە لەو ماڵانە دایت و لەبەر پەنجەرەوە چاوت لێمانە و وتمان ئێستا لێمان ئەدات جاشەکان هەڵهاتن و شەرەکە نەبوو گەراینەوە مەقەری سورێن هەر لەوێ بوین تا 1983/6/21،

لەرۆژی 1983/6/22 بەیانی زووبوو نامەیەك هات لای حزبی شوعیەوە كە كاك سەید توفیق (ئەندامی اقلیم) لەحزبی شیوعی كۆچی دوایی كردووە زۆرمان پیٚ ناخۆش بوو چونكە سەید توفیق پیاوێكی باش و بەتەجروبەو دڵسۆزو پیاوێكی كۆمەڵایەتی و هەمیشە دەمی بەپێكەنین و قسەی خۆش بوو لەوكاتەداو لەو شاخە خەسارە بوو وەختی نەبوو سیحەتی باش بوو پێشتر ، لەگەڵ كاك شیروان و برادەران چوین بۆ سەر جەنازەكەی تا ناردیان و ئەوەی بینێرنەوە بۆلای كەسوكاری شتێكی ناخۆش بوو بەتایبەتی ئەوماوەیە پێكەوە بوین لەسورێن ئەوان ئەو كاتە لە ئەشكەوتی هەزار ئەستون ومەریاوەكە بون، لەرۆژی 1983/6/23 لەتعزیەی كاك سەید توفیق بوین، لە 1983/6/24 هەواڵیان دامیٚ كە هەندێك چەكدار پەیدا بون لای پێنجوێن وجۆمەرەسی سەر بەئێران و عێراقیشن راوروت وتالاٚن دەكەن وپارە لەخەڵك دەسێنن و عەزیەتی خەڵكی ئەدەن منیش بریارم دا لەگەڵ هێزێكدا بڕۆم بۆیان وبیانگرین لەدەرەكۆرەوە چوینە چنارەو لەوێش لەمەقەری حزبی شیوعی لاماندا وتیان بۆ كویٚ دەچن... وتم شتێكی واهەیەو دەچین بۆ ئەوانە ئێمە (70) پێشمەركە بوین.... وتیان ئێمەش حەز دەكەین هاوكاربین لەو كارەو مەفرزەیەكی ئەوانیش مەسئولەكەیان كاك مستەفا بوو دوای قاچی پەری و ئێستاوابزانم لەسویدە لەگەڵمان هاتن وچوینە ئەویٚ لەبەردەبەل وبانی بنۆكەوە تا بەیانی زوو رۆژ بوەوە دەوری جۆمەرەسیمان گرت هێشتا كازیوە بوو پێشمەرگە لەخەودا چوە سەر هەندێكیان و بوو بەتەقە ئەوان لە(2) جێگا خەوتبوون مەفرەزەكەی كاك نوری حمەعەلی بوو چوەسەریان دوای تەقەیەكی كەم (3) كەس لەدزەكان كوژراو (4)یان بەدیل گیراو هەندێكیان هەڵهاتن لەوانە سابیرئالیاوایی خەڵكی دەوروبەری پێنجوین بوو (7) پارچە چەك و(2) دەمانچەوهەندێك شتیان گیرا ئەو خەڵكەی كەلەویٚ كاسبی دەكرد زۆر بەگەرمی پێشوازیان لیٚ كردین كەئەو دزانەمان لەكۆڵ كردونەتەوە مەسئولەكەیان كوژرابوو یەكێكیان وەرەقەی ئیتلاٚعاتی ئێرانی پیٚ بوو كەمخەوەلە هەرچی بكات لەو سنورانە، وە وەرەقەی مخابەراتی عێراق هەرچی بكەن بۆ كەس نیە دەست بێنێتە رێگەیان لەو سنورە ئەوەش دەنگێكی باش بوو بۆ حزب و (4)كەسەكەی ترمان لەسورێن سجن كردتا بەكەفالەت بەردران پاشان یەكێكیان بوو

بەپارتی و بەئامر بەتالیون بەناوی عەبە خوری، ئێوارە گەراینەوە لەچەمی جۆمەرەسی و سیامێوە لەرەبایەکانی سەر سیامێوە لای عەرەب سوار وەرەبایەکانی لای سیامێوەو زەنگی سەر تەقەیان لێ کردین گولەی هاوان لەرانەمەری هاولاتیانی داو (75) سەری کوشت یەکێك لەو دزانە چوبووە رەبایەك و خەبەری دابوو چونکە ئەوان وەرەقەی ئێران و عێراقیان پێ بوو لەکاتی پێویست هاوکاریان بکەن لەسەرئەوە تەقەیان لێ کردین وپاشان چوین بۆهۆلەسمت، هۆلەسمت بەناوی ئاوەکەیەوە ئەو ئاوەی لەجۆمەرەسی و چەمی عەرەب سوارەوە دێت کاتی خۆی ئەوچیایە کون کراوە (1500) مەتر ئاوەکە لەو دیوەوە هاتۆتە دیوی شارەزوور و بۆ گوندی وەلەسمت و لەوێ سودی لێ وەردەگرن شتێکی زۆر عەجایەبە چۆن کون کراوەوئەو بەردە براوە لەناوەوە جێگای دانیشتن لەبەردەکە دروست کراوە هەندێك جێگای تێدایە بەئاسانی دەتوانرێ ئاوەکە بگریت، ولێ بەهەورامی یەعنی کون هەر بەو ناوەوە گوندەکەش ناونراوە لەوە دەچێت لەنزیکەی(700) سالێ پێش ئێستا بووە (وەکو ئەیگێرنەوە کەپاشایەك لەگەلێ دووپالەوان گرەوی کردووە کەیەکێکیان ئاوەکە لەسیامێوە وە بەرێت بۆوەلەسمت وەئەوەی کەش گردی قولخورد دروست بکات چونکە سیامێوە (900) سالێ پێش ئێستا هەر گوند بووەو مامویەکانی لێ بووە یائەردەلانی لەسنەوە بۆسەردۆش وبۆ سیامێوەو بۆ کێلەکەوەش لای سەیدصادق و بۆ خورمالێ واتا گولێ عەنبەر). چوینە وەلەسمت وبۆگامێش تەپەودوای نان خواردنی ئێوارە هەر ئەوشەوە بۆسەعات (2)ی شەو چوینە مەسەکان وقاجروتەپەرێزینەو بۆگردی قازی وگێلەك، لە1983/6/26 لەشیرمەربوین تاشەوی 27-1983/6/28 چوینەوە مەقەری دەرەکۆرە ومیری سور.

## چۆنیەتی دامەرزاندنی کۆمیتەی سلێمانی _ کەرکوك ی حزب

لەرۆژانی 29و1983/6/30 هەر لەمەقەر بوین لەسورێن کاك شێخ محمدشاکەلی وکاك قادرجەباری وکاك دکتۆرنەبەز وکاك ئامانجی کوری کاك شێخ محمد وکاك نەبەز پێشمەرگەبوو لەگەلیان لەسەرکردایەتیەوە بەنوسراوێك هاتنەلای ئێمە لەسورێن، دکتۆر نەبەز خەلکی سلیمانی بوو کورێکی باش بوو مەسیحی بووخزمی نەوال خان بوو دەرمانخانەی هەبوو لەسلێمانی ئەویشیان لەگەلدا بوو لەدوای شکانی پشت ئاشان و

ئەشقوڵکە بوو لەنوسراوەکەدا کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی کەرکوک دامەزرابوو(3) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کاک شێخ محمد شاکەلی وکاک قادرجەباری پێکەوە ومن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ومەسئولی لقی سلێمانی وکاک شێخ محمد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ومەسئولی ڕێکخستنی سلێمانی وکەرکوک و کاک قادرجەباریش ئەندامی کۆمیتەوعلاقاتی سلێمانی وکەرکوک، بڕیارەکانی سەرکردایەتیان دامێ وکۆبونەوەمان کردو من زۆربەخێرهاتنم کردن وزۆرم پێ خۆش بوو بەهاتنی ئەوان وهاوکاری وسوک کردنی ئەرکی سەرشانی من، من بەپێچەوانەی هەموو مەسئول و مەسئول لقەکانی کە بووم حەزم دەکرد(5–6) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەوێ لەسنوری لقی سلێمانی بێت و پێکەوە بین هەر لەوێ خانویەکمان بۆ دیاری کردن و بۆ ئیشوکاری ڕۆژانە ئەو جێگایەش بۆ خۆیان، من زوو خانویەکی کەم کردو خانووەکەی خۆم دا بەئەوان لەدەرەکۆرە کەئەوان هاتن ئێمە حاکمی ناوچەی شارەزووروسورێن بوین یەکێتی لەو سنورە دەکرابوون هەموو شکات و تەوزیعی زەوی و کاری ڕۆژانەی جەماوەر روی لەئێمە دەکردو هەموو بارەگاکانمان لە منجەروسێ کوچکان ومیری سورودەرەکۆرەو ئەشکەوتی حمە شێت وبانی شارهەبوو مەقەرەکان تەلەفزیون وتەلەفۆنی داخلی وکارەباوئازوقەو خواردنی بێ سنوری هەبوو، گومرکمان لەمنجەر هەبوو ڕۆژانە سەدان کەس معامەلەی دەکردوڕێگای کەسمان نەدەدا گومرگی بکات جگە لەسۆسیالست، پارتی هەندێك محاوەلەیان کرد ڕێگاکانمان لێ ببرن بۆهاتوچۆ دوای وازیان هێنا هەر چەندە هەوڵیان لەگەڵ حزبی شیوعی وپاسۆك دابوو هەر ڕێگامان نەداو هێزمان بەکارهێنا ئەوانیش شەری ئێمەیان پێ نەدەکرا لەسەر ئەوە وردە وردە تێك چوین لەگەڵ (پارتی وجود) ڕۆژانە جەماوەری شارو شارەزوور لامان بوون پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران باش بوو هاتوچۆو ئازوقەو یارمەتیمان هەبوو تائەوکاتە، جەماوەر بەشەوروژ هاتوچۆیان دەکردین سجنمان هەبوو هەمیشە (70–80) کەسی لێبوو هەرکەسێ کاری خراپی بکردایە لەعێراق ویەکێتی لەوناوچەیە دەمانگرت هێزمان زۆربوو لەسەر تەواوی شارەزووروبەشێکی شارباژێروپێنجوێن بەتەواوی سەیتەرەمان هەبوو ڕێك وپێك هەرکەس دەوامی خۆی دەکرد بێ ئێمە بڕیارێکی سیاسی وعەسکەری لەو ناوچەیە نەدەدرا، کاك شێخ محمد و

ئەوان لەدوای ئاشقولکەو پشت ئاشان چووبون بۆ ئێران وزێوکەوماشکان وەزعی نەفسییان باش نەبوو بەلاّم کەوەزعی ئێمەیان بینی گەشانەوە و ئومێدێك پەیدا بوو بۆیان، من ئەوکات زۆر جار ئەوەم دووبارە دەکردەوە کەئەگەر حزب لەکوردستان نەمێنێ لەکادرەکانی لقی سلێمانیەوە دەتوانین حزب وەکو خۆی لیّ بکەینەوە باوەرمان بەخۆمان زۆر بوو من باسی جودو پارتیم بۆ کردن کەئەوانە هیچ ئومێدێکیان بۆ هاوکاری لیّ چاوەروان ناکرێت ئێستاش خۆیان بەکوێخا دەزانن کەناوێرن بیّ ئێمە برۆنە شیرەمەر، برادەران لەسەر جود دڵیان گەرم بوو هەندێك من زۆرئەهەمیەتم بەجود نەدەدا باوەرم پیّ نەبوو هەم پارتی خۆیان بەشت دەزانی وحزبی شیوعی لەگەلّ ئێمە باش بوون ئەوان واقعیانە بیریان دەکردەوەو لێمان دەگەیشتن بەلاّم ئەوانیش هەر جار جار حەزیان دەکرد کوێخا بن یاخۆیان بەشارەزاتر دەزانی... بۆ نمونە کەکۆبونەوە دەکرا ئەوان پێش هەموو کەس دەستیان بەقسە دەکردو دوایش دەیانوت بەیانێك دەربکەین لیژنە دانێین ئەوان مسوەدەیەکیان نوسیبوو لەگیرفانیان دەیانوت خۆ شتێکمان نوسیووە ئێستا لەسەر رۆشنایی قسەکان بابیخۆینینەوە بزانین چی لیّ بگۆرین بەلاّم (2) رۆژ پێش ئەوە نوسیبویان و هێنابویان، وە بۆهەر تەئسیری حزبی شیوعی لەناو بەیانەکەدا هەبێت لەسەرگۆڤارێك دەرمان دەکرد بەناوی بەرەوە کاك فازیل (عبدالله قەرەداغی) (2) مانگ دوای خست لەسەر مەقالەیەکی من بەناوی سەربازەوە کە ناوی توفیق وەهبی ومینوروسکیم هێنابوو ئەوان دەیانوت ئەوانە رەجعین چۆن ناویان لەو گۆڤارەی بەرەدا بێت بەلاّم بەگشتی لەگەلّ سۆسیالست رێك بوون و هاوکاریمان باش بوو وەکو شەخسی لەگەلّ کاك بهاالدین و پاشان کاك ئەبوتارا وکاك مەلا ئەحمەد بانی خێلاّنی دوای ئەبو سیروان و سەید توفیق و شێخ سەعیدوکاك مەلاعەلی وکاك عبداللەی مەلا فەرەج وهەموو ئەو هاورێیانە کاك رەوف حاجی عبدالقادری چەمرگەوکاك جەوهەرومام بارام وعەلی کلاّشنکۆف وتوفیق حاجی وکەریمی حاجی وکاك حمەرەشید قەرەداغی وکاك عەتاوعومەر حامیدو زۆربەی مەسئولەکانی حزبی شیوعی دا پەیوەندی دۆستانەمان زۆرباش بوو، کۆبونەوەی لقی سلێمانیمان کردو وەکو لق هاوکاری تەواوی کۆمیتە بکرێت، من سەرپەرشتی هەموو پێشمەرگەشم دەکرد، کاك شێخ محمدوکاك قادر

هەردوکیان منیشیان باس دەکرد کاك قادردژی پارتی ویەکێتی قسەی دەکرد لەبەری کردبووبەتایبەتی لەسەر پارتی کتێبەکەی کاك دکتۆر محمودی لەبەربوو جگە لەوەی خۆی ئاگای لێبوو چی هەبوە لەسەر پارتی و ئاشبەتالیٚ کردوەو هەرکات قسەی دەکرد هەمومان دەمانزانی دووسەعات وبیست دەقەی پیٚ دەچێت ئێمە دەچوین بۆ ئیشی خۆمان چونکە زۆرمان گویٚ لیٚ ببوو ئەوکەسەی تازە هاتبوو قسەی خۆی بۆ دەکرد جار جار میوان دەهات دەمانوت کاك قادر ئێستا حەقە شریتەکە لیٚ دەیتەوە خۆیشی دەیزانی کەی پێویستە ودەستی پیٚ دەکرد، دروست کردنی کۆمیتەی سلێمانی -کەرکوك خاسیەتی تایبەتی خۆی هەبوو بەلاَم لەسەر(2) بناغە دامەزرابوو،یەکەمیان....دوای کشانەوەی لەپشت ئاشان وئاشقولکە و دوری سەرکردایەتی لەکوردستان وبەتایبەتی کەرکوك وسلێمانی، وەزعی نەفسی کاك شێخ محمد لەوناوچەیە خراپ بوو، دور خستنەوەی کاك قادر جەباری حەزیان لەچارەی نەبوو لەسەرکردایەتی بەرەجعی وشتی وایان دەزانی بەتایبەتی کاك رەسول وکاك قادرعەزیزوەمەشغولٚ کردنی لای ئێمە، دووەمیان .... من لەو سنورەوە دور بووم وەکو حزبێکی سەربەخۆ بەهۆی دوری لەسەرکردایەتیەوە سەردانی ئەوانم کەم کردبوەوە بۆرێگا گرتن لەکارێك لەگەلٚ سیاسەتی ئەوان نەگونجیٚ ولەنزیکەوە ئاگایان لێم بێت و لەگەلٚ رەچاو کردنی باری ئێمە بەگشتی ومن بەتایبەتی کە(3) سالٚ بوو سۆسیالست بوم بەلاَم لەهەموو حالەتەکان هەرباش بوو وەچۆنێتی ئەو پەیوەندیەی ئێمەو ئێران ودانانی سنور بۆی لە علاقات کاك قادر دانرا، بەلاَم ئێرانیەکان تەعامولیان هەر لەگەلٚ من هەبوو هەرچی روبەروی ئەوانم دەکردەوە بۆیە خەلکی کە کەوتە پەیوەندی لەگەلٚ ئێران لەسەر ئەوەی برادەران و من رای جیامان هەبوو لەگەلٚ ئێرانیەکان من لێیان تیٚ دەگەیشتم و ئەوان تیٚ نەدەگەیشتن لەمن مەسەلەی گومرگ وپارەش راستەوخۆ حیساب لەگەلٚ کۆمیتە دەکرا کاك شێخ محمد خۆی وادیاربوو خاوەنی ئەو فکرەیەو دروست کردنی کۆمیتە بوو لەسەرەوە چونکە کاك شێخ محمد تموحی هەبوو بۆدروست کردنی لقی کەرکوکی لەگەلمی باس کردبووکە لەکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی باسی بکەم وبۆ زستان داوای کرد کەمەقەری کۆمیتە جیا بکرێتەوە لەلق ودوریش بێت یەك سەعات رێگا بۆیەمەقەری کۆمیتەمان دامەزراند

وکـاك شـێخ محمـد دەوامـی تێـدا دەکردوهەرچـی تابیعـەو فۆتۆستێنـسڵ ورۆنیـو هـەبوو هەمووومان کۆکردەوەو تەسلیم بەکۆمیتـە کراو کاك ئامـانج وکـاك ئاری کاکـەیی کەئێستا ئەنـدامی لقـی ئـەورووپای حزبـە ولەسـوید دادەنـشێ لەکۆمیتـە کاریـان دەکـرد مـن بـەش بەحاڵی خۆم سوودم لەهاتنی کاك شێخ محمد وکاك قادر وەرگرت وکاك قادر زۆرکاری بۆمن ئاسان کردبوو بەڵام سوودی زۆروئیسفادەی زۆرم لەکاك شێخ محمد کرد، کاك شێخ محمد پیاوێك بوو شتی پێ بوو ئەو هانی دەدام بۆ لەچاپ دانی ئەوبەرهەمانەی کەهەم بوو، بەتایبـەتی شـۆرش وپێشمەرگایەتی وەپێشەکی بۆنوسیم بـەناوی بـاوکی دلێرەوە ساڵی 1983 کاك شێخ محمد هانـدان وهاوکاری کـردم، کـاك ئامانج شاکەلی تـەبعی کـرد بوم هـەر لەسـورێن شـتەکانی کەشـم دەنوسیەوەو گۆڤاری سـورێن هەرچـەندە وەکـو فکـرە هەبوو بەڵام کاك شێخ محمد فکرەکەی پیادە دەکردوئامادەی کرد لـەرۆژی 1983/8/13 گۆڤاری سورێن یەکەم ژمارەی دەرچووکەوتە بەر دەستی خوێنـەران لەسـورێن ودەرەکـۆرە کەشـتێکی زۆربـاش بـوو واتـا کـاك شـێخ محمـد هانـدەرێکی بـاش بووبۆشەخـسی مـن وبۆحزبیش، کاك قادریش هەرچەندە کەم لەوێ بوو بەڵام زۆر شتی لەکۆڵ مـن دەکـردەوەو ئیشی رادەپەرانـدو ئەوماوەیـە خۆشمـان بەسـەربرد هەرچـەندە رۆژانـە شـەهیدوبرینداری شـەری نـاوخۆش لەسـەروی هەمویـەوە هـەبوو هـەم لەگـەڵ جـودیش رێـك نـەبوین و لـەناو حزبیش هەر کێشە هەبوو بـەڵام سـەرکەوتوبوین لەکارەکانـداو مەرکەزیـەتی بـاش دروسـت بـوو بۆحزب، مـن لەمەقەربوایـەم ولەمەقـەر نەبوایـەم وەکـو یـەك بـوو بـەڵام لەگـەڵ علاقـاتی ئێران خراپ ببوو منیش وتم باتەسەور نەکەن من دەسـت دەخەمـە کاریـان باخۆیـان چـاك بکەنەوە هەرباسی علاقاتم نەکردو نوێنەرمان نەما لەئێران لەمەریوان کاك شـاخەوان وکـاك کاروان نەقڵ بوون بۆ سەرکردایەتی، کاك کاروان بۆ دەورەوکاك شاخەوان بـۆلقی هـەولێرو هەنـدێك ماڵمـان لەمـەریوان بـوو هێنامانـەوە کوردسـتان چـونکە ئێمـە هاوکـاری ئـەوانمان نەدەکرد ئەوانیش هاوکاری یان نەدەکرین کەزەروریش بـوو هاوکـاری وپەیوەنـدی هـەبێت لەبەر ئەوان من هیچم نەکرد، لـە 1983/7/1 تـا 1983/7/11 هـەر لەمەقـەری دەرەکـۆرە بـوین خـەریکی خۆرێکخـستن وئیـشوکار بـوین کۆبونـەوەی خۆمـان و بـەرەو لایەنـەکان، پاسـۆك لـەدەرەکۆرە بـون پێکـەوە بـوین، رۆژی 1983/7/11 رۆژی جـەژنی رەمـەزان بـوو

لەوسەفرەو مەقەرانەماڵەوەمان هەر لەگەڵدا بوو، چەکی پێ بوو، پێشمەرگە بوو، هەموو جەژن دوربووم لەمناڵ وکەسەوە بەلاّم راهاتبوین، هیچ جەژنێك لەماڵەوە نەبووم وەیاماڵمان نەمابوو هەر لەوشاخانە بوین، لەرۆژی 1983/7/12 (6) جاشی رژێم بەچەکەوە هاتنە لامان لەرێگا برادەران لەخوارەوە ناردنیان بۆ سورێن رێکخستنی حزب قسەی لەگەڵ کردبوون وەزعمان زۆر باش بوو رۆژانە پەیوەندی هەبوو لای یەکێتی ولای عێراق ولای پارتیەوە هەبوو بۆلای ئێمە، رۆژانی 13و1983/7/14 لەشێرەمەر بوین لە1983/7/15 گەرامەوە سورێن و لە1983/7/16 هەر لەسورێن بووم تا 1983/7/24 هەر خەریکی ئیشوکارو بلاّوکراوە بوین، شەوی 25–1983/7/26 جیهاز پەیوەندی کرد کە(4) کەسی یەکێتی لەماڵێك لەتەپەرەش خۆیان شاردۆتەوەو مەفرەزەیەکی سۆسیالیست لەوێوە تێپەریون تەقەیان لێ کردون وئامر مەفرەزەکە کەناوی عزەت عەلی کانی شێخی بووە شەهیدبووەو یەك پێشمەرگە بریندار بووە ئەوانیش خۆیان کردوە بەناو گوڵەبەرۆژەکان و بەرەو هەیاس هەڵهاتون من شەو چوومە خوارەوە بۆشێرەمەر وقاجر، لەرۆژی 1983/7/27 چوینە تەعزیەی حاجی ئەحمەد فەتاح لەدۆلاّش کۆچی دوایی کردبوو پیاوێکی باش وخزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد، لە1983/7/28 لەمەسەکان بوم لەماڵی کاك حمەی مەرجان، لە1983/7/29 لەگردی شەریف بوین لەماڵی کاك خالیدکەریم، لە1983/7/30 لەناوگردان لەماڵی کاك عبداللەی حاجی حمە فەرەج بوین هێزەکەمان ماوەیەك بووتوشی شەروزەرەر نەبوبوو پێم وتن ئەوە (4–5) رۆژە لەم ناوەین باهێزەکە بلاّوە بکات ودور بکەوینەوە لەم ناوە هەندێك مەفرەزە بۆشارباژێر بنێرین بۆ گرتنی هەندێك لەمەسئولەکانی یەکێتی چونکە زۆرمان لا نەمابوو سجن بن کاك عوسمان قادرمنەوەرو مەفرەزەیەکی بچوك، مامۆستا کەمال سابیر ئەندامی ناوچەوکاك نوری زەرەنگەروچەند پێشمەرگەمان نارد لەشارباژێر مامۆستا سەرداری مەسئولی ناوچەی یەکێتی یان لەگەڵ (2) کەسی کە گرت وگەرانەوە، مەفرزەیەکمان ناردە لای دۆڵی گلاڵ (2) کەسیان گرتبووهێنایانەوەو لەجیاتی شەهید بوونی عزەت ئەوکارانەمان ئەنجام دا.

# گوندی مەسەکان وداستانێکی کەم وێنە

لەشەوی 30-1983/7/31 مەفرزەیەکمان ناردبۆ شارباژێربریتی بون لە عەلی بچکۆڵ وشێخ توفیق وکەریمە ریشەوابراهیم قاجری هەرچەندە پێم ووت تۆگەڵو گیپاڵی رۆیشتنت نیە بڕێ سەیری خۆی کردو وتی بەخوا حەز ئەکەم بڕۆم منیش وتم باشە تۆش بڕۆچەند پێشمەرگەیەك چوبونە نزیك جادەی شانەدەری حاجی نامیق ولەسەرجادەکە کەمینی لێبوو مانگەشەو بوو هەردولا تەقەیان نەکردبوو لەیەك چونکە وادیاربوو هەردوولا شوێنەکەیان خەتەربوو ئیشی کەشیان لەپێش بوو ئێمەش لەگەڵ هێزەکە ووتم برۆینە دۆڵاش وتیان حەز دەکەین ئەحمەد قەدەفەری و نوری حمە عەلی وابراهیم ووتیان: پڕبەدڵ حەزدەکەین توشی شەربین عێراق بێ یایەکێتی ئەو هەموو هێزەمان بۆچیە باشەرێکی پێ بکەین زۆر هەوڵم داو وتم باشە دەچینە مەسەکان بەلآم زانیاریم هەبوو سبەینێ جەیش دێتە ناوگردان ومەسەکان بۆمان ئەوکات دەبێت شەربکەین وتیان باشە بابروینە مەسەکان ودوایی زوو دەردەچین بۆگردی شەریف یادۆڵاش وقاجر منیش لەسەری نەرۆیشتم و وتم باشە چوین لەمەسەکان لەچەند لایەکەوە خەوتین لەسەعات (1)ی شەو تێخورین دەستی پێ کردومەفرزەکەبوو گەرابونەوە وتمان چی بوو وتیان سبەی شەو ئەرۆین بەلآم لەوە دەچوومەفرەزەی یەکێتی بن ئەوانیش وەکو ئێمە بۆشارەزوور هاتبن وتم باشە هەمووتان مەخەون پێشمەرگە هەڵسێنن بابرۆین چونکە بەیانی جەیش دێتە سەرمان، شەهید کەریم ریشە وتی بەخوا زۆرماندوین بەیانی (1) سەعات لەسەرمن شەربکەم ودوژمن مەشغوڵ بکەم تائێوە دور دەکەونەوە بەسوعبەتەوە عەلی بچکۆڵ و هەمویان هەریەکە قسەیەکی دەکرد منیش وتم بخەون بەلآم بەیانی جەیش هات دەبێت شەر بکەن لەبیرتان نەچێت چونکە جەیش وجاش هات رانەکەن ئەگەر ئێستا بڕۆین پێم باشە وادیاربوو حەزیان لە مانەوە دەکرد کارەبا هەبووخۆش بوون ئەو گوندانە، بەیانی زوو سەعات(4) تازە دنیا روشن ببوو جەیش وجاشێکی زۆر لەگردەنازێ وڕێگای گامێش تەپەو قەدەفەریەوە هاتنە مەسەکانی مەلاعەلی کە(1000) مەترێك لەو جێگایەی کەئێمە لێ ی خەوتبوین دوربوو هەردوو مەسەکان تێکەڵەویەك چەمی بەینە جاشەکان دوودڵ بوون لەوەی پێشمەرگە لەوێ بێت بۆیە سەلەیەك

کلاشـنکۆفیان تەقانـدو پێـشمەرگە لێفـەی گـرت بەکۆڵـەوە لەچـوار دەوری گوندەکـە خەوتبوین منیش لای مەکتەبەکەوە پێشمەرگەم هەڵساندوباسی ئەوە دەکرا لـەکوێ وەو بـەرەو کـوێ بـرۆین.. ووتم ئێـوارە پـێم نـەوتن نـارۆین دامـەزرێن شـەردەکەین وتیـان لەئێستاوە تـائێوارە کـێ شـەری پـێ دەکرێـت، وتم :بـەخوا نـارۆین ودەبێـت شـەربکەین بەتانیەکان هـەمووی خرانە لای مەکتەبەکەو کـەس فریـای کۆکردنـەوەی جێگـابۆ ماڵـەکان نەدەکەوت، وتم: کـەس تەقـە نـەکات وکـەس خـۆی پیشان نـەدات جاش هاتـە مەسـەکانی مەلاعـەلی ورۆژبـووەوەو (4) دەبابـەو(5–6) ناقیلـە هاتـە مەسـەکان و تەقـەیان لـەناو مەسەکانی حاجی ئەحمەد کرد کەئێمـەی لـێ بوین بەهاوان وچەکی سوك کەس وەڵامی نەدانەوە تەقەش لەسـەرکانی پیازان وگـردی شـەریف دەسـتی پـێ کردجاش وجەیش بۆ ئەوێش کەوتە رێگا، نوری حمەعـەلی ومەلانوری مان نارد لەگەڵ شەهید نـەجم بۆگردی شـەریف، شـێخ توفیـق وکەریمـە ریـشە بۆسـەرپردەکەی مەسـەکانی مـەلا عـەلی وگـردی شـەریف، ئەحمـەد قەدەفـەری بۆرێگـای مەسـەکانی حـاجی ئەحمـەدوجادەی قـیر، عـەلی بچکۆل وشەهیدحمەی مامەسەعە وجەمال دۆلەسوری وکۆمەڵێك لەچاڵەکان لەسەر رێگای مەسـەکانی مەلاعـەلی کەجاشـەکان بـەرەو ئێمـە دەهـاتن، مـن لـەناو ئـاوایی دابـوم هێـزێکم بۆرێگای ناوگردان ومەسەکان نارد، جاشەکان چەکەکانیان کردبەشـانیانەوە دوای ئـەوەی کەتەقـەیان کـرد لـەئاوایی و کـەس وەڵامـی نەدایـەوە وایـانزانی کەسـی لـێ نـەماوە زۆرلەسەرخۆ لەدەشتەکەوە هاتن هەرچی هـاوارم کرد پێشمەرگە تەقە نەکەن وتم کـەس تەقە نەکات تادێنە ناومان (25) کەس لەپێشەوە هاتن ئەوانە هەموو دەگرین و دەکوژین، بەڵام شەهیدحمەی مامەسەعەوعەلی بچکۆل وجەمال وحمید حمە ئەمین سەبریان نـەکردو تەقەیان لەجاشەکان کرد، ئەودەست رێژە لەسەعات (4/30) سـەرلەبەیانی کـرا (2) جـاش کـوژراو(5) جـاش بریـنـداربوو جۆگەیـەك لایانـەوە نزیـك بـوو خۆیـان هاویـشتەبوە نـاو جۆگاکـەوە کـارێکی خراپیـان کـرد برادەرانـی ئێمـە زوو تەقـەیان کـرد، لـەرێگای گـردی شەریفیش جاش کەوتە کەمین ولێیان کوژراوبریندرایان هەبوویەکێ لەکوژراوەکان نـاوی محمد بوو خـەڵکی کانی ئاسکانی بنـاری سـورێن بووشـەر گـەرم بـوو لەهـەموو لایەکـەوەو دەبابەکان لولەی تۆپەکانیان گرتە مەسەکانی حاجی ئەحمەد، بە(4)دەبابەو(7–8)هاوانی

(60 و82و120)ملـم لێیـان دایـن، مـن وتم كـەس تەقـە نـەكات وابـزانن ڕۆیـشتوین دوای ئەودەسـت ڕێـژە هـەمووهان خۆمـان شـاردەوە تاسـەعات(7)، زیـاتر لـە دووسـەعات ونیـو بەتۆپ ودەبابەوهەموو جۆرە چەكێكی قورس وسوك لێیان داین لەماڵ ومناڵ كەس خۆی دەرنەخست دوای ئەوە دەبابـەش لـەدوولاوە بەهێواشـی لەگـەڵ جاش وجـەیش لەپێشەوە تەقەیان ئەكردوتازۆر نزیك بونەوە لەهەر چوار لاوە تەقەمان لێ كردن و(ئـار.بـی.جـی)مـان حـازركردبوو لەگـەڵ تەقەكردنەكـە ئـەوانیش لەدەبابـەكان بـدەن، حمـەی مامـە سـەعەش بـە ئار.بی.جی، لەدەبابەكەی داو زەرەری پێ گەیاند، منیش بە ئـار.بـی.جـی وقەناسـە تەقـەم زۆركردو ئەم جارەیان زەرەری زیاتر،(2) ئیستخبارات جیهازیان لەكۆڵ بوو كـوژران یـەكێ لەدەبابـەكان لەبـەردەم مەسـەكانی مەلاعـەلی زەرەری لـێ كـەوت و دەبابەیـەكی كـە لەسـەر چـەمەكە نەیـدەوێرا بجوڵێت وشـەرگـەرم بـوو لەهـەموو لایەكـەوە ئێمـەش هـەر چاوەرێ ی تەیارەی هەلیكۆپتەر بوین نەدەهات زۆرلامان سـەیربوولەوكاتەدا هـەموو جیهازەكـان جگـە لەگوێ گرتن كەس قسەی پێ نەدەكردن و تەقەشمان نەدەكرد، لەمەقـەری سـورێن وئـالان وحاصـل ولەزۆربـەی ناوچـەی شـارەزوورەوە هێزەكانمـان زۆر ترسـابون كەئێمـە دەنگمـان نیـەو زەرەری گـەورەمان لـێ كـەوتووە یاوەزعمـان خراپـە هەرچـی هاواریـان دەكردئێمـە وەڵامی كەسمان نەدەدایەوە، جاشەكانیش هەر جنێووقسەی ناشرینیان دەوت بەئەحمـەد قەدەفەری شەرە جنێوبوو بەجیهاز، جیهازەكەی سورێن ناوی سەربازبوو جیهازەكـەی مـن بوولەگـەڵ جیهـازی لای بـانی شـاروئەحمەدئاواو لەهـەموو لایەكـەوەبوو بەشـەرە جنێـوو قسەمان نەدەكرد بۆئەوەی جارێكی كە دوژمن بێتە لامان دەبابەكان نزیك بونەوە هەرچیان دەكرد تۆپەكانیان ئێمەی نەدەپێكاو بەر خانوو دەكەوت وكونی دەكردو دەرۆیشت وتـۆپ گەیشتبوە بناری ئالان وحاصڵ مامۆستا دڵشادوهێزێك لەتەپەكەل وسواریەوە بەرەوئێمـە دەهاتن بۆشەرەكە من بـەجیهاز پێم ووت نەیـەن توشـی زەرەر دەبـن، جارێكـی تـر جـەیش وجاش هێرشی كردەوە ئەوجارە خراپ شكان وهەمووناوچەكە چاویان بری بوە شەرەكە، سـەدان سـەیارە لەسـەر جادەكـە وەسـتابون سـەیری ئێمـەیان دەكردهـەموو (3)كیلۆمـەتر لـەجادەی قـیری سەیدصـادق– هەڵەبجـە دوربـوین هـەزاران جـاش هـاتبوون هەردەشـكان جاشەكان بەجیهاز داوایان لەئەحمەد قەدەفەری دەكردلەوانە خالید خولەسوروحمە ئـەمین

**شەمێرانی وصاڵح خەیات کە ئەحمەد قسە لەگەڵ من بکات بۆ(15)دەقیقە مەسەکان چۆڵ بکەین چونکە ئەوان ئەمریان پێکراوە هەر دەبێت بێنە گوندەکەوە ئەگینا دەیانگرتن چونکە ئەمری عەسکەری یان لەسەربوو، ئەحمەدو ئەوانیش پێیان رادەبواردن لەگەڵ جیهازەکانی کە دەیان ووت ئێوە بەرەغبەتی خۆتان نەهاتوون بۆکوشتنی پێشمەرگە، دەیانوت نەوەڵا بەزۆرهێناویانین بەدەم وچاوجاشەکانمان دەناسی جارجارتەقەمان لێ دەکردن هەڵدەهاتن دووسێ جار خەریك بوو بکوژرێم جارێکی کە ئەگەر مام کەریم لەدواوە نەیگرتایەم واتا من رۆیشتم مام کەریم عبدالله لەدواوە گرتمی نەی هێشت هەنگاوی دووەهەم بهاوێژم لەوکاتەدا گولەی دۆشەکەپراوپر دیوارەکەی بری دیواری سوچ واتا گۆشە بوو قوربوو ئەگەر نەیگرتایەم بەر سنگم دەکەوت شەر وردە وردە لاوازبووهەرلامان سەیربوو تەیارە نەهات، هەرێمی(3) لەسورێن بون هاتن بەدەم شەرەکەوە لەشیرەمەروگێڵەك دنیاجەنگەڵ وگوڵەبەرۆژەو زەراعەت بوو، هێزێکی(70) کەسی لەشیرەمەروسورێنەوە هاتن نوری حاجی عەلی زەرەنگەروسیروان وسەردارونەجم هۆمەرێنی وزۆری کە لەپێشمەرگە بەرەو ئێمە دەهاتن بەرۆژلەجادەی تەپەرێزینە پەرینەوە کاك عوسمان قادرمنەوەروخاڵەنەجم هاتنە تەپەسەرقولەوکشەدەری وقاجرئێمەش تاسەعات(12/30)ی دوای نیوەرۆشەرمان کرد بەپێشمەرگەم ووت خۆتان ئامادە بکەن هجومیان بۆدەکەین چونکە وەزعی جەیش وجاش خراپ بوو کاك ئەحمەد قەدەفەری هات و ووتی ئێستا دەبێت بەسەر دەبابەکاندا هێرش بکەین چونکە جەیش وجاش کەوتۆتە پشتەوەو(3)دەبابەش چوبووە پاڵ ماڵەکانی مەسەکانی سەرو کات درەنگی کرد ئەوکات وەختی شەربوو کاك ئەحمەد بەهەموو هێزەکەیەوە یەك گولە(ئار.بی.جی)مان پێمابوو، لەم لاشەوە ئەگەر ئار.بی.جی، نەبێت دەبابە دێتە سەرمان تائێستا سەرکەوتوبوین بابرۆین باشە لێیان کوژراوەولێیان بریندار بووە ئەوان شکاون وئێمەش فیشەکمان پێ نەماوە ویەك گولە ئار.بی.جی،مان پێماوە، بۆیە بەبرادەرانم وت بەشێوەیەك کەس نەزانێ ودوژمن نەزانێ دەربچین برادەران وکەریمە ریشە کەوتەپێشەوە لای مزگەوتەکەوە بۆباخەکەی حاجی ئەحمەد لەوێشەوە بۆ گردی شەریف پێم ووت نابەرەو جادەوناوگردان برۆن ودوایی لەگوڵەبەرۆژە لای کارێزەکەی ناوگردانەوە پێ ی**

دەڵـێن سـاروجە بـەرەودۆلاش وبۆقاجرپاشـان ئاگـاداری هێزەکـەی گـردی شـەریف بکـەن بەشێوەیەك نەخەڵك ونـەئاوایی، دوژمـن نـەیزانی هەرتەقـەی دەكـرد تاسـەعات (3)ی پـاش نیوەڕۆ هەندێك جاش چونە ناومەسەكان وبەپەلـە گەرانەوەوهـەڵهاتن وادیـاربوو خەبـەریان بەهێزەكـەی گـردی شـەریف نەدابووچـونكە گـردی شـەریف (2)كیلۆمـەتر لـەدوای ئێمـەوە بـوون ئـەوانیش دەرچـوبون هـەر سـەرلەبەیانی لـەنێوان مەسـەكان وگـردی شـەریف دا لەناوتوتنەكان پێشمەرگەیەكمان بەناوی ئەنوەر محمود شـەهید ببـوو كـەسمان نـەمانزانی بـــوو كەكۆبوینـــەوە قـــوەی هـــەورامان پێـــشمەرگەیەكیان دیارنـــەبوو گـــەرابوون جەنازەوچـەكەكەیان هـەر لـەجێگای شـەهیدبونی دا هێنایانـەوە شـەهیدئەنوەر كـورێكی ئازاودڵسۆزوقارەمان بوو، ئێمـە چوینە قاجرجـەماوەرێكی زۆرلەرێكخستن ولەكەسوكاری پێـشمەرگە كۆبونـەوە لـەوێ و بەگـەرمی دەهـاتن بەدەممانـەوە وزۆر خۆشـحاڵ بـوون و(5)هـەزار فیـشەكیان لەرێكخـستنی سـیروانەوە هەرلـەكاتی شـەرەكەدا لـەو جاشـانەی دۆستمان بون كۆكردبۆوەوهێنایانە قاجر بۆمان كاك سابیری حاجی تاهیر هێنابوی بۆمان لـەوێ وەهەنـدێك لەفیـشەكەكان هـی حمـە سـەعید عبداللـەی خاسـەبوو وە گەیـشتینە هێزەكانی كەمان لەدورەوە هاتبون بەدەمی ئێمەوە، ئێمە لەوشەرەدا(60) پێشمەرگە بوین (22)كەسمان لەمەسەكان بوین وئەوانی كەمان لەدەوروبـەری گـردی شـەریف بـون جـەیش وجـاش ئێمـــەیان بـــە(300)كـــەس دەزانـــی ئێمـــە هـــیچ ترسمـــان لـــەوهێزەی دوژمـــن نەبووپرســیارم لــەجیهازی مەركــەزی كــرد بۆهەلیكۆپتــەر نــەهات ئــەمرۆ كــاك ئامــانج لەسەرجیهاز قسەی دەكرد،كاك شێخ محمد شاكەلی هاتـە سـەر جیهـاز ووتـی ئێمـە خـەمی ئێوەمانـە لەبەیانیـەوە جیهازەكانتـان دەنگـی نیـە وە ووتـی ئـەمرۆ هێـرش وشـەر لـەحاجی ئۆمـەران هەیـەو ئێـران وپـارتی هێرشـیان كردۆتـە سـەرحاجی ئۆمـەران گرتویانـە هـەموو هەلیكۆپتەركانی ڕژێم بۆئەو ناوچەیە رۆیشتون وەجاشـەكانی ئـەم نـاوەش كۆكراونەتـەوە بۆ ئەو شەرانەیان بەرن بەلاَم ئەمان وتویانـە سۆسیالیست لـەم نـاوەن وسبەینێ دەتـوانین زەربـەی گـەورەیان لـێ بـدەین بۆئـەوەی نەیانبـەن بـۆ شـەری عێـراق ئێـران ولەولاشـەوە خەبەریان بەئێمە داوە ڕژێم هێرش دەكات وتەمشیتی شارەزوور دەكات بۆئـەوەی ئێمـەش دور بكەوینەوە واتێگەیشتبون هەركاتێ جوابیان بۆ هێزێك ناردوە ئیتر ناوچەكەی چۆڵ

کـردوەو خۆیـان بەشـێنەیی هـاتون یـا(2)تەقـەیان کـردووەوئیتر ڕۆیـشتون ئـەوان خۆیـان کـردووە بەپاڵـەوان گوایـە پێـشمەرگەیان ڕاونـاوە نـەیانزانی واتوشـی شـەردەبن، لـەوە بـەدواوە جـاش لەهـەر جێگایـەك بیزانیایـە ئێمـە لـەو جێگایـە هـەین هـەرگیز خۆیـان لـێ نەئـەداو جەیـشەکەشیان هەڵـە پـێ دەکـرد نـەك لەبەرئـەوەی دڵـسۆزن وپێـشمەرگە توشـی زەرەر نـەبێت بـەڵکو لەبەرئـەوەی خۆیـان تیانەچـن وە ئەگـەر مـسۆگەربوایە پێـشمەرگەی لێیـەو دەیگـرن یـادەیکوژن ئـەوە بـێ سـێ ودوو بـۆی دەرۆیـشتن جاشـەکان دەبونـە پیـاو تائەوکات پیاو نەبون واتا لای ڕژێم سیقەی زیـاد دەبـوو پـارەی خـوێنی ئـەو پێشمەرگەیە یائەو کوردە کەتەسلیم بەرژێم دەکرا بۆئیعدام دەبـرا بـەو جاشـەی کەگرتویـەتی ویالەگـەڵ ئـامر مــەفرزەی جاشــەکە دەبونــە شــەریك خــانوی پــێ دەکــری وژنــی پــێ دەهێنــاو دەوڵەمەنــدومقاوەلاتی دەکردئــەوە دەبــووە پیــاو هەرجاشــێك و مەفرزەیــەك دەگــەران زۆربەهەڵە داوان کەببنە پیاو ئـەوان بـەگرتنی پێشمەرگەو خـەڵکی بـێ تـاوان دەبونـە پیـاو زۆرجار خەڵکی بێ تاوانیان دەگـرت وکلاشـنکۆفێکیان دەکـردە ملـی و تەسـلیم بـەرژێمیان دەکــردو دەیــان وت ئەمــە پێــشمەرگەیە گرتومانــە وەزۆرجارجاشــەکان تــەزویریان ئەکردبۆئــەوەی خــەڵك بــەرن و تەسـلیم بـەرژێمی بکەنــەوە ئەرۆشـتن هەنـدێك رومانــەو فیشەکیان دەبردە ماڵان و کابراش نەی دەزانی بۆرۆژی دوایی جـەیش و جاشیان دەبردە سەرماڵەکەو شتەکانیان دەدۆزیەوەو کابراش کەئاگای لەهیچ نەبوو دەیـان گـرت و ئیعدام یان (20)ساڵ زیندانیان دەکرد، بەڵام لەئاستی سۆسیالست وهێزەکانی ئێمـە هـەر پیـاو نـەبون تـا ئـازاری 1991 بەسـەرداهات ئیتر بـاوەڕیش ناکـەم جـارێکی کـە ببنـەوە پیـاو، لەوشـەرەدا زیـانی ئێمـە شـەهید ئەنوەرمحمودهەڵەبجەیی و یـەك برینـدارمان هـەبوو بـەڵام زیـانی دوژمـن (6)جـاش کـوژراو(10) جـاش برینـداروزیاتر لـە(10)سـەرباز کوژراویـەك دەبابەش زەرەری لێ کەوت و دۆشکەی سەر دەبابەیـەك شـكێنرا ورژێـم شـكاو ئـەو شـەرە سـەرکەوتنێکی گـەورە بووبـۆ حزبـی سۆسیالـست وهێزەکـانی ورەی هێـزی پێـشمەرگەو جەماوەربەرز بووەوەو بۆ شکاندنی هێـزی رژێـم بەجـەیش وجاشـەوە وروژانـە پەیوەنـدی زیاتر دەبوو لەگەڵ حزبدا ، لەشەوی 30-1983/7/31کەمەفرزەکەی ئێمە گەرابووەوە ئـەو شـەوە مـەفرەزەی یـەکێتیش بـۆ شـارەزوور پەرینـەوەبۆ بـەری هـاوار دەرۆیـشتن ئـەوانیش

لەشارەزووربون بەخۆشاردنەوە، ئێمە لە1983/7/31 لەقاجر بوین و چوینە کشەدەری، شەوی 1-1983/8/2 چوینە تەپی سەفای سەروخواروهەردووشەشک، لەرۆژی 1983/8/2 لەشەشکەوە بۆبەشارەت و بۆخاکوخۆڵ و بەشارەتی خوارو، ئەحمەد قەدەفەری لەخاکوخۆڵ کەوتە کەمینەوە وادیار بوو مەفرزەکەی یەکێتی لای خاکوخۆڵ وشەکرالی لای سیروانەوە پێشمەرگە لەپەنای خاکوخۆڵەوە دەرۆیشتن هێشتا نەگەیشتبونە گوندەکە تەقەیان لیّ کراو ئەحمەد بریندارکراوابراهیم برینداربوو کەریمە ریشەش شەهید بوو کەریم پێشمەرگەیەکی قارەمان وئازاودڵسۆزبوو لەوشەرەدا شەهید بوودەمەو ئێوارەبوو شارەزووریش جەنگەڵ بوو ئەوان هەڵهاتن وئێمەش چوینە تەپەتۆڵەکەوکشەدەری لەوێوە کاک ئەحمەدوکاک ابراهیم مان ناردەوە بۆمەقەرەکانی سورێن وەهێزەکەی ئەوان مامۆستا شاهۆ مەسئولیان بوو وەشوێنەکەش جەنگەڵ بوو تەقەیان کردکەتاریکی کردئەوان دەرچون لەوشەرە ئێمە زەرەرمان کرد چونکە ئەوان کەمین بون لەناو گوندەکەوئێمە پێمان نەزانین، لەرۆژی 1983/8/3 لەگردی شەریف جەنازەکەی شەهید کەریم مان ناشت وقەبرسانێکیان دروست کردبوهی پێشمەرگەی سۆسیالست لەگردی شەریف، من قسەم لەسەر گۆرەکەی کرد خەڵکێکی زۆر لەویّ بون دووبارە کەوتینەوە گەران بەدوای یەکێتی دا و بریارماندا بەهیچ شێوەیەك رێگا نەدەین و هەرکەس یارمەتیان بدات بگرین تامن گەیشتم بەخاکوخۆڵ گەیشتم بەکاک حسێن محمود رەحیم کەپیاوێکی باش و ناسراوبوو دۆستی حزب بوو لەرێگەی خاڵە جوتیارەوە هەندێك عەزیەتی خەڵکیان دابوو پێم ناخۆش بوو لەدوای ناشتنی جەنازەی شەهید کەریم لای جەنازەی شەهید ئەنوەردا چوینە دۆڵاش وناوگردان وبێرشکەوبۆ کەڵوران ئەوکاتە رژێم خەریکی ئەو هەڵبژاردنە کارتۆنیەی (مجلیسی وەتەنی عێراق) بوو لە1983/8/5 ، ئێمە لە1983/8/4 چوینە هەیاس وماڵەجافەکان رەشماڵ لەنێوان سۆیلەمیشی سەروخواروداا هەڵیان دابوو بۆ تەپەکەل هەرئەو شەوە دوای ئەوەی لەتەپەرەشەوە دەرچوین، رۆژی 1983/8/5 لەتەپەکەل بوین رۆژی هەڵبژاردنە کارتۆنیەکەی کوردستان ومجلسی وەتەنی بوو عبدالوهاب ئەتروشی لەهەموو ناوچەی هەڵەبجەوسلێمانی خۆی هەڵبژاردبوو کەکاتی خۆی ئامر هێزێکی ئەو ناوچەیە بو

وەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو لەو هەڵبژرادنەدا یەك دەنگی هێنابوو ئەویش یەکێ دەیوت هی خۆیەتی یەکێ دەیوت هی دیاری بەگە وەکو ئەوەی کۆن رەفیقی بووە ئەو دەنگەی داوەتێ واتا ئەوانەی خۆیان لەسەر میللەت قەڵەو کردبوو تەعدایان لەمیللەت کردبوو، میللەت وەکو هەڵبژاردنەکەی عبدالوهاب ئەتروشی پێوانەی نیشتمان پەروەری بۆدەکات، کەسانێك هەبون سەر بەسۆسیالست بون بۆئەوەی هەواڵی ناو ئەو مجلیسە کارتۆنیە بزانین هەمووکەسێ دەنگی بۆئەداو دەرچون وسودمان لێ وەردەگرت یەکێ لەوانە کاك محی الدین حمە حەسەن بوو، لەرۆژی 1983/8/6 چوینە گوندی حاصلێ تا رۆژی 1983/8/8 کەرۆژی دامەزراندنی حزبی سۆسیالیست بووچوینە گوندی ئالان بەو بۆنەیەوە کۆبونەوەمان بەهەموو هەرێمەکانی سنوری لق کردوگۆشتمان بۆهەموو پێشمەرگە کری، لە1983/8/9 چوینە قەڵبەزە، لە1983/8/10 چوینە کانی بەردینە، لە1983/8/11 گەراینەوە قەڵبەزەوئالان وحاصلێ و لەماڵەجافەکانی لای تەپەکەل نانمان خواردو چوینە مالوان، لە1983/8/13 چوینە تەپی کەرەم و تەپەکەل وسواری وسۆیلەمیش وکەڵوران وکەڵتەکەو شاتوان شەومواینەوە لەشاتوان تادوای نیوەرۆ هەرلەوێ بوین، شەوی 14-1983/8/15 چوینە سەیدصادق بۆ تەعزیەی شەهیدان ئەنوەرمحمودوشەهید کەریم حمە ئەمین (کەریمە ریشە) خەڵکی گوندی تازەدێ بوو لای توتمان، لای پێنجوین لەوێ سەری ماڵی خۆمانم داو براو خوشکەکانم دەمێکی زۆر بوو نەمدی بون چاوم پێیان کەوت ئاویان بۆگەرم کردم ووەکو مرۆڤ لەحمام خۆم شۆرد هەموو لێم کۆبونەوە هەریەکە لەلایەکەوە دەیان شۆردم، شەو گەراینەوە دوای ئەوەی سەری چەند جێگامان داو بەیانی لەنانەواخانە حمەی مامە سەعەش نانی گەرمی هێنا دوای چوینە بێرەشکەوناوگردان ودۆڵاش، لە15 و1983/8/16 لەتەپەکەلی شێخ بوین و سەرکەوتینەوە بۆ گێڵەك وشیرەمەر، لە1983/8/18 هەر لەشیرەمەربوین، لە1983/8/19 لەسورێن بوین تا 1983/8/26 خەریکی ئیشوکار بوین ونامەش هاتبوو کەبرۆین بۆسەرکردایەتی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەیە تائەوکاتە بەهۆی بارودۆخی دوری ناوچەکەوە بەشداریم لەکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی نەکردبوو،

**ئون کلفت چیست ....**

لەرۆژی 1983/8/27 من وکاك شێخ محمدشاکەلی و کاك قادرجەباری و ماڵەوەمان(تامین خان) ومام کەریمە رەش ودووسێ پێشمەرگەش لەگەڵ کاك قادروکاك شێخ محمددا هەمووومان نزیکەی (11)کەس بوین، ئەوکات پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران تێك چوبوو زۆریش بەگرنگ نەیان گرتبوو منیش تائەوکاتە زۆر هاتوچۆی ئێرانم نەدەکرد زۆربەکەمی یاهەر نەدەرۆیشتم کاك قادر وتی کاکە خۆ ئێمە لەجود داین و دەچینە لقی (4)ی پارتی لای کاك نادرو فایەقە رەش برادەرمەو وەرەقەمان بۆ دەکەن ومشکیلە نیە و لەسەر من بەرێ کەوتین بۆ سەرکردایەتی ئەوکات پەیوەندی ئێمە لەهەموو لایەك تێك چوبوو لەسەر ئەوەی بەیانمان دەرکردبوو کەپارتی بۆشەری دیموکرات دەکات ئێران لێمان عاجز ببوو هەرلەسەر ئەوە پارتیش لێمان عاجز ببوو، دیموکرات لەسەر ئەوەی لەجود داین لەگەڵ پارتی ئەویش لێمان عاجز ببوو یەکێتیش شمشێری لێ هەڵکێشابوین و لەشەردا بوین عێراقیش دژمان بوو سەرکردایەتی شکابوو لەئاشقولکەو پشت ئاشان وگواسبویانەوە بۆزێوکەو ماشکان نێوان خانەوشنۆ، ملازم بابەکری پارتی وهێزێکی (500–600) کەس تێکەڵ پارتی وجەنگەهای نامنەزەمی ئێران کەهێزێکی هاوبەشی پارتی وئێران بون کەپێیان دەوتن (گروی زەربەتی) بەتایبەت بەدوای دیموکراتدا دەگەران دێ بەدێ بەچاوساغی ملازم بابەکر بەوبیانووەی کە گوایە بریندراری دیموکرات لەرێگای کاك ئەحمەد فەقێ رەشەوە ئەندامی ئەحتیاتی مەکتەبی سیاسی هاتونەتە مەقەرەکانی ئێمە پارتیش بۆئەوەی سۆسیالست بەئێران تەمێ بکات کەوتبونە بەریان رۆژی پێشوو خەبەریان دابوو سبەینێ دینە میوانیتان لەبەر ئەوەی برادەران هەموو کۆببنەوەو زەربەیەکیان لێ بدەن وادیاربوو برادەران کەس لەوێ نەبوون جگە لەهەندێك کادروپێشمەرگەی (م.س) تازە چادرهەڵدرابوو لەوێ رادیۆکەش کەوتبوە ئیش تەنها مامۆستا مەلا ناصیح لەوێ بوو برادەران وتبویان واهێزەکەی پارتی وئێران هاتن دەوری (600)کەسن ئاگامان لەخۆمان بێت مامۆستا مەلاناصیح وتبوی باشە ونان و شت ئامادە بکەن وبانیوەرۆ میوان داریان لێ بکەین، برادەران وتبویان مامۆستا ئەوە دادەمەزرێن لێمان لەپر لەهەموو لایەکەوە تەقە بەهاوان وهەموو چەکێ لەمەقەرەکانمان دەکەن وپێشمەرگەش کەم دەبن بەڵام تەقە دەکەن یەکێك دەکوژن ودووسێ کەس

بریندارده‌كه‌ن و له‌ئێمه‌ش كاك ئاسۆ حه‌سه‌ن بریندار ده‌بێت و له‌گه‌ڵ پێشمه‌رگه‌یه‌ك و هه‌ندێك زه‌ره‌ر ده‌كه‌وێت و به‌ڵام رادیۆكه‌ ده‌شارنه‌وه‌و مامۆستا دور ده‌خه‌نه‌وه‌و دوایی ده‌ڵێن نه‌مانزانیوه‌و كه‌ئێمه‌ ئه‌و هه‌واڵه‌مان پێ گه‌یشت له‌سنوری لقی سلێمانی زه‌ختمان خسته‌ سه‌ر پارتی بۆیه‌ ملیان داكه‌ له‌لای پارتی كاك فازل متنی ولای سۆسیالست خاڵه‌ حاجی به‌یانی هاوبه‌شیان ده‌ركردكه‌ئه‌وه‌ هه‌ڵه‌ بووه‌وپارتی ره‌خنه‌یان له‌خۆیان گرت له‌سه‌رئه‌و كاره‌ كردبویان به‌ڵام پارتی هه‌ر مه‌به‌ستی لێدانی ئێمه‌بووئه‌گه‌ر له‌ جه‌یشی ئێران بكوژرێت بۆئه‌وه‌ ده‌ڵێن سۆسیالست كوشتنی ودیموكراتیان له‌گه‌ڵ بووه‌ وه‌كو پێشتر پێمان وتون وكێشه‌مان بۆدروست بكه‌ن له‌ولاشه‌وه‌ دیموكرات رێگای نه‌ئه‌دا له‌سنوری سه‌رده‌شت وخانه‌وه‌ تێپه‌رین وكێشه‌یان بۆ دروست ده‌كردین وپێشمه‌رگه‌یان ده‌گرتین دوای ئه‌وه‌ی ئه‌و هه‌موو هاوكاریه‌ له‌سه‌ر ئه‌وان په‌یوه‌ندیمان له‌گه‌ڵ ئێران وپارتی تێك چوبووله‌م لاو ئه‌ولاش یه‌كێتی به‌جوجه‌ ره‌سول وجاشی ئێران ناوی ده‌بردین وئێمه‌ش ئه‌وه‌ حاڵمان بوو به‌ده‌ستیانه‌وه‌، چوینه‌ خۆرنه‌وه‌زان و وشكه‌ناوملّه‌خورد پاسداروجه‌یشی لێبوو وتیان وه‌ره‌قه‌تان هه‌یه‌ په‌یوه‌ندی ئێوه‌وئێران ..وتمان له‌ره‌زائیه‌ ووتیان ئێوه‌ ئه‌و هه‌موو زه‌لامه‌ بۆ كوێ ده‌چن وتمان بۆئورمیه‌ بێ وه‌ره‌قه‌ش به‌یانی بوو هێشتا هه‌تاو نه‌كه‌وتبوو ئێمه‌ وه‌ستا بوین كاك قادرجه‌باری توركی ده‌زانی كه‌وته‌ قسه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌فسه‌ره‌كه‌و پیاسه‌ كردن له‌ته‌ختایه‌كه‌ی ملّه‌خورد زیاتر له‌(2)سه‌عات قسه‌ی كرد من ئه‌و كات فارسیم باش نه‌ده‌زانی و زۆر قه‌ڵه‌وبووم (137) كیلۆ بوم به‌جلی كوردیه‌وه‌ وه‌ستابوم دوای ئه‌و هه‌موو حیكایه‌ته‌وباسی منی بۆكردبوو كه‌من پارتی زانم وشه‌رده‌كه‌م وهاوكاری ئێرانمان كردووه‌ زۆری كه‌ش له‌پر لای كرده‌وه‌و منی دی ووتی به‌كاك قادر(ئون كلّفت چیست) واته‌ ئه‌وتێكسمراوه‌ چیه‌؟ كاك قادر وتی من (2) سه‌عاته‌ باسی ئه‌وبۆ تۆ ده‌كه‌م كابرا سه‌یری كردم قسه‌كانی كاك قادروقه‌ڵه‌وی من عه‌قڵی نه‌یده‌بری ووتی ئه‌وه‌ پارتی زانه‌ !؟ وتی به‌ڵێ كابرا قسه‌ی نه‌كرد و وه‌ره‌قه‌یه‌كی بۆكردین ده‌ست نوس بۆ درزلّی و ئیتر رۆیشتین وتیان بابرۆینه‌ لای پارتی ئه‌و كات مه‌قه‌ری لقی (4) ی پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق لای داروبێ داری درزلّی بوو له‌ئێراندا، كاك نادر له‌وێ نه‌بوو كاك فائیقه‌ ره‌ش وكاك كه‌مال حه‌سه‌ن وچه‌ند كه‌سێكی كه‌ له‌وێ بون كاك

قادرداوای وەرەقەی رێگای کرد کەزۆر ئاسان بوو رۆژانە بۆ سەدان کەس وقاچاغچی دەکرا فائیقە رەش وتی وەرەقەمان نیەو ناکرێ وباسی ئەوەی کرد ئێمە تەئیدی دیموکراتمان کردووەو بەیانمان دژی ئەوان دەرکردوەو لەوقسانە بەسەراحەت وتیان وەرەقەتان بۆ رێگا بۆ ناکەین کە (3) ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالست بوین ولایەنی ئەساسی بەرەی جود بوین کەپارتی تیا هاوپەیمان بوو یەک وەرەقەیان بۆنەکردین ئەوکاتە هەرئەوەیان بەدەست بوو لەئێران لەگەڵ ئەوەی ملازم بابەکر، ئێمەش رۆیشتین وکاک قادرو کاک شێخ محمد هەندێك قسەیان لەبەری خۆیانەوە کرد من ووتم کاک قادروکاک شێخ محمد ئێوە دەڵێن جەلالی خراپە وەلاّ ئەوان راستەو خۆ دەمان کوژن وئێستا شەرمان دەکەن زۆرم لا باشترەوشەریف ترە لەو دۆستایەتی وبەرەی جودەی کە پارتی تێدایەو(3) ئەندامی قیادی داوای وەرەقەی رێگا بۆ ناو ئێران بکەین بۆمان نەکەن دەبێت دڵ بەچی هاوکاریەکی پارتی خۆش بکەین هەڵساین وملی رێگامان گرت وچوینە دزڵی کابرای مەسئولی پاسداران منی دەناسی جارێك هاتبوە مەقەرەکەمان زۆر لەمەقەری لقی (4)ی پارتی بەرێزترولەکاک فائیق باشتر بوو دەست بەجێ وەرەقەی هەر(11) کەسەکەی بۆ کردین بۆ سنە، کاک قادر وتی خۆمان لەوێ دەیکەن کە ئەمانتوانی هەر لەوێ وەرەقەی هەموو رێگایەکی پێ بکەین تائورمیە، کاتی شەر بوو سواری سیارە بوین وچوینە مەریوان ولەمەریوانەوە وەرەقەیان بۆ کردین بۆ سنەو شەو بێ ئەوەی بزانن ئێمە چین لەمەریوان بوین، لە 1983/8/29 لەمەریوانەوە بۆ شاری سنەولەوێ لەئوتێل بوین خاوەن ئوتێلەکە ناوی حاجی توفیق بوو وەخاوەنێکی تری هەبوو زۆر ترسنۆك بوووداوای وەرەقەی ئەماکنی لێ کردین ئەمنی داخلی تەئیدی بکەن لەسەر ئەوەش کاک قادروخاوەن ئوتێل نیوە شەرێکیان بوو ناچار بوین چوین بۆ ئەماکن وەرەقەمان کرد چونکە قانون بوو لەئوتێل (کاج) ماینەوەو زۆر شتێکی عەنتیکە بوین ماوەیەك بوو من هەرشارم نەدیبوو لام سەیر بوو پێشمەرگە بەریش وجامانە پێم سەیربوو بەکۆمەڵ دەگەراین، لەرۆژی 1983/8/30 لەسنەوە (3) سەیارەی پەیکانمان گرت پێش ئەوە کاک قادرجەباری لەگەڵ سائیقەکان دەیکرد بەشەر لەسەر کرێ ی سەیارەکان (500) تەمەن بوو قسەی بەکابرا ئەوت وجارجار سەیرێکی منیشی دەکرد کەگوایە بۆمن شەرناکەم پێم وت کاک قادر

ئەگەر بەپشتی من شەردەکەیت من لەناوسنە  ئەگەر چەك وشاخ نەبێت شەر ناکەم دوای سائیقەکەو کاك قادر لەمەبەستەکەی من تێگەشتن ئیتر ئاشت بونەوەو هەرچۆنێك بووسوار بوین لە ڕێگای سەردەشت لەبەر دیموکرات نەڕۆیشتین ئێمە ئەو هەموو دەردە سەریەمان لەسەر دیموکرات بەسەرهاتبوو ئەوانیش ڕێگەیان نەئەدایین بەتەوجهی عێراق پێش ئەوە سەید کاکەیان چەند جارێك گرتبوو وەهەندێك برادەرانی کەیان گرتبوین چەند سەعاتێك رایان گرتبون لەکەولپەر  ئێمە دەبوو لە بیجاروزەنجان وتەبریزوسەڵماس وئورمیەوە بۆ نەغەدەوخانەو سێلوێ وخاڵدارو زێوکەوماشکان بڕۆین ئەو هەموو ڕێگایە ببرین ئەوکات ڕەقەمی سیارەی سەنەندەج  بۆ هەموو شوێنێك لەژێر چاودێریدا بوو کەوتینە ڕێگا سەعات (7)ی سەر لەبەیانی لەسنەوە بۆنزیك دیوان دەرە بۆ بیجارو لەسەیتەرەی بیجار رایان گرتین جاران خاڵەحاجی دەکەوتە پێشەوە لەسەیتەرە دەیوت ئەو سیارەیەی دواوەش لەگەڵ مندایە کابرا نەی دەپرسی تۆ خۆت چیت وچیت پێیە دەیوت بفەرمون کاك قادریش لەپێشەوە بەتورکی دەیوت ئەوسیارەیەش لەگەڵ مندایە بەلاّم قسەکەی  نەی خواردو رایان گرتین ماوەیەك لەسەیتەرە وەرەقەمان پێ نیەو بەڵگەی عبورتەنها دەست خەتەکەی سەر ڕێگای مڵەخوردەوهەندێك کۆنە وەرەقەی لای من، لەسەیتەرە بەدوو پیکاب ودووسێ دۆشکەوە  یەکێ لەپێشەوەو یەکێ لەدواوە بەرەو بارەگای سوپای پاسدارانی بیجاریان بردین کابرا چووە ژورەوە ومەسئولی سوپای بیجار وتی بابێنە ژوورەوە ئێمەش هەموو جلی باش وپۆشتەمان لەبەربووپاکو پوختەو زۆریش بوین بەدوای یەکدا چوین کابرای مەسئول عەیبی لێ هات هەڵساو هات بەدەممانەوە وتی ئێوە چین وبۆ کوێ دەچن، کاك قادر شریتەکەی بۆلێدان و بێ وەرەقە کابرا گومانی هەبوولێمان سەیری دەکرد ئێمە ئەگەر خراپ بین وانایەین یاشارەزا نین نیوەرۆ بوو وەختی نان خواردن بوو ئەو ڕۆژە سوپا مریشکیان هەبوو ئەوکاتە سوپا هەر نانی ڕەقی بوو خواردنی باشی نەبووقسەی خۆمان بێ پێ ی عەیب بووئەو هەمووە  سجن بکات دەبولای خۆی دامان نێت ونانمان بداتێ وبەشەکەی ئەوانمان دەخوارد کابرا بیری کردەوە باشترین حەل ڕۆیشتنمانە دوای بیرکردنەوەیەکی کەم کابرابەرەئی من هەر ئەو دووڕێگایەی هەبوو بۆیە رەئی بو بابرۆن وخوا حافیزتان بێت بەلاّم کاك قادر داوای

وەرەقەی لیٚ دەکردهێشتا ئەو دەنگ ناکات کابرا هەر خواخوای بوو لەکۆڵی ببینەوە وتی هیچ نیەوهەرئەو قسانە بکەن کەلێرە کردوتانەو برۆن رۆژەکەی گەرم بوو سیارەکە ساردی تێدا نەبوو گەیشتینە سەیتەرەی زنجان، زنجان پارێزگایەکەولەسەر رێگای تەهران سەقزەو(200)کیلۆمەتر لەسنەوە دورە لەسەیتەرە رایان گرتین کاک قادر وتی ئەو سیارانەش لەگەڵ منە فائیدەی نەبوو زۆری سەربازەکان تورك بون من لەگەڵ ماڵەوەمان لەدواوە بوم لەسیارەی دواوە بوین مام کەریم هەر لەسیارەی ئێمەدا بوو هەمو برادەران دابەزیبون لەویٚ کاك قادر بیٚ وەرەقە هێنایینی بۆیە زۆر شپرزەدەبوو نەوەك بمانگرن کاك شێخ محمد وکاك قادریش لەدوای کابرا بون، کابرای سەیتەرە بۆلای سیارەی من هات بەمام کەریمی وت لەپێشەوە بوو دابەزەودابەزی دوای روی کردەمن، من قەڵەوبووم (137) کیلۆبوم دنیا زۆرگەرم وو جلی کوردیم لەبەربوو عارەقم کردبوو لەدوای سیارەکەوە کابرا زۆر بەاحترامەوە نزیك بوەوەو وتی سەلام منیش بەسەر بۆم سەندەوە وتی ئەتوانی بێیتە خوار وتم بەڵیٚ وتی نەخۆش نیت وتم نا  وتی ئاوساوی وتم نا برادەران بەو قسەیە پیٚ دەکەنین وکاك قادر دەستی کرد بەقسە وتی ئەوە پارتی زانەو ئەوە شەرکەرەو ئەوە زۆر موهیمەو لەوبابەتە کابراش هەر سەیری منی دەکرد قسەی نەدەکردو عەقڵی نەی دەبری، کاك قادر وتی ئەو باشترین پارتی زانی کوردستانی عێراقە کابرا بۆڵەیەکی لێوەهات و باسی جیڤارای کرد وەکومن لیٚ ی تیٚ گەیشتم وتی ئەگەر ئەم پارتیزان بێت یاخوا جیڤارا ناوت گوم بێت شتێکی وای وت ومن نەلەپارتیزان ونەرێگا رۆیشتن و ئەو زەلامە قەڵەوە بەچی دەجوڵێت لەو کێشەیە لەسەرخێر رزگارمان بوو ئەوکات پاسداران شۆرشگێربوون دەوڵەت نەبون وەکو شۆرش بیریان دەکردەوە پاشان بەریٚ کەوتین چوینە میانەش، میانە قەزابوو دوای چوینە تەبریزوشەو لەویٚ لەئوتێلێكماینەوەو ئیسراحەتی باشمان کردکاك قادر پشتی لەمن بوو لەگەڵ کاك شێخ محمدقسەی دەکردو وتی کاکم ومەدامی ئەمرۆعەزیەتی زۆریان داین چیان بەسەرهات کاك شێخ محمد وتی لەو ژورەدان من دور کەوتمەوە باکاك قادر نەزانیٚ گوێم لیٚ یەتی، شەوی 30-1983/8/31 لەتەبریزبوین لەئوتێلێکی خۆش بوین زۆر ئیسراحەتمان کرد لەسورێنەوە بۆ خۆشترین ئوتێلی تەبریز لەوکاتەدا گرنگ بوو، لە1983/9/1 چوینە خویی وسیٚ رای

خـویی وبۆسـەڵماس ودوای چـوینە ئورمیـە(رەزائیـە) لەسـەعات (11)ی سـەر لەبـەیانی چـوینە ئورمیـە بـۆ مـاوەی (20) سـەعات لەسـەیارەدا بـوین لەسـنەوە بـۆ ئورمیـە(920) کیلۆمـەتربوو، لەمەریوانـەوە بـۆ تـەبریزو ئورمیـە(1050) کیلۆمـەتر ڕێگـابوو، لەئورمیـە چـوینە ئـوتێلی حـافز لـەخیابانی تاڵـەقانی خاڵـەحاجی هـات وهـەموومانی بـردەوە مـاڵی خۆیـان و مـەڕێکی هێناوسـەری بـری وخـۆی ومـاڵ ومنـاڵی زۆر ڕێزیـان لـێ گـرتین و زۆر خزمەتیان کردین ئامینەخان و قومریـەخان شـەو لـەوێ بـون، لـە ڕۆژی 1983/9/2 لەگـەڵ خاڵەحاجی چوین بۆ نەغـەدە و لەگونـدی خـاڵ دان ئوردوگایـەك کرابـوەوە بـۆ خـەڵکی لای حاجی ئۆمەران کەلەهێرشەکەدا کەوتبونە دیوی جەیشی ئێرانیـەوە لـەوێ ئۆردوگایـان بـۆ کردبونەوە دوای چوینە سیلۆێ زۆری مەقەری ئێمەو پارتی لەوێ بون پاشـان چـوینە لای زێوکــەو بــۆ مەقــەری مەکتــەبی سیاســی لەســەروی گوندەکــەوە بــوو زێوکەوماشــکان لەساڵەکانی 1977-1978 دووسێ جار لەوناوچەیە تێپەڕیوم، ساڵی 1977 حمەی پیرە لەو گوندەوە سـاواك بـوو خەبـەری لێدایـن لای شـنۆ دوایـی بوبـەدیموکرات وکـوژرا تـاقیبم کـرد لـەدوای شۆڕشـی ئێـران و سـەرکەوتنی خوشـکەزای مەلامحمـدبوو، کـاك ڕەسـول وبـرادەران لـەوێ بـون هـەر ئێمـە گەیـشتین وتیـان هـەواڵێکی نـاخۆش هـاتووە دوێـنێ کـە لــە31-1983/9/1 یــەکێتی هێرشــی کردوەوشــەربووە هێــزی جــود شــکاوەو کــوژراو برینــداری پــارتی زۆرەو حەســومیرخانی ژاژۆکــی کوژراوەوحەســۆمیرخانی دۆڵەمــەریش برینــداری خەتــەرەو وەزعەکــە خراپــەو وتیــان بــڕۆین لای کونــەلاجان وزێوکەکەوخانــە بۆتـاقیبی تـەواوی ئـەو روداوانـە بـەیانی مـن وخاڵـەحاجی بەسـەیارەی خاڵـەحاجی وکـاك ڕەسـول چـوین بـۆ کونـەلاجان بـۆ پـشتەوە وادیـاربوو لـەوناوەش مەقـەری ئـەمامی کـاك ئیــدریس بــارزانی بــوو بــۆ سەرپەرشــتی جەبهــەی حــاجی ئۆمــەران وجەبهــەی جودلەناودەشت،

## بۆ یەکە مجار کاك ادریس و کاك مەسعود بارزانیم ناسی ...

ڕۆژی 1983/9/3 بـوو ئێمـە چـوین کـاك مەسـعودبارزانیش هـات وکـاك ئیـدریس لەگـەڵ دووپاسدارهات وهەندێك لەمەسئولەکانی پـارتی بۆیەکـەم جـار لەنزیکـەوە بیـان بیـنم کـاك ئیدریس وکاك مەسعود، من وکاك ڕەسول وکاك مەسعودوکاك ئیدریس وکـاك عومەرعـەلی

شێخ وکاك ئەبوحکمەت لەحزبی شیوعی ولەگەزگەزەوە چوینە کونەلاجان وکۆبونەوەش هەبوولەسەر روداوەکان، لەرۆژانی 4و1983/9/5 هەر لەکۆنەلاجان بوین چاوەریٚ ی لەشکری شکاومان دەکردو رادیوی یەکێتیش کردبوی بەهەرایەك هەر مەزانەچی دەوت، له 1983/9/6 لەشکری شکاوسەرەتای هات وکاك حاجی جاجی ابراهیم مەسئولی هێزی سۆسیالست بوو گەیشتە لامان لەدەربەنەکەی پشتی کۆنەلاجان من و کاك رەسول وخاڵەحاجی وکاك مەسعودوکاك ئیدریس بارزانی دانیشتبوین و کاك مەسعود وتی کاك حاجی حەزدەکەم دەربارەی شەرەکەو شێوەی شەرو بۆوامان بەسەرهات و حەسۆ بۆکوژراو حەسۆمیرخانی دۆڵەمەری لای ئێمە گرنگە تاحەسۆمیرخانی ژاژۆکی ئەو مەسئوله هەر ئەو نەمرێت باشەو، کاك مەسعودوتی من زۆر شەرمەزارم هەروەها وتی من روو لە کاك حاجی وبرادەرانی سۆسیالست ناکەم حاجی وبرادەران دەوریان هەبوەو شەریان کردووە من رووله‌مەسئولەکانی پارتی دەکەم لەویٚ بون ئەمرۆ خوشکی دووسیٚ کەسیٚ لەو شەهیدانە کەبرای شەهیدبووە هاتنە لای من داوای چەکیان کرد بڕۆن جەنازەی براکەیان بهێننەوە من بەراستی وتم پێم خۆش بوو تاقسەی ئەو ژنە بەرەئی من ئەو ژنانە لەشەربوایەن باشتر بوو نەك ئەوانەی خۆیان بەپیاو دەزانن وشەریان پیٚ نەکراوە و(45) جەنازەی بارزانیان بەجیٚ هێشتووە هەر ئەو قسەکانی تەواو کرد کاك حاجی حاجی ابراهیم زۆر بەتوندی چو بەگژی کاك مەسعودا وتی ئێمە پیاوین شەری جەلالیانمان (4)ساڵە کردوەو دەکەین ئەو کەسانەی ئێمە بەژن دەزانن خۆیان بابرۆن شەربکەن وپارتی نەی توانیوە شەر بکات هەڵهاتوەو رای کردووە هێزێکی ترسنوك و شەرنەکەر بووە تەنها حەسۆتان شەری کردووە ئەویش کوژراوەو ئێمە وەکو سۆسیالست هیچ لەکەس قبولٚ ناکەین وئێمە لەجەلالیانمان قبولٚ نەکردوە، کاك مەسعود رەنگی سپی ببوەوە نەی دەزانی چی وتووە وتی وەلاٚ من مەبەستم سۆسیالست نەبووەونیە ومەبەستم هێزەکانی خۆمانە (پارتی) نەك سۆسیالست کاك رەسول زۆر بەشەرمەوە وتی کاك حاجی کاك مەسعود کوری مەلا مستەفایەو براگەورەیەو لەنارەحەتیەوە قسە ئەکات حەقێتی و زۆر هەوڵی دا وەزعەکە هێواش بکاتەوە، من قسەکانی کاك حاجیم پیٚ باش بووبەلاٚم نەك بەو شێوەیە دەبوو وەلاٚمێکی نەرم تربێت چونکە کاك مەسعود لەگەلٚ سۆسیالستی نەبوو

وەزعەكە زۆرناخۆش بو ئەو هەمووهێزە شكابوو سەبەبەكەیشی پارتی و كاك ئیدریس بارزانی بون ئەو كرابوو بەمەسئولی هێزەكەو ئەو دڵی لای حاجی ئۆمەران بوو نەك لەجەبهەی ناودەشت وجود تاخیر بونی هێرشەكە وای كردساردی ودوری ڕێگاوكەمی ئازوقەوبێ تاقەتی ودرێژەكێشان كپ بونەوەی ئەو حەماسەتەی سەرەتاهەبوو هەمووی یەكی گرت وئەوكات یەكێتیش بەهێواشی خۆی كۆكردەوەو خۆی ئامادە كردو كات و شێوەی شەرەكە یەكێتی هەڵیبژاردكەدەبوو جود هەڵیبژێرێت، لە 1983/9/7 هەموو هێزەكان گەرانەوەو لەوێ كاك مەسعود داوای قائیمەی سۆسیالستی كرد چۆن قائیمەیان كرد كە (625) پێشمەرگەی سۆسیالست لەكۆنەلاجان وزێوكەوە لیستەی بۆكراو بۆ ئازوقە وەرگرتن وپاشان گەرانەوە مەقەرەكانی لای سێڵوێ وزێوكەوماشكان وئەوناوە ئەو دووڕۆژە هەرلەوێ ئازوقە وەردەگیرا كارەسات بوو رادیوی یەكێتی باسی كوژراو ناوگیراوەكان بەتایبەتی بارزانیەكانی دەخوێندەوە كاك مەسعود وكاك ئیدریس منیان دی لایان سەیربوو من ئەوهەمووگەران وجەولەوشەرەوە كەمنیان دی بەوقەڵەویەوە وتیان تەسەورمان نەدەكردتۆ ئەوەندە قەڵەوبیت وئەوهەموو گەران وشەرە بكەیت وادیاربوو زۆر تاقیبیان كردبوم پێشتر، گەرانەوەی هەكاری وئەوانیش وەكو كابرای پاسداری زنجان وئەفسەرەكەی مڵەخورد كاك قادرقسەی بۆ دەكردن كەئەوە پارتیزانە باوەریان نەدەكرد ئەوانیش هەروایان لێ بەسەرهاتبوو گەیشتینە سێڵوێ خاڵەحاجی ووتی كاكە مردولەمەباشتر ناشۆرێتەوە قەپانی شوتی فرۆشەوئێمەش (4-5) كەس وكاك رەسول شاهید دەبین خۆت بكێشە بزانە چەند كیلۆی بۆ ئەوەی ئێمەش لەمەولا شاهیدیت بۆبدەین خۆم كێشا بەقەپانی شوتی فرۆش (137) كیلۆبوم وتیان كەس ناحەقیان نیە كەدەبینن تۆ بەدەست ئەم دیودیووت بكەن نەك پارتیزان بیت ئەوەی لەو ئێوارەیە لای كۆنەلاجان سەرنجی راكێشاوم رادیوی یەكێتی ناوی (47)كەسی بارزانی خوێندەوە زۆر بەسوك ناوی دەبردن،(47) مرۆڤی كورد كوژراوبو بەشانازیەوەو بەمۆسیقاوە دەیخوێندەوە بەمژدە بۆجەماوەری كوردستان هەردوو دەقیقە دوای ئەوە ئاگاداری بۆخەڵكی بناری قەندیل و دۆڵی باڵەكەیاتی هەركەس كەوێك بكوژێت تاپرەكەی موسادەرەو(50)دینار جەزاو دوو حەفتە سجن دەكرێت چونكە كوردستان بەكەوەوە

جوانــه وبەتەیروحەیوانــەوە جوانــە، وەرە (47)مرۆڤـی کـوردی چەندسـاڵ پێـشمەرگەی حەسۆوعبدالرحیم جەسیم لەکۆماری مهابادولەروسیاش بون ئەوانـەیان کوشت بەسوکی دەیانخوێندەوە بەڵام بانگەواز دەکات هەرکەسێك کەوێك بکوژێ ئەو موعامەلـەی لەگەڵ دەکرێـت مـرۆڤ بکـوژەو کـەورابگرە لـەمرۆڤ باشـترە چـەند جارێـك گـوێم لێبـوو ئـەوەی دووبارەوسێ بارە دەکردەوە، ئەوشەوە لەکۆنەلاجان بوین هەرخـەریکی پاکانـە بوین ئێمـە پـارتی نـین وتیـان پێـشمەرگەی دیمـوکرات داویانـە لـەپارتی و(7)کەسـی لـێ کوشـتون ئـەوانیش هـاتون (7)کەسـیان لێـرە بردوەوکوشـتویانە وەرە دیفـاع بکـە ئێمـە پـارتی نـین دواجـار وتـی فـەرقی چـیە هـەمووتان کـوردی عێـراقن وشـەرەکەتان پێـچاوەتە ئێمـەش و خۆشتان بەربونەتە گیانی خەڵکی ئەوناوە بەتایبەتی کوردی ئێران بەگشتی دژی کوردی عێراق بون ئەویش دیموکرات هێزەکانی لەیەك جیا نەکردبوەوە پارتیش هەرچی لەدەست هاتبوو دژی کوردودیموکراتی ئێران کردبووی ئەوانیش هەموو کوردیان وەکو یەك سـەیر دەکـرد کـەپارتی هــەموو چـالاکیەکانی دژی کـوردی ئێـران بـوو، لــەرۆژی 1983/9/8 گەراینەوە بۆکونەلاجان وخانەو مەکتەبی سیاسی کاك حاجی حاجی ابراهیم وتـی چـی دەکـەیت وتم دەچـمەوە بـۆ مەکتـەبی سیاسـی ئـەی ئێـوە نایـەن خۆبـەیانی کۆبونـەوەی کۆمیتەی ناوەندیە کاك حاجی وتی مـن بۆکۆبونەوەیـەك نایـەم رەسـول مامەنـد سـکرتێری ئەو کۆمیتە ناوەندیە بێت ومن نایەم ئەگەرئێوە وەعدئەدەن و رەسـول لابـەرن وکـاك قـادر جەباری بکەن بەسکرتێری حزب ئەوە منیش دێم بۆ کۆبونەوە، من ئەو رەئیەم لاسـەیربوو مـن لەبەرئـەوەی ئـەو دوورۆژە کـاك حـاجی لای کـاك مەسـعود ئـەو قسانەی کـرد بـەدیفاع لەحزبم زانی وهەوڵم لەگەڵ دا فائیدەی نەبوو ئێمە گەراینەوە بۆزێوکەو مەکتەبی سیاسـی لەوێ بوین، لە رۆژی 1983/9/9 لەمەکتەبی سیاسی بوین برادەران کاك عـەدنان مـوفتی وکـاك عبـدالخالق زەنگەنـە وکـاك قادرعـەزیزو کـاك سـەعدو کـاك ئـەمین وسـەیدکاکەو خاڵەحاجی ومامۆستا مەلا ناصیح وکاك قادروکاك شێخ محمد جگە لەکاك حاجی حـاجی ابراهیم وکاك عادل و کاك ئەحمەد فەقێ رەش، هەموو برادەران لەوێ بون،

## خۆئاماده كردن بۆكۆبونەوەی كۆمیتەی ناوەندی حزب

لە1983/9/10 كۆبونەوەی كۆمیتەی ناوەندی لەزێوكەی لای ماشكان نزیكی كێلەشین لەبەرامبەر چیای حەسارۆست لەدیوی ئێران دەستی پیٚ كردوسەرەتا كاك رەسول قسەی كردلەسەر هێرشی پشت ئاشان وشكاندنی هێزی ئەم جارە، كاك رەسول ئەم شكاندنەی دەخستە ئەستۆی ئیدریس بارزانی وحاجی حاجی ابراهیم كەتاخیرببوون، (12) ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی ئامادەی ئەم كۆبونەوەیە ببون سەیدا شەهید ببوو محمدفاتیح تەسلیم ببوە بەعێراق شیركۆی شێخ عەلی شەهید ببوو مام قادرشۆرش بەریخۆڵە كوێرە كۆچی دوایی كردبوو لەبیٚ دكتۆریدا كەئەوكاتە لەدەشتی هەولێر بو، لەرۆژانی 11و1983/9/12 كۆبونەوە بەردەوام بوو لەمەكتەبی سیاسی، لە رۆژی 1983/9/12 هەواڵ هات كەكاك حاجی حاجی ابراهیم چۆتە ناوپارتی و بوە بەپارتی منیش زۆرم لاسەیر بوو وە وتم خۆكاك حاجی لە1983/9/6 واتا (6) رۆژپێشتر ئێمە بوین بەتكاكار كەشەر نەكات لەگەڵ كاك مەسعود كەچی ئێستا چۆن چوەتە لای پارتی زۆرم بەلاوە سەیر بوو ئەوە خەنجەرێك بوو كاك حاجی لەخۆی دا وتائێستاش پێوەی دەناڵێنیٚ(كاك حاجی لەسەرەتای شۆرشەوە لەدەرەوەبوەو دژی پارتی و یەكێتیش بووە زۆرجاریش شەری یەكێتی سەبەبەكەی كاك حاجی بوە وەكێشەشی بۆسۆسیالست دروست كردووە لەو شەرانەشدا كۆمەڵیٚ خزمی خۆی شەهید بووە كەسۆسیالست بوون هەروەها كێشەی جوتیاران وئاغاكانی پشدەریش هەموی لەسەر كاك حاجی حاجی تەواوبوەوزۆری ئەو كێشانەش بەزەرەری حزب دەشكایەوە،بۆنمونە عەلی ئاغای حەسەن ئاغا دۆستی حزبی سۆسیالست بوو مەفرەزەیەكی سۆسیالست لوغمێكی دانابوو لەنزیك شاری قەلأدزە لوغمەكە تەقیبوەوە بەئامر لیوایەكداو كوشتبووی لەسەر ئەوە عەلی ئاغا گیراو چەند هاواری كرد كەسۆسیالست بەیانێك یابەلاغێك بلأوبكاتەوە كەسۆسیالست ئەو لوغمەی داناوە بۆئەوەی ئیعدام نەكریٚت ئەگەر سۆسیالیست ئەو بەلاغە بلأوبكاتەوە ئەوە هەموو خزمانی عەلی ئاغا هەموكات هاوكاری سۆسیالیست دەكەن بەلأم لەبەرخاتری كاك حاجی حاجی نەمان كردوعەلی ئاغاش رژێم لەسەر ئەو لوغمە ئیعدامی كرد هەرچەندە كە ئەو ئاگاشی لیٚ نەبوو، هەروەها كاك حاجی لەسەر دۆشكەیەك

یامەقـەرێك شـەری یـەكێتی دەكـرد، سـەرەرای ئەوسـلبیاتانەش كـاك حـاجی پیـاوێكی تێكۆشەرودڵسۆزبوو بەڵام دڵی زۆر ناسك بوو (وەكو برادەران باسیان دەكرد) بۆنمونە كاتێك كاك حاجی لەسورێن بوو كاك شیروان شیروەندی هەموو رۆژێك دەیوت كاك حاجی زۆر دڵ ناسكە بـەجوت قسەلەگەڵ كەسا ناكـەم نـەوەك ئـەو تەسـەور بكـات باسـی شـتێك دەكـەین وەلـەوی دەشـارینەوە منـیش هـەر بـۆ سـوعبەت وتم كـاك حـاجی كـاك شـیروان وادەڵێت و دەڵێت هەندێك شت هەیە بائەو نەزانێت مـن وتۆپێكـەوە چارەسـەری دەكـەین، بۆئـەوەی بـە هـەموو شـتەكان نـەزانێ ئـەویش وتـی وەاللـە قـسەكەت راسـتەو رێگەشـی تێدەچێت من بۆ گاڵتە ئەو قسەیەم كرد وەكاك حاجیشم خۆش دەویـست و زۆرمراعـاتم دەكـرد بـەڵام هـەر ئـەوەی لەدڵـدا مـابوەوە بۆیـە پـاش ماوەیـەك داوای گەڕانـەوەی كردهەرچەندە من پێم خۆش بوو كەهەر لەسورێن بێت، لە رۆژی 1983/9/13 كۆتایی بەكۆبونەوەی كۆمیتەی ناوەندی هات لەكۆبونەوەكەدا كاك عبدالخالق زەنگەنە ئـەیوت مـن سكاڵام هەیە لە كاك عادل مراد، وتیان قسە بكە ئەویش هەر دەیوت وەختی نیـەو قسەكە بۆئەوە ناشێت وناكرێت زۆرلەسەری رۆیشت ئاخری وتـی دەبێت محاسـەبە بكرێت و مـن ناتوانم ئیش بكەم دەبێت بەتوندی حزب دیفاعم لێ بكات، من وتم چیە بڵێ وتـی شـتەكە مەسـەلەی ئەخلاقیـەو نـاتوانم بیڵـێم منـیش وتم وەلا بـەرەئی مـن حـەقی وایـە كـاك عـادل لـەحزب دەربكرێـت وسـزا بـدرێت كـاك عبـدالخالق زەنگەنـە وتـی نـا بادەرنـەكرێت بـەڵام بامحاسەبە بكرێت كاك عەدنان زانی مـن خـراپ تێگەیـشتوم وتـی چۆن تێگەیـشتویت وتم ئـەوەی كـاك عبـدالخالق باسـی دەكـات ئەوەیـە كەكاك عـادل شـەو چۆتـە سـەرجێگای كـاك عبدالخالق شەرواڵەكەی كردۆتەوەو كاك عبدالخالقیش خەبەری بۆتـەوە بۆیـە دەبێت كـاك عادل دەربكرێت وبەتوندی سزا بدرێت، كاك عەدنان وتی زانیم وا تێگەیشتویت وانیە بەو شێوەیەش نەبووە، بەڵكو وتی مەسەلەكە ئەوەیە ئەمانە كاتی خۆی وەفدێك بـون چونەتە لای بـەرێز (معمرقـەزافی) كـاك عـادل وتبـوی بـا كـاك دكتـۆر محمـود لەپێشەوە بـروات مـن وتۆش لەدواوە، كاك عبدالخالق وتبـوی كـاك دكتۆرئەنـدامی سـەركردایەتی نیـەو ئەنـدامی حزبە من ئەندامی سـەركردایەتیم دەبێت مـن لەپێشەوە بـرۆم لـەو كاتـەدا كـاك عبـدالخالق تەكان دەدات لەگەڵ وەفدی یەكێتی وپارتی و شیوعیدا لەپێشەوە بروات بـەڵام كـاك عـادل

كاك دكتۆر محمودی خستبوه پێشەوە وشانی كاك عبدالخالقی گرتبوو نەی هێشتبو پێش بكەوێت هەمووهەراكە لەسەر ئەوەیە وەمنیش وتم ئەگەر من لەویٚ بومایە یارمەتی كاك عادلم ئەدا شانەكەی تریم دەگرت بۆئەوەی كاك عبدالخالق لەدواوە بروات چونكە كاك دكتۆر حەقێتی(هەرچەندە سەركردایەتیش نەبێت) شایستەی كاك دكتۆرە كەلەو جێگایانەدا لەپێشەوە بروات، هەر لەو كۆبونەوەیەدا بریاردراكەئەندامانی مەكتەبی سیاسی هەڵبـژێرن كاك عەدنان وكاك عادل بۆئەوەی هەڵنەبـژێرێن بەمەكتەبی سیاسی (تاوەكو بتوانن هەر لەدەرەوە بمێننەوە چونكە دەبوایە ئەندامانی مەكتەب سیاسی هەر لەكوردستان) بێت بۆیە زۆر هەوڵیان دەدا كەسەیدكاكە تەرشیح بكرێت ، سەید كاكەش كەدەستی بەقسە دەكرد قسەی بەسمێڵ تاشراو دەوت وجنیوی بەسامی عبدالرحمن ئەدا دەیوت ئەو سمێڵە سەیری كاك عەدنان وكاك عادلی دەكردو دەیگۆری ئەو عەینەك لەچاوەو جنێوەكەی ئەدا بۆیە كاك عادل وكاك عەدنان لەترسی سەیدكاكە هەركاتیٚ دەهاتنەوە كوردستان سمێڵیان دادەناوئینجا دەگەرانەوە، كاك عبداالخالق زەنگەنە لەئیدارەومالیە بوو دەیوت من حەزدەكەم بمكەن بەمەكتەبی سیاسی ولەكوردستانیش دەبم وتواناشم هەیەو دەیكەم، ئەویش بوو بە ئەندامی مەكتەبی سیاسی، لەوكۆبونەوەیەدا بریاری دروست كردنی لقی كەركوك درا ئەویش من پێشنیارم كردو قبولٚ كراو كاك شێخ محمد شاكەلی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی ومەسئولی لقی كەركوكیش بێت وكاك شیروان شیروەندی بۆ كۆمیتەكە نێرراوكاك قادرجەباری یان لەمەكتەبی سیاسی گلدایەوەچونكە بەتەمابون بارەگای مەكتەبی سیاسی بەرنە گوندی كاولان لای ئاڵوەتان وقەندیل، ناوچەی قەلادزەش دكتۆرسەردار مەسئولی بوو، هەرێمی (6) محسین بایز مەسئولی بوولای قەڵاتوكان بوو، هەرێمی (8) كاك قادرمستەفا بوو، هەرێمی(7) مام غەفوربوو، هەرێمی(12) كاك عبدالله بۆربوو، هەرێمی (17) كاك بورهان بلەیی بوو، هەرێمی(10) عەریف عەلی بوو، قوەی هەیبەت سوڵتان دڵسۆزی برای شەهید دڵزاربوو، هەرێمی (11) ی باوەجی مەلابەكربوو، هەرێمی(14) كاك محمد برای شەهید عبداللە سور بوو، هەرێمی (4)ی جافەتی كاك قادرچاوشین بوو، ئەوانیش لەوكاتەدا لەشەرەكانی پشت ئاشان لەقەڵاتوكان بون و چوبونە دیوی ئێران لەگەڵ سەركردایەتی دا

هەندێکیان هەر لەجافەتی بون بەڵام دووسیێ شکست ونەبونی ئیمکانەت و پارەوئازوقەو زەختی یەکێتی ولەولا پارتی وگیروگرفتی ناوخۆش هەبوو لەو کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بریار درا کاک قادر عەزیز بنێرێتە لقی دهۆك هەرچەندە تا ئەوکاتەش پارتی رازی نەبوو، دووسیێ مانگ بووپارتی موافەقەتی کردبوو پێشمەرگەی سۆسیالست لەسنوری بادینان بێت مامۆستا ئەمین مەسئولی لقی دهۆك بوو، ئەوبۆلقی هەولێر نەقڵ کرا لەبارزانەوە کاک قادر لەگەڵ کاک رەسول رێك نەبون ئەویان بەو ناوەوە دور خستەوە لە مەکتەبی سیاسی و بەکاری رۆژانەش لەولقە هیچی پیێ ناکرێت و کێشەش کەم دەبێتەوە، بەدیلی ئەو (مامۆستاسەعدیان) هێنابوە پێشەوە وکاک قادرجەباری هەرناکۆك بوو لەگەڵ کاک رەسول بەڵام کاک قادرعەزیزیان پیێ باشتر بوو لەروی بیروباوەرەوە، کاك شێخ محمد شاکەلی بۆ لقی کەرکوك ومن هەر لەویێ لەلقی سلێمانی چەك و(40) پێشمەرگە بەچەکەوە نەقڵمان کردبەئەندام لقەوە و (38) شەهیدی گەرمیان هەبوو شەهیدەکانشمان خستە سەر لقی کەرکوك وجیهازی تۆم سۆن و رونیو تابیعەو هەرچی شتی راگەیاندن بوو هەمویمان دا بەلقی کەرکوك و وتمان بۆ لقی سلێمانی دەکرین، لە1983/9/13 دا بریاری دامەزراندنی لقی کەرکوك دراوگۆڤارێك دەرکرابەناوی (گۆڤاری برایەتی)، خاڵەحاجی ئازوقەوچادروبەتانی وشتی زۆری بۆ پێشمەرگە وەرگرتبوو ئەوکاتە وەزعی پێشمەرگە زۆر خراپ بوو جگەرە نەبوو بیکێشیێ توتنی بەحاڵ دەست دەکەوت جگە لەوەش تەقریرلەسەر مەسئولە عەسکەریەکان لەلایەن کادری رێکخستن و لقەکانەوە دەنوسرا بۆنمونە مام غەفوریان (3)مانگ تەجمید کردبووچەکیان کردبوو، محاسەبەی توندو تیژ لەگەڵ مەسئولەکان زۆر بوو لەگەڵ ئەوەش ژیانیان دابین نەکرابوو وەزعیان خراپ بوو، بریاربوو لەو رۆژانەدا هێزێك بڕواتە خوارەوە یابرادەرێکی سەرکردایەتی لەپێشا لەبارزان بارەگا دروست بکات بۆ لقی هەولێروئەو هێزانەی پێشمەرگە کەلەویێ بون وە هێزەکان جارجار بڕۆنە خوارەوە یاچاوەریێ بکەن هێزی یەکێتی بڵاوەی لیێ بکات وسۆسیالست بڕواتەوە جێگاکانی خۆی لەخۆشناوەتی و دەشتی هەولێروکۆیە، لەلقی هەولێر کێشە هەبوو لەگەڵ مەسئولی لق و کادری رێکخستن و کادری سەربازی ئەوەش زیاتر بەکاک قادر عەزیز دەزانراو ئەوەش بوە هۆی شکستی

زیاتربۆهێزی پێشمەرگە لەوسنورەدا وتوشی زەرەربون، هێزی پێشمەرگە لەئەستۆی کاك قادر عەزیزوکاك حاجی حاجی ابراهیم وکاك ئەحمەد فەقێ رەش دەزانراو هەر چەندە بەراشکاوی لەکۆبونەوە باس نەکرابەلآم مەسئولە عەسکەریەکان هەموو ئەوەیان دەدایە پاڵی برادەرانی سەرکردایەتی چونکە لەوکاتەدا ئەوان پێشمەرگەیان لەخۆشناوەتی و دەشتی هەولێر بەهێزەکانیان وتبوو برۆن وچارەی خۆتان بکەن وخۆتان بشارنەوە کەنابێت مەسئول وابەپێشمەرگە بڵێت و پێشمەرگە ئیزن بدات دەبێت پلانی لەباروبەرنامەی باش دابنێت بۆ هێزەکان وڕێکخستنی کارکردن بۆئەوەی هێزەکە توشی زەرەر نەبێت بەلآم بڵێت هێز بروات خۆی چارەی خۆی بکات وخۆشیان بگەرێنەوە لای بارزان وبۆ دیوی ئێران لای سەرکردایەتی دەبو لەگەڵ خۆیان هێزەکەیان بهێنایەتەوە بۆئەوناوچەیە یاهێزەکەیان هەر لەو ناوچە دابەش بکردایە بەشێوەی پارتیزانی وشەرکردن و هیچیان بۆنەکرابوو ئامر هێزەکان خۆیان چارەی هێزەکانیان کردبووئەوماوەیە لەدەشتی هەولێروناوچەکە جەولەیان دەکرد، کاك قادرعەزیز نەقڵ بوو بۆ لقی دهۆك وماموستا ئەمین بۆ لقی هەولێرلەبارزان و سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی بۆ برادۆست وناوچەی سۆفیەکان لەلای دۆڵی خواکورك لەگوندی شوشان لەپشتی لۆلان. سەرکردایەتی برایە ئەو شوشانە و رادیوی یان لەوێ دامەزراند، شوشان ناوچەیەکە دورە لەجادەو بۆ سیدەکان ورەواندوز(15) سەعات رێگادەبوو، وەبۆ سنوری ئێران دورەو (20) سەعات دەبوو،وە بۆ سنوری تورکیاش (12) سەعات دەبوو، ناوداروچۆڵ بوو گوندی بچوك و دورلەیەك و دابراو لەهەمووولایەك نازانین هۆی چی بوو وەبەچی عەقلیەتێکەوە ئەو ناوچە دورە هەڵبژێرابوو بۆ مەکتەبی سیاسی حزب، لەدوای کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کاك رەسول وکاك قادر جەباری وکاك عەدنان وکاك عبدالخالق زەنگەنەو هەموو بەدوای یەکدا رۆیشتن بۆ سوریا بۆوەفدی حزب وپەیوەندی حزب لەمانگی ( 1983/10)وە بەرێ کەوتن بۆدەرەوە، ماموستا مەلاناصیح وکاك ئەحمەد فەقێ رەش و ماموستا سەعدوخاڵەسەید کاکە لەمەکتەبی سیاسی مانەوە، ماموستا لەئورمیەو کاك سەیدکاکەوکاك سەعد وکاك ئەحمەد فەقێ رەش لەشوشان بون بەو زستانە بەپەلە خانویان دروست کردبوو هەندێك خانووکەلاوەیان بۆخۆیان

چاككردبوەوە، كاك قادر عەزيزبۆ لقى دهۆك و مامۆستا ئـەمين بۆلقى هـەولێرو مـن بـۆلقى سلێمانى وكاك شێخ محمد بۆلقى كەركوك و كۆميتەى سەركردايەتى كەركوك سلێمانى لە كاك شێخ محمد وكاك شيروان شيروەندى ومن پێك هاتبوو، لقى كەركوك دەبوو لەسـنورى لقـى سـلێمانى بێـت چـونكە شـەر لەگـەڵ يـەكێتى هـەبوو لـەدواى ئـەو بريارانـە لـەرۆژى 1983/9/14 من وكاك شێخ محمد وكاك شيروان وخاڵەحاجى هەندێك لەبرادەرانى كـەش گەرانـەوە بـۆ ئورميەوچوينە خانـەوبۆ نەغـەدەوبۆ ئورميـە شـەولەماڵى خاڵـەحاجى بـوين، لـە1983/9/15 هـەر لەئورميـە بـوين تـا 1983/9/17 سـەرقاڵى ئيشوكارى حـزب بـوين، رۆژى جـەژنى قوربـان بـوو ئەوكاتـە كـاك ئەحمـەد قەدەفـەرى برينـداربوو لەخەسـتەخانەى (تەهران) بەتەلەفۆن قسەمان لەگەڵى كرد وەزعى باش نـەبوو، رۆژى 1983/9/18 جـەژنى قوربـانى ئێـران بـوو يـەك رۆژ فـەرقى هـەبوو لەسـەر داواى خاڵـەحاجى چـوينە سـەر دەرياچـەى ئورميـە(دەرياچـەى ئورميـە 300 كيلۆمـەتر درێـژەو لـەنزيكى سـەڵماس وتەبريزەوە تانزيك نەغەدە، لەزۆر جێگاش 20 مەتر قوڵە و لە 10 تا20 كيلۆمەتر پانايى دەرياچەكەيە هەر لەناو دەرياچەكەدا چەند دوورگە ياجێگاى وشكايى هەيە كەبەردودار واتا شاخاويەو حەيوانى كێوى بۆبراوەو زاوزێ ی كردووەو زۆر بون وە ئاوەكەى سوێرە وەكو گەراو بۆنى دێت و كەس ناخنكێنێ هەرچەند بچيتە ناو ئاوەكەوە، ئاوەكە هەڵى دەداتە سەرەوە بۆنى ئاوەكە پيسەوتەيروتيورى زۆرى لەسەرەو وە خوێى لـێ دروست دەكرێت لەئاوەكە)، نيوەرۆيش دەعوەتى دۆڵمە بوين لەماڵى مامۆستا مەلاناصيح لاى (عەتيـەخان) دانيشتين مامۆستا خـۆى دوو پـاروى خـوارد ئەوجاربەئێمـەى وت فـەرمون خاڵە حاجى وتى مامۆستا بۆ فەرموناكەيت مامۆستاش وتـى: نـەوەك دەرمـانى تيـا بێـت بۆيـە لەپێـشەوە خـواردم، لـە1983/9/19 سـەيارەمان گـرت بـۆ هـەرێمى (4) وناوچـەى دوكان لەئورميەوە بەچەكەوە هەموويان بۆ مەريوان وبۆ سورێن ولقى سلێمانى گەرانـەوە، لە 1983/9/20 لەئورميە بوين تاسـەعات (4)ى پـاش نيـوەرۆ بـەرێ كـەوتين بـۆ تـەهران، شـەوى 20–1983/9/21 بـەرێگاوە بـوين بەسـەيارەى (تـى.بـى.تـى) بـە(16) سـەعات گەيشتينە تەهران لەرەزائيەوە، سەعات (8)ى سەرلەبەيانى رۆژى 1983/9/21 لەتـەهران بوين هەر ئەو رۆژە سەرى كاك ئەحمەدقەدەفەرى مان دا لەخەستەخانەوئێمەش لەئوتێل

ئەتڵەس ماینەوە، رۆژی 1983/9/22 کە (3)ساڵ تێدەپەری بەسەر شەری عێراق ئێران دا، کاک عادل مرادوکاک عەدنان هاتنە لامان نیوەرۆی ئەو رۆژە دەعوەتیان بوین لەئوتێل مەرمەردەعوەتی کاک دکتۆر عادل بوین، من ئەوکاتە زۆر قەڵەو بوم و نان خواردنی من سەرنجی زۆری دانیشتوانی راکێشابوو من جلی کوردیم لەبەربوو کاک عادل وخاڵەحاجی ودکتۆرنوکتەیەکی روتیان لەسەر من وخۆیان وت، لەرۆژی 1983/9/23 رۆژی هەینی بوو لەتەهران بەرێ کەوتین بەرەو کەرەج وقەزوین وئەوەج وتاکستان و بهاری نزیک هەمەدان چوینە شاری سنە، شەوی 23–1983/9/24 لەسنە بوین بۆ بەیانیەکەی بەرێ کەوتین بۆ بێ گەرەو درزلی وملەخوردئێوارەش گەیشتینە بانی شارو شەو لەوێ ماینەوە، لە1983/9/25 گەیشتینەوە مەقەری میری سور لەرێگای هەرمێڵەوە لەسەر بەرزایەکەی ملە قازانە لای قۆچی لۆجار، لەسورێن بوم وگوێم لەتەقە وتۆپی دەبابە بوو لە دەوری سۆیلەمیش ترسام هێزی پێشمەرگە زەرەریان لێ کەوتبێت جیهازەکەیان هێنا بۆلام جاش و جەیش هێرشیان کردبوو مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی وهێزێکی ئێمەش لەسۆیلەمیشی سەروهەیاس و سواری و سۆیلەمیشی خواروتەپەکەل وهەموو لایەکەوە هێرشیان کردبوو هێزی هاوبەش کەلەناو سۆیلەمیش ولەپشتی سۆیلەمیشەوە لەدوژمنیان دا بەلأم دەبابە زۆر لەماڵەکانی بەتۆپ سوتاندبووجەیش گەیشتە چەند ماڵێك و ئاگری تێبەرداو شەرگەرم بوو هێزێکی گەورەی سۆسیالست لەگەڵ مامۆستا دڵشاد لەتەپەکەل ومالوان بون چوون بەدەم شەرەکەوە من بەجیهاز هەندێك تەشجیعم کردن و وشێوەی هێرش کردن بۆدوژمن ودابەش کردنی هێز بۆلێدانی دوژمن، شەربوو هێزی تەپەکەل گەیشتە لایان کاک عوسمان قادرمنەوەر ومامۆستا دڵشاد مەسئولی هەموو هێزی عەسکەری سۆسیالست بوو لەشارەزوورو ئەو ناوە بەراستی ئازاو لێهاتوبون من ئاگام لەجیهازی جاشەکان بوو وەزعیان خراپ و چەند جاش کوژران و لەناو کوژراوەکان عوسمان عەلی چەتون کوژراو دووسێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی بەدیل گیران ولە سۆسیالست شێخ جەلال بەرزنجی پێشمەرگەی هەرێمی (3) شەهید بوو مەلافائیق و عبداللەی حمە عەرەب برینداربون لەگەڵ یەك پێشمەرگەی تر بەلأم دوژمن شکاو زەرەر لەجاش وجەیش کەوت، لە1983/9/26 هەر لەسورێن بوین، لەمانگی(9)دا کۆبونەوەی

کۆمیتەی ناوەندی وشەری سۆیلەمیش، رژێم دووفرقەی تازەی هێنابوو بۆ پاکردنەوەی شارەزوور ئەوەبوو چەند جارێك هێرشیان بۆسەر جودو حزبمان دەکرد بۆترساندنی خەڵکی شارەزوور، لەرۆژانی 1تا1983/10/6 هەرلەسورێن بوین خەریکی تەبع کردن وراسپاردەکانی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی وجەولەکانی ئەو خوارە و روداوەکانی سەرکردایەتی بوین وکۆبونەوەمان بەپێشمەرگەو رێکخستنەکان دەکرد، مامۆستا دڵشاد داوای کردکە سەربکەویتەوە بۆ شیرەمەرو سورێن،

## گەورەترین داستانی نەبەردی لەگوندی شیرەمەرو

## شەهیدبوونی مامۆستا دڵشاد

لەرۆژی 1983/10/7 لەدەرەکۆرە بوین سەعات (8)ی سەرلەبەیانی بەجیهاز ئاگادار کراین کەجەیش وجاشێکی زۆر هێرشی بۆگوندی شیرەمەروهێزەکانی سۆسیالست کردوە، لەسەعات (9)ی سەرلەبەیانی تەقە دەستی پێ کرد(12) تۆپی (120)ملیم لەگردی قازی وکوڵکنی وخورماڵ دامەزرابوو (30) دەبابەو ناقیلە لەهەموو لایەکەوە هاتبوو هەرچی جاشی ناوچەکە کەزیاتر لە(8)هەزار جاشیان کۆکردبوەوە جگە لە تۆپخانەکانی سەیدصادق وبەرکەورگان وخورماڵ وناوچەکە لەشیرەمەریان دەدا کەژن ومناڵ وماڵەکانی ئێمەش هەر لەشیرەمەربون دەبابە لەرێگای گێڵەك و پردی زەڵم وخورماڵەوە بەرەو شیرەمەر زیاتر لە(15)هەلیکۆپتەر تائێوارە بەهەموو چەکێ لەناو دێ ودەیان هێرشی جاش و جەیش بۆسەر سەنگەری پێشمەرگەو هەموو ئەرزوئاسمانیان کردبوو بەئاگر، نزیکەی(70)ماڵ گری گرتبوو زۆری دەسوتاونیوەی دوکەڵ بوو چەکی دوروقومبەلە لەهەموولایەك، تەواوی جەماوەری ناوچەکە دڵیان لەسەر دەست بوو بۆ پێشمەرگەی سۆسیالیست شێرانە لەسەعات (8/30)ی بەیانیەوە تا سەعات(6/30)ی ئێوارە شەرێکی سەخت ودەستەو یەخەو شەرە قسەش هەر بەردەوام بوو، ئێمە بەرێ کەوتین بەدەم شەرەکەوەو لەمیری سوربۆ هەرمێڵەو بۆ بانی شارو بەسەرقلاّتك ومەرگولاّن وپیرغەیب دا دابەزین بۆ شیرەمەر، دوژمن لەسەعات (2)ی پاش نیوەرۆهێزەکانی خۆی دەکێشایە دواوە لەو سنورە، ئێمە دەرۆیشتین نزیکەی (100) کەس دەبوین وهێزەکەی شیرەمەر زۆربون(15) کەسی پارتی حاجی محمودی گەورەدێ لەوێ بو خۆی شاردبوەوە

لەلای ماڵەکانی ڕێگای خورماڵەوە لەگەوردا، خاڵە نەجم لەهەرێمی (3)بوو ئەویش لەگەڵ ئەوان خۆیان شاردبوەوە کەمن گەیشتمە ناو ئاوایی شیرەمەر ئەوانیش چاویان لێبوو لەگەورەکان هاتنە دەرەوەو هەواڵی شەرەکەیان نەدەزانی کێ کوژراوەو کێ برینداربووە، بۆ ئێمە ئاسان نەبوو لەبانی شار تاشیرەمەر دەشتێکی رووت بوو تۆپی دوژمن لەخورماڵ و دەبابەی لای پشتی ئاوایی حاجی حمە ئەمین ولای چاوگی شیرەمەروسێ تەپان و هەلیکۆپتەریش لەسەرمان بوو بەڵام باقی پێشمەرگە شەری باشیان دەکردئێمە لەناو ئەو شەرە تۆپەوە هاتینە خوارەوە لەسەعات (5)ی ئێوارە گەیشتینە ناو شەرەکەو دوژمن پاشەکشەی دەکردولەهەموولایەک هێزی دوژمن لەگێڵەکەوە راودەنران، خانوو بەسەر پێشمەرگەدا روخا بوو بەڵام سەنگەریان چۆڵ نەکردبوو شەری دلێرانەیان کردبوو، مەفرزەیەکی پاسۆکیش لەوێ بوو شەریان کردبوو لەگەڵ برادەرانی ئێمەدا ئەوەی جێگای داخ بووبەگەیشتنی ئێمە هەواڵی پۆلێك لەو پێشمەرگە قارەمانەیان پێ داین کە شەهید بون بۆئێمە کارەسات بوو لەوانە مامۆستا دڵشاد(عەلی اکبرفیزاللە) مامۆستا خەڵکی خانەقین بوو دوای خۆی (3) منداڵی بەجێ هێشتوە بەناوی (دەوەن ورەوەن وکارزان) نادیە خانی خێزانی مناڵەکانی گەورە کردوەو پێ ی گەیاندون، مامۆستا دڵشاد مەسئولی رێکخستنی خانەقین بوو پاشان هاتە دەرەوە بەهۆی چالاکی و لێهاتوویی خۆی بوو بەمەسئولی عەسکەری پێشمەرگەی حزب لەسنوری لقی سلێمانی وکارگێری لقی سلێمانی بوو پیاوێکی ئازاو دڵسۆزو خۆنەویست ووشیارو لێهاتوبوو جێگای ئومێدو کادرێکی بەتوانای پاشە رۆژی حزب دەبوو زەرەرێکی گەورە بوو لەحزب کەوت وجێگای بۆشاییەکی گەورەی دروست کرد پر کردنەوەی ئاسان نەبوو، شەهید حمەی مامە سەعەجێگری ئامر کەرت وپێشمەرگەی ئازاوچاو نەترس وقارەمان و لەدەیان شەروداستاندا بەشداری کردوەو چەندجار بریندار‌بوەو لەهەرێمی (5)ی شەهید رەووف بوو ، شەهید حەمید مەلا عەلی رەباتی ئامر مەفرەزە لەقوەی هەورامان وپێشمەرگەی لێهاتوو دڵسۆزبوو، شەهید فائیق کەریم جەرد ئاسنەیی پێشمەرگەی هەرێمی (5)ی شەهید رەووف بوو، شەهید عەلی مەلاعبداللە لەقوەی هەورامان لەرێکخستنی حزب بوو لەپێش ئەوەی ببێت بەپێشمەرگە بریندار‌بوودوای نیوسەعات شەهید بوو،شەهید جەمال

پێشمەرگەی پاسۆك بوو، هەزاران خەڵکی ناوچەکە بە بەرچاوی دوژمنەوە لەسلێمانیەوە تاهەڵەبجەو زۆر ناوچەی کەش هەموی چاوەریَ ی کۆتایی شەرەکە بون وخۆیان بگەیەننە جێگای شەرەکە وهەواڵ بزانن، شەهیدەکان کارەسات بوو بەلاّم سەرکەوتنەکەودڵسۆزی هەزاران خەڵکی ناوچەکانی کوردستان بەپەرۆشەوە دەهاتن بۆجێگای شەرەکە جێگای ئومێدودڵخۆشی کەروغەم رەوێن بووبۆ ئێمە سەبوری دەداین من لەسەر هەر (6) جەنازەکە قسەم بۆ خەڵکەکە کردوبەراستی پێشمەرگەی سۆسیالست نمونەی پێشمەرگەوشۆرشگێرو لەخۆبوردوبون هەموو جەماوەرەکە ناسراو نەناس بەداخ وکەسەرەوە بون بۆئەو شەهیدانە بەلاّم رژێم بەو هەموو هێزەوە نەك نەیتوانی بێتە گوندی شیرەمەر بەڵکو بەزەرەرێکی گەورەوە راونراوریسواکرا لەناوچەکەدا، داستانی شیرەمەر بیَ وێنە بوو بەخوێنی (6)رۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان و پێشمەرگەی هەڵکەوتوی سۆسیالست و یەك پێشمەرگەی پاسۆك تۆمارکرا لەمێژوی گەلی کوردا، لەفایلی دوژمنکاری عێراقدا بو بەدەرسێك هەتا هەتایە لەبیریان بێتوو بەئاسانی خۆیان لەقەرەی هێزی سۆسیالست نەدەن و لەهەر جێگایەك پێشمەرگەی سۆسیالستیان بینی هەڵبێن ونەخشەکانیان تێك بچێت دوژمن خەو وخۆراکی هەمیشە لیَ حەرام بێت بەرامبەر بەپێشمەرگەو رۆڵەگیان بازەکانی حزبی سۆسیالست، دۆست و دوژمن حیسابێکی تایبەتی بۆحزب بکات، لەوشەرەدا (24)ماڵ سوتاو(50) ماڵ روخاو زەرەری لیَ کەوت، لەشەوی 7-1983/10/8 گەراینەوە بۆسورێن وتارۆژی 1983/10/11 لەسورێن ومەقەری دەرەکۆرە بوین، رۆژی 1983/10/11 ئەحمەد حاجی عەزیززۆربەشێوەیەکی ناشیرین تەسلیم بەرژێم بوەوە لای زەرایەن ، لەرۆژی 1983/10/12 کۆبونەوەی گشتی مان بەهەرێمی (1 و5) کردو پاشان هێزەکانی هەرێمی (1و2و3و 4 و 5 )و قوەی هەورامان هەموو دابەزین و دابەش کران لەسەر سنورەکانی خۆیان بگەرێنەوە جێگای چالاکی خۆیان، گۆڤاری سورێن مان تەبع کردوبابەتێکی مامۆستا دڵشادی تیا بلاّو کرابۆوە بەناوی (باوکی دەوەن) ، لە1983/10/14 هەر لە سورێن بوین، لەرۆژانی 15 تا1983/10/18 کۆماری ئیسلامی ئێران چەندجارێك داوای هاوکاری وچاککردنی پەیوەندی لەئێمە کرد ئەویش لەسەر چالاکی پێشمەرگە بەتایبەتی شەری شیرەمەر

لەبەرچاوی هەموو مەسئولینی ئێران هەر لەسەعات (8)ی بەیانی تا سەعات(6)ی ئێوارە بەرامبەر ئەو هەموو تەیارەوجەیش وتۆپەو ئەو شەهیدانە بۆ ئێرانی سەلماند پێشتریش شەری سۆیلەمیش وکانی بەردینەو قەڵبەزەوئالان وحاصڵ بۆ ئێرانی سەلماندبوو کە هێزی سۆسیالست کاریگەرترین هێزی سەربازی ناوچەکەیە کەدەوری هەیەو بۆیە زۆر بەجدی داوایان دەکرد ئێمە پێمان باش بوو بەڵام وتمان لێمان بوەستن ئێستا مەشغوڵین، لەشەوی 18-1983/10/19 ئێران بەناوی فەجری (4)وە بەهاوکاری پارتی لەشلێرەوە هێرشێکی بەربلاوی کرد بۆ (ناوچەی پێنجوین وچوارتا ودۆڵی شلێروناوخوان وبناوەسوتەوو ئاسن کوڵێن ودەشتی راوگان ولەسەیران بەن وبۆگۆڵێ وسیاگویزەوسورکێوو قوسامەینەو چیای لەرێ وبەری شارباژێریش شێخەڵ مارین وئاروزەو دەرەمیانە وچاڵەغەزێنەو سەرخواروشیوەکەڵ وتا بارێ ی گەورەو بارێ ی بچوك وچیای هەڵوان وپردی جەلال وسەرچەمی تەنکەبوارو پنڵگەوگۆرەدێم و) هەموو ئەو ناوەی گرت و تەنها ناوشاری پێنجوێن مابو ئەویش بەشەو لەدەستی ئێران بوو لێرەوە پارتی رێنوێنیان کردبوون، شەفە کەچەڵ وکاك نادر هەورامی و هێزی پارتی لەگەڵیان بون ئەوەش ناوچەیەکی گەورە بوو لەدەستی عێراق وەرگیرابووەوە، جێگاش بەهێزەکانی یەکێتی تەنگ بوو لەشارباژێر، یەکێتی لەنێوان شەرەکەدا بوون وابزانم عەلی چوارتایی لەو شەرەدا شەهید بوو هەرچەندە تەیارەکان هەلیکۆپتەری عێراق بەموکەبەرە بانگی هێزی یەکێتی دەکرد کەمەقەرەکەیان لەحاجی مامەند وئەوناوە بوو بەرەو شوکێ یان دەبرد دەیانوت ئێمە بۆ شەری ئێوە نەهاتوین بۆ ئێران هاتوین، لەرۆژی 1983/10/19 ئێران بێ ئەوەی ئێمە دانیشتنێك بەرەسمی لەگەڵ بکەین فیشەك وگولە ئار.بی.جی. وپێویستی یان بۆ ناردین بەم شێوەیە بوو،(900) گولە ئار.بی.جی.و (300) هەزار فیشەکی هەمە جۆرەو(1000) بەتانی وشتی کە ، هەروەها داوای هاوکاری وناردنی نوێنەرمان بۆمەریوان و کۆبونەوە لەتەهران وسنەو مەریوان یان لێ کردین، شەری مەزاد لەنێوان عێراق و ئێران زۆر گەرم بوو شەر رۆژبەرۆژ گەرم تر دەبوو لەسنوری پێنجوێن وچوارتا شەر لەتوتمان هەبوو، عێراق لەتوتمان وبانی بنۆك کیمیاوی بەکار هێناو هەزاران پاسدارو سەربازی ئێرانی کوژران بەڵام جگە لەتوتمان وبانی بنۆك هێزی

ئێران هەر لەجێگای خۆی مایەوە، جارێکی کە شەر گەرم بووەوە، لە23/10/1983 تا 30/10/1983 هەر لەسورێن بوم ، لە7/11/1983 لەسورێنەوەچوینە قەدەفەری و بۆکانی شێخ ولەچەمەکەدا خۆمان حەشارداو لەرۆژی 8/11/1983 نیوەرۆلەکانی شێخ نانمان خواردولەسەعات (4)ی دوای نیوەرۆ بەهاوانی (60 و81)ملیم لەکاگردەل ولەبەشارەتی خواروەوە لەسیروانمان داو پێشمەرگەش لەهەموو لایەکەوە هێرشی کردە ناو سیروان وشەری باش کراوزەرەر لەدوژمن دراودوای شەرەکە شەو گەراینەوەبۆ چەمی زەڵم وکولکنی وحاجی حمە سور، لە 9/11/1983 لەکولکنی بوین وچوینە شیرەمەروشەو چوینەوە سورێن، لەرۆژانی 11تا13/11/1983 بۆیەکەم جاری ساڵ بوو باران بباریَ ، هەر لەسورێنماینەوە تا رۆژی 27/11/1983 خەریکی ئیشوکاری حزب بوین لەسورێن، شەوی 27-28/11/1983 لەماڵی کاک رەحیم لەتەپی سەفا مەفرزەیەکی یەکێتی چوبونە سەر مەفرەزەیەکی سۆسیالست لە ئەوان جەلال کولکنی ولەسۆسیالست کاک نوری حمە عەلی لەناو ماڵەکەدا ببوو بەتەقەو شەهید ئەحمەد گردی شەریفی تەقەی کردبووکەدەوریان گیرابوو کاک نوری تاقمەکەی کردبوەوە بۆئەوەی تەسلیم بێت بەلاّم ئەحمەد گردی شەریفی تەقەی کردوشەردەستی پیَ کرد لەناوماڵەکەدا، عوسمان مەسەکانی لەدەرەوە تەقەی کرد،لەوشەرەدا عوسمان مەسەکانی بریندار‌بوو بەخەتەری برادەرانی ئێمە دەرچوبون و شەرەکە کۆتایی پیَ هاتبووە زەرەری زۆری ماڵی لەماڵی کاک رەحیم کەوتبوو ئێمە هەموو (3) پێشمەرگەمان برینداربوون، لەرۆژی 28/11/1983 لەسورێن بوین بەفر دەباری هەرلەویَ ماینەوە تا 30/11/1983، لە 1/12/1983 بریاردرا هەرێمی (4)بڕواتە چنارەی شێخەڵ مارین لای چوارتا مەقەر دابنێت و لەوێشەوە دەتوانن مەفرەزەیان بڕواتە سنوری دۆڵی جافەتی ولەگەڵ هەرێمی(3)دا، هەر لەرۆژی 1/12/1983 لەسورێنەوە چوینە کانی خەیاران ودزڵی، لەرۆژی 2/12/1983 لەدزڵی بوین وچوینە مەریوان، لە3/12/1983 چوینە شلێروگۆخلاَن و چیای لەریَ و شێخەڵ مارین وچنارەو چاڵە غەزێنە شەوگەراینەوە چنارە بۆ مەقەری هەرێمی(3) لەویَ بوین، لەرۆژی 4/12/1983 چوینە زیندانە وئومەرمان و سەرکەوتین بۆتالیەرو سەیری ناوچەکەمان کرد هەزاران سەربازی عێراق جەنازەی بەجیَ مابوو لەژێر دەستی هێزی

ئێراندا، چوینەوە دەرەمیانەو ئاروزەو ئەو ناوە بەتایبەتی شلێر ماوەیەك بوولێ ی دابرابوین، ئێران ئەو هەموو سەرکەوتنەی بەدەست هێنابوو سەیارەکەمان هەرچی لائەدا هەر بەسەر لاشەی سەربازی عێراقدا دەرۆیشت، دەیان وسەدان دەبابەوسیارە بەجێ مابوو، لەشەوی 5-1983/12/6 دا جەیشی عێراق کەئەو هەموو کارەساتەی بەسەر هاتبوو ئەو هەموو ناوچەیە گیرابوو ئەو هەمووسەربازە کوژراوەو جەنازەی بەجێ مابوو لەبەغداد ولای (صدام حسێن) پیرۆزبایی لە شێخ جەعفەر پارێزگاری کۆنی سلێمانی کردو ژن ومناڵ بەبۆنەی سەرکەوتنی سوپای عێراق لەپێنجوێن شایی وهەڵپەرکێیان دەکردو شێخ جەعفەریش سەرچۆپیەکەی گرتبوو بەراستی مرۆڤ زۆربێ عارە ئەو هەموو کارەساتەی ئێمە دیمان و ئەو سەماو هەڵپەرکێ یەی شێخ جەعفەر دەیکرد جێگای سەرسورمان بوو، لەرۆژی 1983/12/5 چوینە ماڵی کاك جەمالی حەلاو لەشاری بانەلەئێران، لە1983/12/6 دەعوەتی ماڵی کاك جەلالی کوێخا عبداللەی چوخماخ بوین ئەوکات چەکداری ئێران بوو، لەسەعات (10)ی سەرلەبەیانی دەرچوین لەبانە لەسەعات (1)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە دزڵی لەسنوری شلێرەوە هاتینەوە نزیك بوولە سەیران بەن وگۆخلاْن وساوجی ومەریوان ودزڵی شەوێ زۆر ساردوسەرمابوولەدزڵی بوین، لە 1983/12/7 دا لەدزڵی لەمەقەری کاك نوری مەجید خانەقینی بوین پیاوێکی باش بوو لەگەڵ ئێران ئیشی دەکردو وازی لەپارتی هێنابوو زۆر رێزیان لێ گرتین، هەواڵی شەهید بونی بەختیاری مام کەریمم پێ گەیشت زۆرم پێ ناخۆش بوو گەنجێکی تازە پێ گەیشتوبوو لەئەشکەوتی خواری سوڵتانەوە لەکانیەکە خۆی شوردبوو کەوتبوە خوارەوە بۆ چەمەکەی دەرەکۆرە کە(50)م بەرزەو شەهیدببوو، لە1983/12/8 چوینە دۆڵەناولەماڵی مام رۆستەم بوین باران دەباری، لە1983/12/9 لەدزڵی بوین کاك سەید قادرجەباری ومام کەریم لەرەزائیەوە گەرانەوە مام کەریم باوکی شەهید بەختیاربوو بەلاْم نەیدەزانی بەشەهید بونی بەختیار ئێمەش قسەمان بۆ نەکرد، ئەوان هەواڵی سەرکردایەتی و پۆستەری شەهیدان کاك رەوف وحمەی مامە سەعەوعەتاو هادی وحەمیدیان هێنابوو، لە1983/12/10 لەدزڵی بوین سەیر بوو تا 1983/12/10 بەفرنابارێ لەدزڵی وئەوکۆیستانانە، هەر لەدزلی بوین تارۆژی 1983/12/12 دوایی

چوینه سنەو گەیشتینه بازار توشی برادەرێکی مەریوانی بوین ناوی کاك مەجیدی کاکەولاً بوو ئەویش لەترسی تۆپ لەمەریوانەوەچوبونە سنە هەرچی هەوڵماندا نەی هێشت برۆینە ئوتێل هەر بەزۆر بردینیەوە ماڵەوەو خزمەتێکی زۆری کردین، لە1983/12/13 هەر لەماڵی کاك مەجید بوین من وکاك قادر چاوشین وکاك سەیدقادرجەباری وشێخ توفیق وپێشمەرگەیەکی هەرێمی(4) ناوی خالیدبوو، لە1983/12/14 هەر لەسنە بوین عەلی برام و عەلی بچکۆل هاتنە سنە، لە1983/12/15 لەسنەوە دەرچوین بۆبی یە کەرەوبۆدزڵی وتا1983/12/17 لەدزڵی بوین، هەرئەو رۆژە بەرێ کەوتین بۆمەریوان وشلێروگۆخلاًن ومیراواو گۆڵێ وشاخی لەرێ وبۆ چاڵە غەزێنەی شارباژێر، لەرۆژی 1983/12/18 چوینە چنارەی شێخەڵ مارین وئاروزەرنزیك دەرەمیانەو چەمی زەرتك ئاواو بۆ شلێروگۆخلاًن ومەریوان ودزڵی، لە1983/12/19 لەمەقەری کاك جەعفەری لەدزڵی دەعوەت بوین(کاك جەعفەری معارەزەی عێراق بوو تازە قەرارگای رەمەزان دامەزرابووئەوکاتە) بەناوی (علاقاتی بەینەمللەوە) بوو بەعلاقاتی دووەلی هەر لەدزڵی چەند دۆشکەوهاوان وکلاًشنکۆفمان وەرگرت لەکۆماری ئیسلامی ئێران، رۆژی 1983/12/21 کەیەکەم رۆژی زستان بووچوینە دۆڵەناو گەراینەوە بۆدزڵی، رۆژی 1983/12/22 لەدۆڵەناوەوە دۆشکەوهاوان و(5)هەزار فیشەکی روسی وفیشەکی دۆشکەو وەجبەیەك کلاشنکۆفمان ناردەوە بۆ مەقەرەکانی سورێن، لە 1983/12/23 (20)بار فیشەکی دۆشکەو هەموو جۆرە پێویستیەکی مەقەرو چادرمان بەرێ کردەوە بۆ بارەگاکانی سورێن، لەرۆژی 1983/12/24 چوینە مەریوان وچاومان بەفەرماندەی سوپای پاسداران کەوت ودەربارەی پەیوەندی هەردوولا قسەکرا، لە1983/12/25 لەدزڵی دەعوەتی (منظمةی عمل اسلامی) بوین لای کاك ئەبو جەعفەر (مهندس محمدجعفری) لەم دواییە لەسوریا نوێنەربوو دوای نیوەرۆ گەراینەوە کانی خەیاران وبۆمەقەرەکانی سورێن ومیری سور، لە1983/12/26 لە سورێن دۆشکەکانمان تاقی دەکردەوە،

## هەواڵی گفتوگۆی یەکێتی وحکومەتی عێراقمان پێ گەیشت

لەرۆژانی 27و1983/12/28 هەرلەسورێن بوین رۆژانە هەواڵمان بۆدەهات بەتایبەتی راپۆرتی رێکخستنی ناوخۆ وراپۆرتی لقی سلێمانی دەڵێت گفتوگۆ لەنیوان یەکێتی وعێراقدا هەیەو(100٪) یەکێتی لەگەڵ عێراقەو ئەچنە لای رژێم، لە 1983/12/30 لەسورێن بوین زۆر زۆر قەرەباڵغ بوین و پەیوەندی جیهاز لەگەڵ هەموو هێزەکان لەخوارەوەو مەقەرەکان هەبوو، لە1983/12/31 هەر لەسورێن بوین ووەزعمان زۆر چاك بوو لەهەموورویەکەوە، من تا ئەو کاتە تەمەنم (30) ساڵ بوو، هاورێیانی حزبی شیوعی لەم ناوچەیە لەم رۆژانەدا وەزعی نەفسیان خراپ بوو من بەجیهاز قسەم لەگەڵ کاك مەلاعەلی مەلافەرەج کردوهاوکاری سۆسیالستم بۆیان پیشاندا، ساڵی 1983 پربوو لەکارەسات و سەرکەوتن وشکان وشەری ناوخۆ، بەڵام هەردەبێت سەرکەوین، سەری ساڵی تازە 1984/1/1 بوو لەدەرەکۆرەوسورێن بوین (عنوانی موفەکەرەکەم ئەم ساڵ زۆرگۆرانی تێدا نەکراوە، (محمد حاجی محمود)نازناو(سەربازوعەزیزوکاوە) بە(3) ناوی نوسین وناو جیهازم هەبوو، پیشە... پێشمەرگایەتی، شار... سورێن گەرەك..دەرەکۆرە، شەقام...میری سور، دەنگی خۆم یاتەلەفۆنە داخیلەکانیان یا مەیدانی ناوخۆیاپێشمەرگەیەك بانگی دەکرد(مەریوان )، خانوو...خانوی هەشت هەم، ژمارەی ئۆتۆمبیل...لاقی خۆم 11 ، جۆری خوێن...+5 )، ساڵی 1983 بەرێ کراوپێمان نایە ساڵێکی نادیاروکارەسات چاوەرێ دەکات بەرەو روداوەکان؟!، لە1984/1/1 میوانمان هەبوو لەسورێن ساڵی تازە بوو دەنگوباس زۆربوو کە یەکێتی دەرۆنەوەو لەگەڵ عێراق لەسەرحیسابی حزبەکان پێك هاتون بەتایبەتی دوای لێدانی پشت ئاشان وئاشقولکە وەکو شتێك کەهێزەکانیان کۆدەکردوەو هەرخۆیان دەتوانن لەسەر ساحەکەبن وشەریان کردوەوشەری ئێرانیان کردووە، ئەوەبوو لەشەوی 31-1984/1/1 پێشمەرگەی هەرێمی(1) رەبایەیەکی عێراقیان گرت لەکێلەکەوەی شارەزوور (7)کوژراو هەبوو کورێکی تورکمان بەناوی (امیر) رەبایەکەی تەسلیم کردین لەرێگای کاك فائیقەوە بەوشەرتەی خۆی بنێرین بۆ ئێران(امیر کورێکی گەنج وخەریج بوو) پێشمەرگە بەدیل ودەستکەوت وچەك وجیهازێکی (105) وە گەیشتەوە مەقەری سورێن کەلەوکاتەدا سەرەتای گفتوگۆی

یەکێتی وعێراق بوو تائەوکاتە جگە لەسۆسیالست کەس ڕەبایەکی عەسکەری بەو شێوەیە نەگرتبوو دەبو پێشوازیان لیٚ بکرێت بەخێرهاتنی گەرم، ئامانجی کوری کاك شێخ محمد شاکەلی گەنج بوو باوکی مەسئول بوو خۆشی سەری لەهەندێك شت دەردەچوو وادیاربوو لەشاریش ئاگای لەهێنان وبردنی نامە بووەولەسورێن تابیعەو ڕۆنیۆ وشتی لەبەر دەست بوو لەگەڵ کەس هەڵی نەدەکردو هەمیشە هەرای بوو بەلاّم لەکاری ڕاگەیاندندا توانایەکی باشی هەبوو لەنوسین وکاری ئەدەبی دا بەتایبەتی لەپەخشان دا زۆر سەرکەوتوو بەتوانا بوو یەکیٚ لەو شاکارانەی وەلاّمی (حسن علوی)، حەسەن علوی لەسەر سەیدا صالح یوسفی نوسیبووبەهۆی کونفراسی 1979/8/8 بەعس لە1979/8/8 ئیعدام کردنی محمد عائیش وعبدالخالق سامرائی و ئەوانی کەی ڕاگەیاند، کاك ئامانج وەلاّمی دایەوە بەراستی شاکارێکی گرنگی کاك ئامانج بوو(کاك ئامانج ناوی جمیل بوو) لەئەسلاّ بەلاّم خواهەڵناگرێت حەزی دەکرد دەست کاری جیهازوفۆتۆکۆپی وشت بکات درێغی نەدەکرد دەستێکی بالاّی هەبوو لەسوتاندنیان وخراپ کردنیان وەزۆرجاریش قسەی بەقسەکەر دەبری تەحەمولی کەم بوو بەلاّم زۆر هاوکاری ویارمەتی منی دا لەتەبع کردن ورێکخستنی نامیلکەکانم دا، بانگی کاك ئامانج مان کرد کەپێشمەرگە ڕەبایەی گرتووەودیل ودەست کەوت ولەناویاندا جیهازی (105)شیان هێناوە.. وتی خۆزگە هەرنەتان هێنایە وتیان بۆ وتی ئەوە کەی جیهازە ئەوە هەرهیچ نیە خۆکاك ئاماج ڕاستی دەکرد خراپ بوو بەلاّم نەدەبوو بەو ڕاشکاویە بڵێت ونائومێدیان بکات پێشمەرگەکان هەندێك وەستان ولەبەرمن وکاك شێخ محمد قسەیان نەکردوتیان جا ئەوە چی دەزانیٚ ناوی جەمیلە خۆی ناوناوە ئامانج واتا بەو قسەیە داخی دڵی خۆیان دەرشت پێشمەرگەکان، هەواڵ هات وتیان یەکێتی لەگوندی زیخانی خۆشناوەتی لای دۆڵی بالیسان لای مێرگەسەر کۆبونەوەیان لەگەڵ عێراق کردوە بەئامادە بونی دکتۆرقاسملو، لە 1984/1/2 لەسورێن بوین دنیا ئارام بووشتێك نەبوو، لەشەوی 3-984/1/4 ڕژێم هێرشی بۆ بناری سورێن کردو دوای شەڕێکی چەند سەعاتی لەگەڵ هێزەکانی سۆسیالست ڕژێم شکاو هەڵهاتن و گەڕانەوە . لە 1984/1/4 هەرلەسورێن

بووم ئەوکاتە گفتووگۆی ڕژێم و یەکێتی بەردەوام بوو کەلەمانگی 11 ی 1983 دا دەستی پێکردبوو ،

یەکێتی لەگەڵ عێراق گەشتبوونە هەندێك نەتیجەو یەکێ لەنەتیجەکان هەندێك چەکی غەیر موباشرتەسلیم بەیەکێتی بکەن ، چونکە یەکێتی شەڕی سۆسیالست و لایەنەکانی جود بەتایبەتی شەری پشت ئاشان و قڕناقەو ئاشقوڵکەی کردبوو ، زەرەر لەسۆسیالست و حزبی شیوعی کەوتبوو کەئەوەش داوای رژێمی عێراق بوو، لەساڵی 1979 لەسۆسیالست لەکاتی گفتوگۆداو شەری دووهەمی قەندیل هاوزەمان لەگەڵ هێرشی ئێران بۆسەرحاجی ئۆمەران بەهاوکاری پارتی، شکاندنی هێزی جود لەوکاتەدا بەتایبەتی پارتی شکاندنی هێزی ئێران بووچونکە عێراق و ئێران لەشەردابوون یەکێتیش لەشەری ئاڵوەتان فەیصەڵ مەلاعەلی و یانزەکەسی کەیان کوژرابوون و لەشەری گەرمدا دژی ئێران بوون بۆئەوەی نەخشەی رژێم سەربکەوێت لەگەڵ یەکێتی دا هەم جاشەکانی رژێم گلەیی نەکەن ئەوان شەری ئێران و پێشمەرگەیان بۆ دەکەن وئەوان هێزێکیان هێنایەوە سەر ئەوان بۆ ئەوەی چاوی جاشەکانی پێ بشکێنن چونکە رژێم لەوکاتەدا پێویستی زیاتر بەیەکێتی بوو وەکو هێزی سیاسی نەك جاشەکان، لەلایەکی ترەوە چەك وشت دەستی یەکێتی بکەوێت ولەروی عێراقیشەوە شەری جاشیان کردوەو یەکێتی سودی لێ وەربگرێت ئەوە لەسەر بەرنامە کرابوو، دکتۆرقاسملو لەنێوانیاندا بوو، بەلام یەکێتی خۆشیان هەر لەگفتوگۆدابون و کاك فەرەیدون عبدالقادر بەکارەکە هەڵدەسا ئەوکات مقایبل بەوانە یەکێتی پشتیوانی سیاسی لەعێراق بکات وئەگەر گەیشتنەهەندێك رێکەوتن پشتیوانی عەسکەریش دژی ئێران بکات و جودیش لەشارەزووروناوچەی دەربەندیخان دەربکەن بۆ ئێران، یەکێتی خۆی خستبوە محاسەرە بوە هۆی ئەو شەرانەکەهەیە لەوماوەیەدا بە(4-5) رۆژ رژێم لەرێگای ئەنوەر بەگی بێتواتەوە کەمستەشاربوو میری میرانی خۆشناو دژی هەموو لایەکی شۆرش و لەکۆنەوە لەگەڵ عێراقدابوو، لەساڵی1979 رەشو ئامر کەرتی سۆسیالست بوولوغمێکی دانابوو لەبێتواتە سەیارەیەکی بەسەردا رۆیشتبوو کورێکی ئەنوەربەگی بێتواتەی تیابوو کوژرا، لەسەر

ئــەوە ئەنوەربــەگ بــاوکی رەشــوی لەرانیــە گــرت نــاوی کوێخــا رەســول بووکوشــتی وبەســەیارەرای کێــشا تاسەروچــاوە وســوتاندی وبــەنزینی پێیــا کــرد بــێ مەحکەمــە، (لەبــەرواری 1980/6/10 بووپێــشمەرگەیەك هــات وچاکوچــۆنی لەگــەڵ کــردم وکــورێکی گەنج وهەندێك قەڵەوبوو وتی من ناوم رەشۆیە وسۆسیالستم دوای ئەوە مەجید مەلافەتاح هاتــە لام و وتــی ئەمــەویَ ئەوکابرایــە بکــوژم چــونکە جاسوســە مــنیش پــێم وت رێگــەت نــادەین شــتی وابکــەیت وە وتم کــەس نــاتوانیَ بیکــوژێ چــونکە رەشــۆ باســی ســوتاندنی باوکی کردبوو هەرلەو کاتەدابوو خەریك بــوو کاك مەجیــد بــانگ بکــەم، کاك مەجیدومــشیر هەردوکیان وتیان هەندێك ئیشمان هەیــە ئەگــەر زەحمــەت نــەبێت مــنیش وتم چیە.. وتیــان ئەوە کابرایەکی خراپەو حسکەو سەر بەرژێمەو لەگەڵ ئێمــەش دوژمنایــەتی هەیــەو ئەگــەر تۆ رازی بیت ئێستا تەنهایەو دەچین دەیکوژین لەســەر دوژمنایــەتی نیــە، وتم ئــەی نابێت ســوڵح بکــەن بۆدەیکــوژن ؟ وتیــان کــارێکی وای کــردوە ســوڵحی نەهێــشتووە، وتم نــەخێر نابێــت دەســتی بۆبــەرن وهەرکــەس دەســتی بۆبــەرێت ســزای تونــدی ئــەدەین و کــەیفی خۆیــەتی بۆکــویَ دەروات بــابروات لام سەیربوورەشــۆ سۆسیالــست بــوو، مەجیــدو مــشیر یــەکێتی بــوون وئامرکــەرت بــون، رەشــۆیش ئــامر کــەرت بــوو لەسۆسیالــست، ئەنوەربــەگ جــاش بــوو بۆئــەمان خــەڵك بکــوژن بــۆ ئەنوەربــەگ لام ســەیربوو، لەســاڵی 1979 لــەزەڵیَ وەفدێکی سۆسیالست هاتبون کاك حــاجی حــاجی ابــراهیم بــو ئــەو رۆژەش کۆبونــەوەی نێوان یەکێتی وسۆسیالست لە زەڵیَ هــەبوو کاك مــلازم عومــەر لەکۆبونەوەکەدابوو لەگــەڵ سۆسیالست ،کاك شێخ صدرالدین یــەکێتی بــوو کاك مــلازم عومــەری بــانگ کــردە دەرەوە، یەکێکی نارد کاك ملازم عومەر لەکۆبونەوەکە هاتە دەرەوە کاك شێخ صــدرالدین وتــی کــاك عومــەر ئــەوە دوژمنــەکانی ئێمەیــە بارەزامەنــدی ئێوەشــی لەســەر بێــت ئەویــەك کەســەیان بکوژمەوە ئێستابالەسەر رێگای قولەهەرمیَ بۆیان دادەنشین، کاك عومەر رەنگی تێك چوو وتی کاك شێخ ئەوە لەگەڵ وەفدی سۆسیالست هــاتون بۆ کۆبونــەوەو چارەســەری کێشەی کورد ئێستا هەر ئابرومان دەچێت و دەشبێتە شەری سەرتاسەری من نزیکیان بوم و کاك عومەر گەرایەوەو ســەیری مــنی کــردو پێکــەنی وتــی: ئێمــە دەمانــەوێت چارەســەری کێشە

بکەین شێخ صدرالدین دەڵێت بادوژمنەکانم بکوژمەوە ئەوە کاری عەشائیریە، وەفدی سۆسیالست پێکهاتبوو لە کاك قادرجەباری وکاك حاجی وکاك تاهیر.

گرتنی بێتواتە لەلایەن هێزەکانی یەکێتی یەوە

لەمانگی 11و1983/12 گفتوگۆی یەکێتی وعێراق گەرم بوو رژێم لەرێگای ئەنوەربەگەوە چەکی دابەش کرد لەسەر گوندەکانی مێرگەسەرو سەروچاوەی سەروخواروهەندێك لەگوندەکانی دۆڵی بالیسان وچیوەی سەروچیوەی خواروورێ وهەرتەل وزێوەونوواوەوزۆری ترلەوناوە هەندێك یەکێتی خۆیان خەڵکیان راسپاردبوو برۆن چەك هەڵگرن بۆکاتی پێویست هەر ئەو رۆژانەچەکیان هەڵگرت، یەکێتی پەلاماری دان وگوندەکانی چەك کردن ،ناحیەی بێتواتەش کەمەقەری ئەنوەربەگی لێ بوو گرتیان وتالآنیان کرد، جاران من دەچوومە دۆڵی بالیسان و ئەوسنورە رژێم دەیان دەبابەوناقیلەو تەیارەی بۆ پشتیوانی ئەنوەربەگ ناردە ئەو سنورە، ئەم جارەیان (3)رۆژ شەربو لەدۆڵی بالیسان و ماکۆك وزێوە نەك هەر رژێم تەیارەوجەیشی بەهانایانەوە نەنارد هەتا فیشەکیان بەجاشەکان نەداو هەموی گیراو ئەنوەربەگ بوو بەپەناهەندە لەلای رژێم کەپێشتر خۆی بەحکومەت دەزانی وەبێتواتە لەکۆنەوە هەرلەدەستی ماڵی ئەنوەربەگ بوو وەگرتنی بێتوانە گرنگ بووپشتی هەموو جاشێکی شکاند لەناوچەکە، ئەنوەربەگ ملی زۆرجار بۆرژێم نەئەداو یەکێتیش بەرژێمیان وتبوو کەئەنوەر بەگ ئەو جاشەی کۆکردۆتەوە زۆربەی سەر بەپارتی وجودە، ئەو هەرکات ئەوان بێنەوە ئەوناوە ئەو هێزە هەرلەگەڵ ئەوانە رژێم بەتیرێك دوونیشانەی شکاند هەم ئەنوەربەگی هێنایەوە سەرحەجمی ئەسڵی خۆی وهەم یەکێتی لەبەرچاو جاش و هێزەکانی جود گەورە ئەکردو هەم جاشەکانی کەی پێ ترساند کە ئەنوەربەگ گەروەترین هێزی جاش بوو لەبەردەم یەکێتی شکا بۆئەوەی جاشەکان زیاتر تەسلیم بەرژێم ببن و هەم قسەی جاشەکانی بری کەوا یەکێتی هێزێکی سیاسیەو دەیەوێت گفتوگۆ بکات لەگەڵ حکومەت وهاوکاری حکومەت بکات ئەوە سیناریویەکی رێکخراوبوو ئەوەی گرنگ بوو کاك نەوشیروان مستەفا لەو شەرە بەشدارنەبوو کەدژی جاش و ئەنوەر بەگ بوو ئەو شەرە بەقیادەی مام جەلال کرا ئەوەش ئەبو بۆ کاك نەوشیروان قیادەی هەموو شەرەکانی جودو سۆسیالست

ولایەنەکانی کردبوو، ئەم جارە ئەمەیان شەری ئەسڵیەو دژی جاشەو مام جەلال خۆی کردی ودەست کەوتی زۆر لەشەرەکانی کاك نەوشیروان زیاتر بوو، مام جەلال دژی تالآن کردنی بێتواتەومالّی جاش بوو بەلآم کاك نەوشیروان فەرمانی تالآن کردنی ئاشقولکەوقرناقەو پشت ئاشانی دەرکردو جل و پێلآو لەبەر شەهید دابکەنن و ئەگەر شەهیدێك یەك دیناری پێبیّ لەگیرفانی دەردەکرا، ژن دەکوژراو سوکایەتی پیّ دەکرا بەلآم بۆ بێتواتە چەندین جار رادیوی یەکێتی لەسەر داوای مام جەلال دەیوت مالّی کەس تالآن مەکەن، وەلەکاتی شەری سۆسیالستدا رادیوی یەکێتی بەدەنگی کاك نەوشیروان دەیوت لەکولانەی حسك داین و پەروباڵیان لیّ بکەینەوە دەستیان لیّ مەپارێزن، کاك نەوشیروان لەبونی لەناوشۆرش تائەوکاتە جگە لەشەری چەنگیان لەهیچ شەرێکی دژی رژێم بەشداری نەکردوە لەکوردستان، لەشەری چەنگیان ئامر هەرێمی (3)بوو لەپێش کاك عوسمان قادرمنەوەر ئامر هەرێم ودوای ئەویش شێخ عەلی بو بەئامر هەرێم ودوای ئەو کاك عوسمان قادر منەوەر بوبە ئامر هەرێم، لەشەری چەنگیان (8)پێشمەرگەی هەرێمەکەی بەدیل گیراو دووکەسی شەهید بون، کاك نەوشیروان زۆر سەغڵەت بوو لەسەرکەوتنی چیاکە کاك عوسمان وکاك مستەفا چاورەش وتیان کاك نەوشیروان سەرماتە خۆدنیا هەتاوە، ، کاك نەوشیروان لەجیهاز ناوی مەولود بوو جارجاریش ناوی خۆی دەگۆری بەمستەفا، رۆژێك منالّێك هاتبوو منالّێکی جوان ورێك وپێك بوو ناوی مەولود بوو کاك نەوشیروان وتی ناوت چیە؟ وتی مەولود کاك نەوشیروان وتی خوا ئەوە بگرێت تۆی ناوناوە مەولودو منی ناونا نەوشیروان حەقە تۆ ناوت نەوشیروان بێت ومنیش ناوم مەولود بێت لەدوای ئەوە لەجیهازو هۆکی تۆکی ناوی خۆی نابوو مەولود، گفتوگۆی یەکێتی ورژێم بەرەو پێش دەچوو بەتایبەتی لەسەرەتای سالّی 1984 چوە قۆناغی تازەوە ئێمەش خۆمان ئامادە کردبوو کە ئەوان دێنە سەرمان چونکە ئێمە بریارمان دابوو یەکێتی لەسنوری شارەزوور نابێت هەبێت مەگەر لەجادەوە لەگەلّ دەبابەی رژێم بگەرێنەوە شارەزوور، شوتی شارەزوورو قەدەفەری بەناو بانگە هەموو رۆژیّ جیهازەکانی یەکێتی وسۆسیالست قسەیان دەکرد، یەکێتی لەبەری قەرەداغ و لەشاربازێر لەسەرچیاکان رەبایەیان هەبوو دژی سۆسیالست وجود ئەوان هەرەشەیان

دەکـردو سۆسیالـست دەیـوت ئەمـساڵ نابێـت شـوتی شـارەزوور بخـۆن، رۆژێـك كـاك ئەحمەدقەدەفەری وكاك ئاراس وەلی لەپاسۆك وكاك شەوكەت حاجی مشیر لەشاربازێر بوو بەهۆکی تۆکی قسەیان دەکردو سوعبەتیان دەکرد كاك شەوكەت وتی: كاك ئەحمەد ئـەمرۆ شـوتی شـارەزوورم خـوارد، كـاك ئەحمـەد وتـی ئـەوە كەسـوكارت بەسـەیارە بـۆی هێناون, وتی خۆ دەزانی حسك وا قسەی خۆی دەباتەسـەر نـەی هێشت ئەم ساڵ شـوتی شارەزووروماسی بەحرەكە بخۆین لەوكاتەدا كاك ئاراس هاتە سەر خەتەكەوقسەی لەگەڵ كاك شـەوكەت كـرد، كـاك شـەوكەت وتـی مـن تۆنـا ناسـم ! وتـی مـن پاسـۆكم وتـی نـاوی پاسـۆكم نەبیـستووە، كـاك ئـاراس دەیقیران وخـۆی تـورە كردبـوو چـۆن نـاوی پاسـۆكت نەبیستووە پاسۆك حزبێكی وایە، كاك شەوكەت زۆرلەسەر خۆی ئەیوت بەسەری تۆ ناوی پاسۆكم نەبیستووە ئاراس خوای نەمابوولەسەرئەوە، لەوكاتـەدا (6-7) نامـەی كـاك مـەلا بـەختیاریان گرتبـوو یـەكێكیان وەلاّمـی نامـەی مامۆسـتا شـاهۆ بـوو ئـەڵێت لەفرسـەتێكدا دەسـت لەحسك بوەشێنن بـەلاّم ئێستا لەبـەر ئـەوەی سنوری ناوچەكەتان چۆڵ كـردووە وشـكاون بڵـێن بۆیـە چـۆڵمان كـردووە چـونكە رێكـەوتن لەهـەولێر بـووەو لای یـەكێتی سۆسیالـست وشـیوعی پێكـەوە رێكـەوتنیان مـۆر كـردووە، سـەید كـەریم وكـاك قـادر عەزیزوئەبو رائید ئیمزایان کردووە لەبەرئەوە شارەزوور چۆڵ کراوە نـەك لەترسـی حسك، وەلەنامەیەكی تردا دەڵێت ئەگەر دەستان لەسۆسیالیست وەشان منیش پێم باشە دەسـت لـەبكوژی براكـەت بوەشـێنە بۆئـەوەی تۆڵـەیان لـیّ بكەیتـەوە، وەلەنامەیـەكی تـردا دەڵێـت بەكاك شەوكەت بەڵكو ماسی باشم بۆ بنێریت بۆ مەڵبەند لەحاجی مامەند چونكە زۆرم حەز لەماسی یە، وەلەنامەیەكی تردا دەڵێت حمەی حاجی محمود كابرایەكی فشەبازە، مامۆستا شاهۆ لەسەرەتای ساڵی 1984 دا تاریق وشەماڵیان شەهید كرد ئیتر ئەو شـەرە هـەر لەشـارەزوور نەمایەوەوتەشـەنەی كـرد بۆشـاربازێرو قەنـدیل وهـەموو كوردسـتانی گرتـەوە، جـود بـۆلای قەنـدیل وئێـران، یـەكێتیش بـۆلای بەغـدادو عێـراق گـشت هۆكـاری شـــەرەكە ئـــەوە بووبـــەجیهازی لاســـلكی شـــەو بەمامۆســـتا شـــاهۆوكاك شـــەوكەتم وت كەلەتاسلوجە بوون، وتم ئەوكارە كارێكی خراپە وهـەموو كـورد زەرەری لـیّ دەكات تـۆ بـۆ شـتی شەخسی وعەشـائیری بگـەرێت خـەڵكی لای ئێمـە بكوژیـت ئێمـەش دیفـاع دەكـەین

دەبوو تۆ بەئێمەت بوتایە شتێکی وامان هەیەوبائەوانە لای ئێوە پێشمەرگە نەبن و زۆر بەئاسانی چارەسەر دەکران خۆشی قەناعەتی کرد بەلاّم کار لەکار ترازابوو شەر گەورەبوو هەموو جێگایەگی گرتبوەوە لەوکاتەشدا نامە گۆرینەوە لەنێوان کاك بەهادین نوری وکاك مەلابەختیاروکاك سالارو منیش دا هەبوو، من لەژیانمدا فشەم نەکردبووهەر تاقەتم نەبوو کەچی کاك مەلا بەختیار منی بەفشە لەنوسینی نامەکەی دانابوو، بەلاّم قسەم نەدەکرد وئیشوکارم دەکردو خۆشیان دەیانزانی کێ فشە دەکات، وابزانم ماسیەکەی هەر نەگەیشت ویەکێتی بریاریان داو چونە بەغدادو لەپێشا بۆناو شارو زۆرجێگا خۆیان ئامادە دەکرد پەلاماری شارەزوور بدەن لەجادەوە وەکوخۆمان دامان نابوو لەجادەی قیرەوە بێنەوە شارەزوور، یەکێتی کەوتە پەیوەندی بەپێشمەرگەی سۆسیالستەوە ولەگەلّ هەرێمی (1و3) ولەگەلّ کاك شێخ محمد شاکەلیش رێگای کاك سەعیدی برای ومامۆستاعومەرگلی کەبرواتەوەوتەسلیم بەیەکێتی ببێتەوە، کاك بەکری حاجی سەفر لەرێگای حاجی کەریم ناوێك وحاجی سەرچلّ برای کاك سیروانی سەعید جوقلی وسەردارەوە دەستی پێ کردو پەیمان وبەلّێنی پێ دەدان یەکێتی هەروا خۆی کۆدەکردەوەو ئێمەش لەگەلّ حزبی شیوعی قسەمان کرد کەهێزەکانمان بکشێنینەوە بۆ سورێن چونکە سورێن قایم بوو نەرژێم ونەیەکێتی نەیاندەتوانی روی تێ بکەن، بەلاّم یەکێتی زۆر بەداغ بون لەسۆسیالست هەولّیان دەدا زەربەی لێ بدەن، لەهەمو لایەك کەسوکاری پێشمەرگەیان دەترساندو دەیانوت ئەوە ئێمە حوکمی زاتیمان بۆ کورد وەرگرتووەو ئامادەین بۆهەموو کوردو لەوبابەتە پەیتا پەیتاش رادیوکەیان دژی جودوسۆسیالست (جوجە رەسول) قسەیان دەکردولەناوشاریش هەرەشەیان لەکەسوکاری سۆسیالست دەکردوهەرەشەی رێکخستنەکانیان دەکرد و هیچ نەرمیەکیان پیشان نەدەدا، ئێمەش بریارماندا دژی یەکێتی شەرنەکەین بۆ ماوەیەك لەبەرئەوە نەلّێن ئێمە هەموو شتمان بۆکورد کردوەو ئەوان نەیانهێشت ئێمە خۆمان دور گرت هەتا لەبەیان ولەهجەی ئێمەو پارتی جیاوازی هەبوو، ئێمە نەرم بوین رادیوی دەنگی شۆرشی کوردستان رادیوی سۆسیالست بوو نەرم بوو هەتا ئەوانەی گیراو لای رژێم بون بۆ یەکێتی بەر ئەدران بەلاّم ئەوەی سەربەسۆسیالست بون دەگیران یەکێتی نەك دیفاعی

نـەدەکرد بـەڵکووەکو ئەشـخاس بـەناوی یەکێتیـەوە دەیانـدان بـەگرتن وەدەسـتیان کـرد بەگرتنی دۆستەکانی ئێمە، هـەر گەیشتنەوە شارەزوور رەحیم اسماعیل لەتـەپی سـەفاو والـی حـاجی محمـد لەقاجرومـشیرمحمد عـەزیز لـەگردەنازیّ و توفیـق حـاجی حمەعـەلی وفـەتاح ئەحمـەد لەتەپەتۆڵەکـەوحاجی ئەبوبەکرلەداربەرولـەووالی کـەریم قـادر لـەگردی شـەریف وکـاک ئەحمەدعومـەروکاک ابـراهیم عبـدالقادر لەسلێمانی وزۆریـش بـەدوای کـاک محمد دۆلاّشی وکاک عومـەرحاجی فـەتاح دەگـەران ئـەویش بۆیـان نـەدەگیرا واتـا لـەجیاتی نـەرمی زۆر دژی سۆسیالـست هاتنـە شـارەزوور بەسەیارەومەصـڵەحەو ئیڤـای سـەربازی وجارجـاریش لیژنـەی تەنـسیق وعەسکەریـشیان لەگـەڵ دا بـون، بـەلاّم جاشـەکان رقیـان لەیەکێتی دەبوەوەو هـەر رۆژەی لەلایـەك خۆیـان کـۆ دەکـردەوە رژێمیش هـانی دەدان نـەك بلـێن اهمـالی کـردوون، لـەرۆژانی 4تـا1984/1/6 هـەر لەسـورێن بـوین، لـە 1984/1/7 یـەکێتی لەعەربەتـەوە هاتنـە لای کـانی پانکـەو لەسـەرجادەی قیر لەسلێمانیەوە، هـەر ئـەو رۆژە (16) پێشمەرگەی هەرێمی (1) تەسلیم بەیـەکێتی بونـەوە لـەلای تـەپی کـەرەم، حمـە شۆرش وسەرداری تەپی کەرەمی ، یەکێتی بەهێزێکی گەورەوە چونە ئالان وحاصـڵ کـاك مەلا بەختیار وکاك بەکری حاجی سەفەر لەویّ مەفرەزەیەکی سۆسیالست کەحمە کافە ی گلاّڵـی وچـەند کەسـێك بـون بـەهۆی مـارف ئاغـاوە تەسـلیم بەیـەکێتی بونـەوە وەیـەکێتی بەهاوکاری رژێم و لەزەرایەنەوە لای جاشـەکانەوە ئـەم جارە هاتنـەوە شـارەزوورو بۆئـالان وحاصـڵ، ئێمـە هـەر لەسـورێن بـوین رادیـوی یـەکێتی دژی جـودوئێران وجوجـە رەسـول وخۆشـیان نیـشتمان پـەروەر ودیفـاع لـەخاکی عێـراق و کوردسـتان و پێویـستە هاوکـاری حکومـەتی عێـراق بکرێـت بـۆ ئـەوەی لەهەرەشـەی بێگانـە و ئاخونـدەکان بیپـارێزن و زۆر شتی لەم بابەتە بەشانو باڵی رژێمداو گفتوگۆیش هەر قۆنـاغێکی شۆرشـەوبەلاّم جـەماوەر پیّ ی ناخۆش بوو بەتایبەتی فیراوئەوەی لەعەسکەری وشـەری عێـراق ئێـران هـەڵهاتبون چونکە جێگایان پیّ لێژ ببوو دەبو برۆنـەوە عەسـکەری  ویابەئاسـانی پـۆلیس دەیگـرتن، لەشارباژێروناوچە قاچاغەکان دەبێت یەکێتی ئاگاداریان بکات لەوناوچانە نەمێنن چونکە رژێـم قبـوڵی نـەدەکرد لەیـەکێتی  دووحاڵـەت هـەبوو یـابون بـەجاش یابـەرەو ناوچـەکانی سۆسیالست وبۆسنوری ئێران وبەرەو ئەوروپا رێگانەبوو ئەوەش رێکخستنی لایەنەکانی

جـوديش رۆژانـه راديـوی سۆسيالـست وپـارتی يـان دەگـرت تـەوجيهاتيان پـیٚ دەدان، مـەفرەزەی سۆسيالـست هـەر دەرۆيـشته زۆرجێگـاو هەنـدێك كەسـی پـارتيش لـەرێگای جاشـــەكانەوە دەرۆيـــشتنە شـــارەكان، لەشـــەوی 9-984/1/10 دابـــەزين بـــۆ شارەزووروشيرەمەروگێڵەك وگردی قازی وتەپەرێزينە لەدوای نـان خـواردن وتمـان هـەموو لەمزگەوتەكـە كۆببنـەوە لەتەپەرێزينـە كۆبونـەوە (200) پێشمەرگە لـەویٚ بـون ئەوانـەی هـەرێمی(3)و ئەوانـەی خـەريكی هاتوچۆبون لەگـەڵ يـەكێتی بـۆ تەسـليم بونـەوە وايـان دەزانی من بۆيە هاتومەتە خوارەوە كە لەگەڵ يەكێتی رێكـەوتن دەكـەين پێكـەوە هـەمومان دەرۆيـــن ، هـــەتا حـــاجی سەرچـــڵ كەنامـــەی يـــەكێتی هێنـــابوو دوای دەركـــەوت بـــۆ ئەوبرادەرانەی ئێمە لەكۆبونەوەكەدا بوو من قسەم بۆ كـردن جێگـا نـەبوو زۆری لـەدەرەوە بوو وتم ئێمە ئەو چونەوەی يەكێتی بەجاشايەتی بـەعس دەزانين وتەسليم بونەوەيە نـەك مفـاوەزات ئـەوە بـەكارێكی خـراپ دەزانـين چـونكە رژێـم هـيچ بۆيـەكێتی بەتـەنها ناكـات وئێستا گـلاوە بەشـەری ئێرانـەوە دەبێـت دەيـەوێت دەسـت بدەنـە ژێربـاڵی و لـەو قسانەم بـۆكردن، وتم ئێمـە ئێستا شـەريان ناكـەين بـەلاّم بێنـە سـەرمان ياشەربفرۆشـن شـەريان دەكەين بزانين چی دەكەن ورژێم چيان بۆدەكات، ئەو مەفرەزانەش پێويست بوو بمێننەوە دابـەش كـران لەشـارەزور ئەوانـەی كەچـاوەرێ ی قـسەكانی مـن نـەبون داوايـان كردكـە بگەرێنـەوە سـورێن چـونكە هەنـدێكيان لـەویٚ جێمـابوو هەنـدێكی لەگـەڵ بوايـەو توشـی شەری يەكێتی كەلەگەڵ رژێم دان ئاسـان نـەبوو ئـەوان و ئـەوانيش كـەلای خۆيـان بريـاری تەسـليم بونـەوەيان داوە خۆيـان بەكوشـت نـەدەن ئيزنمـان دان برۆنـەوە بـۆ سـورێن ومەقـــەريان لـــەبانی شـــاربوو هـــەرێمی (3)، لەولاشـــەوە كـــاك مەلاهـــەژار كەرتـــەكانی كۆكردبۆوەلەهەرێمی(3) من لەویٚ نەبوم نامەيەكی نوسيبوو بۆ كاك عوسمـان قادرمنـەوەر وئيمزايەكی تەزويری وەكو ئيمزاكەی من كردبوو كەوازلەهەرێمی(3)بهێنێت تاقسەی لیٚ دەكـەين، عوسمـان لەسـەرئەوە عـاجزبوو لەنامەكـەووايزانی بوومن نوسـيومە بیٚ وەسـتان چوبوە لای پارتی و وەعدی دابوو بچێتە لای پارتی، كاتێك گەرامەوە مەلاهەژار ئەوكارەی كردبوو كاك عوسمان عاجزببوو، بانگی عوسمانم كردو وتم چيە؟ وتـی تـۆ نامـەت ناردوە بـۆمن وتم نـەوەلاّ! وتـی ئـەوە نامەكەتـە كـاتیٚ سـەيری نامەكـەم كـردو وتم ئەمـە نەنامـەی

منەونەدەست وخەتی منە، مەلا هەژارم بانگ کرد کارگێری لق بوو وتم ئەوە چیە بەناوی منەوە نامەت ناردووە وتی ئاخر وانەبوایە بەگویان نەدەکردم وتم بۆ وتی عوسمان درەو راوروت دەکات لەشارباژێرئێستا لەشارەزوروسورێنەو ئەگەر راو رووتی کردبێت خۆ عوسمان نەچووە خەڵکی بگرێت هەر ئەو برادەرانە بۆیان کردوە بۆ شتی وای کردوە دەبو محاسەبە بکرێت بەڵام ئەوە کاری خراپە بەهەرحاڵ کردبوی تیٚ گەیشتم عوسمان بریاری کۆتایشی داوە وتم بەعوسمان نەرۆیت باشەو ئەگەر برۆیت من رێگات لیٚ ناگرم بەڵام زەرەردەکەیت چونکە تۆ(8)ساڵە سۆسیالستی ودژی پارتی قسە دەکەیت و ئێستا دەبیتە پارتی، پارتی شتێکت بۆناکات وتی مەلا هەژارعاجزی کردوم وادیاربوو هەر لەشارباژێرەوە عبدالله ئاغا تەئسیری تیٚ کردبوو چونکە لەشەری شارباژێرساڵی 1983 بەشداربوو لەگەڵ پارتی بیٚ رەزامەندی ئێمە ئەوانە هەموی سیلسیلەیەك بون لەیاداشتی مامۆستا دڵشاد ودەڵێت...کاك عوسمان هەمیشە دژی خاڵەحاجی وکاك رەسول قسەی دەکرد، تامن قسەم لەگەڵ کردن وکاك عوسمان ماوەیەك خۆی بەحزبی سۆسیالستی یەکگرتوو دەزانی گوایە کاك دکتۆرمحمود قیادەی دەکات،

**چوونی مام ئاراس وهەڤاڵەکانی بۆسۆیلەمیش و**
**شەهید بوونی(11) پ . م ی قارەمان**

لەرۆژی 1983/10/3 لەمەسەکان وگردی شەریف مام ئاراس وجەبارعەلی عەوێز داوای ئەوەیان کرد لەگەڵ (25) پێشمەرگەی گورج وگۆڵدا برۆنە شارباژێرو ئەگەر کرا هەندێك لەمەسئولینی یەکێتی بگرن لەشارباژێر هەرئەو رۆژە منیش رازی نەبوم وریٚگام نەدان، بۆرۆژی دوایی من گەرامەوە سورێن وشەوچومە گردەنازیٚ دوایی گەرامەوە سورێن، لەرۆژی 1983/10/7 نامەیەکی مام ئاراس هات ودەڵێت بۆماوەی چەند رۆژێك دەچینە شارباژێر و دەورویشتی سلێمانی ودەگەرێینەوە جیهازەکەشیان داخستبوو بۆئەوەی قسەیان لەگەڵ نەکەم ورێگایان لیٚ نەگرم، سەرلەبەیانی نامەیان ناردبووبۆمن وخۆیان چوبونە گردی شەریف وناوگردان بەتراکتۆر دوای نیوەرۆ سوار ببون وبەریٚ کەوتبون منیش نامەکە سەعات (2/30) ی پاش نیوەرۆ گەیشتە دەستم لەدەرەکۆرە بوم وهەرلەویٚ وەڵامی نامەکەم دایەوە و نوسیبوم نابێت برۆن،وەلەکاتی خواحافیزیدا لەگردی شەریف

مەفرەزەیەکی پاسۆکیش لەوێ بون کەشەهید یوسفە لچە مەسئولیان بووەقەناعەتی بەهەندێك لەپێشمەرگەکانی ئەویش کردبوو کەلەگەڵیدا بچن لەوانە بەرزانی حمەبەگی سابیربەگی هەمەوەند ئەویش (3) پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی هێنابوو بەلاّم یوسف نارازی بوو ئەوپێشمەرگانەی پاسۆك بچن کاتێك یەکیان ماچ ئەکرد بۆخواحافیزی یوسف بەپێشمەرگەکانی دەوت باش ماچیان بکە ن وسەیریان بکەن چونکە جارێکی تر نایان بیننەوە بەلاّم وادیار بوو ئەوانیش بەتایبەتی مام ئاراس باوەری وابوو یەکێتی تەقەی لێ ناکات چونکە ئەویش دژی کاك رەسول قسەی دەکردو دکتۆری پێ باشتر بوو کەئەوە کێشەیەك بوو لەکۆنگرەوە دەستی پێ کردلەناو حزبدا، من بەجیهاز پەیوەندیم بەمەلانوری وهەندێك لەمەسئولەکانەوە کردو وتیان نازانین بۆجیهازیان نەهاتۆتە سەرخەت ودوای کەمێك لەجیهازەکان وتی لەبێرەشکە بون فریایان نەکەوتین وئەورۆژەش تەمومژو شارەزوور تەم وغوباربووخۆڵ دەباری هێزەکانی سۆسیالست لەگردی شەریف وشارەزووربوون مام ئاراس جێگری هەرێمی (3) وفەرماندەی کەرتی (2)بوو لەهەرێمی (3) دوای ئەوەی داوایان کرد هەندێك لەبرادەران قەناعەتیان کردبوو سەری شاربازێری تەخت ودەوروبەری سلێمانی بدەنەوە لەنێوان هەردووسۆیلەمیشدا کەوتنە کەمینی یەکێتیەوە هێزەکەی یەکێتی بەقیادەی کاك شەوکەت وکاك عومەرعەزیزوکاك حامیدحاجی خالید بوو برادەرانی ئێمە جیهازیان کرد کەسەعات (3/30) بوو وتیان لەسۆیلەمیش شەرەو تەقەی ئار.بی.جی. دێت ئەوانیش بەدووتراکتۆر رۆیشتون ویەکێتیش ئەو شەوە لەشاربازێرەوە هاتونەتە سۆیلەمیشی سەروخوارو مالوان وئەوناوە کەچاویان لێیان بووە وگوێیان لەدەنگی جیهازبووە لەناوسۆیلەمیش لەگردەکە بۆیان دامەزراون ولەهەموولایەکەوە لێیان دابون بەم شێوەی خوارەوە ... شەهیدەکان (لەتیف عومەرصالّح ناسراو بەلەتیف سالە گاکوژ دانیشتوی سلێمانی ، شەهید بەرزان عوسمان مەعروف خراپەیی، شەهید محمدعەزیز ناسراو حمەی عەزە کەچەڵ کەبریندرابوو جنیوی دابوو لەوێ شەهیدیان کرد، شەهید خالید حاجی کەریم بێ کراس دانیشتوی سلێمانی، شەهید فارس گورون ناسراو بەفارسی مەلا گورون دانیشتوی سلێمانی، شەهید عومەر گەرەدێی چوارتا، شەهید یاسین کەریم ناسراو بەمام ئاراس کەبەدیلی گیراو لەرۆژی

جەژنی قوربان شەهیدیان کردلەسەرچەمی تانجەرۆ لای تەپەکەلی سارتك، دیلەکان ... کامەران سەعەی چەتە دانیشتوی سلێمانی، رزگارکەریم باقی دانیشتوی سلێمانی، نەورۆزی سەمون دانیشتوی سلێمانی لەوە رزگاری بوو پاشان رژێم اعدامی کرد، عەتای وەستا محمود پێشمەرگەی پاسۆك بوو دانیشتوی سلێمانی، وەئەو ناوانەش دەرباز بون جەباری عەلی عەوێز فەرماندەی کەرت، عومەر مام توفیق جێگری کەرت، بابە رەسول دوایی لەبەفردا شەهید بوو، کەمالە سوور، فەتاح قرگەیی، وەستاعومەرکەریم دوایی لەشاربازێر شەهید بوو، عەلی چەلەبی فەرماندەی مەفرەزە دانیشتوی سلێمانی، لەگەڵ دووپێشمەرگەی پاسۆك واتا لە(21) پێشمەرگە (10) پێشمەرگەی دەرچون و(11) پێشمەرگە تیاچوو شەو هەواڵیان دا کەشتێکی واروی داوەو لەرۆژی جەژنی قوربان بوو منیش هاتمە خوارەوە بۆشارەزوور، لەشەوی 7-8/10/1983 لەگەڵ خالە نەجم وکاك عبدالخالق دا چوین بۆ گردی شەریف لەوێ وتم هەواڵی برادەران کاك جەبار هاتەوەو رووداوەکەی بۆگێراینەوەو وتی منیش روگیری مام ئاراس بوم و هەرلەدواشەوە رۆیشتوم بۆیە دەربازبوم و گەراومەتەوە، لەرۆژی 8/10/1983 رۆژی چەژنی قوربان بوو دادگای مەیدانی یان بۆ دانابون لەسەر بروسکەی کاك نەوشیروان وەکو خۆیان یەکێتی دوای باسیان دەکرد محمود گەرمیانی وئەحمەد شاتوانی وهەندێك لەو مەسئولانەی یەکێتی گولەبارانیان کردبون لەرۆژی جەژن قاپێك چێشت لەتەپەکەل هێنابویانە بەردەستی مام ئاراس دوایی بەشەق قاپەکەیان لابردبوو وتبویان تۆ دەتکوژین بۆنان وچێشتەکەخەسار دەکەیت، خەڵکی ناوچەکە لەحاصڵ ناشتبویان ، خەڵکی ناوچەکە بەکارێکی خراپیان زانی ئەو کارە بەرامبەر بەسۆسیالست ومام ئاراس کرا(مام ئاراس کورێکی گەنج وشۆرشگێروکادرێکی لێهاتوبوو) هەر لەو کاتەدا چەندین منالْ ناوی نرامام ئاراس لەبەر ئەو غەدرەی کەکرا لەسۆسیالست، لەشەوی 8-9/10/1983 لەرادیوی یەکێتی وبەنوسینی کاك نەوشیروان هەواڵی گیران ولێدانی جوجە رەسول بلأو کرایەوەو ناوی مام ئاراس (یاسین کەریم) بوو خەڵکی سلێمانی گەرەکی چوارباغ بوودۆست ورەفیق وخەڵکی لەشاردا زۆربوو بەهۆی خەباتەوە لەدەرەوەش لەشاربازێروشارەزوور ودۆڵی جافەتیش خۆی لەعەشیرەتی میکایل بوو کەعەشیرەتی جافە رەشکە ی دۆڵی جافەتی بوو لەئەسلاً،

لەووتارێکی رادیویی کاك نەوشیروان مستەفا نوسیبوی لەسەر حسك وناوی مام ئاراسی بەیاسە هەتیوو بردبوو واتا باوکی زوو مردووەودایکی بەخیوی کردوە بەهەتیوی، بەهێزو توانای خۆی گەیشتبووە پلەی جێگری هەرێمی(3) ومەسئولی ناوچەی شارباژێر وەئەوان بەسوکایەتی باسیان کردبوو کەئەوەش دەگەرایەوە بۆ ئەوەی کاتی خۆی بەشداربوو لەگرتنی کاك نەوشیروان لەقەویلە ، هەر لەسەر ئەوە بوو ئەو مقالەیەی لەسەر نوسیبوو، شەهید بونی مام ئاراس و هەڤاڵاکانی زەرەرێکی گەورە بوو لەهەرێمی (3)ی شارباژێردرا، هەندێك لەو پێشمەرگە گیراوانە دوایی کاك ملازم عومەر نەی هێشتبوو بیان کوژن و کردنی بەپێشمەرگەلای خۆی، یەك لەوانە کاك کامەران حمە سەعید ناسراوبەکامەران سەعەچەتە بوو ئێستاش لەگەڵ کاك ملازم عومەردایە و پێشمەرگەیە، لەرۆژی 1984/1/15 لەچەمی زەڵم وقاجر بوین یەکێتیش بەهێزێکەوە لەگەڵ کاك نەوشیروان وکاك بەکری حاجی سەفەرهاتبونە بەشارەت بۆماڵی کاك حامیدی حاجی خالید، ئێمە لەسیروانەوە نان وشتیان بۆ دەهێنااین هاتن وتیان لەکەباب خانەکە ووتومانە بۆسۆسیالست کەبابمان پێویستە عیزەتی کەبابچی وتبوی باشەویاجارێك لەلامان کەمێك دورکەونەوە نەوەك شك بکەن چونکە ئەوان لەودوکانانە بون وکاك بەکریش لەو دوکانەدا نانی خواردبوو، هاتن وهەواڵی ناوچەکەیان بۆهێنااین ووتیان جاشەکانی سیروان پێیان ناخۆش بووە بەتایبەتی هەندێك لەجاشەکان لەعەشیرەتی شەمێرانی ونەورۆڵی ئەوانەی لەگەڵ توفیقی رەعنابون هەر بۆئەوەش هەمویان لەگەڵ کاك حامید هاتبونەوە لەساڵی 1976و1977 ئەوانە هەموو کاتێك دادەنیشتن، سوعبەتمان دەکردومنیش دەموت کاك حامید تۆ لەم شۆرشەدا تەحەمول ناکەیت وتەسلیم دەبیتەوەودەبیت بەجاش و ئێمە راوتان دەنێین ودەڵێن جاشەکانی بەشارەتی بەرەوسیروانمان راوناوئەورۆژە قسەکانم وەبیرهاتەوەو بەبرادەراکانم وت کە ئەمرۆ زۆری مەسئولەکانی یەکێتی لەبەشارەتن، بۆئەوەی قسەکۆنەکانی خۆم بێتەدی و وتم بائەم شەو برۆین هەندێك تەقە بکەین وراویان بنێین بۆسیروان بۆئەوەی رادیۆ بلاۆی بکاتەوە، وتیان شەو تۆ لەتەپەرێزینە قسەت کرد کەشەریان ناکەین لەسەر ئەوە نەچوینە سەریان، لەشەوی 11-1984/1/12 چوینە قەدەفەری بۆنانی ئێوارە هەواڵ هات و وتیان ئەمرۆ قوەتێکی زۆری یەکێتی بەجادەدا

بەرەو سیروان رۆیشتون وچونەتە بەشارەت وعەسکەریان لەپێشەوە بووە چونکە جاشەکانی سیروان وهەڵەبجە وتویانە رێگا نادەین و لەسۆسیالست دەترسان لەسەر جادەکان، لەشەوی 12-1984/1/13 من سەرکەوتمەوە بۆمەقەری سورێن ولەوێ مامەوە تارۆژی 1984/1/16 ، لەشەوی 17-1984/1/18 سیروان ونوری وسەرداروعەلی قەڵەو هەموویان تەسلیم بونەوە وچونە لای یەکێتی، هەرێمی (3) هەرپێشتر لەنامەو هاتوچۆدابون وعوسمانیان پاڵ پێوەنا لەگەڵ مەلاهەژارداو خۆشیان رۆیشتنەوە تەنها لەوانە کاك بەختیاری ئەسعەد رەباتی کە کادری ناوچەی شارباژێربوولەگەڵ پێشمەرگەو کەرتەکەی کاك جەمالی حەلاو مابونەوە، لەرۆژی 984/1/23 لەسورێن بوم ماوەیەك پێش ئەوە ئێمە جەباری عەلی عەوێزمان چەك کردبوو دەرمان کردبوو لەپێشمەرگایەتی لەوکاتەدا لەشارباژێر دانیشتبوو جوابی نارد بێتەوە لامان وادیاربوو ئەویش هەر یەکێتی رای سپاردبوولەگەڵ محمودی حمەجان و(10)کەس دا هاتن بێ چەك ئێمەش بانگمان کردن وقسەمان لەگەڵ کردن، لەرۆژی 1984/1/26 ئار.بی.جی. یەك و(10)پارچە چەکمان دانێ وبەلاَم ناوی مەسئولیاتمان بۆدیاری نەکردن وە وەعدمان پێ دان، لەرۆژانی 27و984/1/28 هەرلەسورێن بوین توفیق بەردەبەلی برای رەزا کورێکی باش بوو چوبوو بۆ راو لەسورێن لەسەرمادا رەق ببوەوەو مردبوو برادەرانی ئێمە هێنابویانە خوارەوەو جەنازەکەیان بردە منجەر کەگومرگ بوو کەسوکاری بردیانەوە وابزانم خۆی لەدەرەگولاَن دادەنیشت و لەشەوی 28-1984/1/29 مردبوو، لە984/1/29 هەر لەسورێن بوین، لە1984/1/31 کۆبونەوەی بەرەی جود هەبوو لەمەقەری حزبی شیوعی لەکەرەجاڵ، مەلاهەژارومەلانوری وشەهید نەجم گردی شەریفی مان ناردبوو من هەر لەسورێن بوم، زۆرمەلا هەژاریان لەرێگا ترسانبوو لای هێلاَن پێ و کانی توی نێوان وشکەناوئێلاَن پێ، لەمانگی 1ی1984 یەکێتی چونەوە لای عێراق وشارەکان ئێمەش لە 1984/1/1 رەبایەی رژێمان لەگێڵەکەوە گرت لەوماوەیەدا رادیوی یەکێتی بێ دەنگ بوو لەکارکەوت ورایان گرت، لەرۆژی 1984/1/31 (90) پێشمەرگەمان تەسلیم بە یەکێتی بونەوە، بەلاَم هەندێکی عەسکەری فیراربون ئەوانەش هەرخۆی پێوەپێچابوون و لەوژمارەش زیاتر بوو چونکە یەکێتی زیاتر باسی دەکرد، لەرۆژی 1984/2/2 جەباری

عەلی عەوێزومحمودی حمەجان بە(10)کەسەوە ئەوانیش تەسلیم بەیەکێتی بونەوە کەدوایی جەبار یەکێتی کوشتی ومحمودیش لەشەردا شەهید بووچونکە گومان لەجەبار هەبوو کەلەرێگەی ژنەکەیەوە دەرمان دانرابوو بۆماڵی کاك مستەفا چاورەش وەکۆمەڵێك کەسی بەرکەوت، تا رۆژی 1984/2/2 (100) پێشمەرگەی سۆسیالست تەسلیم بە یەکێتی بونەوە لەسنوری لقی سلێمانی لەپر رادیوکەیان کەوتە قسە کردن و(167)کەسی خوێندەوە لەسۆسیالست لەسلێمانی تەسلیم بەیەکێتی بونە بەچەکەوە، خەڵکی ناوچەکە دەیوت ئەوە چەند ساڵە یەکێتی دەڵێت سۆسیالست (15 –20) کەسەو ئەو هەموو شەهیدەش هەیەو وائەمرۆش ناوی (167) کەسی خوێندەوە بۆحزب تەواو نەبوو ! دەبوو قەرزیشی بۆبکەن ئەوەندەیان نەبێت، بەڵام ئەوانە هەندێکیان سەربازی فیراربون بەناوی سۆسیالستەوە دەرۆیشتن وەلەبەرئەوەی رژێم نەیان گرێت، لە 1984/2/7 لەسورێن بوین مامەرەشەی کەچەومەلانوری لەگێڵەك بون جەیش وجاش هاتبوە شیرەمەرو ناوچەکەو دوای ئەوە جەیش گەرابووە مامەرەشە ومەلانوری چوبونە گێڵەك بۆنان خواردن ئاگاداری یەکێتی کرابوولەرێگەی کاك محمودی حاجی صالح لەگێڵەك ، هێز پێکەوە هاتبونە سەریان وبوبەشەرو مامەرەشە بریندار دەبێت و دەکەوێت لەگەڵ پێشمەرگەیەکی کە بەناوی محمد، یەکێتی دەیان گرێت ومەلانوری ومەفرزەکەش دەرباز دەبن ئەمە هەنگاوی یەکەمی یەکێتی بوو لای رژێمەوە شەری لەگەڵ سۆسیالست کرد وپەلاماری پێشمەرگەیان دا،لەرۆژی 1984/2/9 جاشەکانی سیروان و دەربەندیخان کۆبوونەوەو یەکێتیان لەهەردووشارەکە دەرکردو هەندێك تەقەیان لێکردن و لە هەندێك جێگا موخابرات بەری لەجاشەکان گرت کەوتە پێش یەکێتی یەوە لەهەردوو شارۆچکە دەری کردن، لەهەڵەبجەش کاك حامید و ئەوان لەرێگای عەنەبەوە دەربازیان کردن لەترسی جاشەکانی توفیقی رەحیم کەدوژمنایەتیان هەبوو ئیتر کێشە لەوێ وە دەستی پێکرد هەرباش بوو یەکێتی مفەوەزاتی بوو لەگەڵ رژێم وەلەگەڵ جاشەکان ئەگەر کێشەیان بوایە بۆئێمەش باش بوو ، لەرۆژانی 10و1984/2/11 لەسورێن بووین عێراق بەتەیارەلەدێزەفولی دا ئێرانیش لەرەدی ئەوەدا ئینزاری خەڵکی خانەقین و مەندەلی وبەسرەی کرد کەچۆڵی بکەن بەتۆپ و ساروخ لێی دەدات، لە1984/2/12 هەرلەسورێن

بووین، لەشەوی 15-1984/2/16 ئێران (عەمەلیاتی فەجری پێنجی) لەعیمارەو کوتەوە دەست پێکردو هێرشی کردو زۆر جێگای گرت، لە 17 تا19 /1984/2 هەر لەسورێن بووین و ئێران هەرلەهێرشەکەی بەردەوام بوو لای عیمارە ، خەڵکی زۆر دەکوژران لەهەردوولا، لە1984/2/23 تەیارەی ئێران لەرەواندزی داو لەبەسرەو عیمارەو بەغدای داو شەر گەرم بوولەهەمووسنورەکانی شەری (عێراق، ئێران) ، لەشەوی 23-1984/2/24 (50) چاڵ نەوتی عێراقی گیراو ئێران هێرشی لەسەر ڕێگای بەسرە عیمارە زیاتر تەرکیزی کردبوو چونکە هەندێك چاڵە نەوتی گرتبوو لەوناوە، لەرۆژانی 25و1984/2/26 شەر لەخواروی عێراق بەگەرمی بەردەوام بوو کوشتارو بریندارو زەرەر بێ سنور بوون ، لە1984/2/27 لەسورێن بووین (5) جاش بەچەکەوە هاتنە لامان و پەیوەندیان کرد دوای مفەوەزاتی یەکێتی بۆ لای رژێم یەکەم جاربوو چەکداری رژێم بەرەو شاخ وشۆرش بێت ،(5) جاش بوون هاتبون بۆلای سۆسیالست لەومانگەدا (جەزیرەی مەجنوون گیرا) ، لەرۆژی 1984/3/1 کۆبوونەوەمان هەبوو کاك بەهادین نوری ئەوکاتە مەسئولی هەردوو مەڵبەندی سلێمانی وکەرکوکی حزبی شیوعی عێراقی بووهاتە سەردانی ئێمە لەسورێن لەسەر روداوەکان قسەمان کردوو نامەیەکی ئالاّی شۆرشی هێنابوو بۆمان هی کاك سالار بوو کەوا ئالاّی شۆرش بەیانێکی دەرکردبوو لەشارەوە رێکخستنی حزب نوسخەیەکیان بۆئێمەناردبوو سەیرمان کرد پێمان باش بوو بەلاّم بەمەرجێك ئالاّی شۆرش جورئەتیان هەبێت وبریاردان گرنگە نەك هەروا بەخاوی وادیار بوو کاك مەلا بەختیاریش مفەوەزاتێکی ساردی کردبوو ئەویش کەوتبووە ناو وەفدی گفتوگۆوەو لەکۆبوونەوەیەکدا هەندێك پاڵەپەستۆیان ببوو لەسەرئەوەی گوایە کاك مەلا بەختیار بۆ رەسم گرتن لەگەڵ مەسئولینی گەورەی عێراق دا(صدام حسێن) پالّی بەهەڤاڵەکانی خۆیەوە ناوەو چۆتە پێشەوە بۆرەسمەکە قسەیەکی کەش هەبوو گوایە کاك مەلا بەختیار ووتبوی دەبێت  ئێمە واز لەگفتوگۆ نەهێنین هەتا چۆری لێ دەبرین و ئاخر دلۆپەی بچۆرێت ئەوکات واز لەگفتوگۆ لەگەڵ عێراق بهێنین هەرلەو کاتەشدا کاك مەلا بەختیار ناردبوویان بۆ ئەوروپا بۆهێنانەوەی خەڵکی لەدەرەوە ئەوکات مامۆستا سەلام عەبدولاّ کۆمەڵەبوولەگەڵ مەلا بەختیارا ووتبویان کۆبوونەوە بکەن جەمالی مچەی شیر و

هەندێك لەوانە لەسۆسیالست بوون دابوویان لەمامۆستا سەلام لەسوید سەرو چاویان بەشوشە شکاندبوون ،کاك مەلا بەختیاریش لەدەرەوە هەوڵی زۆری دا هەتا برادەرەکانی خۆشیان ئامادەنەبوو دژی گفتوگۆ بوون لەگەڵ عێراق دا، ئێمە دەمان زانی یەکێتی نەك شەری لایەنەکان ناکات بەڵکو داوای ئاشتی و هاوکاری و نەمانی شەری ناوخۆدەکات و ئەگەر بەهەمووومان شتێك سود لەوشەرە وەربگرن یەکێتی نەدەبوو سەرەتا پەلاماری هێزەکانی ئێمەیان لەشارەزوورودەشتی هەولێربدایەو شەریان لەدژی ئێمە دەست پێ بکردایە، چونکە لەشارەزوور هەرهێزی سۆسیالستی لێ بوو لەدەشتی هەولێرش هێزی هاوبەشی سۆسیالست و شیوعی لێ بوو بەلاّم هێزی سۆسیالیست هێزی گەروەو کاریگەر بون لەگەڵ مامۆستا بەهادین نوری لەسەر زۆرشت قسەمان کردو وتی خۆتان لەشەر بپارێزن وباهەمو برۆینەوە سورێن، من وتم ئەوە یەکێتی دژی ئێمە بریاری شەری داوە ولای عێراقەوە دەبوو ئەو داوای لێ بوردن بکات کەتووشی ئەو گێژاوە بووەو ئێستائەو شەرمان پێ دەفرۆشێت وئێمەش دیفاع دەکەین ودەستیان لێ دەوەشێنین، یەکێتی لەزۆربەی گوندەکانی شاروزوور مەقەریان داناو هاوکاری لەگەڵ رژێم ورەبایەکانی دەکرد، بۆیە ئێمەناچاربوین لەگەڵ جاشەکان خاوی بکەینەوە بۆئەوەی رێکخستنەکانمان یەکێتی نەیان گرێت بتوانن هاتوچۆی مەقەرەکانمان بکەن، لەشارەکانەوە هات وچۆبکەن دەستمان کرد بەدروست کردنی رێکخستن لەناوجاشەکانداو لەوبوارەشدا سەرکەوتنی باشمان بەدەست هێنا هەتا کەسێکمان شکی لێ بکردایا ویەکێتی بیگرتایە وەرەقەی هات وچۆی لەلایەن جاشەکانەوە بۆ دەکراو ئەوان نەیانەدەتوانی بیان گرن دوای ئەوەی نائومید بوین لەیەکێتی هەوڵیشمان ئەدائالاّی شۆرش هان بدەین وپەیتا پەیتا پەیوەندی ئالاّی شۆرش و رێکخستنەکانی ئێمەش لەشارەکان دروست ببووناراستەوخۆ، هەموو هەواڵێکی ناو یەکێتی مان لەوێوە پێ دەگەیشت، لەرۆژی 1984/3/3 مام سەعە هات باوکی شەهید حەمەی مامە سەعە، لەشارەزوور هاتبو بۆلامان پیاوێکی بەتەمەن بوو بۆمەقەری حزب هاتبوو لەنزیك بانی شارئەمری خودای بەجێ هێنابوو، پیاوێکی کورد پەروەربوو زۆرمان پێ ناخۆش بوو پیاوێکی تەمەن (70) ساڵە وباوکی شەهید بۆلای ئێمە هاتبوو نەگەیشتە لامان وکۆچی

دوایی کردو جەنازەکەی بەرێزەوە ناردمانەوە بۆ سەید صادق لەکاتێکدا یەکێتی لەگەڵ رژێم لەبەرەیەك بون توندوتیژی رژێم زیادی دەکرد، وای زانی ئەوە یەکێتی پەنای خەڵکی داوەو خەڵکی کوردستان پەنای نەماوەو بەچەپ وراست کەوتە گیانی خەڵکی وخوێندکاران وفیرارو رێکخستنەکانی جود وەجاشەکانی هان دەدا دژی یەکێتی بۆکەم کردنەوەی ئەو پەیوەندیەی یەکێتی وعێراق لەبەرچاوی خەڵك، لەرۆژی 1984/3/8 رژێم لەمەعسکەری تانجەرۆلای سەیتەرەکە لەسەعات (4)ی دوای نیوەرۆ (16)هاولاّتی بێ تاوانی گولەباران کردکە لەتەمشیتی شاربازێر هەندێکیان گیرابوون لەسلێمانی گولەباران کران، لەسەرداواو دەعوەتی کۆماری ئیسلامی لەرۆژی 1984/3/9 دەعوەت کرابوین، هەرئەو رۆژە لەسەعات (6)ی ئێوارە لەشاری کەرکوك (100) کەس گولەباران کرا بەناوی سەربازی فیرارو مەحکەمەی عەسکەریەوە لەسجنی کەرکوك، کەدوای گفتوگۆی یەکێتی وعێراق، رژێم بەئاسانی دەستی پێیان دەگەیشت، بۆبەیانیەکەی سەرکەوتینەوە بۆ سورێن بەفر زۆربوو لەسەرسورێن بەفرمان تواندەوەو چامان لێناو چوینە کانی خەیاران وبۆدزڵی وبۆمەریوان، لەرۆژانی 11و1984/3/12 لەمەریوان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران قسەمان کردو گەراینەوە بۆ دزڵی وکانی خەیاران وسورێن ودەرەکۆرە بەفرێکی زۆر لەسورێن لێ ی داین وبارانیش بوو لەشارەزوور، لەسەرکردایەتیەوە کاك قادر جەباری وکاك ئەحمەد فەقێ رەش وکاك بەهمەن حسێن وکاك بەختیاری اعلام وکۆمەڵێك هاتبون بۆ سورێن وسەردانی ئێمەیان کردووەزعەکەیان بینی ودوای ئەو (100) کەسەی ئێمە کەچوبونەلای یەکێتی، ئێمە وەزعمان باش بوو هێزی کاریگەرو بەتوانامان بوو ئەوەی لامان ناخۆش بوو مامە رەشەی کەچە گیرابوو بەبرینداری وسجن کرابوو هەرلەو کاتەشدا برادەرانمان لەشارەزووروشارەکان یەکێتی دەیگرتن و رەوانەی شاربازێری دەکردن، لەوێ مامەوە هەواڵی ئەو ناوەیان بۆ دەهێنایەوە وهەواڵی هەورامانمان دەزانی، لەرۆژی 1984/3/14 لەسورێن بوین هەواڵ هات کە(4)کەس لەخانووە قورەکانی سلێمانی ئیعدام کراوەو جەنازەکانیان هێناوەتەوە ئەوەش زیاتر رقوکینەی خەڵکی دژی بەعس وهاوکارەکانی ئەستورتر کرد، لە1984/3/15 بەفردەباری بەلاّم فیرار بەزۆری بەرەوسورێن هەڵدەهاتن لەشارەوە لەترسی شەری عێراق- ئێران و جەیش نەیان گرێت و

ئیعدامیان نەکات لەسەر ئەوە خەڵکی رقی لەیەکێتی بووەوبەزۆری ئەو خەڵکە هەندێکی دەبونە پێشمەرگە وهەندێکی دەهاتن بۆ ئێران وخۆیان تەسلیم بەئێران دەکردو ماوەیەك لەئۆردوگاو پاشان بۆ ئەوروپا، لەوکاتە وەرەقەی سۆسیالست هەر بەناوی حزبەوە لەسەرانسەری ئێران کاری پێ دەکرا لەعلاقاتیش خاڵەحاجی خەڵکی دەناردە دەرەوەی وڵات ویزە باصی بۆ دەکردن وهاوکاری ویارمەتی خەڵکی زۆری دەداو رۆژی واهەبوو لە تەهرانەوە (30) کەسی بەرێ دەکرد بۆ سوید و وڵاتانی کەش بەڵام دوایی نەك کەس باسی سۆسیالستیان نەدەکرد بەڵکو جنێویان دەدایە لەدەرەوە، بەڵام هەموو هەرێمەکان پربونەوە ومەقەرات کەسی نەدەگرت ئەوەندە خەڵکی دەهاتە دەرەوە، لەرۆژانی 17و1984/3/18 هەر لەسورێن بوین وبرادەرانی سەرکردایەتی لامان میوان بون من و کاك شێخ محمدوکاك شیروان شیروەندی وکاك قادرجەباری وکاك ئەحمەد فەقێ رەش ئەندامانی قیادی لەسورێن بوین لەوکاتەدا، لە1984/3/19 سەیری پرۆڤەی شانۆگەری بۆ نەورۆزمان دەکرد لەسورێن، لە1984/3/20 لەگەڵ کاك قادرجەباری وکاك شیروان وکاك ئەحمەد فەقێ رەش وکاك بەهمەن وکاك بەختیارچوین بۆبانی شار و شەولەبانی شار بوین، لە1984/3/21 بۆ نیوەرۆکەی لەمەقەری کاك روستەم مستەفابەگ وکاك مەلانوری بوین لەپشت بانی شار، ئەو رۆژە یەکەم رۆژی ساڵی تازەی کوردی بوو ئاهەنگێکی قەشەنگ لەلایەن ناوچەی پێنجوینەوە سازدراو چەندین کادری بەتوانا وەکو محمد محمودعەلی خەڵکی بانی بنۆك ودانیشتوی سەیدصادق و لەگەڵ هونەرمەندانی کە کاك شیروان حەساری و عەلی حەسەن ونەجم گردی شەریف و کۆمەڵێکی کە و بەئامادە بونی نزیکەی (1500) کەس لە پێشمەرگەو جەماوەری ناوچەکە بەشداریان کردبوو، وتاری حزبی شیوعی لەلایەن مام بارام و وتاری پارتی لەلایەن کەمال حەسەن و وتاری لایەنە ئیسلامیەکان خوێندرایەوە و وتاری لقی سلێمانی حزبی سۆسیالست لەلایەن مەلاغەریبەوە خوێندرایەوەو شیعرە بەناوبانگەکەی کاك سەیدقادر جەباریش خوێندرایەوە و دوای ئەوانە شانۆگەریەکی جوانیان پێشکەش کرد لەسەر ژیانی کوردو پێشمەرگە و سۆسیالست لەیەکێك لەهەواڵەکانی شانۆگەریەکەدا دەڵێت (2)بەڵەم پێشمەرگە لەجەردئاسنەوە بەرێ کەوتن بۆ ئیمامی زامن لەدەریاچەکە لوغمێك لەئاوەکە

تەقیبوەو زەرەری بە بەلەمەکە گەیاند هەموو خەڵکەکە بەو قسە عەجایەبە پێ دەکەنین ! چۆن لوغم لەناو ئاودا هەیە ولەوەختی شەری عێراق ئێران ئەوکات هاتە پێشەوەوباسی تەقینەوەی دەریاچەکان دەکرا قەناعەت هەبوو لەمێژوی شۆرشدا لەشاخ سۆسیالست ئەو ئاهەنگەی گێرابو بەو شێوەیە سەرنج راکێش و کەس کادری وا تێگەیشتوو بەتوانای نەبوو کەسۆسیالست هەیبوو بیری لێ دەکردەوە ئەو ، لەرۆژانی 22تا1984/3/29 هەر لەسورێن بوین و خەریکی کۆبونەوەو دانانی بەرنامەی هاوبەش بەردەوامیش باران دەباری، رۆژی 1984/3/31 یادی (50) ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق بوو بەشداری و سەردان و بروسکەمان دانێ بەو بۆنەیەوە، رۆژی 1984/4/1 رۆژی درۆی جیهانی بوو لەگەڵ کاك شیروان وکاك تامین دا چوین بۆ مەرگاوان بۆ مەقەری کاك رۆستەم وکاك مەلانوری لەوێ ماینەوە تا رۆژی 1984/4/3 دوای نیوەرۆ گەراینەوە بۆ میری سورو دەرەکۆرەو سورێن و لەوێ ماینەوە دنیا زۆر خۆش وهەوایەکی ساف هەبوو هەر بۆسەیران خۆش بوو بەلاًم نەك بۆ ئێمە کەشارمان لێ حەرام بوو، لە 1984/4/14 کاك ئازادی پاسۆك میوانمان بوو ئەو کاتە مەقەرەکەی ئەولەپشتی بانی شار لەئەشکەوتێکی گەورەودەمەکەی بچوکەو کاتی خۆی شکاندویانە نصراللە بەگی بانی شاری تێ چووە لەکاتی شەری ئینگلیزدا، لەناوەوە برادەرانی پاسۆك چادریان تیا هەڵدابوو بەلایت دەرۆیشتن لایتەکە یائوکسجینی نەدەما زۆر قوڵ بوو یاچوبونە ژێر شاخەکە لەبەردەمی چەند خانویەکیان کردبوو بۆ کاك ئازاد، کاك ئازاد هات بەیانێکی هەر زۆر سەیریان لەسەر یەکێتی دەرکردبوو وە پۆستەری یەکێتی یان کردبوو، برادەرانی پاسۆك لێیان نوسین جنیوی باشیان ریز دەکرد جنێوی فلکلۆری وایان لە کەلەپوری کوردیەوە زیندو کردبوەوە کەس نەی بیستبوو کاك ئازادخۆی دەستێکی باڵای هەبوو پیاوێکی بەتوانابوو لەنوسین داو جنیوشی هەبوو جارجار بەسوعبەتەوە بەکاك کەریمی دەوت جارجار کاك کەریم هەتا وەسفی یەکێکی بکربایە دەیگوت زۆر کوری چاکە بەلاًم لەئاخردا هەر جنێوەکەی دەدا واتا کوری چاکە سەگ بابە، جنێو ریز کردن لەنوسین دا دەکرێت بەلاًم ئەویش شارەزای خۆی هەیە ئەڵێت دەتوانین دە وشە لەدوای یەکەوە هەر جنیوێك نەبراوەی درێژ ریز بکەن ئەگەر بەمەقەست بیبری (7−8) جنێوی ماقوڵی تێدا دەبێت،

(دەڵێن جارێك شێخ لەتیفی شێخ محمودی نەمر دەچێت بۆ لای مەلا مستەفا وپێ دەچێت لەئاخری (60)کان وسەرەتای (70) کان بوبێت کابرای حەرەس مەجالی شێخ لەتیف نادات و شێخ لەتیف یش تورە دەبێت و کابرا دەڵێت کوردایەتیە نابێت عاجز بیت، شێخ لەتیف لا دەکاتەوەو پێ ی دەڵێت ئەو کاتەی من کوردایەتیم دەکرد تۆ لەسکی دایکت دا یاریت لەگەڵ کێری موشتەری دایکت دا دەکرد، کابرا واقی ور دەمێنێ و شێخ لەتیف بەتورەیی دەگەرێتەوە دواوە کابرا بیر دەکاتەوە جنێوی وای لەناو بادینانیدا نەبیستوە و بەپەلە بەدوای شێخ لەتیف دا رادەکات و بانگی دەکات ودەڵێت مەرۆ، شێخ وادەزانێ مەلا مستەفا پێ ی زانی و ناردویەتی بەدوایدا دەچێت لای دەڵێت خاڵە گیان بەراستی جنێوەکەتم زۆر لا عەجایەب و خۆش بوو تکایە ئەوە قەڵەم وکاغەز بۆم بنوسە بالەبیرم نەچێتەوە، کابرا دوایی چو بۆلای بارزانی وتبوی کابرایەکی جل رەش ومشکی بەسەری لەوبابەتە جنێوی داوە پێم قەت شتی وام نەبیستوە کە قسە دەکات بۆبارزانی دەڵێت ئەوە شێخ لەتیف بووە برۆن بەدوایدا وبانگی بکەن و ئاشتی بکەنەوە بابێتە لامان، کەبەیانەکەو پۆستەرەکانی پاسۆکم بینی کاك ئازاد هێنابووی پێکەنیم، کاك ئازاد وتی چیە، وتم وەڵا قسەکانی شێخ لەتیف و کابرای حەرەسی بارزانیم کەوتەوە بیر وەزۆر لەبرادەرانیش لەوێ بون وەکو کاك شێخ محمد شاکەلی و کاك مەولود تەلانی وکاك مەلاهەژارومەلاغەریب ومەلانوری ئەمانە مەلای تەواو نەبون، کاك عبدالخالق هەورامی ئەندامی لقی سلێمانی بوو، مەولود زۆرناواقیعانە بوو زۆر خۆی بەمارکسی دەزانی و هەر قسەی دەکرد، (رۆژێك کاك ئازادی پاسۆك دەڵێت کاك مەولود خەوێکی خۆشم بینیوە حەز دەکەم بۆت باس بکەم، مەولود ئەڵێت فەرموو، کاك ئازاد دەڵێت ئەم شەو گۆرباشۆف سائقی لۆریەك بوو...ئێ ئێ ئێ وکاك مەولود هاتە پێشەوە و وتی خەڵکێکی زۆر خۆی پێیا هەڵواسیبوو دەتوت لۆری جەژنە ئێ ئێ وایە بەشکوم ئێوەش سوارببون وتی دای بەلامانیدا ئەتۆ هەرچیت دەکرد دەستت نەی دەگەیشتە لۆریەکە، لۆریەکە کردبووی بەتەپوتۆزێك ئەوناوەی ناخۆش کردبوو تەقەی دەهات تۆو مەلا هەژار هەر دەستتان بۆ دەبرد و دەکەوتن و هەڵدەسانەوە بەدوایدا ئێوە لەتەپوتۆزدا ون بون و بەجێ مان ئەوەندە کەوتبون و هەڵسابونەوە سەروچاوتان شکاو لۆریەکەش هەر رۆیشت و خەڵکی لێ

دەوكەتـە خـوارەوە و هـەر پارچـەی لـێ بـەردەبوەوە لـەئاخردا تـەنها گۆرباشـۆف خـۆی مـابوەوە لەسەركوشنكەو سوكانەكەش بەدەستيەوە نەمابو كەوتبوو ئەويش نەيدەزانی چۆن خۆی بخاتە خوارەوەو رزگاری ببێت)، كاك ئازاد قسەكەی تەواو نەكردو مەولود وتی بەراستی خەوێكی موهيمە، كاك شێخ محمد وتی كاك مەولود نەتزانيوە زيندەخەوە، مـەولود وتـی ئـەوە ئيهانەيـە بەموقەدەسـاتی مليونـەها مـرۆڤ دەكـەن وهـەروەها بەموقەدەساتی من دەكەن، كەدەرچوو هەروەكو زانيبووی هەروەكوخەوەكەی كاك ئازاد دەرچوو لەنامەكانی شەهيدسەيدا صالح يوسفی دا هەمان شێوە بۆ (مەكتەبی سياسی) سۆسيالستی نوسيبوو بە(4–5) رۆژێك زۆری لەو خالانە دەست نيشان كردوە واتە رۆژی 1984/4/14 رۆژێكـی نـاخۆش نـەبوو، رۆژی 1984/4/15 لەسـورێن بـوين وەزعمـان لەهـەموو رويەكـەوە زۆربـاش بـوو لەچـاو لايەنـەكانی تـردا لەگـەڵ ئـەو هـەموو زەحتـەی يەكێتی لەسەرمان بووئێمە هەر لەپێشكەوتن و سەركەوتن بەسەدان كەس دەهاتە ريزی سۆسيالستەوەو لەوكاتەشدا يـەكێتی نەيدەتوانی بەئاسانی لەشارەزووردا بن و خۆيان بپـارێزن هـەمووی هـەر لەبـەر سۆسيالـست بـوو ئـەوان هەنـدێك لەرێكخـستن ودۆسـتی سۆسيالـستيان گرتبـوو ئەوكاتـە كـاك بـەكری حـاجی سـەفەر مەسئولی مەڵبەنـدی يـەكی يەكێتی نيشتمانی بوو لەشوكێ ی شاربازێر، ئێمەش بەيەك شەو لەوگوندانەی كەمەقەری يەكێتی تێدابوو نزيكەی (15)كەسی رێكخستن وكەسوكاری يەكێتيمان لەجياتی ئەوانەی خۆمان گرتبويان لەناو گردان وتەپی سەفاو سيروان وزۆرجێگای كـەش ئـەوە زيـاتر ورەی يـەكێتی دەهێنايـە خـوارەوە لەهـەمان كاتـدا، ئێمـە لـەدوای تێكـەڵ بـونی يـەكێتی وعێـراق جـارێكی كـە خۆمـان رێكخـستەوەو دەسـتمان كـرد بـەناردنی هێـز بـۆ ناوچـەكانی شارەزووروشـاربازێرو دۆڵـی جافـەتی و دۆڵـی گـلاڵ وناوشـارەكان، لـە 1984/4/24 كـە (10)ساڵ بەسەر بۆردومانی وەحشيانەی رژێم لەقەلادزە تێ دەپەرێت كەلـەو رۆژەدا رژێم بەتـەيارە دای لەشـاری قـەڵادزەو (135)كەسـی شـەهيدكردو برينـدارێكی زۆريـش هـەبوو لەقوتابی وژن ومناڵ، ئێمە هەر لەسورێن بوين چەند رۆژێك بوو باران بەردەوام دەباری، لە1984/4/25 بۆگەران پێم خۆش بوو خۆم لەئيش بشارمەوەو هەندێك سەری ئەو چياو دەشـت وناوەبكـەم وبـۆ مەرتەسـەوماوانی وحەوشـە گـەورە (مـەر بەلەهجـەی هـەورامی

بەمانای ئەشکەوت) سەرکەوتینو ئەو رۆژە هەندێك رێواس وکارگ وگیای کوێستانمان هێناوزۆریش گەراین و هەوا خۆش بوو، رۆژی 1984/4/26 (10) ساڵ تێ دەپەری بەسەر بۆردومانی هەڵەبجەدا کەتەیارەی عێراق لە1974/4/26 دا لێدابوو (35)کەسی کوشتبوو(100) کەسی بریندارکردبوو وەزەرەر زۆری دابوو، محمود ئەفەنی یامحمود بەگ لەناوشەهیدەکاندا بوو، من وکاك شێخ محمدومام کەریم و چەند پێشمەرگەیەك چوینە سورێن بۆلای حەوشە گەورەوبەردەم هانە ئەحمەدو بیرك لەئەشکەوتی مەرنار لە نزیك مەردالْ بووبۆ ئێوارە چوینەوە مەرەدلۆپە لای پشتی بانی شار بۆ مەقەری کاك رۆستەم مستەفا بەگ وقوەی سیروان، لە 1984/4/27 چوینە بانی شار بۆ مەقەری قوەی هەورامان لای کاك نوری ئامر قووە بوو شەو لەوێ بوین وهەرێمی (3) لەوێ بون، لە1984/4/28 گەراینەوە دەرەکۆرەو کەهاتینەوە رژێم تۆپ بارانی ناوچەکەی بەخەستی کردبوو رۆژانە تۆپ بارانی مەقەراتی ئێمەی دەکرد بەلاْم ئەو رۆژە دکتۆر بەکر بریندار بوو، دکتۆربەکر برین پێچ بوو ناوی صبری نوکە بوو خەڵکی مندەلی بوو لەبەغدادا دادەنیشت و لەرێکخستنی حزب بو لە لقی بەغدای حزب لەناو شار ئەوان بەنامە ناردبویانە دەرەوە بۆلامان (2–3) ساڵ بوو پێشمەرگەبوو ئەو رۆژەش بریندار بوو بەلاْم سوك بوو،بەلاْم ئەو برینداری یە هەندێك ترساندبووی وای ئەزانی هەموورۆژێك بریندار دەبێت لەوکاتەدا وەکوحزبی سۆسیالست ئاگاداریهەموورێکخستنەکانمان کرد هەوڵ بدەن بەبۆنەی بۆردومان کردنی قەلاْدزەوهەڵەبجەوە هەروەهادژی یەکێتی کەرۆژانە قوتابی دەگرێت یەکێتیش گفتوگۆدەکات لەگەڵ رژێم وهاوکاری رژێم دەکات، بەرنامەیەك لە هەڵەبجەو سیروان و کەلارو دەربەندیخان وکفری وسلیمانی وسەیدصاق ورەواندزوقەلاْدزەو چەمچەماڵ وکەرکەك و هەولێر دانرابوو کەدەستی پێ بکەن، رادیۆی سۆسیالست و رادیۆی پارتی قسەبکەن وهانیان بدەن وەمەفرەزەی پێشمەرگەش بروات وتەوجیهاتی تازەو هاوکاری یان بکات وەچاوەرێی راپەرینی شارەکان و مەفرەزەش ئامادە کرا بۆپشتیوانیان ، یەکێتی ئەو2–4 مانگە هیچ لەمەسەلەلیان نەگۆری بوو بەپێچەوانەوە ئیعدام و کوشتن وگرتن زیاتر بوو ، ئامینی خوشکم هاتبووە سورێن گەرابۆوە لەلای خورماڵ لەنزیك گەراوەکە پێش ئەوەی بچێتە ناوخورماڵ دوو جێب قیادە

بەرەودوای سەیارەکەیان گرتبوو ئەویان گرت وسەیارەکە هی کاك حەسەن بوو خەڵکی ناوگردانە وەکۆمەڵێك بەیاناتی حزبی پێبوو وەشەش کاغەزی چکلێتی قوت دا کەناووشتی لەسەرنوسرابوووەناوی خەڵکی تیابوو لەوێوە بردیانە سەیدصادق ولەگەڵ شەوکەتی خەلیفە سەعیدو ئەحمەدی مام حسێن دانیشتوی گوندی قەدەفەری و مستەفا خەڵکی ناوگردان بوو خوشکەزای سائیقەکە بوو لەوێوە بردویانن سەیدصادق بۆلێکۆڵینەوە دوای بردیانە مەعەسکەری کانی پەنکە بۆلێکۆڵینەوە لەکانی پانکە دەست وقاچیان بەستن وخستیانە ناوزیلەوە بۆئەمنی سلێمانی هەر ئەو رۆژە لەئەمنە سورەکە لێکۆڵینەولێدان دەستی پێکردبۆگیانیان وەئامینی خوشکم بەشەوکەت وهەموویانی وتبوو غیرەتان هەبێت ئەمە ئەمنە ناوی خەڵکی کە مەبەن بۆئەوەی کەسی کەی تیانەچێت تا(7) رۆژ لەوێ مانەوە هەر رۆژەی دووجار لێدانیان هەبوولەسەعات (12)ی نیوەرۆ لێدان هەبوو لەگەڵ (12)ی شەو پاش حەوت رۆژەکە پیاوەکانیان لەوێ هێشتەوەو ئامینیان ناردبۆ سجنی پۆلیس (5) مانگ سەردانی نەبوودوای ئەوە دەمی خۆی دوری بەدەرزی ودەزو دوای بردیانەوە بۆئەمن ومدیری ئەمن پێ ی وتبو چیت ئەوێ ئەویش وتبوی یامردن یابەربون یاسەردان ئیتر مدیری ئەمن بریاری دا مانگی دووجار سەردانی هەبێت (10) مانگ لەسلێمانی مایەوە لەسجنی گەورە ئەو پۆلیسانەی کەهاوکاریان دەکردلەسجنەکە شێخ عومەرخەڵکی پارەزان مفەوەزی پۆلیس بوو لەسجن وەکاك کەریم سیتەکی پۆلیس بوو لەسجن وەکاك حمە رەشید خەڵکی سلێمانی بوو وەکاك حمە صاڵحی حمە ی حمە صاڵح خەڵکی خورماڵ بوورەئیس عورەفا بوو ئەوانە زۆر هاوکاری ئامینی خۆشکمیان کردبوو لەسجن وەهەرچی نامە لەدەرەوە بۆئەو هات وەبەپێچەوانەوە کاك حمەرەشیدو کاك کەریم سیتەکی نامەکانیان دەگەیاندە دەستی ئێمەوئامین (3)جار مامۆستایەکی دۆستی خۆمان شایەتی لەسەری دابووبۆئەوەی ئامین ئیعدام بکرێ دواجارئامین قسەی پێ وتبووعەیبە تۆجاسوسی دەکەیت،دوای ئەوە گواستیانەوە بۆئەمنی عامی بەغداد بۆمەحکەمەی (پورە)دوای ئەوە مانگێك وچوار رۆژ لەئەمنی عام لەبەغداد مایەوە لەبەر دواکەوتنی مەحکەمەکەی دوای ئەوە بۆمەحکەمەی پورە کە حوکمی(20) ساڵ و شەش مانگ بێ سەردان وبێ مەرحەمە دوای ساڵێك ویەك مانگ

لەویٚ مایەوە پاشان عافوات دەرچوو لەلایەن عێراقەوە ئەویش بەر عافواتەکە کەوت بەم کارانــە رۆژبــەرۆژ خــەڵکی دژی یــەکێتی ورژێــم دەنگیــان بــەرز دەبــۆوە هــەتانارەزای لەناویەکێتی دا سەری هەڵدابوو،ئالأی شۆرش زیاتر ریٚگایان بۆخۆش دەکرد پەیتا پەیتا وەزعەکـە بۆئێمـە لـەبارترو بۆیـەکێتی دژوارتـر دەبـوو، لـە1984/4/30 ئـەمرۆ دەنگـی شۆرشی کوردستانی عێراق کەرادیۆی دەنگی حزبی سۆسیالستی کوردستان بوو وە زۆر باش جەماوەری هەمووکوردستان وەری دەگرت سوریاو تەهران و کوەیت و بەغداد وەری دەگـرت ، لـەو رۆژەدا دوای گواسـتنەوەی بارەگاکـان بۆبرادۆسـت و شوشـان رادیۆکـە کەوتـەوە کـاری ئاسایـسی خـۆی وادیـاربوو مامۆسـتا سـەعدوبرادەرانی مارکـسی ئـەو کاتـــەمان بەموناســـەبەی تێپـــەربونی ســـاڵێك بەســـەر شـــەری پـــشت ئاشـــان وئاشقولکەخستبوویانەکار یەکەم رۆژی جەژنی کرێکارانی جیهان یەکی ئایار بوو کەلەو رۆژانــەدا نەدەســڵمێنەوە لەیــەکێتی لــە1983/5/1 و 1984/5/1 بــوو نامیلکەیــەکیش لەراگەیاندا بەناوی (ئایار لەبناری قەندیل) دەرچووبووماموٚستا سەعد نوسیبوی بەناوی باوکی گۆرانەوە لەسەر رووداوەکان و چۆنێتی شەرەکان بۆ سـەر پـشت ئاشـان و قرناقـە ، مامۆسـتا سـەعد جێگـای گومـان بووچـونکە رۆژیٚ پـێش عـەلی هـەژاروکاردۆگلآلی گـیرا لەهـەولێررۆژیٚ دوای ئـەوە ئـەوان گیران وئیعدام کـران بـەلأم ئـەو بـەربوو، لەساڵی 1982 سەید عبدالله کەردزی ورەحمان کۆپتەرو چەند کەسێکی ناردەوە تەسلیم بەرژێم ببنـەوە معامەلەی تەواوی کردبوو لەگەڵ رژێم سەید عبداللەوئەوان تەسلیم بونـەوە بـەرژێم بـەلأم ئەو فریانەکەوت ئەو هەر پەیوەندی لەگەڵ عێراق هەبوو بۆیە جێگای گومان بوو، لـە5/1 تــا1984/5/8 هەرلەســورێن بــووین ، لــە1984/5/9 لەئەشــکەوتێك لامــان دا لــەنێوان منجەروسوڵتانی ساق دا بوو باران زۆر بوو خۆمان کرد بەئەشکەوتەکەدا (لەساڵی 1976 دا لـەو ئەشـکەوتە دابـووین و یادگـاری زۆرتێـدابوو ، لـەو ئەشـکەوتەدا شـەش رۆژ نـانی وشکمان خوارد بەپیازێکەوە واتا پیازێکی گـەورەمان هـەبوو لەمەفرەزە سـەرەتای یـەکان هــەموو رۆژێــك دەمــان ووت بــەکاك عــەلی شــیعە کەپیازەکــە لــەت بکــات و هــەر هەشـت کەسـەکەمان نـانی پیٚوە بخۆێن ، کاك عـەلی دەی ووت ئـەم نیوەرۆیـە پیازەکـەتان بۆسـەر دەبـرم قـۆڵی لـیٚ هەڵـدەکرد و چـەقۆیەکی گاسـەربری گـەورەی دەردەهێنـاو نـاوی خـوای

دەهێنابۆمـان سـەری ببڕێـت بـەڵام پەشـیمان دەبـۆوەو دەی ووت بۆئێـوارە سـەری دەبـڕم شەش رۆژ نانمان دەخوارد بەو پیازەوە هـەر سـەری نـەبڕی مـن چـووم بۆجەولـە دوای مـن مەفرەزەیەکی شاربازێڕ هاتبوونە سورێن بۆلای برادەران وکاک شـێخ عـەلی و ئـەوان لـەوێ بـون کـاک مـولازم سـتار و کـاک شـێروان و کـاک کـەریمی دادە مەنـە و کـاک فایـەق شـەفیق و چەند کەسێکی کە وادیاربوو ئەورۆژە من هاتمەوە پرسیاری پیازەکـەم کـرد ووتیـان کاکـە ئەمرۆ کاک ستارو ئەوان هاتوون ومیـوان داریمـان لێکـردن پیازەکـەمان بۆسـەربرین و کـاک شەوکەت ومەفرەزەیەکیان لەگەڵیاندا ناردبوو بۆناوچەی هەورامان، ئەوەبووکاک سـتاریش لەناوچـەی هـەورامان دووکەسـی لەتەوێڵـە کوشـت یـەکێکیان جـەمیلی نـاوبوو (8)منـاڵی هەبوو، ئەوکاتە ستار کۆمەڵە بوو دووسەربازیشیان لەپشتی گریانە لای بۆین کوشت بـوو مولازم ستار لیستێکی پێ بوو لەپیاو خراپی تەوێڵەو بریاری دابوو ئەمجارەیان (4) یـان بکوژێت بەڵام دووکەسی لێ کوشـت و ئیتر بـۆی نـەکرا ،ئەوناوانـەی کـەپێی بـوون ئەمانـە بوون ..

1- کریم حاجی محمد فەتاح
2- حسن محمد غەفور
3- عەزیز جافر جانە مەشهورە
4- اسماعیل حمە گەورە
5- عبدالله ئەحمەدی محمد
6- علی ئامان الله
7- بەهمەن رشید سوسەکانی
8- مستەفا فتاح (باوکی هۆشمەند تەوێڵەیی ) .
9- محمد قادر مەجنون
10- شێرکۆ فتح الله .

ئەم ناوانە لای مولازم ستاربوو دابووی بە شەهید رەوف کەمەسئولی سیاسی ناوچەکە و رابەری سیاسی بوو لەوێ ، بەڵێ خوا میوانی ئازیزی داو پیازەکەی کەرتی (3)ی هەورامان هی هەموومان بووپیازە سەربراوەکەیان خوارد، من وکاک حمەی حاجی سابیر

ئەوشەوەکەکاك ملازم ستار لەویٚ بوو سەرئەکەوتینەوە بۆسورێن لەنێوان عامورەو میری سوردا کاك حمەی حاجی سابیر دەستی کرد بەتێخورین و قسە بکەن وئێوە کێن ودەتان کوژم کەرۆیشتم وتم ئەوەچیە کاکە حمە وتی وەلاٚ ئەوە زەلامە کەچوینە سەریان تەماشامان کرد خەرمانێك گەنمە، جەواڵەو گەنمیان تیٚ کردوە وکۆمەڵێك مەشکەی گەورە گەنمیان تیٚ کردبووباڵ و سەری لەیەك جیابببوەو وەکو زەلام.. جەواڵ بۆگەنم وجۆو شت ئەکرێت وەکو گونیٚ وایە بەلاٚم لەموی بزن دروست ئەکرێت مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت (ئەوەی لەمشك بێت جواڵ ئەدرێت)... مەشکەش دوای ئەوەی خۆشەی ئەکەن ودوکەڵی ئەدەن لەژوریٚ دۆرنجاوی ودوکەلاٚوی گەنمی تیٚ دەکەن بۆئەوەی بکرێتەوەو گەورە بێت بۆچەند رۆژێك وەئەگەر گەنم دەست نەکەوت خۆڵیشی تیٚ دەکەن) ، رۆژی 1984/5/9 ئەو رۆژانەم وەبیرهاتەوە کەباران ناچاری کردین بچینە ناو ئەشکەوتەکەوە،

### خۆپیشاندانی خوێندکاران لەسەرتاسەری کوردستاندا دەستی پیٚ کرد

لەرۆژی 1984/5/11 لەسورێن بوین هەواڵ هات کەرۆژی 1984/5/12 خۆپشان دان دەکرێت خوێندکارانی ئەوکاتە، ئێمە کۆمیتەی ئاسۆسمان هەبوو زۆر بەهێز بوون، لە معهدی فەنی ولەجێگاکانی تر ئاگاداریان کردین وە جگە لەوەش محمد غەفوروهاورێکانی نەبەزحاجی حسێن وئەحمەدعومەروئەوان هەموو خۆیان ئامادە کردبوو بۆ خۆپیشاندان ئەوکات سەرپەرشتی رێکخراوی شەهید مام ئاراسیان دەکرد کەبەهێزترین رێکخراوی ناوشاربوو وەمەکتەبی رێکخستنی ناوخۆش لەنزیکەوە چاودێری دەکردن وەیەکێتی ئافرەتانی سۆسیالست لەویٚ دەورێکی گرنگیان هەبوو وەبنەمای ئەو راپەرینە هەمووی دەگەرێتەوە بۆساڵەکانی 1982 –1983 چونکە جەیشی عێراقی دووچاری شەرێکی گەورەیان کردبوو وەخۆراکی ئەو شەرەش خەڵکی عێراق وکوردستان بووبۆیە رژێم پەنای بردەبەر رەش بگیری (سەفەربەلك) بۆپرکردنەوەی ئەو شکستە گەورەیە خوێندکارانیش ئەبوایە بچن بۆسەربازی بەتایبەتی بەناوی جەیش شەعبی وتەلاٚئع وئەوبابەتانەوە بۆیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی عێراق (مجلس قیادە الپورە) بریارێکی ئاراستەی وەزارەتی فێرکردنی بالاٚولێکۆڵینەی زانستی

کردکەدەبێت هەموو زانکۆو پەیمانگاکان ئاگادار بکرێتەوە کەهەموو خوێندکاران جگە لەخوێندکارانی دوا قۆناغی خوێندن کەئەوانە دەبوایە خۆیان بچواین بۆسەربازی بۆیە هەمویان خستە ژێر مەشقی سەربازیەوە بەسەرۆکایەتی زانکۆو پەیمانگاکانیشەوە بەلأم هەرلەسەرتاوە ئەم بریارە بەتایبەتی لەلایەن خوێندکارە کوردەکانەوە بەتوندی بەرپەرچ درایەوە بۆیە هەر لەسەرەتاوە زانکۆی سلێمانی گوازرایەوە بۆهەولێر کەبەبەهانەی ئەوەی سلێمانی ئامن نیە چونکە پاسۆك نزیکەی (20) قوتابی عەرەب وفەلەستینەکانیان گرتبوو لەوکاتەدا بەلأم لەئەساسەوە ئەوە بەهانەبوو کەزانکۆی ناونا زانکۆی صلاح الدین بەوناوەوە زانکۆبەرێتە تکریت بەلأم قۆناغی یەکەم بۆهەولێر بۆئەوەی خەڵکەکە رەدفعلی توند پیشان نەدات بۆیە کوردەکان لەزانکۆ وردە وردە کەوتنە خۆکۆکردنەوە و دەست کرا بەخۆ پیشان دان لەناوزانکۆ بۆیە گوازرایەوە بۆناوشاری هەولێر دوای دەنگوباسی خۆپیشان دانەکە گەیشتە زانکۆوپەیمانگای تەکنیکی موصل هەروەها بەوشێوەیە گوازرایەوە بۆپەیمانگای تەکنیکی کەرکوك ئەوکاتانە یەکێتی گورزێکی لەجود وەشاندبوو وەیەکێتی دوای ئەوە کەوتە گفتوگۆلەگەڵ عێراق چونکە پێش ئەوە یەکێتیماندوببوو وەفشارێکی سیاسی زۆری لەسەربوو چونکە مەقەراتی سۆسیالست وشیوعی گرتبووهەروەها زەختی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشی لەسەر بوو بۆیە یەکێتی بریاری گفتوگۆی دا لەگەڵ عێراق وەهاتنی یەکێتی بۆناوشارەکان ئەوەش زیاتر خوێندکارانی هان دا کەخوێندکاران پێیان وابوو هەرچی بکەن یەکێتی نیشتمانی دەست نانێت بەرویانەوەوپشتیوانیان لیٚ دەکات بۆیە لەوکاتەدا مشکیلەیەکی گەورە روبەروی یەکێتی ببوەوە چەند مانگێگ بوو لەمفەوەزاتەدا بوو عێراقیش هیچ هەنگاوێکی ئیجابی نەنابووبەڵکو هەوڵی ئەدا لەقورسایی یەکێتی کەم بکاتەوە ئەویش بەهاندانی جاش وئەوانەی دژی یەکێتی بون هەرچەندە دەبوو یەکێتی لەوکاتەدا راپەینەکانی خوێندکارانی بۆسودی خۆی بەکاربهێنایە بەلأم یەکێتی هاندانی ئەوراپەرینەی بەدەستی جود دەزانی بۆیە هەوڵی ئەدا کپی بکاتەوە خوێندکارانی کورد لەزانکۆوپەیمانگاکانی موصل هەواڵی فەصلٚ کردنی خوێندکارانی زانکۆوپەیمانگاکانی هەولێریان زانی چونکە 5/2 ی خوێندکارانی موصل کورد بون بۆماوەی (3) رۆژ لەگۆرەپانی (المرکزالگلابی)

کەباخچەیەکی گەورەبووبەبەرچاوی پیاوانی رژێمەوە مانگرتنیان دەست پیٚ کرد وەپیاوانی رژێم بەتوندی چاودرێری خوێندکارانی کوردیان دەکرد وەلەچوارەم رۆژی مانگرتندا سەرۆکایەتی زانکۆی موصل داوای کرد وەفدێك بەنوێنەرایەتی خوێندکارە مانگرتوەکان سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی موصل بکات بۆئەوەی چارەسەرێك بۆگیروگرفتەکان بکرێت لەدانیشتنێکدا کەزیاتر لەیەك سەعاتی خایاند سەرۆکی زانکۆی موصل بەنوێنەری مانگرتوەکانی وتبوو ئەگەر دەبابەی حکومەت بێت سەری هەموو خوێندکارەکان پان بکاتەوە من هیچ دەسەلأتێکم نیە بۆیە وەفدەکە بەنائومێدی گەرانەوە وخوێندکاران ناچاربون دەست لەخوێندن بکشێنەوەو هەریەکیٚ بگەرێتەوە بۆشارەکانی خۆیان وەك خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدين وەلەپەیمانگای تەکنیکی کەرکوکیش خوێندکاریان فەصلٚ کردبوولەویٚش خوێندکاران سەردانی لیژنەی تەنسیقیان (54) کردبوو(لیژنەی تەنسیق لەرژێم ویەکێتی پێك هاتبوو) وەناوەکانیان دابونیٚ یەکیٚ لەوانە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاك ئەبوشەهاب بوو چاوی بەخوێندکارەکان کەوتبوو وەداوای لیٚ کردبون کەمانگرتن وخۆپیشان دان لەناوپەیمانگا سازبدەن ئەو هێزبۆپاراستنیان دابین دەکات دووسەیارە بەچەکەوە ئامادە دەکات لەبەردەم پەیمانگادا بەلأم رەئی کاك ئەبوشەهاب ورەئی سەرکردایەتی یەکێتی جیابوو، بەلأم سەرکردایەتی هەولٚی ئەدا خۆپیشان دان نەبێت هەربۆیە وەفدێکی خوێندکاران وقوتابیان سەردانی سورداشیان کرد بۆئەومەبەستە لەویٚ پێیان ووتبون نابیٚ خۆپیشان بکەن ودەبێت بگەرێنەوە سەر پەیمانگاو زانکۆکان وەپێشیان وتبون خۆهیچی تێدانیە ئەگەر ئێوە جەیش شەعبی وشت بکەن موهیم ئەوەیە ئێوە خوێندنەکەتان تەواوبکەن بۆیە جارێکی تر لەکەرکوك مانگرتن دەستی پیٚ کردەوە لەناوپەیمانگای تەکنیکی لەبەردەم هۆلٚی کارەبادا رۆژبەرۆژ ژمارەیان زیادی دەکردتاوای لێهات سەرۆکایەتی پەیمانگاو ئەمنەکان پیٚ ی سەغلەت بون وکەوتنە لێدان وگرتنیان بەلأم خوێندکاران سوربون لەسەر داواکەیان بۆیە (عەمید)وراگری پەیمانگا هاتە لای خوێندکاران وداوای لیٚ کردن دەست لەمانگرتن هەلٚگرن بەلأم ئەوان هەر سور بون لەسەرداواکەیان بۆیە دوای ئەوە مەسئولێکی بەعس بەناوی (زهيرالقادری)هاتە لایان بەلأم خوێندکاران هەرسوربون بۆیە ئەویش زۆربەتوندی

قسەی لەگەڵ کردن بۆدواجار پەیمانگا بریاری دا کەخوێندکاران پەیمانگا بەجێ بهێڵن وروبکەنەوە شارەکانی خۆیان لەوکاتەدا یەکێتی لەگفتوگۆدا بوو نەیدەویست بارودۆخەکە ئاڵۆزبێت وگێروگرفتی بۆدروست ببێت وەکو ئەرکێکی نەتەوەیش نەیدەتوانی رێگا لەخوێندکاران بگرێت یادەستیان لێ بوەشێنێت وەلایەنەکانی بەرەی جودیش بەئاشکراو بەتایبەتی خوێندکارانی سۆسیالست دەوریان دیاربوو وەهەموو خوێندکاران لەکەرکوك وموصڵەوە گەرانەوە بۆسلێمانی وەزعی سلێمانی رۆژبەرۆژ ئاڵۆزتر دەبووخوێندکاران لەزانکۆوپەیمانگاکان دەستیان دایە کاری رێکخستن وەکۆمیتەیەکیان دروست کردبۆسەرپەرشتی کردنیان ئەو لیژنەیە لەلایەن خوێندکارانەوە هەڵبژێردران، لەشەوی 10-984/5/11 ئەوکۆمیتەیە کۆبونەوە لەماڵی کاك تەحسین قادربەرزنجی چونکە سەرداری برای خوێندکاربوو لەزانکۆ وەسەروەری برای ڤابگ بوو لەجەیشی عێراق وەماڵی ئەوان جێگای گومان نەبوو لەکاتی کۆبونەوەکە سەروەرخۆی کردبەژوورەوە و بینینی بەلاّم بیّ قسە گەرایەوە دواوە وهیچی نەوت چونکە لەماڵی خۆیان بوو وەلەکۆبونەوەکە بریاردرا خۆپیشان دان لەسلێمانی دەست پیّ بکات لەرۆژی 1984/5/12 کات ژمێر(9)ی سەرلەبەیانی لەبەردەم پارێزگای سلێمانی سەرپەرشتی ئەو خۆپیشاندانە وەکو لێپرسراوی یەکەم لەخوێندکارانی سۆسیالیست دانرا کەئەویش کاك نەبەزی برای شەهید دلّشادی حاجی حسێن، لەرۆژی شەممە رێکەوتی1984/5/12 لەسلێمانی موزاهەرە دەستی پیّ کرد و بەهەزاران قوتابی کوروکچ وجەماوەر تێکەڵ بووگەورەترین خۆپیشاندان لەرۆژانی 12و5/13 بوو وەژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی رژێم کوژرا وەژمارەیەك لەپیاوانی رژێم لەسەر خانوی منەزەمەوە هەڵدرانە خوارەوە وەژمارەیەکیان لەناو سەیارەسوتێنرا لەوکاتەدا هێزەکانی یەکێتی لەناوشاردابون بەشێوەیەکی عەفەوی وشەخسی بەشداریەکی کاریگەریان هەبوو لەخۆپیشاندانەکانە وەپشت وپەنایەکی باش بون بۆخوێندکارن کەیەك لەمەسئولەکانی یەکێتی کاك جەمالی حمەی خواکەرەم بوو نزیکەی (15_20) کەسیان لەئەمنەکان هەڵدایە خوارەوە واتا پشتیوانیەکی باشیان لەخوێندکاران کرد بەلاّم دوای ئەوە بەرەسمی یەکێتی نیشتمانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 984/5/17بەیانێکیان بلاّوکردەوە کەتێدا هاتبوو یەکێتی

نیشتمانی کوردستان دژی ئەوخۆپیشان دانەیە ئەوکاتە لێپرسراوی خوێندکارانی
یەکێتی ناوی لوقمان بوودەمەوبەیانی رۆژی هەینی 984/5/18 بەبڵندگۆ بەکۆڵانەکانی
شاردا دەگەراو داوای لەخوێندکاران و جەماوەردەکرد کەکەس خۆپیشان دان نەکات
وەبگەرێنەوە شوێنی خوێندنی خۆیان وەیەکێك لەوگروپانەی کەشوێن دەستیان دیاربوو
بۆخۆسازدانی راپەرین گروپی (بەرزە)بوو واتا بەرەی رێکخستنی زەحمەتکێشان
کەئەمانە چەندکادرێکی پێشکەوتوی کۆمەڵەبون کەلێیان جیاببونەوە وەئەوانە
هەندێکیان لەلایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەوە تاوانبار کراو بەتایبەتی تاوانی عێراق چێتی
و سەربەگروپی ئالآی شۆرش (ئاش) بۆرۆژی 13و1984/5/14 بۆ هەڵەبجەوقەلآدزەو
زۆربەی شارەکان کەلەوکاتەدا کاك سالاروکاك مەلابەختیار رێنماییان دەکردن کەلەلایەن
کاك نجم الدین فەقی عبدالله و کاك کەمال چاوشین سەرپەرشتی دەکران وەکۆمەڵێ
خەڵکی رۆشنبیریان لەگەڵدا بوو لەوانە جگە لەنجم الدین فەقێ عبدالله کەدەرچووی
کولیەی ئیدارەو اقتصادبوو سیروان ئەحمەد سەعید کۆلیژی ئاداب بەشی فەلسەفەی
زاکۆی بەغدادو کاك جوتیار کۆلیژی زانست زانکۆی صلاح الدین وکاك یوسف کۆلیژی
ئەندازیاری زانکۆی صلاح الدین وکاك سالارە رەش کۆلیژی کشتوکاڵ ئەسکی کەڵەك و
کاك ئاوات حمە رەش کۆلیژی ئاداب بەشی اجتماع زانکۆی بەغدادو کاك ئاسۆ عومەر
توفیق کۆلیژی کشتوکاڵ (ئەسکی کەڵەك)و کاك دکتۆر ئەکرەم کۆلیژی پزیشکی زانکۆی
صلاح الدین ، خۆپیشان دان تەنییەوەو لەپر رادیوی یەکێتی کەوتەوە ئیش وادیار بوو
عێراق گلەیی لێ کردبون وبۆ رێگا دەدەن، لەپێشا ناوی (150) پێشمەرگەی
سۆسیالستی خوێندەوە کەلەهەولێر تەسلیم بەیەکێتی نیشتمانی بونەتەوە لەوانەمام
غەفور فەرماندەی هەرێمی (7)ی قەرەچوغ وعبدالله بۆر فەرماندەی هەرێمی (12)ی
سۆران و بورهان بلەیی فەرماندەی هەرێمی (17)ی کۆرەك وزۆرکەسی کەی خوێندەوە
کەخۆیان تەسلیم بەیەکێتی کردۆتەوە لەمەقەرەکان، ئەوکاتە لەبارزان بون وهاتوچۆیان
لەسەر سرێشمەوە بوو هەردوای ئەوەش داوای لەقوتابیان و خوێندکاران کرد کەهێمنی
بپارێزن و بەگوێ ی جاشەکانی جود نەکەن و لەو کاتەدا دژی جودو پشتیوانیان لەرژێم
دەکرد، کاك ئازاد هەورامی و چەند کەسێکی کەیان ناردە ناوشاربەقسەو بەهەرەشە

ئەوەش کەس لەگوێ ی نەگرتن، ئەم جار رژێم بەقوەخاسەوە رژایە شارو تەقەی کردو چەند قوتابیەك شەهید بوو ئەوە زیاتر بووبەهۆی مان گرتن لەهەموو شارەکان، لەکەرکوکیشەوە راپەرین و مانگرتن و نارەزای بەرزبوەوە بەڵام یەکێتی زۆر تەنگاو ببوو هەر هەوڵی هێواش کردنەوەو ئارام کردنەوەی بارودۆخەکەیان بوو، لەرۆژی 13و1984/5/14 لەهەموو شارەکان مانگرتن دەستی پێکردودوکان داخراو شارەکان ئاڵۆزتر بوون هەروەها چەندین موزاهەرەی جیاجیا بوو لەهەڵەبجەو سەیدصادق وزۆرجێگای کەشی گرتەوە وەئەو موزاهەرەیەی سیروان وهەڵەبجە نەجم گردی شەریفی مەسئولی بوو، رۆژی 1984/5/14 هێزێکی یەکێتی بەسەیارە لەجادەوە لەسەیدصادقەوە چونە تەپەتۆڵەکەو دەوری مەفرەزەکەیان گرت کەخۆیان ئامادە کردبوو بۆناوشارەکان و پشتیوانی راپەرینی خوێندکاران وجەماوەربکەن کەبرۆن لەسەعات(1)ی دوای نیوەرۆوە لەهەموو لایەکەوە چەند بەرامبەری مەفرەزەکەی سۆسیالست ویەکێتی چونە سەرماڵ ومناڵ وتەقە دەستی کردودوای شەرێکی چەند سەعاتێکی خایاند، نەجم ئەحمەد گردی شەریفی فەرماندەیان شەهید بوو ئەحمەد گردی شەریف بەسەختی بریندار‌بوو سەرەرای زۆری یەکێتی لەجادەوە هاتبون برادەرانی توانی بویان زەرەر لەیەکێتی بدەن و بریندارەکەش دەربکەن و شەریش بکەن ، فواد گەرمیانی مەسئولی هیزەکەی ئەوان بکوژن و بگەرێنەوە دواوە بۆبارەگای قوەی هەورامان لەبانی شار ، ئەحمەد کەریم گردی شەریفی کەبریندار‌بوو بەولاخ ناردمان بۆئێران بۆچارەسەرلەبەر سەختی برینەکەی، ئەحمەد لەنێوان ئێڵاَن پێ و وشکە ناودا لای دارەکەی سەرملەکەدا لەپشتی هانەی قول لەرێگا شەهیدبوو، نەجم ئەحمەد گردی شەریفی کورێکی ئازاو لێهاتوو دڵسۆزو بەتوانابوو خاوەن بیروباوەرو سۆسیالستێکی دڵسۆزورۆشنبیرێکی باش بوو، جارجارشتی بۆگۆڤاری سورێن دەنووسی و لەکاری هونەروشانۆدا شارەزابوو وەدەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو وەکادرێکی باشی دوا رۆژبوو، بەڵام لەوکاتەدا یەکێتی بەناحەق شەهیدی کرد، لەدوای گەرانەوەیان ئەوە چەنەم جاربوو شەرمان لەگەڵ بکەن ئێمەش بریاری دەست وەشاندنمان داو لەتەپی سەفاو لەناوگردان ولەموانی مەلاتاهیر نزیکەی (5-6) کەسیان لێ کوژراو لەهەموو لایەکمان دان و سەغڵەتمان کردن، بەڵام

ئەحمەد گردی شەریفی پێشمەریەگی دڵسۆزو باش بووچەند ساڵێك پێشمەرگە بوو چەند جارێکش بریندارکرابوو وەچەند جارێکش کەوتبوە کەمین ولەتەپی سەفاش دەرگایان لێگرابوو هەر شەری دەکرد.. مانگرتن وراپەرینی شاروخوێندکاران هەر بەردەوام بوو، لە1984/5/16 لەبانی شار بوین هەر لەوێ ماینەوە تا 1984/5/19 ، خانووەکان بەدار بەروی تەر دروست کرابون شەو لەژورەکەدا گەنە دەهاتە خوارەوە دارەکە لەبنی خانوەکەدا گەلآی کردبوو شتێکی سەیر بوولام، لە1984/5/19 لەبانی شار گەراینەوە وچوینە میری سوروبۆسوڵتان ومەقەری هەرێمی(5)و چوینە لایان وسەردانمان کردن بۆ لای محمود چونکە شەهید نەجم برای بوو شەهید ببوو بۆسەرخۆشی هەر لەومەفرەزانەی بۆ شاربازێر رۆیشتبون بۆ بەدەم راپەرینەکانەوە مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەرێمی (1)و رێکخراوی شەهید کەریمە ریشەو هەرێمی(4) لەنێوان میرمام وئەشکەوتان لەدۆڵی گلاڵ کەمینێکیان دانابوو چەند سەیارەیەکی عەسکەری تێکەوتبوو کەلەشەری ئێران _عێراق ورێگای حاجی مامەندوئەوانە لەدۆڵی گلاڵەوە جادەی لێ دابوو بۆسەر جەبهەکان، عێراق لەوشەرە(7)سەربازی کوژراو چەندین بریندارکراو سیارەیەکی سوتاو هەندێك چەك ودەمانجەیەك گیراو زیانی ئێمەش مام بەختیار ئامر مەفرەزە لەهەرێمی (4)ی جافەتی بوو زۆر خراپ رانێکی شکابوو صابونەوپاژنەی قاچی هەموئیسقانەکەی تێك دابوو بەسەریەکداو بەزەحمەتێکی زۆر لەرێگای رێکخستنەکانی حزبەوە پێشمەرگەکان هێنابویانەوە مەقەری هەرێمی(1) لەمنجەرو دوای تەداوی لەرۆژی 1984/5/21 بەرێ مان کرد بۆئێران بۆچارەسەروپاشان بۆدەرەوەی وڵات وئێستاش مام بەختیار سۆسیالستەو لەدانیمارکەو چاك بۆتەوە بەلآم کەمێك دەشەلێ، بەلآم کورێکی زۆربەوەفایەوهەموو کاتێك سەر لەهەڤاڵەکانی کوردستانی دەداتەوە، خۆی خەڵکی گوندی هەیاسی یە لای بازیان، هەرێمی (3و4)مان لەرۆژی 1984/5/22 بەرێکرد بۆ شاربازێرو ئەوناوچانەی کەئێران گرتبووی نزیك بووبۆ هێزەکانی ئێمەش ئێمە چووینە کانی خەیاران ودزڵی و مەریوان شەو لەمەریوان ماینەوە ، لەرۆژی 1984/5/23 بە(5-6) سەیارە چووینە باشماغ وخانمەشیخان وکارێز ومەسۆیی لای پێنجوین ، بەدووسەعات گەیشتینە چنارەی شەغڵ مارین و لەوێ خانووپەیدا کراو مەقەر دانرا

وپارتیش لەگەڵ هێرشی ئێران دا هاتبون کە هاتبوون مەقەریان هەرلەچنارە دانابوو، لە1984/5/25 بەتەواوی مەقەرات کراو رێکخران منیش لایان مامەوە لەچنارە هەر ئەو رۆژە دەعوەتی پارتی بووین لەچنارە لەویَ دەعوەتیان کردین بۆنیوەرۆ هەندێك ساردی لەنێوان ئێمەو پارتی دا هەبوو ئێمەرێگای ئەوانمان نەئەدا گومرگ بکەن لەناوچەکە چونکە ئەوانیش لەبادینان حسەی گومرگی ئێمەیان نەئەدا ئەوکاتە کاك قادر عەزیز مەسئولی لقی دهۆك بوو نامەی ناردبوو بۆمەکتەبی سیاسی کەپارتی رێگەیان نەئەدا گومرگ دانین یاحسەیان بدەنیَ ئێمەش لەبەر ئەوە نە حسەمان ئەدا بەپارتی ونەرێگەمان ئەدا گومرگ دانێن لەوناوچەیە لەسەرئەوە رێك نەبووین چووین بۆ دەعوەت کاك رۆژ نوری شاوەیس و کاك فرانسۆ حەریری و کاك حەمیدە فەنی و کاك ئازاد قەرەداغی لەویَ بوون و قسە لەسەر رووداوە کان کراو گەرم کردنی جود کەمن باوەرم پێی نەبوو ، لەرۆژی 1984/5/26 پارتی لەشارباژێر هاتنە سەردانمان بۆ مەقەری هەرێمی (3-4) ئەوکاتە چۆن یەکێتی لەپێشەوە شەری دەکردین پارتیش لەژێرناوی دۆستایەتی و جود دا لەسەنگەردابوون بۆمان و سوودیان لە ئیمکانیەتی خۆیان وەردەگرت وهەندێك لەمەسئولەکانی ئێمەیان بەپارەو مەسئولیەت رادەکێشایە لای خۆیان لەوانە فەرماندەی هەرێمی (3) عوسمان قادر منەوەر و خۆی وخاڵەنەجم و یەك پێشمەرگە واتا سیَ کەس بون وەکاك قادر چاوشین فەرماندەی هەرێمی چوار بەتەنهاو هەتا براکەی لەگەڵی نەورۆیشت کەناوی کاك عبدالرحمان ئەحمەدبوو دوای لەنێوان سوسیَ وشیلەخاندا شەهیدبوو، کورێکی رۆشنبیرو نووسەریش بوو کادربوو لەجەولەدا لەسوسێوە دەگەرایەوە بۆ شیلەخان لەگەڵ کادرێکی کەکاك عەزیز محمود وابزانم ئێستا لەناوچەی بازیانە کەوتبوونە کەمین و عبدالرحمان شەهید بوو ، لە1984/5/26 لەمەقەری هەرێمی (4)بوین دکتۆر رۆژنوری شاوەیس وحەمیدئەفەنی وفرانسۆ حەریری وئازاد قەرەداغی وئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ومەکتەبی سیاسی پارتی بون کاك عەدنان کەمال وکاك عبدالله ئاغاوکاك شەریفە کەچەڵ هاتنە میوانیمان زۆر قسەکرا لەسەر هەل و مەرجەکان وهاوکاری کردن و بەهێزکردنی جود، لەرۆژی 1984/5/27 هێزێکی هاوبەشی هەرێمی (3و4و5)و بارەگاکانی لقی سلێمانی لەشارباژێر بوون، لەشەوی 27-1984\5\28

چونه سەر رەبایەکانی نێوان چنارەو پارەزان وحاجی مامەندلیٚ یان داو زەرەریان پیٚ گەیاندو برادەرانی ئێمە بیٚ زیان بون بەجیهاز پەیوەندی هەبوو، لە1984/5/28 لەچنارەی شەخلٚ مارینەوە بۆ شلێرودەشتی پێنجوێن ومەریوان وگەرامەوە دزلٚی، (3) مەفرەزەش بەریٚ کرابۆناو شاری سلێمانی بۆ دۆلٚی جافەتی بۆبەری عەوالٚ وشیلەخان وپیرەمەگرون، لە1984/5/29 لەدزلٚی بوین لەسورێن هێزی ئێمەو شیوعی و پارتی بەرامبەری یەك وەستابون لەوە دەچوو شەر ببێت من گەرامەوە، لەرۆژی 1984/5/30 لەسورێنەوە هاتمە خوار لەمنارە کەوەی لای چنارەوە کەمینی پارتی لێبوو کەچاویان بەمن کەوت هەلٚهاتن و رۆیشتن دووسیٚ کەسیان توشم بوون زۆر شەرمەزاربون و پێم وتن بۆ لێرەن وتیان واهاتوین برۆین بۆبانی شار بەلاٚم برادەرانی ئێوە رێگامان پیٚ نادەن ، منیش وتم وەرن برۆن کەرۆیشتمە خوارتر راست بوو برادەرانی ئێمە بەرزایەکانی سەروی حزبی شیوعیان گرتبوو مەلاهەژاریش نامەیەکی بیٚ سەروبەری بۆپارتی نوسیبو رێگایان نەدەن هاتوچۆ بکەن بەلاٚم لەخوارەوە نوسیبوی ئیتر بۆپێشەوە حزبی حسك، هیچ مانایەکی نەبوو نامەکەی فۆتۆکۆپی کردبوو بلاٚویان کردەوە کەقسەی ناشرینی بەپارتی وتووە ، من کە گەیشتم مەفرزەیەکی هاوبەشی پارتی وپاسۆك وشیوعی هاتبونە سەر گومرگەکە کەهەمووومان لەجود داین تاپێش ئەوە پارتی بەئاسانی رێگای لقی ئێمەی بۆدهۆك وئەوناوچانە نەئەداو پارەی گومرگی دهۆك وبادینانیان نەئەداوئێمەش وامعامەلەمان دەکردن و ئەوان دەیانوت ئەو گومرگە شەخسیەو هی پارتی و مالٚی بارزانیە ئێمەش وتمان ئەو گومرگەی ئێرەش شەخسیەو هی سۆسیالستە وەلاٚمی مەقەرەکەمان توند دایەوەو ئیتر من نەچوم بۆکۆبونەوەی بەرەی جودو دوربوم لیٚ و لەهاوکاری وگومرگە کەشمان نەدانیٚ و بەلاٚم لەگەلٚ پاسۆك هەریەك مالٚمان هەبوو لەپارەوئازوقەو چادرووەسیلەی راگەیاندن دەماخستە ئختیاریان وپێکەوە بوین، حزبی شیوعی هاتن ووازیان هێنا پارتیش بەتەنها ماوەیەك زەختمان خستە سەریان وئەوانیش وازیان هێنا لەگومرگەکەی منجەر، لە 1984/5/31 کەدووی رەمەزان بوو بەرۆژوبوم لەومانگەدا نەجم وئەحمەد کەریم شەهید ببون لەقوەی هەورامان لەتەپەتۆلٚەکە بەدەستی یەکێتی، لە1984/6/1 لەسورێن بوین رۆژێکی خۆش بوو من هەر ئەوەندەم نوسیوە لەو

رۆژەدا دەڵێت خۆش ترین رۆژبوە لەوانەیە رۆژەکە بەهاربووە رۆژەکە بەهاربووە دنیاسەوزبووە مەبەست لەرۆژەکەدا بوبێت نەک وەزعەکە، لەوکاتەدا (6)ساڵ تێ دەپەری بەسەر کارەساتی هەکاری دا کە لە(800)کەس (8) کەس واتا من و(7) کەسی کە بەچەکەوە دەرچوین وگەراینەوە ناوچەکانی خۆمان لەقەندیل، لە1984/6/2 لەدەرەکۆرەبوین وئاومان بەسۆندە بۆراکێشا بۆئەوەی گومرگەکە زۆر گەورە ببوو خەڵکەکە زۆر بوو ئاو بەشی نەدەکرد بۆیە ئاومان بۆراکێشاجگە لەکانی منجەر خۆی، لە رۆژی 1984/6/4 لەسورێن وسوڵتان بوین لەمەقەری هەرێمی (5)، هەر ئەورۆژە(اقوال الصحف) بلاْوی کردەوە لەرادیوی بەغداد کەبۆیەکەم جار عەمەلیاتێك کراوە لەدنیادا دەستێکی براو دەستێکی کەی لێ دراوەو سەرکەوتو بوو، لە1984/6/5 عێراق بەتەیارە لەشاری بانەی ئێرانی داو (600)کەس کوژراو بریندداربون لەوانە کەریمی دادە مەنەوخەڵکی سلێمانی تێدا بوو، لە1984/6/6 بۆیەکەم جار یەك تەڵ موی سپیم بینی لەریشم دا لەژێر چەناکەم دا، لە1984/6/7 لەسورێن بوین تۆپ بارانی ریشێن کرا لەئێرانەوە، لەرۆژی1984/6/25 ئامینی خۆشکم لەگەڵ شەوکەت و ئەحمەد مام حوسێن وحەسەن دا گیران لەسەر رێگای خورماڵ بە بەیاناتی حزبەوە، لە1984/6/26 چوینە مەقەری کۆمیتەی سلێمانی کەرکوك لەوێشەوە چوینە سەروتر بۆ پێشوازی وەفدێکی ئێرانی کەلەگەڵ خاڵەحاجی هاتبوون لەسەعات (11)ی پێش نیوەرۆ گەیشتن و بەگەرمی پێشوازیمان لێ کردن لەوانە حاجی مستەفەوی مەسئولی ئیتلاْعاتی غەربی ئێران و حاجی مهدی بەهادوریان نوێنەری ئایەتوالله حسێن عەلی مونتەزری وهاشمی لەدەفتەری مونتەزری وکاك رەزای خیری لەتەلەفزیونی کۆماری ئیسلامی لەئورمیە، وەفدەکە بەدەسەلاْت و گەورە بون ومیوانی کاك شێخ محمد بون، کۆبونەوەش هەبوو شەو دانیشتبوین کاك رەزای خیری تورك بوو بەلاْم کوردی یەکی زۆر باشی دەزانی وخۆشی نوسەرو ئەدیبێکی بەتوانا بوو بانگی کرد ئەوە لەکوێن، ئێمە لەسەر چیاکە بوین لەپشتی مەقەرەکەوە شاخ وهەردەبوو (25)مەتر بەرزبوو لامان سەیربوو بێ دەنگ هەڵساو دوای چەند دەقیقەیەك وتی ئەوە لەکوێوە بێمە سەرەوە، وتمان تۆلەکوێت وتی کەوتمە خوارەوە لای ئێوە ئێمەش بەپەلە هەڵساین و وتمان ئەگەر لەوێوە کەوتبێت هەر نەماوە وتی مەشەڵژێن هیچ نیەو خۆم دیمە سەرەوە

پێشمەرگە چوون بە(15) دەقیقە نەدەگەیشتەوە لای ئێمە تومەس  هەرلای ئێمە ڕۆیشتووە کەوتۆتە خوارەوە دەبو بمردایە یاپارچە پارچە بوایە هاتەوە لامان هەندێك دەستی ڕوشابوو هەر دەتوت ئەو نەبووە هەر لەقسەی خۆی نەکەوت زۆر سەیربوو بەیانی خۆی بەکامیرای ڤیدیۆی تەلەفزیونی ئورمیە ڕەسمی جێگاکەی گرت کەس باوەری نەدەکرد، بۆنیوەڕۆ چوینە مەقەری هەرێمی (5) لەسوڵتان و لەویٚ بوین ئەوانیش کۆبونەوەو ڕەسمی گرتن و قسەی بۆکردن و وەزعی مەقەرات وهێزەکانی پێشمەرگەی سۆسیالستی بینی، بۆئێوارە چوینەوە ماڵی خۆمان لەدەرەکۆرە بوین لەوکاتەدا تەلەفزیون ئەفلام کارتۆنی لیٚ دەداو بەرنامەی کارتۆن بوو، کاك عبدالخالق هەورامی نوێژی دەکردپیٚ دەچێت لەبەر میوانەکان بێت (عەتاوپشتیوان) ی کورم منالٚ بون لەقاپیەکەوە مام عبدالخالق کەوتبوە نێوان عەتاو پشتیوان وتەلەفزیونەکەوە ئەمان دەستیان ڕاکێشاچونکە هێشتا زمانیان پاك نەببوەوە وتیان بانگی کاك ئەحمەد قەدەفەری یان کرد وتیان ئەوە ئیسلام کارتۆنە دەستیان بۆ تەلەفزیونەکە ڕادەکێشا، مام عبدالخالق وایزانی بۆئەو دەست ڕادەکێشن شکێکی هەبوو لەنوێژەکەی بەپەلەوازی هێناو وتی ئەحمەد قەدەفەری فێری کردون بەمن بڵێن ئیسلام کارتۆن منالٚ بون نەیان دەزانی دوایی بۆی دەرکەوت و ئەحمەد سوێندی بۆخوارد کەئاگای لیٚ نیە لەوەکاتەدا وەفدە ئێرانیەکە چووە سەردانی مەقەری پاسدارەکان لەهەرمیٚڵە لەسەرڕێگا بون لێیان پرسیبون لەم ناوە کام حزب هاوکاریتان دەکات ئەوانیش وتبویان لەم ناوە هەر سۆسیالست هەیەوهاوکاریمان دەکات، بەڵام یەك شتی خراپیان هەیە جارجار لێرەوە ئافرەت دەروات بۆلای شێخ محمدشاکەلی لەو کاتەدا هەر کاری ڕێکخستن زیاتر ئافرەتی بەساڵاچوو نامەکانیان دەهێناو جارجاریش ماڵەوەیان دەچووە سەردانی، بەڵام ئەوان بەشێوەیەکی کە تیٚ گەیشتبون لێیان ئەوان واتێیان گەیاندبون کەئەوە وانیەوئەوانەمولحید نین ونوێژدەکەن وبەڕۆژوون، ڕۆژی 1984/6/30 کرا بەجەژنی ڕەمەزان بەڵام شتێکی وامان نەبوو جەژنی پیٚ بکەین واتا خواردنێکی وانەبوو بەکاربێت، لەڕۆژانی 1 تا1984/7/3 هەر لەسورێن بوین وخەریکی ئیشوکاربوین، لەشەوی 3-1984/7/4 مارێك هات هەر ئەوەندە نەیدابە کاك تامینەوە بەسەر سنگیا دەچوو

بەفیشکە فیشك بەسەر منیشا تێپەری بوو بەڵام لەسەر سنگی کاك تامین ملی بەرز کردبووەوە کاك تامین لەبەر ئێمە دەنگی نەکرد، دوایی برادەران ووتیان رەنگە کاك تامین خەوی دیووە مار نەبووە لەپر لەژێر کەڵەکە بەردێکدا فیشکانی چاوی دەگەران فیشەکێکم لێداو کوشتم ئەوکات باوەریان کرد کەماربوەو خەونەبووە، لەرۆژی 1984/7/4 چوینە میری سوروبۆمەقەر دوای لەدرۆزنەوە گەرامەوە پێم بەمارێکدا نا، ئەوناوە ماردووپشکی زۆربوو بەڵام تەئسیری نەبوو بەکەسیەوە نەدابوو لەوماوەیە لەوێ بوین تەنها بەهێسترێکیّ یەوە دابووئیتر کەسێك زەرەری نەهێنابوو، لە1984/7/5 (9)مەفرەزە پێشمەرگەمان لەشارەزوور بوو کەیەکێتیش لەگەڵ عێراق زیاتر بەدوای پێشمەرگەی سۆسیالیستدا دەگەران، لە شەوی 5–1984/7/6 تاوێك باران باری کەسەیربوو لەوکاتەدا وەختی نیەو باران ببارێت، لەرۆژانی 6تا1984/7/10 هەرلەسورێن بوین کاك محمد حاجی صابیر نامەیەکی بۆمن نوسیبوو دڵسۆزی خۆی پیشان دابوو داواشی کردبوو ئەگەر بکرێت حەزدەکات چاوی بەمن بکەوێت، کاك محمدحاجی صابیریش یەکێك بوو لەوانەی کێشەی لەگەڵ یەکێتی هەبوو بەو مفاوەزاتەش رازی نەبوو پیّ ی خۆش بوو منیش ببینیّ ودەربارەی وەزعەکە شتێك بزانیّ ئیتر نازانم یەکێتی ئیزنیان دابوو یاهەر قەناعەتی خۆی بوو من تەسەورم وابوو یەکێتی بەهۆی رەفاقەتەوەبۆ ئەوەیان ناردووە کەشەر نەبێت یائەوان بریارێکی تازەیان هەیە وازلەرژێم دەهێنن شتێکی وا بەڵام کاك محمد دژی خۆیان ورژێم و ئەوگفتوگۆیەی بەجاشایەتی ناودەبرد وبێزاربوو لیّ ی، لەرۆژانی 11و1984/7/12 هەرلەسورێن بووم، لەرۆژی 1984/7/13 چومە میری سوروبۆشەوەکەی چومە گوندی قەدەفەری و ئەوشەوە کاك محمد حاجی صابیر لەگەڵ مەفرەزەکەی خۆیدا لەویّ بون و یەکمان بینی، کاك ئەحمەد وکۆمەڵێك پێشمەرگەی لەگەڵدابوو ئەوان بەرۆژ هاتبونە قەدەفەری، حاجی سەمین چاوی پێیان کەوتبوو ئەحمەدیش چوو حاجی سەمینی دی وچووبەدوای کاك حمەی حاجی صابیردا بیان هێنێتەلای من، حاجی سەمین بانگی ئەحمەدی کردبوو وتی ئاگاتان لەخۆتان بێت سەگەلەکە لێرەن واتا یەکێتی لێرەن، ئەحمەد وتبووی دەزانم لێرەن وریا دەبین دوای قسەکردن ومانەوەی زۆر ئێمە هاتینە پشت ماڵی حاجی سەمین لەچاڵە

گەنمێکدا دانیشتم وجەماعەت لەدەورمان بوون حاجی سەمین گورج چای هێناو دۆی
ساردی هێنائەوکاتە کارەبا هەبووبەخێرهاتنی گەرمی کردین و وتی ئێستا حەیوان
سەردەبرم وتمان نانمان خواردووە پێشمەرگە وازیان لیّ نەدەهێنا ، لەرۆژی
1984/7/14 لەزەلەرەش بوین لەنێوان قەدەفەری ومەلاوەیسە لەکارێزو ئاوەکە تائێوارەو
ئێوارەی شەوی 14-1984/7/15 لەقەدەفەری بووین و هەمان شەو گەڕاینەوە بۆمیری
سوور وسورێن لە1984/7/16 لەدەرەکۆرەبووین لەرۆژی1984/7/17 لەمەقەری
هەرێمی(5) بووین لەبانی شاربووین لەنیوەرۆە بووبەتەقە تائێوارە بەجیهاز پەیوەندیمان
کرد لەگەڵ ئەحمەد وبرادەرانی وە(5-6) مەفرەزەی چاك مان لەخوارەوەبوون بەڵام
ئێمەهەر غەمی ئەوانمان بوو نەمان زانی کەئەوان تەقەیان کردووە لەحیمایەی جادە،
دوایی یەکێتی وجاش بوبەشەریان چونکە یەکێتی وای زانیبوو جاش تەقەلەوان ئەکات
وجاشیش وایزانیبو یەکێتی تەقەلەوان ئەکات ، لە19-1984/7/25 هەرلەسورێن بووین
ئەمرۆ قیادەی مووەقەتەو جەیشی ئێرانی بەقیادەی ملازم بابکری پارتی لەزێوکەو
ماشکان هاتنەسەر مەقەری حزبی سۆسیالست و شەربوو چەکدارێکی قیادە مووەقەتە
کوژاو دووکەس لەجەیشی ئێران برینداربوون یەکێکیان مرد، لەئێمەش ئاسۆ حەسەن
بریندار بوو لەگەڵ یەکێکدا بەناوی دکتۆرەوە، لەرۆژی 1984/7/22 بروسکەمان بۆهات
لەسەر حادیسەی 7/21 وهاتنی پارتی وراکێشانی جەیشی ئێران بۆسەر بارەگای ئێمە
لەزێوکە لایخانەوشنۆ ئێمەش لەسەرئەوە تەنگمان بەپارتی هەڵچنی وهەرەشەی شەرمان
لەپارتی کرد وهێزمان ئامادەکرد ودەوری مەقەراتی پارتی وڕێگاکانمان گرت، پارتی زۆر
بەگیرهات وداوایان لەسەرکردایەتی حزب کرد، سەرکردایەتی بەیانێکی هاوبەشی
خاڵەحاجی و فاچل مگنی لەجیاتی هەردوولا بڵاو کردەوە و لەرادیۆی پارتی و
سۆسیالستەوە بڵاو کرایەوە ،بەڵام ئێمە هەرلەسەر کاری خۆمان دژی ئەوەی پارتی
کردبووی هەردژیان بووین ومن دوور دەکە وتمەوە لەجوودو پارتی،کاك شێخ محمد
شاکەلیش هەمان رەئی هەبوو بەڵام نەك بەپەلە بکرێت ، لەرۆژانی 23و1984/7/24
هەرلەسورێن ودەرەکۆرەبووین یەکێتی رێگای چالاکی ئێمەی کەم کردبوەوە چونکە
هێزەکانمان لەجێگای خۆیان نەمابوون بارەگایان لەسورێن و ناوچەی شارباژێر بوو

مەفرەزە رەوانەی خوارەوە دەکرا بۆشارەکان یەکێتی لەهەر جێگایەك بیزانیایە پێشمەرگەی سۆسیالست هەیە بەسەدان چەکداری خۆی دەرژاندە سەری، هێزێکمان بەقیادەی قادرمستەفا لەهەرێمەکانی دەشتی هەولێرو خۆشناوەتی لەدەشتی هەولێربوون لەگەڵ قووەتێکی حزبی شیوعی یەکێتی هەرچی هێزیان بوو لەسەری کۆیان کردەوە لەدەشتی هەولێر، هێزەکانی ئێمە لەیەکێتی یان داو هێزەکانی یەکێتی شکان کوژراوبریندارییان لێکەوت لەوکاتەدا هێزی یەکێتی لەهەولێرو ناوشقلاوە بون و مەڵبەندیان لەشەقلاوە بوو بەسەیارە لەسەریان کۆیان کردەوە دوای (2)رۆژوشەو هێزەکانی ئێمە ئەوئابلوقەیان شکاندو بەرەو ناوچەی شەقلاوە رۆیشتن و لەپێش هێزەکانی یەکێتی هەرچی هێزیان بوو بەسیارە لەشەقلاوەو هەولێروناوەچەکەوە کۆیان کردەوە سەریان لەقەلاسنجەودەوروبەری بەلام هێزەکانی سۆسیالیست شەری باشیان کردوزەرەری زۆری لەیەکێتی دا ئەو هێزەی حزبی شیوعی بەتایبەتی ئەوانەیان عەرەب بون لەتینوێتی دا ماندوبون وەزۆرلەوپێشمەرگانە لەتینوێتی دا میزی خۆیان دەخواردەوە،(9)کەس لەحزبی شیوعی گیران وپاشان هەرلەوێ یەکێتی گولەبارانی کردن ئەوکات کاك شەوکەت حاجی مشیر مەسئولی عەسکەری مەڵبەندی (4)ی یەکێتی بوو بەلام هێزەکانی ئێمە بەسەلامەتی و هێزەکەی حزبی شیوعیان گەیاندەوە بارەگاکانیان لەبارزان جگە لەوانەی کەلەوێ تیاچوبون، لەپشتەوە سەرکەوتنەوە هەردوای ئەوەش چەندین مەفرەزەی تر هاتەوە دەشتی هەولێر، یەکێتی تەنها توانی بەهێزی گەورە رێگا بگرێت بەهاوکاری رژێم ومەعلومات و سود وەرگرتن لەو هەلومەرجەی ناوشاروبەسەیارە ی لادێکان، بەلام جەماوەر هەمیشە پشتیوانی لەپێشمەرگەی سۆسیالیست لەهەولێرولەهەموو ناوچەکان دەکرد وە کوشتنی ئەو پێشمەرگانەی حزبی شیوعی بەدیلی بەسلبی بەزەرەری یەکێتی گەرایەوە چونکە هێشتا رژێم نەك هیچی بۆیەکێتی نەکردبوو هەر رۆژەی لەلایەکەوە جاشەکانی هان دەدا لەیەکێتی وە رۆژانە یەکێتی پێشمەرگەی لێ دەگیرا لە سەیتەرەکان وزۆربەی سجنەکان لەدۆست وهەوادارو پێشمەرگەی یەکێتی لەناوشار پربوو، راپەرینی خویندکاران یەکێتی زیاتر نارەحەت کردو هەزاران خەڵکی دژی یەکێتی هاتە سەرجادەکان لەهەولێروسلێمانی وشارەزوورو

قەڵادزەو ڕەواندزوسەیدصادق وهەڵەبجەودەربەندیخان وکەلارو زۆرجێگای کە یەکێتیش هەرلەهەوڵدابوو بۆی چارەسەر نەدەکرا، ڕژێم بەتوندی وەڵامی خۆپیشاندەرەکانی دەدایەوە، وەلەنەتیجەی ئەوخۆپیشاندانەدالەسلێمانی بەپیّ ی ڕاپۆرتی ڕێکخستنەکانی حزب وراپۆرتی خەستەخانە لەوکاتەدا (12) شەهیدهەبوو لەسلێمانی لەگەڵ (25)بریتدارو(138) گیراو وەلەکەرکوك(9)شەهیدو(19) بریندارو (98) گیراو، وەلەهەولێر (8)شەهیدو(18)بریتدارو(40)گیراو وەلەسەیدصادق (2)شەهیدو(6)بریندارو(25)گیراو، وەپێشمەرگەی ئێمە گەیشتە سەیدصادق ورەواندوز بەشداری موزاهەرەیان کردو تەقەیان لەکاربەدەستانی ڕژێم لەناوسەیدصادق کرد(2)خوێندکاری سەر بەحزبمان شەهید بون کەناویان (محمد حاجی صدیق) و(محمدحاجی صاڵح)بوو، وەزعەکە تادەهات ئاڵۆزتر بوو بۆیە یەکێتی کەلەگفتوگۆدابوولەگەڵ عێراق، لەولاشەوە عێراق لەشەرێکی سەخت دا بوو بۆیە یەکێتی هێنابووە گفتوگۆ یاشەری لەگەڵ ڕاگرتبوو بۆئەوەی زەختی ناوخۆی لەسەر کەم ببێتەوە یەکێتیش شەری ئێرانی بۆبکات، نەزەخت بەو شێوەیە کەم بوەوەو نەیەکێتی شەری ئێرانی بۆکرد چونکە یەکێتی جگە لەوەی بەنیوە ئازادی  دەچونە شارەکان بەڵام ئەمن وئیستخبارات جاشیان لیّ هان ئەدان، یەکێتی لەناو شارەکان لەدەرەوە خەتەرتربوو بۆیان هێزەکانی جودیش هەر حزبەی لەئاستی خۆی ئەوەی هەیبوو لەدۆست ولایەنگروجاشەکان دۆستی هەرلایەك یاسەر بەکام حزب بون و ڕێکخراوەکانی ناوشارو خوێندکاران وجوتیاران وکرێکاران وهەرچیان هەبوو ئاگادار کران بۆ دژایەتی یەکێتی لەناوشارەکان و تێکدان وئاڵۆز کردنی باری ئەمنی ناوشارەکان بارژێم نەزانیّ هەمووشت بەدەستی یەکێتی یەو واش دەرچوو یەکێتی لەدەرەوە بو لەبەرچاوی ڕژێم گەورەتر بوو، یەکێتی لەدەرەوە بۆ لای جود حەجمی ناوشاری زیاتربوو، دەرکەوت لایەنەکانی جودوخەڵکی بێزار لەرژێم زیاترە هەربۆیە یەکێتی ڕۆژبەرۆژ نائومێد دەبولە عێراق وگفترگۆکانیان، لە 1984/7/25 لە مەقەری کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی کەرکوکی حزبی سۆسیالست بوین لەمەرتەسە(ئەشکەوتێکە) لای سورێن، لە 1984/7/27 (8)ساڵ ویەك مانگ بوو پێشمەرگە بوم دژی ڕژێمی عێراق، لە1984/7/31 هەر لەسورێن

ودەرەکۆرە بوین، لە1984/8/8 لەسورێن یادی (8)سەڵەی خەبات و(5)ساڵەی دامەزراندنی حزبمان دەکرد، لە1984/8/9 لەمەرتەسەوە چوینە سەری سورێن بۆ کەلە بەری شارەزووریاکەلەبەرە لەو جێگایەوە وەکو قاپیەك وایە شاخەکە دابراوە پێ دەڵێن کەلە بەر یانی قاپی ،دەرگا ، یادابرینی شاخەکە، لەدیوی ئێرانەوە مەریوان ولەولاش تەواوی شارەزووروشارباژێروقەرەداغ وبەشێکی گەرمیان وشەو ئاگری نەوتی کەرکوکی لێوە دیارە،لەئێرانەوە دێن ودەڵێن کەلەبەرەی شارەزوور لەشارەزووریش جارجاریش کەلەبەرە تەنگڵە(تەنگڵە بەهەڵجەی هەورامی یەعنی بچوك) واتا شکاندویانەو گەورەیان کردووە ولاْخێك وبارێکی پێدا تێپەردەبێت چونکە پێشتر هەر یەك زەلامی پێدا تێپەربوەو باری لێوە نەرۆیشتووە لەبەر بچوکی کەچومە ئەویّ رۆژی 1977/5/18کەوتەوە یادم لەوجێگایەدا کەهێرشی گەورەی عێراق هاتە سەرهەموو ناوچەکان لەویّ (2) ورچ مان کوشت بۆ گۆشتەکەی ئەو پێشمەرگە وخێزانانە ئیدارەیان پێ کردلەوماوەیە لەسورێن هێزەکەمان تاکاك عومەری حاجی حمە کەوەی سیاناوم ناردو برنج ورۆن وشەکری پیّ گەیاندین چومەوە ئەو جێگایە بەلاْم لەوەختێکی کەو بەکۆمەڵێکی کەوە جیاواز لەوانەی پێشوو، چوینە کانی خەیاران ئەوکات مەقەری ئێمە لەکانی خەیاران نەمابوو هەموومان هێنابووە دیوی عێراق ومەقەری عیلاقات لەدزڵی هەبوو شەولای مەقەری پاسدارەکان بوین زۆریان رێزوخزمەت کردین ، بۆرۆژی دوایی چوینە دزڵی هەربەسەیارەی ئەوان، لە1984/8/11 هەر لەدزڵی بوین وچوینە تەعزیّ یەك خزمی مام رۆستەم بوو، مام رۆستەم کوردی ئێران بوو خەڵکی دزڵی بوو، ببو بەدۆست وناسراومان بەلاْم پیاوێکی لەخۆبردوو دڵسۆزوکوردپەروەرو بەبیّ هیچ مەبەستێك خۆی وماڵو منالّی خزمەتی پێشمەرگەیان دەکرد ئێمە زۆر مەمنونین کەئێستاش ئەو پیاوە هە رپیّ ی لیّ نەبریوین و ئێمەش هەرسەردانمان کردووە چونکە زۆر دڵسۆزبوو، هەر رۆژی 8/11 بوو بەریّ کەوتین بۆسنە وسەعات (1)ی پاش نیوەرۆ گەیشتینە سنە ،لەمەریوانەوە بۆسنە جادە ناخۆشە و(125)پێچی تێدایەو (135)کیلۆمەترە بەلاْم لەبەر خراپی رێگاکە سەیارە بە(2–3) سەعات یازیاتر دەگات بۆزستان رێگا سەختەوبەفر دەیگرێت و بەزنجیر نەبێت سەیارە دەرناچیّ بەئاسانی چوینە (ئوتێل کاچ) لەسنە من ئەوکات دووسیّ سالّ جارێك سەرم

چاك دەكرديايشمان لەبەر چەند هۆيەك نەدەتاشى، نەماندەتوانى هەموو رۆژێك ريش بتاشين بۆپێشمەرگەش ريش وسەرو ئەوانەش دوژمن حسابێكى بۆدەكردوشتێكى سەيروجياوازبوو لەگەڵ خەڵكى ئاساى گوندەكان چونكە ئەوهەموو سەروريش و تاقمە زۆر سەيربوو لايان، لەدوا نيوەرۆى رۆژى 1984/8/13 لەسەرتاشخانەى (ئێرانيانى سنە) سەرم چاك كردو شەوەكەى بەرێ كەوتين لەسنەوە بۆ مەريوان دواى ئيشوكارەكانمان لەرێگا پاسێكى فۆردى (21) نەفەرى وەرگەرابوو سەيارەكە تێك شكابوو ئێمە زوو دابەزين بۆيارمەتيان خێزانێكى مەريوانى ئافرەتێكيان مردبوو (3) مناڵمان بەبريندارى دەرهێنا ئافرەتێك باڵى شكابوو بريندارەكانمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ شوێشەو فرياى نەخۆشخانەمان خستن، لە1984/8/14 چوينە مەريوان شەو لەماڵى كاك مەلاعومەرى بانى بنۆك بوين لەمەريوان بۆرۆژى دواى هەر لەمەريوان بوين،
لە1984/8/16 لەشەرى پشتى چنارەوە پشتم ئازارى پىَ گەيشتبوو ئازارم زۆربوو نەخۆش بووم، لەساڵى 1976 وە تائەوكاتە نەخۆش نەكەوتبوم، لە1984/8/17 لەمەقەرى ميرى سوربوم، لە1984/8/21 يەك مانگ هاوينى مابوو لەسورێن بوين، لە1984/8/23 مەفرەزەيەكمان لەناوشارى سلێمانى بون شێخ ئومێد لەلايەن يەكێتى يەوە دەوريان گيرابوو ئەوانيش ناچاربووون (3)كەسيان پێوە بون وتەسليم بوون، دواى هەندێك چالاكى عەسكەرى وبڵاوكراوەى حزب كەلەوكاتەدا ئەو پێشمەرگانەى دەچوونە ناوشارەكان يەكێتى زۆر تاقيبى دەكردن لەرژێم زياتر، لە1984/8/29 لەسورێن ودەرەكۆرە بوين و ميوانمان هەبوو ئەوكاتە رۆژانەمراجعەو ميوانمان هەبوو بەڵام ئەوەى كە بەئيشى تايبەتى دەهات ياوەفدى ولاتێك يالايەنێك بەميوان نوسيومانە، لەورۆژەدا (14)ساڵ تىَ دەپەرى بەسەر دامەزراندنى كۆرى زانيارى كورد لەعێراق، لە1984/8/30 هەر لەدەرەكۆرەوسورێن بوين، لە1984/8/31 تەيارەيەكى نەفەر هەڵگرى ئێران بە(206) سەرنشينەوە كەوتە خوارەوەو هەموو سەرنشينەكانى مردن هەر ئەورۆژە لەلاى توتمان كۆمەڵێك جاشى عێراق بەدەستى ئێران كوژران و تەفروتونا بون، لە31-1984/9/1 يەكێتى لەوكاتەدا زۆر بەتوندى بەدواى مەفرەزەكانى سۆسيالستدا دەگەران لەناو شارو لەشارەزوورو هەموولايەك هەرچى هێزيان هەبوو لەشارەزوور كۆيان كردبووەو ئەوەش

لەترسی جاش نەبوولە شارەکان جگە لەو گوندانەی مەقەریان تیا دانابوو لەناو هەموو گوندەکانیش چەکداریان دامەزراندبوو بۆئەوەی هەتا بۆشەویش ڕێگای نان خواردنیان لەگوندەکان نەبێت پێشمەرگەکانی سۆسیالست وەکەسوکاری پێشمەرگەیان عەزیەت دەدا دووسیٚ ڕۆژ پێشتر شێخ ئومێد و دووکەسیان لەناوشاری سلێمانی گرتبوو، قوەتێکیان لەگوندی تەپە ڕێزینە زیاترلە(100) کەسیان بەقیادەی ئەحمەد شاتوانی ومحمود گەرمیانی لەویٚ دانابوو کەهەردووکیان زۆر دژی سۆسیالست بون، ئەوهێزەی یەکێتی ماوەیەکی زۆربوو لەدوای هێزەکانی ئێمە نەدەبونەوە لەهەرلایەك بونایە دەچونە سەریان یا ڕژێمیان لیٚ ئاگادار دەکرد بچنە سەریان، ئەحمەدشاتوانی ومحمود گەرمیانی هەردووکیان محمود بەتایبەتی دژی هاولاٚتیان وخەلٚکی ناوچەکە کاری خراپیان دەکردو زۆر دوژمنایەتی حزبی سۆسیالستیان دەکرد، لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی و کاك نەوشیروان مستەفاوە پشتیوانیان لیٚ دەکراو سەری مالٚی ئەحمەدشاتوانی دابوو لەدوای گەرانەوەیان لای ڕژێم، ئەحمەدومحمود هەردوکیان لەعەشیرەتی شاتری بوون، کاك نەوشیروان لەپشتیان بوو لەبەر ئەوە ئەوانیش ئەچون کاری خراپیان دەکردوکاك نەوشیروانیش چاوپۆشی لیٚ دەکردن و هانی دەدان دژی حزبی سۆسیالیست چونکە ئەوان خزمی ئەون و دەبێت کاری بۆبکەن ودیفاع لەیەکێتی بکەن، کاك نەوشیروان بەناوی عەشائیریەوە سەردانی هەموو کوێخاو سەرەك عەشیرەت وریش سپی شاتری کرد لەشارەزوورو گەرمیان لەدوای ڕاپەرینی سالٚی 1991 وە هەمان کاری کرد لەهەلٚبژرادندا هەمان شێوە لەسالاٚنی شەری برا کوژیدا محمود سلێمان دۆستی سۆسیالستیان گرتبوو جگە لەلێدان وقسەی سوك سمێلٚێکی گەورەی هەبوو لایەکیان بەدەست هەلٚیان کێشابوو یا دەرهێنابوو لەبن ولایەکی مابوو دەیانوت نابێت بیتاشی ئەوەبوو دووسیٚ ڕۆژ بەیەك لاسمێلٚەوە سوراندبویانەوە لەمالٚی کاك ابراهیم محمود یاروەیس وایان لیٚ کردبوولەگوندی کشەیەری شارەزوور وەزۆریان لیٚ دابوو یەکێتی داوای لەکاك ابراهیم کردبوو بچێتە دەرەوە ئەویش وای زانیبوو کۆبونەوەیان هەیە ئەویش چوبوە دەرەوە کاتیٚ محمود هەواردەکات لەژوورەوە کاك ابراهیم خۆی دەکات بەژورداوسەیرئەکات هەریەکەیان پەلێکیان گرتوەو لیٚ ی ئەدەن وەلایەك سمێلٚیان لیٚ کردۆتەوە کاك محمود

لای زەراعەت بوو لەگەڵ ماڵ ومناڵەکەی لەکانی سەید لای قاجر لەودەشتە ماڵ ومناڵەکانی لای توتن بون ئەوانیش وایان لێکردبوو ،هەرچی سوکایەتی بوو بەخەڵك بەگشتی و کەسوکاری سۆسیالست بەتایبەتی کردبویان، محمودسلێمان بەو هەموو لێدان وتەعدا لیٚ کراوی وهەڵکەندنی سمێڵی بەریان دابوو لاکەی کەشی خۆی تاشیبوی ئەو پێشمەرگانەی سۆسیالیست چوبون بۆسەردانی و فشەیان کردبوو بۆی و وتبویان حەقت دەسێنین ویەکێکیان وتبوی من دەبابەم ولولەکەیم پێوە نیەو ئەویان وتبووی من ناقیلەم ودۆشکەکەم پێوەنیە و ئەوی تریان وتبوی من ئار.بی.جی م وگولەم تێدانیە و ئەویش وتبوی ئەوەی من ........ گولەیەتی وبیخەنە ئار.بی.جی یەکەتان، من هەموو گیانم شکاوەوئێوە هاتون پێم رائەبوێرن عەلی بچکۆل وشێخ توفیق وابراهیم قاجری وئەحمەد قەدەفەری و محمودگردی شەریفی ئەو پێشمەرگانە بەمحمودیان رابواردبوو ئەویش قسەی پیٚ وتبوون، برادەرانی ئێمە خەبەریان دابونیٚ کەشەوی 31-1984/8/1 یەکێتی هەموو گوندەکان دەگرن ومەسئولەکانیش دەچنە تەپەرێزینە وسەرجادەو کەمین بۆهەموو گوندەکانی شارەزوور دەردەکەن مەفرەزەیەکی حزبمان لەوناوە نزیك دەبێت وئاگاداری دەکەن وئەوانیش نزیك دەبنەوە لەگوندەکەوە (2)پێشمەرگەیان بیٚ ئەوەی خۆیان تێك بدەن دێنە ناو گوندەکەو هەرکەسیٚ پرسیاریان لیٚ دەکات دەڵێن یەکێتین تاقیب دەکەن ئەحمەد شاتوانی ومحمودگەرمیانی ومەسئولەکانیان لەماڵێکدا دەبن لەناوەراستی ئاوایدا ماڵەکەش دۆستی سۆسیالیست بوو هەموو گوندەکە یەك ماڵی یەکێتی تێدابوو ئەویش بەهۆی ژن خوازیەوە خزمی کاك شەوکەت حاجی مشیربوو ئیتر هەمووی سۆسیالیست بوو بەئێستاشەوە، پێشمەرگەکان دوای ئەوەی لێیان نزیك دەبنەوە ئەحمەدشاتوانی دەناسن لەبەردەم شەوقی کارەباکە لەویٚ دابوو رۆیشتبوو قاتێك شاڵی سپی لەبەر دەبێت و محمودیش هەرشاڵی لەبەربوو دەگەرێنەوە لای مەفرەزەکەو دەڵێن تەئکیدمان کردووە لەماڵی مام فەرەج عبدالله(فەرەجە سوور)داو پێشمەرگەکان لەدیوی تەپەرێزینە تادەگاتە ماڵەکە یەك خەت دروست دەکەن ولەچەند جێگایەك کەمین دادەنێن و (4-5) کەسیان دەچن دەست رێژ یان لیٚ ئەکەن بەڵام لەگەڵ یەکەم تەقەدا کارەبا دەکوژێتەوەو دەبێتە تەپوتۆزو دوکەڵ هەریەکەم تەقە ئەحمەدشاتوانی دەکوژن ومحمودیش خۆی دەکات

بەکوژراوهاوار دەکات فریاکەون ئیترلەهەموو لایەك تەقە دەستی پێکردبوو ئەوان سەریان لێ شێوابوو(2-3) کەسی کەیان لێ بریندار کراومەفرەزەکەی سۆسیالیست بەسەلامەتی دەرچون وبەجیهازئاگاداریان کردین کەوا ئەحمەدشاتوانیان کوشتووە و پێ دەچێت محمود گەرمیانیش بەرکەوتبێت بەلأم 100 ٪ نازانین و یەکێتیش شلەژاون وبانگ وسەلأیان دا دوای ئەوەی تەقەکە کەم دەبێتەوەو دێنەوە هۆش یەکێتی محمودو ئەوانەی لەگەڵ دەبن کاك فەرەجی تەمەن (50) ساڵە لەماڵەکەی خۆیداو لەبەرچاوی منالەکانی بەناحەق محمودگولەبارانی دەکات ئەوپیاوەی لە(10)دەقیقە پێش ئەو روداوە میوان داری لێکردبون وخزمەتی کردبون هەر لەسەر ئەوجێگاوشوێنەی ئەو میوان داری لێ کردبون و لەماڵەکەی خۆی دابوو، شەهید کردنی کاك فەرەج بێ هۆو بێ ئەوەی ئاگای لەروداوەکە هەبێت بوە هۆی بێزاری جەماوەری ناوچەکە دژی یەکێتی ئەوتاوانە لەوکاتەی لەسەنگەری رژێم بوون دژی هاولأتیان کردیان وشەربەسۆسیالست بفرۆشن هەمووی بێزای جەماوەری پێوە دیاربو، رادیوی یەکێتی کردبووی بەهەراو هەرەشەو ئەحمەدی بەناوی جیڤارای شارەزوورەوە بلأوکردەوەو لەپۆستەریش هەروای بۆکرابوو کەجیڤارای شارەزوورە بەلأم ئەوەش زیاتر هێزەکانی یەکێتی ترساند چونکە لەو ماوەی ئەوان لەگەڵ رژێم بوون چەند چالاکی لەوجۆرە کرا دوای ئەوەی کەئەوان دەستیان لەسۆسیالیست وەشاند لەتەپەتۆڵەکە پێشمەرگەی ئێمەش لەناوگردان وموانی مەلاتاهیروعەلی خەلیفە وخالید تەپی کەرەمی لەلایەن مەفرەزەی سۆسیالیست وپاسۆکەوە لێیان درا کەئێمە پێمان ناخۆش بوو چونکە عەلی خەلیفە ئامرکەرتێکی ئازای یەکێتی بوو بەلأم پەیوەندی لەگەڵ ئێمە هەبوونامەی پەیوەندیەکانیشی هەر لامانە وەلە تەپی سەفاو شارباژێرو لەتەپەتۆڵەکەش هەر زەرەریان لێ کەوت وهەرجارەش (2-3)یان چەك دەکراو دەگیراو تەقە لەمەقەراتیان دەکراو ئاسایشیان نەبوو نەیان دەتوانی لەدوای نیوەرۆوە لەجادەی سەیدصادق هەڵەبجە هاتوچۆبکەن، هەرلەوکاتەدا یەکێتی بەهێزێکی زۆرەوە لەتیپەکانی شارەزوورهەورامان خۆیان ئامادەکردوپەلاماری ئەحمەدئاوایان دا چاوساغیان لەپێشەوە کادرێکی خۆیان بوو ناوی کاك (هیوا) برای (نەجدەت) تەوێڵەیی بوو لەباخەکانی ئەحمەدئاوا خۆی شاردبوەوە بۆدزینی پێشمەرگەی

پارتی وەتاقیبی ناوچەکە بکات لەوکاتە کۆمەڵێك پێشمەرگەی پارتی لەویٚ دەبن
پارتیەکان کەیەکێکیان ناوی فەیرۆزبوو کاتیٚ هێزەکەی یەکێتی دەبینن هەڵدێن بەرەو
زەڵم وەکۆمەڵێك پێشمەرگەی ئێمە لەمزگەوتەکەی ئەحمەدئاوا جل ئەشۆن عەلی بچکۆل
وشێخ توفیق ومحمودگردی شەریفی وکۆمەڵێك پێشمەرگەیان لەگەڵ دەبێت کاتیٚ دەبینن
پێشمەرگەی پارتی هەڵدێن بەرەو ژوور دەڵێن ئەوە چیە ئەوانیش دەڵێن هێزی جەلالی
هات چەند دیموکراتی ئێران لەپارتی ئەترسا ئەوەندە پارتیش لەیەکێتی نیشتمانی
ئەترسان وەهەندێك یەکێتی خۆی لەحسك دەپاراست هێزەکەی یەکێتی لەخورماڵ
وخەندەك و تاشڵیە وئاوایی رۆستەم بەگ وسەرجۆگەی دەلێن هێرشیان دەست پیٚ کرد
بەلاٚم هێزەکەی سۆسیالست شەری لەگەڵ کردن بەلاٚم هێزەکەی یەکێتی دوای (3)سەعات
شەر بەشێوەیەکی خراپ شکان کەئەو هەموو کلاٚشە هەورامی سپی جوانەیان لەپیٚ بوو
لەناو چەمی دەلێن وزەڵمدا هەموی قوراوی ببوون وەبریندار‌یان هەبووزەرەریان
هەبوووەنەیان دەتوانی لەبەردەستی هێزەکەی سۆسیالست دەربازبن بۆیە کاك حمەی
حمە سەعیدی تەوێڵەیی لەبەرچاوی خەڵکی هەموو ناوچەکەو خورماڵ وئۆردوگاکە چووە
ناورەبایەی گردی چەقلاٚوەی نزیك خورماڵ کەرەبایەی رژێم بوو داوای لەرەبایەکە کرد
تۆپ بارانی ئەحمەدئاواو خورماڵ وناوچەکە بکەن بۆدەربازبونی هێزەیەکەیان لەوشەرە
ئێمە یەك پێشمەرگەمان بریندار‌بووبەناوی (مەریوان سەیدرەسول) خەڵکی خورماڵ بوو،
مەفرەزەکانی ئێمە بیٚ منەت دەچونە ناو شاروقەزاوناحیەکان و شاری سلێمانیش
لەهەموو کوردستان هەتا لەراپەرین ومانگرتنی خوێندکاران لەرەواندوز
پێشمەرگەودۆستانی ئێمە دەوری گرنگیان هەبوو جگە لەیەکێتی کەس نەبوو پیٚ ی
خۆش نەبێت، حزبی سۆسیالیست تەنها هێزبوو لەسەرساحەی کوردستان کەدەست
لەیەکێتی بوەشێنێت بەتایبەتی لەوکاتەی ئەوان لەگەڵ عێراق دابوون وەیەکێتی دەست
پێشخەربوو بۆ شەر دژی سۆسیالست بەپیٚ ی ئەو مێژوانەی کەلەبەردەستمان دایە
وەسۆسیالست تاکە هێزێك بوو ئازاری یەکێتی بدات و وجودی هەبێت وشەر بکات
لەوکاتەدا تەنها حزبی سۆسیالیست بوو بەزۆری لەهەولێروشارەزوورو رەواندزو پشدەرو
هەموو کوردستان جگە لەقەرداغ وگەرمیان جارجاریش مەفرەزەمان دەگەیشتە بەری

قەرەداغ، وەمەفرزەیەکمان لەزرگوێز توشی مەفرەزەیەکی یەکێتی دەبن پێشمەریەکی یەکێتی دەکوژرێت مەفرەزەکەی ئێمە بەسەرپەرشتی مستەفا دەمرکانی وسەرداریەخیماڵی بوو لەکاتی گەرانەوەیان بۆمەقەری کاك عوسمان قادرمنەوەر لەگوندی عازەبانی شارباژێر کەدێنە ژورەوە بەرێکەوت یەك دوو پێشمەرگەی یەکێتی میوانی کاك عوسمان ئەبن کە دێنە ژورەوە دەڵێن لەزرگوێز توشی شەر بوین لەگەڵ یەکێتی وەیەکێکمان لیٚ کوشتون بەناوی فلاٚن  کاك عوسمان لەبەر میوانەکانی کەیەکێتی ئەبن زۆر احراج ئەبێت ئەڵێت کارێکی خراپتان کردوەو شتێکی خراپە حەق نەبوو کاری وابکەن دوای (10) دەقیقە میوانەکان دەرۆن هەر هەمان کاك عوسمان دەڵێت بەراستی کارێکی باشتان کردووە وەئەوە کاری شۆرشگێریە ئەنجامتان داوە واتا هانی دابون بۆکوشتنی پێشمەرگە، وەلەگەرمیانیش لەرێگای رێکخستنەکانەوە جارجار مەفرەزەی حزبی شیوعی دادەبەزی بەلاٚم پارتی لەو یەك ساڵەی یەکێتی گفتوگۆی هەبوو (4–5) کەسیٚ لەرێگەی حمە کەریم حاجی صاڵح ئامر مەفرەزەی جاش لەزەرایەن وحمەخانی حاجی دارائەویش ناردبونیە لای تەحسین شاوەیس لەچەمچەماڵ یەکێتی پیٚ ی زانین یەکێکیان بەبریندارى لەرێگای جاشەکانەوە گەرایەوە ناوی نجم الدین بوو کادری پارتی بوو، کەسیان نەیاندەتوانی تاشیرەمەر برۆن ئەو هێزەی دەوری هەبوو هەر ئێمە بوین، وەمەفرەزەیەکی حزبی شیوعی کەمحمود حەسەن مەسئولیان بوو ئەوناوچانەی چۆڵ نەکرد، لەرۆژی 1984/9/5 هەرلەسورێن بوین رۆژی جەژنی قوربان بوو مناڵەکانیشمان لەویٚ بون و شتێکی وامان نەبوو جەژنی پیٚ بکەین لەگەڵ مناڵەکانمان لەو شاخە، لەسورێن بوین (54)ساڵ بەسەر رۆژی رەشی (6)ی ئەیلول دا تیٚ دەپەری لەرۆژی 6 ی ئەیلولی ساڵی 1930 دا عەولە سیس وچەندینی تر شەهیدوبریندار‌بون لەبەردەرکی سەرای سلێمانی ، لەسورێن بوین چەند پێشمەرگەی پارتی بەچەکەوە هاتنە لامان یەکێکیان ناوی وەزیر بوو، پارتی عوسمان قادرمنەوەروقادرچاوشین ونجم الدین یان وەرگرتبوو ئێمەش رۆژانە پێشمەرگەی پارتیمان وەردەگرت ئەوەش زیاتر گرژی دروست کردبوو لەلای ئێمەو(جود) بەلاٚم بەئاشکرا یەکێتی نەیدەویست ئەو راستییە بسەلمێنیٚ کەجود بەعەمەلی حزبی سۆسیالستەو لەسەر ساحەو لەکوردستان هەمیشەو هەتا لەراگەیاندن دەیویست لە

قەبارەی حزبی سۆسیالست کەم بکاتەوە بەلأم لەراستیدا هەموو حیسابێکیان دانابوو لەتەوجیهاتی ناوخۆدا تەرکیزیان لەسەر سۆسیالست دەکرد ئەوەش دەگەرایەوە بۆ چەند هۆیەك لەوانە ... ئەگەر سۆسیالستی ئیبراز بکردایە هەتا بەئاشکرا دژی قسەی بکردایە ئەوە بەهێز دەبون وسۆزی جەماوەری زیاتر بۆلای رادەکێشا بۆیە خەڵکی ناو یەکێتی بۆلای پارتی وحزبی شیوعی نەدەرۆیشتن بەلأم بۆلای سۆسیالست دەرۆیشتن چونکە لەروی سایکۆلۆجیو پێشتر پێکەوە بونەو ئاسان تربوو هەربۆیە جەماوەروقەواعدی یەکێتی پیێ ی خۆش بوو لەگەڵ سۆسیالیست نزیك ببنەوە نەك لەگەڵ پارتی وحزبی شیوعی دا، عێراق پیێ ی ناخۆش نەبوو یەکێتی لەگەڵ سۆسیالیست قسە بکات هەتا لەکۆبونەوەیەکدا عێراق بەیەکێتی وتبوو یەکیێ لەمەسئولەکانی یەکێتی وتبوی ئەگەر پەیوەندیان هەیە بەئێوەوە پێیان بڵێن ئەو قسەیە لەهی کاك نەوشیروان دەچێت کەوەلأمی عێراقیان دابوەوە چونکە عێراقیش دەیزانی سۆسیالیست لەجود دوربکەوێتەوە ئەوکاتە جود چالاکی نامێنیێ یاتووشی شەلەل دەبێت بەلأم یەکێتی هەر خۆی لەو راستیانە لادەداو بەنهێنی کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ حزبی شیوعی وپارتی لەسنوری هەولێر، لەبارزان مەقەری سۆسیالیست وحزبی شیوعی لێبوولەناو بارزان ولای شانەدەرو دەوروبەری، وەلەکەرەجاڵیش لەرێگەی نوسەرانەوە کاك حمە حمەی باقی وکاك محمد موکری وچەند کەسێکی کەش ناردیان بۆمەقەری حزبی شیوعی عێراق لەکەرەجاڵ بۆلای کاك مەلائەحمەدی بانی خێڵأنی ئەوانیش نەیان دەهێشت ئێمە بزانین بەوهاتوچۆیە،

رۆڵی حزب لەئاشت بونەوەی گشتی دا

لەمانگی 1984/8 وە یەکێتی دەستی کرد بەپەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی ولەرێگای

ئەوانیشەوە لەگەڵ پارتی دا، حزبی شیوعی لەئێمەیان دەشاردەوە هەتا رۆژێك سەیدکاکە

زانی بووی کە وەفدی یەکێتی هاتووە بۆ بارزان ئەویش قوەتێکی ئامادە کرد رێگایان لیێ

بگرێت لەگەرانەوەیان، حزبی شیوعی هەندێك شتیان باس کردبوو داوایان لەسەیدکاکە

کردبوو کەرێگایان لیٚ نەگرێت چونکە میوانی حزبی شیوعین، دەبێت حزبی شیوعی

وجودو سەیدکاکەش بەشداری کۆبونەوەکە ببێت بەڵام ئەو نەرۆیشتبوو ئێمە هەستمان

کرد حزبی شیوعی هەندێك لەداواکانی لەسەر یەکێتی کەم بۆتەوە هەربۆیە حزبی شیوعی

دەیشاردەوەو حەزی نەدەکردئاشتی بکرێت بۆئەوەی یەکێتی زیاتر لەژێرزەختدا بێت،

یەکێتی نەك عێراق هیچی بۆنەکردبوو بەڵکو خەریك بوو خۆشیان دەکەوتنە خەتەرەوە

واتا بۆ ریش چون ئەوەندەی نەمابوو سمێڵش بخەنە سەری رژێم دەستی کرد بەکوشتنی

کادرەکانی یەکێتی وگرتن وسجن کردن لەوانە سەید کەریم مەسئولی عەسکەری هەولێری

یەکێتی بوو پێشتر کەیەکێك بوو لەمەسئولە دەسەڵاتدارە عەسکەریەکانی ودەیانی کە

رۆژانە پێشمەرگەی یەکێتی جاش شەهیدی دەکردن لەشاخیش بون لەدەرەوە هەر

ئەوەندە زەرەریان لیٚ دەکەوت، یەکێتی رێگای سوریای نەمابوو لەگەڵ ئێران تێك چوبوو

لەگـەڵ عێـراقیش مانـەوەیان زەرەربـوو دوو رێگایـان هـەبوو یـا هێنـانی پـارتی و شـیوعی بۆگفتوگۆ وەکـو خـۆیـان پێکـەوە شـتێك بکـەن عێـراق حزبـی شـیوعی بـەمعارەزەی عێـراقـی دەزانـی نـەك کـوردی، پەیوەنـدیان بـەکوردەوە نـەبوو لای عێـراق ئـەوەش کۆسـپ بوو،یـا ئاشت بونەوەی جودو یەکێتی لەرێگای پارتیەوە لەگەڵ ئێران ئاشت ببێتەوە کەئەوە خەو

بوو یەکێتی لەرێگای پارتیەوە ئاشت ببێتەوە چونکە پارتی نەك ئەوەی نەدەکردو بەڵکو هەوڵی دەدا ئێران بکات بەدژی یەکێتی ، یەکێتی واتێگەیشتبوو سۆسیالیست ئەو حەجمەی لەناو ئێران نیەو لەوانەیە لەرێگای پارتیەوە ئەوشتە ببێت واتا ئەگەر پارتی رازی نەبێت ئەوە سۆسیالیست ناتوانێ پەیوەندی لەگەڵ ئێران بکات هەرواش تێگەیشتبوون ئەگەر پارتی رازی نەبێت ئێران ئاشتی لەگەڵ یەکێتی ناکات کە یەکێتی لەوەدا بەهەڵەدا چوبوو وەکو زۆر شتی کەش ئەوکات ئێمە هێزمان لەبارزان ودەشتی هەولێر هەبوو هێزی پارتی لەدۆڵی سالاریەو خرێنەو دۆڵی گادەر بو لای شنۆ، یەکێتی سەرەتا لەرێگای کاك حەمەی حەمەباقی لەنوسەران هەوڵی ئەوەی دەدا ئەویش هەرلەدورەوە حزبی کۆنیان لاگرنگ بوو وەکو پارتی کەگوایە پارتی حزبێکی گەورەیەو دەتوانێ بریار بدات، حزبی شیوعیش ئەو تەئسیرەی لەسەر پارتی هەیەوهەندێك خەڵکیان دەناسی لەناو حزبی شیوعی لەرێگای ئەوانەوە بەڵام هەموو بۆچونەکان هەڵەبوو نە حزبی شیوعی عێراق ئەوەندە یەکگرتوبوو بەتایبەتی لەدوای پشت ئاشان وقرناقە، کتلەی عەرەبەکان دژی یەکێتی بوون لەوماوەیەدا درێغیان نەکردبوو لەدەرەوەو ناوەوە دژی یەکێتی، ئێستا یەکێتی لەسەنگەری عێراق دایە ئەگەر حزبی شیوعی هەندێك لەناوەوەو یاکوردەکان بیر لەشتێکی وابکەنەوە ئەوە دەرەوەیان هەر رێگایان پێ نادات کۆبونەوەکان لەسەرداوای حزبی شیوعی بوو نوێنەری یەکێتی چوبوە بارزان لەمەقەری حزبی شیوعی (3) کۆبونەوە لەبارزان وناوچەی بارزانی حزبی شیوعی کرا کۆبونەوەی یەکەم لەمانگی 1984/8 لەمەقەری حزبی شیوعی، کۆبونەوەی دووەهەم لەمەکتەبی سیاسی هەردوولا کرالەمانگی 1984/10 ، وەکۆبونەوەی سێ یەم دوای ئەوانە کرابون، نوێنەری یەکێتی لەکۆبونەوەکان ئەمانە بوون ( کاك جەبارفرمان وکاك ئازاد هەورامی وکاك پێشەوا تاڵەبانی)، نوێنەرانی حزبی شیوعی ئەمانە بون (کاك ئەبو حکمت وکاك ئەبو فاروق وکاك ئەبو ئاسۆس)، وەلەکۆبونەوەی سێ یەمدا (عبدالرزاق صافی وئەبو ئاسۆس وئەبوسەیف) بەشداریان کرد، ئەم کۆبونەوانە دەکرا لەژێر پەردەی جود دا کەس باسی نەدەکرد بەڵام من بەپێی ئەو هەواڵانەی لەناو یەکێتی یەوە پێم دەگەیشت تەفاصیل و قسەکانم هەموو لابوو برادەرانی لقی هەولێریش دوایی زانیان،

یەکێتی هەر چاوەڕێ بوو حزبی شیوعی هەر درێژی دەکردەوەو مەسەلەکەی مردار دەکردەوەو یەکێتیش پەلەی بوو بەدیلێ پەیدا بکات وبەعێراق بیفرۆشێتەوە چونکە یەکێتی بەعێراقیان دەووت ئێمە هەوڵ دەدەین لایەنەکانی جود بەتایبەتی حزبی شیوعی وپارتی بهێنینەوەو حسك هیچ نیە کەدەیانزانی ئەوکات هەموو هێزەکانیش لەگەڵ عێراق بونایە حسك نەبوایە کێشەکان چارەسەر نەدەکرا چونکە ئێران ئەوکات تەوازنەکەی راست دەکردەوە ڕێگای نەئەدا حسك خۆی هێزێکی کاریگەربوو جگە لەوەش لەکاتی گفتوگۆی یەکێتی ورژێم هەندێك لەفەرماندە عەسکەریەکانی هەرێمی (3)و عبداللە بۆرومامە غەفەو بورهان بلەیی وچەند کەسێکی کەیان ڕۆیشتبونە لای یەکێتی حزب سەدان کادری هەبوو بۆ پرکردنەوەی جێگاکانیان ئێمە لەو کاتەدا یەکێتی بەهەموو شێوەیەك دژایەتی دەکردین پارتیش دژایەتی دەکردین بەلاّم ئێمە زۆر بێ منەت بوین لەهەردوولایان یەکێتی لەشەردا بوو دژمان یەکێکی لێ ی دەکوشتین دووکەسمان دەکوشت یەکێکیان لێ دەگرتین (4)مان لێ دەگرتن شەری رژێمان دەکرد و مەقەراتمان لەکوردستان وسورێن هەبوو خەڵکی شارەزاو مەفەرەزەمان لەناوشاری سلێمانیدا بون، حزبی شیوعی گلەییان لەمن دەکرد لەوکاتە مامۆستامەلا ئەحمەدی بانی خێڵانی هاتبووە سنوری کەرکوك سلێمانی حزبی شیوعی عێراق، ڕۆژێك لەمەقەری حزبی شیوعی کۆبونەوەمان هەبوو لەئەشکەوتی هەزارئەستون ئەبوتاراو ئەبوشوان وکاك شێخ سەعید لەئێمەش کاك قادرجەباری وکاك شیروان وبرادەرانی پارتی وپاسۆك لەوێ بوون کاك قادروکاك مەلائەحمەد هەر دەیانوت ئەگەر بەفر بباری ڕێگای ئینسحاب هەیە لەسورێنەوە وادیاربوو دوای پشت ئاشان وئاشقولکەوقرناقە بیریان لەئینسحاب کردبوەوە من دووسێ جار قسەم نەکرد دوایی ووتم زستان ئەو ڕێگایە ناگیرێ چونکە دەمزانی ماران گەستەن بەلاّم ئەگەر (10) کەسیش بوینایە لەسورێن هەرگیز بیرمان نەلەیەکێتی ونەلەعێراقیش نەدەکردەوە کەبێتە جێگای ئێمەو سورێن بگیرێت، من بەکاك مەلائەحمەدم ووت ئێوە گفتوگۆتان لەگەڵ یەکێتی دا هەیەو لەئێمەی دەشارنەوە پارتیش دوژمنایەتیمان دەکات ئەگەر وابکەن ئێمە ئیعلانی دەکەین لەجود دەکشێینەوە، جود چی هەیە ئێمە یارمەتی جود دەدەین تائێستاپارتی لەگومرگی بادینان بەشی ئێمە نادات هەتا ڕێگای چالاکی

سیاسیمان نادات کەئێمە لەجود داین وپێکەوەین وەئێمە گلەیمان لەحزبی شیوعی هەر ئەوەندە هەیە ئەو هاتوچۆیەی یەکێتی دەشارنەوە لەئێمە وە لەکۆبونەوەکانیشدا ئێوە پشتیوانی لەقسەکانی پارتی دەکەن وەلەگومرگی منجەریش پشتیوانی لەپارتی دەکەن ئەویش گری گرتوو وتی داوای مەقەرێك و ئەشکەوتێکم کردووە لەبانی شار نەتان دامیٚ... ووتم لەسەرئەو هەڵوێستەتان بووە، وتم وەرن ئێمە هەموو مەقەرەکانتان بۆچۆڵ دەکەین بیٚ جیاوازی ئێمە رێك دەکەوتین لەگەڵ حزبی شیوعیدا کێشەمان نەبوو دوای ئەوە یەکێتی گواستبوە بۆکەرەجاڵ لەرێگای کاك حمەی حمەباقی وە بۆ مەقەری حزبی شیوعی وجارجاریش پارتی، نەحزبی شیوعی ونەکاك حمەی حمەباقی ونەپارتی کەس باسی نەدەکردو لەئێمەیان دەشاردەوە و یەکێتیش خۆی لائەدا لەگەڵ ئێمەداو ئێمەش رەدی هەموو لامان بەشێوەیەك دەدایەوە لەوکاتە لەگفتوگۆدابون ئێمە دەستمان لەبارەگاوپێشمەرگەی یەکێتی دەوەشاند، یەکێتی جاری واهەبوو پاسۆکی دەخستە پێش (جوجە رەسول) یاحسکەوەو لەزنجیرە وتارێکی یەکێتی دا دەیووت عێراق بەئێمە ناروخیٚ وئیش ئیشی ئێمە نیەومەگەر هەر لەشکرەکەی حسك وپاسۆك لەخاڵص وحەمرینەوە هێرش بکات وحکومەتی عێراق بروخێنیٚ بەگاڵتەوە ئەم وتارانەی بلاٚو دەکردەوە، وەلەساڵی 1979 دا دەیوت شۆرشی عێراق دەبێت رژێم بروخێنیٚ ئەوە حسکە تاوان دەکات گفتوگۆلەگەڵ رژێم دەکات ئەوکات حسك باوەری وابوو روخاندنی عێراق پێش شەری عێراق ئێران کاری ئێمە نیە بیروخێنین دوایی یەکێتی پیٚ ی دەفرۆشتینەوە کاتێك پشت ئاشان وقرناقەوئاشقولکە گیرا جانتاکەی کاك رەسول مامەند بەجیٚ مابوو گیراو ئەو نامانەی کەسەیدا صاڵح یوسفی بۆمەکتەبی سیاسی وحزبی نوسیبوو لێیان شاردبوینەوە گوایە صاڵح یوسفی پیربووەو خلاٚفاوە ئەو جۆرە نامانەی نوسیوە، نامەکان دەشارانەوە بۆئەوەی کەس نەیبینیٚ، نامەکان بۆکاك دکتۆرمحمودوکاك رەسول وکاك تاهیرعەلی والی وهەندێکی بۆ مەکتەبی سیاسی نوسرابوو، لەپێش کۆنگرەودوای چەندین کەس داوا دەکات دەڵێت ئێوە حزبێکی دیموکراتی شۆرشگێرن ئێمە هەوڵ دەدەین کورد لەمردن رزگار بکەین وشتێك بۆکورد لەچوارچێوەی عێراقدا بکەین روخاندنی رژێم کاری معارەزەی عێراقیە لەجنوبی عێراق ئێمە کچی خۆمان

بەقوربانی کوری خەڵکی ناکەین هەروەها ئەوەی مارکسی لینینیە ئەوە بڕواتە ناو حزبی شیوعی عێراقی کەنوێنەری چینی کرێکارە وئەویش ناچێتە ئەویٚ بابڕواتە ناو کۆمەڵەوگرنگ ئەوەیە خەبات بکات ئێوەش زەخت لەعێراق بکەن بۆئەوەی بکەونە گفتوگۆو شتێك بەشتێك بکەن ئێوە خۆتان مەگلێنن بەشەری عێراق و روخاندنی رژێم و زۆریەکەشی لەوقسانەی نوسیبوو لەوکاتەدا یەکێتی بەفرسەتی زانی بوو هەموو ئەو نامانەی سەیدای کرد بەیەك نامیلکە وبەعەرەبی وکوردیش تەرجومەی کرد لەرادیویش رۆژانە دای دەبەزاند کەصاڵح یوسفی خۆی داوای کردووەوباوەری بەروخاندنی رژێم نیە بۆئێستا حسك دروشمی روخانی رژێمی هەڵگرتووە زۆریش لەسەری دەرۆیشت بەشێك لەنامەکان لێرەدا بلاۆ دەکەینەوە، چەند جارێك کۆبونەوە لەرێگای نوسەران وحمەی حمەباقی وە لەرێگای ئەحمەدئاوا وزەڵم وکەرەجاڵ کرا ئەوەش هەر نەگەیشتنە ئەنجام چونکە حزبی شیوعی دەویست و دەیویست تۆڵەی خۆی لەیەکێتی بکاتەوە نەك بەشەر بەوشێوەی خۆی دەیەوێت،

## ناکۆکی ناوخۆیی وکاریگەری بۆسەر حزب

ئێمە هەرلەکاری خۆمان بەردەوام بوین بەلاٚم ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی بەتەواوی سەری هەڵدابوو پەیوەندی کردنی هەردوو باڵە ناکۆکەکەی ناو سەرکردایەتی هەوڵیان دەدا پەیوەندی لەگەڵ ئێمەش بکەن، کاك قادرعەزیزوکاك سەعدو کۆمەڵێك لەکادرەکان جارجاریش کاك قادر جەباری پشتیوانی لیٚ دەکردن کاك قادر لەگەڵ کاك رەسول بەهیچ شێوەیەك رێك نەبوو لەهیچ خاڵێك یەکیان نەدەگرتەوە تەنها لەدژی مام خدر نەبێت، مام خدر لەچێشتخانە نانی دەکرد بۆمەکتەبی سیاسی دائیم چێشتەکەی سوێربو کاك رەسول وکاك قادرجەباری هەردوکیان شتی سوێریان نەدەخوارد لەگەڵ نانیان دەهێناو سوێربوو کاك رەسول دەیوت ئەم کابرایە دوژمنایەتیمان دەکات کاك قادریش دەیوت حەقە ئیعدام بکرێت واتا لەسەر مام خدر نەبێت لەهیچ خاڵێك دانی خێریان بەیەکدا نەدەناو بەتایبەتی کاك رەسول تاقەتی نەبوو زەمی کەس بکات ئەگەر نەیان هێنایەتە قسەو لەپاش ملەش

قسەی بەکەس نەدەوت پیاوێکی بەئەدەب و لەسەرخۆوهێمن بوو بەڵام دژی کەسێك بوایە کەس قەناعەتی پێ نەدەکرد تاخۆی بریاری نەدایە بۆیە کاك قادرعەزیز ئەوماوەیە مەسئولی لقی دهۆك بوو زیاتر هەرلەسنوری لقی هەولێربوو هەردوو لقەکە ئەو قیادەی دەکرد مامۆستا ئەمین هەردیکۆربوو لەوێ هەتا مۆرەکەشیان لێ سەندبوو لەوێ وەکو حزبێکی سەربەخۆ نامیلکەی حزبی شۆرشگێرانیان دەرکردبوو حزبی سۆسیالست وەکو حزبێکی مارکسی لینینی یان لەقەڵەم دابوو دژی پەیرەوپرۆگرامی ناوخۆی حزب بوو لەگۆنگرە هەڵبژێرابوو ناوی نرابوو پەیرەوپرۆگرامەکەی کاك قادرعەزیز مقابل بەوەش خاڵە سەید کاکەیش لەپارچەیەك کاغەزی زەرد ئەویش پەیرەوپرۆگرامەکەی بۆحزب دانابوو ئەویش لەوەی کۆنگرە نەدەچوو خۆی هەندێك خاڵی دانابوو کەئێمە حزبی مارکسی نین و ئەویشی فۆتۆکۆپی کردبووبەدەست وخەتی خۆی بلاوی کردبوەوەو نوسخەی بۆمنیش ناردبوو دەڵێت تۆو قادرعەزیز دەتانەوێت حزبەکەمان لێ تێك بدەن قادر بۆلای شوعیان وتۆش بۆلای جەلالیان وادیاربوو لەکۆبونەوەی قیادەی سیاسی بەرەدا گلەییان لەئێمە کردبوو کەگوایە لەگەڵ بەرەی جوددا رێك نین وهاوکاری ناکەین، بەرەی جود هیچ سودێکی بۆحزبی سۆسیالست نەبوو وەکێشەی بۆدروست دەکرد لەوانە... حزبی سۆسیالستی خستبوە سەنگەری پارتی وشەری یەکێتی... سوریا دژمان بوو ئەوپارەوئیمکانەتە وهاوکاری سوریامان لێ برابوو... پارتی بەهێزی ئێرانەوە هاتبوە سەر سەرکردایەتی حزبمان... حزبی شیوعی ئامادە نەبوو ئەو پێشمەرگانەی سۆسیالیست کەخەڵکی گەرمیان بوون لەگەڵ خۆیان بەرن بۆسەردان وچالاکی سیاسی وراگەیاندن... ئێمە لەهەرناوچەك بوینایە دیموکراتی بوو وەئەگەر ئێمەی لێ نەبوینایە رێگا نەبوو بۆی برۆین، سێ چوار مانگ بوو هیچمان نەبوو مامۆستا سەعدو وەفدێك چوون بۆلای پارتی پێیان وتبوون (50)هەزار تمەنتان ئەدەینێ لەشوشانەوە دوو رۆژ رێگاچوبونە لای مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی ولەولاش دوو رۆژگەرابونەوە (2500) دیناریان دابوبەمامۆستاسەعد ئەوە هیچ نەبوو من پێم ووتن دەتوانم لەوە زیاتر پارەتان بدەمێ داوایان لێ مەکەن من پێم ناخۆش بوو سەرکردایەتی دووچاری ئەزمەی مالی هاتبوون ئەوئازوقەی لەئێران وەردەگیرا خاڵەحاجی وەری دەگرد بەشیماڵەکانی

ڕەزائیەی لیٚ ئەداو باقیەکەی دەفرۆشت بۆ مەکتەبی سیاسی بەوە دەژیان، کاك ڕەسول وکاك قادرجەباری ماوەیەك بوو لەسوریابون پێشوازی گەرمیان لیٚ کرا بەلاٚم دوای ماوەیەك ئیهمال کران وکەس لیٚ ی نەدەپرسین ماوەیەکی زۆرمانەوە بیٚ سودبوو بیٚ دەست کەوت ئەگەر کاك محمدحبوبی لەرێگای کاك عەدنان موفتی و(30)هەزاردۆلاری حسن نقیب وهەندیٚ لەبەعسیەکان و(25)هەزاری بەرقلیش وهەندێك دۆست یارمەتی نەدانایە هەر لەبرسا دەمردن چونکە دەستە پاچەبوون وهیچیان لەدەست نەهاتبوو هەتا ئەومانەوەشیان لەویٚ زەرەری زۆری لەخۆشیان ولەحزبیش دا، پێش بەریٚ کەوتنیان برادەران تەعلیقیان دەداو دەیانوت ئازوقەمان فرۆشتووە پیٚ ی گەرانەوە لەدەرەوە لەسوریا واتا سەفەری سوریا کارێکی خراپ بوو بۆشەخسی کاك ڕەسول وبۆحزب بەگشتی دەنگ وراگەیاندن تەنانەت لەرادیوی صوت عێراق کەلەویٚ معارەزە بوو نەیانتوانی قسەی تیدا بکەن ویاهەواڵێکی تێدا بلاٚو بکەنەوە لەوشەش مانگەی کەلەویٚ بون ئەوەش زەرەر بوو لەهەموولایەك وەلەگەڵ ئەوەشدا پارتی وحزبی شیوعی وەعدیان دابو بەکاك قادرعەزیز ئەگەر جیاببێتەوە لەحزبی سۆسیالست ئەوان هەموو هاوکاری و یارمەتیەکی ئەدەن کاك جەلال دەباغ جیٚ بەجیٚ ی کرد، کاك قادرعەزیز گیرابوو لای سۆسیالست ئەوان یارمەتیان دان بەلاٚم ئێمە لەلقی سلێمانی هەر لەوناوچانەدا بوین و گومرگ وئیحتیاتاتی کاری خۆمان دەکرد وەزعمان باش بوو واتا دەجولاٚین وچالاکیمان هەبوو رۆژبەرۆژ وەزعمان باش دەبوو، لەرۆژی 1984/9/11 لەسورێن بوین وئەو رۆژە (23)ساڵ تێدەپەری بەسەردەست پیٚ کردنی شۆرشی ئەیلولدا کەئاش بەتاڵی کرد، دوای لەسورێنەوەچوینە دۆڵەناو لای دزڵی وکانی خەیاران ودزڵی لەگەڵ ماڵەوەمان تامین خان، مەکتەبی ئەیەتوالله مونتەزری لەئێران لەرێگەی حاجی مهدی بەهادوریانەوە دەعوەت کرابوین بۆقوم وتەهران، شەوی 12-1984/9/13 هەر لەدزڵی بوین و لەرۆژی 1984/9/14 چوینەشوێشەو ئیسراحەتمان کرد لای کاك ئەمین خاوەن غەزاخۆری وئەویش ماوەیەك بو بەئاشنامان وادیاربوو بەقاچاغچی وشتی وا لێمان تێگەیشتبووئێمەش ووتمان باهەروا تیٚ بگات لەویٚ خدیجەخانی خێزانی یارئەحمەد بەگمان بینی بەبۆنەی خزمایەتیەوە هەندێك وەستاین لەگەڵ کاك هۆشمەندی کوری دا

بوو ئێمە چوینە سنەو لەوێ سەیارەی کۆماری ئیسلامی وەستابوو ئامادەبوو چوینە کرمانشان و سەری ماڵی کاك نوری مەجیدمان داو ماڵەوەمان وەختی مناڵبونی بوو سەیارەکەمان ئیزن داو لەماڵی کاك یارئەحمەد بەگ ماینەوەو ماڵەوەشمان لەنەخۆشخانە پێش ئەوە چوینە سەیری تاقوسان وجێگاکانی کە بەناوی شیرین وفەرهادو خەسرەوجێگای سەیری لێ یە سەیرمان کردودوای رۆیشتین، لەشەوی 16- 1984/9/17 لەخەستەخانە بەعەمەلیاتی قەیصەری کچێکیان بوو لەکرمانشان وەلەئورمیە لەماڵی خاڵەحاجی ناومان نا هاوژین دوایی لەسورێن لەبەربێ دکتۆری نەخۆش کەوت لەوێ مرد لەوشاخە ناردمانەوە شیرەمەرو ژمارە(4)ی بەرکەوت مناڵەکە لەخەستەخانە، لەرۆژانی 18تا1984/9/21 تامین لەنەخۆشخانە بوو ئێمەش لەئوتێل سجاد بوین لەکرماشان، رۆژی 1984/9/22 ئەورۆژە (4)ساڵی تەواو تێ دەپەرێت بەسەر شەری عێراق ئێراندا، لە 1984/9/23 تامین لەنەخۆشخانە دەرچوو لەکرماشان بوین لەگەڵ کچەکەماندا ئەوماوەیە لەماڵی خاڵەیارئەحمەد بەگ بوین لەکرمانشان زۆریان خزمەت کردین وماندوبون لەگەڵمان ، لە1984/9/25 چوینە مەقەری (منظمتي العمل الاسلامي) لەکرماشان بۆشەوەکەی برادەر جەعفەری گەیشتە ئەوێ وچاومان پێکەوت، لە1984/9/26 لەکرماشانەوە بۆتەهران بەرێ کەوتین لەگەڵ کاك سەید قادرومام کەریم وکاك نوری وئەوبرادەرانەی لەوێ بون لەوکاتەدا رۆژانە تەیارەو ساروخی عێراق لەشارەکانی ئێرانی ئەدا بەتایبەتی لەکرماشان تائێمە لەوێ بوین چەند جارێك لێ ی داو زەرەریان دەدا خەڵکی دەترسا لەبۆردمانی عێراق کوژراوی بەرەی شەریش رۆژانە هەبوو، سەعات (2)ی پاش نیوەرۆ گەیشتینە تەهران و چوینە ئوتێل ئێران پارس خراپ بوو لەبەر ئەوەی جێگا نەبووچونکە ئەوکاتە زۆربەی خەڵکی جنوبی ئێران هاتبونە ئوتێلەکانی تەهران لەترسی شەر، لەرۆژەکانی 27و1984/9/28 هەر لەتەهران بوین و چوینە ئوتێل موسەوی کاك ملازم کەریم وکاك یوسفە لچەو کاك حەسەن حسێن یش هەر لەوێ بوون، لە 1و1984/10/2 هەر لەئوتێل موسەوی بوین لەتەهران، نیوەرۆی رۆژی 1984/10/2 دەعوەتی کاك کەمال کەرکوکی بوین من وکاك نوری وکاك تامین وملازم کەریم لەئوتێل مەرمەربوین، لە1984/10/3 من وتامین ونوری وسەیدقادر دەعوەتی

مامۆستا محمد بوین لە چێشتخانەی تەهران، لە رۆژی 4تا1984/10/7 هەر لەتەهران بوین، لە رۆژی 1984/10/8 لەتەهرانەوە بەرێ کەوتین بۆ ئورمیە دوای ئەوەی ئیشوکارەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران تەواوکرد، بەڵام برادەرانی خۆمان رازی نەبون من سەفەری قوم و ئەسفەهان بکەم کەئێرانیەکان داوایان کردبوو من گەرامەوە ئورمیە لەسەعات (5/30) ی سەرلەبەیانی رۆژی 1984/10/9 گەیشتینەوە رەزائیە لە(مسافرخانەی حافز) لاماندا‌و دوای چوینە ماڵی خاڵەحاجی وخاڵە سەیدکاکەیش لەوێ بوو وادیاربوو سەیدکاکە عاجزببوو، خاڵەحاجی لەوێ گلی دابوەوە تائاشتی بکاتەوەوبیباتەوە بۆسەرکردایەتی حزب، من وتامین خان وکاك سەید قادروخاڵەحاجی وخاڵەسەیدکاکە دەعوەتی ماڵی مامۆستا مەلاناصیح بوین لەرەزائیە، لە1984/10/11 لەرەزائیەوە من وکاك سەیدقادروخاڵەحاجی وخاڵەسەیدکاکە چوین بۆئالوەتان بۆسەردانی مەقەری هەرێمی (6)ی کاك محسن بایزو ناوچەی قەڵادزە، کاك دکتۆر سەرداروکاك سەعدو کۆمەڵێکی کەبەسەرمان کردەوەو هەندێك ئومێدمان دانێ وشەولایان ماینەوە لەوکاتەدا کاك حاجی حاجی ابراهیم لەوێ بوو لەئالوەتان کردبویان بەمەسئولی ناوچەی قەڵادزە، (3) رەبایەی ناوچەی پارتی هەبوو لەئالوەتان لەترسی دیموکراتی ئێران کەئەوکاتە شەری دیموکرات وپارتی بوو، ئەو(3)رەبایەیە یەکێکیان مەلا حاجی بوو مەسئولی ناوچەی رانیە بوو، یەکێکیان حاجی حاجی ابراهیم مەسئولی ناوچەی قەڵادزە بوو، یەکێکیان وابزانم شێخ محمد مەسئولی ناوچەی کویە بوو، هەرناوچەی یەك رەبایەی هەبوولەدەوری ئالوەتان لەگەڵ (3)رەبایەی پاسداران و(3)رەبایەی ئەرتەش هەموی (9) رەبایە بوو ئالوەتانی دەپاراست، کاك حاجی کەببوو بەپارتی یەکێك لەو رەبایانەی وەرگرتبوو کاتی خۆی لای سۆسیالست ئەندامی سەرکردایەتی بووقسەی بەکاك مەسعود دەوت، لەرۆژی 1984/10/13 لەئالوتانەوە گەراینەوە بۆکەوپەروخانەوگەزگەزو نەغەدەو بۆسەرجادەی مهابادوئورمیە واتا(رەزائیە) من ئەورۆژەهەندێك نەخۆش بووم لەرەزائیە، لە1984/10/14 دەعوەتی ماڵی کاك رەسول مامەند بوین ، لەشەوی 15-1984/10/16 ناوی کچەکەی ئێمەیان نا هاوژین لەماڵی خاڵەحاجی کەلەشەوی 16-1984/9/17 بەعەمەلیات ببوو، لە 1984/10/16

لەئورمیەوە چوین بۆمهابادولەکتێبخانەی سەیدایان کتێبمان کری وخاڵە حاجی و سەیدیان هەندێك شەرە شیعروسوعبەتیان کرد دوای چوینە سەقزوشەو لەماڵی دۆستێکی خاڵەحاجی بوین بەناوی کاك عومەری فەرهادی پیاوێکی باش ورۆشنبیربوو، نەخۆش بووم چوومە لای دکتۆر لەسەقز، لە1984/10/18 لەسنە بوین لە(ئوتێل کاچ) هەرنەخۆش بووم، لە1984/10/21 لەسنەوە بۆدرزلی ومن هەرناساغ بوم، لە1984/10/26 لەدرزلیەوە بۆ میری سور گەراینەوە بەلاّم بەزەحمەت چونکە ئەورێگایە بەپێ (6) سەعات دەبێت وەهەروا ئاسان نەبوو چونکە دەبو (1750) مەتر سەرکەوم و(1750) مەتر دابەزم ئەوە بەرزی چیاکەیە ئەوە هەربەنوسین ئاسانە زۆر ناخۆش بووم، لە 1984/10/31 ئێران هێرشێکی کەی کرد لەجنوبی عێراقەوە، من هەر نەخۆش بوم لای خۆمان دکتۆربەکر هەبوو ئەوکات حزبی شیوعیش لەوێ بون لەسورێن ئەوان کۆمەڵێك دکتۆری باشیان هەبوو وەکو دکتۆر هەڤاڵ ودکتۆردڵشاد بۆلای من هاتن و جیهازی زەختیان هێناو فەحسیان کردم پلەی گەرمایی من چوبووە (120) پلە و زەختم بۆ(45) و سەیری یەکیان کردو بەئنگلیزی قسەیان کرد گوایە من چۆن ماوم زۆر خەتەرم خۆم زانیم ئەوان شپرزە بون پێم وتن من ئەوەندە هیلاك نیم ئەگەر جیهازی کەتان هەیە بیهێنن لەوانەیە جیهازەکەتان خراپ بێت ناردیان بۆجیهازی کە دوای دوو رۆژ لەکەرەجاڵەوە گەیشت ئەگەر وابوایە هەر فریام نەدەکەوت کەجیهازەکەیان هێنا من ئاسایی بوم و بەو شێوەیە نەبوو کەئەوان شپرزە ببوون ئەو کاتە ئەجهیزەی دکتۆری زۆر کەم بوولەوشاخە، لەشەوی 20-1984/11/21 سجنەکانمان ئەوەی تاوانباربوو وەکو ئیستخبارات وخەڵکی خراپ (10) کەسیانمان جیاکردبوە لەسجنێکی کە دامان نابوو کەرا نەکەن وجیا بن لەسجنی گەورە لەسەرەوە سجنەکەیان کون کردبوویەکێکیان سەرخستبوو (6) کەسیان رای کردبو کە(4)یان لەکەسانی خراپ بوون وزۆرمان پێ ناخۆش بوو ئیجرائاتی توندمان لەگەڵ حەرەسەکانی سجنەکەدا کرد گەیشتنەوە لای عێراق ودوانیان تەسلیم نەبونەوە بە عێراق وناردیان کەعفویان بکەین و بگەرێنەوە لامان، هەردوکیان گەرانەوەو دوای ماوەیەك بەرمان دان وبون بەپێشمەرگە، لە 1984/11/27 ئەمریکا هاوکاری ویارمەتی عێراقی دەداو هەوڵی پەیوەندی دەدا

لەگەڵیدا لەدوای ئەوەی کەلەساڵی 1967 وە پەیوەندی نەمابوو لەگەڵ عێراقدا، هەرئەو ڕۆژە تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراق لەکۆشکی سپی لەئەمریکا لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا ڕوناڵد ڕێگن کۆبوەوەو ڕێکەوتن لەسەر یارمەتی ئەمریکا بۆعێراق لەشەری ئێران عێراقدا، لەژمارە 13و14 ی گۆڤاری سورێن ئۆرگانی لقی سلێمانی حزبی سۆسیالیست بۆیەکەم جار داواکرا باشەری براکوژی کۆتایی پێ بێت وتەنها ئاشتی چارەسەری کێشەکان دەکات نەك زەبروزەنگ و شەر وەداوای ئاشتیمان کرد ڕادیوی یەکێتیش جارجار باسی دەکرد لەوماوەیەدا لەسورێن بوین و ماڵەوەمان عەمەلیاتەکەی تەقیبوو لەوشاخ ودەشتە نەدەگەیشتینە دکتۆر، لە1984/12/2 لەسورێن بوین ئیشوکاری حزب زۆر زۆر بوسەرقاڵ بوین، لەسەعات (5)ی سەر لەبەیانی لەدەرەکۆرە بەرێ کەوتین بۆئێران بەفرێکی زۆرباری بوو تامین خان زۆر هیلاك بوو لەرێگا سەعات (3)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە دزڵی بۆ مەقەری کاك سەیدقادر جەباری واتا بە(10) سەعات بەناو بەفردا گەیشتین کەزەحمەت بوو، لەرۆژانی 4 و1984/12/5 هەر لەدزڵی بوین بەفرێکی زۆرباری بوو، لەرۆژی 1984/12/6 مام عەباس پێشمەرگەی پارتی بوولەگەڵ چەند کەسێکی تردا لەنێوان دزڵی ومڵەخورد بەفررەقی کردنەوەو مردن خەڵکی دزڵی و پێشمەرگە رۆژی 1984/12/7 چون جەنازاکانیان هێنانەوە بۆمزگەوتی دزڵی کە (3)کەس وچەندومناڵی بچوك بون، لەشەوی 10-1984/12/11 ڕادیوی صوت عێراق لەسوریا باسی دەرکردنی ئەبوسەلام (بەهادین نوری) کرد لەحزبی شیوعی عێراقی هەڵهاتووەو حزب دروست دەکات هەروەها باسی خەتەری شەری عێراق ئێرانی دەکردوراوەستانی شەرەکە ومعارەزەی عێراق لەسوریا داوای وەستاندنی شەریان دەکردو دەیانوت عێراق بەشەر ناروخێت ئینقلاب دەکرێت ئەم ئەفسەرانە دەستیان بەتاڵ بێت لەشەر یەکسەر ئینقلاب دەکەن لەعێراق و جەیشی عێراق قبوڵی ناکات ئەو هەموو تاوانە، لە 1984/12/13 لەمەقەری علاقاتی حزب بوین لەدزڵی بەفر دەباری لەرادیوی بەغداد بەشی کوردی هەواڵی کۆچی دوای مامۆستای پایەبەزی کورد مامۆستا عەلادین سوجادی بڵاوکردەوە کەلەکات ژمێر(4/30)ی پاش نیوەرۆ کۆچی کردووە، پێم ناخۆش بوو من مامۆستام لەدوورەوە دەناسی بەلاّم لەنوسینەکانی ئاشنا بووم بەکۆچ کردنی مامۆستا

زەرەرلەرۆشنبیری کوردوئەدەبی کوردی ومێژوی کورد کەوت ئەوپیاوە بەتوانایە بۆشاییەکی لەبواری ئەدەب و لەناو نوسەرانی گەلەکەماندا دروست کرد، لە1984/12/15 هەر لەدزڵی بوین هەر بەفر دەباری وریگای هاتوچۆی بریبوو، لەشەوی 17-1984/12/18 چومە سەردانی حاجی عبداللە خانی دزڵی لەگەڵ کاك سەیدقادر، حاجی عبداللە خان پیربببووبەلاّم بەقسە خەڵکی دەناسی من لەساڵی 1963 چوبومە ماڵیان لەگەڵ باوکم دا پەیوەندی دۆستانەیان باش بوو، عبداللەخان (20) ساڵ لەسجنی رەزاشای ئێراندا بووە، کوڕی مەحمود خانی دزڵی بوو دەست رۆیشتوی ناوچەی هەورامان دیوی عێراق و ئێران بووە هەروەهایەکیٚ بووە لەدۆستەنزیکەکانی شێخ مەحمودی نەمرو بەلەشکرێکی گەورەوە هات وسلێمانی ئازادکرد لەسەرداوای شێخ مەحمود تابازیان ونزیك چەمچەماڵ جەیشی بەریتانیای راوناو هەرچی هەبوو لەسلێمانی هەمووی گرت و سیٚ رۆژ لەئەزمەڕ مایەوە کەئێستاش قووتەی مەحمود خان بەناوی ئەوەوە ماوە، ئەوشەوەی من چوومە سەردانی بۆئەوە بوو وەکو وەفایەك کەلەساڵی1963 کە رژێمی  عێراق و زەعیم صدیق هات جێگای ئێمەی کردەوە و پێشوازی گەرمی لێکردین و هەم وەکو کوری مەحمود خان و حەقی لەسەر کوردی عێراق هەیە هەم وەکو ئەوەی ساڵی 1963 من مناڵ بووم سەرم لێداو پێشوازی گەرمی کردم جارێکی کەش سەردانی بکەمەوە تەمەنی لەکۆتایدا بوو هەندیٚ پرسیاری لێبکەم دەربارەی ناوچەکەیان لەو تەمەنەی خۆیدا دیوێتی و رویداوە تائەو کاتە تەمەنی (103 )ساڵ بوو خۆشی زۆری پێخۆش بوو ووتی ئازارەکەم لەشانم سووك بوو کەتۆ هاتوویت بۆلام لەوکاتەشدا خەڵکی لای خۆیان زۆر لایان لێنەدەکردەوە ، (103)ساڵ بوو من سەرم لیٚ داو وابزانم چەند مانگێك دوای ئەوە کۆچی دوای کردوو چوومە تەعزێکەشی، رۆژی 1984/12/19 ئێمە گەراینەوە  ماڵەوەمان نەخۆش بوون و لەویٚ مانەوە ئێمە چووینە کانی خەیاران و سەرکەوتین بەفر زۆر بوو بەسەیارەی ناو بەفروناقیلەی مودەرەعەی تایەزنجیری ئێرانی ماوەیەك هێنایانین بەلاّم بەفر رێگای ئەوەشی نەداو سەرکەوتینە سەر سورێن و بۆئێوارە گەشتینەوە سورێن و لەئەشکەوتی حەمەشێت وئەشکەوتی هەورامی شەو لەمقەری هەرێمی (21)ی سۆسیالیست لای حاجی عبداللە سیامێوە فەرماندەی هەرێمەکە بوو

ماینەوەو شەو میوانی ئەو بووین، نیوەڕۆی 1984/12/20 لەمقەری لق دەعوەت بووین، دوایی دەعوەت بووین لەمقەری هەرێمی (1) لەمەنجەر تاپڕ لەدەستی کوری حاجی عبدالله دەرچوو کوری کاك صالح حاجی قادری خڕنوکی بریندار کرد و برینداریيەکەی خەتەر بوو یەکەم ڕۆژ بوو لەوزستانە گەرم بێت ئەمرۆش لەبەیانی یەوە شەرە تۆپی ئێران وعێراق یەك دەقیقە نەوەستاوە زۆر گەرم بوو وەکو ڕۆژانی کەوابوو ئەمرۆ، لە1984/12/22 چووین بۆ سەردانی مەقەراتی بانی شار لەدەرە کۆرە بۆ بانی شار ڕێگای هەورازی کەم بوو لابەلا بوو لەهەرمێڵەوە دەرۆشتین ولەملە قازانەوە یەك سەعات و نیودەبوو، هەرلەسورێن چووینەمەقەری قوەی هەورامان و لای کاك نوری وکاك ڕۆستەم مستەفا بەگ هات بۆلامان ئەو فەرماندەی قوەی سیروان بوو مەقەریان لەپشتی بانی شار بوو، لە1984/12/23 لەقوەی هەورامانەوە چووینە قوەی سیروان وهەرێمی (2)ی شلێر کاك مەلا نوری فەرماندەی هەرێمی (2)بوو لەدوای کاك ڕەوف بەگ کاك ئەنوەری سەعید والی بوو دوای ئەو شەهید مەلانوری بوو دوای ئەو کاك نوری بوو، لە1984/12/24 لەهەرێمی (2) قوەی سیروان گەراینەوە بۆ میری سور، لە1984/12/26 کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی کەرکوکمان هەبوو من وکاك شیروان وکاك شێخ محمد شاکەلی لەسەر وەزعەکانی کوردستان وشەری عێراق ئێران وچارەنووسی جودویەکێتی و حزب بەرنامەی نوێ دانێین، ئەوڕۆژە کوری کاك صاڵح حاجی قادر کەبەقەدەر لەڕۆژی 984/12/21 برینداربوو لە1984/12/23 لەسلێمانی شەهید بوو وە لەڕۆژی 1984/12/27 تەعزیەی بۆدانراو لەهەرێمی (21) ئێمەش چوینە تەعزیەکەی تەمەنی (17)ساڵان بوو لەبەربێ دکتۆری ودرەنگ گەیشتە دکتۆر گیانی لەدەست دا، لە1984/12/28 چوین بۆبانی شار ومەقەری کاك نوری میوانیان هەبوو لەشارەوە هاتبون لەو کاتە یەکێتی هەندێك خەڵکی سەر بەسۆسیالیستی گرتبوو بەرامبەر بەو کارە سۆسیالیستیش خەڵکی سەربەیەکێتی گرتبوو هەرئەوڕۆژە کاك حمە ئەمین حسێن یان بەردابوو ئەویش هاتبووە لامان مقابل بەخۆی یەکێتی بۆبەردەین ئێمەش یەکێکمان بۆئازاد کرد لەوانەی سەربەیەکێتی بون وگیرابوون لەعەشائیر چونکە ئەوان خەڵکی عەشائیریان گرتبوو ئێمەش عەشائیرمان بەردا، جگە لەهەندێك لەهەڤاڵانی

ڕێکخستنەکانمان لەسلێمانیەوە هاتبون بۆسورێن بۆسەردان لەکاتی گەرانەوەیان لەنێوان گێڵە ك و گردی قازی لەسەر پردەکە لەوێ کاك جەلال کوڵکنی گرتنی و رەوانەی شوکێ یان کردن بۆمەڵبەندی یەك کە کاك بەکری حاجی سەفەر مەسئولی مەڵبەند بوو کە کاك ئەحمەدعومەرو کاك ابراهیم بون ئەوانیش رەوانە کران بۆلای سجنەکانی تری سۆسیالیست لەمزگەوتەکە کەکرابوو بەسجن ،لە30 1984/12/ لەمەقەری هەرێمی (5) ومەقەری حاجی عبداللە بوین لەسورێن مەقەرەکەیان یەك سەعات بەینی هەبوو هەر ئەورۆژە لەسورێنەوە رۆیشتینە لای کاك رۆستەم وگەراینەوە سورێن ومیری سور تەیارە لەکاك رۆستەمی دابوو بریندارببوو لەشیرەمەر بەلاّم سەلامەت بوو، لەم ماوەیەدا ولاّتانی عەرەبی بەگەرمی سەری ئەمریکاولەولاش بۆ عێراقیان ئەداوجارجار مەلیك حسێن یش لەگەڵ صدام حسێن ساروخێکی ئەتەقاندو هەرکات دەچوو بۆبەغداد بۆپارە صدام تانەیبردایەتە جەبهەو ساروخی پێ نەتەقاندایە پارەکەی نەئەدایە، لەرۆژی 1984/12/31 حوسنی مبارك ومەلیك حسێن چونە ئەمریکاو دوای چونە بەغدادو هەرئەم سەروئەو سەریان بوو بۆپشتیوانی عێراق دژی ئێران ولەوبوارەشدا سەرکەوتوبون هاوکاریش کراو عێراق بەرەو ئەمریکاوبەرەو جەبهەی میری ئوردون بەرێ کەوت وئەوەش سەرکەوتن بوو بۆمبارك ومەلیك حسێن وبۆعێراق ئەوکاتە بۆئەمریکاش چونکە هەردوکیان دوژمنیان هاوبەش بوو کە ئێرانەو هەرئەوەش بوو رێك بوون لەسەری، لەمانگی 1984/12 دا صدام حسێن وازی لەعەقیدەی اقتصادی مارکسی هێناوبریاری دا لەروی ئابوریەوە بگەرینەوە سەر مایەداری شەخسی وزەریبە بەرادیوێ ورۆژنامە رایگەیاند کەعێراق وئەمریکا پەیوەندیان دوای (17)ساڵ دروست کردەوە بەهۆی شەری عێراق ئێرانەوە، لەکوردستان لەومانگەدا چەند پێشمەرگەمان شەهید بووچونکە یەکێتی لەگەڵ عێراق هەردرێژەی بەمانەوەی دەداو شەری عێراق ئێران زۆر گەرم بوو، لەساڵی 1984 روداوەکانی عێراق وکوردستان هەموو بەرەو کارەسات دەرۆیشتن سۆسیالست لەگەڵ جود رێك نەبوو جودیش خۆی شتێکی وانەبوو وەکو لەدەرەوە سەیردەکرا ئاشت بونەوەی هێزە کوردیەکان ئەمەلێك نەبوو من وکاك شێخ محمد شاکەلی راوبۆچونمان لەگەڵ هەموو سەرکردایەتی حزب جیاوازبوو ئێمە رامان وابوو دەبێت ئاشتبونەوە هەبێت

ویەکێتی دەست لەرژێم هەڵبگرێت یا ئەگەر ئاشت بونەوە هەموو لایەکی تێدا بێت باشترە ، لەگۆڤاری سورێن جارجار لەسەر ئاشت بونەوە دەم نووسی یەکێتی هەموو ئاشتی یەکی لەگەڵ سۆسیالست رەد دەکردەوە یائەوان دەیان ناردە لای حزبی شیوعی وپارتی لەرێگای عەشائیری لای سەقزەوە وەهەولیان لەگەڵ ئێران دەدا بەلاّم هیچ سەرکەوتونەبوو، لەناوجود دا ئێمە لەزۆر لایەکانی جود باشتر بوین، زستانی 1984 و بەهاروهاوینی سالی 1985 بارەگای حزبمان لەشوشان ناوچەی برادۆست لای خواکورك بووکەجێگایەکی دوربوو هەر لەبەر ئەوەی بلێن لەسەر سنوری ئێرانەوە دورن چونکە ئەوکاتە یەکێتی هەرچی دەووت دژی سۆسیالیست کەلەئێران دان بارەگای ئێمە دوو رۆژ رێگا لەسنوری ئێرانەوە دور بوو ئێمەوئێران تائەوکاتەو دواتریش هیچ پەیوەندیەکمان ئیمزا نەکردبوو وەنەپرۆتۆکۆلمان هەبوو هەموو پەیوەندیەکان لەسەر ئەساسی شەخسی لەتەهران ئورمیەو خاڵەحاجی لەمەریوان و سنەش ئێمە بوین ئێمە زیاتر شتی مەیدانی بوو شەرێك دەکرا لەسەری رێك دەکەوتین بەچەند پارچە چەك وئازوقەوجیهازو بەتانی و لەوبابەتە نەك لەسەر ئەساسی شتێکی سیاسی ئێرانیش نەیدەکردو سۆسیالیست یش نەی دەکرد هەردوولامان نەمان دەکرد تەیارولایەکی ئێمە لەژێر تەئسیری ئەو باڵە مارکسی یەدا کەکاك قادر عەزیز سەرپەرشتی دەکردن مزائیدەیان دەکرد هەتا نەمان دەوێرا باسی فیشەکی روسی بکەین دەیانوت فیشەکی سۆفێتیە روسەکان خۆیان دەیانوت فیشەکی روسی واتا روسەکان شانازی بەمیللەتی روسەوە دەکەن لای ئێمەش لەشوشان دیفاعیان لەروسی دەکرد بیّ ئەوەی بزانن مەسەلەکە چیە !، ئێرانیش کەناوی سۆسیالیست دەهات ئەوانیش بەکۆمونیست یان دەزانی ودژی بون تاساڵەکانی 1980 – 1981 حزبی شیوعی هاتنە سورێن و لەزۆرجێگا مەقەریان دانا داس وچەکوشیان هەڵواسی وپرسیاریان لیّ دەکردن ئێوە چین خۆیان دەیانووت کۆمۆنیست ئیتر کۆمونیست لەکۆڵ ئێمە بووەوە لای ئێرانیەکان، دووسیّ پاسدارمان لابوو دەیووت هەرچی ئێوە دەبینم وائەزانم هەردووچاوم کوێر دەبێت ئەوەندە رقم لێتانە بەلاّم دەسەلاّتم نیە منیان ناردۆتە لای ئێوەی کۆمۆنیست ئێمەش پێشمەرگەیەکمان هەبوو پیّ ی وتبون دلّ ئاگای لەدڵە باوەر بکەن ئێمە ئێوە دەبینین کوێرین وواش دەزانین دائیم وای بەکۆڵمەوەو

بەسورێن دا سەرتان دەخەم، دژی رژێمی عێراقین باوەر بکەن هەرخۆمان پێمان ناخۆشە گولە تۆپەکانیشتان لەسنوری ئێمەوە تێدەپەرێت ودێتە ناوعێراق لەمەعەسکەرەکان ئەدات بەلاّم مەقەری حزبی شیوعی بەداس وچەکوشەوە هات وخۆیان ناویان نابوو دەرەی کۆمونیست ودەرەی سۆسیالست واتە(دۆلّی کۆمونیست ودۆلّی سۆسیالست) و ئێمەیان پێ باشتر بوو لەحزبی شیوعی ئەوەش هەمووی کێشەبوو ئیشمان لای جەیش باش بوو لای مەسئولینیان مەلا نەبون باش بون دەگەیشتە لای مەلاکان رایان دەگرت جگە لەئاغای مونتەزری وئاغای خامنەیی ئەوان ئیشی ئێمەیان لەرێگای خالّەحاجی یەوە رانەدەگرت وەرە لەوهەمو گیروگرفتەولەولاشەوە یەکێتی لەگەلّ عێراق بەهەمووشێوەیەك دژی سۆسیالیست بووبەعەمەلی بەلاّم بەئاشکرا زیاتر باسی حزبی شیوعی وپارتی دەکرد لەئاشتی شدا ئەوماوەیە هەر هەولّی لەگەلّ ئەوان ئەدا،

## سەرەتای ئاشت بونەوە

لەسەری سالّی 1985 نزیك دەبوینەوەو یەکێتیش لەگەلّ عێراق نەیان دەتوانی لەشارەزوور نەك هەر مەقەریان هەبێت بەلّکو خۆشیان جەولەی تێدا بکەن وردە وردە بارەگاکانی شارەزووریان دەگواستەوە بۆبەری قەرەداغ وشارباژێر کەمێك دەستیان لەگەران بەدوای پێشمەرگەی سۆسیالیست دا کەم کردەوە لەناوشارولەزۆرجێگا لای دۆستەکان و رێکخستنەکانی ئێمە قسەیان فرێ دەدا گوایە ئەوان شەرناکەن لەگەلّ سۆسیالیست ودژی عێراق کەوتبونە قسە و زەمینە خۆش کردن دژی رژێم، رۆژی 985/1/1 یش هەروەکو رۆژەکانی کەی سالّ ومانگ ورۆژ ئاسایی بوو بەلاّم سەری سالّی میلادی بوو لە1/1 ی هەمو سالّێك سەرنج راکێشەو خەلّکی لەسەرانسەری جیهان بۆئەو رۆژە خۆی ئامادە دەکات وسەفەر دەکات وزۆرشت بەتایبەتی لەجیهانی مەسیحەیەتدا، بەلاّم لەرۆژهەلاّتی ناوەراست لەئاسیاولەکوردستان ولەناوشۆرشدا ئێمە لەهەموو شتێکی خۆمان ومیللەتەکەمان ولەناو ئەوانیش مالّ و منالّی ئێمەی پێشمەرگە هەموو شتێکمان لێ حەرام بوو زۆربەی کاتی ژیانیان لەخۆشاردنەوە یالەسجن دا بەسەر دەبردو یادور دەخرانەوە بۆخواروی عێراق بۆیە لای ئێمە هەموو رۆژەکان و 1/1 هەروەکو یەك وابوو جگە لەرۆیشتنی تەمەن ورۆیشتنی رۆژومانگ وسالّ وشتێکی کەی لەمەسەلەکە بۆئێمە

**نەدەگۆری، ناونیشانی دەفتەری بیرخەرەوەی ساڵی 1985 م لەوەی ساڵی 1984 جیاوازیەکی ئەوتۆی تیٚ نەکەوتبوو هەروەکو خۆی مایەوە، لە 985/1/1 لەمەقەری اعلام بوین ئەویش لای کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی کەرکوك بوو لەسورێن کە (1/30) کات ژمێرلەدەرەکۆرەوە دوربوو هەورازێکی ناخۆش بوو زۆر زەحمەت بوو لەمەقەری اعلامەوە گەراینەوە بۆ دەرەکۆرە بەفر دەباری ودنیاساردبو هەرئەو رۆژە واتا رۆژی 1985/1/1 شعاری رادیوی یەکێتی لەدەنگی شۆرشی عێراقەوە بوبەدەنگی گەلی کوردستان ئەو گۆرانەی دوای یەك ساڵ گفتوگۆلەگەڵ رژێم بوو هەرچەندە رادیوکەیان لەو ماوە بەردەوام ئیشی نەدەکرد وەیەکیٚ لەخاڵەکانی گفتوگۆ ئەوەبوو کەنابێت یەکێتی پەیوەندی بەمەسەلەی عێراقەوە هەبێت چونکە یەکێتی هێزێکی کوردی ین نەك معارەزەی عێراق بن وادیاریش بوو یەکێتی نائومێد ببوو لەسوریاومعارەزەی عێراق لەسوریا بۆیە زیاتر هەوڵەکانی لەگەڵ ئێران بوو، مەسەلەی ئالآی شۆرش بروزی کردبوو دەبوو بەوان بڵێن کەئێمە کوردستانین نەك عێراقی وبەمعارەزەی عێراق لەسوریا ئەگەر یەکێتی نەبێت کەس معارەزەی عێراق نیەو هێزە کوردیەکانیش کەدەبێت ئاشتی بکرێت و باوەربون بەمەسەلەی کوردستانی زیاتر لەمعارەزەی عێراق چێتی بۆئەوەش رەد فعلی عێراق لەسەریان توند نەبێت وچەندین هۆی کەش، رادیو لەدەنگی شۆرشی عێراقەوە بوبەدەنگی گەلی کوردستان ئەو گۆرانە لەهەموو رویەکەوە یاهەر مەبەستێك بوبێت هەرباش بوو، برادەرانی پاسۆك ئەوەیان لازۆرگرنگ بوو دەیانوت ئەوە رەئی پاسۆکە و یەکێتی کردویەتی و شتێکی باشەوپاسۆك پشتیوانی لیٚ دەکات، پاسۆك وکاك ئازاد مستەفا بەتایبەتی بەسەرکەوتنێکی گەورەی دەزانی وداوای کۆبونەوەیەکی کردلە من وکاك شێخ محمد لەسەرئەوە قسەیەك بکەین ودژی یەکێتی نەبین وهەوڵی ئاشتی بدەین چەند جارێك بو ئێمە ئەو مەسەلەیەمان باس دەکرد بەلأم نەحزبی شیوعی ونەپارتی و نەپاسۆك ملیان نەئەدا بەلأم پاسۆك باش بوو، لە1985/1/2 هەر لەمەقەری دەرەکۆرە بوین تا 985/1/8 هەر لەوناوانەبوین، لە985/1/9 لەسورێنەوە چوین بۆبانی شاروچوینەلای کاك رۆستەم لەپشتی بانی شارەوە، لە1985/1/10 سەردانی مەقەری کاك ئازادی پاسۆکمان کرد لە پشتی بانی شار پاشان سەری ملازم کەریم وملازم شوان**

مان دا کەئێمەچوین ملازم کەریم دانیشتبوو ملازم شوان وبرادەرەکانی پێ دەکەنین باسی ئەوەیان دەکرد کەکورێك لایان بووە وپێشمەرگە بووە باوکی کورەکەش هاتووە بەدوای دا لەشارەوە، کاك کەریم بەباوکی وتوە برۆ کورەکەت قەناعەت پێ بکەو بیبەرەوە کاتێك کورەکە قەناعەتی کردو لەگەڵ باوکیدا هاتبون خواحافیزی بکەن لەملازم کەریم، ئەویش دەڵێت .. هاچیە دەڕۆیتەوە ؟ ئەویش دەڵێت چی بکەم خوشکم بیرم دەکات ، وەملازم کەریم دەڵێت لەخوشکت (.....)،باوکی کورەکەش پیاوێکی باش بوودەمی ببوو بەتەڵەی تەقیو و واقی ورمابووەوەئێمەش بەسەر ئەو روداوەدا رۆشتین،ملازم کەریم دە توت نەبای دیوە و نەبۆران لەرۆژانی 1985/1/11 گەراینەوە بۆ میری سور و دەرەکۆرەو هەرمێڵە بۆیەکەم جار بووگەلانی سۆڤیەت بەئاشکرا رێگابدەن قسەبکەن ، هەر لەو رۆژەدا موفتی شمس الدین بابان نوێنەری ئیسلامیەکانی سۆڤیەت چووە سعودیە بۆ کۆنفرانسی ئیسلامی بۆئەوەی بەشدار ی بکات لەو کۆنگرە ئیسلامیە وەکوشتێکی نوێ و سەرەتای دیموکراتی لەسۆڤیەت ویا لەبەر یەك هەڵوەشانی سۆڤیەت و بنکەی شیوعیەت لەسۆڤیەت بوو، لە1985/1/13 لەدەرەکۆرەبووم مناڵەکانمان لەخوارەوە هاتن بۆلام کە عەتاو پشتیوان وئەوانی کەش بوون رۆژی 1985/1/15 کۆبوونەوەی سکرتاریەت و بەرەی جوود بوو لەسلێمانی و کەرکوك مەقەڕی ئێمە لەدەرەکۆرە وپاشان کەوتینە ڕێگا بۆدوای چووینە کانی خەیاران بەفرێکی زۆر باری بوو بە(5) سەعات گەیشتین و زۆر ماندووببوین ڕێگایەکی ناخۆش بوو ئەو هەمووبەفرە لەڕێگاوجێگای واهەبوو (3) مەتری داپۆشی بوو، لەرۆژی 1985/1/16 لەکانی خەیارانەوە بەو بەفرە زۆرە چووینە دزڵی و مەریوان و شەو لەوێ بووین،لە1985/1/17 لەدوای کۆبوونەوە لەمەریوان گەڕاینەوە بۆدزڵی ولە1985/1/18 هەر لەدزڵی بووین وە یەکێتی کەوتە قسە دژی جاشەکان و حکومەت قسەی کەم دەکردەوە وەڕژێم بۆ ئەوەی خەڵکی لەیەکێتی کۆنەبنەوە لەلایەنەکان بڕیاری ئەفواجی خەفیفەی دابۆ کۆکردنەوەی جاش خەڵکی لەجیاتی ئەوەی برۆنەلای لایەنەکان و یالەناوچە ئازاد کراوەکان دانیشن باهەر لەشارەکان بن وجارجار سوودیان لێوەردەگرێت بۆرژێم لەبەرەی شەری عێراق ئێران یادژی پێشمەرگە بەکاردێت لەکاتێکدا بڕیاری ئەوە درا کەهێشتا گفتوگۆ گەرم بوو لەنێوان رژێم و یەکێتی دا بەڵام هەرباش بوو

ئەوبریارەی یەکێتی لەو کاتەدا، لە 1985/1/19 لەدزلّی بووین ومەسئولینی ئێرانی هاتن بۆ لامان و کۆبوونەوەمان هەبوو لەگەڵیاندا ، لە1985/1/20 هەر لەدزلّی بووین پیاوێك مردبوو ناوی عبداللەی حمە رەحیم بوو چووینە تەعزێکەی هەرلەدزلّی،لە 1985/1/21 لەدزلّی خانوومان گرت بۆ ماڵەوەوە بۆئیسراحەت جار جار کەسێکمان دەنارد بۆ مەریوان بۆکرینی شتوچاك کردنی خانوەکەچونکە کات زستان وبەفری زۆرو سەرما بوو هەر لەدزلّی بووین تارۆژی 1985/1/23 چەند چەکدارێکی پارتی هاتنە لای سۆسیالست و ئێمەش بەرێمان کردنەوە بۆمەقەرەکانی بانی شارو سورێن لە1985/1/24 هەر لەدزلّی بووین رۆژێکی هەتاو وخۆش بوو ،لە1985/1/25 لەدزلّی یەوە چووین بۆ میری سور لەمەقەربووین لەسورێن، لەرۆژی 1985/1/27 تا1985/2/2 هەر لەسورێن بووین باران و سەرمایەکی زۆر بوو سەری هەرێمی (5) مان دا لەویّ وەسەرکەوتم بۆ مەقەری کۆمیتە لەمەرتەسە لەرێگا لای ئەشکەوتی رەشەی هەمەوەند لامان دا لەسورێن لەو شاخەوە ئەشکەوتێك لەناوچەمەکەدا بوو دێتە خوارەوە قاپیەکی بچوکی هەیەو لەناوە وە زۆر گەورەیەو تائەچیتە سەری پێی نازانی ناوی ئەشکەوتەکە ڕەشەی هەمەوەندەو لەوناوە دەگێرنەوە گوایە لەکاتێکدا هەمەوەندەکان تووشی شەر بوون چەند کەسێکیان لەگەڵ ئەو ڕەشەی هەمەوەندیە یا جوقەی هەمەوەندەدا لەسورێن ماونەتەوەو ملیان بەدوژمنەکانیان نەداوە وئێستاش هەر بەو ناوەوە ماوە، لە1985/2/4 لەکۆمیتەی سەرکردایەتی کەرکوك سلێمانی بووین بەفرێکی زۆر باری بوو تانزیك میری سوور رۆشتبووە خوارەوە ، لە1985/2/4 لەگەڵ کاك حاجی عبداللە ی سیامێوە کەفەرماندەیەکی خۆمان بوو چووین بۆ هەرمێڵەو بانی شار لەمەقەری کاك نوری بووین، لە1985/2/5 لەمەقەری قووەی سیروان بووین لای کاك رۆستەم مستەفا بەگ شەو گەراینەوە مەقەری قووەی هەورامان لای کاك نوری لەبانی شار بەفرێکی زۆر باری بوو ئەوشەوە هەتا بەیانی کێچ نەی هێشت ئیسراحەت بکەم، لە1985/2/7 گەراینەوە بۆ میری سور لەسورێن و دەرە کۆرە بەفرێکی زۆر باری بوو دنیا سارد بوو هەرچی بەهاراو کانیاوی دۆڵەکەبووهەمووی تەقی بووئاوێکی زۆر چەمەکەی ناو مەقەرەکانی گرتبوو گوێیان کەم لەقسەبوو هاژەی ئاو لەچەمەکەی مەقەرەکاندا زیاتر ئەو ناوەی خۆش کردبوو ، هەر ئەورۆژە هێزێکی (70)

پێشمەرگەیمان لەگەڵ ئەحمەد قەدەفەری نارده خوارەوه یەکێتی هەموناوچەکەیان چۆڵ کـردوو چـەند پێـشمەرگەی کـەش لەسـنوورەکانی شـارەزوورەوه نـارده شـارباژێرو زۆر جێگای کەش هەرلەو رۆژانەدا بوو مەفرەزەیەکمان لەناو شاری سلێمانی لەلایەن رژێمـەوه دەوریان گیرا و شیروان حەساری شەهید بوو ئەوانی کەش بەپەلە پـروزێ رزگاریـان ببـوو وەمەفرەزەیـەکمان لـە(شـیلەخان) کەوتـە کەمینـەوه وەعبـدالرحمن ئەحمـەد بـرای قـادر چاوشین ئەندامی ناوچەی دووکان بوو لەنێوان سوسێ و شیلەخان شەهید بوو، یەك ساڵ بـوو یـەکێتی مەقـەری خـۆی لـەناو گـردان و تـەپی سـەفا دانـابوو، لـەرۆژی 1985/2/6 چۆڵیان کردبوو،

## شەری گەورەی ناوگردان

لـە1985/2/7 هێزەکـەی ئێمەچـوونە تـەپی سـەفاو لـەئێوارەی 7-1985/2/8 هێزێکـی گەورە چووه ناو گردان ولەرۆژی 1985/2/8 لـەکات ژمێـری (2)ی پـاش نیـوەرۆ هێزێکـی گـەورە لـەجاش وعەسـکەری وموخابـەرات هێرشـی بۆسـەر هێزەکـەی سۆسیالـست کردلەگوندی ناوگردان شەر دەستی پێکرد تـاخۆر ئاوابوون تاکات ژمێری(5ر5) دەقیقە شـەڕ بـەردەوام بـوو وەدوژمـن شـکاو هـەڵهاتن وپێـشمەرگەش دوایـان کـەوتن تاجـاش گەیـشتەوه سـەرجادەی قـیرو ناوسەیدصـادق (12)جـاش کـوژراو (30) جـاش بریندارببووەمەسـئولی موخابـەراتی ڕژێـم هـەر لەسەیدصـادق کـوژرا وەزەرەرێکـی زۆر لەرژێم کـەوت ماوەی یـەك سـاڵ بـوو لـەناو دەشـتی شارەزوردا شـەری گـەورە لەبەرچاوی دوژمـن کـەم کرابـوو وەئـەو شـەرە لەچـەند روویەکـەوه بـاش بـوو کـە یـەك رۆژ دوای ئـەوه یەکێتی ناوچەکەی چۆڵ کردو لەگەڵ عێراق تێك چوون و زەربـەی گـەورەی لـەعێراق دا و ئەو شەڕە دەنگێکی گەورەی دایـەوه لەناوچـەکەدا وەزەربـەی گـەورەبوو بۆرژێم وەئێمـەش لـەو شـەرەدا (9) بریـندارمان هـەبوو بـرینی زۆر یـان بـاش بـوو وەشـەوی 8-1985/2/9 بریـنـدارەکان و بەشـێك لەهێزەکـە گەشـتنەوه ئەحمـەد ئـاوا وەپەیوەنـدی جیهـاز هەمووسـەعاتێك هـەبوو لەگـەڵیان دا پێـشتر هێزەکانمـان نـاردەوه تـەواوی شـارەزوور ویەکێتیش خۆی دوور خستەوه لەناوچەکە، لە 1985/2/9 برینـدارەکان گەشتنەوه بـانی شـار و بـەرێ کـران بـۆئێران دوای تـەداوی لەخەسـتەخانەی حـزب مـن لـەبانی شـارەوه

چوومەوە ووشکەناوئەو شەوە لای کاک بەختیاری یار ئەحمەد بەگ بووم، لە1985/2/11 سەرکەوتین بۆ مڵەخورد و دزڵی وبریندارەکان هەندێکیان مابوون ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدا سەرکەوتن بەزەحمەت وە بەفرێکی زۆر بوو لەسەعات (9) گەیشتینە دزڵی وەمن سەرێکی مەقەر وعەلاقات و ماڵەوەم دا، لە1985/2/13 لەدزڵی کۆبووینەوە لەگەڵ ئێرانیەکان و ەهەمان رۆژ (300)هەزار فیشەکمان وەرگرت وەرەوانەی سورێنمان کرد وەخەڵکی دزڵی بەسەر بەفردا دەرۆشتن و بەکۆڵ(6) سەعات ڕێگا(1000)فیشەك یایەك چادریان هەڵدەگرت بە(400)تومەن لەورێگا ناخۆشە چونکە ولاخ بەفر ڕێگای نەئەداتامانگی (5)بۆمانگی (11)ڕێگای ولاخ وهاتووچۆی هەبوو لەسورێنەوە بۆدزڵی، 1985/2/14 دوای نیوەرۆ لەدزڵی یەوە بۆ مڵە خورد و ووشکەناو ئێوارەکەی گەشتینە بانی شار لەدوای ئێمە لەپشتی ئێلان پیٚ وە بوو بەتەقە کەمینی عەسکەری بوو بەڕێکەوت ئێمە تیٚ نەکەوتین دوو پێشمەرگەی تێکەوتبوو یەکێکیان شەهید بوو ئەوی تریان بریندار بوو هەر هەمان کات لای ڕێگای تەپە تۆڵەکەش تەقە بوو لەسەر جادەی زەڵم سیروان وئەو ناوە بۆ شەوەکەی ...

## یەکێتی دەست بەرداری گفتوگۆ دەبێت

یەکێتی نائومێد ببوو لەعێراق بەقسەی خۆی گوایە بەقسەی توونڵ لەیەك جیابوونەتەوە مەسەلەیەك هەیە دەڵێت کابرایەك مەری دابوو بەنیوەی بۆی بەخێوبکەن خاوەن مەرەکە دەچێت بۆ حسابات هەرچی دەڵێت کابرا دەڵیٚ مردوو نەماوەو زەرەری کرد و لەوکاتانەدا جامێك ماستی بۆ دەهێنن بۆ ئەوەی نانی پێوەبخوات کابراش لەنارەحەتی دا قسەی کابرا دەبریٚ و جامەماستەکە هەڵدەگرێت و دەیکات بەسەری کابرا دا ..کابراش لەسەرخۆو زۆر بەهێواشی دەست دەهێنیٚ بەدەمووچاوی دا ماستەکە لەسەروو چاوی بکاتەوەو دەڵێت لەخوا بەزیاد بێت بەرووی سپی یەوە دەستمان لەیەخەی یەك بووەوە بۆیە لەسەر بەرنامەیەکی دیاری کراو لەشەوی 14-1985/2/15 لەلای هەلاج و دابان لەنێوان سەرگەڵو و هەڵەدن و سەرگەڵو وشەدەڵە وئەو ناوە هەموو رەبابەو مەعەسکەری شەدەڵەو ئەوناوەیان گرت وسەرجادەی سورداش سلێمانی پیرەمەگرون یان گرت چەندجارێك تارۆژی 15و16 شەرەکە هەر هەبوو رژێم تەسەوری شتێکی وای بەپەلەی نەدەکرد،

یەکێتی لەرۆژی 1985/2/15 كردی بەهەراوهۆرایەكی زۆرو لەژێرناوی (بەفریش گری گرت) ناوی (95) سەربازی عێراقی خوێندەوە گیرابون ئەوە شتێكی باش بوو بەهەموو كەموكوریەكەوە بۆئێمە لەوكاتەدا ئێمە هێزمان بۆزۆرناوچە نارد،

## پێشنیاری (ی .ن . ك ) و وەڵامی ئاشتیانەی ئێمە

لەرۆژی 1985/2/7 كاك شەوكەتی حاجی مشیر نامەیەكی بۆمن ناردبوو داوای لەمن كردبووكەدوو رێگا هەیە یەكێتی هەردوو پێشنیارەكە دەكات بۆمن یەكەمیان ئەوەیە كەمن لەگەڵ یەكێتی ئیش بكەم وبرۆمەوە ناویەكێتی، دووەمیشیان ئەوەیە رێكەوتن وراگرتنی شەر لەگەڵ حزبی سۆسیالیست لەلقی سلێمانی بكەن منیش وەڵامی نامەكەم دایەوە، نامەكە مام والی قاجر هێنابووی، كاك رەحیم ئیسماعیل بردیەوە ونامەیەكی كەش كاك حاجی عەلی توفیق لەتەپە گوڵاوی وحاجی محمد عبدالقادر لەكوڵكنی ئەمانە زۆرماندو بوونە لەرێگای ئاشتی سۆسیالیست ویەكێتی دا من وەڵامی كاك شەوكەتم دایەوە كەوەزعی یەكێتی باش نیەوحەساری لەهەموو لایەك لەسەرەوعێراقیشی لێ گیراوەو ئێوە ماوەیەك لەگەڵ عێراقن وئێمە وەزعمان باشەوئەوەی وەزعی خراپە ئێوەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەڵوێستەی ئێوەمان پێ باشەو ئەگەر ئێوە بەراستیتانەو فروفێڵ ناكەن ئێمە شەرتان لەگەڵدا دەوەستێنین، من ئاگاداری مەكتەبی سیاسی دەكەم بۆئەومەبەستە نامەیەكی كەی كاك شەوكەت دەڵێت تەنها لەسنوری لقی سلێمانی چونكە حسك بریتیە لەلقی سلێمانی و هەربەتۆوە وجودتان لەسەرساحەكە هەیەو لەولا هیچ تەئسیرێكیان نیەو لەوبابەتە من تەئكیدم كردەوە ئێمە یەك حزبین وجیانابین و جیانین كاك شەوكەت داوای چاوپێ كەوتنی كرد لەگەڵ من لە1985/2/20دا من ووتم دوای وەڵامتان لێ دەگێرمەوە دەبوو من دووشت بكەم ... یەكەمیان دەبوو كۆمیتەی سلێمانی كەركوك رازی بكەم ... وە دوەمیان مەكتەبی سیاسی وكۆمیتەی ناوەندی رازی بكەم ئەوەش كاتی دەویست لەرێگەی خاڵەحاجیەوە ناوەرۆكی نامەكانم نارد بۆسەركردایەتی و نامەكانی خۆشم هیچ وەڵامی نەبوونەمانزانی لای خاڵەحاجی راگیرابوویان برادەران ئیهمالیان كردبوو رێگاش دوربوو جیهازی سەرەوەش نەبوو لەگەڵ كاك شێخ محمد شاكەلی باسم كردو وتی باشە بەڵام پێویستی بەوردەكاری هەیە لەبەر جودو

سەرکردایەتی وئێران وهەمووی دژمان دەبن، لای کاک شیروان شیروەندی پێکەوە باسمان کرد کاک شیروان وتی ئەوەی لەگەڵ یەکێتی ئاشتی بکات خیانەتە و زۆرتوند بوو کاک شێخ محمد هێواش تربوو بەلآم چاوپێ کەوتنی پێ باش نەبوو یائەگەر هەبێت خۆی بەشدار نابێت منیش داخی زۆری جودم لەدڵدابوو دەمویست جود لەبەر یەك هەڵوەشێنمەوەو پێم لەسەری داگرت وتیان باشە خۆت مەرۆ وتم ئەوان داوای خۆمیان کردووە وتیان کێ دەڵێت ناتکوژن وتم من هێزدەبەم و شەربکەن شەردەکەم وئاشتی بکەن ئاشتی دەکەم هەرکامیان بێت گرنگ نیە هەر رۆژە بۆرۆژێك دوایان دەخست وەلآمی سەرەوەش نەبوو، لەرۆژی 1985/2/16 لەسورێن بوین باران بوو ئاوی زەڵم هاتبوو کاک مەلانوری ئامر هەرێمی (2)و ئەندامی ناوچەی پێنجوێن وپێشمەرگەی کۆن وکادرێکی بەتوانای حزب بوو ژنی خواستبوو لەتەپی سەفاو پێشمەرگە چوون هێنایان لەرێگا جەمیلەخان کەوتبوە ئاوی زەڵمەوە گەیشتنە بانی شار ملازم کەریم وتی مەلانوری لەپاریس یش وانیە ئافرەت بداتە ئەوشاخە ئەویش وتی کاک کەریم ئەم شەو کەوتۆتە ئاوی زەڵمەوە فەقیرە هەرمردووە ئەوەندە هیلاك بووە، لە1985/2/17 لەسورێن بوین بەفردەباری هەموو لایەکی گرتبوو تالای جێگای تراکتۆروسەیارەکە بەفر باری بوو ئێمە لەوکاتەنەدا سەیارەو تراکتۆرمان هەبوو لەخوار مەقەری دەرەکۆرە وبانی شاروپشتی میری سور شۆفڵ وسەیارەیەکی زۆرهەبوون، لە19و1985/2/20 هەر لەسورێن بوین ودنیازۆر ساردبوو، لە1985/2/21 کاک شێخ محمدوکاک شیروان لەماڵی ئێمە لەدەرەکۆرە میوان بوون قسەمان لەسەر وەلآمی نامەکانی کاک شەوکەت کرد، لە1985/2/22 هەر لەدەرەکۆرە بوین، شەوی 23–1985/2/24 میوانمان هەبوو لەتەلەفزیۆن وێنەی شەرەکەی عێراق ئێرانی پیشان ئەدا تادرەنگ ماینەوە وقسەمان کردوکاستەروچاوقاوەش هەبوو بەلآم دنیا ساردو بەفرزۆربوو، لە26و1985/2/27 بەفرێکی زۆردەباری لەسورێن تانزیك میری سور دەباری و گرتبوی نیومەتر باری بوو تاشیرەمەروریشێن وگوڵەخانەی گرتبوو، لە1985/2/28 بەفر تەواوی شارەزووری گرت بەلآم لەبەرئەوەی کاتی نەمابوو نەمایەوەو ئێوارەش خۆشی کرد هەرئەو رۆژە جەیشی ئیسرائیل لەژێر زەختی شیعەدا شاری صەیدای لوبنانی چۆڵ کردوکشایەوە دواوە،

لـه1985/3/1 لەسـورێن بـوین ودنیاسـاردبوو، لـە1985/3/2 لـەدەرەکۆرە بـوم میوانمـان هـەبوودنیا سـاردبوو بـەفرزۆربوو بـەڵام هـەتاوبوو نامەیـەکی کـاك قادرچاوشـێنم بۆهـات بۆکۆمیتـەی سـلێمانی کـەرکوکی نوسـیبوو ماوەیـەك بـوو چـاوەرێ ی ئـەو نامەیـەم لـێ دەکرددداوای کردبوو کەیـەکێك بنێرن ودەوروتەسلیمی لەگەڵ بکـەن چونکە ئـەو دەرواتـە لای پـارتی ووادیـاربوو پـارتی دڵخۆشـیان کردبـوو، لـە1985/3/3 کاك ئەحمەدقەدەفـەری لەشـارەزوور گەرایـەوە، کۆبونـەوەی لـق هـەبوو لەسـەر روداوەکـانیش کۆمیتـەی ناوچـەی پێنجوێن بەیانێکی دەرکردو داوای ئاشتی کردبوو، لـە1985/3/5 لـەدەرەکۆرە بـوین کـاك شێخ محمد لامان بوو، لە1985/3/6 بۆئاڵوگۆر کردنـی بیرورا چوینە بانی شـارو نیـوەرۆ لـەقوەی هـەورامان وشـەولای کـاك ئەحمـەدو ئـەوان لـەبانی شـار بـوین چـونکە مەقـەرێکی هەرێمی (5)مان بردبووە ئەوێ وکـەرتێکیان لەسـەر رێگـای بـانی شـاروخورماڵ وشیرەمەر بوو، لە1985/3/7 دالەگەڵ کاك شـێخ محمدشـاکەلی وکـاك شـیروان شـیروەندی دا چـوینە لای کاك رۆستەم وکاك مەلانوری وپاشان چوینە سەردانی کـاك ئـازادی پاسـۆك لـە پـشتی بانی شار دەربارەی ئاشتی ویەکێتی قسەمان زۆرکردو شتی زۆرمان باس کـرد، مـن وکـاك ئازادوکاك شـێخ محمـد بۆچـونەکانمان نزیـك بـوو لەیەکـەوە کـاك شـیروان دژی بۆچـونەکان وئاشتی بوولەگەڵ یەکێتی دا ووتی ئەوە دژی کوردوبریاری حزبە، بەبۆنەی شەری هـەلاج ودابانـەوە کـاك ئـازاد بروسـکەیەکی دابـوو بەیـەکێتی ودەسـت خۆشـی لـێ کردبـوون و رادیوکەیان بوو بەرادیوی دەنگی گەلی کوردستان بەڵام یەکێتی ئیهمالیان کردوو وەڵامـی بروسکەکەیان نەدابووەوە، کـاك ئـازاد ووتـی ئاشـتی بکرێـت باشـەو ئێمـە لەترسـی پـارتی نـاوێرین لەوانەیـە بمـان کـوژن بـەڵام دەسـتیان بەسـەر ئێـوەدا نـاروات مەگـەر لەبرادۆسـت کێشە بـۆ مەکتـەبی سیاسـی دروسـت بکـەن کـاك ئـازادومن زۆرتـەرحمان کردوکـاك شـێخ محمدیش بـاش بـوو کـاك ئـازاد یارمـەتی مـنی دا بـۆ رەئـی کـاك شـێخ محمـدیش بـەڵام مـن نائومێـدبوم لــەوەڵامی مەکتــەبی سیاســی کەنایەتــەوەو منــیش ئــاخر وەعــدم دابــوو بۆناوەراستی مانگی(3) هەموو رۆژێك کاك شەوکەت نامەی دەناردو دەیویست بمان بینێ وتمان ئەگەر لەم کاتەدا هێزی ئەوان وئێمە توشی شەربن لەوانەیە کێشەکە ئاسان نـەبێت ویائـەوان توشـی زەرەروشـەربن لەوانەیـە بـە دواخـستنی ئێمـەی بـزانن، کـاك ئـازاد وتـی

لەئێستا باشتر نیە مەوەستن لیٚ ی باش بوو دوودڵیەکەی کاك شێخ محمدیش کەمتربوو گەراینەوە نیوەرۆی 1985/3/8 لای کاك رۆستەم مستەفا بەگ وپاشان سەری هاورێیان وکاك مەلائەحمەدی بانی خێلاٚنی وکاك ئەحمەدرەجەب وئەوانمان دا، کاك ئەحمەد رەجەب ناوی خۆی نابووسیروان و کتابێکی فارسی تەرجومە کردبوو وابزانم ناوی (بابە گیان کەی دێمەوە) (پدرجان کی برمیگردم) لەرێگای منارەکەو مەرداڵ توشی پاسداربوو داوای لەکاك مەلانوری کردبوو کەتەرجومەی بۆبکات ئەویش وتبوی بابەگیان کەی دێمەوەت چۆن لەفارسیەوە کردوتە بەکوردی وئێستا فارسی نازانی وداوای تەرجومە دەکەیت وادیاربوو حزبی شیوعی دەترسان لەپاسداران وخۆیان لیٚ لادەدان، بۆئێوارەی چوینە لای کاك ملازم کەریم وملازم شوان وقسەی زۆرکراو شەونەیان هێشت بگەرێینەوەو لەسەر روداوەکان من دەمویست راوبۆچونی هەموو لایەك وەربگرم، کاك ئەحمەدبانی خێلاٚنی زۆربەتوندی دژی یەکێتی قسەی کرد لەوە نەبوو زیاتر قسەی لەگەڵدا بکەین بەلاٚم پیٚ ی باش بودژی رژێم بن ولەرژێم دور بکەونەوە، ملازم کەریم وملازم شوان لەناوەندی بون چونکە بریارلای کاك ئازادبوو قسەمان زۆرکرد بەلاٚم کاك شیروان لەبریاردا دەوەستاوپیٚ ی خۆش نەبووهەنگاوی ئاشتی بنێین لەگەڵ یەکێتی داو دەیوت خەتەرەوخیانەتەو شتی کەش بەلاٚم من هەر لەگەڵیدا باسم دەکرد، شەری عێراق ئێران تادەهات گەرم تر دەبو لەبەسرەولەشارەکان وزۆرجێگاش دەدرا، ئێمە لە1985/3/9 لەبانی شارو لەمەقەری قوەی هەورامان دەعوەت بوین هێزەکانمان زۆری لەخوارەوە بون، لە1985/3/10 عێراق لەشارەکانی ئێرانی دابوو لەمەریوان (700) کوژراو بریندارهەبوو لەبانەو ئەسفەهان ونهاوەندی دابوو لەمەریوان (500) خانوو روخابوو شارەکانی کوردستانیش هەموو رەنگی مردوی گرتبووویران کرابوون خەڵکەکەی چۆلی کردبوو گوندەکانی کانی دیناروجوجەسازی ئاوادان کرایەوە، لە 1985/3/10 (خوشن چیرونیکو)ی سەرۆکی سۆڤیەت کۆچی دوای کرد، هەرهەمان رۆژ ئێران لەشانەدەری وهەڵەبجەوسەیدصادق وخورماڵی داو زەرەرێکی زۆر لەخەڵکی کەوت و لەبانی شاریەکان (47)کەس کوژران و حەسەن حمەمرادو زۆری کەش، لە1985/3/11 رۆژی 11ی ئازاریادی بەیانی 1970 بوو، 6ی ئازاریش رێکەوتنی جەزائیربوو هەرئەو

رۆژە عێـراق لەتەبریزوقـەزوێن وتـەهرانی دا بەتـەیارە ئێـرانیش لـەدوزخورماتوو کفـری وعەقرەورومادی دا هێزی ئاسمانی ئێران لاوازبوو هەم تـەیارەکانیان لـیٚ ی دڵنیا نـەبوون هەم جۆری تەیارەش لەهی عێراق کۆن تربوون، تەیارەی ئێران بیٚ هێـز بـوون و ئێـرانیش تەجروبەی کەم بوو لەجێگای اقتصادی بدات ئەگینا کفری و عەقرەو دوز هیچی لیٚ نەبوو بەڵکو ناوچەی کوردی وزەرەری بۆ ئێران خۆشی هەبوو، لە1985/3/12 لەسورێن بوین و عێـراق لەمــەریوان وبانــەی دایــەوە، ، لــە1985/3/14 سـاروخی ئـەرز ئـەرزی ئێرانـی لەبەغـدادو لەشـارع رەشـید و شـۆرجەی داو زەرەری لـەبانقی مەرکـەزی عێـراق کـەوت، لە1985/3/15 لەسورێن ودەرەکۆرەبوین چوم بۆلای کاك شیروان لەوێوەوە چوین بـۆلای کاك شێخ محمد شاکەلی دەربارەی مەسەلەی ئاشتی سۆسیالیست و یەکێتی قسەمان کـردو ئـەوان تائێستا (3)جار وەعدیان بـەمن داوە کەئـەو ئاشـتی یـە بکرێـت بـەلاٚم لـیٚ ی پەشیمان دەبونەوە لەکۆمیتە بەرای من لـەجود دەترسـان وبریارەکەشیان پـیٚ قورس بـوو لـەوەش دەترسـان مـن لـەو سـەفەرە تیـا بـچم بەسـەر ئەوانـدا بکـەوێت وزۆرشـتی کـەش، سەرلەبەیانی رۆژی 1985/3/16 لەمیری سورەوە دەچـوم بۆبانی شار بـەنیازی سـەفەری شـارەزوور لەسـەرداوای یـەکێتی و نامـەی کـاك شـەوکەت بۆچـاو پـیٚ کـەوتن ونامـەی مـام جەلالیش منـیش وەلاٚمـی نامەکـەی مـام جـەلال م بەدورودرێـژی دایـەوە لەسـەر روداوەکـان ووەزعـی یــەکێتی وحەسـاری هــەموو لایــەك ومەســەلەی ئاشـتـی لەگـەڵ سۆسیالـست ومەکتـەبی سیاسـی وئاشـتی لەگـەڵ ئێـران و لەگـەڵ ئێمـەو ئێـران دەکرێـت وهـیچ پـارتی تەئسیری نیە لەسەری، بەسودوەرگرتن لە پەیوەنـدی سۆسیالـست وئێـران یاخۆتـان وەکـو یەکێتی دەتوانن لەگـەڵ ئێـران قسە بکـەن نـەك چاوەریٚ ی ئاشتی لەگـەڵ پـارتی بـن ئێـوە ئەگەر لەگەڵ ئێمە ئاشتی بکەن ولەگەڵ ئێران بکـەن ئـەوکات ئێـران پـارتی بـانگ دەکـات و لەگـەڵ یـەکێتی ئاشـتی پـیٚ دەکـات بۆئـەوەی بەهەڵـەدا نەچـن، مـن ئامـادەیی خۆشمـانم دەربری بـۆ راگـرتنی شـەر لەسـەروی ئەوەشـەوە کـە وەزعـی یـەکێتی خراپـەو هـەتا لەگـەڵ ئێرانیش بیان گەیەنین بەیەك من وەلاٚمم ناردەوە بۆمام جەلال واتا وەلاٚمی نامەکەی، لە 16و1985/3/17 لەمەقـەر بـوین لـەبانی شـار نیـوەرۆ لەمــەرگولان لای پیرغـەیب بـوین قوەتێکی پێشمەرگەمان ئامادە کرد لەو پێشمەرگانەی کەیەکێتی نـەی دەناسین و وایان

دەزانی پێشمەرگەمان کەمە لەسورێن بەحسابی خۆیان نزیکەی (50) پێشمەرگە زیاتر ڕۆیشتنە شیرەمەرو بۆشەوەکەی چوینە ئەحمەدئاواو پشتی خورماڵ وچاوگی شیرەمەرو خەندەق وەزۆرماندو بوین و ناخۆش بوو، لە1985/3/18 لەئەحمەدئاوا لەماڵی مام سەعید زەڵمی بوین لەگەڵ کاك عبدالخالق هەورامی وکاك نصرالدین هەورامی لەحزبی شیوعی بوو ئەوکات دوای بوبەپارتی وشەهید بوو لای دەربەندیخان کورێکی باش وشۆرشگێربوو ئێوارە دەعوەتی ماڵی کاك خەلیل بوین لەئەحمەد ئاوا، شەوی 18–1985/3/19 چوینە دێکۆن لەئاوایی ڕۆستەم بەگ لای مەعەسکەرەکەوە باران بوو شەو گەراینەوە ئەحمەدئاوا لەبەر بارانی زۆر نەمانتوانی بڕۆین وچاوەڕیٚ ی نامەی یەکێتی مان دەکردکەلەکویٚ بن ئەوان، من جگە لەکاك شێخ محمدشاکەلی بەکەسم نەوت دەڕۆم بۆئەوە کاك شیروانیش نارازی بوو بەلاّم من هەر ڕۆیشتم و وتم ئەگەر خراپ بوو ڕەخنەی ئەوان وبەتایبەتی کاك شیروان قبوڵ دەکەم و ئەگەر چاکیش بوو ئەویشی لەگەڵ دایەو ئەو ڕۆژە غەیرموباشر باسم کردلەگەڵ کاك نصرالدین دا ئامر بەتالیونی حزبی شیوعی بوو هەمو ئەوناوچەیە ئەو مەسئولی عەسکەری بوو کاك عبدالخالق وبرادەرانی خۆمان ماوەیەکی زۆربو باسمان کردبوو هەموویان پێیان باش بوو بەلاّم هەمووی نارازی بوو من کاك شەوکەت ببینم، من کاتەکەم بەئەوان نەوت و وایانزانی هەر وەکو جاران جەولەیەکەولای زەڵم وئەوناوە جیهاز پەیوەندی کرد مەلا فائیق بگەرێتەوە چونکە ژنەکەیان بۆهێناوەو والەبانی شار بۆیان داناوە دووکەس هێناویانەو لەویٚ چاوەڕیٚ ی دەکەن زۆر سەیربوو ژن هێنان لای پێشمەرگەی سۆسیالست زۆریان کەسوکاریان ژنیان بۆدەهێنان دووسیٚ ڕۆژ لەسورێن چاوەروانیان دەکردتا زاوالەجەولە دەگەرایەوە لەوانە ابراهیم قاجری وئەحمەد قەدەفەری ومەلافائیق و مەلانوری وزۆری تر لەپێشمەرگە هەربەو شێوەیە بوو ژنیان دەهاتە مەقەرو چاوەڕیٚ یان دەکرد بەجیهاز ئاگاداری زاوا دەکرا لەجەولە بگەرێتەوە بۆمەقەر لەوێش چادرێکی بۆهەڵدەدراو (4–5) بەتانی دەدرایەوبەداریش چاوچێشت دەکراو لەوشاخە تەباخ وغاز کەم بوو بوك لەجیاتی جلی بوکێنی هەرلەماڵی باوکی قاتێك جلی خاکی لەبەردەکردو پشتوێنی دەبەست وجامانەو باتەی لاستیکی لەپیٚ دەکردو بەباران وبەفروقورە یاگەرمای هاوین دەهات بۆمەقەر لەویٚ

چاوەرێ دەبوو تازاوا بێتەوە لەجەولە، مەلافائیق (3)ڕۆژ بوو ژن هاتبوو ئەولەجەولە بوو گەرایەوەو چادرێکی لەسورێن هەڵدا لەناو ئەوبەردەلانە کە مارودووپشکی زۆری هەبوو، لە1985/3/19 باران زۆری بۆهێنااین چوینەگازینۆ گەورەکەی چەمی زەڵم لەگەڵ برادەران دوای نیوەڕۆ کاک حاجی محمد عبدالقادروحاجی عەلی توفیق لەتەپەگولاوی نامەی کاک شەوکەت یان هێناو من نوسیم کەدێمە کوڵکنی وئەویش وتبوی وەفدێکین کاک سامان قەرداغی ومامۆستا محسین عەلی خانەقینی وزۆری کەش لەبرادەرانیان منیش کاک باکۆی صلاح بەگ حامیدبەگی جاف وشێخ توفیق وچەند کادرێکی کەمان لەگەڵدابوو، لەشەوی 19–1985/3/20 لەئەحمەدئاواوە چوینەکوڵکنی حاجی حمەسورو لەوێ بوین لەماڵی کاک حاجی محمد ئێوارەکەی چوینە کوڵکنی ئەحمەدفەقێ کەرەم و بۆتەپی سەفاوتەپەتۆڵەکەو کیشەدەری، لەڕۆژی 1985/3/21 ئاگری نەورۆز لەکوڵکنی کرایەوەو لەدرێژایی سورێن بارەگاکانی سۆسیالست ئاگریان کردەوەو دۆشکاش گولەی گردارو ئار.بی.جی.یان دەتەقاندلەهەموو شارەزوورەوە دیاربوو،

## یەکەم دانیشتنی ئێمەو (ی . ن . ك ) لەدۆلاش کرا

لە1985/3/21 چوینە قاجرومام والیمان لەگەڵ هات ولەپێشەوە چوبوو بۆدۆلاش خەبەریان بداتێ کەئێمە هاتوین ئەوان لەناوگردان وەلامیان نارد منیش وتم بێنە دۆلاش ئێمە چوینە توی سەید دەکان وسەرکەوتین بۆگردی شەریفی کۆنەوە بۆدۆلاش مام کەریم تاوگۆزی وهەندێك پێشمەرگە لەپێشەوە ڕۆیشتبون بەمۆرەوە سەیری یەکێتی یان کردبوو ئێمە بەلایاندا ڕۆیشتین وئەوان هاتنە سەرکانی و ئاوەکەی دۆلاش بەدەمی ئێمەوەو دار دانرابوو من پێلاوەکەم خزا لەسەر دارەکەو کەوتمە ئاوەکەو کەمێك تەربووم، لەوێ دوای ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کاک شەوکەت وئەوبرادەرانە یەکمان بینی من وکاك شەوکەت لەماڵی کاک محمد دۆلاشی نانمان بۆحازر کرابوو دوای نان خواردن من وکاك شەوکەت دانیشتین وقسەمان کردو رای هەردوولاو لەیەك گەیشتین ئێمە وەکو حزبی سۆسیالیست بەوپەری قەناعەتەوە بۆئاشتی ڕۆیشتبوین بەلام ئەوان هەندێك فروفێڵیان دەهێنایەوەو خۆیان لێ لائەداو کاک سامان نەهاتبوو گەرابوەوە دوای دانیشتنی یەکەم لەدۆلاش بۆدانیشتنی دووەم بریارمان دا برۆینە ناوگردان وادیاربوو ئەوان لای خەڵکی

نەیان وتیو وەکو یەکێتی وسۆسیالیست قسە دەکەین بەڵکو وایان پیشان دابوو کەئێمە گەراوینەتەوە ناویەکێتی لەناوگردان چوینە ماڵی کاك حمەرەشیدسەید نجم الدین مامۆستای ناوەندی بوو لەناوگردان ئەوکات سەربەیەکێتی بوو، کۆبونەوەیش بە بەشداربونی کاك باکۆی جاف وشێخ توفیق شێخ حامید بوو ئەوکات شێخ توفیق ئامر کەرت بوو لای سۆسیالست ئەوان پێ یان لەسەر ئەوە داگرت دەبێت هەرلەگەڵ لقی سلێمانی دا ئەو هودنەوخاڵە هاوبەشانە هەبێت منیش وتم سەرانسەری کوردستان بێت، ئێمە وتمان ئاگاداری سەرەوە دەکەین باهەر ئەم ناوچەیە نەبێ واتا پارێزگای سلێمانی کەرکوك لەگەڵ یەکێتی دا خاڵەکانمان نوسی و هەردوولا ئیمزامان کرد بەم شێوەیە بوو..

1- شەر لە رۆژی 1985/3/21 وە وەستا لەنێوان لقی سلێمانی ولقی کەرکوك واتا کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی کەرکوکی سۆسیالیست ومەڵبەندی (1 و2) ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا.

2- جەولەی پێشمەرگەی سۆسیالیست بۆناوچەی کەرکوك وقەرەداغ بکرێت.

3- هەرێمی (4) بگەرێتەوە دۆڵی جافەتی وناوچەی دوکان بگەرێتەوە سنوری خۆی.

4- هەرێمی (3) بگەرێتەوە شارباژێرو دەوری سلێمانی.

لەسنوری شارەزووروتاجادەی دەربەندیخان وسلێمانی دەی برێت ئیشوکاری ئیداری وکۆمەڵایەتی لەوەوپێش چۆن کراوەوهەرکەس وەرەقەی هەرلایەك بێتە لاکەی کە هەڵی نەوەشێنێتەوەو وەکو خۆی بمێنێتەوە ولەمەولاش لیژنەی کۆمەڵایەتی هەردوولا کێشەی رۆژانەو زەوی وزارو زەریبەو ئەوپارانەی کۆدەکرێتەوە هاوبەش بن پێکەوە وەهەر کەس وەرەقەی هەر لایەکی بۆکرا لاکەی کە احترامی وەرەقەکە بگرێت وئازاد بێت وچەك نەروات بۆلای لاکەی کەو هەرکەس رۆیشت بێ چەك وەربگرێت نەك بەچەکەوە هەوڵیش بدەین چالاکی هاوبەش بکرێت دژی رژێم و ئێمەش هێزی پارتی وشیوعی نەهێنینە خوارەوە تالەگەڵ ئەوانیش رێك دەکەون وهەردوولا ئیمزا ی کردوو ئەوان گەرانەوە بۆبێرەشکەوئەو ناوە ئێمەش لەناوگردانماینەوە کچێکی بچکۆڵەی خوشکی کاك هیوای حاجی محمد صالح بو لەناوگردان حسکێکی زۆر توخ بوو زۆر منال بوو پێشمەرگەیەکی ناردبوووتبووی ئەگەر بووە بەجەلالی فەروەکەو گۆچانەکەوتەزبیحەکەم بۆ بنێرێتەوە

خۆی باهەر بروات وحسك بەو تەواو نابێت ناوی (سروە خان)بوو نانی نەخواردبوو تادرەنگ ئێوارە لەداخا قسەیان بۆكردبوو یەكێتیش لەویٚ پروپاگەندەیان كردبوو من داوام لەكاك شەوكەت كردوناوگردانیشمان ئاگادار كردەوە هەموی لەمزگەوت كۆببنەوە تۆیش قسەیان بۆبكەولەسەر ئەو هەنگاوەی ئێستا نراوە بۆئاشتی وادیاربو ئەوان ئیجازەی ئەوەیان پیٚ نەبوو زانیان ئێمە گوندەكەمان ئاگادار كردوەو ئێوارە قسەیان بۆدەكەین ئەوان زوو بۆی دەرچون چونكە پێش ئێمە جۆرێكی كە قسەیان كردوەو ئێستا بەجۆرێكی تر من قسەدەكەم ئەوان رۆیشتن وهەموو خەڵكی ئاوایی ناوگردان ودەوروبەری لەویٚ بوون چونكە یەك ساڵ گفنوگۆ ئێمە لەوناوە بەئاشكرا نەبوین ولەسەیدصادق و شانەدەریشەوە خەڵكی زۆر لەترسی تۆپ باران هەڵهاتبون ئەوانیش لەویٚ بون مزگەوتەكە نەیدەگرت زۆری لەدەرەوە بون، لەشەوی 22-1985/3/23 كۆبونەوەمان لەگوندی ناوگردان كردو لەسەر وەزعی حزبی سۆسیالست وخۆراگری چەند رۆژێك پێش ئەوە شەری ناوگردان كرابووڕژێم شكابوو سەركەوتنی باشمان بەدەست هێنابوو یەكێتیش شەری دابان وهەلاج یان كردبوو، كاك شەوكەت وتی ئەو رۆژەی شەری دابان وهەلاج وشەدەڵە كراوە كاك شێخ ئەحمەد حاجی كاكەحمەی شەدەڵە لەناو بنەماڵەكەیان ئەو سۆسیالست بوو لەسلێمانیەوە گەرابووە وەكاك شەوكەت وتبوی كاك شێخ ئەحمەد دەنگوباسی یەكێتی وئەم شەرانە كراوەو سەیارە سوتاوەومەعەسكەر گیراوەو لەشار دەنگوباس چۆنە، شێخ ئەحمەد وتبوی كاك شەوكەت حسك شەرێكیان كردووە لەناوگردان رژێمیان راونـاوە تاكانی پانكەیان گرتووەو شەركراوەو دەنگی داوەتەوەو ورەی رژێمی بردووە كاك شەوكەت وتی هەرچی پرسیارم لیٚ كرد هەرفائیدەی نەبوو وتم ئەی بیٚ ویژدان تۆ خۆت لەسلێمانیەوە تائێرە چەند سەیارە سوتاوەو چەند مەعەسكەرو رەبایەو(95) سەرباز بەدیل گیراوەو هەرلێرەوە دیارە ئەو رەبایانە گیراوە نایانبینی شێخ ئەحمەد وتی بائەوەش هەیەو بەلاٚم جەماوەر لەشاریش دەڵێن یەكێتی ئەوە زیاتر لەیەك ساڵە لەگەڵ ئەو عەسكەرورەبایەنەدا تێكەڵەو پێكەوە حەرەسیات و ناسراوی وهاتوچۆو (قزعە) پێكەوە دەخۆن و لەپەنای دۆستایەتی یەوە بیٚ ئەوەی ئاگایان لێیان بێت وبەناوی سەردان لەرەبایەكان شەو چونەتە لایان وهەرئێوارە لەویٚ

پێکەوە خەوتون و شەو لەیەك سەعاتدا هەمویتان چەك کردون ئەوە زۆر گرنگ نیە لای جەماوەر ئەوە گرنگە هەر یەکێتی بریاری شەری دا لەگەڵ رژێم ئیتر هێزی سۆسیالیست لەسورێنەوە هاتە خوارەوە و یەکێتیش نەیتوانی لەشارەزوور بمێنێتەوە و رژێم بەهەموو هێزیەوە هێرشی بۆکردو رژێم شکاوهەڵهات ئەوە شەری پێشمەرگەو حکومەتە وشەری راستە قینەیە نەك ئەوەی ئێوە ئێستاش بەدەمیدا نەهات شێخ ئەحمەد بڵێت شەری ئێوە باش بووە دوای کاك شێخ ئەحمەدم بینی  وتم کاك شەوکەت باسی سەفەرەکەی سلێمانی وشەری دابان وناوگردانی بۆکردوم وتی ئەی وانەبوو وتی من راستیەکەی دەڵێم وابووە خەڵکی کۆبونەوەکەی ناوگردانی پێ خۆش بوو زۆریش پرسیارکراو وەڵامان دایەوەو تەسجیل کراوەو ئێستاش شریتەکەی ماوەو قسەکانی ئەو کۆبونەوەیەو کۆبونەوەکانی کەش لە 1985/3/22 لەنێوان ناوگردان ودۆڵاش لەناودارەکان دا بوین لەدەشتەکەدا، نیوەرۆ چوینە دۆڵاش وبۆگردی شەریف ولەوێ جاش تەقەی کردوهەڵهاتن چونکە تائەوکاتەش جاش نەیان دەزانی هێزەکانی ئێمە لەهەموو ناوچەیەك هەیەو وایان دەزانی یەکێتی لەوێ یە بۆیە جاش(یەك یەك ودوو دوو) دەگەران لەهەموو گوندەکان بەرۆژ،

## بارەگاکانی حزب لەسورێن بەهۆی شەری عێراق _ ئێرانەوە دەکەونە بەرتۆپ بارانی خەست

شەوی 23–1985/3/24 لەناوگردانەوە چوین بۆ دۆڵاش وقاجرو راست بۆگێڵەك وشیرەمەرو بۆلای چاڵەرەش لای بانی شار لەسەعات (7)ی رۆژی 1985/3/24 گەیشتینە بانی شار بەڵام سورێن ببوو بەئاگرو تۆپ وتەقەو ئێمەش وتمان هەرچۆن بێت بگەرێینەوە سەر لەلای بانی بنۆك وچنارەوە عێراق و ئێران بەردەوام بون لەشەر  عێراق هێرشی کردبوو پشتی چنارەی گرتبوو کەپاسدارو پارتی لێ بوو نەیان زانیبوو پشتیان گیرابوو کەئەوەش زەختی لەسەر بارەگاکانی ئێمە لەدەرەکۆرەومیری سورومەنجەرو ئەوناوە زیاد دەکردوئەوەش لەئیهمالی بوو هەندێك پێشمەرگەی پارتی تەسلیم بونەوە وەکو بەکری حاجی ئەحمەد ی حمەی باسام لەباوەکوژیاوی لای سەیدصادق کەوتبونە پێش جەیشی عێراق و پشتی پاسدارەکان و پارتی یان گرتبوو شەریان کرد بەڵام مقاوەمەیان بۆنەکرابوو زۆری پاسدار لەشاخەکەوە هەڵدرانە خوارەوەو ئێمە چاومان لێ

بوو ئێمەش کەوتینە خۆمان تائەوان جێگرنەبون پارتی هەرشەو هەڵهاتبون ئێمەلەبانی شارەوە بۆمیری سورو لەوێشەوە چوینە هەرێمی (5)و ئەوکات زۆر لەگەڵ ئێران رێك نەبوین و ئەوچاوپێ کەوتنەی یەکێتیش هاتە سەرو ئێران وجود پێیان ناخۆش بووبەلاَم ئەو هێرشەی عێراق لەزۆرمانی تێکدا نەپەرژێنە سەرهەندێك شت و رەخنەی ئێران دژی یەکێتی بوو پێیان ناخۆش بوو ئێمە ئاشت ببینەوەلەگەڵیان بەتایبەتی بێ پرسی ئەوان لایان سەخت بوو مەسئولی پاسداران هاتبوە لای برادەرانی ئێمە کەچۆن زەرەریان کردوەو جەنازەیان جێ ماوە یارمەتیان بدەین و پارتی بەجێ ی هێشتون سورێن واهەڵکەوتوەو کاتی واهەیە بەرزاییەك بگرە کلیلی ناوچەیەکت دەکەوێتە دەستەوە واشاخەکە هەڵکەوتووەو ئێمەش هەندێك هێزمان ئامادە کرد بەلاَم سورێن و هەر جێگایەك بەتایبەتی لەشەری عێراق ئێران گیرا وەرگرتنەوەی لەوکاتەدا ئاسان نیەو ناگیرێتەوە زۆر زەحمەتە پێشمەرگەی ئێمەش مەقەری خۆیان نەگیرابوو زۆریان پێ ناخۆش نەبوو بەلاَم هەڵە بون ئێمە زۆر زەرەرمان دەکردو هەندێك لەمەقەرەکانمان دەکەوتە ژێر رەحمەتی تۆپی عێراقەوە هەرواش بوو لەسەروی چنارەوە هەرلەوێ وە بەهاوان هەرمێڵەی بەپاسداران چۆڵ کردبەلاَم مەقەراتی ئێمە زۆری لێوە نزیك بوو هەندێك چاڵ وپێچ بوو ئاسان نەبوو بۆردومان کردنی، لەشەوی 24-1985/3/25 هێزێکمان ناردو هەندێك پاسدارهاتوچون منیش چومە ئەشکەوتی هەزار ئەستون مەقەری حزبی شیوعی بوو چۆڵیان کردبووهیچیان دەرنەکردبوو تەنانەت رادیوکانیان ئیشی دەکردو مەنجەڵ لەسەر ئاگربوو لەوێوەوە هێزێکمان ناردە چنارەو برادەران رێگایان نەدا من برۆمە چنارە لەهەزار ئەستون شەو گەرامەوە بۆسوڵتان و مەقەری هەرێمی(5) بەلاَم عێراق بەخەستی تۆپ بارانی ناوچەکەی دەکرد(100) تۆپ لەئاسمان و(100) تۆپ لەزەوی و (100) بەرێگاوە بوو هەموو ناوچەکەی کردبوو بەئاگری سور بەو زستانە دنیای گەرم کردبووەوە لەو شاخە، هێزەکە مەلاهەژاری لەگەڵدابوو وەمەسئولی پاسدارەکان ناوی ئاغای صادق بوو، مەلا هەژارو صادق هەردووکیان ئەرۆیشتن وهەردوکیان ببوو بەشەریان وادیاربوو فێڵیان لەیەك کردبوو دوای هەردوکیان لەیەك ئاشکرا ببون و لەیەك جێگای نزیك چەند مەترێك لەیەکەوە دور بون خۆیان لەبەر زۆری

تۆپ شاردبوەوە وادیاربوو تۆپ رۆشنی کردبوولەیەك ئاشکرا ببوون و بو بەکێشەیان و چوبونە چنارە هێزەکە هەندێك بریندارو شتی جێماویان هێنابووەو گەرابونەوە شەو هاتنەوە لای مەنجەروبەیانی هاتنەوە لای ئێمە، وادیاربوو عێراق پیێ ی زانی بوین تۆپی ئێرانیش هەر بۆلای ئێمە ئەهات بەلاّم عێراق هەموو شاخەکەی بێژابوولیێ ی ئەداین، لەرۆژی 1985/3/25 لە هەرێمی (5)وە من چوم بۆلای کاك شێخ محمد شاکەلی بۆمەقەری کۆمیتە جێگای ئەوان خراپ بوو بەرامبەر بوو بەلاّم هێشتا تۆپ لیێ ی نەدابوو هەرخۆی قائیم دەکرد جەیش چووە سەروی چنارەو لای هەرمێڵەی قەویلەو سەرشاخی گەچێنەی گرت زۆر هیلاك بوین تاچوینە لای کاك شێخ محمدو لەویێ لەگەلّ کاك عەلی بچکۆل وکاك صالّح حاجی قادرو مام کەریم دا چوین بۆبانی شار واتا شەوی 25-1985/3/26 لای کاك شێخ محمد بوین و بۆبەیانیەکەی سەرکەوتینە سەرشاخەکە داری بەلاّلوکی لیێ بوو کاك صالّح راوچی بوو وتی ئەم دارە تازە حەیوان خواردویەتی و لەوانەیە لەم ناوەدابێت و لەخوارەوە بزنە کێویەك دەرکەوت وتەقەمان لیێ کردو کوشتمان بوو بەمشت ومر لەسەر ئەوەی کیێ کوشتویەتی هەرکەس دەیوت من کوشتومە منیش وتم ئەگەر لەلاوە بەری کەوتبیێ ئەوە فیشەکی قەناسەکەی منە دوای دەرکەوت کەلەلاوە بەری کەوتووە وەلەگەلّ خۆمان بردمانە خوارەوە بۆپشتی بانی شار بۆمەقەری کاك رۆستەم مستەفا بەگ، لە1985/3/27 لەبانی شار بوم زۆر هیلاك بوم وگەرامەوە بۆدەرەکۆرەو ئەشکەوتی هەزار ئەستون، لە1985/3/28 لەهەزار ئەستونەوە گەراینەوە سولّتان وبۆهەرێمی (5) بەلاّم عێراق تۆپی زۆری لیێ داین لەبەینی بەردێك دانیشتبوین هەموو مەسئولە عەسکەریەکان لام بون تۆپێك هات و دای بەپەنای ئێمەدا کەدانیشتبوین کاسی کردین وقسەکەی بەتۆپ برین وهەندێك سەیری یەکمان کرد سەلامەتین وتم وەلاّ ئەو تۆپە هەموو قسەکانی لەبیر بردینەوە جێگاکەمان گواستەوە تۆپ زیادی کردچادرەکانی هەمووداَ بەسەر یەکدا ئەوپێشمەرگانەی حزبی شیوعی لەهەزار ئەستون (17) پێشمەرگەبون ئەوانیش بۆبانی شار دەرۆیشتن و رەشاشی حەفارۆفیان پیێ بوو مەسئولەکەیان ناوی ملازم ئەکرەم (ئەکرەم عەرەب) بوو کاك شیروان شیروەندی دەیوت بۆ دەرۆن باشەر بکەین تۆ ضابطی عەسکەریت وشارەزای شەریت ئەویش دەیوت من

ضابط نيم لێره حزبی شیوعی منیان کردووه بەضابط یەکێ لەوانەی حزبی شیوعی وتی کاکه ئەم برادەره ناومان ناوه ملازم ضابط کولیەی عەسکەری تەواو نەکردووه، ئێران بەری جەیشی پێ ناگرێت ئیترئێمه بەضابطي موجەنەد چیمان پێ دەکرێت ئەوان رۆیشتن و ئێمەش هەر لەوناوەبوین تۆپ بارانی عێراق یەك سانیه نەدەوەستا بەتۆپ و راجیمه لەدورەوه لەمەقەراتی ئێمەی دەدا هەرلەو کاتەدا لوغمێك دانرا بوو لەلایەن هەرێمی (5)وه لەلای گوڵەخانە بۆئەو دەبابانەی تۆپی لێ ئەدابن، دەبابەیەك شکاولەکارکەوت لەقەدەفەری تراکتۆریان هێنا بۆراکێشانی وەلوغمێکی تر تەقیەوەوتراکتۆرەکەش شکا تراکتۆرەکە هی ماڵی حاجی عەلی بوو لەقەدەفەری وەکورەکەی حاجی عەلیش کەبەزۆر بردوبویان ناوی نەوشیروان بوو ئەویش بریندارببوو واتا لوغمەکه ابراهیم قاجری وئەحمەد قەدەفەری وحورمەت ومنفەرید کە دووپاسداری تیپی (75)ی زەفەربون دایان نابوو وەزعەکه زۆر ئاڵۆزبوو تەرکیزی شەری عێراق ئێران لەلای سنور بوو هەوڵی عێراق بۆئەوه بوو زیاتر ماوەیەك بوو ئێران لای کانی کاکەوەیسەوه لەراستی بانی بنۆك لەودیوی ئێرانەوه خەریك شاخەکه بوو دەیانوت کونی دەکات بۆئەوەی هێرش بکات ئەوەبو بەدەنگوباسی هەموولایەك عێراق باوەری کردبوو خەڵك دەیوت لەژێر شاخەکەوه زرمه دێت کونشیان کردووه خۆی لەراستی دا خەریکی بون بەڵام ئاسان نەبوو بەوئاسانه وچەند ساڵێك سورێن کون بکەن پێم وایه (500) مەترێك لەژێرەوه کون کرابوولای مڵەخوردو رێگای دزڵیش ئەوکارەی کرد گەلآبه دەچووه ناوەو لەولاشەوه بەپری بەردوخۆڵەوه دەهاته دەرەوه بەڵام کونی نەکرد دوای جادەی مڵەخوردیان لەجیاتی کون کردن لەچیاکه دروست کرد ئەوەش وای کرد عێراق زۆر بترسێت وبەپەله ئەو هێرشەی کردوهەندێك لەچیاکەی گرت بەڵام زۆر ئەوتەئسیرەی بۆدیوی ئێران نەبوو جگه لەهەندێك ناوچەی سورێن و ئەولای میری سوروبانی بنۆك، لە1985/3/29 هەر لەبانی شار بوین و لەسوڵتانی ساق تۆپ بەزۆری لێ ی ئەدابن بەتایبەتی لەسەعات (3 و4 و5 و6و 7 و8)ی سەرلەبەیانی بەردەوام تۆپی لێ ئەدابن بەڵام جگه لەیەك گرمه وەکو تەیاره ئیتر مەجالی تۆپی تاك و راجیمەی تاك نەبوو هەمووی بەهەزاران دەهات بۆمان، رۆژی 1985/3/29 رەوف سەید رەحیم لەسەر

بەردێکی گەورەی ناو مەقەرەکە لای کانی سوڵتان وەستابوو ژێری بەردەکە خۆڵێکی نەرم بوو بەردەکەی لەسەردانرابوو بۆئەوەی نەکەوێت و پێشمەرگەی لەسەر بێت تۆپێکی دەبابە هات بەراستی ویەکسەر چوبەژێر ئەو بەردەدا کە رەوق لەسەر وەستابوو ئێمەش لەولایەوە بوین بەلاّم گولە تۆپەکە راست بەناو خۆڵە نەرمەکەی ژێر بەردەکەدا رۆیشت ونەتەقیەوە رەوق تورداو هەڵیدایە ئەولاوە کەمێك پرشی خۆڵەکەو وردە بەرد برینداری کرد تۆپەکە زەرەری نەبوو دوای دوو دەقیقە ژێری بەردەکە خۆڵی لیَ نەماو بەردەکە کەوتە خوارەوەو بەردەکە شکاو شتێکی سەیربوو کەس بەر نەکەوت خۆڵی نەرم ئەوەندە بۆتۆپ سودی هەیە، لە1985/3/30 هەر تۆپ باران زۆر بوو لەسەرمان، لە1985/3/31 هەر لەهەرێمی (5) بوین پێشمەرگە هەموو بەرزایەکانیان گرتبوو ئێمەش لەگەڵ مەسئولەکان چوین بۆسەردانی کۆمیتەی سەرکردایەتی سلێمانی کەرکوك لای مەرتەسەو من وشەهید مەلانوری وکاك نوری وحاجی عبدالله وکاك ابراهیم وکاك شیروان چوینە لای مەقەری کۆمیتەو لەویَ بوین، هەرئەورۆژە لەلایەن عێراق و ئێرانەوە لەشارەکانی کوردستانی هەردوودیوو بەزۆری دەدراو خەڵکی زۆر دەکوژراو موشەکی ئەرز–ئەرز لەبەغدادی دا، لە1985/4/1 هەرلەهەرێمی (5) بوین وەزعەکە کەمێك ئارام ببوەوە بەلاّم تۆپ باران هەرهەبوو، لە1985/4/2 هەر لەسوڵتان بوین هێزەکانی لای بانی شاریش زۆریان هاتبونە لای میری سورودەرەکۆرە وهەزارئەستون و ئەشکەوتی هەورامی و مەرتەسەو ئەشکەوتی حمەشێت ومەنجەروبان زەردو سیَ کوچکان و ئەودەوروبەرە دنیا باران بوومن ومەلانوری چوین بۆکنگروهێنامان بۆنیوەرۆ وەزعەکەش بەرەو هێمنی دەرۆیشت، لە1985/4/3 سەردانی میری سورم کرد ئەوکاتە مەشجەبی ئێمە لەویَ بوو کە زۆربوو بۆشۆرش و پێشمەرگە ئەم شتانەی لیَ بوو (500) هەزار فیشەکی روسی و(50)هەزار فیشەکی ژێرسی و(250)هەزار فیشەکی قەناسە و بی.کەی .سی و(20)هەزار فیشەکی برنەو (2500)گولەی نارنجۆك ئەنداز و(3000)گوللەی هاوانی 120ملیم و(750)گولەی هاوانی 81ملیم و(600) گولەی هاوانی 60ملیم، ئەوە هەموی لە صندوقا نەشکابون جگە لەهەزاران فیشەك لەناومقەردا بوون لەهەموو جۆرەکانی (1300)گولەی ئار.بی.جی بەحەشوەوە و(500)ساروخی سەرژێرسی وکلاشنکۆف فاس

دەیتەقاندو(150) لوغمی دەبابەو(500) لوغمی شەخسی وکۆمەڵێك لوغمی شەبەکەو هەزاران نارنجوکی دەستی هەمووی لەمەخزەن دابو مەشجەبەکەمان لەناو زەویدا هەڵمان کەندبوو دوای ئەوە سەرکەوتینەوە بۆ مەقەری کۆمیتەجێگای خراپ بوو دەستیان کرد بەگواستنەوەی بۆبانی شارولای کاك ئازادی پاسۆك رێگای هەبوو، کاك شێخ محمد چووە لای کاك ئازادو لەوێ چادری هەڵداو ژورێکشی لەکاك ئازاد وەرگرت، من وکاك نوری وشێخ توفیق وحاجی عبدالله وکاك صالح لە1985/4/4 لەکۆمیتە بوین بەڵام مەقەری کۆمیتە گوازرابوەوەو زۆری چادروشتەکان هەرلەوێ مابون و تۆپی ئێران لێ ی داین خەریك بوو بمان کوژێت پاسداروپارتی شکابوون و بەتۆپ خانەکانیان وتبوو جەیش هاتوەتە مەقەری سۆسیالست بۆئەوە بەخۆیان نەڵێن بۆچۆڵتان کردووەو هاتونەتەوە ئێران بەتۆپ لەئێمەی دەدا تائاگادارمان کردن ورایان گرت من سەیری ناوچەکەم کرد بەکەڵکی ئەو مەقەڕە گەورانە نەدەهات لێی بمێنینەوە بۆیە گرنگی مان بەمەقەری حەمە شێت و ئەشکەوتی هەورامی دا لەسورێن لای مەرگۆزەڵ وهەیان و هەنگەلانێ ئاوی هەیانمان بە(3) هەزار مەتر سۆندە هێنایە مەرتەسەو بۆئەوشکەوتی حەمەشێت وخانووی زۆری لێکراو چادری لێ هەڵدرا، لەبانی شاریش هەرمەقەرات کرایەوەو دەستمان کرد بەگواستنەوەی مەقەراتی دەرەکۆرە بۆئەشکەوتی هەورامی و تەقەمەنیەکانیش بۆپشتی بانی شارو خواروی سەررێزو لەوێ ئەشکەوتێك لەزەویەکەداهەبوو لەناوەوە زۆرگەورەو لەقاپیەکەیدا بەردێکمان لەسەردادەنا، بەڵام ئەو ئەشکەوت و کونانە هەموو خەڵکی ناوچەکە شارەزابوون لێیان و دەیان زانی لەکوێدایە من بڕیارم دا دەست بکرێت بەگواستنەوە کەئاسان نەبوو گواستنەوەی ئەو هەموو گوللە تۆپ وفیشەکە لەدەرەکۆرەوە بۆپشتی بانی شارو لەهەرمێڵەوە هەرچی ئێستری خۆمان بوو رۆژانەش (20) ئێسترمان بەکرێ گرتبوو هەرفریا نەدەکەوتن جگە لەتەقەمەنی دۆشکەو هاوەنی (120ملم ) وەتا (60ملم)و هەمووچەکێکمان هەبوو هەرلەوێبوون وجگەلە ئەشیای مەقەڕومالی پێشمەرگە کەلەساڵی 1979 وەپێشتریش واتا1976 وەجارجار هەرلەو ناوە بوون بەڵام لە1980وەجێگیر بوون ومەقەرات هەرلەوێ بوون ، زیاتر لە(20)خانوومان هەبوو هەر خانوویەك 2-3 ژوور و هەیوان وچادری هەبووەزۆر شتی کەش وەك ئازووقەی زیاد

کەهـەمان بوو،وەئێمـە دەبوایـە بیگوێزینـەوە کەئەمـەش زۆر زەحمـەت بـوو هەتامریـشك وبزنمان هەبوو بۆکاتی پێویستی مەقەڕات، هەرلـەو ڕۆژانـەدا ڕەئیس ئـەرکانی جـەیش و قائـد فەیلـەقی یـەك هـاتبووە خورمـاڵ و خـەڵکی ناوچـەکەیان بـانگ کـرد کەپـشتیوانی لەپێشمەرگەو ئێـران نەکـەن وە دوای ئـەوەی ئێـران وپارتیـان کـردەوە بـەدیوی ئێـران دا وەپاش ئەوە بەتەنها حسك مایەوە ئەمەش بەرنامەیەکە لەهەردوولاوە بۆی دێن لـەخورماڵ وسەیدصـادق و پێنجـوێن وەهـەموویان ئێـستا لـەمیری سـوروبانی شـار کۆکراونەتـەوە وەدەیـان گـرین ئـەم هەوالأنـەمان هـەربۆدەهات ئێمـەش دەسـتمان کردبـە خۆئامـادەکردن ، لـە1985/5/4 کـاك صـاڵح حـاجی قـادر هـەم بۆشـاخ ئـازابوو هـەم شـارەزا بـوو بـردینی بۆسەیری پشتی بانی شارو هانە ئەحمەدە ومەرنار بکەین چونکە مەرنار ئاوی کـەم بـوو ئەگەر ئاوی هانە ئەحمەدە بهێنین لەگەڵ مەرناردا ئـەوە شـتێکی باشـە و لەودۆڵـەی پـشتی بانی شار دەبین چونکەدۆڵەکە قایمـە وچووین سـەیرمان کـردو حـاجی عبداللـە ووتـی مـن دەتـوانم ئاوەکـە بهێـنم بـەڵام سـۆندەو قـەفیزو حـەبلی دەوێـت بـۆ بەسـتنەوەی سـۆندەکە لەجێگاشـاخاوی‌یەکان ئێمـە بـاش بـووین زۆربـەی هێزەکانمـان لەشـارەزوور بـوو جەولـەی دەکردو لەشاربازێڕ و چنارەو ئـەوناوەبوون ومەفرەزەیـەکی هـەرێمی(4) مـان لەگـەڵ شـێخ عوبێـد نـاردەوە بـۆلای سـنوری هـەرێمی (4) لەسـەر ڕێکـەوتنی شـارەزور بـەڵام لای شاربازێڕلەگوندی دۆڵەتوو چەکیان کردبوون و گیرابوون خۆیـان بەرنـەدان ئێمـەش لەسـەر ئەوە زەختمان لەشارەزوور خستە سەر یەکێتی دوای بۆیان بەرداین ئەو کاتـە کـاك قـادری حـاجی عـەلی مەسـئولی مەڵبەنـدی دووی یـەکێتی بـوو چـەکی کردبـوون و چـەکەکانی نەئەدایەوە بەزۆری مام جەلال ونامەی مام جەلال چەکەکانی دایەوە پاشان ناردمانـەوە لـە گاپێڵۆن لەمەکتەبێك مەقەریان داناو لەویۆ مانەوە دەستیان کرد بەجەولەو ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی حزب لەناوچەی جافـەتی، لێرەش لەسورێن تووشـی ئـەو شـەرەی عێـراق ئێـران بـووین، ئێـستا حزبـی سۆسیالـست لەبـەردەم هێرشـی عێـراق دا وەسـتاوەو شـەر دەکات کە بۆ ئێمـەش شـەری جەبهـەوی ئاسـان نـەبوو، دوای سـەیری جێگاکانمـان کـردو گەراینەوە پشتی بانی شارو لای کاك شێخ محمد و کاك ئازاد لامان داو ئێوارەش چووینە لای کاك ڕۆستەم و شەو چووینە لای ماڵی خۆمان لەو کاتەشدا ماڵی ئێمە ئاوارەببوون

بۆلای بانی شار ماڵی ئێمە لەئەشکەوتێکدابوو لای پیرغەیب خواری بانی شار هەرێمی (5) ی لێ بوو لەسەر رێگای بانی شار بۆخورماڵ، لە1985/4/6 کۆبوونەوەی لقمان هەبوو

لەسەر رووداوەکان وگواستنەوەی مەقەراتی دەرەکۆرەو سوڵتان ومەنجەرو میری سور وەتەنها پێشمەرگە لەمەقەری هەرێمی(5) هەبێت و چاودێری ناوچەکە بکات، نیوەرۆ دەعوەت بووین لای هاورێیانی حزبی شیوعی لەپشتی بانی شارەوە ئێمە ئاوارەبووین لای مەقەراتی میری سورەوە بۆمەقەراتی بانی شارو وادیاربوو هەر رۆژەی لەمەقەرێك دەعوەتیان دەکردین وە لەگەڵیان قسەمان کرد کەهەرچی بوو پێکەوە بین وبەرگری لەوناوچەیە بکەین بەڵام کلیلی ئەو ناوچەیەش جێگایەکی حەساس بوو بەناوی نەیجە کۆڵەو خۆرنەوەزان کەپێشمەرگەی پارتی لێ بوو دەیانووت مەگەرشاخەکە بڕوات ئێمەش بڕۆین قەت جێی ناهێڵین، ئێمەش جێگاکانمان قایم کردبوو پێشمەرگەی باشی لێ بوو، (لە1985/4/6 لەسودان ئینقلابی عەسکەری کراو جەعفەر نمێری رەئیسی سودان لەئەمریکا نەیتوانی بگەرێتەوە عبدالرحمان سوار الزەهەب لەاخوان مسلیمن بوو هاتە سەرحکوم وسوریاو لیبیاش پشتیوانیان لێ کردو حکومەتە عەسکەریەکەیان بەرەسمی ناسی ودژی ئەمریکابوو عبدالرحمان بوو بەسەرۆکی ولأت لەوکاتەدا بوو ولأتی سوریاو لیبیاو ئەوانەی دژی ئەمریکا بوون ، عبدالرحمان فەریق ئەوەل بوو لەجەیش)، لە1985/4/8 هەرلەبانی شار بوین بۆشەوەکەی لەبانی شارەوە لەگەڵ کاك عبدالخالق وعەلی بچکۆل دابەزینە شیرەمەرو گێڵەك وبۆ کیشەدەری، لە1985/4/9 لەکشیەری بوین ودوای چوین بۆقاجرلەگەڵ کاك نوری وکاك ابراهیم وکاك عبدالخالق، بۆشەوەکەی چوینە قەدەفەری ولەوێ خەڵکمان زۆر بینی وشەو گەراینەوە قاجروگێڵەك وشیرەمەروبانی شار لە 1985/4/10 ، لە1985/4/11 حاجی عبدالله حسێن سوێلەمیشی ومەلافائیق ی برد بۆبەستنی سۆندەی ئاوی هانە ئەحمەدە بۆ مەرنار(مەر بەلەهجەی هەورامی یەعنی ئەشکەوت ... وەنار بەعەرەبی یەعنی ئاگر واتا ئەشکەوتی ئاگر ئەویش بەشێکە لەسورێن) ئەوکەسەی نەی دبێت ئاسانە لای بەلأم (4)هەزار مەتر سۆندەی دەوێت و زۆرناحەرەت وزۆرجێگای دەبێت بەحەبل سەربکەویت و هەزاربە هەزارەو ناخۆش

ونارێکـه، هـەر ئـەورۆژە ئـەنوەر خواجـە لەتەمـەنی (76)سـاڵی داو (40)سـاڵ حکـومی البانیای کردبوو تانەمرد وازی لیّ نەهێناو سکرتێری حزبی شیوعیش بوو رامیز لابەلا هاتە سەرحکومی البانیـادا، لـەرۆژی 1985/4/12 سـەعات (3)ی سـەرلەبەیانی هەسـتاین کەوتینە ڕێگا بۆئێران لەخۆرنەوەزان و ئێلاّن پیّ و وشکەناو سەر سورەسێو لەپلـەی مـەلا مستەفاوە بۆدزڵی وملّەخورد بۆسـەعات (9)ی سـەرلەبەیانی گەیشتینە دزڵـی لەگـەڵ کـاك شیروان وکـاك عـەلی وبرادەران دا لـەدزڵیّ یـەوە چوینە کانی خـەیاران بۆاحتیـات لـەوێش چـادرمان هەڵـدا وهەنـدێك پێـشمەرگەمان لـیّ داناووەسـتامان لەسـەر مەقـەرە کۆنـەکان دانابۆچاك کردنیان، من وەزعەکەم باش نەدەدی واتا چوینەوە ئەو مقەراتانەی کـە (5–6) ساڵ پێش ئەوە لەویّ بوین (جار جار کاك سەید کاکە قسەیەکی بۆباس دەکردین دەیـوت کابرایەك هەبووە کورەکەی فەقیّ بووە زۆر لەکتێبە وردەکانی تەواوکردبوو بـەلاّم ماوەیـەك هەردەهات و دەیوت دووکتێب گەراومەتە دواوە چونکە اهمال بوم لەخوێندن تاگەیـشتەوە جزمـی عەمـە ڕۆژێك بـاوکی گرتـی وتـی ئیتر نایـەڵم بـرۆی بۆخوێنـدن ژنەکـەی پـیّ ی وت بۆنایەڵی خوێندنەکەی تەواو بکات کابرا وتـی هەرئـەوە مـاوە لـەجێگای زاوزیّ بگـەرێتـەوە شـوێنەکەی خـۆی جـا بـۆبروات) ... ئێمـە باوکیـشمان نـەبوو بمـان گرێـت گەراینـەوە جێگاکانی خۆمان وەلەدوای (10) ساڵ هەردوو مەکتەب سیاسی سۆسیالیست ویـەکێتی گەرانـەوە نۆکـان ونـاوزەنگ ئـەویش هـەروەکو ئـەوکارەوابوو، لەمەقـەری کـاك سـەیدقادر بوین لـەدزڵی علاقات لـەویّ بـوو لەوماوەیـەدا کـاك محمـدحاجی صـابیر دوای ئـەوەی مـنی بـینی لەقـسەکانی وابـوو ئاشـتی پـیّ باشـەو وادیـاربوو ئـەو بەمەبەسـتێکی کـە هـاتبوو کەبێتەلامان یالەناو مەسئولینی لایەنـەکانی پـارتی ویـەکێتی زیـاتر کەسـێك عـاجز بوایـەو یائیشیان بۆنەکردایەت بەدڵی خۆی پەیوەندیـەکی دادەمەزراند لەگـەڵ سۆسیالیـست نـەك بۆئـەوەی بێتـەلای سۆسیالیـست بـەڵکو بۆئـەوەی یـەکێتی بەپەلـە بـروات بەدەمیـەوەو ئیـشەکەی بۆبکـات نـەوەك بڕواتـە لای حـسك، هەنـدێکیان ئەگـەر نـەیان کردایـە ئـەوە بۆماوەیـەك دەهاتـە لای سۆسیالیـست و دەسـتی دەکردبەمعامەلـە تائیـشەکەیان بۆتـەواو دەکردو دەگەرایەوە لەوانـە مـستەفادەمرکانی وشـەهید گـۆران تلـەزەیتی و سـەردار یـەخی مـاڵی وفەرەیـدون پێنجوێنی وتوفیـق رەحـیم (تـوفیقی رەعنـا)و حمـەی رەمـەزان و زۆری

کەش، هەندێك لای عێراق نەیان دەکرد بەپۆلیس وبەجاش دەهاتنە لای ئێمەو دەرۆیشتنەوە دەیان کردن بەجاش ودەیان کردن بەپۆلیس، ماوەیەك پۆلیس ئەگەر بهاتایەتە دەرەوە پێشمەرگە بوایەو تەسلیم بوایەتەوە تەسریحیان دەکردو بەخزمەت بۆی حساب دەکرا یابروایان پیٚ نەدەکرد لەسلکی شورتە بێت، ئێمە لەو تەجروبەیە لیٚ ی بیٚ بەش نەبووین هەرکەسیٚ چەند جارێك سەری منی بدایە یەکسەر بانگ دەکراوئیشی دەدرایە جارێك کاك دکتۆرکەمال خۆشناو پێی ووتم کاکە بۆجارێك ئێمەش دەعوەت ناکەیت یاسەردانێك بۆئەوەی یەکێتی مەسئولیاتێکمان بداتیٚ بەسوعبەتەوە پیٚ ی ووتم بەلاّم خۆی وابوو مەسەلەکەی من و حزبی سۆسیالیست 100٪ بەپێچەوانەی ئەو بۆچونەوە بون هەر کەس شەرتی لەسەرمان بوایە ئێمە ئیهمالمان دەکرد چونکە پێشمەرگەی لای لایەنەکان دەمایەوە نە اسلوب ونەبۆچون ونەئەوقوتابخانەیەی سۆسیالست و ئەوان یەکیان نەدەگردەوە نەشیان دەتوانی لەویٚ بن ئێستاش چیمان لای پارتی و یەکێتی هەیە لەدڵەوە نامورتاحن ولای سۆسیالستیان پیٚ خۆشەو خۆیان بەمیوان دەزانن لای یەکێتی وپارتی هەرواش یەکێتی وپارتی ئەوان بەمیوان دەزانن لەسەر خۆیان بەملکیان نازانن بەلاّم چەند هۆی جۆربەجۆر هێشتونێتەوە تاسنورێکی دیاری کراو ئەوانیش هەرلە مەکتەبی سیاسیانەوە تا پێشمەرگەیەك ئەوە رەئیانەو زۆرجار گلەیی لەبەختی خۆیان یاقسە بەسەرکردایەتی دەڵێن کەئەوان وایان بەسەرهاتووە، وادیاربوو کاك محمد حاجی صابیر پارتی پیٚ گەورە تروباشتربوو بۆیە چووبوە لای پارتی بەلاّم زۆرمان لاسەیربوو پارتی وایان دەزانی یەکێتی ناردویەتیە لایان، کاك محمدحاجی صابیرپاش ئەوەی چووەلای پارتی.. چووە لای پارتی گەل و سامی عبدالرحمن وپاشان گەرایەوە لای یەکێتی لەدوای راپەرین، وە ئەگەر قسەی بکردایە بەیەکێتی وایان دەزانی بۆچاوبەستە بەهەرحاڵ، شەوی 14-1985/4/15 ئێمە لەمەقەر بوین کاك محمدحاجی صابیریش لە دەربەندی دزڵی چادری هەڵدابووشەوهاتە سەردانمان وئەو شەوە نەك وەکو پارتی و سۆسیالیست وەکو کاك محمد حاجی صابیر ئێمەش قسەی خۆش وشتی کۆن ولەمناڵ وپێشمەرگایەتیەوە باسمان دەکردو شەوێکی ناخۆش نەبوو تاسەعات(2)ی شەو نەخەوتین وقسەمان دەکرد، لە1985/4/15 سەردانی

ماڵی کاک محمد حاجی صابیرمان کرد، لە1985/4/16 لەگەڵ کاک محمدو برادەران چوین بۆشاری سنەوکاک محمد لەسەیتەرەکان دەیوت شەرم دەکەم وەرەقەی رەزمەندەگانی کوردی عێراقی بەناوی جەنگەهای نامەنەزەم بوو دەربکەم بۆپارتی بەو ناوەوە وەرەقەی هاتوچۆیان بۆدەکردن، سۆسیالست بەناوی حزبی سۆسیالستی کوردستانەوەوبەمۆری علاقاتی سۆسیالستەوە وەرەقەی بۆدەکراو لەهەموو سەرانسەری ئێرانیش رێگەی پێ درابووخاڵەحاجی وارێك کەوتبوو لەگەڵ ئێرانیەکاندا ئەوەش اعتراف ئێران بەحزب بوو، لەئوتێل ئێران بوین ناخۆش وجێگانەبوو وەلەسنە گرتینیان وبەهەزارحاڵ بەربوین، کاك شیروان وکاك سەید قادرجەباری ومام کەریم چون بۆلای رەزائیەو ئێمەش ماینەوە لەدزلی و وناوچەی مەریوان وسنە، لە1985/4/16 گەیشتینە دزلی ومام رۆستەم هات و وتی کاك تامین گەراوەتەوە بۆسورێن زۆرم پێ ناخۆش بوو عەیب نەبوایە خۆم ئەدا بەزەویدا من هاتبوم ووادیاربوو ئەو شەولای دابوو من بەیانی زوو هاتبوم لامان نەدابوو، لەرۆژی 1985/4/17 دوای تەواو کردنی ئیشوکارەکانمان لەگەڵ دەفتەری نمایندەگی کوردی عێراقی لەسنە کەحاجی مهدی مەسئولی بوو گەراینەوە وکاك محمدحاجی صابیرم بردە لای حاجی مهدی هەندێك قسەی عەنتیکەی بۆکرد حاجی مهدی دژی پارتی و یەکێتی بوو، لەرۆژی 1985/4/18 لەدزلیەوە گەراینەوە بۆملەخوردو وشکەناووهانەی قوڵ و ئێلاَن پێ هەرچەندە رێگا بەرۆژ خەتەربوو بەلاَم ئێمە هەرهاتین وچوینە خۆرنەوەزان کەمەقەری پارتی لێ بوو لەوێش دوکانی فازلی لێ بووبۆمەقەری هەرێمی (5)، منیش لەوێ ماڵێکم دروست کردبوو بۆ ئیسراحەتی خۆم، لەرۆژانی 19تا1985/4/22 هەرلەوناوە بوین، (لە1985/4/24 ئیسرائیل دووجێگای ستراتیژی لەلوبنان بەجێ هێشت)، لە1985/4/25 لەسورێن بوین بێستونی بارام بەگی حمەئەمین بەگی عەباس بەگ لەئاوایی رۆستەم بەگ پێشمەرگە بولامان لەهەرێمی (5) جەلالی مستەفا بەگ پێشمەرگە بوو جەمال بەگ پێشمەرگە بوو، جەمال بەگ پیاوێکی باش ودڵسۆزبوو جەلالیش کورێکی فەقیرودڵسۆز بوو بێستون گەنج بوو تازە بریندار کرابوو لەشەری ناوگردان لە1985/2/7 هێشتا تەواو چاك نەبوبوەوەماڵی باوکی لەئەحمەدئاوابوو باوکی ئەوبرینداریەی بەهەل زانیبوو ئێمەشی بەوەزانی بوو وەکو

عەشائیری هەندێك شتیان لێ قبوڵ دەکەین هانی کورەکەی دابوو جەلال حمە رەشید بکوژێت (جەلاله ریشه) پێشمەرگەیەکی ئازابوو لەهەرێمی(2)، پێشترپارتی بوو وادیاربوو لەپارتی تەنگیان پێ هەڵچنیبو هاتبوە لای سۆسیالست ببوو بەپێشمەرگە بارام بەگ زۆررقی لێ بوو چەندین تومەتیان بۆدروست کردبوو کەپەیوەندی بەرژێمەوە هەیە ئەویش کورێکی گەنج بوو لەدێ کەداو باوکی محمد رەشید مارف ملی نەئەدا بەماڵی حمەئەمین بەگ بەتایبەتی بارام بەگ ئەوانیش لەپەنای سۆسیالیستدا دەیانویست بیکوژن وهەرواش وەکو باسکی بانان بۆی دەربچن بۆیە لەسەعات (1/30) رۆژی 1985/4/25 کەدەعوەت بوین لەمەقەری هەرێمی (2) جەلال چوبوو بۆدار چەکی پێ نەبوو کۆڵێك داری بەکۆڵەوە بوو بێستون چوبوە رێگای کەئەو لێی نەدەترساو تەوەقوعی کەسی نەبوو جورئەتی وابکات گوێمان لەتەقەبوو بە(75)یەك لەجەلالی دابوو هەر لەوێ جەلال بەکۆڵە دارەکەوە شەهید بوو، بێستون یان گرت پێشمەرگە لێیان پرسی بوو بۆوات کرد لەدەست دەرچوو ئەویش وتی نەوەلاّ دوژمن مانە و کوشتومە وەلێیان پرسی تائێستا کوشتار لەنێوانتانە هەبووە وتی نەخێر تائێستا شتێکی وانەبووە دوای بێستون سجن کراو لێکۆڵینەوەی لێ کرا زوڵمێکی بێ ئەندازەی کردبوو لەجەلال، بارام بەگ وئەوانیش جارجار سەریان ئەدا کەبەری بدەین بۆگیراوە وەکو ئەوەی هیچ نەبوبێت، حسێن بەگیان ئەوکاتە پاسۆك بوو لەشاربوو چەندجارێك هاتن ئێمە وتمان حزب لێ ی دەکۆڵێتەوە لەسەری ودەبێت سزا بدرێت، لەرۆژی 1985/4/26 لەبانی شاربوین، لەرۆژی 1985/4/27 لەسەر رێکەوتنی شارەزووری سۆسیالیست ویەکێتی مەفرەزەیەکمان چونە دۆڵەتوو بۆچنگیان یەکێتی لەوێ چەکی کردن ئەوە پارتی وشیوعی وسەرکردایەتی خۆمان پێ ی خۆش بوو کە یەکێتی سیقەیان پێ ناکرێت و والەشارەزووردەبن ولەشاربازێر پێشمەرگە چەك دەکەن کاك جەبارفەرمان مەسئولی مەڵبەندی یەکی یەکێتی بووقادری حاجی عەلی مەسئولی مەڵبەندی(2)بوو هەردووکیان ئەو چەك کردنەیان پێ باش بوو ئەوە وای کرد ئێمە هەڵوێستێك بکەین لەپەیوەندی خۆمان لەگەڵ یەکێتی لەوکاتەدا، لەرۆژانی 28تا1985/4/30 لەبانی شاربوین، (لە1985/4/30 حزبی دیموکراتی ئێران بەیانێکیان دەرکرد لەمەکتەبی سیاسی یان و لەشورای مقاوەمەتی

ئێران دەرچوون وهێزەکانی ئۆپۆزسوێنی ئێرانی پەرتوبلاوە بوون ئەویش زیاتر خەتای ئێرانیەکان بوو موجاهدین کەهیچی بەدەست نەبوو دژی کوردبوون شەری نێوان کۆمەڵەودیموکرات گەرم بوو لەوکاتەدا تەسەروفاتی کۆمەڵە دەست کێشانە ناو کۆمۆنیستی ئێران ولەکۆمەڵەی کوردستان بۆحزبی کۆمۆنیستی ئەوە دورکەوتنەوەی کورد لەکۆمەڵەو دژی حزبی دیموکرات بەدوژمنی سەرسەختی چینایەتی خۆیان دەزانن و سەرکردەکانی کۆمەڵەش هەمویان خۆیان واتەنی فیودالْ بوون کاك عبداللەی موهتەدی وکاك فوادی سوڵتانی کوری دەوڵەمەند حمە رەشید بەگی ئەڵمانەیی سنوری مەریوان ولەسنەش سەید ابراهیم و عبدالله بابان زۆربەیان شێخ وبەگ بوون و لەخاوەن مڵك ودەوڵەمەندەکانی مەریوان وسنەو بۆکان وسەقزوزۆرجێگای کەش بون، حزبی دیموکراتیش خۆی بەتاکە حزبی دەسەلأت دار دەزانی و داوای دەکرد کۆمەڵەولایەنەکانی کەش رابەری قبولْ بکەن وهەردوولاشیان سەرکردایەتیان لەدۆڵی جافەتی لەمالومەو چوخماخ وئەوناوە بون لەناوچەی نەوسودوپەروینی وشۆشمێ وبەڵخە هەرچی هێزی سەرکردایەتی هەردولایان بوو کۆبوەوە بۆبەرگری لەجەیشی ئێران لەوسنورە بون لەیەکیان داو شەرێکی گەرم دەستی پێ کردو لەسەرانسەری کوردستانیشدا شەریان دەست پێ کردبوو رۆژ بەرۆژ هەڵدەوەرین وکوردستانی ئێرانیان بەجێ دەهێشت ومەقەراتیان تائەوکاتەش مابوو لەزۆرجێگا نەیان دەتوانی لەهێزی خۆشیان وئێرانیش بیپارێزن، دیموکرات هێزی گەورەی خۆی کۆکردەوەو کۆمەڵەی لەناوچەکان شکاندو دەری کردن وپاشان خۆشیان بەئاسانی سوپای پاسداران لەوشوێنانە دەری کردن)،

لەبری پاداشت ...سەرزەنشت

لەرۆژانی 1 تا1985/5/3 لەبانی شاربوین، لەشەوی 4-1985/5/5 مانگەشەوبوو لەپرمانگ گیراو دنیا تاریك بووئەو شەوە هەرمانگ بەرنەبو، لە 1985/5/5 لەسورێن بوین کاك بەکر سیرەمێرگی هاتە لامان، لەرۆژی 1985/5/6 کاك سەید کاکە لەسورێن ومەردالْ ومەرنارەوە هێنابویان بۆلای ئێمە بۆبانی شار لەمەقەری قوەی هەورامان بوین هەواڵیان دا کە خاڵەسەید کاکەو محسین بایز وسەیدعبدالله کەردزی و چەند کەسێکی کە هاتون بۆلامان، لام سەیربوو تومەز ئەو ماوەیە کەمن لەبەر شەروهێرشی رژێم مەجال نەبووە و

لەسەرچونی من بۆشارەزوورو بینینی کاك شەوکەت ونامەی مام جەلال و وەلأمی من لەکۆبونەوەی جود لەراژان و لەهەولێرو لەزۆرجێگا ئیحراج بون وپارتی وحزبی شیوعی بەبرادەرانی ئێمەیان وتبوو ئێوە سقەتان بە محمد حاجی محمودە کەجەلالی بهێنیٚ وناوچەکە بگرێت وەدەترسین لەپرهێزی جەلالی بهێنن وسورێن بگرن و زۆریان بۆهێنابون و ئەوانیش گەیشتبونە ئەوەی کەبەیانێك بەجود دەربکەن وئیدانەی چونی من بکەن یاخود حزب بەیانێك دەربکات دژی ئێمە وادیاربوو رێکەوتبون برادەرانیش هەرچەندە لەویٚ لایەنی پارتی وحزبی شیوعی یان گرتبوو لەکۆبونەوەکە بەلأم کاك ئازادی پاسۆك دیفاعی لەئێمە کردبوو وتبوی وانیەولەسەرحسابی کەس نیەو ئەو برادەرانە لەویٚ لەژێر زەختی جود دابون و پاشان رۆژانە لەشارەزوور لەماوەی یەك سالٚی رابوردوی گفتوگۆی یەکێتی وعێراق هەرئەوان لەسەر ساحەی کوردستان وەکو هێزێکی عەسکەری وسیاسی ماونەتەوەو ئێستاش ئەوە زۆری سورێن گیراوە هەر ئەوان لەویٚ ماون و هەموو هێزەکان بەرەو ئێران چون وئەوان لەشارەزوورو ناوچەی شارباژێرن و ئێوە لێرەوە حوکم مەدەن باوەفدێکی سەرکردایەتی سۆسیالیست بروات لەگەلٚ جود دا بیان بینیٚ ولەسنوری سلێمانی کەرکوك کۆبونەوەیەك بکەن باشترە، وەفدێك لەخالٚەحاجی و مامۆستامەلاناصیح وکاك سەیدکاکەوکاك محسین بایزوکاك سەیدعبدالله یش لەگەلٚیان بوو هاتبون ومامۆستاو خالٚەحاجی لەدزلٚی مابونەوەو سەیدکاکەو ئەوانیش هاتنە لای ئێمە، چونکە پارتی و حزبی شیوعی ئەوەندە دژی یەکێتی بون حەزیان دەکرد یەکێتی لەناوبچێت ونەمێنێت بەلأم من رام وابوو ئەگەر یەکێتی بگەرێتەوەو لەگەلٚ هێزەکانی جود رێك بکەون خزمەت بەکوردو میللەتەکەمان ئەکات وەمن باش تێگەیشتبوم ئەگەر یەکێتی نەبێت پارتی لەهەموو حزبەکان ئەدات وەنەفسیەتی پارتی لەگەلٚ ئێمەدا یالەگەلٚ روداوەکانی سەردەمدا نەدەگونجا ئێمە لەگەلٚ پارتی لەیەك جەبهە بوین وەتوشی شەر بوین لەسەر ئەوان وەپارتی رێگەی ئێمەی نەئەدا بچینە بادینان دەبوو وەکو لقێکی ئەوان هەلٚوسوکەوتمان بکردایە کەپارتی خاوەنی هەرەس بون ورەنجی (14)سالٚی کوردیان بەفیرۆدابوو ئەگەر شۆرشی ئیسلامی ئێران وهەلومەرجی شەری عێراق ئێران نەبوایە مەگەر بەهەوالٚی رادیو رۆژنامەی بێگانە هەوالٚی کوردستانیان بزانیایە سۆسیالیست

ویەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەجیٚ ی ئەو برینە قوڵەی هەرەسی شۆرش بەکەمترین چەك وکەمترین ژمارەوە شۆرشیان دروست کردبووەوە وەیەکێتی نیشتمانی لەپارتی شۆرشگێرتربون هەمیشە لەسەر ساحەکە بون هەموو مەسئولەکانی یەکێتی خۆیان لەبەرەکانی شەربون لەگەڵ پێشمەرگەدا بەشەخسی مام جەلال یشەوە لەکوردستان دەژیا لەژێرچەکی کیمیاوی وتۆپ وتەیارەدا بەسەری دەبرد بەلاٌم سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش جەبهەی پێشەوەیان راژان بوو لای رەزائیە یەك جار نەبێت کاك مەسعودبارزانی لەهەشتاکاندا لەگەڵ حاجی ئاغای محمدی سەردانی ناوچەی بادینانی کرد، جارێك گویٚم لێبوو لەرادیوی پارتی دیموکراتی کوردستان وتی ئەمرۆ کاك مەسعود بارزانی لەدۆڵی خرێنەوگادەر لەبەرخاتری کورد بەڵێ لەبەر خاتری کورد (20)دەقیقە بەپیٚ رۆیشتوە بەلاٌم مام جەلال سەدان کیلومەتر رۆیشتبو بەپیٚ لەکوردستان لەسەر ئەو کەموکوریانەی یەکێتی کەشەریشیان دەکردین ئێمە بەوپێوانەیە سەیری یەکێتی وپارتیمان دەکردئەوەش واقعێك بووکەناتوانرێت لیٚ ی لابدەیت، ئێمەش چوین بۆپێشوازیان لەلای مەرناروپشتی بانی شار وادیاربوو کاك شیروان لەسەفەردابوو لەرەزائیە بەلاٌم ئیفادەی خۆی دابوو کەئەو رازی نەبووەو محمد حاجی محمودوشێخ محمد شاکەلی کردویانەوئەگەر خۆشتان نەیەن وفریا نەکەون زیاتر دەکرێت وزەرەر دەکەین وەجەلالی مەفرەزەیەکی هەرێمی (4)یان چەك کردووە کە(7)کەسن بۆسەردانی ناوچەکە چون، کاك شەوکەت نامەیەکی ناردبوو منیش وەلاٌمم دایەوەو وتم سقەتان پیٚ ناکرێت و (7)کەستان گرتووەو بالێرەدا بوەستێت تاچارەنووسی ئەو(7) کەسە دیار دەبێت ئێوەش مەڵبەندی یەکتان نەیەتە شارەزوور تادەکەوێت بەلایەکداو ئێمە هێزی جودیش بۆناوچەکان دەهێنین یەکێتی لەوە زۆر سەغڵەت بون ومام جەلال بەپەلە نامەی ناردبوو گیراوەکان وچەکەکانیان بەربدەن من داوای مامە رەشەی کەچەم کرد ئەویش لەچەمی سمۆرلە قەرەداغ شەو شەهیدیان کردبوو ئەوەش زیاتر نارەحەتی کردین و نوسیم وچەند خروقاتێکی تروناملیکەیەکیان دەرکردبووبەناوی (گفتوگۆش بەشێکە لەخەبات) لەسەر جود بەگشتی وحزبی سۆسیالیست بەتایبەتی کە تومەتیان دابووە پاڵ هەموو سەرکردەکانی و بەتایبەتی کاك رەسول گوایە لەرێگای کوێخا پیرۆتەوە بوە

بەجاسوسی عێراق، خاڵەحاجی وکاك قادرو كەسیان بەسەلامەتی دەرنەكردبوو هەمووی لەسەر سۆسیالیست رۆژانە بەش بەش دەیان خوێندەوە ئەوەش زیاتر بارەدۆخەكەی ئاڵۆز كردبوو وەبێ سقەیی دروست كرد لەگەڵ یەكێتی داو كێشەكان ئاڵۆزتر دەبون، لەشەوی 6-1985/5/7 لەمەقەری لق لەگەڵ كاك سەید كاكەوجەماعەت پێكەوە بوین ودوای هاتینەوە مەقەری كاك شێخ محمد، لە1985/5/7 قسەمان زۆر كردو وتمان ئێمە گلەییمان لەجود هەیەو جود ووجودی نیەو باوەرمان پێ نیە بەلاّم لەبەر ئێوە هاتون لاریمان نیە لەكۆبونەوەشدا بەشداربین، خاڵە سەیدكاكە وتی قادروعەزیزوتۆ دەتانەوێت حزب تێك بدەن و ئەو بۆلای شیوعیانی رادەكێشێ وتۆبۆلای جەلالیان من وتم باوەرناكەم وابێت من بۆلای واقیعەكە رای دەكێشم نەك بۆلای جەلالیان خۆهەر ئێمە زیاتر شەری جەلالیانمان كردوەو كەسوكاری من لەشەری ناوخۆدا شەهید بووەو پێشمەرگەكانی ئێمە لەشەری جەلالی دا شەهید بووە لەوانە...( محمود زەردۆیی وسالارجاف و جەبار محمد صالح ومحمد بچكۆل و جەباربیانەیی و خەبات مامە عەبەو عیزەت كانی شێخی وحسن حمە نوقلەوعومەری حەلاو (8) كەسی تر وكەمال حاجی ابراهیم و شێخ عیساو نجم گردی شەریفی و ئەحمەد كەریم گردی شەریفی و عەتا حاجی فەریق وشێرزادی حاجی صالح هۆڵەسمتی و جەلالە سوری مۆریاس و وەستا عومەر كەریم ومام ئاراس وفەرەیدون سابیرودەیان كادری تر .... هتد) وەهەر ئێمە زەرەرمان كردووە جگە لەرێكخستن و عەزیەت دانی دۆست ولایەنگرانی حزب ودەیان شەهیدی كە لەسنوری لقی سلێمانی دا وەهێزەكانی هەرێمی (4) هەر سنوری لقی سلێمانی بون كە نزیكەی (5) شەهیدوشێركۆی شێخ عەلی لای ئێمە بون و مامۆستا شەریف و (3) شەهیدی كەش من ئەوانەم بەخاڵە سەیدكاكە وت بەلاّم ئەمانە هەموی لەپێناوی كوردوشۆرش دا گیانی خۆیان بەخت كردووە بۆ حزب ئێمە دەبێت درێژە بەخەباتیان بدەین، درێژە بەرێبازیان بدەین ئەو سەركەوتنە نەك وەكو عەشائیری بیر بكەینەوە نابێت بڵێین مادام لێمان كوژراوە تالێیان نەكوژینەوە سوڵح ناكەین ئێمە قەزیەی میللەتمان هەیەولەهەمو شەهیدەكان گەورەترە و شەهیدەكان لەرێگای میلەتەكەدا خۆیان بەكوشت داوە نەك شتی شەخسی بوبێت نەیەكێتی ئێمە بەشەر تەواو دەكات و نەئێمە یەكێتی بەشەر تەواو دەكەین دەبێت

هەمولایەك بگەینە ئەو قەناعەتەی  کەدەبێت ئاشتی بکرێت لەنێوان هەموو لایەکدا ئێوە و جود دەتانوت جەلالی لای رژێمەوەو دەبێت بگەرێتەوە وا ئێستا گەراوەتەوەو دەبێت هانیان بدەین نەك لایەکیان لێ بگرین و رێگایان نەدەین ،کورد لەشەری عێراق ئێران سوود وەربگرێت نەك تا ئێستا ئەوان سوودیان لەکورد وەرگرتووە ئێمە شتی شەخسیمان لەگەلٚ یەکێتی وکەس نیەو لەگەلٚ پارتی لەیەك سەنگەرویەك جەبهەداین جەیشی ئێرانیان هێناو هاتنە سەر مەقەراتمان وتەقەیان لێ کردین و لەوناوچانەی دەستیان دەرۆیشت ئێران بەگویٚ ی کردن پارتی لەپشتەوە دەمان کوژێ بەناوی دۆستایەتیەوە ئەوە عوسمان قادرمنەوەر و قادرچاوشین یان دلٚخۆش کرد هەندێك ئازوقەیان داونەتیٚ و بردیانە لای خۆیان لێرە پارتی خۆی هیچ نیەو بەلاٚم خۆیان بەکوێخا دەزانن، وتم ئەقلٚیەتی پارتی و ئێمە لەیەکەوە زۆردورە بەلاٚم لەبەر مصلٚەحەتی کورد لەگەلٚیان ئیدارە دەکەین ئەوەبوو پارتی لە 1982و1983 شەری لەگەلٚ یەکێتی وەستان پێویستی پیٚ بوو، پارتی ئێمەو پاسۆکی بەجیٚ هێشت ومصلٚەحەتی خۆی رەچاو دەکردوئێمەش جودمان کردوە بۆئەوەی هەویەی وەتەنیمان بەپارتی دایەوە لەکوردستان شتێکمان بۆ حزب نەکرد وەمن ئەو قسانەم بۆباس کرد هەمو مەسئولینی لقی سلێمانی و ئەوانەی هەولێروقەلاٚدزەش لەگەلٚ خالٚە سەیدکاکە هاتبون هەموو پشتیوانیان لەقسەکانی من کرد سەیدکاکە عاجز بوو وتی تۆو قادرعەزیز برۆن حزبەکە تێك بدەن بەلاٚم کاك شیروان شیروەندی یەك قسەی نەکرد و لەوماوەیەی چەند سالٚەدا لەهیچ ئیشیٚ خۆی تیٚ نەدەگەیاندو ئەگەر سەرکەوتوبوایە لەگەلٚی بوو وەئەگەر ژێر کەوتوو بوایە ئەوە ئەیوت من میوانم و حەقم نەبووەو رەئم نەداوە من زۆر لەکۆنەوە لە سالٚی 1976 وە لەگەلٚ کاك شیروان پێشمەرگە بوین و رەفیقمەو لەبراش باشتر بوین لەماوەی ئەو چەند سالٚەدا لە 1976 وە 1993 پێکەوە بوین حەزم نەدەکر لێم عاجزبێت بەلاٚم ئەوە هەر بەمن دەکرا بۆیە لەگەلٚ هەموو برادەران شەری دەبوو لەگەلٚ کاك شێخ محمد چەند جارشەریان دەبوو تورە دەبون لەیەك وقسەیان پێکەوە نەدەکرد من هەرخەریکی ئاشت بونەوە بوم هەردوکیان لەمن کەمێك عاجز دەبون بۆ پشتی ئەویان یائەمیان ناگرم  من نەم دەیویست دلٚی کاك شیروان عاجز نەبێت بەلاٚم کاك شیروان حەزی

دەکرد لەهەموو کارەکان بزانێ و ئاگاداربێت بەلاّم هیچ نەکات دەچو بۆئیشێك دەیوت واسەرکەوتونەبوم وتم کاکە خۆ تۆ تجارەت ناکەیت دەچیت خەبات و شۆرش دەکەیت و شۆرش هەڵسان وکەوتن وهەڵچون و نیشتنەوەیە سەرکەوتن وژێر کەوتنە بەلاّم بەردەوام بویت و بەردەوام بین هەر سەردەکەوین خۆلەوەزیاتر گیانی خۆمان بەخت کردوە چیمان هەیە هەموو سەرمایەیەك ژیانی خۆمانە گیانی خۆمانە خستومانەتە خزمەتی میللەتەکەوەو هەر لەحزەیەك لەتیاچون داین لەزیادە ماوینەتەوەو نابێت بترسین وکاردەکەین بۆ حزب و بۆمیللەت یاسەردەکەوین یاسەرناکەوین وجارێکی کە تێ هەڵدەچینەوە بەلاّم هەر بەتەنها بۆهیچ کارێك نەدەچوو یابریاری نەئەدا ئەوەش خۆی بۆخۆی کێشەیەك بوو بەلاّم هەردوکمان لەیەك تێ گەیشتبوین ئەوەی ئەو پێ ی خۆش بوایە پرسم پێ دەکردو ئەوەی ئەو پێ ی ناخۆش بوایا قسەم نەدەکردو دوای خۆی دەگەیشتە قەناعەت کەبۆچونەکەی من راستە، لە1985/5/9 حزبی شیوعی وئێمەو خاڵە سەیدکاکەیان دەعوەت کردونیوەرۆلای ئەوان بوین بۆئێوارەکەی چوینە مەقەری هەرێمی (2) لای کاك مەلانوری لەوێش هەم مناقەشە دەستی پێکرد سەیدکاکە دژی جەلالی بوو ئێمەش دەمانوت رێك بکەوین باشە، دوای چوینە مەقەری قوەی هەورامان لەبانی شاروبۆمەقەری هەرێمی (5) لەلای مەرگولان وسەیری ناوچەکەوخورماڵ مان کردو هەندێك رەسم مان گرت و گەراینەوە بۆمەقەرو خاڵەسەیدکاکە لای سەیر بوو لەم شاخە سەختە لەنێوان ئێران عێراق وتۆپی هەردوولا بەسەری ئێمەدا تێ دەپەرێت و دەیوت ئەگەر یەکێ باروتی لێ برا دەکەوێتە خوارەوە بۆلای ئێمە، ئێمەش هەر لەوێ بوین دەیوت ئەم ناوەت بۆپێ خۆشە وەحەزی دەکرد لەکوردستان نەبم بۆئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی نەمێنێ، لەرۆژی 1985/5/10 لەسورێن و مەرداڵ ودەرەی مکول کەرێگای زەلامیش نەبوو بەلاّم لەبەر خاڵە سەید کاکە هەرلەوێوەوە رۆیشتین و سەرکەوتین بەحەبل چوارپلەی تێدا بوو هەریەکەی (10)مەتر بەرزبوو دەبو بەحەبل رات بکێشنە سەرەوە وەئەگەر ببرایە وەزع خراپ بوو کاك عبدالخالق هەورامی جارێك لەوێ بوو سەرکەوتبوو بەپشتوێن (5–6) مەتر بەرز دەبوو پشتوێنەکە برابوو دابوی لەزەوی وعەزیەتی ببوو ئێمە لەبەر ئەو برادەرانە هەر لەگەڵ ئەوان رۆیشتین بەلاّم رێگای وشکەناومڵەخورد هەبوو

ئەو ڕێگایەنزیك بوو سەركەوتین بەحەبلەكەو شارەزامان لەگەڵ خۆمان بردبوو مام ڕەشە هەورامی ئەوبێ حەبل سەردەكەوت، لەرۆژی 1985/5/10 كوێستانەكە سەوزبوو چوینە مەیدان وئێڵاّن پێ، مەیدان جێگایەكی خۆش وفێنك وئاوێكی ساردوبەفریشی لێ دەمێنێتەوە تازستان بەفر دەبارێتەوە جێگایەكی هەیە پێ ی دەڵێن (بەفرە چاڵەكە) لەوێ كردویانە بە بەفرچاڵەو یاچاڵە بەفرەكەو لەساڵی1963 وە لەترسی زەعیم صدیق مستەفا هەڵهاتبوین بۆمەیدان و (22)ساڵ پێش ئەمرۆ واتا 1985/5/10 لەومەیدانەدابووم و هەوارەكەی خۆمانم بینیەوەو لەوێ زۆرماندوو بوین و رۆیشتینە دزڵی و مامۆستامەلاناصیح وخاڵەحاجی لەوێ بون و كاك شێخ محمد لەسورێن مایەوە لەدزڵی هەمان قسەمان كرد دووبارەم كردەوەو وتم ئێوە ئاگادار كراون نامەكەم بەخاڵەحاجی دا وەبۆ مەكتەبی سیاسی كە ئێمەو یەكێتی لەنامەو نامە گۆرینەوە داین ووەڵامان بدەنەوە وادیاربوو خاڵەحاجی پێ ی خۆش نەبوو وەنامەكەشی نەدابووە سەركردایەتی وداوایان كرد منیش لەگەڵیان برۆم و بچینە مەقەری پارتی لەكەرەجاڵ من وتم باشە بەڵاّم بابرۆینە مەقەری حزبی شیوعی لەپێشاو لەسەر ڕێگاكەماندان قەناعەتیان كردومامۆستا لەدزڵی مایەوەو هەمان وەفد لەگەڵ من وخاڵەحاجی بەرێ كەوتین تاسەرشاخی مڵەخورد بەسەیارەولەوێشەوە بەپێ چوینە مەقەری حزبی شیوعی كەپێشتر ئاگادار كرابون كەچوین كاك مەلا ئەحمەدی بانی خێلاّنی و كۆمەڵێك لەهاورێیانی حزبی شیوعی لەوێ بون، لەرۆژی 1985/5/11 چوینە مەریوان و مەسئولینی ئێرانمان بینی وگەراینەوە، لە1985/5/12 لەگەڵ خاڵە حاجی و كاك سەید كاكەو وەفدەكە چوینە كەرەجاڵ مەقەری حزبی شیوعی ئەو رۆژە لەوێ بوین و نیوەرۆش كاك نادروبرادەرانی پارتی هاتن ولەوێ كۆبونەوەو قسەو گلەیی كراو من شتەكانم بۆباس كردن كاك نادرپیاوێكی بە احترامەو زۆر قسەی نەكردو هەرچەند دەهاتن وەفد لەسەرداوای تەقریری ئەوان بوو كاك مەلائەحمەد بانی خێلاّنی باسی شتەكانی نەكرد بەڵاّم هەردولایان هەر لەسەر جەلالی قسەیان دەكردكەجێگای سەقەنین كاك مەلائەحمەد بانی خێلاّنی وتی بەتەنها كاری وابكرێت ئەوە بەرەلەژێرپێ ی جود دەردێنن وتم مامۆستا بەرە خۆ گونیەش لەژێر پێ نەماوە تابەرەی هەبێت و من لەژێر پێ دەرم هێنابێت وتم جود خۆی نیەو تەنها ناوە

کەیـەتی ونـاوەرۆکی نیـەووەرن بائێستا هێـز کۆکەینـەوەو برۆینـە سـەر یـەکێتی خۆئێـوە دەتانوت جاران لەگەڵ عێراق دابووە ئێستا شەریان لەگەڵ عێراق هەیەو بائێمەش بروینە سـەریان شـەریان بکـەین وتیـان بەشـەر چارەسـەر ناکرێـت ووتم شـەرناکرێت وئاشـتی ناکرێـت ئـەی حـەل چیە ؟ وتیـان باسـەرکردایەتی بریـار بـدات وتم راسـتە سـەرکردایەتی بریاربـدات بـەلاّم مـن و ئێـوەش لێـرە سـەرکردایەتین و راوبۆچـونمان هەیـەو دەبێـت سەرکردایەتی هـەر سـێ لامـان گوێمـان بۆبگرێـت راوبۆچونەکانمان لـێ وەربگـرن خۆئێمـە هەر چاوەرێ نین سەرکرداتی بریار بدات چونکە سەرکرایەتی لەم ناوچەیە نین و بزانن و شارەزا بێت وئاگای لەروداوەکان بێت وادیاربوو رای ئەوان بەپێچەوانەی رەئەکانی منەوە بوو چونکە ئەوان چاوەرێ ی سەرکردایەتی بوون کەئاگایان لەهیچ نەبووسەرکردایەتی، دوای قسەکردن وتیان کۆبونەوەی جود لەهەردوو پارێزگای سلێمانی کەرکوك بکەین وتم هەرکات کردتان ئاگادارمـان بکـەن و پێم باشـەو بەشـدار دەبین ئـەوان وایـان دەزانـی ئێمـە بەشــداری ناکــەین لەکۆبونــەوەی جــود دا بــەلاّم بەعەمــەلی جــود نــەمابوو، لــەرۆژی 1985/5/13 لەلای پـارتی وحزبـی شـیوعی بـەرێ کـەوتین وبـرادەران گەرانـەوە بـۆدزلی و پێم وتن دەبێت رێکەوین لەگەڵ یـەکێتی و پـشتی جـود بـشکێنین ئـەوان بـۆدزلی وئێمـەش بۆئەحمــەدئاوا، لەشــەوی 13-1985/5/14 بۆتاشــلێ وبــەری ئــێلاّن پــێ ولەپــشتی خورماڵەوە سەرکەوتینەوە چاڵەرەش وبۆ مـەرگولان و بـانی شـار زۆرمانـدبوین رێگاکـەمان جەنگەڵ بو، لە1985/5/14 هەرلەبانی شار بوین، رۆژی 1985/5/15 سـەردانی مەقـەری مەلانوری مان کرد لەپشتی بانی شار، لە1985/5/16 لیژنەیـەك دانرابـۆ دادگـایی کردنـی بێستون بارام بەگ لەسەر کوشتنی جەلال حمەرەشید مـارف، لیژنەکە بریـاری دا بەاعدام کردنی بێستون چونکە جەلال بێ تـاوان بووەبێ ئـەوەی خـوێن لەنێوانیانـدا هـەبێت هـەر ئـەو رۆژە بریارەکـە جـێ بـەجێ کـرا چونکە ئێمـە بۆحـەق تێدەکۆشـین ونابێـت چاوپۆشـی لەناحـەقی بکـەین وەئەگـەر جـەلالیش بێـستونی بکوشـتایە جـەلال مـان دەکوشـتەوە.. (پێشمەرگەیەکمان هەبوو ناوی عبدالرحمان لەعەشیرەتی نەورۆلی بوو پێشمەرگەیەکی تر نـاوی تـەها حـاجی سـایبربوو عبـدالرحمانی شـەهید کـرد ئێمـەش تـەهامان رەمـی کـرد لەجیاتی عبدالرحمان وەتەها چەندین چالاکی لەناوشاری سلێمانی کردبوو وەئازاترین

پێشمەرگە بووئامرمەفرەزەبوو بەڵام لەسەر ناحەقی لێمان قبولڵ نەکرد)، لە1985/5/17 بەریٚ کەوتین بۆمەقەری لق لەوێوە سەرکەوتینەوە بۆ سەر سورێن و بۆمیدان و بۆدزڵی ئەم رێگایانە من باسی دەکەم هەمووی هەورازەو هەریەکەی (5–6) سەعات رێگایەو ئاسان نیەو وائێمە هاتوچۆمان دەکرد، هەر ئەو رۆژە واتا 985/5/17 من وکاك شێخ محمد شاکەلی وباکۆو برادەرانی کەش لەدزڵی بوین، لەرۆژی 1985/5/18 لەدزڵیەوە بەریٚ کەوتین بۆسنەو لەسەیتەرەی سنە گیراین و برادەرانمان هەندێك کتێب و ئەو نامیلکەی لقی دهۆك یان پیٚ بوو کاك قادرعەزیز نوسیبوی لەسەیتەرەکە سەیریان دەکردو (6–7) پەرەی لادایەوە هەردەڵێت لینین وای ووت ومارکس وا دەڵێت کابرای پاسدار هاواری دەکرد ئەمانە کۆمۆنیستن (بییا بییا لینین نوشتە) واتا وەرە وەرە لینینیان نوسیوە وتمان وانیەو ئێمە ئیجازەمان هەیەو مجازین برای پاسدارهەربانگی پاسداری دەکردو دەیوت وەرن لێرە لینین نوشتە لێرە مارکس نوشتە هەموو سەیتەرەکەیان هێنایە سەرمان وبردینیان بۆلای سەرهەنگ وتامەسئولین ئاگادار کرابوو بەریان داین وچوینە ئوتێل و مەسئولین هاتن و سەریان لیٚ داین، لەرۆژی 1985/5/19 لەسنە لەگەڵ مەسئولین کۆبونەوە هەبوو هەندێك چەك وجل و پارە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە وەرمان گرت و گەراینەوە بۆدزڵی، لەرۆژی 1985/5/20 گەشتینەوە مەقەرو هەواڵێکی ناخۆشیان دایىٚ کەپۆلێك پێشمەرگە لەشەوی 17–1985/5/18 مەفرەزەیەکمان کەوتبووە کەمینی جاشەوە لەتەپەسەرقوڵە کاتێك کەلەهێزەکە جیابونەتەوە کاك رۆستەم مستەفابەگ ئامر قوەی سیروان وکاك بورهان سەعید زەڵمی ئەندامی ناوچەی هەڵەبجەو پێشمەرگەیەکی یەکێتی و محمود ئەحمەد بەگ ناسراو بەدکتۆرمحمود هەرسێکیان شەهیدبوون، شەهید بونی ئەو قارەمانانە زەرەرێکی زۆربوولەسۆسیالست لەبنەماڵەی کاك تاهیریش هەرکاك رۆستەم مابوو ئەویش شەهید بوو جێگای داخ بوو بەراستی، کاك بورهان گەنجێکی رۆشنبیروباش بوو، شەهید محمودیش کورێکی باش بوو، لەشەوی 18–1985/5/19 هەر شەوێك دوای شەهید بونی شەهید رۆستەم وهاوریٚ کانی هێزەکەمان لەتەپەتۆڵەکە لەسەر جادەی تەپی سەفاو تەپەتۆڵەکە کەوتە کەمین ئەوانەی کەوتنە کەمینەکە حاجی عبداللەو عەلی بچکۆل بون

ئـەوان دابویـان لەجاشـەکان و لێیـان برینـدار کردبـوو هـەڵهاتبوون مـام کـەریم عبداللـە تاوگۆزی وابراهیم ئەحمەد صوّفی پێشمەرگەی هەرێمی (5)و مام کەریم فەرماندەی کەرتی بارەگـای لـق شـەهید بـون بەراسـتی جێگـای داخ بـون زۆرم پـیٚ نـاخۆش بـوو چـونکە پێشمەرگەی باش و لەشەردا نەبو لەکەمین دا ئیهمالی برادەران بوو هێزەکانی ئێمـە هـەر سـەرکەوتنێکیان بەدەسـت دەهێنـاو ئـیتر زۆر لـەخۆبایی دەبـون و وایـان دەزانـی کـەس ناتوانێت رێگایان لیٚ بگرێت، دووشـەو لەسـەر یـەك (5) پێشمەرگەی کۆن وئازاوباشمـان شـەهید بـوون و جێگایـان پرنابێتـەوە بەئاسـانی و کەسـانی وا دەسـت ناکەوێتـەوە و پـەروەردە ناکرێتـەوە بـۆحزب کـەزۆرناخۆش بـوو ئـەو هەواڵانـە، ابـراهیم لەکـەرتی (3)ی هـەرێمی (5)بـوو دانیـشتوی گـەرەکی چـوارباخی سـلێمانی بـوو لەشـەری نـاوگردان برینداربوولــە7/1985/2 ، لـــەرۆژی 1985/5/20 هەنـــدێك شـــتی کـــەمان کـــری بۆمەقەروچـوینە دزڵـی وشـتەکانمان دانـا، لـە1985/5/21 هەنـدێك لەبرینـدارەکانمان لەخەســـتەخانەی مـــەریوان دەرکردوەلەخەســـتەخانەوە گەراینـــەوە دزڵـــی، لـــەرۆژی 1985/5/22 بـەیانی زوولـەدزڵی یـەوە دەرچووین بۆدۆڵـەناو و مەیـدان ودەرەی مـەیکول وپشتی بانی شارو مەقەری لق وە (10)کۆڵبەریشمان لەگـەڵ دابوو شتەکانمان ئـەوەی هـەڵگیرا بەکۆڵهێنامانـەوە بۆپێـشمەرگە، مـن بـەرۆژوو بـووم وەزۆر هـیلاك تینـو بـووم وەهەموو ئـەو هـەوراز وشاخەمان بڕی بوو لـەرۆژی 1985/5/23 هەرلـەبانی شار بووین وەتینومـان بـوو، لـە1985/5/24 چووین بۆلای مـەرنار ئاویـان بۆهێنـابووین وجێگایـان بۆچـاك کردبـووین تامەقـەری ئیحتیـات دروسـت بکـەین لـەو نـاوەدا وەهـەمووی بـەردبووتائێوارە (3م) مـان لـەزەوی تـەخت کردبـوو لەشـەوی 24–1985/5/25 ڕادیـۆی لەندەن بەدوورو درێژی باسـی شۆرشـی کـوردی کـرد، لـە1985/5/20 لەسـەر حەوزەکـەی بانی شاربووم وەبەهەمان شێوە بەرۆژوو بووم و تینوشم بوو وەزۆر مانـدوو بووم چونکە ماوەیـەکی زۆر بووئیـسراحەتم نـەکردبوو، بەورۆژەشـدا سـنوری مەقـەری هـەورامان وهـەرێمی(5)مـان جیاکردبووەوە لەشـارەزوور یـەکی (18)گونـدیان بەرکـەوت لەسـنورەکە یـەکیك لەکێشەی هەرێمـەکان ئـەوەبوو دەسـتیان دەخـستە ئیشوکاری یـەکترەوە کـەبۆیان جیابکەینەوە، لەرۆژی 1985/5/25 سەیارەیەکی تەوقیت کراو لەکوەیت تەقییەوەو شێخ

سعدعبدالله الصباح برینداربوو سیٚ حیمایەی کوژراو سایەقەکەی برینداربوو ریٚکخراوی جیهادی ئیسلامی ئەوکارەی گرتە ئەستۆی خۆی، لە1985/5/26 هەربە (40)پیٚشمەرگە (3م) مان چاك كرد بۆجیٚگای مەقەر تائیٚوارە لەمەرنار، رۆژی 1985/5/23 هاوژینی کچم نەخۆش بوو دکتۆری‌وانەبوو کەبیبەمە لای وەلەنیٚوان شەری ئیٚران عیٚراق دابووین رۆژیٚك بردیانەلای دکتۆری حزبی شیوعی هەندیٚك تەداوی کردوو دەرزی بۆکراو دنیاش گەرم بوو وەزۆریش نەخۆش بوو نەفریای ئیٚران دەکەوت وەنەفریای عیٚراق بۆیەلەشەوی 25-1985/5/26 ناردمان بۆشیرەمەرو تالەوی‌ٚوە رەوانەی شاری بکەن هەرلەریٚگا گیانی لەدەست داومرد و هەرلەویٚش ناشتیان وگەرانەوە دایکی نەی بینی یەوە دوای ئەوە بوو بەزەحیەی شۆرش وەکو ئەو هەموو خەڵکە تازەپیٚی دەگرت تەمەنی(9مانگ)بوو وەلەکرماشان لەدایك ببوو.لە26تا1985/5/30 هەرلەبانی شاربووین ، بۆمردنی منالٚەکەمان زۆرم پیٚ ناخۆش بوولەبەردایکی چونکە زەحمەتی زۆری لەگەلٚ کیٚشابوووەئەو منالاٚنەمان گوناهیان نەبوو لەبیٚ دکتۆری دا بمرن و لەسجن دابن وراوبنریٚن و ئیسراحەت نەکەن و هەرلەبەرئەوەی کوردین منالٚیشمان توشی ئەو هەموو زەحمەتە بون کچەکەمان لەبەر ئەوەی دایکی پیٚشمەرگە بوو نەیتوانی لەگەلٚ کچەکەی بروات بۆسەردکتۆر لەریٚگاش مردو بەدیاریەوە نەبوو کچەکەمان زۆرجوان بوو تازەکەوتبوە گروگالٚ کردن، لەسالٚی 1969 کوریٚکم لەتەمەنی (10) مانگیدا مردبوو وە لەسالٚی 1974 دا کوریٚکم لەتەمەنی (2)سالٚیدا مردبوو قالٚ ببووم بەلاٚم دایکی گوناح بوو، لەرۆژی 1985/6/1 لەبانی شاربووم (8) سالٚ تیٚ دەپەری بەسەر کارەساتی هەکاری سالٚی 1978 کەمن و(7) پیٚشمەرگە کەبەزەحمەت رزگارمان بوو لە(800) کەس (8) کەس دەرچوین لەکارەساتەکەدا کە(800)کەس بوین، گوندی بانی شاریش گوندیٚکی ویٚران کرابووکە(200)مالٚ بووەوچۆلٚ کراوە لەسالٚی 1978 دا،

### مانگی 1985/6 نەهامەتی بوو

لە 1985/6/3 زەراعەتمان کردبوو بۆخواردنی مەقەرات، هەرلەورۆژەدا سوارە ئاغا فەرماندەی هەریٚمی (14)ی ئاکۆیان یەکیٚتی نیشتمانی تەسلیم بەرژیٚم بووە یەکیٚتی پیٚ ی ناخۆش بوو رادیوکەیان بەناوی کاك نەوشیروانەوە مقالەی بلاٚوکردوە کە سەگ بەبیٚ

قەسابخانەعومری بەبادا لەسەرسوارە ئاغا بلأویان کردەوەو تەسلیم بونەوەی بەکۆمەڵ و هەرچی دۆستەکانی رژێم بوو لەناو یەکێتی و لەوماوەیەش دروست کرابوون داوایان لێ کرا بگەرێنەوە لای رژێم ، سوارەئاغا نزیکەی (300) کەسی لەگەڵ خۆی بردەوە وە هەڵۆ چەمچەمالیٚ وبابەتایەروکاك ئاراسی حمەلاو جێگری تیپ بوو وەزۆری کەیان تەسلیم بەرژێم بونەوە تەحەمولی ئەو زەختەیان نەدەکردو رۆشنایەکیان لەئێرانەوە نەبوو هەندێکیان لەئێران گیرابون، لە1985/6/4 مەفرەزەیەکمان لەتەپەتۆڵەکە کەوتە کەمین وحەسەن تەپی سەفایی بریندارکراوسیٚ جاش بریندار‌بوون، لە رۆژانی 5و1985/6/6 جەیشی ئیسرائیل هەموو خاکی گیراوی لوبنانی چۆڵ کرد جگە لەو (500) سەربازەی بەناوی پشتوێنی ئاسایشەوە هەندێك لەهێزەکانی (ئەنتوان لەحەد)کەلایەنگری ئیسرائیل بوو هەموی چۆڵ کرد، لەگەڵ کاك رەمەزان لەماڵەوە لەپشتی بانی شارەوە چوین بۆبانی شار لەرێگا رەمەزان مارێکی گەورەی کوشت بۆئێوارە گەراینەوە لایان هەرلەسورێن بوین، لەشەوی 11-1985/6/12 مەفرەزەیەکمان لەشیرەمەر گەرابونەوە لەپشتی شیرەمەر لای گردە گرگە کەوتبونە کەمینی جاشەوەو ژن برایەکی حمەشوان شەهید ببوو سەباح مەلا سەید تاهیر هەرلەویٚ شەهیدبوو کاك حمەشوان بەبرینداری گەرابووە شیرەمەرو بردیانە ماڵی کاك ئەحمەدی حاجی ئەمین و لەویٚ تاسەعات (2)ی پاش نیوەرۆ مابوو لەبەربیٚ دکتۆری خوێنی لەبەر رۆیشتبوو گیانی لەدەست دابووشەهید بوو، شەهید حمەشوان بۆشایەکی گەورەی دروست کردو لەساڵی 1976وە لەرێکخستنی حزب بووەوکۆلیژی ئادابی تەواو کردبووناوی تەواوی (محمد حاجی محمود عەلی) بوو لەبانی بنۆك چاوی هەڵهێنابوو وەلەسەید صادق دادەنیشت شەهید محمد کادرێکی نەترس ولێهاتوو شارەزاو قاڵبوی بۆتەی خەباتی شاروشاخ بوو نووسەروشاعیریەکی بەتواناولەشاخ کتێبێکی چاپ کرابوو تابڵیت لەسەرخۆو نەرموو نیان ولەناوگەنجەخوێندەوارەکاندا دەورێکی گرنگ وکاریگەری هەبوو هەمیشە گویٚ رایەڵی بیروبۆچون و فەرمانەکانی سەروی خۆی بوو جارێکی کەش کەوتە ناوشەبەکەی لوغم لای کانی ئاسکان بریندارببووەوکوکادروپێشمەرگە هەمیشە لەکاتی پێویست دا لەپێشەوە بوو هەروەها نووسەرێکی شانۆگەریی و هونەرمەندێکی بەتوانابوو لەسەرشانۆ و

راهێنانی قوتابی وبەرهەمی بەهارێکانی پێشکەش کردن شانۆی شۆرشگێری تەعبیر لەمیللەتەکەی وحزبەکەی کەهەمیشە لەریزی پێشەوە بووەو دەورەی کادری لەساڵی 1979 تەواو کردبوو بەلێهاتووی ودڵسۆزی خۆی ببوو بەئەندامی لقی سلێمانی ومەسئولی ناوچەی پێنجوینی حزب ، لەساڵی 1984دا لەبەهارو نەورۆزدا لەمەنجەر شانۆگەریەکی بەکەڵکی پێشکەش کردو ناوچەی پێنجوینی زۆر پێش خستبوو لەهەموو رویەکەوە ئومێدێکی زۆری لیٚ دەکرا بۆپاشەرۆژی حزب وکوردو دەوری خۆی زیاتر ببینیٚ بەلأم سەد مەخابن بەدەستی جاشە خوێن خۆرەکانی کورد مەودای نەدراو تەمەنی کەم و جوانە مەرگ بوو وەکو هەزاران شەهیدی کەی حزب بەلأم جێگای حمە شوانی نەمر بۆشایەکی گەورەی بۆحزب وناوچەکە بەجیٚ هێشت دوای خۆی (2)منالی لیٚ بەجیٚ ماو لەگەڵ هاوسەرە بەرێزەکەی بەخێوی کردون، لە1985/6/14 لەسورێن بوم بەرۆژو بووم لەم مانگەدا هەر شەهیدمان زۆر بوو، هەر لەو رۆژەدا کاک (فاچل سەید کەریم) مامۆستاجەعفەر لەگەڵ چەند کەسێکی کەدا هاتنە لامان لەمەقەری بانی شاروپشتی بانی شار نامیلکەیەکیان پیٚ دام لەسەر یەکێتی نیشتمانی (96) جار ناوی مام جەلال وسەرکردایەتی یەکێتی وکاک نوشیروانی هێنابوو وتیان ئێمە انشیقاق مان کردوە لەیەکێتی و هاوکاری مان بکەن کاتی خۆی ئەمانە جگە لەمامۆستا جەعفەر راستەوخۆ هەموویان دژی من وهەرێمی (1) بون و ئەو کادرانەی لەگەڵ من بون ئێمە وتمان ئێوە ئەوەتان نوسیوە دەبو باسی خۆشتان بکەن تۆوکاک سالار هەردووکتان ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بون و ئێستاش ئێمە باوەر ناکەین بە ئەقڵیەتی ئێوە بەتایبەتی کاک مەلا بەخیتار کەدەڵێت من هەموو یەکێتی م لەگەڵدایە باجود بێت بۆلای ئێمەو بەوشێوەیە هیچ تان لەدەست بێت ئەویش ووتی راستە من مەلابەخیتارم دیووە وئەقڵیەتی گەنجانە بیر دەکاتەوە ئەگەر وابێت منیش ئیشی لەگەڵ ناکەم تێگەیشتم هەر لەئێستاوە هەرسێکیان لەسەر مەسئولیاتی یەکەم کێشەیان هەیە من زانیم هیچیان پیٚ ناکرێت بەلأم وەکو رەفیقی کۆن ودۆست پێشوازی گەرممان لیٚ کردن ولای مەقەری حزبی شیوعی وە هاتبون بروسکەیان کردبوو کاک شێخ محمد وتی لەوانەیە کاک فاچل عبداللە قەرەداغی بێت منیش ووتم پێم وایە مامۆستا جەعفەربێت تانەگەیشت لەبروسکەکە تیٚ

نەگەیشتبوین چونکە رونیان نەکردبوە بۆمان، لە1985/6/15 لەگەڵ مامۆستا جەعفەر وکاك شێخ محمد کۆبونەوەمان هەبوو لەمەقەری لقی سلێمانی حزب، لەشەوی 16-1985/6/17 مەفرەزەیەکی قوەی سیروان وهەرێمی (1) لەشیرەمەر کەوتنە کەمین ودوای تەقە لەیەك کردن لەسەر رێگای گێڵەك پێشمەرگەیەکی قوەی سیروان شەهید بوو بەناوی مەجید حسێنە کوردە خەڵکی خانەقین بوو کەکورێکی گەنج ودڵسۆز لەرێکخستنی سۆسیالیست لەخانەقینەوە ناردبویانە لامان بەدەستی جاشەکان شەهیدبوو، لە1985/6/18 (30) رەمەزان بوو لەبانی شار بوم ئەو هەموو کەمین وشەهیدو بەرزایش لەسەرویانەوە زۆر تینوم ماندوبووم لەبانی شار، لە1985/6/19 رۆژی جەژنی رەمەزان بوو لەمەقەری بانی شاربوم شەرو زەختمان لەسەر بوو هێزەکانمان لەشارەزوور لەو مانگەدا نزیکەی (10) شەهیدی قارەمانمان هەبوو بێ ئەوەی شەرێك بکرێت لەو هەمو شەرەی سورێن دا پێشمەرگەیەك شەهید نەبوو بەقەدەر ئەو چەند رۆژەی لەکەمیدائەوەش هەموو لەئەستۆی مەسئولەکان بوو، لەرۆژانی 20و1985/6/21 هەرلەبانی شاربوین لەکاتێکدا یەکێتی لە1985/1/18 بەیانی دەرکردبوو کەلەگەڵ عێراق دابراوەو دژی عێراقە، رادیوی پارتی دیموکراتی کوردستان کردی بەهەرایەك هەر نەی ئەبریەوە و دەیوت داوا لەیەکێتی دەکەین بابێنە دەرەوەو بارەگاکانی پارتی کراونەتەوەو ئاواڵەیە بۆیەکێتی نیشتمانی وقسەی زۆر ئەگەر کەسێك ئاگای لێ نەبوبێت وای دەزانی مەقەراتی پارتی لەکوردستانی عێراقدا کلاَشە دەکات و هەموودۆڵ وچەمێك مەقەرێکی پارتی تێدایە کەچی کەسیان لەکوردستان نەبوو بەتایبەتی لەسنوری هەولێروکەرکوك وسلێمانی دا جگە لەسورێن ئەویش بەبۆنەی ئێمەوە لەو سنورە بون لەدیوی ئێران و لەزێوکەو لەسەرپێڵی زەهاو بون ئێمە لەکاتی جود هێنامانەوە بۆکوردستان هەر زۆرلامان سەیربوو رادیوی پارتی داوای دەکرد بگەرێنەوە بۆلای بارەگاکانی پارتی مەگەر یەکێتی دووسێ حەفتە بگەرێت بۆسەر سنورەکان لەدیوی ئێرانەوە مەقەراتی پارتیان پەیدا بکرایەت لای مەقەری پاسداران کەسیان نەبوو لەهیچ لایەنێك هەرچەندە لەوکاتەدا یەکێتی وەلاَمێکی لاوازی دانەوە، لەرۆژی 1985/6/22هەرچاوەرێ بوم عێراق هێرش بکات هەواڵ لەناوەوە هەروا دەهات بۆمان کەرژێم هێرش دەکات وئێمەش لەپارتی

وحزبی شیوعی مان تەئكید دەكرد لەخۆرنەوەزان چونكە ئەوان لەویٚ بون ئاگایان لەسەر نەیجەكوڵەوئیٚلاّن پیٚ هەیە، پارتی دەیوت مەگەر شاخەكە بروات ئیٚمەش برۆین من هەربەگومان بوم كە دەگیریٚت ووتم ئەگەر دەزانن نایپاریٚزن ئیٚمە پیٚشمەرگەی بۆدەنیٚرین چونكە ئەو جیٚگایە حەساس وكلیلی ناوچەكەبوو من دڵنیانەبوم، لەرۆژی 1985/6/22 چوینە مەقەری لق و(4)باری ولاٚغ سۆندەمان باركرد بۆهانەئەحمەدە لەگەڵ كاك حاجی عبدالله وكاك نوری وكاك عەتاباشكی بۆبەستنی سۆندەكەو ئاوبەین بۆلای كانی مەرنار سەرحەوزەكەی هانەئەحمەدە بەچیمەنتۆچاكمان كردو بەلوعە وسۆندەی لیٚ بەستراو ئەورۆژە زۆر زۆرهیلاك بوین بەلاٚم كارەكەمان سەركەوتوبوو، هەرئەورۆژە گەرامەوە مەقەر شەو مەفرەزەیەكمان لەشارەزوورەوە گەرانەوە وتیان ئەم شەو عیٚراق هیٚرش دەكات بۆبانی شار وخۆرنەوەزان واتاشەوی 25–1985/5/26 هیٚرش دەكات لەكاتیٚكدا هەواڵ بەئیٚمە گەیشت سەعات یەكی شەو بوو سەری هەموو شاخەكانمان گرت ودامەزراین وهیٚزمان دابەش كردبەلاٚم بیٚ تەقە عیٚراق سەروی نەیجەكوڵەی گرتبوو كەكلیلی ناوچەكە بوو لەسەعات (2)ی شەودا، ئەوجیٚگایانەی پیٚشمەرگەی سۆسیالیستی پیٚوەبوو دەوكەتە لای خوارەوە واتالای خۆرئاوای نەیجەكوڵە دەوكەتە لای سوریٚن وسەری مەرگولان وچاڵەرەشی لەنیٚوان خۆرنەوەزان وشیرەمەر دابوو دوژمن لەگەڵ رۆشنی كرد لەسەر خۆرنەوەزانەوە تەقەی لەمەقەكانی پاسۆك وسۆسیالیست وحزبی شیوعی یان دەكرد ئەو مەقەرەی حزبی شیوعی وپارتی لەخۆرنەوەزان بیٚ تەقە چۆڵیان كرد ئیٚمە هەرئیٚوارە ئەوشتانەی قورس بون هەمومان رەوانەی مەقەری لق كردو لەوماوەیەش دا هەرچی تەقەمەنی بوو شتیٚكی كەم نەبیٚت لەمیری سور گواستمانەوە لای بیرەكەو ریٚگای مەرنار، لەمەرناریش چادرمان هەڵدابوو ئازوقەو هەموو شتمان بردبوو ئیٚمەش شەو ناچار زانیمان سەرومان گیراوە بەشیٚكی هیٚزەكە لەژیٚرلولەی چەكی دوژمن دابوو كشاینەوە پشتی بانی شاروبۆلای مەقەرەكانی پاسۆك وقوەی سیروان وهەریٚمی (2) ومەقەری حزبی شیوعی دامەزراین دنیا رۆشنی كرد جەیش سەرخۆرنەوەزان ونەیجەكوڵەی گرتبوو ناوچەكە لەژیٚر دەستی دایە،

پەلاماری رژیٚم بۆسوریٚن لە1985/6/26

لەرۆژی 1985/6/26 رژێم هێرشی بۆبانی شاروسەر مەقەری هەرێمی (2) وقوەی سیروان دەست پیّ کردو لەدوای نیوەرۆ شەرێکی سەخت دەستی پیّ کردوبۆماوەی (3)سەعات کۆمەڵێك سەرباز کوژراو دوژمن هەڵهات و بەرەو خواروی بانی شاروشیرەمەر عەلی بچکۆل وشێخ توفیق وکۆمەڵێك پێشمەرگە رۆیشتنە خوارەوە (4) سەربازو هاوانێکی (60ملم)و چەند چەکێکیّ وئێستریّکیان گرت ، بەلاّم سەری نەیجەکۆڵە رێگای نەئەدا بیگەینە سەر دوژمن، لەشەوی 26–1985/6/27 تۆپی زۆری لیّ داین عێراق لەهەموو لایەکەوە، لەشەوی 28–1985/6/29 ئێمەش گەراینەوە بۆمەرنار بۆلای برادەرانی خۆمان هەرئەو شەوە ئێران تەنگی بەپارتی هەڵچنیبوو بۆچی بیّ تەقە خۆرنەوەزان چۆلّ کراوە پارتی خۆی کۆکردەوەوبەهاوکاری ئێران وپاسداران وتۆپخانە هێرشیان کردە سەر نەیجەکۆڵەوخۆرنەوەزان وشەری باش کراو عێراق تۆپ بارانێکی خەستی کردبۆماوەی (12) سەعات بیّ وەستان بە(19) راجیمەو (9)تۆپی قورس لەسەرانسەری ناوچەکەداو هەر هەموویازۆربەی تۆپەکان لەئێمەوئەو دۆڵەی ئێمەی دەداو تۆپی ئێرانیش زۆربەی لەئێمەی دەدا ئێمە بەروی دۆڵەکە کەئێران دیاربوو یاروی لەسەر سنوری عێراق ئێران بوو ئێمە چاومان لەوان بوو ئەوشەوە ئێران وپارتی (1) رەئیس عرۆفایان گرت وبۆماوەی (20) دەقیقە مانەوە لەویّ بەلاّم ئێمە(2)سەعات رێگا لەسەر سنورەوە دور بوین ئێران تۆپی لەئێمە ئەداو عێراقیش تۆپ بارانێکی یەکجارخەستی دەکردین من تا نانم خوارد لەوکاتەدا دوو پارچە کەوتە ناونانەکەوە کاك ئەحمەد و ماڵەوەمان (تامین خان)وحاجی عبداللەبریندرابوون چونکە ئەوناوە هەموی بەردبوو هەر تۆپێك دەهات ئەوەندەش پارچە بەرد دەهاتە خوارەوە لەهەموو لایەکەوە سۆندەی ئاوەکەش تۆپ لەچەند جێگا بریبوی و ئاونەماو ئاوی کانیش نەدەستی دەگەیشت ونەبەشی دەکردو پێشمەرگە لەتونیا ئاوی گەرمی موغەزیان دەخواردەوە کەخەست ببووە هەرپێشمەرگەبوو دەیوت بریندارببووم من ئێوارە لەپەنای بەردێك دا بوم لەگەڵ ماڵەوەمان تۆپیّ زۆری لیّ داین وکونێك لەپشتمانەوە بوو زۆر بچوك بوو محمودسەریع کەخەڵکی جافەرانی قەرەداغ بولەگەڵ مەلاهەژار(حەسەن مەلا محمودی گۆبان) لای ئێمەدابوو حاجی عبداللەش هاتە لامان چەند پارچەیەکی بەرکەوتبوو بەسوتفە دەرچوو کاك نوری ومحمود چوبونە کونەکەوە

دوای دەرنەئەهاتنەوە بەئاسانی هەردوکیان لەناو کونەکە پێ دەکەنین کاك نوری دەیوت وەڵاناتوانم بێمە دەرەوە و محمودیش هەر ناتوانێ کەچی بەتاقم و تفەنگەوە چوبونە ژورەوە تاقمەکەشیان کردەوە رامان کێشان بەهەزار فەلاکەت دەرهاتن تا بەرنەکەویت کاك شوان لای حزبی شیوعی بوولەنیوە شەودا هاواری لێ هەستاو رانی شکا بوو تۆپ لێ ی دابوو لەخەودا کەس نەی دەتوانی سەردەربهێنێ هاورێیانی حزبی شیوعی وپاسۆك پێکەوە بوین پێشمەرگەیەکمان قاچی بریندار بوو ناوی شێرکۆبوو پێشمەرگەیەکی پاسۆك شەهید بوو بەرزان حمەبەگ هەمەوەند پاسۆك بوو بریندار بوو زۆر بەزەحمەت سەرمان خست بەئێستر بەڵام لەخەستەخانەی ئێران شەهیدبوو شەهید بەرزان کورێکی باش وئازاو دڵسۆزبوو، هەندێك لەبریندارەکان وکاك شوان برینەکانیان سەخت بون بەزەحمەتێکی زۆرو بە بەتانی لەو رێگاناخۆشەوە سەرخران لەسەرهانەئەحمەدەش زۆر زەحمەت بووبۆسەر خستنیان، لەشەوی30-1985/7/1 بەرزانمان سەر خست زۆربەزەحمەت، لەرۆژانی 1و1985/7/2 لە مەرنار بوین وتۆپ بارانێکی زۆرکراین زۆر ناخۆش بوو بێ حەد بووتۆپ بارانەکە، لەرۆژی 1985/7/1 من وکاك ملازم کەریم وکاك نوری چوینە ئەشکەوتی مەردالێ ئەوئەشکەوتە گەورەیەی لەشارەزوورەوە دیارەو لەپشتی بانی شار کانی یەکی تێدابوو ئاوەکەی ساردبوو بەڵام پیس ببوو پاکمان کردەوەو سەیری ملازم کەریمم کردو وتی چیە وتم رەنگی مردوت لێ نیشتووە وتی وایە تۆ ئێمەت پێچاوەتە ئەو دۆڵە وادەزانی نەوتەکەی کەرکوکی تێدایە و هەموومان کوژراوین وبرینداربوین تۆ رەحم بەو ژنە فەقیرە ناکەیت لەدوێنێ وە دووجار بریندار بووە کاك ئەحمەدقەدەفەریش دەستی بریندار بوو، ئێمە گەراینەوە مەردالێ وبۆدەرەی میکولێ پێشمەرگەیەکمان هەبوو ناوی خاڵە پشکۆ بوو زۆر حەزی لەخەوبوو دوو رۆژ دیارنەبوو لەو هەموو تۆپە چۆن خەوی لێ کەوتبوو دوای دووڕۆژ هاتەوە وتمان ماویت وتی ماوم و تۆزێك خەوتبووم دەم ولوتی هەرخوێن بوو وتمان ئەوەچیە وتی هیچ نیە چوینە میدان پژمی پارچە تۆپێك بەقەدەر نۆکێك دەبوو لەلوتی دەرچوو وتی ئەوە خۆ منیش بریندارم نەم زانیوە خوێنەکەی ئەو رۆژەش هەرئەوەندە بوو خوێن لەلوتی بەربوو تەداویان کرد ئەوچەند رۆژە یەك سەعات مەجالمان نەبوو هەرتۆپی لێ ئەدایین، لەرۆژی

1985/7/3 وەفدێکی هاوبەشی هەرسێ لایان شیوعی وسۆسیالیست وپاسۆك هاتن بۆلای من و وتیان لێرە هەمووومان بێ ئەوەی شەر بکەین مردوین و ئەوە دووشەهیدو(5-6)بریندار ئەوانیش لەبەرەی شەهید بون وخۆشمان خەڵکی زۆرخەریکە دەمرین نزیکەی (200) کەس لەوێ کۆببوینەوە هەر تۆپێك دەهات یەکێکی بریندار دەکرد وتیان هەمووی لەبەر تۆ روی نیە بروات منیش وتم کاکە هەموو برۆن ومن (10) پێشمەرگەم بەسە لێرە وتیان نا تۆ نەکەویتە پێشمان ئێمە نارۆین ئێمە بگەیەنەو خۆت بگەریتەوە و هاورێیان لەبەر ئێران هەرنارۆن، هاورێیان دەیانوت برۆینەوە مەقەری کەرەجاڵ منیش ناچار بوم لەگەڵ ئەوان شەهید مەلانوری ومەلا فائیق و ئەوان تازە ژنیان هێنابوو، ئەحمەد قەدەفەری و مەلافائیق ومەلانوری ژنەکانیان بەستبوو بەخۆیانەوە رایان دەکێشا وەهەندێك لەژنەکان پەشیمان بون کەهاتبون بۆئەوشاخە، ئەحمەدبەهەمویانی وت کەستان دەست نەکەوت شوی پێ بکەن خۆتان توشی ئەو دەردە سەریە کردووە ئەوانیش دەیانوت نەمان زانیوە ئاوایە وەزعێکی ناخۆش بوو، کاك ئەحمەدرەجەب ناوی سیروان بوو بانگیان دەکرد هاورێ سیروان ئەویش دەیوت مەڵێ هاورێ پێم نەوتی مەڵێ هاورێ یەکێکی تر بانگی دەکرد هاورێ ئەویش وتی لەقەبری مارکس بم مەڵێ هاورێ ئەوە پاسدارەکانە گویان لێ یە ئەگەر رزگارم بوو لەقەبری هەرچی شۆرشی پرۆلیتاریاشە دەبم لەو دۆڵە دا سەیربوو برادەرانی پاسۆك بانگی منیان دەکردگوێت لێ یە ئەوە قەناعەتە قسە بەمارکس دەڵێت ئەوە ئەسڵی کوردەو چوەتەوە سەر ئەسڵی خۆی، جا وەرە ئەو دیمەنە بهێنە پێش چاوی خۆت ئەو (3-4) مانگە ئێمە لەشەردابوین و ئەو (4-5) رۆژە زیاتر شەهیدوبریندارو برسی وتینوو لەهەوراز بدەو شکابیت لەبەردەم جەیشی عێراق و بەرەو ئێران وبێ ئومێدو چارەنووسی نادیارو لەوهەورازە سەربکەوەو هەریەکە تفەنگەکەی وکۆڵێکی رەنگاورەنگی بەکۆڵەوەو (8)رۆژە دەم وچاو نەشۆراوەو لەو هەورازە عارەقکی زۆریان دەرداوەو ئەویش جنێو بەمارکس دەدات لەبێزاری، ئێرانیش هاتوەتە سەرێ لەم هەرایەدا برادەرانی پاسۆك پێیان خۆش بوو شیوعی قسە بەکارل مارکس بڵێت بەپێکەنینەوەو بەخۆشیەوە هەواڵیان بۆمن دەهێنا منیش ووتم کاکە کەی وەختی ئەوەیە وتیان ئاخر دوای پەشیمان دەبێتەوە، کاك ئەحمەد کورێکی باش

بوئەوماوەیە کەپێکەوە بوین ناخۆش نەبوو لەسەرئەو هەموو زەحمەتەشدا جارجاریش تۆپی لێ ئەدایین بەوداماویەوە چوینە سەرەوە پاسدارەکان بانگی پێشمەرگەیەکیان دەکرد یەکێکتان وەرنە لامان نوری وەلامی دەدایەوەو ئەیوت تۆ وەرە بۆلامان لەباتی ئەوەی بڵێت من شەکەتم دەیوت من شەتەکم یەعنی بەسراوم شەتەکی بدەن ئەوەندە هیلاک ببوو بەداماوی گەیشتە سەرکانی یەکەی میدان ولەوێ بوین هاوڕێیان هەر لەوێوە سەرکەوتن و لەرەنگین وە کانیەکەی خاڵەسان چونە خوارەوە بۆلای وشکەناو لەوێشەوە بۆکەرەجاڵ و ئێمەو پاسۆك ماینەوەو ناردمان چادر هات و هەڵمان داو هەرلەوێ مەقەرمان دانا، لەرۆژی 1985/7/4 لەمیدان بوین ودنیافێنك بووئاوساردبوو بەیانی زوو مام رۆستەم نان وتەماتەو شتی بۆهێنایین بەراستی یارمەتیەکی باشی دایین کاك ملازم کەریم وئەوانیش هەرلەوێ بوین، لەرۆژانی 5تا1985/7/7 هەرلەمیدان بوین، لەرۆژی 1985/5/8 لەمیدانەوە گەراینەوە بۆمەقەری مەرنار (33) چەکی کلاشنکۆف زیادمان لەوێ بوولەگەڵ دووهاوانی(60ملم) ودووهاوانی (81ملم)و یەك دۆشکە مامە رەشە هەورامی بەکۆڵ لەگەڵ فەردەیەك برنج دا هەریەکەی دووکیلۆمەتر دەبردو دەگەرایەوە بۆقاچەکەی یافەردە برنجەکە بەو شێوەیە سەری خست و (7)پێشمەرگە چون هەموو تفەنگەکان و هەندێك بەتانی وموستەمەسەکات و بەڵگەنامەی خۆم کەلەبن بەردێکدا شاردوبومەوە هەرچی نامەوشتی گرنگمان لەگەڵ خۆمان هێنا بەلام زۆربەهیلاکی گەیشتینە ئەوێ و گەراینەوە بۆمیدان ئەونامانەی کەئێستا ئیسفادەی لێ دەکەم زۆرهیلاك بوین وشتەکانی اعلام کاك ئاری کاکەیی هەڵی گرتبوو ئەویش دەیوت ئامانج بۆنەهاتووە وەزعمان زۆر خراپ بوو تالە خلیسکایی رایان دەکێشان ولەو هەورازە سەرکەوتین زۆر زەحمەت بوو تۆپیش جارجارلێ ی دەدایین، لە1985/7/9 لەمیدان بوین کاك نەوزاد رۆژبەیانیش لەسەرەوە هاتبوبۆلامان، لە1985/7/10 هەر لەمیدان بوین، لە1985/7/11 لەمیدانەوەچوینە دۆڵە ناو و چوینە دزڵی،

**نزیك بونەوەی دابرانی کاك قادر عزیز لەسۆسیالست**

لە1985/7/12 لەدزڵی بوین، لە1985/7/13 خاڵەسەید کاکەو خاڵەحاجی هاتبونە دزڵی بۆلامان بۆدوومەبەست... یەکەمیان ئەوەبوو کێشەی مەکتەبی سیاسی وکاك قادرعەزیز

گەیشتبوه لەیەك دابران ...دوەمیان من دڵنیابکەن کەمحاسەبه ناکریم لەسەرئەو دانیشتنەی کەلەگەڵ یەکێتی دا کردومە چونکە خوا خراپەی خراپتری دابووکەکاك قادر بوو چونکە کێشەکەی منیان راگرتبوو بۆدوای کێشەکەی کاك قادر چونکە ئەترسان من وکاك قادر یەك بگرین ویەك رەئیمان هەبێت وەداوایان لیَ کردم من پێشمەرگە لەگەڵ خۆم ببەم بۆسەرکردایەتی نەوەك شت لەویَ روبدات چونکەمن دەچوم بۆشوشان بۆکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، لە1985/7/14 چوینە مەریوان وگەراینەوە دزڵی، لە1985/7/15 هەرلەدزڵی بوین برادەران دەیانزانی کێشە هەیە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حەزیان دەکرد هێزێك بەرین من (17) پێشمەرگەم بەچەکەوە لەگەڵ خۆم هێنا لەوانەش حاجی عبدالله وکاك مەلافائیق وکاك نوری وکاك باکۆ چوینە لای کاك شێخ محمد شاکەلی وکاك شیروان وکاك نەوزادو لەدزڵی بەریَ کەوتین، لە1985/7/16 چوینە سنەو بۆدیوان دەرەو چوینە ماڵی ئاغای عومەری فەرهادی لەسەقزوشەولەماڵیَ ئاغای عومەری فەرهادی لەگەڵ ماڵەوەمان ونەوزاد رۆژبەیانی لەویَماینەوە ئەوشەوە زۆر خزمەتیان کردین، لە1985/7/17 چوینە بۆکان ونەغەدەو رەزائیە لەویَ چوینە ماڵی خاڵەحاجی لەرەزائیە، شەوی 17-1985/7/18 ئەو برادەرانە لەویَ بون (شێخ محمد شاکەلی ، کاك شیروان، مامۆستامەلاناصیح، ئەبو عوروبەی حزبی ئشتراکی عەرەبی، کاك سالارعەزیز ئەوکاتە ئالأی شۆرش بوو، (مامۆستا جەعفەر)فاچل کەریم، وریا سەعاتچی لەپارتی گەل، من وماڵەوەشمان بووین لەگەڵ ئەوبرادەرانەی کەلەگەڵ من بوون، لەرۆژی 1985/7/19 لەماڵی خاڵەحاجی بوین من وکاك شێخ محمدو کاك عەدنان وکاك شیروان ومامۆستامەلاناصیح و کاك عادل مرادو کاك عبدالخالق زەنگەنەو سەیدکاکە هەر زەحمەتی ماڵی خاڵەحاجی مان دەدا لەماڵەوە هەردوو خێزانەکەی قومری خان وئامینەخان لەگەڵمان زەحمەتیان کێشابوووەزۆر ماندو بون بەدەستمانەوەو خاڵەحاجی نەی دەهێشت بچینە ئوتێل خاڵە حاجی ئەوهەموو خزمەتەی خەڵکی دەکردو کەسیش لیَ ی رازی نەبوو، لە1985/7/20 هەر لەئورمیە بوین کاك فەرهاد شاکەلی کەلەسوئید بوو بۆسەردان هاتبوەوەو لەویَ لای کاك شێخ محمد وئەوان بوو ئێمەش لەماڵی خاڵەحاجی چاومان کەوت بەکاك فەرهاد، وەکاك تەها رەسول مەسئولی رێکخراوی سۆڤیەتی حزبمان

بوو ئەویش لەویَ بوو کەپێشتر لەسەر میلاکی زەمالەی لقی سلێمانی حزب زەمالەی بۆوەرگیرابوو لەسۆڤیەت بۆسەردان هاتبووەوە، لە1985/7/21 لەئورمیەوە بەریَ کەوتین بۆشنۆو شەولەشنۆ بوین، لەرۆژی 1985/7/22 لەشنۆوە بەریَ کەوتین لەدۆڵی گادەرەوە بۆکێڵەشین و خرێنەو دۆڵی سالاریەو مەقەری لقی دووی پارتی لەسەرسنوربوو لەدۆڵی خرێنەو سالاریەی برادۆست لەسەرچەمی گادەر بۆسنوری شنۆوناوچەی لولان وبۆماڵی مەلا نیوەرۆ لەگوندیَ بوین بەناوی مالیَ مەلا ئیسراحەتمان کردو بەریَ کەوتین بۆسەعات (5)ی ئێوارە گەیشتینە گوندی دەراو هەر لەبرادۆست ولولان شەو لەویَ ماینەوە لەمەقەری حزبی شیوعی هێرشی ئێران نزیکی ئەوان ببوەوەو شێخ محمدخالیدی بارزانی نامەی بۆناردبون بۆحزبی شیوعی ناوچەکە چۆڵ بکەن شەو خزمەتی ئێمەیان کرد نزیکەی (30) کەسێك بوین تازە ئێران ئەو ناوەی گرتبوو ناوچەی شەر بوو تەیارە دەگەراو تەقەی دەکرد، لەرۆژی 1985/7/23 بەریَ کەوتین لەدراوە سەرکەوتین بۆ گۆرەسێووشەو لەویَ ماینەوە بۆ سەعات (9) ی سەرلەبەیانی گەیشتینە شوشان ومەقەری کاك قادر مستەفا لەسەر رێگا بوو لەسەرەوە لای ئەو هەندێك لەبرادەران لایان داو مەکتەبی سیاسی و رادیوی حزب لەویَ بوو ئێمە چوینە خوارەوە کاك رەسول وکاك قادرجەباری وکاك ئەحمەد فەقیَ رەش وکاك قادر عەزیز وبرادەران لەویَ بون وادیاربوو کێشە زۆربوو هەموی چاوەریَ ی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەکات و بریاری چارەنوسی خۆی بدات لەوهەموو هەراو کێشە کەروی دابوو مامۆستا سەعدیش رۆیشتبوو بۆلای جودو لایەنەکانی وادیاربوو نەپارتی ونەحزبی شیوعی ئەوەندەیان نەدابوونیَ بەقەرزیش بۆمەقەرات ئێمە زۆر مشکیلەمان نەبوو پێشمەرگەی زۆری لیَ بوو خاڵەحاجی ئازوقەو چادروشتی هێنابوو بۆ(200) کەس بەلاّم لەویَ زۆر لەوژمارەیە زیاتری لێبوو پێشمەرگە وهێزی زۆرو کادری باش وخەڵکی بەتوانای لێبوو برادەران هاتن بەدەمانەوە ناوچەکە جگە لەو هەندە خەڵکەی هاتبونەوە گوندەکانیان کەسێکی وای تێدا نەبوو سنوری ئێران عێراق تورکیا دور بوو ئێمە بەسەڵتی وبیَ باروبەسەیارەش رێگای هەبو، لە 21تا1985/7/23 گەیشتینە شوشان بەپیَ زۆر توند دەرۆیشتین وزۆریش بەسەیارەو بەولاّغ بە(7)رۆژ نەدەگەیشتین یا(4-5) رۆژی دەیویست بۆسیدەکان

ولای لولان وەبۆمێرگەسوور دوربوو بە(12) سەعاتی بێ وچان نەدەگەیشتن وەبۆسنوری توركیا هەروا بە(10) سەعات نەدەگەیشتن و فەردەیەك ئارد هەركرێ ی ولاغ بە(500) دیناری ئەوكاتە نەدەهات ئەگەر زستان بوایە ئەوە هەر رێگا نەبووبەفر زۆردەباری وهەموو رێگاكانی دەگرت، لەرۆژانی 23تا1985/7/30 هەر لەشوشان بوین لەمەكتەبی سیاسی ئێران هەر هێرشی دەكرد بۆلای سیدەكان وحەسەن بەگەوە شەرەكە هەربەردەوام بوو لەوناوچەیە تەیارەش دەگەیشتە لای ئێمەو تەقەی لێ دەكردین زستانی رابردوو برادەران زۆربەزەحمەت زستانیان بەرێ كردبوو چونكە بەو برادەرانەی دەرەوەی ولآت شتێكیان بۆحزب وخۆشیان نەكردبوو وەزعی حزب لەروی مالیەوە خراپ بوو لەروی فكریەوە كێشمە كێشێكی زۆرهەبوو ماركسیەت ودیموكراتی هەردوولا گەیشتبونە حالەتی تەقینەوە، كاك رەسول قیادەی دیموكراتی بوو كاك قادرعەزیز قیادەی ماركسیەكان بوو بەلآم عەمەلی كاك قادروكاك سەیدكاكە بون ململانێ كە كاك سەیدكاكەو كاك قادرعەزیز شمشێریان لەیەك هەلكێشابوو ئێمە چوینە ئەوێ نەمانویست تەرەف بین لەمەسەلەكە ئێمە یەك پارچەیی حزبمان لامەبەست بوو، كاك قادروكۆمەلێك لەكادرەكان داوای بەستنی گونگرەی بەپەلەیان دەكرد بەلآم كاك قادربریاری خۆی دابوو كەهەرجیا ببێتەوە چونكە نزیكەی (120)كادروپێشمەرگەی لقی هەولێرودهۆك پشتیوانیان لێ دەكرد وادیاربوو سەرەتا مامۆستا سەعدومامۆستا ئەمین وقادرجەباری وەعدیان پێ دابوو برادەرانی هەولێر ئەیانوت كاك قادرجەباری وتویەتی وەكو سەرقۆتیش بێت لەگەل ئێوەدام ولەگەل ئەوان نیم، كاك رەسول وبرادەران دلیان لەئێمە كرمن بووكەگوایە بەرەو یەكێتی دەرۆین وكاك قادریش بەرەو حزبی شیوعی دەروات، ئێمە لەسەر دواخستنی گۆنگرەولەسەر نەپرسینەوە ونەشاتی مەكتەبی سیاسی مەلاحەزەمان هەبوو بەلآم نەك وەكو برادەرانی هەولێرو دهۆك بریاری جیابونەوە چونكە حزبی پێ لاواز دەبوو ونەدەتوانرا كارێكی وابكرێت چارەسەری كێشەكان بكات چەند رۆژێكیان هێشتەوە بۆبیركردنەوەو قسەی دووقۆلی وسێ قۆلی ئەوماوەیە ئێمەش هەر خەریكی وردە شەربوین لەگەل هەردولادا بەتوندی قسەمان دەكرد وهەرلایەك وای دەزانی لەگەل لاكەی تردایین من وكاك شێخ محمدو كاك شیروان یەك رەئمان هەبوو لەسەر روداوەكان، لەرۆژی

1985/7/26 دەعـوەت بـوین لەهــەرێمی (8) ولای کـاك قادرمـستەفا، لـە1985/7/27 دەعـوەت بـوین لەهــەرێمی (11) وکــەرتی ســەفین لای مەلابــەکر وئــەوان بۆئێوارەکــەی دەعوەتی کـەرتی کۆمیتـەی لقی هـەولێر بوین، لـەرۆژ 1985/8/1 دەعـوەتی لقـی دهـۆك بـووین کـاك قادرعـەزیز مەسـئول بـوو هـەر لەورۆژانـەدا کۆبونـەوەی لیژنـەی بـالأی جـود لەبرادۆســت و لەمەقــەری حزبــی شــیوعی عێراقــی لای کــانی رەش ودەشــتی بــەرازگر یادەشتی حەیات، لە1985/7/31 لەدوای نیوەرۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی مەرکەزی دەستی پـێ کـرد کادروپێـشمەرگە هـەمووی ئـاگری لـێ دەبـوەوە ئەوەنـدە هـان درابـون بـێ ئـەوە پێشمەرگە کەسێك لەوبرادەرانە بناسێت یانەی ناسێت هەرلەخۆیـەوە دژی ئەوبرادەرانـەی تربون چونکە هاندرابون وقسەی پێ دەوت وجنێوی ئەدا بەوی تـری شـەوێك لەگـەڵ کـاك عومەرفـەتاح وکـاك شـەوکەت ومـام رۆسـتەم وبرادەرانـی یـەکێتی کـاك شـێخ عبـدالکریم شەدەڵەچووینە گوندی کـارێزەی دەلـوی لای قـەیتول لای قادرکـەرەم شـەوبوو چووینە ماڵـە دەروێشێك کەدانیشتین خاوەن ماڵ بەخێرهاتنی منی کردو ئەوان لایـان سـەیر بـو ووتیـان دەیناسیت.. ووتم نایناسم بەڵام ئەو چەند ساڵە ئێوە ئیشتان چی بووە ئەوەنـدە باسـی منیـان کـردووە رەنـگ وابـوەو جلـی وابـوەو چـی بەدەسـتەوەیە قـسەتان پـێ ووتم بۆیــە دەمناسـێت بەنیـشانی ئێـوە دەمناسـێت بـێ ئـەوەی کەسـێك کەسـێکی دیبێـت لــەناو سۆسیالست دژی ئەو کەسە بون کەچۆن جەماعـەتی کاك قادرعـەزیز دیـاربون ورۆژئـاوای مەکتـەب سیاسـیان لەشوشـان گرتبـوو رەبایـەو مەقـەرو کـەپریان کردبـوو رووەو خـوارەو بەرەو دهۆك وناوچەی بەرازگرو ئەوناوە بون لەسەر ئەو رێگایە ئەوانی کەش لەرۆژهەڵاتی مەکتەبی سیاسیەوە مەقەرات کەپرو رەبایەی خۆیان هەبوو وایان دابەلایەکدا هـەردەتوت ئێستا تەقە دەست پێ دەکات بـەڵام بـەکادری عەسکـەری هـەموو لای مەکتـەبی سیاسـی بوون جگە لەدکتۆر رەشید لەگـەڵ کاك قادر بوو کـەئامرقوەی دیـدەوان بووئـەوکات بـاقی کادر بون و پێشمەرگە نزکـەی(120) پێشمەرگەوکادر دەبون بـەڵام کـادری بـەتوانیان زۆر تێـدابوو هەنـدێکیان دەوری خراپیـان هـەبوو لەوانـە ئـارام خـەڵکی دهـۆك بـوو پەیوەنـدی لەگەڵ عێراقدا بوو بەقسەی برادەران وەهەر دوای ئینشقاق کـەش وەکو ئـەوەی کارەکـەی تەواو بوبێت یەکسەر تەسلیم بەرژێم بوەوەکاك قادر زۆر دیفاعی لێ دەکرد، دکتۆر رەشید

دكتۆرنەبوو هەروەكو چۆن فەقێ بوو لەناوشۆرش دەبووە مەلا برین پێچ دەبووە دكتۆرو جزمی عەمەی خوێندبوو دەبووە فەقێ هەرخۆشیان گەیشتبونە ئەو قەناعەتە، مامۆستا لەدووسێ پۆل كەوتبوحساب وقەدەم دەكرا فلاّن كولیەی تەواو كردووە یا نائب چابگ بوو دەبوو بەچابگ شتی لەوباتە لەناو شۆرشدا زۆر بوو هەرمابوو دكتۆر رەشید ئەوەی كردبوو لەشەری نێرەگین لەگەڵ یەكێتی داو چەندشەڕێكی لەناو شار كردبوو كاك قادر و ئەوان داوایان دەكرد لەئامر كەرتی بۆئەندامی مەكتەب عەسكەریخۆشی هەمان داوای هەبوو، كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندی دەستی پێكردوپێشەكی كاك رەسوڵ لەسەر ڕووداوەكان وشەری عێراق ئێران و شەری یەكێتی و جود قسەی كردو باسی رۆشتنەوەی كۆمەڵێك لەكادرەكانی سنوری هەولێر بۆلای یەكێتی لەوانە مام غەفورو عبداللە بۆرو بۆرهان بلەیی و چەند پێشمەرگەیەك لەوسنوردا هەندێك پێشمەرگە بۆشاییان بۆحزب دروست كردبوو بۆیەپێویستە هەوڵبدەین چارەسەری كێشەكان یاهەرچی هەیە لەكۆبوونەوە خۆمان باسی بكەین وهەروەها باسی سەردانەكەی سوریای كردو ووتی مەبەستی ئێمە لەم سەردانەدا حزبێكی پاكین وپەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتی سوریا هەبووەوپارتی پەیوەندی لەگەڵ موخابەراتی هەبووە و بۆیەئەوان پێشوازیان زیاتر لێكراو ئیشیان بۆكرا ئێمە رەئمان وانەبوو ووتمان پەیوەندی بەهەردوولاوە بووە وەدەبێت لەسەر ئەساسێك بێت ئەو دەوڵەتە موخابەراتی دەوڵەتێكە وە پەیوەندی هەموو دەوڵەتان ودنیا هەرلەسەرەتاوە لەرێگاویاچاودێری موخابەراتی هەر دەوڵەت و هەرحزبێكە ئێمە ئەو قسانەمان زۆر لاپەسەند نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی برادەران هەموویان یان زۆر یان لەدەرەوە بوون وە لەوانەش كاك رەسول و كاك قادرجباری و كاك عادل وكاك عەدنان وكاك عبدالخالق زۆر باس نەكرابوون وەئەوانەی لەسەركردایەتی بوون مامۆستا سەعدو كاك ئەحمەد فەقێ ڕەش وەكو م.س لەگەڵ كاك سەید كاكە وكاك ئەحمەد ئیحتیاتی م.س بوو مامۆستامەلاناصیح لەئورمیە بوو وەخاڵە حاجی لەعیلاقات بوو من و كاك شێخ محمد وكاك شیروان لەسورێن بووین كاك قادر عەزیز مەسئولی لقی دهۆك بوو سەید كاكە ووتی بابرواتە دهۆك لەوێ باسی ماركسی بكات تاگولەیەكی لەسەری دەدەن واتا خەڵكی بادینان ئەوەندە دژی ماركسین و لەوێ نایەڵن باسی ماركسی بكات ،

لەکۆبوونەوەی ساڵی(84 )کۆمیتەی مەرکەزی لەزیوکەدا ئیش دابەش کرا بەڵام وەفدی حزب شتێکی نەکردبوو من ئەو ماوەیە هەر لەوێبووم هەر دەوری ناوبژیوانی وقسەی خێرم لەهەردوو لا دەکرد بەڵام کاك قادر دەی ووت .. خۆدەستەڵاتی من نیە کادرەکان قەناعەت پێ بکەن ئەوا یەك ساڵە ئەو هەر قسە بۆکادرەکان دەکات وەبڵاو کراوەی تایبەتی دەرکردبوو وەهەموویانی واپرکردبوون دەت ووت بی بەریان خواردووە. وەکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی درێژەی دەکێشا ئێمە لەگەڵ کاك رەسول وبرادەران قسەمان کرد ئەوان بەزۆر شت قەناعەتیان کرد بەڵام کاك قادر بریاری دابوو کەجیاببێتەوە ئەگەر (10) کەسی لەگەڵدابێت وادیاربوو پێشتر لەگەڵ کاك ادریس بارزانی وحزبی شیوعی قسەی کردبوو وە وەعدیان پێ دابوو کەهاوکاری بکەن کاك قادر موهیم ئەوەبوو ببێت بەسکرتێر، کاك ئەحمەد فەقێ رەشی هەرێمی(9) زەراعەتی کردبوو کە تەماتەو بامێ و بی بەرو پیاز بوو رۆژێك مامۆستامەلا ناصیح لەناو زەراعەتەکەدابوو پێشمەرگەیەك چووبوو بی بەری سووربهێنێ چونکە بی بەری سوور لەهەموو بیبەرەکانی تر تیژ تربوو مامۆستادەڵێت ئەوەچی دەکەیت ..؟ ئەویش دەلێت بی بەری سوور دەبەم بۆ کاك قادر عەزیز ئەویش دەڵێت برۆ کاکە برۆ قادر خۆی ئەڵێ ی بی بەرە، بی بەری بۆچی یە ! من لەسەر بێ سنوری کارەکانی مەکتەبی سیاسی مولاحەزەم هەبوو بەڵام من دەمویست من کێشە نەخەمە سەرکێشەکان کاك قادر عەزیزبەمنی ووت باچارە سەرێك دابنێن بەڵام ئەمانە ناتوانین ئیشیان لەگەڵدا بکەین ..ووتم کاك قادر خراپترە ئەگەر ئیش نەکەین دەبێت جیابینەوە ئێمەئێستا لەگەڵ یەکێتی لەشەرداین وپارتی دژایەتیمان دەکات وە لەگەڵ عێراق لەشەرداین وەزعی گشتی حزب روون نیەوسیاسەتێکی داریژراو بەرنامەیەکی یەکگرتووی لەرووی فیکری یەوە نیە وهەریەك چۆنمان بوێت وای لێدەکەین بەهەموومان پیا ناگەین چارەسەری بکەین ئەگەر بەش بەش بین ناتوانین وەبە پچر پچری کەس هیچی پێ ناکرێت ئێستا حزبی سۆسیالست هێزی هەیەو قیادەی هەیە ئەگەر بەئیشەکاندا بچینەوە مەجالێکی کەش بدەین باشە،کاك قادر عەزیز ووتی کاکە ئێستا هەموویان یەکیان گرتووە دژی من وکادرەکان لەئەساسدا دژی تۆبوون لەسەر قسە کردن لەگەڵ جەلالیان وبریاریان دابوو لەم کۆبونەوەیە تەجمیدت بکەن وهەموو ئیجرائاتت

لەگەڵ بکەن بەلاّم ئێستا من هاتومەتە پێشەوەو تۆیان دواخستەوە بۆجارێکی کە، من ووتم کاك قادر من ئامادەم بۆمحاسەبە کاك قادر ووتی من ئامادە نیم بۆمحاسەبەی ئەوانە کەهیچ نین کاك قادر زیاتر لەسەر خاڵەحاجی پیۆ ی دادەگرت کەتەجمید بکرێت یادەر بکرێت من لەوبارەیەوە لەگەڵ کاك قادر قسەم کردو باسی پرۆگرام وپەیرەوەکەی سەیدکاکەش کە لەکاغەزێکی زەردا نوسیبوی بۆهەمو لق وهەرێمەکانی ناردبوو وەباسی نامیلکەی کاك قادر لەسەر دیموکراتی شۆرشگێر، ئەوحزب سۆسیالیستی وەك حزبێکی مارکسی لینینی دانابوو کاك سەعدو برادەران هەستیان کرد کەمن وکاك قادر قسە دەکەین و یەك دەبینین من بۆئەوەبوو کاك قادرواز لەجیابونەوەو رۆیشتن بهێنیۆ گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کاك قادر بریاری خۆی داوەو کاك رەسول وخاڵەحاجی وهەموو حزب لابەن ئەوهەر لەحزب نامێنیۆ وبەوتەشکیلەیە حزبی شیوعی وپارتیشی ئاگادار کردبوو لەکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەموو بریارێك دەدات وزۆری ئەندامانی سەرکردایەتی لەگەڵ دایە، مامۆستاسەعد هاتە لام ووتی قادر زۆر دژی تۆیەودەستی بروات تۆ سزا دەدات  وتم من ئەگەر غەڵەتێکم هەیە ئامادەم بۆمحاسەبە بەلاّم گویێم لیۆ نیەو من خۆم بەحزبی دەزانم، نامەیەکی کاك قادرعەزیزیان پیشان دام کە پێش (6−7)مانگ نوسیبوی بۆمامۆستا سەعد بەقسەی ناشرین باسی من وکاك شێخ محمد شاکەلی کردوەو چۆن دەبێت سنوری دەسەلاّتمان بۆدانێن و ئێمە رەجعین ودژی مارکسین و لەقەوسا دەڵێت لەرەکەیان واتا کاك شێخ محمدشاکەلی زۆرمجریمەوقەڵەوەکە باشترە واتا کاك شێخ محمد مجریم ترە لەمن مامۆستا سەعد بۆیە پیشانی دام بۆئەوەی بەقسەی کاك قادر باوەر نەکەم چونکە تارادەیەك نامەکە تەئسیری هەبوو بۆئێمە لەحزبێك بین ونامەی وا لەسەرمان بنوسن دەبوو هەرچی هەیە لەرووباس بکرێت، سەیدکاکە رەئی وابوو قادر رۆیشتووەو زەرەرمان لیۆ ئەدات بائەم شەو دەوریان بگرین وهەموویان دەگرین وئارام وچەند کەسێکیان دەکوژین وئەوانەی کەشیان لەشوشان سجن دەکەین کەس نازانێت ودەنگی لیۆ دەرناچێت وکاك رەسول بەتوندی رەدی دایەوەو وتی کاری وا ناکەین وئەگەر رۆیشتن بابرۆن بەڵکوئەوان شتێکی باش بۆکوردبکەن شتی واهەر لەماڵی مەلا مستەفا دەوەشێتەوە کەفاخیرومالّی حەمیدئاغایان اعدام کردو ماڵی حاجی ابراهیم

چەرمەگاومەجیدرۆستەم یان لەدەعوەت هەموو کوشت وەهەرکەسێ لەناوخۆیاندا موخالەفەی بکردایە دەیان کوشت، ئێمە شتی واناکەین لەسەرئەوە راوەستاوسەیدکاکە وتی دوایی پەشیمان دەبیتەوە کەدەبوو بمان کردایە کاك ئەحمەدفەقێ رەش رەئەکەی سەیدکاکەی پێ خراپ نەبوو، من پێم باش نەبوو وەرەئم وابوو کاتی کۆنگرە دیاری بکرێت و هەندێك گۆڕان لەمەکتەبی سیاسی دا بکرێت وەلەدابەش کردنی ئیشوکاردا گۆڕان بکرێت بەخاڵەحاجیم ووت تۆئەوهەموو ماندوبونە دەکەیت کەس منەتی لێ نازانێ حەزدەکەم تۆلەعلاقات نەمێنیت وخۆت داوابکە چونکە ئەوان فەرزی دەکەن ئێمە نایکەین بەلاّم خۆت داوابکە بایەکێك دابنێن دوای خۆیان داوا دەکەن، خاڵەحاجی دەیوت ئەم جارە هەردەیکەم بەلاّم جارێکی کە نایکەم لەداخی قادروئەوان چونکە مەرجیان داناوە لەسەرم هەردەیکەم بائەوان برۆن باشترەو ئەوانمان لەکۆڵ ببێتەوە حزب پاك دەبێتەوە ئەگەر خوابکات قادرجەباریش بروات لەگەڵیدا رزگارمان دەبێت هەروەها وتی خۆ قادرجەباری باری نیە چونکە کاتی خۆی دائیم لەگەڵ فاخیری حەمەد ئاغای مێرگەسوریدا بوو لەسلێمانی ولەزۆرجێگا کاتی کەمەلامستەفا فاخیری گرت قادرجەباری هەموو ئەو رەسمانەی کەلەگەڵ فاخیر گرتبوی وهەڵواسرابوو لە رەسم خانەکان لەشاری سلێمانی رەسمەکانی فاخیری لێ دەکردەوەو لای برد وەلەلیژنەی تەحزیری لەگەڵ دکتۆرمحمودبوو وە لە کۆنگرە حەزی دەکرد دکتۆرخۆی هەڵنەبژێرێت بۆئەوەی خۆی دەربچێت ودکتۆری تیا نەبێت هەروەها خاڵەحاجی لەسەر قسەکانی رۆیشت و وتی قادرجەباری شتی تری زۆرەولای من  بۆیە تکابکەین ئەویش بروات باشترە تالامان بێت و قەناعەتی نەکردوکاك رەسولیش لەبریاردا حاسم نەبوو دەیتوانی بریار بدات بەلاّم پیاوێکی شەرمن وهەموو شتەکانی هەرلەدڵی خۆیدا دەهێشتەوەو دەری نەدەبری بەلاّم بەچاك وخراپ هەموو مەسئولیاتێك هەربۆکاك رەسول دەگەرایەوە، زۆرباسی دانیشتنی من ویەکێتی نەکرا چونکە هەردوولا نەیان دەویست من ساغ بکەنەوە لەسەرلایەك من لەگەڵ سیاسەتی حزب بوم و لەگەڵ رخنە وتەجمیدوگۆرین بوم بەلاّم لەگەڵ جیابونەوە نەبوم و زەرەر بوو کەس هیچی پێ نەدەکرا، رۆژی یەکەم هەر کردنەوەی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوو لەشوشان، شوشان جێگایەکی دوروناخۆش بوو، کاك

قادرجەباری وتی لەدرێژەکێشانی کۆبونەوەکان هەموومان بیٚ تاقەت ببوین هەروەها وتی وەلاٚ کاکە بەوخواردنە لەشوشاندا کێشە چارەسەر ناکرێت تازە لەسوریاوە گەرابووە وە وتی باکۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەئورمیە بکرێت یالەئوتێلێکی وەك شیراتۆن بکرێت هەمووکێشەیەك چارەسەر دەکرێت بەلاٚم بەو خواردنەولەشوشان خراپتر دەبێت و چارەسەرناکرێت رۆژێك مامۆستا سەعد هات ووتی رادیوکە واتا جیهازی ئیزاعەکە دەهێنمە ژورەکەی خۆم پێم وت بۆ ئەویش وتی نەوەك شەوێك برۆن وبیبەن منیش لای خۆمەوە ووتم وادیارە هەردولا دەستیان لەیەك شۆردووەو کۆتاییان بەهەموو شت هێناوە ئیتر ئەو کۆبونەوەیان بۆچیە، ئەوکادرانەی لقی سلێمانی رۆژانە هەواڵی ناولقی هەولێرودهۆك ومەکتەب سیاسی وهەرێمەکانیان دەهێنا کیٚ رەئی چیەو کیٚ رەئی چۆنەو هەموویان پرسیاردەکەن لەسەر لقی سلێمانی ومن کەمن کام لام بۆئەوەی زۆربەی ئەولا دەبێت وئەولا بگرن منیش ووتم ئێوە هەرئەوەندە بڵێن ئێمە حزبین وحزبی ئێمەش حزبی دیموکراتی شۆرشگێرە حزبی تەنها چینی کریکارنیە وهەموو چین وتوێژی جیاجیا دەتوانیٚ لەچوارچێوەی حزبدا خەبات بکات وەئێمە لەگەڵ هیچ جیابونەو پچرپچرێك نین بەلاٚم لەگەڵ گۆران وکۆنگرەوتەجمیدونەقلٚ داین زۆری رەئەکەی منیان پیٚ باش بوو، لەدوا نیوەرۆی رۆژی 1985/7/31 کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەئامادەبونی ئەم ناوانە دەستی پیٚ کرد..(رەسول مامەند، مامۆستامەلاناصیح، خاڵەحاجی، ئەحمەد فەقیٚ رەش، شیروان شیروەندی، عەدنان موفتی، سەیدکاکە، عادل مراد، عبدالخالق زەنگەنە، مامۆستائەمین، مامۆستا سەعدعبدالله، قادرجەباری، شێخ محمدشاکەلی، قادرعەزیز، محمدحاجی محمود)، (سەیداصاڵح یوسیفی وشێرکۆی شێخ عەلی وقادرشۆرش کەپێشتر شەهید ببون، عەزیزعەقراوی رۆیشتبوەلای پارتی) سەرەتای کۆبونەوەکە بەدەقیقەیەك وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان دەستی پیٚ کردوپاشان کاك رەسول قسەی کرد، سەرلەبەیانی رۆژی 1985/8/1 کۆبونەوە دەستی پیٚ کردەوەوراپۆرتی مەکتەبی سیاسی ولقەکان ودەزگاکانی حزب خوێندرایە وەلەسەرهەمووی رێك بوین وەدەربارەی ئەمریکاودنیاباس کراو هەمووولەسەری رێك بوین کاك عەدنان موفتی وتی کاکە هەموو دنیا بکوژین وبگرین لەدەرەوەی حزب لەسەری رێکین بابێینە سەرخۆمان بزانین لەسەر

ئەوەش هەروا یەك دەنگ وریێك دەبین، رۆژی 2و3و4و1985/8/5 کۆبونەوە هەربەردەوام بوو، لەرۆژی 1985/8/3 کاك سالار عەزیز ئالأی شۆرش بوو لای حزبی شیوعی بوو مەفرەزەیەکی ئەوان هێنایان بۆلای ئێمە بۆشوشان وگەرانەوە، لەرۆژی 1985/8/4 لەبن کەپریێك دانیشتبون کاك باکۆوکاك نوری حمەعەلی ودووسێ برادەری کە لای بوون لەپێش نیوەرۆ تەیارە هاتە سەرمان ئەوکاتە پێیان دەوت مێش کوژ یاهەنتەر لەسەر مەقەرەکان دەگەراو قسەیان دەکرد کاك سالار رادیویەکی (ئێف ئێم)ی پێ بووجیهازی تەیارەکەی وەردەگرت کە دەیانوت لەباخ وسەوزیەکە بدە کاك سالار وایدەزانی لەمەقەرەکان دەدات هەموو ئەوناوە خەندەق بوو بۆکاتی تەیارە کاك سالار تێ گەیشتبوو حەتمەن تەیارەکان تەقەدەکەن بەپێ ی پەتی خۆی هەڵدابووە خوارەوە بۆناوچەمەکە رای کردبوو کەس گوێ ی لەرادیوێ نەبوو هەموو سەیری کاك سالاریان دەکرد! چی روی داوە؟ کاك سالاریش وتی تەیارە هەمووومان هەڵساین وبلأوەمان لێ کردو تەیارە دای لەو بەرمان و ئاگری بەردایە دارستانەکەوتەقەی لەزۆری ناوچەکە کردو ئەوەش نوکتەیەك بو بۆکاك سالار بەتەنها لەناو ئەوهەموو خەڵکەدا رابکات دوای تەیارەکان بارانێکی باش باری و تەربوین وئاگر کوژایەوە لەدارستانەکەدا دوای من بانگی کاك نوری وکاك باکۆم کرد وتم بۆکاك سالارتان بەجێ هێشتووە وتیان ئەو ئێمەی بەجێ هێشتوە ئێمە نزیکەی (300) کەس دەبوین ئەو خۆی جیاکردەوە، لەرۆژی 985/8/6 کۆبونەوە هەربەردەوام بوو زۆرهیلاك بوین لەکاتی کۆبونەوەی مشت ومری کاك عادل مرادوکاك عبدالخالق زەنگەنە بوو زۆرتوند بون، کاك عادل بۆهاتوچۆی ریگابۆشەو گۆچانێکی بەدەستەوە بوولەکاتی قسەکانی دا هەڵساوە گوایە عاجز بووە پۆزێك لێدات وبەنیازی( W C)بوو کەبروات گۆچانەکەی بەدەستەوە بوو دەبو لەپشتی لەوجێگایەوە بروات کەکاك عبدالخالق لێ ی دانیشتبوو گەیشتە راستی وگۆچانەکەی بەرز کردەوەونای بەشانیەوە بروات بۆ( W C) کاك شیروان شیروەندی بەدالغەدا چوبوو بەهەموو هێزی قیراندی وهاواری کرد کاك عادل نەکەیت کاك عبدالخالق ریشی سپی یەولێ ی نەدەیت، کاك عادل دووهەنگاو رەدبوو کاك عبدالخالق راچڵەکی وپشتی چاڵ کردبوو بۆلێدان کاك عادل لەقسەکەی کاك شیروان و پشت چاڵ کردنەکەی کاك عبدالخالق (کوردەناموسی) هەم

گەرایەوە بۆشەربۆسەر کاک عبدالخالق وهەمووومان پەشیمانمان کردەوەو رۆیشت وبەپێکەنینەوە گەرایەوەو ئەوە وای کرد کاک عبدالخالق رەد فعلی وەرگرت و وتی من تۆپێك ئەتەقێنم وتی منیش ناچاریان کردوم تۆپێك بتەقێنم وتمان بیتەقێنە چونکە کوردیەکەی باش نەبوو وتی ئێوە ئیهانەم دەکەن لەسەر ئەوەی من پشتیوانی لەو گەنجانە دەکەم و ئەویش کردی بەمزائیدەو وتی من لەئێستاوە خۆم ساغ کردەوەوتۆپی خۆم تەقاندو لەگەڵ گەنجەکانم هەرئەوەندە و تۆپەکە ئەورۆژە تەشەنوجی کۆبونەوە زۆربوو نەتیجەی نەبوو من زۆرسەرم ئێشی دەکرد من لەهەر کۆبونەوەوئیشێك کەنەگاتە نەتیجەو قسەی زۆروکرداری کەم سەرم ئیشی دەکردوبیٚ تاقەت دەبووم لەوهەموو قسەیە کە(7)رۆژ بەردەوام بوین قسەکەی کاك قادرو ئەو هەموو قسەو قسەلۆکە بەسیتە لەوشاخە هەروای لیٚ دیٚت من مێشکم هیلاك بوو ئەوەندە قسەمان کردبیٚ نەتیجە وتم ئەوە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی (صین)یش ئەوەندەی پیٚ ناچێت ئەگەر وابێت من دەگەرێمەوە ئێوە هەربەردەوام بن (شابەتاقەتتان) بەراستی ئەوە بەمن ناکرێت هەرچی هەیە زوو بریاری لیٚ بدەین وکیٚ پێکەوە ناسازیٚ بائێستا خواحافیزی لەیەك دەکەین و بابروات، لەرۆژی 1985/8/7 کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی باش دەرۆیشت بەرواڵەت بەلاٚم لەدەرونەوە هەریەك دژی ئەوی کەبوو کارەکان بەرواڵەت باش بون ومنیش هەندێك مورتاح بوم، لەرۆژی 1985/8/8 رۆژی دامەزراندنی حزب بوو (9) ساڵ بەسەر شۆرشی چەکداری و(6) ساڵ بەسەر دامەزراندنی حزبدا تێدەپەری ورۆژێکی مێژویی حزبی سۆسیالیستە، وتیان بائاهەنگێك ساز بکەین وتم لەجیاتی ئاهەنگ بلێن بالەویادەدا کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی سەرکەوتو بێت و هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن ئەوە باشترە تا ئاهەنگ کەلەم شاخ وداخە چۆڵەدا، لەرۆژی 1985/8/9 کۆبونەوە هەربەردەوام بوو.

یەکەم کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی حزب لەگەڵ ئالاٚی شۆرش دا...

کاك سالار عەزیز داوای کۆبونەوەیەکی کردبوو لەمەکتەبی سیاسی ئەورۆژە کەمێك زوو کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی تەواوبوو، کاك رەسول وکاك قادرجەباری وخاڵەحاجی وکاك ئەحمەدفەقیٚ رەش چون لەبن کەپرێکدا کۆبونەوە لەگەڵ کاك سالار عەزیز بکەن

قسەیان دەکردمنیش لەویَ بوم لەکاتی قسە کردندا کاک رەسول وکاک سالار پشتیان لەکەنەکە دەبێت واتا ژێری دارەکە دابرابوو بەپاچ بەحەبل دایان بریبوو بۆسەکویەك وخۆڵەکەیان دابووە لای خوارەوە ژێری دارەکەیان پیَ تەخت کردبوو ریشەی دارەکەلەسەر کەنەکەوە شۆرببوەوە بۆسەر فەرشەکە کاک قادرو خاڵەحاجی و کاک ئەحمەد فەقیَ رەش رویان لەکەنەکە ودابراوە خۆڵە دەبێت سوتفە تولەمارێك لەژێر داروگەڵاکەوە دێت بۆپشتی کاک رەسول وکاک سالار مارەکەبەرو پشتی کاک سالار دەچێت وکاک قادرجەباریش قسەدەکات و لەکاتی قسەکان رودەکاتە مارەکەو تەرکیزی خۆی لەسەرمارەکە بزانیَ بۆکویَ دەچێت پێڵاوی کاک سالار زۆرگەورە دەبێت لای خوارەوەولە نزیك کاک قادردەبێت کاک قادر سەیری مار بەچاوێك ودەستی بۆلای پێڵاوەکە رادەکێشیَ و لەسەرخۆی کاک سالاریش تیلەی چاودەداتە دەستی کاک قادر بۆئەم تاکە پێڵاوەی بۆچیە و وردە وردە رای دەکێشیَ و دەم وچاوی کاک قادر لەوکاتە سوردەبێتەوەو سەیری تاکە پێڵاوماریش پێکەوە دەکات دەیەوێت کارێکی وابکات قسەکانی کاک سالاروو کاک رەسول وبرادەران نەبرێت ومارەکەش بکوژێت یابگەرێتەوە دواوە مار نزیك دەبێتەوە کاک قادر بیَ ئەوەی بڵێت مار هات هەڵدەسێتەوەودەستی خۆی بەسەرکاك سالاردا درێژ بکات بۆلێدانی مارەکە تاکە پێڵاو بەرزدەکاتەو کاک سالار سەر هەڵدەبرێت کاک قادریش خواروخێچ وەستاوە وپێڵاوی بردۆتە ئاسمان لەراستی کاک سالار وادەزانیَ لەودەدات لەناوەراستی برادەران داو قسە دەبرێت وخۆی هەڵدەدات بۆدەرەوەی سەکۆکە کاک قادرلەماردەدات ودەڵێت ئەوەمار بوو بۆیە قسەم نەکرد قسەکەتان نەبرێت وکاک رەسول سەیری کاک قادری کردووتی کارێکی خراپت کرد خۆمارەکە نەیدەخواردین کاک سالار گەرایەوەو وتی وەڵا وام زانی لەم کۆبونەوەیەدا موئامەرەتان لیَ کردوم ولێم دەدەن خۆ شتێکی خراپم نەوتووە مەگەر لەسەر شتی کۆن بێت واتا کاک سالار ئەودووسیَ رۆژە توشی ئەودوو موقەدەرە بوو لەشوشان، لەرۆژی 1985/8/10 کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هەربەردەوام بووهەندێك بریار درابۆئەوەی مەکتەبی سیاسی بگوازنەوە ئالوتان وگوندی کاولان مەکتەبی سیاسی وەکوخۆی هەڵبژێرایەوە بەم شێوەیە.. کاک رەسول سکرتێرو کاک قادر جەباری وکاک سەیدکاکەو کاک قادرعەزیزو کاک عبدالخالق زەنگەنە

بوون بەئەندامی مەکتەبی سیاسی وکاك عادل وکاك عەدنان لەبەرئەوەی خۆیان نەمێننەوە لەکوردستان یەکسەر وتیان باهەروەکو خۆی بمێنێتەوە مەکتەبی سیاسی چونکە هەرکاتێك کەئیش دابەش دەکرا لەمەکتەبی سیاسی کاك عەدنان وکاك عادل یەکسەر خاڵەسەید کاکەیان تەرشیح دەکرد بۆمەکتەبی سیاسی لەبەرئەوەی خۆیان دەچونە دەرەوەوسەید کاکە قسەیان لەسەر نەکات، لەسەر بەلاغی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی واتا بەلاغی کۆتایی کۆبونەوە قسە بکەین وچی بنوسین لەوێدا هەمو تیایان نوسین کەحزبی سۆسیالیست پشتیوانی لە ولاّتانی سۆسیالستی بەقیادەی یەکێتی سۆفیەت دەکات (لەشوشانەوە) لێرە من هاتمە قسە نەك لەبەرئەوەی دژیان بم بەڵکو واقیعەکەم دەزانی بۆکویٚ دەروات وچی دەبێت ئێمە مەکتەبی سیاسی دەبەینەوە سنوری ئێران وتائەو کۆبونەوەیەش ئێران ئاردوئازوقەوشتی پیٚ داوین لەسوریا بوین ولەلیبیا بوین و لەهیچ ولاّتێك جگە لە(30)هەزاردۆلاری حسن نقیب ئەویش بەشی مصارف نەدەکرد کەس یارمەتی نەداین بۆحزب نەبوو هەرئێران هاوکاری کردبوین منیش دەموت با باسی ئەوەش بکەین کەشەرێکی ناحەق بەسەر ئێراندا سەپێنراوە یاکۆماری ئیسلامی کەسەرکەوت کوردیش توانی پشویەك بدات بەپشتیوانی شۆرشی ئێران کورد ، بەلاّم ئەوان رازی نەبون هەرناوی ئێران لەبەیانەکەدا بێت باشە ئێمە حزبین ئێستا ئێران واقعێکەو ئەوە هاتوەتە لولان وناوچەکەی گرتوەو شێخ محمدخالید شیوعی ئێزن داوە کەئێران رەئی وایەو ئێمە بۆئێران دەرۆینەوە ماڵەکانتان لەئێرانەو لەشاری ئورمیەعێراق زۆری سورێنی گرتووە تەواوی شلێروبەشێکی شارباژێری گرتووە من نازانم بەسەر ئەم واقعەدا بازدەدەین وئێرانمان نەدیووە شەری (5)ساڵەمان نەدیووە من وکاك قادر لەسەر ئەوەرێکەوتین نەناوی سۆڤیەت ونەناوی ئێران نەبەین کەمن دەمویست لەسەرئەوەبوو دووڕۆژ بوو بەیانەکە راگیرابوو تا ناوی سۆڤیەت و ئێرانی تێدا بێت یانە، بەلاغ دەرچوو لەرۆژی 1985/8/11 هەرلەویٚ بەلاغەکە تەبع کراو بلاّوکرایەوە وادیاربوو کاك قادرو وکاك عبدالخالق وایان دەیویست کۆبونەوە تەواو ببێت هەڵبژێرنەوە بۆشەرعیەتی مەکتەبی سیاسی وئێمەش بگەرینەوە ئەوکات ئەوان بەئارەزوی خۆیان بیٚ کێشە برۆن یابریاری خۆیان بدەن، خاڵەحاجی بەمنی دەوت بابەپەلە برۆین ئێستاپارتی چاوەرێیە

ئینشقاقمان کردبێت بازوو ئەوبەیانانەیان بدەینێ بۆئەوەی نائومێدبن لەو وەعدانەی داویانە کەکاک قادر داوێتی بەپارتی هەرچەندە من رام وابووکاک قادر نامێنێتەوە لەگەڵ حزبدا بەلاّم تائەوکاتە باش بوو، هەر لەرۆژی 1985/8/11 خواحافیزمان کردو لەرۆژی 1985/8/12 لەدوای کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە(11) رۆژی بردبوو ئەوەش کەم حزب هەبوو کۆنگرەی (11) رۆژبێت مەگەر حزبی شیوعی سوڤیەتی ئەوکاتەو حزبی شیوعی صینی ئەوەش دەگەرایەوە بۆئەو هەموو کێشەیە کە کەڵەکە ببوو وەچارەسەرنەکرابوو وەیەك بیروباوەری یەکگرتوو لەحزبدا نەبووپرۆگرام وپەیرەو هەر مەتاتی بوو هەرکەس دەیتوانی بۆمەبەستی خۆی بەکاری بهێنێ و دژی حزب بەکاربێتەوە تەقریری سیاسی حزب وەکو تەقریری حزبی شیوعی وابوو نوسرابوو هەریەکە لەشتێك نارازی بوین یەکگرتوو نەبوین لەروی فکریەوە ئامێری پەیوەندی نەبوو ساڵی جارێك کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەکرا، لەمانگی 9ی 1984 کرابوو تا مانگی 8ی 1985 جارێکی کە کرایەوە کەدەبوو (3) مانگ جارێك کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بکرێت لەبرادەران کەمیان نەبێت پەیوەندی شەخسیش نەیبەستبون بەیەکەوە من لەبیروبۆچون دا لەهەمویان جیاوازبووم ولەگەڵ کاك شێخ محمد شاکەلی دا کەمێك لەیەك نزیك بوین لەبیروبۆچوندا بەلاّم کاك شێخ محمد لەبریارداندا هەندێك گیربوو یادوای دەخست من دەمویست لەپێش روداوەکان بین ودوانەکەوین و چاوەرێ ی کەس نەبین چونکە سەرکردایەتی سۆسیالیست چاوەرێ ی ئەحداس بوو لەدواوە دەستی پێ دەکردیا بزانێ شیوعی وپارتی ویەکێتی چی دەکات بەتایبەتی لەژێر تەئسیری حزبی شیوعی بوو من پێم باش بوو ئاڵوگۆری بیرورا لەگەڵ هەموو لایەنەکان و خەڵکی بێ لایەنیش بکرێت بەلاّم بریاری چارەنوسی حزب لای خۆمان بێت لەسەرئەوە کێشەهەبوو لەنێوانماندا بەلاّم من نەم دەگەیاندە ئەوەی زەرەر لەیەکێتی حزب ویەکێتی بیروباوەربدات، لەرۆژی 1985/8/12 لەشوشانەوە دەرچوین بۆدەراو بۆماڵی مەلاو دۆڵی خرێنەو سالاریەو لەدۆڵی خرێنە سەردەکەوین بۆکێلەشین مەقەری پارتی لەوێ بون سەرمان لێدان و بەیانی کۆمیتەی ناوەندی خاڵەحاجی پێ ی دان و لەوێ کەوتنە تەقە کردن وزەمی یەکێتی وباسی دانیشتنی من ولقی سلێمانی یەکێتیان کردو ئەوە کاری

خراپەو کاك فرانسۆ ووتی ئەوانە جاشن و هەرجاش بون من ووتم پێویستە بەئاشتی هەموو شت چارەسەربکرێت وکۆتایی پیێ بهێنرێت، کاك فرانسۆ وتی چاك خەڵکی سلێمانیمان لیێ هاندان بەرادیۆ قوتابیان خۆپیشاندانیان کردومن ئەوەم بۆرادیۆ نوسی کەبکەوێتە سەردەمی منالاّن کە دەڵێت هە رماشە ماشە یەکێتی هەم دیسان جاشە هەروەها کاك فرانسۆ ووتی ئەوە چاك نیە ئێستا منالێ دەیلێتەوە، منیش ووتم پێویستە شتی سیاسیانە لەرادیۆ بلاّو بکرێتەوەو جەماوەر بۆلای خۆی رابکێشیێ، ووتم خاڵەحاجی ئەم برادەرانە لەژورێکی دوو مەتریدا جێگایان نەبوو دانیشتبوون لێرە هەموودنیابە موڵکی خۆیان دەزانن خاڵەحاجی ووتی جا باخەڵکی ئاوایی رازی نەبێت من هەرخۆم بەئاغاتان دەزانم وتی ئەمانیش رەئیان وایە، ئەوناچانە ناوچەی شەرن سەیارەیەکی عەسکەری ئێران هات و سەرکەوتین بۆسەر کێلەشین وبەچەمی گادەرداو بۆشنۆ ئێوارە زۆربە هیلاکی گەیشتینەوە رەزائیە، لەرۆژی 1985/8/13 خاڵەحاجی وتی بابرۆین بۆراژان بۆلای کاك ادریس بارزانی وبەیانەکەی بۆبەرین ودەربارەی کۆبونەوەش قسە بکەین  ئێستا چاوەریێ ی ئینشقاقە، هەرئەو رۆژە چوینە راژان و سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی وکاك ادریس ودکتۆر رۆژمان بینی من بۆیەکەم جار بوو برۆمە مەکتەبی سیاسی پارتی تائەوکاتە نەرۆیشتبوم لەسەرکۆبونەوەکە قسەکراو دیاربوو خاڵەحاجی دوو مەبەستی هەبوو یەکەم کاك ادریس ئەوە بزانیێ ئەوەی چاوەریێ ی دەکرد ئینشقاق بکرێت لەحزب ئەوەنەبوو وەهەموو یەکی گرتەوەو رزگارمان بوو وەدوومیان ئەوەبوو کەمن کۆبونەوەم لەگەڵێ یەکێتی کردبوو پارتی گلەیی لەسۆسیالیست کردبوو وائێستا ئەویش لەکۆبونەوە بەشداربووە واتا من لەگەڵێ حزبم و وانیە کەتەقریر بۆئێوە هاتوە کەگوایە لقی سلێمانی جیابونەتەوەو لەگەڵێ جەلالی رۆیشتون و بۆئەوەش خۆی هەر لەعلاقات ماوەتەوەو کەس نەیتوانیووە لای بەرێت وەبەمنی وت بینینی مەکتەب سیاسی پارتی هەرباشە شتێکی لێوەردەگریت لەئوسلوب و قسەی پارتی وئەقڵت دەبریێ وەکو پارتی و وەکو شەخسی کەدەیان بینی و ئەوە بوومنیش هەندێك لەبۆچونەکانیم پیێ باش بوو کاك ادریس سەیری بەیانەکەی کردولەدەم وچاوی دەرکەوت پیێ ی خۆش نەبوو وتی کاك قادرعەزیزو ئەوانیش هەرلەوێن، کاك قادرعەزیز چەند رۆژیێ دوای ئەوە چووە راژان

بۆلای کاك ادریس بارزانی ، لەوێوە کاك ادریس بارزانی بردیە لای ئیتلاعاتی ئورمیە بۆدروست کردنی پەیوەندیان سەیربوو ئەو هەموو قسەیە کراوەوکاك قادر وەعدی داوەو ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوەو پیٚ ی خۆش نەبوو چونکە لاواز بونی سۆسیالست وەختی هاتبوو چونکە پارتی کۆنگرەیان گرتبوو خۆیان هاتبوەنەوە سەرکردایەتی لەراژان مەکتەبی سیاسیان موعارەزەکانیان هەموو دەرکردبوو بەکاك سامی عبدالرحمانیشەوە بەهێزی سۆسیالیست وبیٚ پرسی ئەوان لقی سلێمانی لەپشتی جود هەولی ڕێکەوتنی لەگەڵ یەکێتی دا ئەمانە هەموی هەبون و پیٚ ی خۆش نەبوو وتی زۆرباشەو باسی کردو وتی وەزعی جەلالی چۆنە وتم کاك ادریس وەزعیان باشەو راستە حەساریان لەسەرە بەلاٚم لەخۆمان باشترن لەسەرخاکی کوردستانن وتی تۆئاگات لەخۆت بێت ئەوان شتیان لەبیرناچێت لە کۆبونەوە دەتکوژن تۆ لەدوای جیابونەوە زەربەت لیٚ داون لەبیریان ناچێت حەق نەبوو لەپشتی جودەوە کاری وا بکەیت منیش وتم کاك ادریس من سەیری واقیعەکە دەکەم هیچ بەشەر چارەسەر ناکرێت وهەر دەبێت بەئاشتی چارەسەری کێشەکان بکەین لەولاوە دکتۆر رۆژیش وتی جەلالی ئەگەر لاواز نەبن ئاشتی ناکەن وئێستا بەئاشکرا لەگەڵ عێراق تێك چون بەلاٚم هەر لەگەڵ عێراق دان جود خۆی ڕێك بخات ئەوان نامێنن دوای قسە گەراینەوە بۆ رەزائیە بۆماڵی خاڵەحاجی، لە1985/8/14 هەمومان ماڵەوەشمان لەگەڵ بوو لەماڵی خاڵەحاجی لەرەزائیەوە لەگەڵ ماڵی کاك شێخ محمد دا گەراینەوە بۆمهابادوبۆکان وسەقزوئێوارە گەیشتینەوە شاری سنە کە(17) کەس بوین پێکەوە تارۆژی 1985/8/18 هەرلەسنە ماینەوە، رۆژی 1985/8/19 لەسنەوە چوبنە دزلی لەعلاقات ماینەوە تارۆژی 1985/8/23 هەرلەدزلی بوین، لەرۆژی 1985/8/19 مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەرێمی (5) وقوەی هەورامان لەنێوان گێڵەك وگردی قازی کەمینێکیان دانابوو بۆجاشەکان (3) جاش کوژراو چەکەکانیان هێنابوو عەلی وعەزیزقادرئەمین نەورۆلی و شێخ توفیق شێخ حامید لەوکەمینەدابون جاشەکانی هەڵەبجە هاتبونە تەپەرێزینە وچوبونە سەر ماڵی حاجی عبدالکریم سەلیم مامی عەلی بچکۆل کەتەمەنی(55) ساڵ دەبوو (4)ماڵی برازای حاجی عبدالکریمیان سوتاندبوو نەیان هێشت هیچیان بۆدەربچێت و هەرلەوێش حاجی عبدالکریم یان لەناو ماڵ ومناڵ

وکەسوکاریدا درندانە گولەبارانیان کردبوو ناوی مەسئولی جاشەکان تاهیر امامی و حمەلاو بوو ئەو ناحەقیە بەرامبەر بەحاجی عبدالکریم کرا بەلاّم بەدەستی رۆلەکانی گەلی کوردوقوتابیانی شەهید رەوف خەلیفە سەعید جاشەکان بێ تۆڵەی کاریگەر دەرباز نەبون وزۆری پێ نەچوو بەرگورزی پێشمەرگەی حسك لەسەرجادەی گردەنازێ سەیدصادق هەڵەبجە کەوتن، رۆژی 1984/1/2 مەفرەزەیەکی ئیستخباراتی رژێم بەچاوساغی رەفیق محمودعەلی هەیاس، ئەبوبەکر محمود سەلیم و والی ئەحمەدی گرت لەسەر گرتنی رەبایەی کێلەکەوە کەلە 1984/1/1 دا رەبایەکە گیرابوو لەلایەن پێشمەرگەی سۆسیالیستەوە دوای گرتنیان رەوانە کران بۆهەئیەی کەرکوك وەلەرۆژی 1984/9/10 لەگەرماو لێدانداا لەسجن پروکاوشەهیدبوو، لە1985/9/10 جەنازەکەیان هێنایەوە بۆتەپەرێزینەو لەگەڵ جەنازەکەی مامی بەیەك رۆژنێژران ئەوەش تاوانی جاشەکانی رژێم بوو لەوکاتە یەکێتی لەگەڵ رژێم لەگفتوگۆدابون ورژێم بەوشێوەیە بوودژی سۆسیالیست، لە 1985/8/26 رۆژی جەژنی قوربان بوو لەدزلی بوین هەرئاگامان لەجەژن نەبوو لەوێ ماینەوە تارۆژی 1985/8/28، لەرۆژی 1985/8/29 لەدزلیەوە گەراینەوە کەرەجاڵ، لە1985/8/30 لەسەرچاوەی زەڵم بوین، لە 1985/8/25 حاجی عبداللە خانی محمودخانی دزلی لەدزلی کۆچی دوایی کرد لەتەمەنی (104) ساڵیدا ئێمەش لەتەعزیەکەی بەشداربوین، لە1985/8/31 لەسەرچاوگەی زەڵم بوین لەوێ وە چوینە خوارەوە بۆئەحمەد ئاوا، لەشەوی 31-1985/9/1 لەئەحمەدئاواوە بۆئۆردوگای خورماڵ وتەپی سەفاوتەپەتۆڵەکەو کشیەری ودوای چوینە چەمی زەڵم لەولاشەوە کاك شێخ محمدو برادەرانی پاسۆك چونە گوندی قوسامەینای لای سیاگوێز بۆدروست کردنی مەقەرات بۆزستان وئێمەش ناردمان بۆجێگای مەقەرو مەقەری هەرێمی (3و4) یش لەچنارەی شەخەڵ مارین و ناوچەی دوکان لەگوندی شەخەڵ مارین ومەقەری لق لەمەیدان لای دزلی دەستیان کرد بەدروست کردنی خانو لەوێ وەمەقەری هەرێمی (5و2) و ناوچەی هەڵەبجەش لەپلەی مەلامستەفا زەڵمی لای مڵەخورد دەستیان کرد بەدروست کردنی مەقەر بۆزستان هەروەها ناردمان لای چەمەك وسپیار لەوێ جێگای خانوو دیاری بکەن بۆمەقەرات لەوسنوورە، لەنیوەرۆی 1985/9/1 چوینە کانی سەید لەسەروی

قاجرەوە  ئەوكاتە عەتیەوکوێستان وعەتاوپشتیوان وشرام مان هەبوو لەگەڵ دایکیاندا (3) جار سجن کرابون ساڵی 1976 (15)مانگ سجن بون لەناسریەو ساڵی 1979 (6)مانگ سجن بون  لەسلێمانی وجارێکی کەش لەئاخری ساڵی 1979دا،منداڵەکانمان لەهەڵەبجەوخورماڵ وهەر رۆژەی لەجێگایەك

خۆیان دەشاردەوە لەوماوەیەشدا عەلی برام موالیدی گیرابوو ئەویش گرتبویان بۆ سەربازی وفیراربوو نەیدەتوانی لەماڵەوە بێت ماوەیەك گیران وماوەیەك لەقەدەفەری و ماوەیەك لەسەیدصادق و هەر رۆژەی لەجێگایەك وزۆرکەس نەیدەوێرا بیان گرێتە خۆی وەزعیان خراپ بوو لەوماوەیەدا لەقاجر کاك حاجی سەعید صالح خانویەکی دابونێ گەوری مەرو ولاغ بوو پاکیان کردبووەو چاکیان کردبوو حاجی سەعید تەنها کەسێك بوو لەوکاتەدا بیان گرێتە خۆی وپەنایان بدات، قاجر گوندێك بوو دەشت وچەمی هەبوو هەرکاتێ رژێم بهاتایە دەیانتوانی خۆیان بشارنەوە پێویستی ماڵ هیچ شتێکیان نەبوو ئێوارە من چوم سەرم لێدان، شەوی 1-985/9/2 وەزعیان زۆرخراپ بوو هەرشەو دەرچوین بۆگردی شەریف، لە985/9/2 چوینە دۆلاش وشەوچوینە قاجروکشیەری بۆرۆژی دوای چوینە دۆلاش وناوگردان وشەوگەراینەوە بۆنزیك بەحەرەکەی دەربەندیخان لای گردی صادقی کۆن، رۆژی 985/9/4 ئامین خانی خێزانی کاك محمد دۆلاشی بەکۆڵ نان ومریشك وبرنج ومیوەی بۆهێنابوین بۆناو گوڵە بەرۆژەکان، وەهەرئەورۆژەلەسەر بەحرەکە بوین وئێوارە چوینەوە قاجر ئەوماوەیە هەر لەشارەزوور بوین وجەولەمان دەکردو خەڵکمان دەبینی و دەگەراین، لەرۆژی 985/9/9 رژێم ئەحمەدئاوای گرت ورێگای هاتوچۆ تەنها ئەحمەدئاوابوو گیراو رژێمی تێ چوو، لە985/9/14 چوینە سۆیلەمیش وسواری بۆئێوارەکەی چوینە موانی میرزاو نانی ئێوارەمان لەوێ خواردوشەو پەرینەوە لەپەنای مەعەسکەرەکەی بەرامبەری گرێزەوە لەرێگای شیرەبەرەوە سەرکەوتین بۆقەویلە مەلائەحمەدی موان وکاك عەلی حمەی مەلاوەیس باشکی شارەزاییان کردین تالای مەعەسکەرەکەوە پەرینەوە، لەشەوی 14-985/9/15 بەدوو مەبەست یەکیەمیان برادەرێکمان سەرباز بوو لەگەلی لای هەولۆزەلان بریاربوو رەبایەکەمان تەسلیم بکات، دوو... ئەگەر رێگا هەبوو لەراستی گوێزەرەش بپەرینەوە

بۆمەقـەرەکانی شاربازێڕوچـناره، لـەڕۆژی 985/9/15 لەقەویلـە بـوین ومالّەوەشـم (کـاك تامین) لەگەڵمان بوو چەکی پێبوو واتا هەر لەساڵی 1979وە پێشمەرگە بوو لەجەولەشدا هەرلەگـەڵ پێـشمەرگە بووەولەشەریـشدا بەشـداربووە، زۆربەزەحمـەت گەیـشتینە قەویلـە لەترسـی کـەمین ورێگـا زۆرنـاخۆش بـوو بۆئێوارەکـەی چوینە میرمام بـەڵام پێشمەرگەمان زۆربـەی نـاردبووە لای سـنوری خـۆی و مـن (70) پێـشمەرگەم لەگـەڵ بووکـەهیچ هێزێـك لەشارەزوور نـەبووکاك عـەلی بچکۆل مەسئولی هێزەکـە بـوو خـەڵکی زۆر دەترسا لـەرژێم زۆربـەی رێگـای سـورێن گیرابـوو، لەشـەوی 15-985/9/16 لـەمیرمام سلێمانە بـوین دوو گونـدی بـچکۆلەو کـەم بـون لەعەشیرەتی بـێ سـەری بـون زۆربـەیان باریـان کردبووبۆسـەر هـەوارەکانی کوێـستان، لـە985/9/16 لـەبیوەك بـوین خەڵکەکـەی چوچـانێن ولـەوێوەوە چوین بۆزلّ زلّەو بۆچنارەی باساك وبۆباساك ولـەوێ ئیسراحەتمان کردونانمان خـوارد بانگی کاك شێخ عارفمان کرد کەرێگەمان پیشان بدات بـەڵام کۆمـەڵێك لەخـەڵکی گوندەکە هاتن وایان زانی گرتومانە چونکە شێخ عارف سـەربەیەکێتی بـوو وەئێمـە تێمـان گەیانـدن کەتەنهابۆئەوەیـە رێگـەمان پیـشان بـدات، بۆشـەوەکەی لەسـەر شـاخی کورەکـاژاو بـوین زۆرهـیلاك بوین ودنیاساردبوو چونکە ئەوناوە کوێستان بـوو لەسـەرماوهەورازی بـەرزی کورەکاژاوشـاربازێرمان بـری و عارەقمـان کردبـوو وشـك بوینـەوە سـەرمایەکی زۆربـوو وە دڵنیـاش نـەبوین لەیـەکێتی دوای ئـەوەی مەفرەزەیـەکی ئێمـەیان لەشـاربازێرلەنێوان ودۆڵەتوو چنگیان چەکیان کردبون، لەرۆژی 985/9/17 تینومان بو ئاونەبوو نانمان کـەم پێبـوو لـەکورەکاژاوەوە چـوینە باخـەکانی نێـوان هۆنگەرێنـەو باراولەچـیای لای گـەڵی لەدورەوە چلێ داری چنارمان بینی چناریش لەشوێنێك دەبێت ئاوداربێت عـەلی بچکۆل ویەك دوو پێشمەرگە چون بۆلای چنارەکە بۆئاو ئەوانیش نائومێدبون چنارەکە بەدێم بوو واتـا بـێ ئـاو کـەجارێکی تـریش لەچیای شـەرامی لای هـەورامان ئـەوکارەم بەسـەرهاتبوو دوای تەماشـامان کردهـەڵوژەی مترۆبـەی دەیـم هـەڵوژە رەشـەو تـرێ و شـتی باشـی لێبـوو چاوەرێ ی ئەو کەسەمان ئەکرد وادیاربو ئیجازە ببوو لەوێ نەبوو لەوناوە یـەکێتی لێبـوو هەرچـەندە شـەرمان نـەبوو بـەڵام سـیقەمان نـەبوو حـەزمان نـەدەکرد تووشـی شـەر بـبین هەرچەندە ئێمە ئەوانمان ناسی لەگوندی هۆنگەرێنە ئێوارە بێ ئومێدی ئـەولا بـوین ولای

رەبایــەكان بــەلای حــاجی مامەنــدە گەراینــەوە بۆگونــدی باســاك وبۆچــنارەو بــۆزڵ زڵــە، لــە985/9/18 لــەزڵ زڵــە بــوین تاعەســر ودوای چــوینە بیــوەك گوندەكــە چــۆڵ بــوو لەهەوارەكانی سەر تاتۆك بون لەخواروی پەرخەوە شەوچوینە هەوارەكان، لە985/9/19 چـوینە پـەرخ وچـوینە تـاتوك بۆهـەوارەكانی بیـوەك، لـە985/9/20 لـەتاتوك بۆبیـوەك وبۆكۆترمەر ونیوەرۆ لەویٚ بوین وچوینە سلێمانەو میرمام و بۆهەوارەكانی ئەشكەوتان، شەوی 20-985/9/21 چوینە قەویلەورۆژەكەی سەركەوتینەوە بۆلای قەلاٚكەی پشتی بـەردە رەشـە یەكـەم رۆژی پـایزبوو قـەلاٚی سـوجادی پـیٚ دەڵـێن ولـەجادەی بەردەرەشـە پەرینەوە بۆكێلەكەوە پشویەكمان داو دوایی چوینە لای ئوردوگای شانەدەری و لەچەمی چەقان لای باوەكوژیاوی سەیدصادق پەرینەوە لەدێی حاجی نامیق لەجادەی پێنجوێن وسەیدصادق مان داو چوینە گامێش تەپە دوای ئیسراحەت چوینە ناوگردان و بۆلای دۆلاٚش ولــەویٚ لــەخواروی دۆلاٚش ئیــسراحەتمان كــردو لەودەشــتە خــەوتین تابــەیانی، لە985/9/22 (5)ساڵ تێدەپەری بەسەر شەری عێراق ئێراندا تائێستا هیچ ئومێدێك بۆ وەستانی ئەوشەرە نەبووئەو شەرەش زەرەرێكی زۆری داو كوردیش سودی لێوەرنـەگرت، دوای گەراینەوە دۆلاٚش وقاجر، لەرۆژی 985/9/23 لەخواروی كشیەری بوین لای قاجر عەلی بچكۆل داوای گەلاوێژی(خوشكمی) كردبووئێمەش وتمان هەندێك ئاومان بۆبهێنن تینومان بوو كاك عەلی بچكۆل چوو لەقاجر یەك جام ماستاوی هێنا لەگەڵ سینی یەك خەیار.. وتی فەرموو ماستاویشە وتم مەجبوریت خەیاریش پاك بكەیت هەرئەو شەوە گەلاوێژمان لەگەڵ هات، ئێوارەكەی چوینەكەپرەكانی سەید لای ماڵی كاك عەلی برام وماڵـەكانی كەلـەویٚ بون ودوای نـانی ئێـوارە لەتەپەرێزینـەوە بۆگێڵـەك وبۆئـاوایی حـاجی حمەئەمین وبۆئێلاٚن پیٚ كەهەمووی عەسكەری ورەبایە گرتبووی وتـەل بـەن بـوو دووسـیٚ چـین لـوغم رێژوشـەبەكەی الغـام دانرابـوو، لەشـەوی 23-985/9/24 چـوینە وشـكەناو ولەمەقـەری كـاك مـەلا عـارف ئیـسراحەتمان كـردو زۆریـان لاسـەیربوو ئێمـە توانیومانـە سەربكەوینەوە چونكە هەموو رێگا گیراوە دووسیٚ جار ئێرانیەكان جیهازیـان كرد كەبێت بەدوامانـداو دوربـینی شـەو شـەبەكەی لـوغم بـبرین بـەلاٚم پێویـستمان نـەبوو خۆمـان سەركەوتینەوە وەمەفرزەیەكی حزب لەسەرەوە هاتبوو بەدەمانەوە، لەدوای نیوەرۆ چوینە

مەقەری کاك مەسعود کەمەسئولێکی سوپای پاسداران بوو زۆر رێزی لیٚ گرتین وئێوارە چوینە مەقەری میدان و لەویٚ بوین، شەوی 24-985/9/25 هەرلەمیدان بوین، لە985/9/26 لەمیدانەوە گەراینەوە بۆدزلی مالەوەشمان لەوجەولەیە لەگەلمان بوو تا985/10/2 هەرلەدزلی بوین، لەشەوی 23-985/9/24 عەلی بچکۆلیش هەروەکو ئەحمەد وئەوان ژنی گواستەوە لەناو رەبایەوکەمین وئەلغامەوە هێنابوی بۆدزلی، لەرۆژی 985/10/3 لەدزلیەوە چوینە مەریوان وبۆپێنجوێن وگۆلیٚ ولەمیراواوە چوین ولەپردی گۆلیٚ وە لای پێنجوێن وعیزت ئاواو پاشان بۆشاولی وبۆقوسامینە ومەقەری لقی کەرکوك وکاك شێخ محمد شاکەلی لەقوسامینە لەگەلٚ کاك ئازادوملازم کەریم وئەوان لەویٚ بون ومەقەرمان لەشاولی بو شەولای کاك شێخ محمد ماینەوە لەقوسامینەو مەقەری اعلام لەویٚ بوو بەلام لەمانگی (8) بەسەرەوە گەراینەوە ئەوچوارپێنج رۆژە گۆڤاری سورێن مان چاپ کردو دەرچوو لەقوسامینە دوای لەبەری سورکێوەوە چوینە کۆخی مام نزیك چەمەکەو لەسالی 1976 چوارپێنج جار لەویٚ و لەسەر چەمەکەوەو بەسورکێوداو لەپردە دارەکەوە چوینە سپیاروچەمەك لەمەقەری لقی (4) ی پارتی لەسەر رێگا بوو لامان داو چوینە مەقەری حزبی شیوعی عێراقی هەر لەسەر رێگا بوون لەسپیار نێوان سپیاروچەمەك لەسەرئاوەکە دوای نیوەرۆچوینە چەمەك وبۆجێگای مەقەر بۆلقی سلێمانی لەچەمەك پێشمەرگەو کرێکار دەستیان بەخانوو کردن کرد (8) خانووی گەورەی باش کراو گەچ ودارو‌پێویستی بۆئامادە کراو نانەواخانە دروست کرابوو لەوێوە چوینە شێخەلٚ مارین بۆلای کاك عبداللە هەمزە مەسئولی ناوچەی دوکان بوو، لەرۆژی 985/10/5 چوینە مەقەری کاك عبداللە هەمزە وبرادەرانی پاسۆك ملازم کەریم لەویٚ بوو، شەوی 5-985/10/6 لای برادەرانی پاسۆك بوین وپەیوەندیان لەگەلٚ ئێران چاك کردبوو ئازوقەوقەمسەلەو جل وفیشەك وشتیان لەئێران وەرگرتبوو لەویٚ هەندێك گالتەمان کردو ووتمان جاریٚ ئەم پارچەیەی کوردستانی ئێران وازلیٚ بهێنن لەجیاتی ئازوقەو قەمسەلەو فیشەك، لەرۆژی 985/10/6 سەردانی مەقەری لقی (3)ی پارتی مان کردو لەگەلٚ کاك کەریم وکاك عبداللە هەمزە دا کاك ئازاد قەرەداغی لەویٚ بوو دوای گەراینەوە بۆمەقەری شەخەلٚ مارین، لە985/10/7 چوینەوە چەمەك ودەستمان کرد بەئیشی خانوو، لەرۆژی

8و1985/10/9 هەر لەچەمەك بوین دەستم کەوتە نێوان سەیارەکەو بەردێکی گەورە لەسەر ڕێگاکە بوو ئەگەرهەستم پێ نەکردایە دەستی دەپەڕاندم وسوك گەرامەوە دەسم رزگاری بوو لەنێوان بەردەکەو سەیارەکە جلەکەمی دراندبووهەندێ بالم بریندارببوو لەسەر دەستمەوە، شەوی 10-985/10/11 گەراینەوە شەخەڵ مارین لای مەقەری ناوچەی دوکان بوین، لە 985/10/11 چوینە توانەو چاڵە خەزێنەو هەسەنە گورگ و لەچنارەوە گەراینەوە بۆشەخەڵ مارین لەچەمی پێنجوێن یاچەمی قزڵجە یاچەمی زەرتکاواوە سەرکەوتین بۆ دەشتی پێنجوێن لەنێوان شاخی تالیەرو لەرێوە بۆلای میراواو بۆنزیك پێنجوێن وبۆهەلالاوا دوای چوینەوە لای خانمە شێخان وباشماغ وساواو بۆمەریوان ئێوارە گەیشتینەوە دزڵی وبۆمەقەر، لەرۆژانی 11تا985/10/13 هەر لەدزڵی بوین، لە985/10/14 لەدزڵیەوە بەرێ کەوتین بۆشاری سنە لەرێگا سەیارەکەمان پەکی کەوت گەشتینە سنە و شەو لەوێ بوین، لە985/10/15 گەرامەوە بۆدزڵی ولەوێ زۆر مەشغوڵ بوین لەلایەك خانوو کردن بۆمەقەراتی زستان لەمەیدان کەزستان چوارپێنج مەتر بەفر ساڵ ئاسای لێ دەبارێ بەشۆفڵ دوومەتر زەویمان هەڵکەند بۆژوور لەبەر سەرماولەبەر روخاندن لەوێ خانوومان دروست کرد بۆئەشیا چونکە (6) مانگ ڕێگای سەیارەو ولاغ دەبەسترا ئەوەش ئاسان نەبوو مەقەرات وخانووی شاوڵی لەزستان پێویستی بەهەموو شت هەبوو مەقەرەکانی چەمەك گەورەبوو وەزۆربوین ئەویش پێویستی بەچاك کردنی بەردەوام بوو مەقەری کانی خەیاران پێویست بوو وەلەمەقەری سورێن دەبوو (7) خانووی کە بکەین لەئەشکەوتی حمەشێت و ئەشکەوتی هەورامی دەبوو ئەو مەقەراتانە بگوازینەوە چونکە شەردەبوو لەهەمو لایەکەوە وناردنی هێزو مەفرەزەلەلایەك لەگەڵ یەکێتی لەگفتوگۆ بچرابوین و ئەوان هەرنامەیان دەناردو دەیانوت وەرن بۆچەکەکان چەکی ئەو(6)پێشمەرگەیەی کەلەنێوان چنگیان ودۆڵەتودا چەك کرابون وەهەوڵیان دەدا لەگەڵ ئێران ئاشتیان بکەینەوە وەمەرجی ئێرانیش بۆئاشت بونەوەوهاوکاری کردنی (ی.ن.ك)بریتی بوو لەلێدانی کەرکوك بەهاوبەشی چونکە لەحزبی شیوعی وپارتی نائومێد ببوون ئێرانیش داوای چالاکی هاوبەشی دەکرد دەبو تەئمینی ماڵی پێشمەرگەکان بکەین لەوکاتەدا (80) ماڵی پێشمەرگە ببووە ملمان لەدزڵی

ومەریوان وسنەو ساوجی دەبوو هاوکاری لقی کەرکوك بکەین چونکە تازە دامەزرابوو دەبوو خۆشمان لەشەروچالاکی دژی رژێم نەوەستین چونکە قورسایی هێزو توانای جوڵەی حزبی سۆسیالیست لەسنوری لقی سلێمانی بوو پارتی بەهەموو شێوەیەك لای ئێران دژایەتی دەکردین، لەشەوی 13-1985/8/14 کاك قادرعەزیزو (120) پێشمەرگەوکادرلەحزب جیابونەوە وبەرەوناوچەی بارزان ومەقەرە کۆنەکانی لقی هەولێر بەرێ کەوتبون، کاك عبدالخالق زەنگەنەش چووە سوریاو لەوێ بەیانیان دەرکرد دژی حزب و بەناوی حزبی سۆسیالیستی پێشکەوتن خوازەوە جیا بونەوەو دژمان بون واتا هەرقسەکەی من دەرچوو هەرچیمان بکردایەت کاك قادر بریاری خۆی دابوو،پارتی کاك قادری پێشتر گەیاندبوە ئێرانیەکان دواتر پارتی هەوڵی دەدا کاك قادر بگاتە ئێرانیەکان، ئێرانیەکان بۆدروست کردنی پەیوەندی بۆیان وەحزبی شیوعیش هەندێك ئازوقەوپارەوبەتانی دابونێ مەکتەبی سیاسی هاتبووە کاولان لای ئالوتان چادروخانویان دەست پێ کردبوو جێگایەکی باش ونزیك بوو بۆهەموو لایەك و لەشوشان رزگاربوین هەر بەراستی لەشوشان خۆی کێشەبوو هەربۆشوشان چوین کێشەی لێ حەل دەکرێت کاك قادردژی ئێمە بوو وەدژی سەرکردایەتی بوولەبەرئێران بەلأم هێشتا چلەی نەرۆیشتبوو جیابووەوە خۆی کردبوو بەراژاندا لای کاك ادریس بارزانی رەحمەتی لەگەڵ ئیتلاعاتی ئورمیە کۆبونەوەی کردبووبەلأم ئێمە وەکو سنوری سلێمانی وکەرکوك ئاگامان زۆر لەو وەزعەی ئەولانەبوو لای هەولێرو دهۆك ئێمە مەسئولی ئیشوکاری رۆژانەی خۆمان بوین هێزی کاریگەروشەرکەر لەناوجەماوەردا قورساییان هەبێت لەکوردستان لەدوای یەکێتی ئێمە بوین ئێمە لەئێران وسەرسنورەکانیش هەمان سەنگ وقورسایمان هەبوو وەلەو ناوچانەی کەئێران گرتبوی لەکوردستان وەکو شارباژێروشلێر مەقەرات وپێشمەرگەی ئێمەی لێبوو لای بارەی گەورەوبارەی بچوك وپردی جەلال وبۆسکان وشیوەکەل ونەڵەسو و لەولاوەش لەدۆڵی گەلاڵ وبەشێکی شارباژێرو لای بەرزنجەو تەواوی شارەزوور هێزومەفرەزەمانی لێبوو وەدەبوو خانویش لەمڵەخوردوپلەی مەلامستەفا بکەین بۆهەرێمی (5)و قوەی هەورامان، ناوچەی هەڵەبجەو هەرێمی (2) لەشاوڵی وشلێر جێگیر بون و هەرێمی(1) لەچەمەك لای شەخەڵ مارین بوو هەرێمی (3و4) لەچنارەی شەخەڵ

مارین بون، مەقەری لق وئەو پێشمەرکانەی سەربەلق بوون لەچەمەك بون ئەوکات عەلی ماوەتی و عبداللەی قادرئاغای موبرەو کەمال ددان سەگ (کەمال صابیر) هەمویان سۆسیالیست بون ولەچەمەك بون لەگەڵ کۆمەڵێکی کە پارتی بون هاتبونە لای ئێمە وەکۆمەڵێکی کەش لەشلێرەوە هاتیون وپێشمەرگەبون لامان ئەوکات هێزەکانی ئێمە بەژمارەوبەکاری چالاکی لەژمارەی خۆیان زیاتر دەجولاَن وچالاکی سیاسی وسەربازی ورێکخستن وهونەری وپەیوەندیان هەبوو کەبە(5–6)هەزار کەس نەدەکرا ئێمە دەمان کرد، لەکاری اعلامی دوای جیابونەوەودامەزراندنی لقی کەرکوك زیاتر روبەروی من بووە چونکە کادرە اعلامیەکان ودەزگای اعلام بیٚ دەست کاری هەموی دامان بەلقی کەرکوك لەقوسامینە بون کاك شیروان لەدزلی بوو دەیوت من میوانم وهیچ بریاروقسەی نەدەکردو ئیشی نەدەکردمەگەر وەکو میوان خۆی واتەنی چاوی لەشتێك بوایە بیوتایەت ئەوە خراپە یاچاکە لەکۆمیتەش کاك شێخ محمد خۆی هەموو هەوڵێکی دامەزراندنی لقی کەرکوك بوو بەچەند مەبەست یەکیٚ لەوانە... سەربەخۆیی کارکردنی خۆی بوو... دەستی حزب بگاتە سنوری کەرکوك وگەرمیان و ئەوخەڵکی دەناسی ورێکخستنی حزب وخۆی چی دەوێت وابکات و لەکاری راگەیاندن و هەموو کارەکان ئازادبێت لەبریاردان لەسنوری لقی خۆی و... هتد ئەوەش هەندێك هەنگاوی عەمەلی باشی نا، لەرۆژی 985/10/17 لەدزلیەوە چوین بۆمەریوان وبۆشلێروگەرمکی لای پێنجوێن وگوڵیٚ وبۆقوسامینە وشەو لای کاك شێخ محمد وئەوان بوین، لە985/10/18 بەریٚ کەوتین بۆسیاکوێزەوچەم پاراوبلەکی وبانەو سەقزو بۆکان ومهاباد ونەغەدەوبۆرەزائیە شەولەماڵی خاڵەحاجی بوین لەئورمیە کۆبونەوەمان هەبوو لەگەڵ مەسئولینی ئێران،

## داکۆکی کردن لەناوی حزب ...

لە رۆژی 985/10/20 من وکاك رەسول وخاڵەحاجی وسەیدکاکەچوینە نەغەدە لەگەڵ مەسئولینی قەرارگای رەمەزان ئاغای شمس وئەحمەدی کەریمی وباقری یوسفی کۆبونەوەمان هەبوو لەویٚ ئەوان داوای گۆرینی ناوی حزبی سۆسیالیستیان لیٚ کردین کەیارمەتی وهاوکاریمان بکەن وبەهێزمان بکەن ئێمە بریارماندا ئەگەرلەبرسا بمرین و لەژێر هیچ زەختێکدا ناوی حزب ناگۆرین کاك رەسول دەوری گرنگی هەبوو لەو

کۆبونەوەیـە،دوای گەڕاینـەوە بۆئورمیـە، لـە985/10/21 گەڕاینـەوە بـۆ نەغـەدەومهابادو میان دواو بۆکان وسەقز نیوەڕۆ لەسەقز بوین و دوای بـەڕێ کـەوتین بۆبانـەو بۆئـارمردەی لای بانــە مــاڵی کــاک جــەمالی حــەلاو فەرمانــدەی هــەرێمی(3) لــەوێ بــوو، لــەڕۆژی 985/10/22 بەڕێ کەوتین بۆچەم پاراو و قوسامینەو گۆڵێ وشـەخەڵ مارین وبۆدەشتی پێنجوێن وباشماغ ومەریوان ودزڵی دەبوو سـەری هـەموو جێگایانـە بدەین وسەرپەرشتی ئیشەکان ودانانی بەرنامـەی کاری هەمەلایەنـە بۆیـان دیاری بکـەین و بگەڕینـەوە وفریـای لایەکی کـەش بکـەوم، لـە985/10/23 لـەدزڵی بـوین، لـە985/10/24 چوینە میـدان ولای کـانی خـەیاران سـەیری ناوچـەکەمان کردوگەڕاینــەوە میـدان شـەولەمیدان بـوین لـەوێ خەریکی خانوو کردن بوین بۆئێوارەکەی گەڕاینەوە دزڵـی، لـە985/10/27 چوینـە میـدان وگەڕاینەوە، لە985/10/28 لەدزڵیەوە چوینە مڵەخورد خـەریکی خانوکردن بـوین لـەناو خـاکی عێـراق لەپـشتی زەڵمـەوە، ڕۆژی 985/10/29 لەگـەڵ کـاک شـێخ محمـد چـوینە مـەریوان و گەڕاینـەوە، لـەڕۆژی 985/10/30 لەمـەریوان بـوین کـاک شـێخ محمـد داوای کردبـوو چـەکی لقـی کـەرکوک وحـصەی لقـی کـەرکوک بـەجیا بیـدەن وپێکـەوە چـوین بۆچـەکەکان ئێرانیـەکان چەکیان بەشـوێنێك دەدا خۆیـان مەبەستیان بێـت و لەوسـنورەی کەشـەر بکرایـە بۆیـە ئێرانیـەکان وتیـان حصەی چەکی کـەرکوک دوا دەخرێـت کـاک شـێخ محمـد دەیـوت تـۆش وەری مـەگرە تائـەوەی ئێمـەش دەدەن لـە ئێـرانیش هەرچیت دەست کەوت ئەگەروەری نەگریت ئیتر دەفەوتا لەسەر ئـەوە کـاك شێخ محمد هەندێك عـاجز بـوو ئێمە چەکمان وەرگرت وهێنامانـەوە وتم کاك شێخ چەندت دەوێت ببیـە بـەڵام وادیـاربوو نـەی بردبـوو(50) کلاشـنکۆفمان بۆدانـابون بـەڵام نـەیان بردبوو کەبریاربووخاڵـە جوتیـار( شێخ عومەری عەواڵ) ببیات بۆلقی کەرکوك، لـە985/10/31 لـەدزڵی بـوین هـەر ئـەو ڕۆژە تــەیارەی ئیــسرائیل (2400) کیلۆمــەتر ڕۆیــشتنە نــاو خــاکی تــونس ولەمەقــەری یاسرعەرەفاتی سەرۆکی(منظمة تحرير فلسطين) داو گەڕایـەوە کەتەهدیدبووبۆهەمووعـەرەب، لـە985/11/1 چـوینە مڵەخوردوپلـەی مەلامستەفا وجێگـا خانویـەکمان دیـاری کردبـوو قوەی هەورامانیش گەچ وبلۆك یان بردبوو دەست بەخانوو کرا بۆئەو هێزانـەی لەوسـنورە بون، لە985/11/2 لەمەریوان تەعزیەی ماڵی مەلاعومەر وبۆسەردانی نصرالدین هەورامی

لەسۆڤیەتەوە گەرابوەوە بۆچارەسەر رۆیشتبوو کەپێشتر بریندارببوو دوای گەرانەوە دزلی، لە985/11/3 حاجی مهدی بەهادوریان و وەفدێکی بەرزی ئێران هاتنە لامان کاك شێخ محمد شاکەلیش هاتە ئەویٚ وکۆبونەوەمان لەگەڵ کردن، حاجی مهدی پیاوێکی باش و دەسەڵاتی تەواوی هەبوو یەکیٚ بوو لەو تێکۆشەرانەی لەکۆنەوە لەگەڵ امام ومەسئولین پەیوەندی هەبووە وخۆی شتی پیٚ بوو لەوبابەتە موستەمسەك ودەفتەرێکی کردبووە بەناوی نمائیدەی کوردی عێراقەوە ودژی دەوڵەت قسەی دەکرد ولەسەر کوشتنی خەڵکەکەی لەرێگای خانە نەغەدە لەشەری نەغەدە نزیکەی (50)کەس لەیەك گوند کوژرا(گوندی قارنە) حاجی مهدی بەیانێکی دژی ئەوکارە دەرکرد ودیفاعی لەکوردکردو لەرادیوی تەهران خوێندرایەوە ئەو لەلایەن ئەیەتواللە مونتەزری وە یارمەتی وپشتیوانی دەکراو خۆشی شت بوو بەڵام هاوکاری ئێمەی زۆر کرد بەهەموو شێوەیەك پشتیوانی لەحزبی سۆسیالیست وئێمە لەلقی سلێمانی دەکردو زۆر سیقەی هەبوو بەتێکۆشان وکاری ئێمە وقسەی ئێمەی رەد نەدەکردەوە بەڵام لەدوای ئەوەی ئاغای مونتەزری لەجێگری رابەری امام لابرا و(15) کەس لەخزمەکانی اعدام کران بەسەید مهدی هاشمی شەوە ئیتر ئەویش ون بوونەمان بینیەوە پاشان لەگەڵ حاجی مهدی وکاك شێخ محمد چوینە کانی خەیاران وگەراینەوە، لە985/11/5 چوینە دالەمیزو گەراینەوە، لە1985/11/6 لەدزلی بوین، لە985/11/7هەرلەدزلی بوین،

## گرتنی کاك مەلابەخیتار لەلایەن یەکێتی وراکردنی لایەنگرانی بەرەو ئێران

لە985/11/8 چوینە مەیدان وگەراینەوە برادەرانمان پەیوەندیان کرد بەجیهاز لەشارەزوورەوە کەکاك مەلابەخیتار یەکێتی گرتویەتی و زۆرلەئالأی شۆرش گیراوان وکاك مەلابەخیتار لەقەرەداغ بوو جەماعەتەکەیان تەفروتونا بون وزۆریان بەرەولای ئێمە دێن چیان لیٚ بکەین ئێمەش ئەو ماوەیە شەرمان نەبوو لەگەڵ یەکێتی بەڵام ئەوان ئەو مەفرەزەیان چەك کردبوین ئێمەش وەڵاممان دانەوە بییان هێنن بەڵام لەسەرسنور لەمەقەراتی خۆمان یاچەك نەهێننە ناوئێران وچەکەکانیان لەویٚ دانێن چونکە ئێران حەزی دەکردبێن وتەسهیلاتی بۆدەکردن دژی یەکێتی هەرچی ئالأی شۆرش بوو هەمویان لەو کادرانە بون کاتی خۆی لەسنوری هەرێمی یەك دژی ئێمە بون بۆیە بریارمان بوو

لەیـەکێتی جیایـان بکەینـەوە ودەسـتیان لەیـەکێتی بـبرین  بـەڵام ڕێگـا نـەدەین خۆیـان کۆبکەنەوەو لەسنوری ئێمەدا مەقەر دابنێن و هەتا ئێرانیش یارمەتیان بدات لـەناوئێران و لەسەرسـنورەکان ڕێگایـان نـەدەین، لـە985/11/9 لـەدزلیٚ بـوین شـەوەکەی بـاران بووکـاك فەرەیدون حمە صالَح پێنجوینی و(18) کەس لەگـەڵ برادەرانـی ئێمـە گەیشتبونە میـدان، پـارتی بەهـەموو شـێوەیەك پێشوازی لـیٚ دەکـردن  ئێـرانیش نوێنـەری لەمـەریوان بۆدانـان پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ئیتلاعات هەبوو وەچەند جارێك ئێران داوای چەکەکانی دەکـرد و کێـشەیان بۆدروسـت دەکـردین بـەڵام ئێمـە نـەمان هێـشت مەقـەریان بـۆدابنێن و ڕێگامــان نــەداو بردنیــان بۆســپیارو لای شــەخەڵ مــارین لای مەقــەری حزبــی شــیوعی مەقەرێکیان بۆدانـان و ڕادیـوی پـارتی لەلایـەن خۆیانـەوە بەرنامەیـەکیان بۆئـاڵای شـۆرش دانـابوو هـەر ڕۆژەی کۆمـەڵێك لـەرێگای برادەرانـی ئێمـەوە لەشـارەزوورەوە سـەردەکەوەتن دوای ئەوانیش هەرچی دەهات لەسەر سنور چەکەکانمان لێیان وەردەگرت چونکە زۆریان عەزیەت دابوین لەکاتی خۆی کەبەیەکەوە بوین مـن تۆڵـەم لـیٚ نەدەکردنـەوە بـەڵام ڕێگاشـم نــەدا هــیچ چــالاکیەکی سیاســی وســەربازی واعلامــی لەســنوری ئێمــەوە بکــەن ئــەوەش غێرموباشیر پشتیوانی وهاوکاری یەك بووبۆیەکێتی  چەندە لەگەڵ یەکێتی ئاگامان لەیەك نـەبوو وەشـتێکی واش بـاس نـەکرابوو هەرچـەندە ئـەوان وایـان دەزانـی یـەکێتی بەئێمـەی وتــووە بــەڵکو قەناعــەتی خۆمــان بــوو دوای ئــەوە ڕێگــای ڕاکردنیــان گــۆری بۆچــاڵە خەزێنەوئەوناوە پارتی لێبـوو  لـەرێگای ئەوانـەوە دەرۆیـشتنە ئێـران، ئێـران زۆرناحـەرەت بوولەئێمــە چــونکە هاوکــاری ئــاڵای شــۆرشمان نــەدەکرد، لــە985/11/10 لەدزڵیــەوە بۆمەریوان چوین باران زۆرباری بوو زەوی تەربوو بۆکردنی گـەنم ودانەوێڵـە پـیٚ ی دەڵـێن پەڵـەی دا ئەوکاتـە کـەزەوی تێردەخـوات لـەئاو دوای چوینـە قوسـامینەو شـەو چوینەچـەم پاراولـەماڵی کـاك صـابیری حـاجی ڕەحـیم، لـە985/11/11 لەچـەم پـاراوەوە گەراینـەوە دزڵـی، لـە985/11/12 هـەر لـەدزڵی بـوین وەزعـی یـەکێتی بـاش نـەبوو جگەلـەو هـەموو کێشەی ڕوبەڕوی ببـووە ئاڵای شۆریش دەلاقەیـەکی گـەورەتری تـیٚ کردبووچـونکە ئاڵای شــۆرش لەناوجەرگــەی یەکێتیــەوە جیاببونــەوە وکاریگــەربون بۆیــان چــونکە زۆربــەی کادرەکانیان لەگەڵ ئاڵای شۆرش بوون زۆریان خۆیان اعلانیـان کـردو زۆریـان چاوەڕیٚ ی

ئەوەبوون بزانن ئەوان سەرکەوتوو دەبن وئەوانی کەش برۆنە پاڵیان لەمەکتەبی سیاسی وکۆمیتەی سەرکردایەتی وتائاخر رێکخستن خەڵکیان لەگەڵ بووشەلەل و دوو دڵیان لەناو هەموو رێکخستنەکانی کۆمەڵەویەکێتی دا دروست کردبوو ئەوانەیان نەیان دەتوانی یاخۆیان بدەنە دەست قەدەرو بەتایبەتی دوای گیرانی کاک مەلابەختیار بەبیانوی جۆربەجۆرەوە ئیستقالەیان دەکردو داوای ئیجازەیان دەکردو دادەنیشتن لەگوندەکان ودەچونە ئێران وخۆیان لەپارتی نزیك دەکردەوە زۆر لە سەرکردایەتی وقیادەی یەکێتی وەعدی دابوو بەکاك مەلابەختیار وکاك جەعفەروکاك سالار لەگەڵیان بن، وەلەدروست بونەوەی شۆرشی نوێدا کاك سالارعەزیزمەسئولی یەکەمی کۆمەڵەو لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری پێکەوەسەرپەرشتی کۆمەڵەوبزوتنەوەیان دەکرد بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا کاك جەعفەروکاك سالار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بون پێشتر و لەناوکۆمەڵەوشۆرش ویەکێتی دا دەوریان هەبوو لەمەسئولیەت وهەموو رێکخستن وشەخسی سیاسیان دەناسی وەلەکادرە کۆنەکانیش خولە کەشکۆڵ(کاك شێخ عەلی) ومامۆستا پشکۆوزۆری کەیان لەگەڵدا بوو وەلەعەسکەریەکانیش جەلالی حمەی محەو جەمالە رەش وئەحمەد ریشەومحمودی جگەر(نەبەز) وفەرەیدون حمەصالح و دەیانی کەیان لەگەڵدابوو وەلەدەرەوەی ولآت زۆریان لەگەڵ بوو جگەلە حاجی ئومێدوحاجی مەمۆو زۆری کەش بەلآم زەمەن دەری خست هەموو ئەوانە بەبێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان وشەخسی مام جەلال هیچیان پێ نەکراو یان ناکرێت لەوانەیە بڵێن وەختەکە یارمەتی نەداین بەلآم ئالآی شۆرش قیادەیەکی لێهاتوو وردبین وبەتواناوسیاسی ولێزان وشارەزای هەبوایە ئێستا لەیەکێتی بەهێز تردەبوو، ئێمەش ئەوەی کەنامە گۆرینەوەکانی نێوان من وکاك بەهادین نوری و کاك سالارو کاك مەلابەخیتار نامەی بۆکاك بەهادین کەئەوکات مەسئولی مەڵبەند بوو کاك سالاروکاك ئەبوشەهاب وئەوانی کە هەموو لەحاجی مامەند دانیشتبون کاك مەلابەخیتار رەئی وابوو جود بروات پەیوەندی بەئالآی شۆرشەوە بکات ویەکێتی نەماوەوپوکاوەتەوە لەناو ئالآی شۆرشدا تواوەتەوە هەرلەوەوە بۆچونەکانی کاك مەلابەختیار هەڵەبوو تاگرتنی خۆی ونامە نوسین وئیستقالە کردنی لەئالآی شۆرش و تاجیابونەوەوبەلاوازی تاچونە ناو زەحمەتکێشان و تاگەرانەوەی بۆناو یەکێتی لەدوای

ئەو هەموو پەت پەتیەی کە پیَ ی کرا لەسەر تەلەفزیون وەکو نەبای دیبێت ونەبۆران باسی یەکێتی دەکرد.

## قەیرانی سەرکردەو .... سەرکردایەتی زەمانە

وادیارە لای زۆر برادەر هەڵوێست وسیاسەت دووشتی لەیەك جیاوازە بەلاّم هەڵوێستی راست و دروست خۆی سیاسەتە وەفنونی فلسەفەی سیاسەت هەڵوێستە بەلاّم وادیارە زەمەن بۆشایی روداوەکانی کوردستان وناوخۆ وفرەحزبی وفرە سەرکردایەتی و هەندێك کەسی هێنابێتە سەر ساحەی سیاسەت ودەری خست ودروستی کردچونکە ئەو هەموو حزبەو ئەو هەموو سەرکردایەتیە وئەوهەموو سکرتێرە دروست نەدەبون ئەو هەموو مەکتەب سیاسی وکۆمیتە مەرکەزیە دروست نەدەبوو کاتیَ ئێمە لەیەکێتی جیابوینەوە نەعێراق و نەئێران نەسۆسیالیست نەیەکێتی لەگەڵ کەس رێك نەبوین هەمومان (126) کەس بوین کادری قیادی مان لەگەڵ نەبوو لەهەموو ناوچەکانی کوردستان خەڵکمان لەگەڵ نەبوو خۆشمان راگرت وشەری عێراق وتائەوکات پارتی ویەکێتیشمان دەکردوتوانیمان روداوی گەورەوگۆرانی گەورەی چاوەروان نەکراو لەناوچەکەش دروست بکەین ومێژویش دروست بکەین نەك مێژوو دروستمان بکات وادیارە یەکێتی کادرەکانی خۆی باش ناسیووە وبیَ یەکێتیش هچیان پیَ ناکرێت و ون دەبن بەلاّم کادرەکانی حسك ئێستاش لەناو سەرکردایەتی پارتی ویەکێتی و زەحمەتکێشان دا دەرویان هەبووە وەلەشەرەکانی یەکێتی وپارتی دا هەرکادرەکانی حسك دەوریان هەبوو لای پارتی ویەکێتی بۆنمونە لای یەکێتی مام غەفوروعبداللە بۆروعوسمان بانی مارانی و قادرچاوشین ومحسین عوسمان ومحسین بایزوئەحمەد قەدەفەری وزۆری کەش وەلای پارتی سەید کاکەو سەید عبداللە ومەلافائیق ونوری حمە عەلی وشێخ توفیق و ابراهیم قاجری و سمکۆ مەنتك وزۆری کەش وە لەسەرکردایەتی یەکێتی شێخ محمد شاکەلی وعەدنان موفتی و وعادل مرادو شیروان شیروەندی و پێشتریش کاك رەسول مامەند لەلیژنەی سەرۆکایەتی لەگەڵ پارتیدا چوار کەسی یەکێتی بوو یەکێکیان کاك رەسول بوو، وەلەسەرکردایەتی پارتیشدا قادرجەباری وسەید کاکەو عومەر بۆتانی ومامۆستا سەعدومامۆستا ئەمین ونوری حمەعەلی ئەمانە لەناو سەرکردایەتی پارتی دا دیاربوون

واتا ئەگەر حزبی سۆسیالست شەخسی یەکەمی توانای سیاسی وئیداری ودیبلۆماسیەت و سەربازی هەبوایە خاوەنی کادری باش وبەتوانا بوو وەدەیتوانی گۆرانی سیاسی وسەربازی و جەماوەری وناوچەیی دروست بکات وتەوازنی عەسکەریش بگۆرێت لەکوردستاندا، وەحزبی زەحمەتکێشان کەلەسالی 1985 لەسۆسیالست جیابونەوە هەرچەند زۆرلەسەرکردایەتیەکانیان تەسلیم بونەوە بەلام سێ چوار کادریان خۆی راگرت کاک قادرعەزیز توانی قیادەیان بکات وکاک دکتۆرسەرداروکاکبەهمەن وکاک بەلێن یارمەتیان دا بەلام لەگەل ئەوەشدا زەختیان لەسەربوو کاک قادرتوانی سەرپەرشتیان بکات بۆیە من پێم وانیە روداوەکان یارمەتی نەداوە بەلکو شەخسی یەکەم دەتوانێ لەگەل مەکتەب سیاسی یەکی بەتوانا وگونجاو هەموو مەسەلە ئەساسیەکان بگۆرێت زەمینەش یاشوێن وکات یارمەتی دەدات ئەگەر نەی قۆزیتەوە دەروات واتا فرسەت وزەمەن وکات وەکو شمشێر وایە تۆ ئەو نەبریت ئەوتۆ دەبرێت دەبێت مرۆڤ لەئاستی روداوەکان خۆی روداوو مێژودروست بکات نەك مێژوو ئەو دروست بکات کەئەوەش بەدەگمەن رێك دەکەوێت هەرکەس بوایە لەجیاتی کاک رەسول وکاک مەلابەختیار وکاک سامی سیاسەتیان نەدەکردودادەنیشتن گەورەتر دەبون سەرکەوتن بوو بۆشەخسی خۆیان وەکو کاک دکتۆرمحمودوکاک عەزیزمحمدو کاک عومەر شێخ موس وزۆری کەش ئیشیان تەنها بۆکورد دەکرد کەئێستا هەموو کەس ولایەنێك هەمیشە رێزی تایبەتیان لێ دەگرێت، کاک عەزیز محمد لەئاشتی وکاری سیاسی ناوچەکەو کوردستان پرس ورایان پێ دەکرێت وەکو شەخسیەتی کوردی وعێراقیش دەناسرێن، لە1985/11/13 لەمیدان بوین، لە985/11/14 لەملەخورد بوین تا رۆژی 985/11/18 هەر لەمیدان وملەخوردو دزلی بوین هەر ئەورۆژە بەرێ کەوتین بۆمەریوان وگۆخلان وشەو لەچەم پاراو بوین، لە985/11/19 چوینە چەمەك وچالە خەزێنەو گەراینەوە مەقەری شاولی وئێوارە دەعوەت بوین لەمالی کاک شەریف کەچەل لەبێ ماوان لەشلێر، لە1985/11/20 چوینەوە قوسامینەو شاولی وبۆگۆخلان وبۆمەریوان، لە985/11/21 لەمەریوانەوەچوین بۆدزلی، لەرۆژانی 20و1985/11/21 هەردوو سەرۆکی سۆڤیەت گۆرباشۆف وسەرۆکی ئەمریکی رونالد رێگن لەجنێف کۆبونەوەیان کردوبەیانێکیان دەرکرد لەسەر روداوەکانی

دنیا لەوکاتەداشتێکی گرنگ بوو، لەرۆژی 1985/11/22 لەمەریوانەوە بەرێ کەوتین بۆچەم پاراو وچەمەك وچوینە لای خانوەکانی شاوڵی زۆری تەواو بون کرێکارو پێشمەرگە ئیشی دەکردو پەنجەرەی تیاکرابووسەری زۆری گیرابوو خانووی باش و لەدورەوە لەدێ دەچوو، لە985/11/23 لەچەمەکەوە چوینە شاوڵی وبۆمەریوان وبۆدزڵی ئەم رێگایانە هیچ ئاسان نەبوو دەیان سەیتەرەی ئێران وسەدان گولەتۆپی لەزەوی دەداو تەیارەش دەسورایەوەو سەیتەرەکانی ئێران خەتەر بون کەسیان نەدەناسی رۆژێك سەیارەیەکی بزوتنەوەی ئیسلامی لەلای چەمی سوراوی شلێر پەکی کەوتبوو پاسدار تەقەی لێ کردن مامۆستاعبدالرحمن نەورۆسی سنگی برینداربوو لەمردن رزگاری بوو واتا وەزعێکی زۆر خراپ و دنیا ئاگر باران بوو ئەوهاتوچۆیەی من هەروا ئاسان نەبوو لەو وەزعە ناخۆشەدا ولەوهەموو جێگا خەتەرەدا ئەگەر واش نەبوایە ئیشەکان نەدەرۆیشتن من هەرباسی روداوەکان دەکەم خۆ هەموو کادروپێشمەرگەش هەریەکە لەئاستی مەسئولیاتی خۆی بەردەوام بوو، لە985/11/24 لەدزڵی ومەریوان وشلێروقوسامینە وشاوڵی وچەمەك بوین،

## هاتنی نامەی مام جەلال

لە1985/11/25 لەچەمەکەوە بۆگەرمك وبۆچەمی کانی خان وعیزەت ئاواو بۆشاری بانە ئاگاداریان کردین کەمام وریای براخاس کۆمەڵێك نامەو شتی پێ یە بۆمن ولای مام جەلالەوە هاتووە بۆئەوەی شتەکان لەرێگا نەگیرێت بەسەیارەی خۆم رۆیشتمە بانەو بەرێگای بانەو سەردەشت وبۆبڵە سەن مام وریامان هێناو کۆمەڵێك نامەی پێ بوو شەو لەئوتێل بوین لەبانە مام وریاش لەوکاتە ئێران پێ ی زانیایە ئەوی دەگرت و ئێمەشی توشی کێشە دەکرد بەڵام من ئاگاداری سوپاوقەرارگام کردبووئێمە لەگفتوگۆداین لەگەڵ یەکێتی لەم رۆژانەدا نوێنەری یەکێتی دێتە لامان بۆشاوڵی واتا لەرۆژی 985/11/27 لەبانەوە بۆشاوڵی گەراینەوە بۆگۆخلان وبۆمەریوان، لە985/11/28 لەمەریوانەوە گەراینەوە بۆدزڵی لەقەرارگا لەمەریوان مام وریایان دیبووبەڵام هەروەکو ئەوەی نەیان زانی بێت قسەیان لەگەڵ نەکردو گەراینەوە بۆمەقەری علاقاتی دزڵی ومام وریا گەرابوو لەناو دزڵی پارتی بەسوپایان وتبوو جەلالی هاتووەو شەو پاسدارهات مام وریایان بردە

مەقــەری ســوپای درزلــی منــیش لەگــەڵی چــوم و گەراینــەوە شــەو قــەرارگا یــەکێکیان ناردبۆلامـان کەلـەویٚ بێـت نـەك لایـەنێکی حکومـەت ئاگـای لـیٚ نـەبێت وبیگـرن مـام وریـا نامەیـەکی دورودریـَژی مـام جـەلال ووەڵامـی نامەکـەی مـن کەنوسـیبوم ئێـوە واتـا یـەکێتی وەزعی خراپەو لەگەڵ ئەوەش ئێمە ئامادەین بۆگفتوگۆ وچارەسەری کێشەو چەك کردنی مەفرەزەیــەك لەشاربازێروکوشــتنی مامەرەشــەی کەچــەو جیابونــەوەی ئــالأی شــۆرش ومەســەلەی جودوبــاس کردنــی لەئاشــتی و لەگــەڵ ســەرکردایەتی داو شــتی کــەش بە(6)لاپەرەی گەورەو بەوردی وەڵامی دابومەوەو داواشی کردبوو منیش سەری لیٚ بدەم و لەنزیکـەوە قسەبکەین نامـەی دووەمـی مـام جـەلال مـان پـیٚ گەیـشت و وەڵامـی نامـەی یەکـەمی مـام جـەلال مـان نـاردەوە، ئـەوان بەراسـتیانە لەگـەڵ مـن وحزبـی سۆسیالـست لەسنوری سلێمانی وئەگەر منیش پێم باش بێت لەهەموو ناوچەکان بێت ونامەیەکی باش وتێروتەســەل وەڵامــی درابووەوباســی ئاشــتی خۆیــان وئێــران و نامەیــەکی بۆئەیەتوالڵــە مونتەزی نوسیبوو وەنامەیەکی بۆعەلی سنجاری لەسوریا نامەکەی کاك عەلی وانوسیبوو کـاك عـەلی ئەونامەیـە دەدات بەمخابـەراتی سـوری واتـات بەشـێوەیەك نوسـیبوی زەرەری نـــەبێت بۆیـــەکێتی وەنامەیـــەکی بۆحـــازم (عبدالجبارکوبەیـــسی) وشـــتی کەشـــی ناردبووداواشــی کردبــوو کــاك عــەلی عــەوێزوکاك ئەســکەندەر نــاردبو بــادینی بــوو بۆهاوکاریــان بــۆدەرەوە ئــەوکات خاڵــەحاجی بەئاســانی خــەڵکی بــۆدەرەوە دەنــارد، لە985/11/28 چومە مەریوان و مەسئولینی ئێرانـی زۆربـەی لـەویٚ بـون بەبۆنـەی شـەری عێراق ئێرانەوە چاوم پێیان کەوت ومەسەلەی ئاشتی  نێوان یـەکێتی وئێـران ونامەکـەی ئاغـای مونتـەزی مـان دانـیٚ وگەیاندیانـە دەسـتی وئەونامانـەی بۆمەسـئولینی ئێـران بـوو ناردمـان وە ئـەوەی بۆدەرەوە بـون خـستمانە بەریـد ئێرانیـەکان وتیـان باشـەو ئێمـە وەڵام دەگێرینەوە لەتۆ بەڵام یەکێتی لەگەڵ عێراق و دژمان شەری کردوەو پاسداری کوشتووەو منیش بۆچاك کردنی وەزعەکە ئەوەی توانیم کردم بۆئەوەی یەکێتی لـەو ئەزمەیـە رزگـاری بێت و هێزێك بون دژی عێراق شتێکی باشەوهەموو پێکەوە بتوانین شتێك بکەین وسوپاو جـەیش دەیـانوت ئێـوە نوێنـەری یـەکێتی تـان بەسـەر ئێمـەدا هێناوەوپێـشتان نـەوتوین چونکە پارتی وئالأی شۆرش رۆژانـە خەبـەریان بە ئیتلاعـات وجـەیش وسـوپا دەدا بـەڵام

ئێمە گوێمان نەدایەو هەر بەردەوام بوین لەکاری خۆمان مام وریاش ئەو ماوەیە لەویٚ بوو زۆرشتی لارون بوەوە یەکیٚ لەوانە تەسەوریان نەدەکرد حزبی سۆسیالست لەزۆربەی ناوچەکان خاوەنی ئەوەندە کادرو پێشمەرگە وتوانای عەسکەری وئیداری وراگەیاندن وقورسای هەبێت لای ئێرانیش ئەو ئەهەمیتەو ئەو قورسایەی هەبێت ورۆژانە پەیوەندی ووەرەقەی حزب بۆسەدان کەس و مەسئولینی ئێرانی رۆژانە لەمەقەراتی سۆسیالست بون وچەك وئازوقەی زۆر بۆسۆسیالست و مەقەراتی لەقوسامینە گوندێکی لەشاوڵی وئاوایەکمان دروست کردبوو لەچەمەك وچنارەو زۆرجێگای کەو میدان و مڵەخوردوسورێن وکانی خەیاران وچالاکی رۆژانە لەهەموو رویەکەوەو رێگا نەدان بەئالأی شۆرش بەچەکەوە و یالەسەرسنورەکانی دەسەلأتی ئێمە وە کردنەوەی مەقەرات وبیٚ منەتی سۆسیالست لەپارتی کەیەکێتی زۆر بەهەڵە تیٚ گەیشتبوو گوایە لەرێگای پارتی وە سۆسیالست پەیوەندی دەکات بەئێران وەئەگەر پارتی رازی نەبێت پەیوەندی سۆسیالست وئێران نامێنێت وزۆر شتی لەوبابەتە یەکێتی سەرەتاش لەکاتی گفتوگۆی یەکێتی ورژێم پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعی وپارتی بۆئاشتی هەروا لەسۆسیالست تێگەیشتبوو ئەگەر ئەوکات ئاشتی لەگەڵ سۆسیالست بکردایە ئەوە لەزۆرشت رزگاری دەبوو یەکێتی بەلأم وادیاربوو مەعلوماتیان نەبوو لەسەرسۆسیالست کەلای ئێران ولایەنەکانی جود دەتوانیٚ گۆرانکاری بکات و بیٚ گوێدانە کەس ئێرانیش حسابێکی تایبەتی بۆسۆسیالیست دەکرد بەتایبەتی هێزوتوانای لەسنوری لقی سلێمانی کەیەك دەنگ بوین لەهەموو رویەکەوە وەئێمە یەکێتیمان تێگەیاند کەمەسەلەی ئاشتی نێوان یەکێتی وئێران پارتی هیچ تەئسیرێکی نیە ولەروی سلبیەوە خراپەو تەئسیری دەبێت بەلأم لەروی ئیجابیەوە هیچ تەئسیرێکی نیە وادیاربوو مام وریا دەیویست پارتی ببینیٚ یاخۆی بدزێتەوە ئێمە لاریمان نەبوو لەوە بەلأم دەیان گرت و وەهیچی لەمەسەلەکە نەدەگۆری تێمان گەیاند کەئێمە دەتوانین ئاشتیان بۆبکەین وەئێران دەتوانیٚ ئاشتی بکات نەك پارتی ولەرێگای پارتیەوە بۆیە ئەویش بریاری دا نەیان بینیٚ ئەوماوەیە کەمام وریا لەویٚ بوو زۆرشتی بۆرون بوەوەو بردیەوە بۆیەکێتی من وەلأمی نامەکەم بەوە دایەوە کەلەم ماوەیەدا نوێنەری خۆمان دەنێرین بەلأم ئەوەمان بۆنوسین کەپێشمەرگەیان چەك

کردووە وە وەعدی ناردنەوەی چەك وهەموو شتیان داو وتیان نوێنەرتان هات لێرەش یەکسەر مەقەر بکەنەوە بۆپێشمەرگەتان لەسەرگەڵوو ئەوناوە، لەرۆژی 985/11/29 چوینە میدان وبۆمڵەخورد ئەو رۆژە قوەتێکی هەرێمی (1) دابەزین وبەسەیارە بەرێ کران بۆمڵەخوردو من هاتمەوە دزڵی وچومەوە مڵەخورد پەیوەندی وجفرەی تازە نێرایە خوارەوەو پەیوەندی جیهازی میدان ئەوکات بێڵ بوو لەشەری ئالان وحاصڵ وکانی کەوە گیرابوو لەگەڵ مەکتەبی سیاسی وجیهازی ئیزاعە کەلەوێ پەیوەندی دەکرا، لە985/11/30 لەدزڵی بوین، لە985/12/1 لەدزڵیەوە چوین بۆمەریوان وبۆگوڵێ وشاوڵی وشەولەوێ بوین ناوچەی شارباژێریش مەقەریان لەوێ بوو، لە985/12/2 چوینە چەم پاراو وبۆبلەکێ وبانە لەلای چیای ئەربەبان لەگۆرستانی سلێمان بەگ سەیارەکەمان خراپ بوو ئەو رۆژە تەیارەی عێراق لەبانەی دابووخەتەربوو هەرچۆن بوو بۆسەقزوبۆکان ومیان دواو مهابادو بۆرەزائیە شەو لەوێ بوین، لە985/12/3 خەریکی چاك کردنەوەی سەیارە بوین، لە985/12/4 هەرلەرەزائیە بوین ئەوشەوە سامی عبدالرحمن وئەوان لەوێ بون ئەوکاتە حزبی گەل بوون زۆر هەوڵیاندا مجامەلەمان بکەن چونکە ئەوەی ئێمە رازی نەبوایەن بەتایبەتی لەشارەزووروبناری سورێن نەیان دەتوانی هاتوچۆی پێشمەرگەیاتی بکات ئەوانیش پێویستیان بەئێمە هەبوو یەکەم جاربوو هەر لەدورەوە مەرحەبای یەکمان کردو ئەوان رۆیشتینە دەرەوە، لەرۆژانی 5 تا985/12/7 هەر لەرەزائیە بوین، لە985/12/8 چوینە نەغەدەو شەو لەوێ بوین دوای لەنەغەدەوە بۆخانەوبۆئالوتان و بۆکاولان کەلەمانگی (8) دا مەقەری مەکتەبی سیاسی چوبوە کاولان وخانوی باشیان کردبوو وەئیشەکانیان رێك خستبوو رادیوی حزب کەوتبووەکارو خەستەخانەیان دروست کردبوو کەدکتۆرشەماڵی لێبوو وەکۆمەڵێك کادری باش ئیشیان دەکرد لەراگەیاندن لەوانە شێخ بابەعەلی وهاواروفەرهادجاف وپشکۆو کورێکی محمد صاڵح دیلان وعبدالقادری عەلی مەردان وزیرەك وهەردی وهەنگاو دەیان کادری تر وەچەندین کادری رەسامی باش ئیشیان دەکرد جێگای ئومێدبوو هەر دوای ئەوەش کاك قادرعەزیز چوبووە ئالوتان بۆدروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران کەپێشتر چووە راژان لای کاك ادریس بارزانی وپەیوەندی لەگەڵ ئیتلاعات کردبوو لەئورمیە وبۆنەغەدە نارازی

بوو لەویٚ سوپای پاسداران گرتنی وتەسلیم بەحزبی سۆسیالستی کردەوە ئەوانیش ناردیانەوە شوشان ودوای دووسیٚ رۆژکاك ئەحمەد فەقیٚ رەش وکاك قادرجەباری لەویٚ ئازادیان کرد چونکە ئێمە هەر لەسەرتاوە باوەرمان بەوە نەبوو کەتۆڵەی لیٚ بسەنینەوە وەبیرورائــــازادبوو دوای رۆیـــشتەوە لای جەماعـــەتی خـــۆی ئـــەو (120)کەســـەش کەئینـشقاقیان کردبـوو بـەناوی ئـەوەی کەئـەوان مارکسین ئەوشـەوەش کـاك قادروئـەوان رۆیـشتبون کـاك قادرجـەباریش بریـاری دابـوو لەگـەڵیان بـروات کـەزانی بـووی ئـەوان ســەرەرۆن ودەرۆن تاپەتەکــە لەگــەڵیان رۆیــشتبوو دوای گــەرابوەوە، لــە 985/12/10 لەمەکتەبی سیاسی بوین لەکاولان... کاولان گوندێکی بچوکەو لەبناری قەندیلە لەدیوی ئێرانە لەراستی دۆڵە کۆکەوئەوناوە لەئاڵۆتانەوە سەردەکەویت بۆی، لە985/12/11 کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزب هەبوو لەدوای ئەو گۆرانانەی بەسەر حزبدا هات وکـاك قـادرو کـاك عبـدالخالق رۆیـشتن وجیابونـەوەو نامـەی یـەکێتی بۆئێمەومەســەلەی ئاشتی بکرێت یا نە ، شەری عێراق ئێران وزۆرشـتی کـەدەبوو لەوکۆبونەوەیە باسی بکرێت بەلاٚم کۆبونەوەی ئەم جارە لەجارەکەی پێشوو جیاوازتربوو لەروی جێگاوئیدارەو نەوعیەتی قسەکان ومەسەلەی تری کۆبونەوەی کاولان لەروی جێگاوە حەضاری تربوو لەروی خانوبەرەوە 100٪ جیاوازبوو وەلەروی خەڵکی ناوچەکەوە جیاوازبوو وەلەروی ئیدارەوە ئیداریەکی باش وژیانێکی باشتربوو شارستانی تربووسەیارە لەبەردەم مەقەردا بوو کارەبا هەبوو پەیوەندی هەبوو میوەو قاوەو هەموو شتێك هەبوو نزیك بوو لەشار لەوکاتەدا کۆبونەوەی رێگن وخۆرباشۆف کرابوو مارکسیەکان یاتوندرەوەکان نەمابون و وەزعەکە ئارام تروباشترو حزب بەگەشە تربوو هەربۆیە لەشوشان (11) رۆژ کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی نەگەیشتە ئەنجام بەلاٚم لەکاولان بەدووررۆژ بەکۆمەڵێك بریاری باشەوە دەرچوین وقادرمستەفاش بووبەمەسئولی عەسکەری هەولێرتاوەکوهێزەکان کۆبکاتەوەو برواتە خوارەوە بۆ بارزان وەبۆدەشتی هەولێرخەڵکی بنێرن هەرلەورۆژانەدا قادر چاوشین ناردی لای پـارتی بگەریتـەوە لای سۆسیالیـست و بریـاری داو هاتـەوە لامـان ئەوکاتـە ماڵەکەی لەچەم پاراوبوو ناردمانەوە هەرێمی (4) لەچنارەی شەخەڵ مارین، لەرۆژی 985/12/13 لەمەکتەبی سیاسیەوە گەراینەوە کاك حاجی حاجی ابراهیم گلەیی کردبوو

کـەوەکو رەفیقـیش بێـت سـەردانی بکـەین وئەوسـەردانی لای مـەریوانی کردبـوو سـەری لەئێمـەش دابـوو بریارمـان دا سـەری لـیّ بـدەین مـن وخاڵـەحاجی ، لەشـەوی 13-985/12/14 چوینە ماڵی کاك حاجی جاجی لەنەغەدە ئەویش ببوو بەپارتی کاك حاجی لـەکۆنگرە خـۆی هەڵنەبـژاردبوو دوای بـەبریارێکی کۆمیتـەی ناوەنـدی کـرا بەئەنـدامی سەرکردایەتی کاك عەدنان هـەوڵی لەگـەڵ دابوودوای ئەوە بەکاك دکتـۆر محمودمان ووت بریارێك وەردەگرین بۆسەرکردایەتی دکتۆر محمود وتی خۆمن حاجی حاجی ابراهیم نیم شـتی واقبـوڵ بکـەم مـن لـەکۆنگرە خـۆم هەڵنەبـژرادوە لێـرە قبـوڵی ناکـەم بـەبریار بـبم بەئەندامی سەرکردایەتی دوای ئەوە من وکاك شێخ محمد چەند جارێك بەتـەنهاو پێکەوە نامـەمان بۆکـاك دکتـۆر دەنوسـی بگەرێتـەوە کوردسـتان وئـیش بکـات هـەتا وەختێك کـاك رەسـول و ئـەوان لەسـوریا بـون نامـەمان بۆنـاردو بەتەلـەفۆن بـەکاك رەسـول مـان ووت کـاك رەسـول وتـی پـێم باشـە کەچـی نـەمانزانی کـاك رەسـول زۆری پـیّ نـاخۆش بـوو وەدەیـوت بادکتۆر بێتـەوە ئێمە بەدڵێکی پاکەوە داوامان دەکرد دکتـۆر بگەرێتـەوە بۆخزمـەتی حـزب بوو نامەکانی من گەیشتبوە کاك دکتۆر ودوای خوێندنەوەی دابووی بەکاك رەسـول دوای (2-3) ساڵ کاك رەسـول وتـی ئێـوە نامـەتان نوسیوە بۆدکتـۆر محمـود بگەرێتـەوە وتمـان کـــاك رەســـول بـــەئێوەمان نـــەوت وتـــی ئـــەوە موئامەرەیەکـــە لـــەمن کـــراوە کەچـــی لەزۆرکۆبونـەوەش  خـۆی تـەرحی دەکردپێویـستە دکتـۆر محمـود بگەرێتـەوە نـازانین لەبەرئـەوە بووچـەند کەسـی کـە پـیّ ی خـۆش بـوو لەوکاتـەدا هەرقسەکەی تـەواو نـەکرا مامۆستا سەعد وتی دکتۆر محمودمان ناوێت بێتەوە کاك رەسول برا گەورەیەوئیتر دکتۆر محمودمـان بۆچیە وادیـاربوو کـاك سـەعد لەوکاتـەدا وائیجـابی دەکـرد ئەوقسەیە بکـات، لە985/12/14 لەنەغەدەوە بۆمهابـادو میـان دواوسـەقزوبۆکان و بۆبانـە و شـەولەبانەبوین لەئوتێل مروەتی دەرویش، لە985/12/15 لەبانە بوین نیوەرۆ کاك عوسمان قادرمنـەوەر دەعوەتی کردین لای ئەوبوین هەرچیمان کـرد رێگـای نـەداین بـرۆین هەرچەندە من حـەزم نـەدەکرد چـونکە لای پـارتی بـوو تـازە لای سۆسیالیـستەوە رۆیـشتبوو یـەك سـاڵ بـوو وەعدیان پێدابوو ژنی بدەنیّ لەخزمی کاك دەرویش ئاغا دوای کەچووە لایـان نـەیان دایـە و لـەئێران ژنـی هێنـابوو لەبانـە کـاك عوسمـان کـورێکی بـاش بـوو نـەك بۆسیاسـەت دوای

نیوەرۆ لەئارمردەوە چوینە چەم پاراو برادەران وتیان کاک قادر چاوشین گەراوەتەوە لای حزب و سەرێکی لێ بدەین چوین شەو نەی هێشت بگەرێنەوە لای ئەو ماینەوە، لە985/12/16 چوینە قوسامینەو شاوڵی وگەراینەوە چەم پاراو لەماڵی کاک عبداللەئاغای مویرە بوین سۆسیالیست بوو لەوکاتەدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی لەوێ بون، لە985/12/17 چوینەوە بۆشاوڵی وچەمەك وبۆمەریوان وبۆدزڵی، لە985/12/19 لەدزڵیەوە چوین بۆشاری سنەو بەفرێکی زۆر باری بوو لەچیای ئارێز بەنارەحەت سەرکەوتین، لە985/12/20 لەسنە بوین، لە985/12/21 لەسنەوە گەراینەوە دزڵی تارۆژی 985/12/24 هەر لەدزڵی ماینەوە، لە985/12/25 چوینە مەریوان و شلێروبۆشاوڵی وقوسامینە،

## دووبارە نامەی مام جەلال گەیشت ...

لە985/12/26 لەقوسامینەوە بەرێ کەوتین بۆچاڵە خەزێنەوبۆشاوڵی وگۆڵێ وگۆخلاڵن وبۆمەریوان و شەو لەماڵی کاک صالح بوین لەمەریوان دوای چوینە دزڵی وبەفر دەباری بەجیهاز هەواڵیان داینێ کەجاش چونەتە سەر پێشمەرگەو توفیق صالح کەلۆرانی لەلای کەلۆران وکەلەکە شەهید بووە و عومەری شێخ رەسول بەبرینداری گیراوە لەشارەزوور، ئێمە لەدزڵی بوین چەند نامەی مام جەلال م بۆهات وداوای کردبوو وەفدێك یانوێنەری خۆمان بنێرین و وە نامەکان چی کراوەو ئەوان رازی بوونە لەسەری وەلەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا ئەوان هەموو ئامادەیەکی خۆیان پیشان داوە بەکاک عەلی کەمال دا ناردبونی کاک عەلی کەمال دوای ماوەیەك بو بەنوێنەری یەکێتی لەسەردەشت و ئورمیە ئێمەش پێشتر بریاری کۆمیتەی مەرکەزی بوو کەوەلامی یەکێتی بدەینەوە و نوێنەر بنێرین وهەوڵی ئاشتی بدەین و منیش لەنامەی پێشومدا نوسیبوم بۆمام جەلال کاک شێخ محمد شاکەلی وکاک عبدالخالق هەورامی دێن و منیش هەوڵ ئەدەم وەفدێکی ئێرانیش لەگەڵ خۆم بهێنم لەوکاتەدا وەفدی ئێران بۆلای یەکێتی شتکی گرنگ بوو... ئێمە هەر دوای نامەکان کاک شێخ محمدو کاک عبدالخالق هەورامی وەکو نوێنەروعبداللە هەمزە ش وەکو ناوچەی دوکان بۆکردنەوەی مەقەرو وەگە شتێکی تەجریبی بزانین بەراستیانە رێگا ئەدەن مەقەر بکرێتەوە یانە، لە 985/12/30 لەمەریوانەوە گەرامەوە بۆدزڵی، لەرۆژی

985/12/31 کەدوارۆژی ساڵی 1985 بوو لەدرزلی بوین چەندین جار تەیارەی عێراق هاتە سەردزلی ومەریوان هەروەها لەساڵی 1985دا گۆرانی زۆرو سەرکەوتن وژێرکەوتن وکارەسات لەدونیا روی داوە یەکێك لەوانە دانشتنی رێگن سەرۆکی ئەمریکاو گۆرباشۆف سەرۆکی سۆڤیەت کەلەمێژوی ئەو(70) ساڵەو لەوسەردەمەدا شتێکی گرنگ ونویٚ بوو لەژیانی رۆژهەلاٚت ورۆژئاواو هەردوجەمسەرەکەی دونیا ... پاش کێشەی سۆڤیەت لەئەفغانستان سەرەتای دەرکەوتوو دەست کشانەوەی سۆڤیەت لەداگیرکردنی ولاٚتان یاواز هێنان لەدۆستەکانی شتێکی نویٚ یەو دەبێت ولاٚتان بەدیلێکی کە بۆخۆیان پەیدا بکەن ، ساڵی 1985 ساڵی شەر بوو هەروا ئیدامەی هەیە و نزیك بونەوەی سۆسیالست ویەکێتی و ئینشقاقی ئالاٚی شۆرش ویەکێتی و برینی گفتوگۆی یەکێتی وعێراق وئینشقاقی دوو ئەندامی قیادەی حزبی سۆسیالست و زۆرشتی کەی ناوچەکەو کوردستان وجیهان وروداوی سەیروسەمەرە لەدونیای پان وبەرینەدا (ئەو شتانەی لەسەر موفەکەرەکەی ساڵی 1985 م نوسراوە، دەربارەی حزبی سۆسیالیست وبزوتنەوە لەرۆژی 1976/5/10 لەبەغداد وەکو فکرەیەك تەرح کراوە وەلەرۆژی 1976/6/15 یەکەم بەیانی دامەزراندنی دەرچوو وەلەرۆژی 1979/8/8 لەکۆنفرانسێکە لەدراوی گۆرەشێر لای ناوچەی پشدەربوو بەحزبی سۆسیالیستی یەکگرتوی کوردستان (حسیك) دەکرێت ببێتە رۆژی دامەزراندنی حزب لەرێکخراوەوە بۆحزبێکی خاوەن بەرنامە).

## لە پادگانەکە دەرچوین کەس پرسیاری لیٚ نەکردین ...

(لە رۆژی 986/1/1 لەدرزلی بوین، لەرۆژی 986/1/2 لەگەڵ کاك عبدالخالق وبرادەران چوینە پادگانی مەریوان ئەوکات ئاغای سەرداری ئەحمەدی کەریمی مەسئولی قەرارگابوو لای ئەو بوین وهەستاین وتەیارەی عێراق لەناو پادگانی(حامیە)ی دا پێش تەقە سەیرمان کرد هەر جوندی بوو رای دەکرد جادە خۆڵ بوو بۆری بۆدانرابوو بۆئەوەی ئەوناوە نەبێت بەقور هەندێکیان بۆزێراب دانرابون هەر جوندی بوو خۆی دەکرد بەناوبۆریدا (4) جوندی چوبونە ناوبۆریەك ئاوە چڵکاوەکە پەنگی خواردبوەوە بەدەم وچاویان ئەوەیان لای سەرەوە بوو جوڵەیان نەدەکردباشترین تەدریبە بۆتەیارە بهاتایەت لەوکاتەدا هەڵمی گەرمی وگری ئاگرو ساروخ دەهاتە ناوپادگان وناوسەیارەکەی ئێمەوە

تەیارەش لەناو پادگان و هەموو لایەکەوە روبەروی ئەوان تەنها گرمەمانی گویٚ لیٚبوو من سەیارەم پیٚ بوو دیٚوورم کرد عەلی بچکۆلیش بوو تاگەشتینە بەردەم (باب النظام) دەیان جوندی لەدواوە خۆی بەسەیارەکەوە هەلٚواسی بۆئەوەی دەرباز ببیٚت لەناو پاتگانەکە خەتەربوو لە (باب النظام)وە کاتیٚك هاتین چەندین پرسیاریان لیٚ کردین وەلەکاتی دەرچوندا یەك کەس نەبوو وەبیٚ وەستان جگە لەجوندیەك نەبیٚ وتی بەمن سوارم بکەن سوارمان کرد لەوکاتەشدا هەر بەسوتفە بەرنەکەوتین یاهەرخوا رەحمی پیٚ کردین بەلاٚم ئیشی خۆمان تەواو کردبوو لەهەلٚساندا بوین وتەیارە هات ئیٚمە بەریٚ دەکەوتین بۆشلیٚروشاولٚی ومەقەرەکان)، لە985/12/3 لەقوسامینە بوین، لە985/12/4 لەقوسامینەوە لەگەلٚ کاك شیٚخ محمد چوینە سەردانی پارتی لای گۆلٚیٚ لەبن چیای لەریٚ دا لەلای پردی گۆلٚیٚ کاك خورشید شیٚرەودکتۆر ناصیح غەفور ئەوکات مەسئولی ناوچەی کەرکوك بوو لەگۆلٚیٚ لای شلیٚر لایان بوین تادوای نیوەرۆ لەویٚش قسەمان لەسەر روداوەکانی ئەوکاتە کردو کاك شیٚخ محمد بەریٚ کەوت بۆقوسامینەو منیش بۆ چەمەك پیٚشمەرگە جیٚگای کەم بوو کاك شەریف کەچەلٚ بەسەیارەی خۆی لەگەلٚمان هات تاچەمەك، لەرۆژی 5و986/1/6 هەرلەچەمەك بوین، لە986/1/7 لەچەمەکەوە بەریٚ کەوتین بۆقوسامینەو شەولەویٚ ماینەوە، لە986/1/8 لەخانوەکانی شاولٚی بوین وچوینە گۆخلاٚن وبۆمەریوان لەریٚگا سەیارەکانمان خراپ بون ئەوکات لانکرۆزیٚك و جیٚبی کورت مان هەبوو لەسنوری لقی سلیٚمانی دا ئیٚمە هەر دەگەراین وپارتیزان بوین لەشاخ، لە986/1/9 لەمەریوان بوین، لە986/1/10چوینە شاری سنەو لەویٚ ماینەوە تارۆژی 986/1/12، لە986/1/13 گەراینەوە بۆمەریوان ودزلٚی،

## ئیٚران وەلاٚمی نامەکەی مام جەلال دەداتەوە ...

لەرۆژانی 14و986/1/15 لەچەمەك بوین، لە986/1/16 لەچەمەکەوە بەریٚ کەوتین بۆ هەسەنەگورگ لەشارباژیٚر لای زی ونورك ریٚگامان لیٚ تیٚك چوو چوینە گوندی هەلٚوان و پاشان سەرکەوتینە سەرچیای هەلٚوان ..ئیٚران جادەی لیٚ دابوو بۆسەرچیاکە چونکە شویٚنیٚکی بەرزەو دەنواریٚت بەسەرگشت ناوچەکەدا پاشان گەراینەوە وچوینە بۆسکانیش هەر ئیٚرانی لیٚ بوو، ئەوکات حمە سەعید برازای نوری مەجید خانەقینی

بەسیجی ئێران بوو ئەوان لەوێ بوون گەراینەوە چەمەك لەوكاتەدا ئێران هێرشی بەدەستەوەبوو بۆلای سیتەك وئەوناوچانە ئێمە هێزێكمان ناردبووە شارباژێر لای چنگیان و نۆدێ وگورگەدەرو عازەبان بۆپشتەوەو هێزێك لەشارەزوورو هێزێك لەشارباژێر لەوكاتەشدا وەفدێك ئامادەبوو بۆسەردانی یەكێتی وبەسەركردنەوەی ناوچەكە، بۆهاوكاری لەگەڵ هێزەكەی پشتەوە ئامادە كردبوو هەروەها ئێران وەڵامی نامەكەی مام جەلال یان بەدەمی هێنابووەوە كەلەرێگەی منەوە بگاتەوە جێ ی خۆی خاڵ خاڵی وەڵامەكە لەلایەن ئاغای مونتەزری ومەسئولینی ئێرانەوە هاتبوو ئێمەش هێزێكمان لەبارێ وشیوەكەڵ لەگەڵ ئێرانیەكان دانابوو ئێران دەیوت پەیوەندی نێوان یەكێتی وئێران بەستراوە بەلێدانی كەركوك لەلایەن یەكێتی یەوە بەهاوكاری ئێران ئەگەر یەكێتی ئەوە قبوڵ بكات ئامادەین یارمەتی وهاوكاری بكەین ورێگای دەرەوەی بۆبكەینەوە و هەمووشتیان بۆبكەین وادیاربوو لەولاشەوە حاجی مستەفەوی لەرێگای برادەرانی ئێمەوە خەریك بون بەلاّم ئەوەی ئێران دەیویست قورس بوو وەفدەكەی ئێران نزیكەی(15) كەس زیاتر بون لەهەموو قەرارگاكانی ناوسوپای پاسداران نوێنەریان هەبوو لەهەموو دەزگاكانی دەوڵەت نوێنەریان هاتبوو هەریەكەش ئیشێكی پێ سپێرابوو ئەوانیش وەفدەكە باش یەكیان نەدەناسی مەسئولی وەفدەكە ناوی ئاغای مەسعود بوو تازە هاتبوە قەرارگای رەمەزان بەلاّم لەو مەسئول تریان تێدابوو هەندێك لەبرادەرانی وەفدەكە زۆر دژی یەكێتی بوون بەلاّم پێیان وتبون هەرچیتان دی لەرێگاقسە مەكەن چونكە دیموكرات ومجاهدین وكۆمەڵەوهەموو معارەزەی ئێرانی ئەوكات لەوێ بون، من پێشنیارم كردبوو كەكاك فەرەیدون عبالقادر وكاك شەوكەت بێنە كورەداویەو لەوێ بیانبینم وە وەڵامی نامەكەی مام جەلال یان بدەمێ و پاشان بگەرێمەوە بۆیە ئەوكاتە كاك فەرەدیونم دیاری كرد چونكە ئەوكات كاك فەرەیدونم بەواقعی تردەبینی لەگشت برادەرانی تریان بەلاّم مام جەلال زۆر تەئكیدی كردبووكە من برۆمە كانی مرداوێ لای یاخسەمەرولەنزیكەوە قسە بكەین حەزیشی دەكرد هەرچۆن بووە دووسێ پاسداریش لەگەڵم بێت وناوچەكە ببینێ ئێرانیش هەرهەمان رایان هەبوو منیش بریارم دا برۆم و وەفدە بێ سەروبەرەكەی ئێرانیش كەهەریەكەیان بەلایەكدا دەرۆیشت لەگەڵ خۆم ببەم كاك شێخ محمد شاكەلی

وكاك عبدالخالق هەورامی پێشترچوبونە لای مام جەلال وئیشەکان کرابوو گەرانەوە لامان مام جەلال یش لەسەرداوای من نامەیەکی نوسیبوبۆ مەکتەبی سیاسی سۆسیالیست کەتێیدا دەڵێت لەسەر رۆشنایی ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ کاك شێخ محمد شاکەلی وکاك عبدالخالق هەورامی ونامەکانی ئێمە وەفدێکتان تەشریف بهێنن ئەو نامەیە کاری ئێمەی ئاسان کرد لای سەرکردایەتی سۆسیالیست وکاك عبدالله هەمزەیش مەقەری ناوچەی دوکانی لەگاپیلۆن دانابوو دەست بەکاربون لەگەڵ شێخ عوبیدوگیراوەکانیشمان بەربوون ناردبویانە لایان قادرچاوشینش گەرابوەوە لامان کەپێشتر لای پارتی بوو ماوەیەك ئەویشمان ناردەوە لای هەرێمی(4) وناوچەی دوکان .

## خۆئامادە کردن بۆفەجری ( 9 ) . . .

ئێرانیش هێزەکانی خۆی بۆهێرش ئامادە دەکرد بەناوی فەجری(9)وە هێزێکی زۆر لەجەیش وپاسدار هاتبوون ئەوانیش پێکەوە هێرشیان نەدەکرد هەریەکەبەجیا رقیان لەیەك بوو پاسداران وەکو جەیشی شا سەیری جەشیان دەکرد و جەیش وەکو دوژمنی خەڵکەکەولەپشتەوەو بیّ تەجروبەو لێنەزان سەیری پاسدارانیان دەکرد هەموو کاتێك لەهێرشی هاوبەشدا ئەو منافەسەیە دەبووە هۆی سەرنەکەوتنیان لەو شەرانە منیش بۆپاراستنی خۆمان وپاسدارەکان وسەفەری لای مام جەلال وناوچەکەو ئیشی خۆمان ویەکێتی وئێران (40) پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم برد، لە986/1/16 لەچەمەك بەریّ کەوتین بۆ بۆسکان و وەفدەکەش بریاربوو لەبۆسکان حازربن لەوکاتەدا مەسئولینی ئێرانی هەموو لەوناوەبوون محسن رەزائیش لەویّ بوو بۆخۆئامادە کردن وبینینی ناوچەکەو زۆری کەش لەجەیش، لە986/1/17 لەبۆسکان بەریّ کەوتین بۆنەڵەسوو شیوەکەل وسیرین وباریّ ی گەورەوباریّ ی بچکوك ئەو گوندانە هەمووی لەبناری سورکێون لەناوچەی ئالانە شەو لەباریّ ی بچکوك ماینەوە یەکیّ بوو لەشەوە ناخۆشەکان لەدوو ژوری بچوکدا باران بوو هەموو بەپێوە وەستابوین هەرجێگانەبوو وەساردبوو دووکەڵ کوێری کردبووین تەڕی وماندوێتی رێگای دوورو درێژیش یەکیّ شارەزای لە بۆسکان و سیرین وباریّ ی بچووك هەبیّ کەم نیە وەئەزانیّ کەچەند ناخۆشە ئەو دوو ژوورە هاتبوونەوە سەر زەراعەت کەدروستیان کردبوو وەزۆر زەحمەت و ناخۆ ش بوو چونکە

پێـشمەرگەی ئێمــە لــەوێ بــوون لەگــەڵ هەنــدێك لەئێرانیــەكان بۆســەیری ناوچــەكە كەپەیوەندی بەو هێرشەوە هەبوو،لە1986/1/18 هەرلەبارێ بووین سـەیری ناوچەكەمان كـرد كـەعێراق تـاكوێ هەیـە، لـە باسـنێ ئـەوناوەو پێـشمەرگەو پاسـداران لـەوێ مانـەوەو بەشـێكمان گەراینــەوە بۆبـارێ ی گــەورەو شـیوەكەڵ وسـرین و نەڵەسـووبۆدوایئنیوەڕۆ سەعات دوو گەیشتینەوە بۆسكان واتە بە(7)سەعات بەبێ ووچان و ماندووبوون . شەوی 18–1986/1/19 گەراینەوە چەمەك وتازە شیخ عوبید وعلی شۆرش وئەوانـەیگیرابوون لەدۆڵەتوو وچنگیان گەیشتنەوە لامـان وئـازاد كرابـوون بـەڵام موعامەلـەی خراپیـان لەگـەڵ كردبوون بەتایبەتی كاك جەبار فەرمان قسەی پێ ووتبوون و وتبوی كەحسك مردوە وەكو شێخ عوبێدومحمـد هەمزەوشـۆرش بۆیـان گێرامـەوە كـاك جەبار قسەكانی وابووكەئـەوان گیرابون لای یەكێتی، تازەچۆن دەیەڵێن زیندووببنەوە وادیاربووكاك جەبار ئاگای لەحسك وجموجوڵی رووداوەسیاسیەكان وگۆرانكاریـەكان ونامەكـەی مـام جـەلال وهـەوا لـی ئێـران نـەبوو بۆیـە واقسەی بـەكادرەكانی ئێمـەو جنێـوی بەحـسك دابـوو كەئـەوەش كۆسـپێكی دروسـت كردبـو بـەڵام مـن لەگـەڵ ئەوەشـدا هەرئاشـتیم پـێ بـاش بـوو تاوەكوئەوانـەی نـاو یەكێتی بگەنە ئەوقەناعەتەی كەحزبی سۆیالست نـەك لـەناو ناچێت بـەڵكودەبێت یـەكێتی لەگـەڵی دا رێـك بكـەوێت هەرلەوكاتانـەدا كـاك حمـەی فـەرەجی قالەسـوور لەبـەری مەرگـە برینــداربوو بــەناوی حزبــی سۆسیالــستەوە بردیانــە ئێــران وخاڵــە حــاجی و بــرادەران خزمـەتیان كردووچـەندین برینـداری كـەی یـەكێتی بـەناوی سۆسیالـستەوە دەچـونەئێران بۆسەردان وهاتووچۆ، لەوێش كاك جەبار حسكی بەمردوو لەقەڵەم دابوو لە سنوری دۆڵی جافــەتی دووســێ كــادری حزبــی ســجن كردبــون وعەزیــەتی دابــوون وچــەكەكانی لــێ ســەندبوون .لــە1986/1/19 هــەر لەچــەمەك بــووین كۆبوونــەوەمان كــرد بەپێــشمەرگەو قسەمان بۆكردن لەسـەرجادەی چەمەك زۆر باران لێی دایـن وەزۆر هـیلاك بـووین چووینە گـۆڵێ وشـادەڵی بـەفرێكی زۆر بـاری بـوو. چووینـە قوسـامەینە كـاك شـێخ محمدشـاكەلی وكـاك عبـدالخالق لەسـەفەرەكەیان بـۆلای مـام جـەلال گەرابوونـەوە وەسـەركەوتووبوون لەئیشەكەیاندا مـام جـەلال جیهـازێكی بـێ تـەلی تۆمـسۆن و هەنـدێك دیـاری و(10) هـەزار دینـاری بۆنـاردبووم، جیهازەكـەم لای كـاك شـێخ محمـد لەقوسـامەینە دانـا چونكەجیهازی

وای لانەبوو هەروەهاجوابی نامەکەی هێنابووەوە وە لەگەڵ نامەی مام جەلال بۆمەکتەبی سیاسی بەناوی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیەوە نووسرابوو شەو لەقوسامەینە بووین و لە1986/1/20 لەقوسامەینە بۆشاوڵی وگۆڵێ و گۆخلان و مەریوان بەرێ کەوتین وە شەوچووینەوە گۆخلان لەڕێگا بەهۆی سەرماو بەفرەوە زۆر ماندوبووین لەگۆخلان لەماڵی پێشمەرگەیەکی خۆمان لاماندا وەپێشمەرگە کانیش دابەش بوون زۆر نەبووین (12) کەس بووین، هەرئەو شەوە رادیۆ بلاَوی کردەوەکە (ئیسپانیا بەرەسمی ئیسرائیلی وەکو دەوڵەت ناسی لەسەر ئەو کارە کۆماری ئیسلامی ئێران سەفیری خۆی لەئیسپانیاکێشایەوە ئەو هەڵوێستەی ئێران لەهەڵوێستی زۆر لەووڵاتانی عەرەبی باشتربوو)، لە1986/1/21 چووینە مەریوان ولەوێ وە بۆشاری سنەو شەولەسنە بووین ڕێگا زۆر خراپ بوو بەفرێکی زۆر باریبوو چیای ئارێز یان ملەی ئارێز زۆر بەزەحمەت سەیارە پێدا سەردەکەوت سەیارەی زۆر لەورێگایە وەرگەرابوون، لە1986/1/24 لەسنەوە بەڕێکەوتین بۆدیوان دەرەوسەقز کە(200کم) بوو وەبۆ بۆکان(35کم) بوو وەمیان دواو(55کم) بوو وەبۆمهاباد(50کم)بوو شەو لەمهاباد لەئوتێل بووین ئەو شەوە زۆریان زەحمەت داین تابەیانی لەئوتێل پاسداران چوار جار خەبەریان کردینەوە بۆکوێ دەرۆن..لەکوێوە هاتوون..بۆنوێنەرتان لەگەڵ نیە.. بۆچەکتان پێ یە...؟ زۆر نارەحەتیان کردین وەلە(سەیتەرە) زۆر عەزیەتیان داین ولەدیموکرات زۆر دەترسان وزۆر بەتوندی موعامەلەیان لەگەڵ خەڵکدا دەکرد ئێمە کەبەرەسمی و بەوەرەقەوە ئەوە حاڵمان بوو ئاخۆ دەبێت خەڵکی مهاباد لەوکاتەدا وەزعی چۆن بووبێت ..! پەشیمان بووین لەوەی لەمهاباد لامان داو زۆر جارئەگەر خاڵە حاجیمان لەگەڵ بوایە پێش ئەوەی برۆینە ئوتێل دەچووە بەردەم مەقەری سوپای شارەکە دەیووت یائەمشەو ژوورێکمان بدەنێ یاوەرەقەیەکمان بۆبکەن بۆئوتێل ئەوانیش جێگای کوردیان نەدەکردەوەلای خۆیان ناچار وەرەقەیەکیان ئەدا تەنها وەرەقەی سوپای ئەوشارە بۆئوتێل دەی خوارد ئێمەو خاڵە حاجی بەتایبەتی نامەی زۆر یاوەرەقەی تایبەتی هاتووچۆمان پێ بوو زۆر هەر لەسوپای مەرکەزی یەوە تاخوارەوەلەگەڵ ئەوەی ئێمەش وەرەقەی سەیارەو چەك وپێشمەرگەمان هەبوو بەلاَم هەر نەی دەخوارد لەسەیتەرە وەختی وابوو (7)کەس بەجیا جیا داوای وەرەقەی بەڕگەی

تـەرەدوودیان دەکـرد، ئەوشــەوە چـوار جـار هـەڵیان سـاندین لـە1986/1/25 چـووینە نەغەدەو لەئوتێل لامان دا شەوێکاك حاجی حاجی ئیبراهیم کەئەوکاتـە پـارتی بـوو لـەوێ دیمان، لە1986/1/26 چووینەخانەو کەوپەرو ئاڵوەتان وەبەفرێکی زۆر باری بوو، شەوێ لەئاڵوەتان بووین لەمەقەری هەرێمی(10)ی سەفین وەمەقەریان لەوێبوو وەزۆر خزمـەتیان کردین ئەوکاتـە کـاك سـابیرە لاتـە ئامرهـەرێم بـوو، رۆژی 1986/1/27 چـووینە ئاڵوەتـان بـەپێ بـەناو ئـەو هەمووبـەفرەدا گەیـشتینە مەکتـەبی سیاسـی وەشـەو لـەوێ بـووین کـاك رەسـول لـەوێ نـەبوو زۆر لەماڵـە پێـشمەرگەکانیش لـەئاڵوەتان بـوون، لـە1986/1/21 ئاڵوەتانمـان بـەجێ هێـشت و شـەوی 29–1986/1/30چـووینەوەبۆئاڵوتان کـاك رەسـول وبرادەرانـی گەرابونـەوە ئـەو شـەوەلەماڵی کـاك کـەمالی حمـەی بـاول بـوین زۆر لەسـەر رووداوەکان دواین وهەروەها قسەمان کرد دەربارەی پەیوەندی یەکێتی وئێـران وهـەروەها ئێمەویـــەکێتی و رێکخـــستنەوەی ئـــیش وکـــاری خۆمـــان وزۆر شـــتی کـــەش هەبووکەچارەسەربکرێت و قسەمان لەسەر کرد بەڵام بەفرو سەرما جوڵەی لێ بری بووین، لـە1986/1/30 لەئالوتانـەوە چـووینە ئورمیـە(رەزایـە) شـەو چـووینە ئوتێـل لـەرۆژانی 1تـا1986/2/4 هەرلەرەزایـەبووین، لـە1986/2/4لەرەزایـەوە بـەرێ کـەوتین بۆمهابـاد وبۆکان وسەقزو دیوان دەرەو وسنە رێگا(475کم)بوو گەشتینە سنە سەیارەکەمان خـراپ بـوو لـەرێگا هـەردەی بـری، رۆژی 1986/2/5 هـەر لەسـنە بـووین وبـۆ رۆژی1986/2/6 گەراینەوە بۆ دزڵی و لەوێ ماینەوە تا رۆژی 1986/2/9، شـەوی 9–1986/2/10 ئێـران لەشەتی عەرەبەوە پەریـەوەو فـاوی گـرت.. گـرتنی فـاو هـەر عێراقـی تـەنگاو نـەکرد بـەڵکو ئـەمریکاو سـعودیەو وولاّتـانی عـەرەبی و موعـارەزەی عێراقـی جگەلـە مەجلـسی ئـەعلای ئیسلامی بەتایبەتی ئەوەی لەسوریاودەرەوە دائەنیشت هەریەکەو لەئاستی خـۆی بـەیانی دژی گرتنی فاو دەردەکرد بەحزبی شیوعی عێراقیشەوە بەوەشەوە نەوەستا گەیشتەحزبە کوردسـتانیەکانیش لەوانـەش حزبـی سۆسیالـست لەسـوریا برادەرانـی علاقـات لـەوێ بەیانێکیان دژی گرتنی فاو دەرکردبوو ئێران بەوە زۆر نارەحەت بوو بەیانەکەیان بەبەریـد ناردبۆ رەزایە و بردبوویان بۆمامۆستا مەلا ناصیح ئەویش ووتبـوی چیە ..؟ ئـەوە بەیانـە لەدەرەوە دەرکراوە لەسەرفاو ، کێ دەری کردووە..؟ ووتبوی لەسـوریا ، ئـەویش ووتبـوی

من بەیانی ئەوانە ناخوێنمەوەو لای بە، ووتبوی مامۆستا سەرکردایەتی دەری کردووە . وادیاربوو ئەوبرادەرەش بەیانەکەی پێ خۆش بوو ،مامۆستا توورەبوو لەترسی ئێران ووتی فەردەیەك ئاردمان دەدەنێ دەتانەوێ بیبرن ئەوانەی بەیانەکەیان دەرکردووە( ....) خوارد، لەرۆژی 1986/2/11 لەقوسامەینە بوین لەگەڵ کاك شێخ محمد ئێمە دەمانویست بەتیرێك (4–5) نیشان بشکێنین .... ئاشتی یەکێتی وئێران ئاشتی زیاتری ئیشوکاری ئێمەو یەکێتی و بەسەرکردنەوەی رێکخراوەکانی حزب وسەردانی ناوچەو لایەنەکان وهەندێك کاری عەسکەری ئەگەر کراو رێکخستنی مەقەرات لەدۆڵی جافەتی و هاوکاری کردن لەفەجری (9) لەوسنورانە ئەمانە هەموو یەکی گرتبو لەلایەکی ترەوە عێراق بەهێچ شێوەیەك رازی نەبوو مەسەلەی کورد چارەسەر بکات ویەکێتی نیشتمانی ساڵی 1983 دا شەری لایەنەکانی دەکرو لەساڵی 1984 لەگەڵ رژێمدا بوو وەهەر هەمان ساڵ شەری حسك وشیوعی لەهەولێروشەری حسك لەشارەزوور دروست بوو... ئەگەر یەکێتی زوو فریانەکەوتایە نەك هیچی بۆنەدەکرا بەڵکو خەتەر کەوتە سەر کادرەکانی و سەرکردایەتیەکانی هەر رۆژە لەلایەك لێیان دەکوشتن یابەپارە شەخسیان لێ دەکرین جگە لەوەش لەمیسروکوێت وسودانی چەکدار دەکردو دەیکردن بەجەیش وپەلاماری کوردستانی پێ دەدان هەتا فەلەستینیەکان کەبۆ خوێندن لەزانکۆکانی عێراق بون جاسوسیان لەسەر کورد دەکرد وکوردیان بەگرتن دەدا ئێمەش رۆژانە بەیانمان لەسەر دەردەکردن لەعەرەب ترو لەفەلەستینیەکان زیاتر فەلەستینی بوین بێ ئەوەی مەسەلەکان لەسەر ئەساس بێت و هەڵی بسەنگێنین ئێمە لەوکاتەدا هەرچی لەدەستمان بهاتایە دژی عێراق دەمان کردو سیاسەتی یەکێتیش لەوەدا هەڵەبوو کەتەنها رێکەوتنی لەگەڵ عێراق مەبەست بوو هەرچەندە لەروی رێکخستن و مادی ومەعنەوی وزیاد بونی قەبارەی سیاسی و عەسکەری یەکێتی سودی وەرگرت بۆلاوازکردنی ناحەزەکانی لەجود بەڵام دوای داواکەی ئێرانی بۆلێدانی کەرکوك و قبوڵ کردنی ئەوخاڵە یەکێتی باجەکەی دایەوەوئەو زەرەرانەی لێ کەوت لەوە کەمتر نەبووکەپێشتر دەستی کەوتبوو، لەرۆژی 1986/2/11 لەقوسامینە بوین ئێران لەناوچەی جنوبەوە هێرشی کردوهەندێك جێگای کەشی گرت جگە لەفاو کەزۆرجگەر بربوو بۆعێراق، لە986/2/12 لەقوسامینەوە

بەزەحمەتێکی زۆر گەشتینە چەمەك و مەقەری لقی سلێمانی، لە1986/2/13 لەچەمەکەوە بەپێ بەرێ کەوتین قوربوو بە(4) سەعات گەشتینە بۆسکان ئەو رۆژە بارانێکی زۆرباری بوو، لە 1986/2/14 لەبۆسکان بوین شەر لەخواروی عێراق بەردەوام بوو ئێران سەرکەوتبوو عێراق(416) جار فرۆکەی هەڵسانبوو وە(280) جاریش هەلیکۆپتەری هەڵسانبوو پێشتر لەوشەرەدا وە(21) تەیارەی عێراق ئەو رۆژە کەوتە خوارەوە، لە رۆژانی 15 تا 986/2/17 هەر لەبۆسکان بوین وبەفر دەباری هەندێك خانوی پاسداروچادری لێبوو ئێمەش لەوبەفرە لەناو چادردا بوین وچاوەرێ بوین دنیا خۆش بکات بۆئەوەی وەفدەکەی ئێران بۆلای یەکێتی ببەین، لە986/2/18 لەبۆسکانەوە کەوتینە رێگا بۆنەڵەسوو سیرێن وشیوەکەل وبارێ ی گەورەوبارێ ی بچوك لای برادەرانی خۆمان هەر دوو ژوری بچوکی لێبوو بەڵام ئەم جارە گەرم بوو وەجێگامان تەنگ تربوو وەدنیاش ساردتربوو منیش (70) پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم بردبوو بۆئەوجەولەیە وەفدەکەش لەوەفدی صین و ئەوولاتە گەورانە دەچوو هێزەکان کاك رەمەزان دێکۆنی مەسئولی بوو هێزەکەی شاربازێرش کاك ئەحمەد قەدەفەری مەسئولی بووئەوانیش هەندێك رەسەدی ئێرانیان لەگەڵ بوو لەمەعەسکەری سیتەکیان دا... لەشاربازێری تەخت لەعازەبان وبزەینیان وگەرەدێ وچنگیان بۆهاوکاری هێزی ئێران لەوشەرە ئێرانشیان لەگەڵدابوون کەس بەتانی پێ نەبوو، لە986/2/19 بەرێ کەوتین بۆغەفاروموسەك و شەو لەوێ ماینەوە تاسەعات (2)ی شەو بەرێ کەوتین وچوینە غەفارودوچۆمان زوو چامان لێ نا لەرەبایەکانی رژێم لەسورە دزەوە (4–5) تۆپی پێوەناین لەوێش بەرێ کەوتین، لە986/2/20 چوینە مەروێ وشانەخسێ... لەشانەخسێ چوینە سەرشاخ چەکداری لێبوو تێیان خورین ئەوکاتە ئێمە هەر لەگەڵ یەکێتی کێشەمان هەبوو بەڵام ئەوتۆنەبوو بۆیە زۆر گوێمان نەدایە بەڵام وادیاربوو بەجدی تێ ی دەخورین ئێمەش وەڵاممان دایەوە و وتمان ئێمە پێشمەرگەی سۆسیالیستین کابراش ئەیوت کۆمەڵە کۆمەڵە ئێمە زانیمان دیموکراتی ئێرانە و ئێمە بەکۆمەڵەی ئێران دەزانێ بانگمان کرد حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراقین ئیتر کابرا بێ دەنگ بوو ئێمە لەشانەخسێ ئیسراحەتمان کرد پاسداریش لەوێ بون دەستیان بەنوێژی قەزا گەرانەوە کردو وتمان وەرن دانیشین ئەوە

هـەموی دیموکراتـە و کۆمەڵەیـە برادەنیـشمان بەپاسـدارەکانیان دەوت (کۆمەڵـە جـان راز میگـی خودانیـست) جارێـك پاسـدارێك لەسـەر چـەمێك ئـاو دەهـێنێ کۆمەڵـە دەیگرێـت ئـەوانیش ئەوەنـدەیان پـێ وتبـوون کۆمەڵـە دەڵێـت خوانیـە هەرچاوی پـێ دەکـەوێت ئـەو قسەیە دووبـارە دەکاتـەوە خوالێمـان هـەڵناگرێت کۆمەڵـە لەوبارەیـەوە درێغـی نـەکردووە وەیـەکێ لەهۆیـەکانی سـەرنەکەوتنی کۆمەڵـە لەشۆرشـی چەکداری دا وەکو شـتی غـەریب لەناوخـەڵکی کوردسـتان ئـەوەبوو... دیموکراتـەکان وادیـاربوو منیـان ناسـی وهاتنـە خوارەوە بۆلامـان ونانیـان بۆهێنـاین وهاوکاریـان کـردین وپێیـان خـۆش بـوو سۆسیالـست هاتۆتە ئەوناوەو بەتایبەتی ئێمـە، لـە986/2/20 بـەرێ کـەوتین لەچیای گمـۆ سـەرکەوتین هەربـەفربوو زۆر مانـدوو بـوین... بـەهادین کـەریمی خولـە ساختەچـی لەهـەورازەکان دەکـەوت و لـەکاتی ئیسراحەتدا بەقـەد هـەموو دانیـشتوان قسەو فشقیاتی دەکـرد بـەڵام لەهـەورازێك کـەوتبوو بـەمن وکـاك رەمەزانـەوە بـەپاڵ سـەرمان خـست و زۆر مانـدوبوین، شەوی 20-986/2/21 سەعات (10) گەشتینە گومرگی میراولای کورەداوێ وادیاربوو مەقـەری یـەکێتی لـەوێ ئاگـادار کرابـون و هـاتن و پێـشوازیەکی گـەرمیان لـێ کـردین لەوەدەچوو مەقەری رێکخستنی گومرگ وشتی وابون شەو لەوێ پشویەکی باشمان دا و بۆبەیانیەکەی چوینە کورەداوێ لەمەقەری کاك سەلیم ئاغا کەئەوکات سەرتیپ بوو لـەوێ ماینەوە... کاك سەلیم لەکارەساتی هەکاری پێکەوە بوین قسەی کرد ناسیمەوە وابزانم بریندارببوو لەوکاتـەدا چوینە کونجرین وابزانم غـەریب کرنجرین تەسلیم ببوەوە یادوای ئەوەبوو،

## چاو پێکەوتنی ئێمەو وەفدی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ مام جەلال ...

شـەوی 21-986/2/22 بـەرێ کـەوتین بـەناو دووسـێ کوشـکی سـەرو کۆشـکی خـوارو رۆشتین لەپردەکەی کارێزە پەرینەوە لای ئۆردوگاکەوە چوینە کارێزەی کۆن و بەشارەزای یـەکێتی پاسـداران و ئێمـەش (70) کـەس بـوین نزیکـەی (100) کـەس زیـاتر لـەکارێزە لـەماڵی کـاك شـێخ محمـود لامـان دا، کـاك شـێخ محمـود خـۆی لـەماڵ نـەبوو وادیـاربوو لەسـلێمانی دادەنـشیت... لـەوێ مـام جـەلال کـاك ئەبوشـەهاب وچـەند کەسـێکی نـارد بۆپێشوازی ئێمەلەکارێزە بە(7-8) سەیارە وە چاوەرێیان دەکرد کاك ئەبوشـەهاب ووتـی

پێت سەیر نیە من هاتوم بەدەمتەوە بۆپێشوازی منیش ووتم ئەوە فەنییاتی مام جەلالە چونکە لەوانەی دژی من بون لەناویەکێتی دا کۆن تەنها ئەبو شەهاب مابوو وتم تەنها تۆ ماویت هەموی رۆیشتوەتە لای ئالأی شۆرش یا سجنن ئەوکات مەلابەختیارومامۆستا پشکۆ وکاك محمود کەشکۆڵ لەسجن بون منیش ووتم وادیارە سۆسیالیست ویەکێتی لەمن وتۆوە ئاشت بونەوە دەست پێ دەکات ئیتر لەوێ بەرێ کەوتین وچوینە گاپیلۆن و دابەش بوین ئێمە شەو چوینە ماڵێ وەبۆبەیانیەکەی چوینە ماڵی کاك شۆرش اسماعیل سەرتیپی (47)ی پیرەمەگرون بوو کاك وەستا ئەحمەدی براشی لەوێ بوو، لە986/2/22 چوینە مالومەو بۆیاخسەمەروکانی مرداوێ لای یەخسەمەر وبۆمەقەری مام جەلال ومەکتەبی سیاسی لەوێ بون... مام جەلال پێشوازیەکی گەرمی لێ کردین وهێزەکەمان هەندێکی لەمەقەری خۆمان لەگاپیلۆن بەجێ هێشت و ئەوی کەش هاتن هەموو چەکی بەدەستەوە بوو زۆر سیقەنەبوو حەرەسەکانی مام جەلالیش رێگای لێ گرتبون وادیاربوو مام جەلال پێی وتبوون کەس لێیان نەپرسێت وچۆن دەگەرێن بابگەرێن بەچەکەوە لەمەقەری مام جەلال بۆرۆژی دوای من هەمویانم ناردە خوارەوە تەنها دوو پێشمەرگە مایەوە لەگەڵ کاك رەمەزان دا مام جەلال پێشوازی لەپاسدارەکان کردوو میوان داری لێ کردن وقسەکراودوایش کۆبونەوە کرا... من بەمام جەلالم ووت هەموو داواکانی ئێران لێدانی کەرکوکە ئەگەر ئێوە ئەوە بکەن هەمووکێشەتان لەگەڵ ئێران چارەسەر دەبێت و هیچی وا نامێنێت و پارتیش بانگ دەکەن و پێیان خۆش بێت یانا لەگەڵتان ئاشت دەکەنەوە بەلأم مام جەلال ئەگەر ئەوە بکەن ئەو وەزعەی ئێستا هەتانە نامێنێ و عێراق رێگا نادات لێرە بن کیمیاوی تان لێ ئەدات وەکو شتێکی مێژویی، لەرۆژی 986/2/22 لەدوای نیوەرۆ دیسانەوە بەمام جەلالم وت ... مام جەلال وتی ئەوان یارمەتی ئێمە بدەن ئێمە ئێستا شەری باش دەکەین... وتم من ئەوە رەئی خۆمەوحەزیش دەکەم رێکەون بۆیە ئەم محاوەلاتانەم کردوە و ئەم پاسدارانەش هی هەموو دەزگاکانی ئێرانیەو تەنها بۆ متابعە کردن ورەئی ئێوەو ناوچەکەو وەزعی سیاسی وئابوری وعەسکەری ناوچەکە چیە بۆئەوە هاتون و بریاریان پێ نیە بەلأم رەئیان وەردەگیرێت و ئەتوانن قسەی باش بکەن وە رەئی خۆمم دا لەسەر مەسەلەکان ... من دەمویست برۆمە ناو گوندەکان و جەماوەر

لەگـەڵ پێشمەرگەی خۆمـان جەولـە بکـەم بەرنامەیـەکی دانراوهـەبوو بۆدەعوەت کردنمـان ئیتر هەر لەگەڵ نامەکانی مام جەلال دا کاك مـلازم عومـەروکاك نەوشیروان وزۆری کەیان نامەیان بۆمن نوسیبوو کەیەکێتی بەراستێتی ونایەوێت هیچ فروفێڵێك بکات... من خـۆم دەمزانـی یـەکێتی بەراسـتی بێـت یابەراسـتی نـەبێت بـەلاّم برادەرەکـانم شـارەزای یـەکێتی نەبوون بۆیە دەترسان من لـەو کۆبونەوانـەدا تیا بچم منـیش دەمزانـی یـەکێتی پێویـستی بـەهاوکاری مـن و سۆسیالـست هەیـەو لەورێگاشـەوە کۆمـاری ئیـسلامی ئێـران ئاگایـان لەچونی من بـوو بۆیـە یـەکێتی لەوکاتـەدا مـصڵەحەتی نـەبوو کێـشە لەگـەڵ ئێمـە دروسـت بکات، لەرۆژی 986/2/23 مام جەلال وتی کاك نەوشیروان دەعوەتی کردویت منیش پێم خۆشە برۆیت بۆدەعوەتەکەی لەبەرگەڵوو... مەبەستی مام جەلال دووسیّ شت بوو لەوانە مـن وکـاك نەوشـیروان لـەدوای گـرتنی کـاك نەوشـیروان یـەکمان نـەدیبوو ئـەو پەردەیـە لەنێوانمان نەمێنیّ و رۆشتنی من بۆبەرگـەڵوو سـەردانی کـاك نەوشـیروان ئـەو شـتە لـەدڵی نـــەمێنیّ منـــیش چـــومە بەرگـــەڵوو کەمەقـــەراتی یـــەکێتی بـــوو بینـــیم وســـەردانی خەستەخانەودەزگاکانی ترمان کرد و شەو لەگەڵ کاك نەوشیروان قسەمان زۆر کرد لەسەر روداوەکان بەکاك نەوشیروانم وت پارتی ئاشتی لەگـەڵتان ناکـات ئەگـەر واقیعەکـە نـەبینیّ دەعوەتی پارتی بکەن  یالەگەڵ ئێران رێکـەون ئەوکاتـە ئێـران ئـەوان دەهێنیّ لەگـەڵ ئێـوە رێـك بکـەون، لـەرۆژی 986/2/24 لەبەرگـەڵوو لەمەقـەری کـاك نەوشـیروانەوە گەراینـەوە یاخسەمەرولای مام جەلال لەگەڵ مـام جـەلال قسەمان کـرد لەسـەر روداوەکـان چـی بکـەین باشە، لەرۆژی 986/2/25 لای مـام جەلالـەوە بـەریّ کـەوتین وچوینە مالومـەو کۆڵەکـەردو قـەیوانی بـچوك وشـەو لەقـەیوانی گـەورە بـوین و ناردمـان پێـشمەرگەکانمان گەرانـەوە بۆئـەوناوەو هەنـدێکیان جەولـەیان دەکردلـە گوندەکانـدا عـەلی مـاوەتی شمـان لەگـەڵ بـوو ئامرکەرتی سۆسیالیست بوو... هەرئـەو رۆژە ئێـران هێرشـی دەسـت پـیّ کـرد بۆناوچـەی شاربازێرو بۆسۆرەڵەو هەرمێڵـەو دۆڵـەتوو بـەرەو سورکێووچوارتاو شـاخی کـەتوی نێـوان چـنگیان ودۆڵـەتووی گـرت و بـەرەو گونـدەکانی نـۆدیّ وگـەرەدیّ ولەولاشـەوە بـەپردی جەلالەوە بەرەو کەناروێ و چوارتا لەقۆڵی کەتوەوە ئێران زۆر هاتە پێشەوە ... تۆپخانەی ئێران زۆر بەتوندی لە مەعسکەری سیتەکی دەداو هەر سـوتاندی شـەر بەگـەرمی لەهـەموو

لایەکەوە بەردەوام بوو، لە986/2/26 لەقەیوانەوە چوینە خەمزەو چوینە سیرەمێرگ و لەگەڵ هێزەکەی کە لەبەری شارباژێری تەخت بووقسەمان کردبەجیهاز وەلەگەڵ سورێنیش بەجیهاز قسەمان کرد وەلەگەڵ قوسامەینەشەوە هەر پەیوەندی هەبوو، لە986/2/27 چوینە موغاغ، لە986/2/28 چوینە سیرەمێرگ وتا 986/3/1 هەر لەسیرەمێرگ بوین موتابەعەی وەزعەکەمان دەکرد وەلەبازەگیرەوە خەڵکمان بۆسلێمانی دەنارد بۆلای برادەرانی رێکخستنی ناوشار... شەری عێراق ئێران بەردەوام بوو لەناوچەی چوارتا جاش لەوشەرە زۆر کوژرا لەوانە شەمەی هارون و تاهیرامامی وزۆری کەش جەیشی عێراق شپرزەوپەراگەندە ببوو لەوانە زۆر خۆی تەسلیم بەهێزەکانی ئێمەو یەکێتی دەکرد، لەرۆژی 986/3/2 چوینە مارەرەش و شەولەویَ ماینەوە هێزەکەی یەکێتی سیرەمێرگیان چۆڵ کردبوو کەتیپی (21)ی کەرکوك بوون جاش و جەیش هاتبووە سیرەمێرگ، لە986/3/3 چوینە پشتی مارەرەش، لەرۆژی 986/3/5 هێزێکی جاش وجەیش هاتە خەمزەو ناوچەکەی گرت شەر لەنێوان یەکێتی و جاشدا دەستی پیَ کرد ئێمەش لەمارەرەش و قەیوانەوە گەشتینە جێگای شەرەکەو بەتەقەیەکی کەم جاشەکان هەڵهاتن و زیانی ئێمە دوو خانوی هاولاَتیان و دوومالَیان سوتاندبووهەلیکۆپتەر (6) تراکتۆری هاولاَتیانی سوتاندبوو وەهاولاَتیەك بەناوی حمە رەشید حەسەن لەخەمزە شەهید بوو تەمەنی (53) ساڵ بوو وەسایەقی تراکتۆرێك بەناوی عوسمان پێنجوێنی شەهید ببوو کەدانیشتوی قەیوان وەدوو پێشمەرگەی یەکێتی بریندارببوو هەر لەخەمزە، لە986/3/6 لەلای کارێزەوە چوینە گاپیلۆن و تارۆژی 986/3/10 هەر لەویَ ماینەوە لەمەقەری خۆمان وە لەویَ کاك شۆرش اسماعیل زۆر خزمەتی کردین وەکاك صابیرماوەتی دەعوەتی کردین، لە986/3/11 وەفدەکەی ئێران گەرایەوە جگە لەدوو کەسیان کە لەقەرارگا بون ئیتر هەمویان گەرانەوە ... چوینە ولاَغ لوو بۆسەرجادەو سەیارەی مجاهدین هات پاسدار خۆی پیاهەڵواسی بوو سواربن مجاهدینەکان زانیان پاسدارە سواری نەکردن و لەویَ سەیارەمان بۆگرتن تاقامیش وگەلاَلەو بۆزەرون لەوێش پێشمەرگەمان لەگەڵ ناردن و بەرێمان کردنەوە وە تێگەشتن کەیەکێتی دژی عێراقە... ئێمەش شەو لەماڵی کاك حەمید بڵباس بوین کەمەسئولی

گومرگ بو لەزەرون خزمەتیان کردین، لە986/3/12 کەوتینە ڕێ بۆولاغ لوو گاپیلۆن وشەو چوینەلای قەیوانی گەورەولەوێ ماینەوە، لە986/2/13 هەر لەقەیوان بوین چەند ساڵ بوو کاک حامید حاجی خالیدم نەدیبوو کاک وەهاب ووتی ئێستا کاک حامید دێتە ئێرە ئەوکات هەموو مەسئولەکانی یەکێتی سەیارەی لانکرۆزی ئاخر مۆدیل و شتی ترو بۆکاک حامید پیکابی کۆنی مۆدیل 1979 وچاوێکی هەر لەبنەوە لایتەکەی تیانەبوو... پێم ووت کاک حامید پێم خۆش نەبوو دوای ئەوەندە ساڵ تۆبەوحاڵەوە ببینم،

## سەر نەکەوتنی هێرشی فەجری ( 9 ) ...

لە986/3/14 سەرکەوتین بۆلای ئەزمەرەوە لەپشتی قەیوان و خەمزەوە ناوشاری سلێمانی لەو بەرزاییەوە زۆر جوان دیاربوو هەرئەو ڕۆژە جەیش وجاش هێرشی کرد بۆناوچەی کورەداوێ ولەولاشەوە جەیش درەنگ پاسدارانی بەدل کردبوو لە کەتوو پاسداران چۆڵیان کردوو عێراق هێرشی بۆکردەوەوئێران شکاو گەرایەوە جێگای یەکەم ڕۆژی بۆیە هجومی فەجری (9) هیچ سەرکەوتوو نەبوو هەموی شکاو زەرەروزیانی زۆریان پێ کەوت لای مەقەرەکانی بەردەم چەمەك وچاڵەخەزێنە دا، لە 986/3/15 هەلیکۆپتەری عێراق هاتە سەر گاپیلۆن وهێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەی لقی سلێمانی بەئار.بی.جی و چەکی کە لێیان دان و هەلیکۆپتەرەکان هەڵهاتن دوو ئافرەت لەگاپیلۆن بریندار بوون ئێمەش هەرلەقەیوان بوین، لەرۆژی 986/3/18 لەقەیوانەوە بۆکۆڵەردونزیك کارێزەو بۆگاپیلۆن، لە986/3/19 هەرلەگاپیلۆن بوین، لە986\3/20 چوینە یەخسەمەرولەماڵی کاک ئەبوشەهاب دەعوەت بوین، لە986/3/21 ئەو رۆژە نەورۆز بوو هەر لەیەخسەمەر بوین ودەعوەتی ماڵی کاک فەرەیدون عبدالقادربوین دەمانچەیەکی (15)خۆری بەدیاری داینێ منیش لێم وەرگرت وە سەری مام جەلالم داو گەراینەوە بۆمالومەوگاپیلۆن وبۆمەقەری خۆمان و بۆولاغ لوو بەسەیارە سەرکەوتین و چوینە سەرجادە بۆقامیش وگەلاڵە هەرئەو ڕۆژە چوینە سەفرەو شەولەماڵی کاک حەمید بڵباس بوین لەسەفرە، لە986/3/22 بەرێ کەوتین بۆسەرئاو وچەم وپەرینەوە و چوینە هەرزنەوچوینە بێ توش ولەمزگەوتی بێ توش بوین زۆر هیلاك بوین، لە986/3/23 لەبێ توشەوە چوینە سەردەشت و شەو لەسەردەشت ماینەوە،

## هەنگاونان بەرەو ئاشتی لایەنەکان ...

لـەو986/3/24 چـوینە بانـەو بۆئـارمردەو بلکـەیی و چـەم پـاراو وقوسـامەینە شـەو لـەوێ ماینـەوەو باسـی نەتیجـەی جەولەکـەمان کـرد لـەروی سـەرکەوتنی و بـەعام بـاش بـوو وەبریاردرابوولـەو ماوەیـەدا وەفـدێکی حـزب بـروات بۆیەخـسەمەر وبـەیانێکی هاوبـەش لەرادیۆ بخوێندرێتەوە ئیتر ئێمە هەر لێرەوە کەوتینـە قسە کـردن لەگـەڵ یـەکێتی بۆلەگـەڵ پارتی رێك ناکـەون وجارجاریش لەگـەڵ پـارتی باسمان دەکردولەگـەڵ یـەکێتی وپاسۆك وەبـۆحزبی شـیوعیش باسمـان کـرد ئەگـەر ئاشـتی ببێـت هەمـە لایەنـە بێـت باشـە، لە986/3/25 لەقوسامەینە بوین... قوسامەینە گونـدێکی چۆڵ کراوبوو (لـەکاتی خـۆی لەسالأنی 1977 و1978 هەر لەوگونده لام داوە ئەوگونـدە لەسـەر چـەمی سیاگوێزوچـەم پاراوەو لەدامێنی سورکێوە لەگەڵ گۆلێش دا چەمێکیان بەینەوجێگایەکی ناوداروئاودارو خۆشـە ئێمـەش ئاوەدانمـان کردبـووەو مەقـەری لقـی کـەرکوکی حزبـی سۆسیالیـست لـەئاخری سـاڵی 1984 وەتـا مـانگی 7ی 1988 لـەوێ بـوو وەمەقـەری لقـی سـلێمانی لەچـەمەك بـوو)، لـە986/3/25 چـوینەمەریوان ودزڵـی ئـەوکات ماڵمـان لـەدزڵی بـوو بۆئیسراحەت دەچـوم بـەلأم مـن بەدرێـژایی شـۆرش هەرلەشـاخ وگـەران و لەسەرسـنوری ئێرانیش مەگەر بەئیشی حـزب یابەتایبـەتی لەجەریـدەو گۆڤارەکـان چـەندرۆژێك مەشغوڵ بوایەم لەکاتێکدا کادری راگەیاندن کەم بوو ئەگینا ئیشەکان دەبوو هەمیشە بەدوایـەوە بم ئـەوکات کـاك عبـدالخالق هـەورامی بوبەمەسئولی علاقـاتی مـەریوان وکـاك سـەید قادرمـان هێنـاوە لـق بۆکـارگێری لقـی سـلێمانی، لـەرۆژانی 26و986/3/27 هەرلـەدزڵی بـوین، لـە986/3/28 چـوین بۆسـنە... هەرئـەو رۆژە ماڵـەوەمان لەکوردسـتانەوە هـاتن لـەرێگای چـوارتاو کـەناروێ وە زۆر بەزەحمـەت لـەرێگا لـەولأغ کـەوتبون وهـەمویان سەروچـاویان شـکابو ئازاریـان پـێ گەیـشتبوو تاگەیـشتبونە مـەریوان، لـە986/4/1 لـەدزڵی خانومـان بۆگرتن ومناڵیشمان ئەو ساڵە خستە قوتابخانـە بـەلأم لەبـەر ئـەوەی دەرسـەکان فارسـی وتەرجومـەی مامۆسـتاکان هەورامیانـە بـوو مناڵـەکان دەرنەچـووبون و ئەوسـاڵەیان فـەوتا لەوێ کچە گەورەکەشمان چەند ساڵێکی فەوتابوو ئەوانیش مان لەگەڵ خۆمان توشی ئـەو هەموو کێشەیە کردبوو ئەوان هیچ گوناهیان نەبوو جگە لەوەی مناڵی ئێمە بون وئێمـەش

تاوانمان ئەوەبوو خوا بەکورد دروستی کردوین... هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاك شێخ محمد وبرادەران چوینە دیوان دەرەو بۆسەقز کاك شێخ محمد وبرادەران چون بۆرەزائیەو ئێمەش بۆبانەو چەم پاراو وبلەکی وشاوڵی کەناویان نابوو ئازادی و بۆقوسامینە، لە986/4/2 لەقوسامینە بوین پەیوەندیش لەوێوەوە ئاسان تربوو، لە986/4/3 چوینە ئازادی وگۆڵێ وچەمەك ونورك وبۆسکان و سەری برادەرانمان دا لەبۆسکان وگەراینەوە ڕێگا زۆرخراپ بوو چەند جارێك خەریك بوو وەربگەرێن وبکەوینە خوارەوە لەشاخەکەوە وەتۆپی عێراق زۆر دەیدا لەسەر ڕێگاکەمان بەلآم نەی دەپێکاین... کاك شێخ محمد شاکەلی لەرەزائیە بوو بریاربوو وەفدێکی حزب بروات بۆلای یەکێتی وەفدەکە بریتی بون لە (کاك شێخ محمد وخالەحاجی وکاك قادرجەباری) ئێمە لەبلآوکراوەی مانگی 1986/4 دا باسی جەبهەیەکی کوردستانی مان کردبوو وەفدەکەی حزب لەسەردەشتەوە بەرێ کەوتبون وە لەرۆژی 986/4/23 دوای ئەوهەموو شەرە بەیانێکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وسۆسیالیست دەرچوو وەلەرادیوی هەردوولا بلآوکرایەوە هەرچەندە پێشتر سەدان پێشمەرگەمان تێکەڵ بون بەلآم ئەم جارە بەیانەکەو لەسەر چەند خاڵێکی ئەساسی ڕێکەوتبوین و وەستاندنی شەرودوژمنی هاوبەش وهەوڵدان بۆئاشتی لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەسەر ئەساسی کوردایەتی و دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی لەروی سیاسی وراگەیاندن وعەسکەری دژی عێراق وەلیژنەیەکیش دانرا بۆموتابەعەی کارەکان و هەرکێشەیەك روی دا بەگفتوگۆ چارەسەر بکرێت نەك بەچەك وزەبرو زەنگ دەرچونی بەیانەکە بزمارێك بوو لەتابوتی جود درا ئەگەر یەکێتی لەجیاتی ئەوەی ئەو هەموو شەرەی جودی کرد ئەوهەموو هەوڵەی لەگەڵ پارتی وحزبی شیوعی دا بۆرێکەوتن هەر سەرەتا هەوڵی ئاشتی لەگەڵ سۆسیالیست بدایە هەمووشت ئاسان تردەبوو کەسیش ئەوەندە نەدەکوژرا وزوو شەری ناوخۆ چارەسەردەکرا، بەیانەکە ئومێدێکی گەورەی دا بەجەماوەروپێشمەرگەی هەردوولاو خەڵکی کوردستان بەگشتی ودوژمنیش نائومێدبوو وەترسی لێ نیشت و لایەنەکانی جودیش دەستیان لەبن هەمانەکەوە دەرچوو کەدژی سۆسیالیست بون وپشتیوانیان لەکاك قادرعەزیز دەکرد دژبە حزب بەتایبەتی پارتی زۆر سەخڵەت بوولەو ڕاستیانەی سەرەوە، لە986/4/4 لەشاوڵی

وه چوینه قوسامینه و دوای بۆشاوڵی وسەری مەقەری پارتیمان داو كاك عوسمان قادرمنەوەر لەویٚ بوو وادیاربوو نارەحەت بون هەواڵیان دەزانی كەوەفدی سۆسیالیست رۆیشتوه بۆلای یەكێتی وئێمەش بریندارونەخۆش وخەڵكی سەربەیەكێتی دەبەینە ئێران و هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئێران رێكیان بخەین دوای چوینە عیزەت ئاواوگەرمك وگۆخلان وساوجی ومەریوان شەولەویٚ ماینەوە، لە986/4/6 چوینەوە دزلی لەوێوە چوینە نزیك ملەخوردو گەراینەوە لەبەربەفر رێگا نەبوو مەقەرەكانی كانی خەیاران لەبەر بەفر هاتوچۆیان برابوو (10) رۆژجارێك كەسێك بەسەڵتی دەهات بۆئەوەی هەواڵ بزانیٚ ماون یانە ئەو زستانە بەزۆری نوری حمە عەلی وعەتاباشكی لەكانی خەیاران بون وەكو مەسئول، لە986/4/7 لەدزلی وە چوینە مەریوان وگۆخلان وقوسامینەو شاولی و هەمان رۆژبۆمەریوان و شەو گەراینەوە دزلی، شەوی 8-986/4/9 میوانمان هەبوو پشتیوانی كورم ئاوی گەرم وچای پیا رژاو منال بووتەداویان كردقاچی زۆر سوتابوو، لەرۆژی 9و986/4/10 هەر لەدزلی بوین وخەریكی ئیشوكاربوین وەدوو جیهازی لاسلكی مان كری بۆمەقەری قوەی هەورامان شەبەكەی بیٚ سیم مان لەناودزلی وە بۆبەری قەرەداغ و تەواوی شارەزوورو مەكتەبی سیاسی كاولان وشارباژێر هەمووی هەبوو من لەناو دزلی وە رۆژانەپەیوەندیم هەتا لەگەڵ مەفرەزەكانیش هەبوو ئەوە زۆر گرنگ بوومنیش مەسەلەی پەیوەندیم لامەبەست بوو هەر ئەوەش بوویارمەتی دەداین لەكارەكان سەردەكەوین وئاگامان لەیەك و جموجۆڵی خۆمان ودوژمن و تەوجیهاتی رۆژانەمان هەبوو بۆهێزەكانمان لەهەرجێگایەك بونایە، لە986/4/11 لەدزلی ومەریوان وگەرمك وشاولی بوین كۆبونەوەی لقمان هەبوو لەسەر روداوەكان وبەرنامەی تازە دوای دەرچونی بەیانی هاوبەش لەگەڵ یەكێتی وناردنی زۆربەی هێزەكان بۆشارەزوورو قەرەداغ وشارباژێرو دۆڵی جافەتی وخۆئامادە كردن بۆكاری گەورەی سەربازی، شەوی 11-986/4/12 بەرنامەی تەواوی ئیشەكانی سنوری لقی سلێمانی مان دارشت و هەریەكە بۆئیشی خۆیی و ئەحمەد قەدەفەری مان كرد بەمەسئولی یەكەمی قوەتێك بۆسنوری قەرەداغ بروات و ئەگەر رێگایان گرت ئاگادارمان بكەنەوە دوای دەرچونی بەیانی هاوبەش ورێكەوتنی نێوان هەردوولا، لە986/4/12 من وكاك شێخ محمد

وخاڵەحاجی وکاك قادر چوین بۆسەردەشت نەوەك لەرێگا گێچەڵیان پێ بکەن هەرچەندە شتی وانەبوو چوینە گۆڵێ وبانەو سەردەشت و شەو لەماڵی عەلی ماوەتی بوین لەسەردەشت، لە 986/4/13 گەراینەوە بانە پێش ئەوەی بگەینە گەرمك تەیارەی عێراق لەگەرمکی دا چونکە ئەوناوە هەندێك بینای گەورەی تیامابوو ئێران گرتبوی و جەیش وپاسداری تێدابوو عێراقیش لێ ی دا ئێمەش بۆکانی میران وگوێزە رەش دەهاتین تەیارە لەهەموو گوندەکانی کانی میران وگوێزە رەشی دا کاك شێخ محمدوئەوان دوا دەکەوتن ئێمە شەو گەشتینەوە شاوڵی لای برادەرانی خۆمان، لە 986/4/13 برادەران ئاگاداریان کردین کە(80) کەسی یەکێتی تەسلیم بونەتەوە بەرژێم لەوماوەیەدا عێراق ئیشی تێدا کردبون و هەندێکیان بەقاچاغچێتی مەشغوڵ بون بابەتاهیرو ئاراس حمەلاو جێگری تیپ بون، لەورۆژانە ئەمریکا کەوتبوە هەرەشە کردن لەلیبیا و نوێنەری بۆوڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی ناردبوو بۆخۆش کردنی زەمینە تاوەکولەلیبیا بدات و رای عەرەبی و جیهانی بێ دەنگ کات... تەنها لیبیادۆستی راستە قینەی کوردبوو کەوتبوە بەرشاڵاوی هەرەشەی ئەمریکا تەنها ئێران پشتگیری لیبیای بەئاشکرا دەکرد پێش لێدانی، لە986/4/14 لەدزڵی بوین و میوانمان هەبووئیشێکی زۆرمان هەبوو، لەرۆژی 986/4/15 (38) تەیارەی ئەمریکی لەلیبیای داوبۆردومانی تەرابلسی کرد وخەڵکی هەژار کوژراو بریندابوو وە(3) تەیارەی ئەمریکا کەوتە خوارەوە وەهەرسێ فرۆکەوانی تەیارەکە خەڵکی کوشتی و وەلەخەڵکی تەرابلس (70) کەس کوژرا زۆریان ژن ومناڵ بون هەندێك کەسایەتیان تێدا کوژرا وابزانم لەوکاتەدا کاك مەسعودبارزانی لەلیبیابوو یاوەفدێکی پارتی لەوێ بوو، لەرۆژی 986/4/15 لەدزڵی وە بۆمەریوان وساوجی وگۆڵێ وشاوڵی چوین هەر لەهەمان رۆژدا ئەمریکا جارێکی تر لەتەرابلسی داو فرۆکەخانەی دەولی قەسف کرد... لە رۆژانی 16تا986/4/18 هەرلەدزڵێ بوین، لە 986/4/19 هەرلەدزڵی وئازادی بوین، لە986/4/20 تەیارەی عێراق زۆر هاتە سەرمان و زۆردەگەران لەچەندلایەکەوە تەقەی کرد بەساروخ فاضل محمود لەوێبوو بەکچێکی دەوت حەزت لێ دەکەم ئەورۆژە تەیارەهات فاضل خۆی بۆنەگیراو هەر ساروخی دەتەقاندو دوریش بوو دەیوت کاك ئەحمەدی شێخ و هەڵدەهات بازی دەدا بۆچەمەکە کچەکەش بانگی فاضلی

دەکرد وەرە بۆدەترسێت فاضل دووچار مابوو بۆلای کچەکە بروات لەم کاتەدا قسەی لەگەڵ دەکات یاهەڵبێت وادیاربوو هەڵهاتنەکەی لاگرنگ تربوو، لە رۆژانی 21و986/4/22 هەرلەشاوڵی بوین، لە986/4/23 سەرلەبەیانی ئاگاداریان کردین کەئێوارە بەیانێکی هاوبەش لەرادیۆ دەخوێندرێتەوە، لە986/4/23 بەیانی هاوبەشی سۆسیالیست ویەکێتی خویندرایەوە دوای ئەوەی کاک جەبار فەرمان ئێمەی دانابوو بەحسکی مردوو رێگا نادات زیندو بکرێتەوە ئەو بەیانە هەموو لایەك پێشوازی گەرمی لێکرد جگە لەپارتی و لایەنەکانی جودیش لەقسەکردن دا پێیان باش بوو بەلاّم لەکۆبونەوەدا دژی بون دوای ئەو بەیانەش کۆبونەوەی جود نەکرا وجود هەڵوەشایەوە، سۆسیالیست چۆن توانی جود دروست بکات و لایەنی ئەساسی بوو واش توانی جود بەچۆکدا بێنێتەوە لەجێگای خۆی هەڵوەشێتەوەو لەباری ببات بیٚ گوێدانە کەس وپێش روداوەکە بکەوێت ودوای ئەوە حزبمان دەستی کرد بەچالاکی نێوان لایەنەکانی جودو یەکێتی هەریەك بەجیا، لەرۆژی 986/4/24 لەقوسامینەوە بۆشاوڵی بەریٚ کەوتین، لە986/4/26 لەقوسامینەوە بەریٚ کەوتین بۆبانەوسەردەشت وبێوران وقەلەرەشەوئەسپەنێزەو بیٚ توش وبێژویٚ وئەشکان نزیك هەرزنە رێگامان بەسترا وشەو لەویٚ ماینەوە، لە986/4/27 کاك شێخ محمدوخاڵەحاجی گەرانەوە کاك قادرجەباری لەساڵی 1975 نەگەرابوەوە لەئێران وەلەساڵی 1978 سەفەرێکی قەرەداغی کردبوو لەگەڵ کاك شەکەوت وکاك رەوف بەگ، کۆمەڵە رێگایان نەدابووماوەی دەساڵ بوو مناڵەکانی خۆی نەدیبوو وەکورەکەشی سەیارە لێی دابوو بەلاّم ئەوئاشتی یەی زۆرلامەبەست بوو بۆکاك قادر خێری تێدابوو باجی حەلاو قەناعەتی بەکەلثوم خان کردبوو کەبێتە لای کاك قادر لەمالومەوە هێنابونی باجی حەلاو دوای هەرگلەی دەکرد هەرئەو سەعاتەهێنام ئیتر کاك قادرم نەدیوە لەوەبەر هەمووڕۆژێك دەهات بۆلام...
لەوکاتە کاك شێخ محمدوخاڵەحاجی وکاك قادر لەماڵی کاك فەرەیدون عبدالقادر دەعوەت دەبن باجی حەلاو بەوەکالەتی کەسوکاری ئەو شەهیدانە کەبەدەستی یەکێتی شەهید بون دێت بۆچاو پێکەوتنی وەفدەکەو قسەیان لەگەڵ بکات وبزانیٚ ئەم رێکەوتنە هەروەکو جارەکانی کەیە، یان ئەساسی هەیە پارتیش وەکو جاری جاران کردبویان بەدعایە

کەسۆسیالیست چونەتە لای یەکێتی واتا حزبەکانی کە ئەگەر بەیانێك لەگەڵ پارتی دەربکات ئەوەلای پارتی یەو یاگەڵ یەکێتی دەری بکات ئەوە یەکێتیە... ئەوە بێ سیقەییە لەناوحزبەکاندا هەیە لەماڵی کاك فەرەیدون سوعبەت وپێکەنین وقسەی خۆش دەکەن باجی حەلاویش وەکو دایکی شەهیدێك وادیارە جەوەکەی پێ ناخۆشە کوری شەهید بووە بەتەئکید دایکی شەهیدەکانی یەکێتیش ئەوانەی بەدەستی سۆسیالست شەهید بون هەمان رەئیان هەبوو، باجی حەلاولەوکاتەدا دەڵێت کاك حمە رەحیم ئەم ئاشتیە بووە لەگەڵ ئەم جەلالیانە تاکۆی بردەکات ئەیانوت برادەرانی ئێمە هەر (3) یان احراج ببوون لەهەموویان زیاتر کاك قادر جەباری بەدەست ودەم وچاو لەباجی حەلاو دەپارایەوە وتی تا نەجاتیان بوو گیانیان گەشتبوە لوتیان لەاحراجیدا دوای ئێمە بەپورە حەلاومان وت بۆلەویّ وات  وتووە... ئەویش وتی وەڵا خۆکاك فەرەیدون زۆر رێزی لێ گرتم و مام جەلالیش زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم بەڵام دڵم زیاتر لەکاك قادر عاجز بوو، ئەوهەموو پێکەنین و قسەو گۆشت وچێشت وشتە دانرابوو منیش کورەکەم دەکەوتە بیر و کوری خەڵکیش ئەم قیادانە وان بۆکوری خەڵکی بەکوشت دەدەن و دوایش وادادەنیشن لەسەر خواردن وخواردنەوە دەڵێت نەبایان دیوەو نەبۆران خەڵکی کور بەخیوبکات وبەو هەموو زەحمەتە ئەوانیش بەکوشتی بدەن وتی لەوەناخۆشتر جەوەکەش هەموی فشقیات وپێکەنین و ئەوەبوو بۆیەخۆم دەمزانی ئەوە جێ ی ئەوقسانە نیە بەڵام ئێمە کورمان کوژراوە بائەوانیش گوێ یان لەقسەی توندو حەق بێت بۆیە قسەکانم کرد... بەراستی قسەکانی باجی حەلاو لەجێگای خۆی بووەو دەبوو لەهەموو کۆرێکدا لەوقسانە بکرایە، لە986/4/27 لەگەڵ کاك شێخ محمدو خاڵەحاجی گەراینەوە بۆسەردەشت و لەماڵێك بوین کاك حاجی حاجی ابراهیم یابرادەران ئێمەیان دیبوو تەلەفونی کرد وتبوی منیش میوانم لەماڵ خزمێکم لەسەردەشت حەزدەکەم  ئێوەش شەو تەشریف بهێنن و لەویّ میوان بن و لەوماڵەیش وادیاربوو برادەران وەعدیان دابوو ئێوارە وتیان دەعوەتی کاك حاجی ین لەماڵی خزمێکیان بڕۆین وچاوەڕێمان دەکەن چوین ودانیشتین کاك حاجی حاجی یەك دوو پارتیشی لەگەڵ بوو مەسئول بون دەست کرا بەقسە کردن کاك حاجی حاجی ئەوکاتە پارتی بوو... وتیان ئەمە چۆنە ومەسەلەی

ئاشتی وهەمووشت بەئاشتی دەبێت کاك حاجی حاجی ابراهیم وتی ئاشتی لەگەڵ صدام باشە بەلأم هەرکەس ئاشتی لەگەڵ جەلالیان بکات خیانەتە چونکە جەلالیان خائین و ئەوەش لەگەڵیان ئاشتی بکات خیانەتی کردووە ئێمە میوانی کاك حاجی بوین موجامەلەش بوایەت نەدەبوو ئەوقسەیە بکات ئیتر برادەرانی ئێمە هیچ قسەیان نەکردو دووسیٚ قسەکراو ئێمە هەڵساین چونکە ئەو قسەیە بەئێمە وترا نەك بەیەکێتی ئێمە هەرئەوەندەمان وت ئەوەی ئاشتی نەکات تاوان دەکات و کوری خەڵکی بەکوشت دان خیانەتە نەك ئاشتی کردن لەویٚ ئەوقسەیەم کەوتەوە بیر کەکاك حاجی حاجی ابراهیم کردی لەپشتی کۆنەلاجان بەکاك مەسعودبارزانی وەپاش (6)رۆژیش چووە ناوپارتی وەلەوەش دڵنیابوم کەدەچێتە ناویەکێتی چونکە دژی یەکێتی قسەی دەکرد وەدوای ئەوەش کاك حاجی حاجی ابراهیم چووە ناویەکێتی، ئیتر ئێمە هەڵساین وچوینەوە ماڵە خانەخۆێکەی خۆمان، لەرۆژی 986/4/28 بەریٚ کەوتین بۆبانەوکونەوشەك لای سەیرانبەندوکانی خان وعیزەت ئاواو گۆڵیٚ و گەشتینەوە مەقەری شاوڵی و چوینە قوسامەینە لەویٚ خاڵەحاجی گەرایەوە کاولان ومەکتەبی سیاسی، لە986/4/29 لەشاوەلی بوین، لە986/4/30 گەراینەوە مەریوان وبۆدزڵی، لە986/5/1 لەدزڵی بوین و(3)سالٚ تێدەپەری بەسەر شەری پشت ئاشان وئاشقولکەو قرناقا، لە986/5/2 خەریکی ئیشوکاری منالەکان بوین لەمەکتەب کەئەوانیش ئەوساڵە کەوتن لەبەر ئەوەی لەهجەی هەورامی وفارسیان نەدەزانی ئێمە تا 986/5/5 هەرلەدزڵی ماینەوە، لە986/5/6 چوین بۆدکتۆرو هەندێك ئیشوکارمان هەبوو، لەرۆژی 986/5/15 سەرم چاك کرد کەیەك ساڵ وحەوت رۆژبوو سەروریشم نەتاشی بوو لە رۆژی شەهید بونی کاك رۆستەم ومام کەریم وبورهان وهەڤاڵەکانیانەوە ئەو رۆژەش هەرسەرم کورت کردەوەو ریشم نەتاشی بوو...

من لەدرێژایی (15) سالٚ لەشاخ (10) جار ریشم نەتاشیووە هەر لەبەر شەهید رۆژ لەدوای رۆژ هەم خۆشم تاقەتم نەبوو لەریش تاشین وبۆشمان نەدەکرا لەبەر ئەوهەموو گەران وماندوبون وناخۆشیەدا لەوکاتەدا ئەمریکا لەلیبیای دابوو ئیسرائیلش بەتەمای لێدانی سوریا بوو سوریایش هەرلەخۆکۆکردەنەوەدا بوون ، لە986/5/11 لەسنەبوم بەرۆژوبوم سیٚ ی رەمەزان بوو هەرلەویٚ کاك ئازادی پاسۆکمان دی ولەکۆبونەوەی

جودلەراژان بوو وتی برادەران هەمو لێتان پرن بەلاَم تۆ کارێکی باشت کردووەلەگەڵ شێخ محمد قەناعەتان بەسەرکردایەتیش کردزۆرباش بوو هەنگاوێکی پیرۆزەو پیرۆزبایتان لێ دەکەم دوای لەگەڵ کاك ئازاد گەراینەوە دزلی و شەو لەماڵی ئێمە بوو دوای وتی حەزدەکەم هەندێك قسە بکەین لەبارەی ئاشتی یەوەو لەسەرساحەکە نەبین هیچ ناکرێت هەروەها وتی من رەئم وایە ئاشتی ئێمەش بکرێت ئەگەر یەکێتی بیکات و تۆیش قسەی خێر بکەیت و دەشزانم دەیکەیت منیش وتم هەرکات وتتان ئاگادارم بکەن من نامەتان دەدەمێ بۆمام جەلال ومەکتەبی سیاسی یەکێتی کێشەی خۆتان چارەسەر بکەن وتی باشە بابرۆمەوە قوسامەینە کۆبونەوەیەك لەگەڵ کاك کەریم وبرادەران بکەم و خەبەرەکەشی دەگێرمەوە حەزیش دەکەم لەجیاتی من بەتۆ بڵێم یەکێکی کە لەبرادەران بەتۆ بڵێن باشە مەبەستی سەرکردایەتی خۆیان بوو ئەوکات جگە لەکاك ئازادوکاك کەریم وکاك شوان ... کاك شەماڵ وکاك پشکۆیش لەسەرکردایەتی پاسۆك بون، ئێمە لەگەڵ یەکێتی ئیتفاقمان کردبوو کەئێمە هەوڵ بدەین بۆئاشت کردنەوەی یەکێتی ولایەنەکانی جود کەئێمە پێشنیارمان کردبوو یەکێتیش قبوڵی کرد،

## چالاکی هاوبەشی سۆسیالست ویەکێتی

لە شەوی 15-986/5/16 هێزێکی هاوبەشی لقی سلێمانی سۆسیالیست ومەڵبەندی یەکی یەکێتی پەلاماری زنجیرە رەبایەی کانی مرواری ودەق وکانی بەردینەیان دا کەجادەی هەڵەبجەی تازەودەربەندیخانی دەپاراست و لەماوەی (2)سەعاتدا دەستیان بەسەرداگرت و ئەم شتانە گیرا... یەك دەبابەی بەرازیلی بەساغی... (26) سەرباز بەدیل گیرا و یەك دۆشکەویەك هاوانی (60ملم) و(23) کلاشنکۆف دەسکەوت بوو جگە لەزەرەری شەرەکە بۆرژێم پاك کردنەوەی ناوچەیەکی فراوان لەروی سیاسیەوە دەنگێکی گەورە وحەماسەتی بەپێشمەرگەداو جەماوەری خرۆشان ولایەنەکانی جودیش زیاترپەلە بکەن بۆئاشتی چونکەئەوشەرە یەکەم شەری گەورەی هاوبەشی نێوان سۆسیالیست ویەکێتی بوو کەئەوەهەنگاوێکی گرنگ ودڵخۆش کەربوو بۆدۆست دوژمن وناحەزانی سەغڵەت کردبوو وەیەکەم هەنگاوبوو بۆئەوەی لایەنەکانی جود مل بدەن بۆئاشتی ئەوئاشتیە سەرەتا یەکێتی تەرحی کردتەنها لایەنیش سۆسیالیست بەدەنگیەوە رۆیشت

شەخسی مام جەلال خۆی هەوڵی زۆری بۆدا وەکاك شەوکەتی حاجی مشیریش دەوری هەبوو وەلای ئێمەش جگە لەمن کاك شێخ محمد شاکەلیش پاشان خاڵە حاجیش ئەوانە لایەنگری ئاشتی بون لەسۆسیالیست، لە986/5/17 لەدزڵی بوین وخەرکی فۆرمی منالْ بوین وکارتی سەوزمان بۆمنالْ دەرهێنا لەبەر مەکتەب ئیتر لەویْماینەوە تا 986/5/19 لەوێوەوە چوینە شاولی وقوسامینە خاڵە جوتیارمان لەویْ دی کەتازە هاتبوە دەرەوە... کاك شێخ محمد وبرادەرانمان هێناو گەراینەوە دزڵی لەگەڵ خاڵەجوتیارا، لە 986/5/23

لەدزڵیەوە بەریْ کەوتین بۆمەیدان هەواخۆشی کردبوو بەلاّم بەفر زۆربوو سەیارە دەرنەدەچوو لەویْ چادرمان هەڵداو پێشمەرگە لەدەرەوە دەیتوانی ئیدارە بکات بەلاّم کوێستانەو ساردبوو هەر ئەو رۆژەش لەخوارەوە مەفرەزەمان گەرابونەوەو بریندریان پیْ بوو لەوشەرانەی خوارەوە بەزەحمەت سەرکەوتبونەوە بۆمەقەرو دوای نیوەرۆ گەراینەوە بۆدزڵی، لە986/5/24 چوین بۆسەردانی سورێن وئەوشتانەی لەویْ دامان نابوو لای مەرنارو دەرەی مکول وپشتی بانی شار بریارم دا خۆم سەری لیْ بدەم و سەیرێکی وەزعی ناوچەکەش بکەم (11) پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم برد کەئەمانە بون ( بەهادین وسەلامەرەش وشێخ ئەحمەدو شێخ ئومێدو) چەند پێشمەرگەی کەش بون بەحەبلەکەدا چوینەخوارەوە لەمەیدان ومنارە کەوەو مەردالْ و گەشتینە خوارەوە ئەو شەوە سەیری شتەکان وئازوقەو چادرو فیشەك و هەموو ی وەکو خۆی مابوو لەوێوەوە بۆسەردانی لای سەر رێزو هانە ئەحمەدە تەماح گرتمی بۆخوارترورێگای ولاّغمان دی  وادیاربوو هەندێك لەوفیشەکانەی شاردبومەوە وەجبەی لای ماوانی شایی لۆغان لێیان بردبوو لەوکاتەدا لوغم تەقیەوەو پێشمەرگەی پارتی بریندار بوو قاچی پەری بوو دەرکەوت کەپێشمەرگەی پارتی بردبووی... بەهەڵپەرکیْ وگۆرانی و رەشبەڵەك دەڵێن شایی لۆغان... شایی لۆغانیش کەس خاوەنی خۆی ناناسێتەوە ئەوشاخە بەرزەش ناوی شایی لۆغانە پیْ دەچێت بەهاران کوروکچ هاتون بۆرێواس وکارگ وگیای کەژی لەبەردەمی دا  لەویْ هەموو ناوچەی شارەزوور لەبەردەستی دایە لەوانەیە لەویْ شایی لۆغان کرابێت

ئەوکاتە... پاش ئەوەی لای ماوانی وهانە ئەحمەدەو مەرتەسەوپشتی میری سورو شایی لۆغان زۆر گەراین وسەیری ناوچەکەمان کرد بۆئەوەی بزانین جموجۆڵی دوژمن لەکوێ دایە وەپەیوەندی جیهازیش لەگەڵ برادەران لەشارەزووروشارباژێروقەرەداغ هەبوو... من بەرۆژو بوم و زۆرتینوو هیلاك بووم چەند بزنە کیویەك رەد بون تەقەم لێ کردن یەکێکی بریندار بوو کەوت لەپەنای بەردێکدا بەدوربین سەیری رەبایەکەم دەکرد لەپردوربینەکە شتێکی گەورەی پیشانم دا منیش دوربینەکەم لابرد سەیردەکەم چالاکا کەلەبەردەمی مندا دە لەوەرێت تەنشتی لەمن بوو ئاگای لەمن نەبوو فیشەکم لێداو کوشتمان و واخوا گۆشتی بەربانگی ئێوارەی نارد ودوایی گەراینەوە لای عارەبانەکەی ئەسکەندەرەوە پێشتر چەند جارێك لەبانی شارپرسیارم کردووە ئەم عارەبانەی ئەسکەندەرە چیەو لەچیەوە هاتوە لەپیاوە بەتەمەنەکانیان ئەوانیش ئەیانوت کاتی خۆی ئەسکەندەری مەقدونی هاتووە ئەم ناوچانە بگرێت خەڵکی ئەم ناوچەیە روی کردۆتە ئەم شاخە خەڵکەکە بەرگری کردووە ئەسکەندەر تا ئێرە هاتوەو شکاوەو گەراوەتەوە واتا نەیتوانیوە لەسورێنەوە سەربکەوێت دیارە تائەو ناوە لای ئەوبەردانەی دانراوە بۆئەوەی جادەی بۆکرابێ، لەشەوی 25-986/5/26 گەراینەوە ئەو جێگایەی کەلەمانگی 7و1985/8 تۆپی لێداین وبەرزان وشێرکۆوشوان وهەندێك پێشمەرگە بریندار بون و هەمومان پارچەمان بەرکەوت شەو لەوێ خەوتین، لە986/5/26 چوینە پشتی بانی شارلای مەقەری لق ومەقەری کاك ئازادی پاسۆك تەماشەی ئەو فیشەکانەمان کرد کەلەئەشکەوتەکە دامان نابوو کاتی خۆی وەهەندێك فیشەکمان دەرهێنا پێویستمان بوو وەبۆئێوارەکەی گەراینەوە مەرنارودەرەی مکول لەوێ ئارد هەبوو من بە ساج نانم بۆکردن ... نانی گەرم لەوشاخە لەوکاتە دەوری (50) فەردەیەك ئاردمان مابوو جگە لەئازوقەیەکی زۆر کەلەوێ دامان نابوو... لەحەبلی یەکەم و دووهەم سەرکەوتین شتمان نەهێنا بەونیازەی سەردەکەوینەوە بۆ مەقەری مەیدان لەحەبلی دووهەم ماندوبوین ونەمانتوانی لەوێ ماینەوە چاوشتمان لانەبوو بۆرۆژی 986/5/27 لەبنارەکەوە سەرکەوتین و هەندێك گیاوکاشمە هەبوو بردمان ولەگەڵ رێواس وکارگ وبەرزەلنگ وشتی زۆری هەبوو لەو کوێستانە و لەسەروی منارەکە شەوە لەسەرەوە نۆکی فەریکەی

لێبوو نەگەشتبوو لەو دێ وکوێستانە بۆسەعات (10) گەشتینەوە میدان وشەو گەراینەوە دزڵی، لە986/5/28چوینە مەریوان وشاوەلی وقوسامینە و شەولەوێ ماینەوە، لە 986/5/29 لەشاوەلی وە بەرێ کەوتین بۆمەریوان، لە986/5/30 لەمەریوانەوە گەراینەوە میدان جیهازەکە بەبۆنەی بەفرەوە دارەکانی کەوتبوو دامان مەزراندەوە... هەرئەورۆژە لەدزڵی لەگەڵ کاک شێخ محمد کۆبونەوەمان هەبوو لەسەر روداوەکان... هەرئەو رۆژە بەهەوڵ وتێکۆشانی ئێمە کەچەند جارێک بۆلای مام جەلال وکاک مەسعود چوین بۆئاشتی... کاک ملازم کەریم داوای لەمن کرد بەناوی سەرکردایەتی پاسۆکەوە رێکیان بخەین لەگەڵ یەکێتی منیش بروسکەیەکم بۆمام جەلال کرد و مام جەلالیش وەڵامی دایەوەو وتی بابفەرمون ئیتر برادەرانی ئێمە بەتایبەتی خاڵەحاجی بەرێیان کردن تابێژوی و لەوێ گەشتنە یاخسەمەرو بەیانێکی هاوبەشی پاسۆک ویەکێتی خوێندرایەوەو کاک ئازاد خۆی نەگەرایەوە لای ئێمەو نامەی ناردبوو... شەوێک بێ ئاگاداری ئێمە برادەرانی پاسۆک لەسورکێوەو هەمویان باریان کردبوو رۆیشتبونە دۆڵی جافەتی و لەمالومە مەقەریان دانابووئێمەیان بەجێ هێشت وادیاربوو زۆریان پەلەبوو هەر لەوماوەیەدا برادەرانی یەکێتی سەردانی مەقەری ئێمەیان لەکاولان کردو لەگەڵ پاسۆک وپارتیش یەکیان بینی، لە986/6/1 چوینە مڵەخورد ومەفرەزەمان دابەزی بۆشارەزوورو ئێمەش گەراینەوە بۆمیدان، لەرۆژانی 2تا986/6/6 هەر لەدزڵی ومیدان ومڵەخوردبوین و خەریکی ئیشوکارو بەرنامەی تازە بوین، لە986/6/7 لەدزڵیەوە چوین بۆمەریوان، لە986/6/8 رۆژی جەژنی رەمەزان بوو لەدزڵی بوین و سەردانی چەند ماڵە پێشمەرگەوشەهیدمان کرد... ناوچەی خانەقینی پارتی لەدزڵی بون هاتن بۆلامان، لە986/6/11 چوینە شاوەلی وگەراینەوە کاک مەلائەحمەدی بانی خێڵانی نامەیەکی بۆمن ناردبوو پێشتریش بۆکاک عبدالخالق هەورامی ناردبو کەبکەوینە بەینیان وئاشتیان بکەینەوە لەگەڵ یەکێتی ئەوکاتە کاک مەلائەحمەد مەسئولی کەرکوک وسلێمانی حزبی شیوعی عێراق بوو مەقەرەکەیان لەسیاگوێزبوو منیش بروسکەم کرد بۆمام جەلال... مام جەلال وەڵامی دایەوە بابێن وبروسکەشم کرد خاڵەحاجی بێت وبیانبات تا ئەشکان لای بێژوی سەردەشت لەوێشەوە بۆسەقزوپێشمەرگەی لەگەڵ بروات و بیانگەیەنن کاک

مەلائەحمەدرۆیشت ولەرێگا دادەبەزن پاڵتۆکەی کاك مەلائەحمەدوخاڵەحاجی لەسەیارەکە دەگۆرێت لەرێگا پاڵتۆکەی خاڵەحاجی قورس دەبێت وپربوو لەشت گیرفانەکانی کاك مەلائەحمەد دەست دەکات بەگیرفانەکانی شکی لێ دەبێت هی خۆی نەبێت سەیردەکات ئەو نامەیەی نوسیوێتی بۆسۆسیالیست کەرێکیان بخات لەگەڵ یەکێتی فۆتۆکۆپی یەکی تێدایەو ئەونامەیەی نوسیبو بۆمام جەلال بەناوی حەمید فۆتۆکۆپی ئەویشی تێدایە ئەوە نامەکەی خۆیەتی و ئەوش پاڵتۆکەی خاڵەحاجی یەو خاڵەحاجیش لەرێگا دەزانێ پاڵتۆکەی کاك مەلائەحمەدی هێناوە ، لە986/6/11 چوینە شاوەلی و گەراینەوە، لە986/6/16 چوینە شارباژێرو بۆچەمەك وشاوەلی وقوسامینە دوای لەوێوەوە بەرێ کەوتین بۆ مەریوان ودزڵی ومیدان برادەران بروسکەیان نارد من بەتەمای چونە خوارەوە بووم کەنەرۆم وئەوان لەمەکتەبی سیاسیەوە دێنە سەردانی ئێمە بۆدزڵی... ئێمە لەئێران (3) دۆشکەو(250)کلاشنکۆفمان وەرگرتبوو... یەك دۆشکەویەك ئار.بی.جی ودوو بی.کەی.سی و(50) کلاشنکۆفمان ناردبۆمەکتەبی سیاسی بەلاّم مەکتەبی سیاسی پێیان خۆش نەبوو من چەك بنێرم بۆیان ئەوکات کاك نەوزاد رۆژبەیانی وەکو ئێستا مەسئولی ئیدارەومالیەی حزب بوو پێیان وتبوو بلێ یەکێتی ئەو چەکانەی بۆناردوین واتا پێیان خۆش بوو یەکێتی چەکی بۆناردون نەك لقی سلێمانی حزبی خۆی بۆسەروی خۆی بنێرێت، لە986/6/18 لەدزڵی بوین تا 986/6/23 زیاتر خەریکی خوێندنەوە بووم فرسەتێکی باش بوو کتێبی عەزیزنەسین وئەمین زەکی بەگ ودایکی مەکسیم گۆرگی چەندجار خوێندمەوە لەوچەند رۆژەدا سودێکی باشی هەبوو، لە986/6/25 چوینە شاری سنە تارۆژی 986/6/27 لەوێماینەوە، لە986/6/28 گەراینەوە بۆدزڵی چونکە مەرکەزی پەیوەندیمان بووهەموولایەك لەدزڵیەوە نزیك بوو میدان ومڵەخوردوشارەززوروشارباژێروقەرەداغی وهەموی پێکەوە دەبەستەوە، لەشەوی 28-986/6/29 هێزێکی هاوبەشی لقی سلێمانی سەربەحزب چونە سەرجاشەکان وئەو رەبایانەی حیمایەی جادەی سەیدصادق هەڵەبجەیان دەکرد لەگردەنازێ لەدوای شەرێکی سەخت ودەستەویەخە هێزەکەی حزب بریتی بون لەم هێزانە..( مەفرەزەیەکی هەرێمی 5 و مەفرەزەیەکی هەریمی 1 ومەفرەزەیەکی هەرێمی 2 و مەفرەزەیەکی قوەی جوتیاران و

مەفرەزەیەکی قوەی هەورامان ) بون  سەرەتا هێرشیان کردە سەرمەقەری جاشەکان و لەماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەرا گرت و (5)جاش بەدیل گیراو (2)جاش کوژراو(5) جاش برینداربون و (8)کلاشنکۆف و(53) مەخزەن ویەك ئار.بی.جی .و(7) رەشاشی دیکتارۆف و (14) گولەی ئار.بی.جی. وکۆمەڵێك شتی کەی سەربازی دەست کەوت بون وەسوتاندنی رەبایەکەومەقەری جاشەکان ئێمەش زیانمان (5)برینداربووکەئەمانەن (رەمەزان دێکۆنی فەرماندەی کەرت لەهەرێمی(1)، توفیق شێخ حامید فەرماندەی کەرت لەهەرێمی (5)، ابراهیم قاجری فەرماندەی کەرت لەهەرێمی(5)، عەلی یچکۆل جێگری هەرێمی(5)، محمودئەحمەد حسێن فەرماندەی کەرت لەهەرێمی(5)، ، هەرچەندە لەبریندارەکان رەمەزان خەتەربوو بەلاّم دەنگێکی باشی دایەوە،لەدزلّی یەوە، چووینە قەڵەخانی وکاك مەلانوری و برادەرانمان بەریٚ کردبۆخوارەوەو قسەم لەگەلٚ کاك ئەحمەد وشێخ توفیق کردو برادەرانی کەش لەویٚ و لەتەپەکەل بون بریندارەکانیان بەرەو خەستەخانەی یەکێتی لەقەرەداغ دەبرد ئەوکات کاك دکتۆر فائیق حمە گوڵپی لەویٚ بوو زۆر خزمەتی بریندارەکانی سۆسیالست کردو خەستەخانەکەش هەموو ئەوانەی لەویٚ بون هاوکاری بریندارەکانیان کردبوین یەکێتی نیشتمانی هاوکاریەکی زۆری پیشان دا لەگەڵمان ئەو هاوکاریە کارێکی وای کردبوو لەنێوان هەردوولاماندا برینە کۆنەکان زوو سارێژببێت، لەقەڵەخانی یەوە بەرێمان کردن ، لە986/7/1 لەدزڵیەوە چوین بۆشاوەلی وقوسامەینە، لە986/7/2 لەشارباژێرەوە گەرامەوە بۆدزڵی وپەیوەندی رۆژانە هەبوو مەقەرمان لەکانی هەنجیری لای بناری قەرەداغ کردبوەوە ولەبلکانیش هەر مەقەرمان هەبوو وەلەقەرەداغ وەزعی هێزەکانمان لەهەموو رویەکەوە باش بوون لەسەرسنورەکان و ئەوناوە، لە1986/7/3 کاك رەسول مامەند سکرتێری حزب و کاك سەید کاکە وکاك عەدنان موفتی وخاڵەحاجی وکاك شیروان گەشتنەلامان لەدزڵی کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی مەوجودمان کرد ماوەیەك بوو مام جەلال پێی خۆش بوو کاك رەسول سەردانی بکات و ئێمەش هەوڵێکی زۆرمان دا کاك رەسولمان قەناعەت پێکرد کەبروات بوسەردانی ودوژمنایەتی نێوان مام جەلال وکاك رەسول لەسنوری تێپەری بووقسەی ناشرین وشەری ناوخۆش زۆر دەگەرایەوە بۆئەوان، نێوان یەکێتی وسۆسیالست مام جەلال کتێبێکی

بەناوی جۆ خرۆش وکتێبێکی راگەیاندنی یەکێتی بەناوی گفتوگۆش بەشێکە لەخەبات) لەدوای مەفاوەزات هەردووکتێبەکە لەسەر حزبی سۆسیالست وناوی شەخسی خاڵە حاجی وکاك قادر جەباری وسەید کاکە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەردوو کتێبەکە لەسەر کاك رەسول وجاسوسی و پیاوی رژێم وجوجە رەسول ودەیان ودەیان توهمە لەسەر کاك رەسول و جگە لەدەیان بەیان ومەقالات و شتی رۆژانە لەسەرکاك رەسول و ئەمیش بەناوی حزبەوە لەسەر یەکێتی وجەلالی درێغیان نەکردبوو بەڵام نەك وەکویەکێتی کەهیچیان تیانەهێشتبووەوە وەحاجزێکی گەورە لەنێوانیاندا دروست ببوو یەکێتی کۆمەڵێك کادری سۆسیالستیان شەهید کردبوو ئەوانیش هەروا تاگەشتنە کوشتنی کوێخا ئەحمەد ئامۆزای کاك رەسول لەبناری کۆسرەت وەکوشتنی شێخ حمەصاڵح برای مام جەلال ودوو کچی لەم کارەدا عێراق وعباس بایزی بالوڵئاغا دەوری گرنگیان هەبووبۆ جیٚ بەجیٚ کردنی ئەوکارە عباس مەسئول بوو لیٚ ی نەك کاك رەسول هەرئەوەش بوو کاك رەسول هەوڵی دەدا عباس ومام جەلال لەقوم ئاشتبکاتەوە، لەکەلکان ئێمە زۆر قسەمان لەگەڵ کردن کەئێوە بۆکێشەی کورد هەوڵ دەدەن بۆیەپێویستە چاولەوشتانە بپۆشن ئەگەر سەرکەوتین ئەوە خوێنی شەهیدەکان سەرکوتووبوەوە هەمووی لەپێناوی کوردا شەهیدبووەو زەرەرلەنیوە بگەڕێتەوەباشترە تازیاتر قوڵ ببێتەوە کاك رەسولیش عەشایەربوایە یادانیشتووبوایە هیچ شتێکی لەگەڵ مام جەلال نەبوو یامام جەلال وهەرکەسێکی کە کێشەی کوردە وای بەسەرهاتووە بەوشێوەیە قەناعەتمان پیٚ کردبوو کاك رەسول یەکیٚ بوو لەوانەی زۆر دژی یەکێتی وشەخسی مام جەلال بوو دەیوت لەکاتی کاك رەسول لەخوێندن بووە لەشەستەکان جەلالی گرتویانەو لەکاتی پارتیش دا دژی جەلالی بوە بەڵام قەناعەتی کردوئاشتی سۆسیالیست ویەکێتی هەبێت و وەفدی ناردو خۆشی سەربدات وباسی ئاشتیشی لەگەڵ کاك مەسعود کردبوو وەلەگەڵ مام جەلالیش باسی بکات، وەکوشتنی شێخ حمە صاڵح برای مام جەلال لەگوندی کەڵکان لەبناری کۆسرەت لەگەڵ هەردوو کچەکەی هەندێك لەخزمەکانی کاك رەسول چەکداری رژێم بون تازە تەسلیم ببونەوە لای عەباسی بایزی بالوئاغا لەناوچەی قەڵادزیٚ رۆیشتبون شێخ حمە صاڵحیان کوشتبوو لەماڵی

خۆی دانیشتبوو بەلاّم مام جەلال ئەوەی زۆر بەئاسایی وەرگرت وەرێگەشی نەدا کەس تۆڵەیان بکاتەوە ، لە986/7/4 چوینەمیدان زۆر فێنك وخۆش و بەفرەهبوو شەو زۆرسارد بوو، لە986/7/5 لەمەیدانەوە گەراینەوە لەرێگا عێراق تۆپی لێداین بەرنەکەوتین دەگەراینەوە بۆ دزڵی ومەریوان وشلێروشاوەلی ومەقەری هەرێمی (3) وبلەکی وئارمەردە شەولەماڵی کاك جەمالی حەلاو لەئارمەردە بوین ئەوکات فەرماندەی هەرێمی (3)بوو، لە986/7/6 لەبانەوسەردەشت وبێوران وقەلەرەشەو ئەسپەنێزە وبێژوی بێ توش وسەرسیمەکەی ئاوەکە پەرینەوە بەردەم ئەشکان وهەرزنە لەژیانم دا یەکەم جار گەرماوتاوی هەتاو لەسەری دام مێشکم وەخت بوو بتەقێت هەستم کرد برادەران وەزعیان زۆر خراپە وگەرماکە بێ سنوربوو لەئاوەکە پەرینەوەو لەمەقەرێکی یەکێتی لای کاك مەلا عەزیز لەوێ پشویەکمان داو بەرێ کەوتین بۆسەفرە رێگا ناخۆش وتەپو تۆزو زۆرناخۆش شەو گەشتینە سەفرەو لەوێ هەندێك خۆمان شۆردو ئەو تەپوتۆزەمان لەخۆمان کردەوە، لەشەوی 6-986/7/7 لەسەفرە بوین لەماڵ کاك حەمید بڵباس بەلاّم گەرمای رۆژی 986/7/6 یەکەم جار واهیلاك وماندوم بکات،

## یەکەم دانیشتنی مام جەلال وکاك رەسول بۆئاشتی

لەرۆژی 986/7/7 لەسەفرەوە بەرێ کەوتین هەرلەوێ پێشوازیان کردین وچوینە ولاّغلوو لەوێ سەیارە وەستابو بەرێیان کردین بۆباڵخ وگاپیلۆن... لەگاپیلۆن سەردانی مەقەری ناوچەی دوکانی سۆسیالیستمان کردو لایان دانیشتین ونیوەرۆ دەعوەت بوین لای کاك ئازادهەورامی لەنزیك گاپیلۆن ئێوارە چوینە کانی مرداوێ لای یاخسەمەرو مەقەری مەکتەبی سیاسی یەکێتی و مام جەلال وبرادەرانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردین ولەوکاتەدا من مولاحەزەی دەموچاوی کاك رەسول ومام جەلالم کرد هەردوکیان زیاتر کاك رەسول دەموچاوی تێك چوبوو مام جەلال بەقسەو پێکەنین کەم تری پێوە دیاربوو مام جەلال زۆراحترامی لەکاك رەسول دەگرت پێم وایە ئەویش هەستی پێ کردبوو بەهەرحاڵ بۆئاشتی بوو بۆبەرگری لەخوێن بوو لەوکاتەدا موجامەلەی یەکیان دەکرد پێش ئەوەی بگەنە مەکتەبی سیاسی یەکێتی مام جەلال دەستی کاك رەسولی گرتبوو بیخاتە پێشەوە من شێخ محمد صالح وکوێخا ئەحمەدو

ئەوانەم وەبیرهاتەوە کە کوژران وهەروا رۆیشتن وئێستاش لەدڵی خۆیاندا پەشیمانی دەردەبرن ئەو ئاشتی یە سەبەبەکەی من وپاشان کاک شێخ محمد شاکەلی بوو وەکاک شەوکەت لای یەکێتی وە راسپێرابوو ئەویش ماندوبوو لەورێگایەدا دەوری گرنگی هەبوو وەپاشان خاڵەحاجی، ئێمە لەرۆژنامەی رێگای ئازادی سۆسیالیستەوە لەمانگی 985/5 دا داوای بەرەی کوردستانیمان کردو تەرحمان کرد وچوینە مەقەری مەکتەبی سیاسی یەکێتی ودانیشتین لەسەعات (6)ی رۆژی 986/7/7 لەکانی مرداوێ سەروی یەخسەمەر لەدۆڵی جافەتی سەر بەدوکانە ئەوە هەنگاوێکی گەورەبوو بۆئاشتی لەکوردستاندا، لەشەوی 7–986/7/8 هەر موجامەلەو ئیسراحەت و قسەبوو لەمەکتەب سیاسی یەکێتی، لەرۆژی 986/7/8 لەماڵی مام جەلال کۆبونەوەی هەردولا دەستی پی کردو لەلایەن یەکێتیەوە مام جەلال وکاک نەوشیروان وکاک دکتۆرفواد معصوم وکاک فەرەیدون عبدالقادر وەلەلایەن سۆسیالیستەوە کاک رەسول مامەندو کاک عەدنان موفتی و کاک سەیدکاکەو خاڵەحاجی وبەندە... لەسەر هەموو روداوەکان قسە کرا دوای بەخێرهاتنی گەرمی وەفدەکە لەلایەن مام جەلالەوە وەئامادەیی دەربری لەسەر روداوەکان لەهەر بوارێك دا هەبێت یەکێتی ئامادەییان پیشاندا نیوەرۆ دەعوەت بوین لەمەکتەب سیاسی یەکێتی وادیاربوو بەرنامەکە وادانرابوو هەر رۆژەی لەجێگایەك بین هەم بۆدەعوەت وهەم بۆچاوپێکەوتن وهەم بۆبینینی دەزگاکانی یەکێتی لەلایەن برادەرانی ئێمەوە بۆئەوەی بەچاوی خۆیان ببین کەلەوکاتەدا یەکێتی بەهۆی ئەو مفەوەزاتەوە کردبوویان ئەو موئەسەساتانەی دروستیان کردووە پیشانی ئێمەی بدەن کەهەر کەسێك ودەزگایەکی یەکێتی ئیش دەکات وایان دانابوو بەرنامەکانی کۆبونەوەکە زۆرباش بوو هەردوولا ئارەزویان بوو بۆرێکەوتن و بەرنامەی هاوبەش بەموجامەلەی زۆریشەوە هەنگاوی باشی دەنا کۆبونەوەکان وەتەئکید لەسەر کۆبونەوە هاوبەشەکانی مانگی (4) وپێشترکرا بوەوە... نیوەرۆ لەمەکتەب سیاسی یەکێتی بوین ئێوارەش هەرلەوێ بوین وکۆبونەوەش هەر بەردەوام بو، لەرۆژی 986/7/9 دەعوەتی ماڵی کاک فەرەیدون عبدالقادر بوین وقسەکانی پێشووی پورە حەلاوم وەبیرهاتەوەو وەفدەکەی حزب... ئێوارەکەی لەمەقەری کاک دکتۆر فواد معصوم دەعوەت بوین لەلای نوسەران وراگەیاندن ولای کاک ئەرسەلان

بايزبوين كاك شێركۆ بێ كەس وكاك محمد موكرى لەوێ بون، لە986/7/10 سەردانى خەستەخانەوراگەياندنمان كرد لەخەستەخانەكە شريتەكەى ملازم كەريميان بۆ لێ دەداين لەكاتى عەمەليات كردنيدا كە دەڵێت تاماوم خۆم بەپێشمەرگەى ئێوە دەزانم دواى بەملازم كەريمان دەوت ئەويش دەيوت مەبەستم لەدكتۆرەكان بووە بەڵام عەمەلياتى قورسيان دەكرد لەكەم وڵات كرابێت عەمەلياتى وا ... دوايى چوينە سەر قەبرى شەهيد شێركۆى شێخ عەلى لەگەڵ كاك رەسول و برادەران هەرلەبەرگەڵووبوو وەلەشەرى ناوخۆدا شەهيد ببوو وەبۆ ئێوارەكەى دەعوەت بوين لەلاى كاك نەوشيروان مستەفا بەڵام شەوەكەى لاى كاك دكتۆر فواد خەوتين، شەوى 10-986/7/11 كاك سەيدكاكە لەماڵى كاك قادرى حاجى عەلى دەعوەت بوو لەبەرگەڵوو، لە 986/7/11 بەرێ كەوتين بۆيەخسەمەر هەرئەو رۆژە كۆبونەوە دەستى پێ كردو مام جەلال بەشدارنەبوو بۆوردە كاريەكان بوو ئەورۆژە كۆبونەوەكە تاسەعات (12)ى شەو بەردەوام بوو وەشەو لاى مام جەلال بوين، لەرۆژى 986/7/12 سەعات (10)ى شەو كۆبونەوەكان تەواوبوو سەركەوتوانە و پرۆتۆكۆلێك ئيمزا كراو زۆرشتى تيا باس كرا يەكێ لەوانە ئاشت بونەوەى هەمەلايەنەو بەرەيەكى كوردستانى بۆهێزە كورديەكان كەئەوە ئەوكات جەوقەد دەيويست لاى موعارەزەى عێراق وهەتا لاى هەندێك لەحزبە كورديەكانيش بەڵام ئەو بەيانەو چونى وەفد بەسەرۆكايەتى كاك رەسول گرنگيەكى پێ درا لاى هەردوولاو زۆرباش بوو وەسەركەوتوبوو لەروى عەسكەرى بۆدژى رژێم وهەڵوێستى سياسى لەهيچ جەبهەيەك ولايەنێك دژى يەك بەشدار نەبن و لەروى ماليەوە قسەى لێكراو لەسەرئەوەبريار درا كەحزبى سۆسياليست بەتەنها گومرگ دانەنێت وەئەو گومرگانەى كەهەيەتى لەهەندێك جێگا رابگيرێت بەوشەرتەى حسەيەك لەگومرگ بۆحزبى سۆسياليست ديارى بكرێت ئەوكاتە كاك عەدنان موفتى تەخويل كرا بۆمەسەلەى ماليە قسەبكات لەگەڵ مام جەلال وەبريار درا مانگى (30)هەزار دينار بۆحزب دابين بكرێ وەهەرلەوێ (50)هەزار دينار تەسليم بەكاك عەدنان كرابوو بۆوەفدەكە خۆشمان پێشتر هەندێك گوموگمان هەبوو لەقەنديل وسورێن وقەڵاتوكان باجمان وەردەگرت وزەويمان دابەش دەكرد بەتايبەتى لەناوچەى شارەزوور وەمانگى (25) هەزار دينارمان لەئێران

هەبوو، هەوڵی حزبی سۆسیالیست بۆئاشتی نێوان یەکێتی ولایەنەکانی کە کەبێ لایەنەو دۆستی هەردوولایەو بەرەی کوردستانی پێشان پێشنیاری کردبوو بۆهەموولایەك دوای ئاشت بونەوەی گشتی و هەموولایەن لەگەڵ دەرچونی بەیانی هاوبەشی حزبی شیوعی ویەکێتی لەیەخسەمەر کۆمیتەی ناوەندی ومەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی بەیانێکی دەرکردو ئەو هەواڵانەی بەدرۆ خستەوە کەلەگەڵ یەکێتی دژی بەیانەکەی کاك مەلائەحمەدی بانی خێلانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتوندی ئەوبەیانەی رەد کردەوە کاك مەلائەحمەدی احراج کرد لەسەفرەوە جارێکی تر گەرابۆوە بۆیەخسەمەر ئەوەش ئەوەی ئەگەیان کەحزبی شیوعی لەناوخۆیان رێك نەبون ئەوانەی عەرەب بون دژی رێکەوتنەکە بون لەسەر پشت ئاشان کاك مەلائەحمەد زۆر احراج ببوو یەکێتی پێ ی وتبوون برۆن کێشەی خۆتان چارەسەر بکەن وهەرکاتێ ئێوە رێك بون ئێمە لەگەڵتان دادەنشین، رادیوی پارتی بەیانەکەی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی خوێندیەوە بەدورودرێژی وچەند جار بلاوکرایەوە کەدژی رێکەوتنەکەی کاك مەلائەحمەد بانی خێلانی ویەکێتی کردبوی کاك مەلائەحمەد لەیاخسەمەربوو شپرزە ببوو لەسەر ئەو بەیانە خۆکاك مەلائەحمەد بێ پرسی سەرکردایەتی قەت نەدەچوو بۆسەرکردایەتی یەکێتی ، لەرۆژانی 13و986/7/14 بەیانی هاوبەش چەند جارێك لەرادیوی یەکێتی وسۆسیالیست بلاوکرایەوە، لە986/7/13 لەکانی زێوکەی لای هەڵەدن دەعوەتی شۆرشگێران بوین و گەراینەوە یاخسەمەر، لە986/7/14 چوینە مالومەو مەقەری برادەرانی پاسۆك لەوێ میوان بوین وپاشان نیوەرۆ چوینە مەقەری ناوچەی دوکانی سۆسیالیست لەگاپیلۆن و دوای نیوەرۆ چوینە ولاغ لوو دوای بۆسەفرەو شەو لەسەفرە ماینەوە لەگەڵ کاك رەسول وبرادەران دوای لەسەفرەوە بۆسەر ئاوەکەو پەرینەوە چەند کەسێکی نەخۆش و بریندار یەکێتی مان لەگەڵ بوو بۆئەوەی بیان بەین بۆئێران دوای چوینە هەرزنەوئەشکان وبێ توش وبێژوی وسەردەشت لەوێ برادەران کاك رەسول وئەوان بۆکاولان ومەکتەب سیاسی ئێمەش بۆبانەوشاوەلی و قوسامینە، لە986/7/18 لەشاوەلی بەرێ کەوتین بۆگۆخلان ومەریوان ودزلی بریار درا هێزەکانی هەولێریش لەگەڵ خاڵەسەید کاکە وکاك شیروان شیروەندی دا بگەرێنەوە بۆ سنوری چالاکی خۆیان

لەهەولێر... من لەدزلّی بووم ئەو رۆژە رژێم هێرشی بردە سەر تەپی سەفاو چەند ماڵێکی سوتاند، لە986/7/20 جارێکی کە چونە سەر تەپی سەفاو لەگەڵ خاك تەختیان کرد دوو سەرەك جاش لەگەڵ جەیشەکە بون ئەوانیش حمەخانی حاجی دارا وحمەمۆریاسی بوون... هەر لەوماوەیەدا هێزەکانمان کۆکردبوەوە بۆناوچەی بارزان قادرمستەفا مەسئولی عەسکەری لقی هەولێر لەگەڵ هێزەکە بەرێ کەوتن و لەنزیك بارزان دکتۆر رەشید وعوسمان بانی مارانی وزرارجۆلاّرێگای لێ دەگرن وکەمینی بۆدادەنێن ئەویش پێشمەرگە دادەنێت و دەڵێت کورە براخۆ ئێمە تادوێنێ لەیەك حزب وبرابوین و ئێستاش ئێوە رۆیشتن وجیابونەتەوە کەیفی خۆتانە و بۆبگاتە کوشتن و ئەگەر کێشەکە بەکوشتن کۆتایی دێت ئەوە من بکوژن خۆی بەتەنها دەرواتە لایان دکتۆر رەشید وعوسمان بانی مارانی وزرارجۆلاّ پێکەوە دەبن ودکتۆر رەشید یەکسەر تەقەی لێ دەکات و کاك قادرمستەفا پێشمەرگەی ئازاولێهاتوو قاڵبوی خەبات وپارتیزان و پێشمەرگەی ساڵی 1976 و مەفرەزە سەرەتایەکان ومەسئولی عەسکەری سنوری هەولێر بەناحەق کەپێشتر مەسئولیان بووە شەهیدی دەکەن و عوسمان دەڵێت لەت لەتی کە قەڵیش قەڵیشی بکە بەلاّم وادیاربوو هەر بەنەخشەبوو چونکە پێویستیان هەر بەشەهید بونی قادرمستەفا هەبوو چونکە لەسنوری هەولێر هەرئەوناسراوبوو لای رژێم وجەماوەرو لایەنەکان وهەر ئەویش دەیتوانی پێشمەرگە کۆبکاتەوە سەردوژمن وسەریش لەدوژمن تێك بدات...لەوێ برادەرانی ئێمە کاك قادرعەزیز ودکتۆرسەرداریان گرتبوو بەریان دابوو لەئێران بردبویانە شوشان بەریان دابووبەلاّم کاك قادر بەربوو گەرایەوە ئەوانی ناردکاك قادرمستەفای هاوسەنگەری خۆی شەهیدکرد، سەید عبداللە وکۆمەڵێك لەگەڵی بون ئەوان رایان کردبووخۆیان شاردبوەوە، پاش ماوەیەك وەلەساڵی 1987 لەخانە دکتۆر رەشید لەلایەن مەفرەزەیەکی حزبەوە کوژرایەوە وتۆڵەی شەهیدی لێ کرایەوەو باسی چەند کادرێکی کاك قادرو ئەوان هەرسەرەتاوە هەمو ئەوانەی دایان نابون بەمەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی تەسلیم بەرژێم بونەوە لەوانە کاك داراوکاوەو ئاسۆحەسەن ورێبواروئارام وەلەوانەی کۆن کاك بەهمەن ودکتۆرسەردارو کاك بەڵێن و هەندێکی کەیان مانەوە دوایش ناویان گۆری بەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ... داوایان لەسۆسیالیست کرد بێنە

بەرەی کوردستانیەوە بیٚ ئەوەی ڕێگایان لیٚ بگرێت جارێکی کە کاك عەدنان کاك قادردەبینیٚ لەسوریا دەڵێت وەزعتان چۆنە و چی دەکەن  کاك قادر دەڵێت کۆنفراسێکمان گرتووە ئەویش دەڵێت وەڵاٚ هیچ نیە و کەمە ئێوە ئیسراحەتان لەئێمە تێك دابوو هەرئەتانوت کۆنگرە بگرین دەبوو ئێستا ئێوە (4–5) کۆنفرانس و(1–2) کۆنگرەتان بگرتایەت باش بوو واتا کاك قادر هەموو ئەوانە زیاتر هانیان دەدا بەجیٚ یان هێشت ورۆیشتنەوە بۆلای ڕژێم وتەسلیم بونەوە... لەمەریوانەوە بۆدزڵی بروسکە هات سەری مەکتەبی سیاسی بدەم بۆکۆبونەوەی سەرکردایەتی، لە986/7/22 بەریٚ کەوتین وچوینە عیزەت ئاواو قوسامینە لەگەڵ کاك شێخ محمد لەرێگا سەیارەمان مەکینەی هەڵسا وچوینە سنەو بانەو شەو چوینە سەردەشت، لە986/7/23 چوینە میراواو ئالوتان وکاولان بۆمەکتەبی سیاسی لەویٚ بوو... لەخانەو نەغەدە باران دەباری تەربوین لەنەغەدە دابەزین وپاشان چوینە رەزائیە وچوینە تەعزیەی (سۆران رەحیم)  برای خاڵە حاجی لەدانیمارك بەدەعمی سەیارەی مردبوو... هەر لەبەهاری رابوردودا کاتێك کاك قادرمستەفا شەهید بوو بەبریاری مەکتەبی سیاسی کاك ئەحمەد فەقیٚ رەش بەریٚ کرا بۆئەوەی هەرێمی (9) بەرێت وئەو هێزانەی کە کۆبکاتەوەە بروات بۆتاقیبی شەهید قادر مستەفا لەشنۆ بەسەیارەیەك لای بارزانیەکانی ئەودیوی شنۆی گرتبوو لای کێلەشین لەوێوەوە بۆگرتك و روست بروات لەشنۆ (3) چەکداری پارتی تەقەی لیٚ دەکەن وشەهیدی دەکەن و ئەوەش تەقەی لیٚ ی کرد ناوی ئازادی عەریف شێخەبوو(عەریف شێخە) جاسوسی حکومەتی عێراق بوو، بەتەوجهی سەرکردایەتی پارتی کاك ئەحمەد شەهید کرا ئەوکاتەکەعەریف شێخەی جاسوس کوژرا کاك ملازم عومەر لەوناوچەیە بوو وەئاگاداربوو بۆئەوکارە ئاگاداری پارتی کراو کاك مەسعود نامەی اعتزاری ناردو تاوانبارەکان گیران لەلایەن ئێرانەوە وەعدیاندا تەسلیمان بکەن بەڵاٚم دوای ماوەیەك بەریان داو ناردیانەوە تەسلیم بەعێراق بوەوە وەلەدوای ساڵی 1991 گەرایەوە لای پارتی وکردیان بەئامرلیوا... بەوشیوەیە ئەحمەد فەقیٚ رەش شەهید بوو.. کاك ئەحمەد پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلول وپێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتایەکان بوو هەر لەساڵی 1976 وە رێگای نەدابوو پارتی لەوسنورە دروست ببێت وەچەند جارێك کاك ادریس

بـارزانی لای کـاك رەسـول بێـزاری خـۆی دەربـری بـوو لـەکاك ئەحمـەد... کـاك رەسـول وبرادەران ئاگایان لێبوو وەچەندجارێك پـێ ی وت ئاگـات لـەخۆت بێت پـارتی دەتکوژێت وەکـاتی خـۆی مـلازم بابـەکرهێزی ئێرانـی هێنایـە سـەر مەکتـەب سیاسـی وایزانـی کـاك ئەحمەد لەوێ یە چونکە کاك ئەحمـەد لەناوچەی حەساس وەکو گرتك ورۆسـت وحـاجی عمـران وچـۆمان وگونـدە ژورو رایـات ورەوانـدزو لەولاشـەوە دیانەوبۆناوچـەی سـیدەکان وبرادوسـت کەسـۆران وبادینـانی لەیەکـەوە دەبەسـتەوە کەسـێکی وا دروسـت ببێـت وجـەماوەری پـێ کۆببێتـەوە وهێـزی پێشمەرگەی بـەتوانای هـەبێت بەتەئکیـد پـارتی دژی دەبن وهەولْ ئەدەن بۆلەناوبردنی ئەو ئازادە کەکاك ئەحمەدی شەهید کرد بـەناوی ئـەوەی کەباوکی کوژراوە بەدەستی کاك ئەحمـەد بـەلاّم لەئەساسـەوە پـارتی هـانی ئازادی دابـوو ئەوکات جاسوسێك دەگرێت کەخەڵکی ناوچەکە بەدەستیْ وە گیریان خواردبوو کەعـەریف شـێخەی بـاوکی ئـازادبوو شـۆرش بریـاری لـێ ئـەدات کـاك مـلازم عومـەروکاك ئەحمـەد پێکەوە دەبن کاك دکتۆرخالیدیش لـەوناوە دەبێـت و بـەبریار اعدام دەکرێـت پـارتی هـانی ئازادی دا کـاك ئەحمـەدی شـەهید کـرد... شـەهیدکردنی کـاك ئەحمـەدیش هـەر لـەرێگای حزب بوو وەبەهاواری شەهید قادرمستەفای هاوسـەنگەریەوە رۆشـت کـەکاك قادرعـەزیزی هاوسـەنگەری ئـەمری دا کەقادرمـستەفای هاوسـەنگەری چـەند مانگێـك پێـشتر شـەهیدی بکـەن لەورێگایەشـدا شـەهید بـوو وەکـاك ئەحمـەد فـەقێ رەش (13)هـەمین شـەهیدی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بوو تاوان باروبکوژی لـەریزی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان پـەنا دراوە بـەلاّم تۆڵـەی شـەهید ئەحمەدوهـەمو شـەهیدان بەتەئکیدهـەر دەسـەنرێت وقـەرزەو دەبێـت بدرێتـەوە... بەشـەهید بـونی کـاك ئەحمـەد زەرەرێکی زۆرو بۆشایەکی گـەورەی لـەریزی حزبـی سۆسیالیست وگەلەکـەمان وناوچـەی باڵەکایـەتی دروسـت کـرد وزەرەری لـێ دایـن بـەلاّم ئـەوەش کوسـپێك بـوو لەوکۆسـپانەی رێگای سۆسیالیستی دەگرت، لە986/7/26 لەرەزائیە بوین لەئوتێل رەزا تا 986/7/30، لە986/7/31 بەرێ کەوتین بۆنەغەدەوخانەو ئالوتان وکاولان بۆمەکتەبی سیاسی هەرلـەو مانگـەدا هـەولێکی سـەرنەکەوتوو لەبەغـداد دراو کـپ کرایـەوە، لـە986/8/1 لەمەکتـەبی سیاسـی کۆبونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی کۆبونـەوەکانی خـۆی دەسـت پێکـرد ولـە رۆژی

986/8/5 کۆتایی بەکۆبونەوەکانی خۆی هێناو سەردانەکەی وەفدی حزب بۆلای یەکێتی هەڵسەنگێنراو لقی هەولێریش خۆی کۆبکاتەوە وبۆسنورەکانی خۆی لەگەڵ خاڵەسەیدکاکەو کاک شیروان شیروەندی برۆنە خوارەوە ودەست بەکاربن پێشترماموٚستا ئەمین مەسئولی لقی هەولێربوو بەلاٌم هەربەناو کاتێک کاک قادروبەشێک لەکادرەکانی سنوری لقی هەولێر رۆیشتن ماموٚستا ئەمین تەنانەت مۆرەکەشی لەگەڵ خۆی نەهێنایەوە بۆیە ئەویان لەئیشێکی کە دانا ئێمەش لەدوای نیوەرۆ بەرێ کەوتین بۆخانەو نەغەدەو رەزائیە، لەرۆژی 986/8/4 صیادی شیرازی گوازرایەوە بۆ شورای عالی دیفاع ، هەرلەوروٚژە حاجی هادی هاشمی اعدام کرا ،لە رۆژانی 6و986/8/7 هەر لەرەزائیە بوین، لە986/8/8 لەرەزائیەوە گەراینەوە بانەو بۆشەو گەشتینەوە شاوەلی، لە986/8/10 لەشاوەلی بەرێ کەوتین بۆمەریوان ودزڵی پاشان گەرامەوە مەریوان و هەم گەرامەوە دزڵی هەر بەئیشوکاری زەروری، لەرۆژانی 11و986/8/12 هەر لەدزلی بوین، لە986/8/13 مەقەری مەیدانمان گواستەوە بۆلای مەقەرەکانی کە لەپلەی مەلامستەفا ولای مڵەخورد وکەرەجاڵ زۆرماندوو بوین وەرۆژی جەژنی قوربان بوو لەدزڵی بوین، رۆژی 15و986/8/16 هەر لەدزڵی بوین وئێوارە چوینە سنەو لەئوتێل کاچ بوین وگەراینەوە دزڵی، لەرۆژی 986/8/22ماڵمان چوە شاری سنە خانوی ئاغای حاجی قاسمی بەرامبەر ئوستان داری خانومان گرت ومالّی ئێمەو کاک نوری ومەلانوری کەدوای شەهید بوو هەر(3) ماڵەکە پێکەوە بوین لەسنە ئێمەش لەوێ بوین تا 986/8/27 چوینەدزڵی وگەراینەوە بۆسنە، لەرۆژی 986/8/29 لەشاری سنەوە بۆمەریوان وساوجی وگۆخلاٚن وگۆڵێ وشاوەلی وشەولەوێ ماینەوە لەماڵی کاک صابیرحاجی رەحیم، لە986/8/30 لەشاوەلی بەرێ کەوتین بۆمەریوان ودزڵی شەو لەدزڵی بوین هەرێمی (3)یش هەر لەوێ بون،

## شکاندنی پشتیوێنەی بەمین چێنراوی سورێن ...

لە986/8/31 لەدزڵی وە بۆشارەزوور بەرێ کەوتین بۆلای دەرەکێ ودەمەوێ وقەڵەخانی وبەنیازی کردنەوەی رێگای هانەی قوڵ تا لەپشتی هانەی دن وهانە نەوەوسەرگەت بەلاٌم رێگای هاتووچۆی سورێن وهەورامان چۆن بوو لەوکاتەدا ئەوکاتە رژێم لەدامێنی چیای

سـورێن وهەنـدێك جێگـا بەرزایـەکان وسەرانـسەری گرتبـوو چـەند رەبایـەو مەعـسکەر و تۆپخانـەو راجیمـەی لـەبناری شـارەزوورەوە دانـابوو وهەـزاران جاشـی لەرەبایـە دانـابوو وەخەندەقی کردبوو وەلەهەندێك جێگا زیاتری کردبوو وە(3)ریز لوغمی شەخسی وگەورە تریش هەموو تەڵەکردبوو داینابوولەسەر رێگاوئەوشوێنانەی شکیان هەبوو شەبەکەیەکی لوغمی دانابوولە(25) سانتی مەتر ئاسنێکی نیومەتری ئینگ لاینی داکوتابووسیمی لیٚ بەستبوو لـوغمێکی لـەنێوان دانـابوو رێگـای جـیٚ پێیـەك نـەبوو داینێـت وەجـۆرێکی تـری دانابوو درکاوی بەدوری (5)مەتر دای دەتەکان کە(20) مەتر مرۆڤی دەکوشت بەسیمێکی وەکو تەلی عەمەلیاتی پیٚ دەکرێت جاری واهـەبوو بـەرۆژیش نـەدەبینرا هـەموو ئـەوناوەی بەوشێوەیە گرتبـوو بەسـەدان رەبایـە وەهەربەرزایـەك رەبایـەکی لێبـوو واتـا عێـراق ئـەوەی دژی ئێـران وشـەری دەوڵـەتی دانـابوو وەبۆئێمەشـی دانـابوو کەبۆئێمـە ئـەو کەرەسـە پێویستیانەمان نەبوو بۆهەڵگرتنەوەی لوغم وبرینی تـەل  بـەلاٚم سـورێن وهـەورامان لەبـەر سـەختی ناوچـەکەو جێگـای واهـەبوو هـەر بـەردبوو ئـەوان نـەیان دەتـوانی لـوغم دابنـێن یالەسـەر بـەردەکان دایـان دەنـا وخـۆی دەکـەوت یادەتەقیـەوە یاجێگایـەکی تەلەکـە نەدەگەیشتە زەویەکـە بەقـەدەر بستێك یاچـەند سـانتیمێك بـەرزبوو پێشمەرگە لـەژێرەوە بەسکە خشە لیٚ ی دەرباز دەبوو دەش بوو جێگای خۆی کوێر بکاتـەوە  بۆئـەوەی نـەزانن شتی لێوە رەد بووە بەلاٚم جێگایە لەجێگای مرۆڤ نەدەچوو لەویٚ هەردەبوو احتیات بکەین وەکـو سـەرەتای شـۆرش لەوجێگایانـە رێگـا خـۆڵ بـوو یاجێگـای پەرینـەوەی گشتی بـوو یاجێگـای پـێلاٚو دەردەچـوو دەبـوو یابەپشتاوپـشت رەد بوایـەت وایـان دەزانـی لـەجیاتی ئەوەی بۆرۆژهەلاٚتی جادەکە برۆیت دوژمن وای دەزانی بۆرۆژئـاوا رۆیـشتویت یـابۆجنوب برۆیـت وایـان دەزانـی بۆشمـال رۆیـشتویت یازۆرجـار پـێلاٚوی تاکـەوتاك  لـەپێمان دەکـرد یاژێرەکەی ساف بوایە یاهەنـدێك گـەلاٚدار یاگیاوشـتمان لـەدوای جێگـا پێکـەی خۆمانـەوە رادەکێشا بۆئەوەی جێگای دیارنەبێت وڕێگاکەمان کەشف نەبیٚ وە زۆرشتی تر لەوبابەتـە لـەدوای چـەندین سـاڵ جارێکی کـە گەراینـەوە بۆهـەمان مەبەسـت  چـونکە لـوغم لەکـەمین خراپتر بوو نەتدەزانی چونکە لەهەمو جێگایەك هەبوو بـەلاٚم بۆئێمـە لەسـورێن لـوغم زیـاتر هەبوولەوەی  عێراق بەو شێوەیە باسمـان دەکـرد ئێـرانیش بەشـێوەیەکی پـەرتو بـلاٚو دای

نابوو لەهەر جێگایەك خۆی بەخەیاڵیدا دەهات بەزۆری زەرەری لێ دەداین لوغمی ئێران بووجگە لەوەش خۆمان لوغمان دانابوو بەلاَم ئەویش نارێك وپێك بوو لەبن هەربەردێك کەمرۆڤ خۆی دەدایە پاڵی وتەقەی لێوەبکات بۆمەقەرەکانی ئێمە لەبنی ئەو بەردە لوغمان دانابوو ئێران بەتەنها (18) هەزاری دانابوو عێراق(70-80) هەزار دانابوو لەوسنورە دەیان پێشمەرگە قاچی پەری وپێشمەرگەی واهەبوو (4-5) جار لوغم پێیا تەقیبوو وەزۆرجار دەتەقیەوە بەحەیوانەکێوەیەکان وەکو گورگ وورچ وبەرازوسەگ و....هتد یادەی کوشت یاقاچ ودەستی دەپەراندو جارجاریش تەیروتویر بەردەکەوت لەدەشتی شارەزوورلەسەرای سوبحان ئاغا بۆسۆیلەمیش وسەردەریاچەی دەربەندیخان خەندەقیان کردبوو کەئەوەیان میلونەها دولاری تێ چوبوو یەکێك لەوکەسانەی کەسەرپەرشتی راستەوخۆی ئەوپرۆژەیەی دەکرد ئێستا وەزیری حکومەتی هەرێمە لای پارتی بوو کەچەند جارێك نوط شجاعەی لەسەروەرگرت یەك ساڵ سەدان شۆفڵ وگرێدەرو حەفارەو هەزاران کرێکار ئیشی لێ دەکرد (6) مەتریان بوو وە(3)مەتر قوڵ بوو ناوەکەشی ئاوی تێ دەکردو لوغم و هەرچەندمەترێك رەبایەکی جاشی لەسەر دادەنا وەبۆرێگا گرتن لەپێشمەرگە ئەگەر ولاَغی پێ بوایە ئەوە هەر نەی دەتوانی لەویوەوە بپەرێتەوە وەبۆزەلامیش ئاسان نەبوو دەبو رات کێشنە سەرەوە شەوێك کەوتینە ئاوەکەوەو سەرەوەش رەبایەی جاش بوو بوبەتەقەو خەتەرەکەش لەرێگا بوورەبایەکان جاش بون پێشمەرگە لەبن رەبایەکان بوومەلافائیق بانگی کرد پێشمەرگەی حسکین تەقە مەکەن ئەوانیش تەقەیان نەکرد چونکە جاشەکان لەوسنورە بەئاسانی شەری سۆسیالستیان پێ نەدەکرا وخەڵکی ناوچەکەش زۆری سەربەسۆسیالست بون جاشەکانیان دەبینی وقسەیان لەگەڵ دەکردن یاسەربەسۆسیالیست بون یائەو کەسەی تەقەی بکردایەت تۆڵەی لێ دەکرایەوە وەزۆرجار هاوکاریان دەکرد من خۆم لەسنوری رەبایەوە رەد بوم پێشمەرگەکان پەنای منیان دەگرت و وتیان ئەوە تەقەمان لێ دەکەن یەکێ لەجاشەکان بێ چەك هاتە دەرەوە لەرەبایەکە رۆژبوو نیوەرۆ بەدوربین منیان ناسی وپێشمەرگە وتیان ئەوەتا هێرشمان بۆدەکەن وتم پەلە مەکەن یەکێك دور کەوتەوە لەرەبایەکەو دەستی هەڵبری و یەکێکی کەش بەدوایا هات وهاتنەلامان وتەوقەیا لەگەڵ کردین و وتیان ئێمە

ئێوەمان ناسیوە بۆیە هاتوین چەکدارەکە ناوی (سەرحەد)بوو وەسەر بەرێکخستنی حزب بوودەستێکی کۆڵ بووخەڵکی ئۆردوگای نەصر بوو وتی گوندەکان چۆڵە نەوەك نانتان پێ نەبێت ئێمەش هەموو شتمان پێ بوو بەڵام برادەران وتیان برۆن چیتان هەیە بۆمان بهێنن عەلی بچکۆل وئەحمەد قەدەفەری ومەلانوری چەند رۆژ پێش شەهید بونی بوولەگەڵ چەند پێشمەرگەی کەدا سەیری ناوچەکەمان کردو پێشمەرگەمان لەقاجروکیشەدەری دانابووگەرانەوە لەوکاتەدا زیلێك یائیڤایەکی سەربازی هاتە رەبایەکەیان ودوای ئەوە وادیاربوو نانی بۆهێنابون و گەرانەوە (4-5)مریشکی کولاّو نان وسەمون وزۆرشتی هێناو هاتنەوە لامان لەوکاتەدا پۆرێك دەرکەوت لەناووەردەکان فیشەکێکم پێوەناو پۆرەکەم کوشت ،جارێکی کە کۆمەڵێك پاسدارمان لەگێڵەکەوەبۆ گردی قازی دەچوین جاشی چەمچەماڵ لەوێ بون جاشەکان ئێمەیان دی ناردیان وتیان وەرن رەدبن چەند رۆژ پێش ئەوە مامە رەشەی هەورامی شەهید ببوو لەناولوغمدا ئەو جاشانە جەنازەکەیان بۆناردینەوە هەر ئەورۆژەش چەك وشتەکانیان ناردەوە هاتە سەر رێگەکەمان وماستاوئاویان هێنایە وبۆپاسدارەکانیش کەلەگەڵ ئێمەدا بوون پاسدارێك ناوی کوهی بوو وتی ئەوانە جاشن وتمان بەڵێ ... وتی لەگەڵ عێراقن وتمان بەڵێ ووتی ئەو کوردانەی لەگەڵ ئێمەن وادەکەن مەبەستی لەوکوردانە بوو کەچەك بۆحکومەتی ئێران هەڵدەگرن(جاش) لەگەڵ دیموکرات وادەکەن هەر ئەوەی بینی فکری لای ئەوانەی خۆیان بوو واتەچەندین جاری وا وەلەگرتنی مەعەسکەری بەرکەورگانیش ئاگاداری جاشەکانمان کرد کەفەوجیان لەهۆڵەسمت لەرێگای حەمەلاو ولەسمتی وتمان ئێمە دەچین تۆپخانەومەعەسکەر دەگرین ئێوە تەقەنەکەن یاکەمین دانەنێن وتیان باشە وە وتیان ئێمەش هەرچیمان گیرا ئێوە دوای بۆمان بەربدەن عایدی ئەنوەر بەگی بالیسان بون شەو مەعەسکەرەکەمان گرت و(7) جاش لەرەبایەك گیرا ورۆژی دوایی ناردمانەوە بۆیان بۆسەیدصادق وەجارێکی کەش پێشمەرگە لای گوڵپ بەنەشارەزایی گوێدرێژەکەیان بەباری فیشەك وچەکی پێ بوو چوبوە ناو رەبایەکەوە دوای هێنایانەوە بۆپێشمەرگەکان لەبەری گوڵپ وەلەریشێن و دەیان جێگای کەش شەری سۆسیالیستیان نەدەکرد لەبەر چەندین هۆ... پەرینەوە لەحەقلی ئەڵغام زۆر زەحمەت بوو جگە لەوەش هەموو رەبایەك

لوغمی لەدەوربوو وەهەموومەعەسکەرێك تەل بەن وسیاجی لوغم بوو هاتوچۆ زۆر زەحمەت بوو ئێمەش دەبوو بپەرینەوە بۆشارەزوور ویستمان رێگایەکی کە بکەینەوە لەهەورامانەوە لەدیوی ئێران لەقەڵەخانی وەلەجادەی دزڵی بۆدەرەکیٚ ودەمەویٚ وهەورامانی تەخت وکەلی کەمان جار، لەراستی گوندەکانی هانەی دن وسەرگەت ودەرەی مەرو گوڵپ لەهەورازی قەلەخانی سەرکەوتین زۆر هەورازێکی کوروناخۆشە بۆسەر سنوری عێراق ئێران شۆر بوینەوە بۆهانەنەوە بەهەورامی هانە یەعنی(کانی)، لە986/8/31 لەدزڵی وە بۆدەرەکیٚ ودەمەوی وبۆقەلەخانی وسەرشاخ وبۆهانە نەوە ئەورۆژە لەهانە نەوەماینەوە وەلەبەر تاقی کردنەوەی  رێگاکان چونکە هەموی زۆرقائیم بەسترابوو دەبوو لەدۆڵەکەی هانە نەوەو ئەودۆڵەی لەسەر شەروالٚ درەوە دێتە خوارولەدۆڵەکەی شەرام وە بۆرێگای بێرواس و لەباخەکەی جەمیل بەگەوە سەربکەوتایەت بۆسەرەوەو بەرزایەکە زاڵە بەسەر هانەی دن وسەرگەت و ئەوناوەتا لەسنوری لوغم دەردەچوین بۆنزیك گوڵپ یا سیٚ داران وەبۆ سەرجادەی گوڵپ سەرگەد دابەزین بەناوچەمەکەدا بۆچەمی سەرگەت وبۆپشتی ئاوایی رۆستەم بەگ ودێکۆن، رۆژی 986/9/1 هەر لەویٚ بوین چاودێری و سەیری جێگاکەمان کرد لەوناوە تارێگا پەیدابوو قسەمان کرد بۆپێشمەرگەو لەسەرخۆو بەهێواشی دەبێت برۆین نەوەك بەرد لەژێر پێتان دەربچێت وتەقەی بێت ئەوەش زۆر زەحمەت بوو، لەشەوی 1–986/9/2 لەهانە نەوە بەریٚ کەوتین ولەباخی جەمیل بەگەوە سەرکەوتین دووبەشی شاخەکەمان بری وزۆر بەزەحمەت چونکە تاریك بوو تائەوکاتەش کەس لەوێوە هاتوچۆی نەکردبوو  لەسەرخۆ دەرۆیشتین پێشمەرگەیەك ناوی صالٚح بوو هەر لەپێشمەوە ورەی دەهات وتم ئەوە بۆورەت دێت وتی وەلاٚ ورەی چیم نەیەت وەکو شێتمان لێهاتووە بەلاٚم باشە شەوەو کەس چاوی لێمان نیە... ووتم بۆ ووتی ئەم شێوەیە رۆیشتنەی ئێمە ئەگەر خەڵك چاوی لیٚ بێت بەشێتمان دەزانیٚ داومانەتە ئەو شاخە لەوشاخەش بۆسەخت ترو شاخێکی کەو لەرێگاکەش لامان داوە... تۆ دەڵیت کەس بەرد نەخاتە خوارەوە بۆئەوەی دەنگی نەیە وەئەگەر بەردێك کەوتە خوارەوە دەبێت بەدوای بەردا رابکات چی پیٚ دەڵێن ... ناڵێن شێت وتم با... وتی کەوتوینەتە رێگا تائێستا من بەدوای بەرددا رادەکەم لەبەر ئەوەی

تەقەی بەرد نەیەت بەهەرحاڵ وشێوەیەك بوو بەناو لوغم وچەندین جێگای سامناكدا تیٚ پەرین خەڵكی كەوتبوو بەسەر لوغمدا تاكە پێڵاو جل ودەست وقاچی پەریبوو شێوەیەكی سەیری هەبوو، لەتەپەتۆڵەكە توشی مەفرەزەیەكی پارتی بوین و چەند پاسدارێكیان لەگەڵدا بوو بەپاسدارێكم وت لەگەڵ برادەرانی پارتی هاتیوت ئەویش وتی نەوەڵاّ من برادەرانی پارتیم هێناوە چونكە من شارەزاتربوم لەوان ناوی حورمەت بوو راستی دەكرد زۆر شارەزابوو دوای چوینە چەمی زەڵم ولای كشەیەری زۆرساردبوو بەبیٚ بەتانی وشت لەویٚ بوین، لەرۆژی 986/9/2 چوینە تەپە سەرقولەوكیشەدەری وقاجر، لەرۆژی 986/9/3 هەر لەقاجر بوین ودوای چوینە گردی شەریف، لە986/9/4 چوینە دۆڵاش، لە986/9/5 جەیش وجاشمان بۆدەرچوو بۆلای كەڵتەكە ئێمەش چوینە بێرەشكەوشاتوان وكەڵوران ئەوان گەرانەوە بۆئێوارەش بەخواروی تەپەرەشەوە چوینە سەرماڵەكانی لای هەیاس و بۆشەوەكەی لەسوێلەمیش بوین دوای چوینە تەپەكەل وبۆماڵوان وسواری وقوماشی حمەرەشیدبەگ وتاسلوجە، لەرۆژی 986/9/7 لەسواری یەوە بەریٚ كەوتین بۆمالوانی سەروتەپی كەرەم، لە986/9/8 چوینە تەپەكەل وحاصلٚ وئالان وقەڵبەزەو شەولەویٚ ماینەوە، لە986/9/9 لەقەڵبەزەوە چوینە كانی بەردینە، لە986/9/10 چوینە بێسەڵمێن وگەراینەوە كانی بەردینە وبۆقەڵبەزە،

## بەسەر كردنەوەی بارەگاكانی قەرەداغ وگەرمیان ...

لە986/9/11 لەقەڵبەزەوە چوینە ئالان وحاصلٚ وكانی كەوەی كۆن وكانی كەوەی چوغ نزیك زەرایەن بۆئاوایی حمەعەزیزو گردی عەول وبۆموانی رۆستەم وئێوارە چوینە قازاوی حمەعەزیزو قازاوی شێخ حسێن لەسەرجادەی نزیك جادەی زەرایەن سلێمانی دەربەندیخان لەلای نێوان زەرایەن وخانوەكانی مەشروعەكەوە كە مەعەسكەرو(4) دەبابەی لابوو لەسەر رێگاكەش دەبابە هەبوو بەناو چالاّیەكی بچوكی لای ماڵەكانی زەرایەندا تیٚ دەپەرین وهەر (15) یا(10) دەقیقە جارێك رەبایەك تەنها ئیشی ئەوەبوو تەقە لەجادە قیرەكە بكات ئێمە گەشتینە سەرجادەكەو تەقەی كرد چونكە بەرۆژ نیشانی كردبوو شەو هەر تەقەكەی لەسەر بوو سوتفە هەركەسیٚ بەردەكەوت بلاجكتۆرێك ئیشی ئەوەبوو بەچواردەوری خۆیا (10–15) كم رۆشن دەكردەوە روی دەكردە هەرلایەك

دەبوولەوکاتەدا ئەسورایەوە بەلایەکی کە ئێمە لەجادەمان بدایەت بەهەرحاڵ پەرینەوە لەجادەکەو چوینە گوندی نەمەڵ زانیان ئێمەین هاتن بەدواماندا ئێمە لەماڵی کاک حمەی مارف بوین لەنەمەڵ من بۆیەکەم جاربوو خۆم بپەرمەوە لەوجادەیە چونکە هەم سنورمان نەبوو دوایش شەری یەکێتی بوو ڕێگایان نەدەدواین، شەوی 11-986/9/12 پەرینەوە ئەوکاتە (25) ساڵ تێدەپەری بەسەر شۆرشی ئەیلولدا، لە986/9/12 لەنەمەڵ بوین بەلاَم پێشمەرگەمان زۆربەی جار لەوناوچانە بوو جەولەوهاتو چۆیان هەبوو یەك دووجاریش یەکێتی تەقەیان لەمەفرەزەکەمان کرد برایەکی گۆران تلەزەیتی کەپێشمەرگەبوولامان لەقەرەداغ شەهیدیان کرد وەچەندین پێشمەرگەی تریان برینداکرد دەنگ بلاَو بوەوە کەهێزێکی وای سۆسیالیست هاتوە بۆئەوناوە وەخەڵکی ناوچەکە پێشوازیەکی گەرمیان لێ کردین... لەجادەی قەرەگۆل پەرینەوە کاك شەوکەت حاجی مشیر مەسئولی مەڵبەندی یەك بوو هات بۆپێشوازیمان لەگوندی خەرجانە لەگەڵ ئەندامانی مەڵبەندو سەرتیپەکان لەوانە حمە سەعیدحاجی غەریب سێ تەلاَنی ومحمودی حاجی فەرەج وزۆری کەش لەوێوەوە چوینە کۆرەی سێ ماڵە لەماڵی کاك حمە سەعید حاجی غەریب بوین خزمەتی کردین، لە986/9/13 چوینە مەقەرەکانی کانی هەنجیر کەبەشێکی لقی سلێمانی و(2-3) ئەندامی لق وهەرێمی (5) لەوێ بون چەندخانویان کردبوو وەلەدۆڵەکەی پشتیەوە هەندێك کەپروخانوشیان کردبوو کاك عبدالخالق هەورامی و کاك ئەحمەدقەدەفەری لەوێ بون ئێمە نیوەرۆ گەشتینە مەقەر لەسەروی ماڵەکانی کانی هەنجیرەوە سەعات (2)ی پاش نیوەرۆ کۆبونەوەمان لەگەڵ ئامر هەرێم وئەندام ناوچەکان بەئامادە بونی ئەندام لقەکان وئامرقوەکان کرد باسی وەزعی حزب وناوخۆودەرەوگۆرانکاریەکانی ئەوماوەیەو ئاشتی یائاشت بونەوەی گشتی ولایەنەکان وئێمەو یەکێتی کراو رژێمی بەعس هێرشی دەست پێ کردبوو بۆسەر سەرکردایەتی یەکێتی و شەری قەیوان ماوەت لەوشەرەدا هەرێمی (4)و ناوچەی دوکان لەوێ بون وبەشدارنەبون لەوشەرە مامۆستا ئەمین مەسئولی لقی هەولێربوو پێشتر بەپێشمەرگەوە لەوێوەوە تێپەریبوو دەیتوانی بەهەندێك پێشمەرگە بەشداری بکات بەلاَم نەیکردبوو پاسۆك بەشداریان کردبوو پێشمەرگەیەکیان بەناوی بێستونەوە شەهید ببوو ئێمەش زۆر

شتمان باس كردو دانانی بەرنامەی تازەمان لەروی رێكخستن وراگەیاندن وپەیوەندی وسەربازی وجەماوەری وە لەناوچەكەداو تەشكیلاتی تازەش لەهێزەكان ولەگەڵ هەلومەرجی ئەوكاتەدا بگونجێ لەوكۆبونەوەیەدا هەموو مەسئولەكان دژی نوری حمەعەلی بون دەیانوت نەشەری كردوەو نەپێشمەرگەی كۆكردۆتەوە ئامر قوە بوو هەرقوەیەك دووكەرت بوو وەهەرێمك (6)كەرت بوو قوە لەكەرت گەورەترولەهەرێم بچكوك تربوو هەمویان لێ ی نارازی بون بەلاّم نوری گوێ رایەڵ بوو بۆهەر ئیشێكمان دەنارد دەیكرد ئەوان كەپاسداریان لەگەڵ بوایە لەجەولەیە لەگەڵ خۆیان نەیان دەگەران یاقسەیان پێ دەوتن بەلاّم نوری وەختی وابووە بەتەنها خۆی (70) پاسداری دەگێراو دەی هێناو دەی بردن لەسەرخۆتربوو من لەسەر ئەوانە پشتیوانیم لێ دەكرد وەكو حەقی خۆی هەمویان دڵسۆزوئازا بون بۆپاراستنی حزب خۆیان بەكوشت دەدا ئەوان هەندێك قسەیان نەدەكرد بەلاّم نوری دەیكردوباسی دەرەوەی دەكردو یاكورد هیچ بەهیچ ناكات نائومێد دەبوو دەیوت ئەگەر وابێت تەسلیم دەبمەوە یائەو وبراهیم قاجری زۆرجار ابراهیم پێشمەرگەی دەروخاند تازەشەر ناكرێت لەپێش راپەرین پێمان دەوتن برۆنە خوارەوە نوری وتی تاپێشمەرگە نەگاتە سلێمانی من نەباوەرم هەیەو نەدەرۆمەوە خوارەوە خۆ ترسنۆك نەبوو لەجێگای خۆیدا لەزۆربەی شەرەكان بەشداربوو بریندار ببوو شێخ توفیق تازە هاتبوەلامان قیادە موەقەتەبوو لەسجن رای كردبووتقەیان لێ كردبوو باڵێكیان شكاندبوو لەدەستیان دەرچوبوو هاتە لای ئێمەو پەنامان دا پارتی داوایان دەكردەوە اعدامی بكەن بەلاّم ئەوماوەیە لای ئێمە كورێكی باشی لێ دەرچووكردمان بەئامر مەفرەزەودوای جێگری كەرت وبو بەئامر كەرت ئەوانەی كۆن بون ئەحمەدقەدەفەری وعەلی بچكۆل بون عەلی لەهەموویان قاڵبوتروپارتیزان تربوو بەلاّم ئەویش لەژێر تەئسیری قسەدابوو هەمویان رەئیان وابوونوری هیچ مەسئولیەتی نەدەینێ بەلاّم من وتم ئەگەر شتێكی لەسەرە باشە ئەگەرنا هەموتان ئیستقالە بكەن هەر دەبێت مەسئول بێت وریێگاش لەئێوە ناگرێت... قوەی سیروان پێشتر كاك نجم الدین ودوای كاك رۆستەم مەسئولی بوو كاك رۆستەم شەهید بوو تێكمان داو پێشمەرگەكانمان ناردە هەرێمی (1) .. قوەی جوتیاران حاجی عبدالله مەسئولی بوو كردمان بەقوەی پارێزگاری

و(20) کەسمان بۆ نەقڵ کردن قوەی هەورامان وەکو خۆی مایەوە مەلانوری فەرماندەی هەرێمی(2) بوو لەگەڵ هەرێمی (1) کردمان بەیەك ومەلانوری مان کرد بەمەسئولی ناوچەی دەربەندیخان ولەناوچەی پێنجوێن گواستمانەوە، مەلانوری کادرێکی بەتوانای جەماوەری وریکخستن بوو دەستی کرد بەکاری خۆی لەهەمویان بیّ مشکیلەتر بوو...مشکیلەش لەنێوان محمد صالح ونوری حەمەعەلی لەقوەی هەورامان هەبوو ئەوان گوێزرانەوە بۆهەرێمی (1) ومەلافائیق فەرماندەی بوو کاك جەمالی حەلاو فەرماندەی هەرێمی (3)بوو کادری باشی هەبوو وەهەرێمی (1) مەقەریان لەئاوەکەڵەوە چووە بلکان راگەیاندن لەکەرەجاڵ مایەوە حاجی عبداللە بوو بەمەسئولی هەرێمی (21) لەسورێن مەقەری بۆدانراو بەشێکی هەر لەقەرەداغ بوو کاك نوری دوای ئەوە کرا بەفەرماندەی هەرێمی (2) وەناوچەی هەڵەبجە کاك حسێن خەلیفەلێپرسراوی بوو مەلافائق سەرپەرشتی ناوچەی پێنجوێنی دەکرد لەدوای شەهید حمە شوان ئەو هەموو مەسئولانە هەموی لای خۆم پەروەردە کرابونولێهاتووبەتوانا بون ولەناوجەماوەردا ناسراووجێگای سیقەبون دۆست ودوژمن حیسابی تایبەتی بۆدەکردن بەلام تەسك بین بوون بۆمەدای دورمن تموحی زۆرم پێیان بوو لەسەرەتای 1981 لەکۆبونەوەی لق وهەرێمەکان وکەرتەکان پێم دەوتن دەبێت لقی سلێمانی ئەوەندە کادری لیّ بێت هەرکات حزب توشی گیروگرفت بوو لەلقی سلێمانیەوە حزب دامەزرێتەوە بۆناوچەکانی کەش هەمیشەو زۆرلەوبرادەرانەی ئێستا ماون لەبیریانە من هەمیشە دڵم لەمشتم بووە کەسەرکردایەتی حزب رۆژێك ئینهیار بکات وهەریەکە بەلایەکدا بروات من هەر لەقائیمەی حزب وتائاخری هەموو دەزگاکانی حزبم دامەزراندبوو وەمەقەرکردن لەجێگای گرنگ وچۆڵ نەکردنی بۆکاتی پێویست وەکو سورێن وەپەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دەستم پیّ دەگەیشت وەبەهێزکردنی کادری سەربازی بەلام هەموو ئەوانە بەناوی لقی سلێمانی یاسلێمانی کەرکوکەوە لەسنوری لقەکانی کەش کەسانی بەبیروباوەرم دادەنا وەلەسنوری لقی هەولێرودهۆك هەواڵی ناو لقەکانم بۆدەهات هەموو ئەوئیشانەم دەکرد بەلام نەك بۆجیابونەوە بەڵکو ئیلتزامی تەواوم بەسەرکرایەتی حزب وبریارەکانەوە هەبوو بەلام قسەی خۆم دەکردورای خۆم دەردەبری وبۆچونی تایبەتی خۆم هەبوو لەسەر روداوەکان

لەسـایکۆلوجیەتی جەماوەروپێـشمەرگەو دوژمـن شـارەزایم پـەدا کردبـوو خـەڵکی پـێش ئـەوەی قسە بکـات زۆرجار دەمـانزانی مەبەسـتی چیەو بۆکـوێ دەیبـات بۆیـە ئـەوەی مـن دەمویست کادر پێشمەرگایەتی ورێکخستن بکەن وشەخسیاتی خۆیان رابگرن بۆگەورە تر لەوەی پێیان سـپێردرابوو هـەر یەکـەی لەوکادرانـە لەومەسـئولیاتەی هـەیان بـوو زیـاتریـان پیێ دەکرا بەپێچەوانەی زۆر لایەن کەکادرەکانیان کەمتر لەوەی پیێ سپێرابوو پیێ ی دەکرا لەشـەرو لەئیـدارەدا بۆنمونـە لەشـەری تەپەسـەرقولە عـەلی بـچکۆل ئامرکـەرت بـوو کـاك قادرقادر مەسئولی ناوچەی سلێمانی پارتی وئەندامی لقی پارتی بوو بەڵام نەبەقەدەر ئەوی پیێ نەدەکرا بۆشەر بەڵکوبۆشەروئیدارە عەلی تەوجیهی دەردەکرد وەلەکاتی شەردا عەلی قسەی پیێ دەوتـن چۆن هێرش بکـەن و چی بکـەن یائەحمـەد قەدەفـەری یـانوری یـا مـەلافائیق هەریەکـە لەومەسئولانە (5–6) جـار برینـداربون و لـەمردن رزگـاریـان ببـوو مـن زۆرجار ئەوانم بۆشەر نەدەنارد خۆم دەچوم بۆئەوەی تیانەچن وەلەزۆربەی شەرەکان خۆم لەگـەڵیان بـوم ونەسـیحەتم دەکـردن کـەس فێڵیـان لـیێ نـەکات هەمیـشە ئـەوان پـێش روداو بکـەون نـەك دوای روداو چـونکە شـۆرش خـۆی موغامەرەیـە پێویـستە لـەناو موغامـەرەدا موغامەرەی کـەش هـەبێت بۆیـە دەبێت وریـا بن مامـە رەشـەی کەچـە ئەگـەر بەتـەنها بوایـا بۆپاراستنی خۆی لوغمی شەخسی لەچواردەوری خۆی دادەنا وەکاتێك دەرۆیشت هـەڵی دەگرتەوە من هەرتموحی عەسکەریم پێیان نەبوو بەڵکوتموحی سیاسیم زیاتر پێیان بـوو هەریەکە خاسیەتی تایبـەتی خـۆی هـەبوو بۆیـە زۆرجار عاجز دەبـوم وقسەم پـیێ دەوتـن ئەوانیش دەیانزانی بۆمصڵەحەتی خۆیانـە پـیێ ی نارەحـەت نـەدەبون... پـێم ووتـن بـرۆن تەسلیم ببنـەوە بـەرژێم سـودتان بۆکـورد زیـاترە بەنامـەش بـۆم نوسـیبون پـێم وتـون ئێـوە ترسنۆکن مەگەربچنە سەرکەمین یادورە تۆپ بریندارتان بکات بەڵام لەگـەڵ ئـەوەش عـەلی ومحمـودو ئەحمـەد وزۆری کـەیان زیـاتر لـە(10)جـار لـەهێرش بۆسـەر رەبایـەی دوژمـن بریندارببون من وەکو کەسێکی خۆم وام پەروەردە کردبون بۆیـە نـاڵێم وەکـو کـوری خـۆم چونکە من زۆرلای ماڵی خـۆم نـەبوم وهـەردایکیان بـەخێوی کـردون زۆرجار رووی خۆشـم نەدەدانیێ بۆئەوەی لەخۆیان بایی نەبن محاسەبەم دەکـردن تەجمیـدو قسەشم پـیێ دەوتـن، لـە986/9/14 کۆبونـەوە بـوو لەگـەڵ ئـامر کەرتـەکان وهـەر کـەرتێك کەنـەقڵ بـون بۆنـەقڵ

كراون وهەندێك قسەش بۆئەوان وشێوەی تەشكیلاتی تازەمان بۆباس كردن ئەوكات مەقەری هەرێمی (1) لەئاوەكەڵە بوو، لە986/9/15 زۆربەی هێزەكانمان كۆبونەوە لەمزگەوتەكەی ئاوەكەڵەو پێشمەرگەیەكی زۆری لێبوو قسەم بۆكردن لەسەر روداوەكان وهەلومەرجی ئەوكاتەی شۆرش وناوچەكە وتەشكیلاتی عەسكەری تازەو بەناردنی هێزێك بۆشەری قەیوان ماوەت وسنوری هەموو هەرێمەكان دیاری كرابو بۆیان، لەرۆژی 986/9/16 هێزمان بەرێ كردبۆ قەیوان ماوەت ونامەیەكم ناردبۆمام جەلال كەوا پێشمەرگەمان ناردووە بۆبەشداری لەوشەرەودیفاع بكەن كاك ئەحمەد قەدەفەری مەسئولی قوەتەكەبوو كاك رەفیق پارەزانی وكاك شێخ توفیقی لەگەڵ بووكاك رەفیق پارەزانی یەكێك بوو لەوپێشمەرگانەی كەبەشداری كارەساتی هەكاریان كردبوو لەگەڵ مندا وەیەكێكە لەو(8) كەسەی كەلەهەكاری گەراینەتەوە وەچەندجاریش بریندارببووە، لە986/9/16 گەراینەوە كانی هەنجیرە وسۆڵە لەگەڵ حاجی عبداللەومەلافائیق و نوری و ابراهیم چوینە سۆڵەو سەری ماڵی مەلاهەژارمان دا ماوەیەگ بوو لەسەر ئەوەی نەمان ناردبوە دەرەوەی ولات عاجز ببوو لەسۆڵە دانیشتبوو چوین وئاشتمان كردەوەو لەوێوەو چوینە مچە كوێرودیوانەو سێوسێنان وبەلەكەجار لەوێ دەعوەت بوین لەماڵی كاك شەوكەت چونكە پێشتر وەعدمان پێ دابون و سەرێكی گەرمیانیش بدەین ، شەوی 16-986/9/17 لەماڵی كاك شەوكەت بوین لەوێ كۆبوینەوەو قسەكرا، لەرۆژی 986/9/17 چوین بۆتەكیەوبەلەكەجاروچاومان بەكاك حمەرەشید قەرەداغی كەوت ئامربەتالیونی حزبی شیوعی بوولەقەرەداغ پێشمەرگەی كۆن وكورێكی باش ولەسەر خۆوخۆراگربوو ناسراوی ناوچەكەش بوو سەردانمان كرد وەلەتەكیە چوینە ماڵی كاك رۆستەم وتی لێرە ملازم كەریم بریندارببووە هەرلای ماڵی كاك رۆستەم تەیارە لێی دابوو بۆنیوەرۆكەی سەری مامۆستابەهادین نوری مان داو ئەوكات بەناوی حزبی شیوعیەوە (القاعدە)قسەو ئیشی دەكرد، لە986/9/18 چوینە كۆشكی سەروخوارو جافەران و سەری هەرێمی (3)مان دا لەجافەران شەهید محمد قەمبور جێگری هەرێم بوو لەسەگرمەوە سەركەوتین لای ماڵە چوچانیەكان وەبۆكانی چیاوەو چوینە هەنارە لە بناری سەگرمەوپشتی سەنگاولەكربچنە، مناڵ بوم زۆر ناوی كربچنەم بیستبوو شێخ عبدالكریم كەسنەزانی

لێبوو یاشێخی کربچنە زۆربەچاوی مشتەری سەیرم دەکردو خۆم بەدڵسۆزی ئەوان دەزانی لەلای خۆمەوە وە کو شتێکی روحی دیقەتم دەدا دوای چوینە داربەرومالّی کاك شێخ جەمال لەکچان وچوینە گوندی هەزارکانی سەربەسەنگاو ماڵی فایەق ئاغای رەباتی لەویٚ بوو فایەق ئاغا پیاوێکی قسەخۆش بەکەیف وخاوەن دیوەخان خاوەن نان بوو بەتایبەتی بۆ پێشمەرگە وە پیاوێکی لەبلەبان واتا(قسەزان) بوو، بەڵام دیاربوو کەیەکێتی زۆریان عەزیەت دابوو کاك سامان گەرمیانی چەکی لیٚ سەندبوو وە کاك عومەر فتاح زیندانی کردبوو وەزۆریشان ئازار دابوو هەریەکێك لەوناوچەیەبەشێکی بۆخۆی سەندبوو ، لەماڵی دانیشتین فایەق ئاغا منی نەدەناسی باسی حسك کرا ووتی کورە برا ئەو حسك ومسکانە شەڕی باش دەکەن لەشارەزوور بەڵام ئەلێن سەربەئێرانن وەبرادە ران منیان بەو ناساند کەکاك عومەرفەتاح وکاك شەوکەت وکاك شێخ عبدالکریم شەدەڵەو  کاك رۆستەم و کاك شێخ جەعفەرو زۆری‌کەش بوون منیش نوری‌وئیبراهیم وحمەی صالّحم لەگەڵدابوو ئەحمەدی کەریمی مەسئولی قەرارگای رەمەزان لەمەریوان لەگەڵ یەکێتی دا هاتبوو دانیشتبوو بەڵام وادیاربوو کەلە سەرکردایەتی یەکێتی یەوە ناردبوویان بەڵام لەئێرانی نەدەچوو شارەزای بوومنیش حاجی فایەق ئاغام تێگەیاند کەئەوە ئێرانیە باسی ئێران مەکەوئێستالەبەریەکێتی بەرئێمەناکەون چایان هێنا من ووتم چای کەم رەنگ دەخۆم هەرلەمناڵیەوە ئاغاووتی..چای کەم رەنگی بۆی بێرن هەر لەئێرانەوە هاتووە برام چای کەم رەنگ دەخوات لەو کاتەدا رادێۆی یەکێتی‌یان کردەوە هەواڵی دەخوێندەوە لەوکاتەدا مەڵبەندی دوو شتێکیان کردبوو بەهاوبەشی لەگەڵ پاسدار لەدەوری دوکان دەیخوێندەوەو ووتی تۆپ خانەی شۆرش لەدەوری دوکانی داوە، ئاغا دەستی بەپیٚ کەنین کردو سەیرێکی ئاغای ئەحمەدی کەریمی کردو ووتی کاك شەوکەت تۆپ خانەی شۆرش هەرائەکات دەستی بۆئەحمەدی کەریمی راکێشاو ووتی تۆپخانەی شۆرش گەرمە دنیای سوتاندووە ئەحمەدیش تیٚ دەگەشت سەیری منی کردو پێکەنی کەئەم حاجی ئاغا فایەقە چۆن داخی دڵی خۆی بەهەموان دەڕێژێت ئەوان مەشغوڵی قسەبوون هاتەلای‌منەوەو ووتی یاخوا بەخێربێن سەرچاو پیاوی باش بن لێرەپێشمەرگە دانێن ئێمەش هاوکاریتان دەکەین باهیچ نەبێت دوو حزب لەم ناوەهەبێت نەك ئەمانە

کەمەبەستی یەکێتی بوو کە خواردویانین و کوشتوویانین هەر پێستەکەمان ماوەتەوە ئەگەر حزبێك هەبێت وامان لێ ناکەن ئێستا ناگاتە لای خواش هاواری بۆبەرین ئێستا بونی تۆ لەم مەجلیسە فەرقی هەبوو لەگەڵ ئەوەی هەرخۆیان تەنهابن نەماوین زۆر داخ وزوخاوی خۆی بۆرشتم منیش هەندێك دڵخۆشیم دایەوە بەلاّم ناوسکی سوتابوو وتی من ئێستا بوم وەکۆمەڵە وتم ئاغا چۆن دەبێتە کۆمەڵە وتی بۆناوم هەرچیم بوو نیوەی جاش بردی ونیوەی خۆم خواردم و نێوەی بۆمیوان و نیوەیشی سامان گیان (سامان گەرمیان) و وەکاك شەوکەتی خۆشمان درێغی نەکردووە ومامۆستا عەلی عبداللە هەڵی وەراندم دەترسا بڵێت پێشمەرگە چەکەکانی کاك سامان بردی (کاك عومەر فەتاح کاتی خۆی لەناوچەی سەنگاو ئەندازیار دەبێت رۆژێك حاجی فائق ئەچێت بۆلای یەکێك لەمەسئولەکانی حکومەت لەوناوچەیە وەزۆر موجامەلەی مەسئولەکە دەکات داواشی لێ دەکات بەدیاری بەرخێکی بۆبهێنێت کاك عومەریش ئاگاداری یەکێتی دەکاتەوە کەحاجی فائیق شتێکی وای کردوە یەکێتیش حاجی فائیق بانگ دەکەن محاسەبەی دەکەن و معلوماتەکانی پێ دەڵێن حاجی فائیقیش دوای بەردەبێ و دێتەوە بەمەسئولەکەی حکومەت دەڵێت هیچ قسەتان لاناکەم جارێکی تر چونکە ئەوقسە کەبەمنیان وتووە یامن خۆم خەبەرم داوە یاتۆ خەبەرت داوە واتا حاجی فائیق ئەوکەتنەیشی دابوو ئەمە ئەوشەوە خۆیان باسیان کردبۆم منیش نوسیومەوە) ، (8-9) سەر حەیوانمان ماوە ئێستا منیش بەخوا رەنجەدەرانم وتم ئەم ئێوارەیە(2) سەر حەیوان بۆئێمە سەربرە ئەگەر (9-10) سەرتان ماوە شەو لەهەزارکانی دەرچوین وچوینە درۆزنە ودەرزیلەوحاجی مستەفاو چەم رێزە ئاوە سپی و کارێزەی دەلۆ، شەوی 18-986/9/19 لەماڵی حاجی فایق ئاغای هەزارکانیەوە چوینە کارێزەی دەلۆ بۆئیسراحەت شەو چوینە ماڵی پیاوێکی تەمەن داروهەیکەل گەورە ودەروێشی شێخ عبدالکریم بوو وابزانم خەلیفە بوو ناوی حمەکریم بوو پیاوێکی باش بوو جاف بوو من هەردانیشتم یەکسەر بەخێرهاتنی کردین زۆربەگەرمی کاك شەوکەت وکاك رۆستەم وئەوان وتیان دەیناسیت وتم .. نەوەڵاّ... وتیان حاجی دەیناسیت وتی هەر لەسەیارەکە دابەزی زانیم ئەوە... وتیان چۆنت ناسی من وەلاّمم دانەوەو وتم یەکێتی لەوماوەیە ئیشی چی بووە هەموی باسی منیان کردوەو جل

وبـەرگ وقـسەو رەنـگ و قەڵـەوی ودزو جـەردەورێگرو پاشـەڵ پـیس وجوجـە رەسـول وهەرچی بەخەیاڵیاندا هاتووە باستان کردوە ئەوکەسەی نەی دیبین هەر دەمان ناسێت چونکە ئـەوکات وابـوو دژمـان بـون مـن قسەکەم تەواونـەکرد مـام خەلیفـە وتـی وەلاَّ وایـە تۆلێرە نەبویت هەرەشەیان لێ دەکردیت بۆسوعبەت پێم وتن من بگەرێمـەوە ئـەو حەقـەی لـێ ئەکەنـەوەو حـەیوانێکی بۆسـەربری بـوین بـزن بووکاك رۆسـتەم دەیـوت بـزن نـاخۆین دەبێت مەر سەرببریت من زۆرم پێ ناخۆش بوو ئەو ئەو هەڵسوکەوتە لـەوێ کـابرا ئـەگریا ئـەیوت مـن دووکـورم هەیـە شـەریکین حـسەی مـن بزنـە نـاتوانم لـەکورەکانم مـەر بـسێنم وسەری ببرم کاك رۆستەم ئەیوت نەخێر من گۆشتی بزن ناخۆم گۆشـتی مـەر دەخـۆم زۆرم پێ ناخۆش بوو تامین خان هات وپێ ی وتم ئـەو کـابرا گوناحـە ئەگـەر وابێـت بائێمـە نـان نـەخوین وبـچینە شـوێنێکی تـر بەهـەرحاڵ لـەوێ ماینـەوە...لـەکارێزە دەرچـوین دوای نیوەرۆ چووینە خرێنەو قەیتول بیرم کەوتەوە لەهۆرەی جاف دا دەیانوت قاوچی لەقەیتول زڵـە لـەباخان لـەماڵ پیـوەی شـومردو بـووە بەچراوچـراخان..دوای چـوینە قـەلاَّمیکائیل وگـەناو سـەرپردەکەی باسـەرەو لـەوێ پێـشمەرگە دابـەش کـرا هێـزی یـەکێتی نزیکـەی (800) کەسێك دەبوو بە بەرگریەوە ئێمەش (50) کەسمان بەشداربون پـەلاماری مەقـەری فەوج وچەندین شـوێنی قادرکـەرەم دراو لـەکانی شـرینەکەو زۆرلاوە وادیـارە ئـاوی ئـەوێ هەموی سوێرە بۆیە کانیە شرینەکە دەوری هەیە چونکە ئەو کانیە بۆئاوخواردنە وەچەند جارێـك کـەمینی پێـشمەرگەو عەسـکەری کەوتۆتـە کەمینـەوە یاپێـشمەرگە کەوتۆتـە کەمینـەوە لەبـەرخاتری ئـاو...قەرەچێواریش هەرلـەو نزیکانەیـە شـێخی قەرەچێواریش بەناوبانگەلەکاتی خۆیداو ئێستاش زۆر لەعەشیرەتەکانی جاف هـاوار بـەپیری قەرەچێوار دەکەن... لەسەعات (9)ی شەو تەقە دەستی پێکـردو ئێمـەش سـەیری مەعەسـکەرەکەمان دەکردلەسەر بەرزایەکی نێوان قادرکەرەم وپردەکەدا مەقـەری فـەوج گیراو زۆربـەی لـەوحی ئاسنی ناو مەعەسکەرەکەیان هێناو ئێمە پرسیارمان دەکرد شەهیدو برینـدار هەیـە ئـەوان دەیـان دا بەلامانـە لەبـەر تەقـەی لـەوح وتەنەکـە شـکاوەەر ئاگایـان لـێ نـەبوو برادەرانـی ئێمەش هەندێك چەکیان دەست کەوت بوو وەلەدوژمن(13) کەس گیراو زۆر کوژراو وە(2) شـەهیدی یـەکێتی هـەبوو لەگـەڵ هەنـدێك برینـدار شـەهیدەکان یـەکێکیان بـەرگری بـوو

وەئەوەی تر پێشمەرگەی تیپی (51)ی گەرمیان بوو دوای ئەوە شەو گەراینەوە بۆقەیتول وبۆبەیانیەکەی هەرلەقەیتول ماینەوە، لە986/9/20 لەقەیتول بوین لەماڵێك پێش نیوەرۆ کاك شەوکەت پیٚ ی وتم بابرۆینە دەرەوەوپیاسەیەك بکەین چەند مەترێك دور کەوتینەوە تەیارەی هەنتەروهەلیکۆپتەر هاتە سەرمان وبیٚ وەستان لیٚ ی داین پێشمەرگەش بە بی.کەی.سی. و ئار.بی.جی. و دۆشکە تەقەیان لەتەیارەکان دەکرد ئەوانیش لەوماڵەنەیان دا کەئێمەی تێدابوین دوو پێشمەرگە و یەك هاولاّتی شەهید بون و(7–8) هاولاّتی بریندار بون و هەلیکۆپتەرەکان هەڵهاتن و هەنتەرەکانمان لیٚ ئازڵکابوو بەدۆشکە لەکۆڵمان بونەوە ئێمە گەشتینە ماڵەکەو ساروخێك بەری ئەو جێگایە کەوتبوو (5–6) دەقیقە پێشتر من لیٚ ی هەڵسابوم ئەو رۆژە خەڵکی زۆر بریندارببووپێشمەرگە زۆری لەوماڵە دور کەوتبوە کچێکی ماڵەکە نانی دەکرد نانەکەی دەدا بەم دەست وئەو دەستیەوە ودەیوت بۆئەترسن خۆئێمە لەو پێشمەرگانە زیاتر نین دایکی وبرای بانگیان دەکرد لەحەوشەکە نانی دەکرد بروات دەرەوە ئەو هەرنانی خۆی دەکردهەندێك پێشمەرگە رای کردبوو ئەویٚ ی چۆڵ کردبوو ئەو کچە هەرنانی دەکردو لەسەر نانەکەی هەڵنەسا بەراستی میلەتێك ئێمە هەمان بوو کەس نیەتی و خزمەتی پێشمەرگەو شۆرشیان دەکرد یاپاڵەوانێتی یەکە کە ئافرەتی کورد بەوشێوەیە بێت... کورد میللەتێکی هۆشیارە لەفکری نەتەوەیدا سەدان هەزارکەسی خۆی بەخت کردووە...هەر ئەو رۆژە چوین بۆمەملەحەو خویڵێن(لەویٚ ئەرزەکە وەکو گولی مەرەزە ئاویان تیٚ دەکرد دەبو بەخویٚ)ئەوکاتە یەکێتی ئەویٚ ی دابوو بەئیجار سالّی بە(12)هەزار دینار، قەلاچوغەو پردەکەی باسەرە سەر رێگای سەنگاو چەمچەمالٚ شەوچوینە مالیٚ لەویٚ مالّی کاك شێخ جەعفەری ناوبوو بەجادەی سەنگاو تانزیك ناحیەکە رۆیشتین دوای لەجادە لاماندا و چوینە هەنارەو شەویٚ لەویٚ بوین، رۆژی 986/9/19 دوو رۆژبوو هەربەسەیارە دەگەراین و هەرنەدەگەیشتین ولای قەلاّمیکائیل وقەیتول پیٚم وتن هێشتاماوە وتیان ها ئەوشاخە وادیارە لەویٚ شەوە هێشتا بۆدوز زۆری ماوە هەموی ئاوەدانە وتیان هەموی ئاوەدانەو پێشمەرگە بەرۆژ جەولەی تێدا دەکات وبۆخوارتریش هەروایەو دوای ئەوانەش وتم باشە کاك شەوکەت ئێوە لەکاتی ناکۆکی وشەردا بۆهەموو رۆژێك دەهاتن بۆ

شیرەمەرو دابەش دەبون وامان زانی جێگاتان نیە جەولەی تیابکەن ونانی تیابخۆن ئێمە هەمووماڵەکان بەماڵی منیشەوە لەشیرەمەر بوین شیرەمەریش موحاسەرەبوو خورماڵ لەخواروی رۆژهەلاَتی شیرەمەرەوە بۆ جادەی خورماڵ گردی گۆ لەخواروی و جادەی سەیدصادق هەڵەبجە لەرۆژئاوای گوڵەخانە رۆژئاوا وهەموی جادەو رەبایە بوو بەموجازەفە لەوێ دەبوین و پارتی وپاسۆکیش هەربۆئەوێ دەهاتن هەر دووسێ رۆژ یامانگی جارێك (200) کەسی یەکێتی کۆدەبووەوە بەتایبەتی شەر نەبوایە لەگەڵ سۆسیالست دەهاتنە شیرەمەر دەیانوت بۆپارتی هاتوین یابۆپاسۆك دەگەرێن یاهاتوین دابەش بین دەپێچایەئێمەو یاعێراق ئەو هەموو هێزەی ببینایە دەهات یالەگەڵ پێشمەرگەی ئێمە تێدەگیران و دەبوو بەشەر هەتا جارێك منیش لەوێ بوم هاتبون تانامەیەکم بۆکاك شەوکەت ناردو وتم چۆڵی بکەن ئەوە هەموو گوندی ترە ئەو رۆژە ئەورۆژانەم وەبیرهاتەوە کەیەکێتی چەند بێ ویژدان بوو تەنانەت گوندی شیرەمەر ئەوکات ئاخر گوندی سەرسنوربوو ئەوێشیان پێ رانەدەبینین ودەهاتنە سەرمان وکێشەیان بۆ دروست دەکردین وتم کاك شەوکەت بۆئەوەندە بێ ویژدان بون مام رۆستەم وتی ها ها تائەوشاخە تەم دەکا دەبینی ووتم بەڵێ .. وتی تائەوێش پێشمەرگە دەگەرێت وتم وەلاَهی ئێستاش سیقەم پێتان نیە باشە بۆواتان لەگەڵ دەکردین وام دەزانی جێگاتان نیە زانیان قسەکانی من حەقە دەستیان کرد بەپێکەنین دوای ئەو هەموو شەرەیش هەر رێکەوتین، لە986/9/21 لەهەنارەوە بۆجافەران وکۆشك و بەلەکجار لەوێ دەعوەتی کاك ئاوات عبدالغفور بوین کاك شیرکۆجدی لەوێ بوو کاك شێرکۆ لەساڵی 1978–1979 لەرادیۆکەمەسئولی پاراستن واتا پاراستنی رادیۆ بوو لەتوژەڵە هەمومان لەماڵی کاك شەوکەت بوین لەبەلەکجار، لە986/9/22 گەراینەوە بۆ سێوسێنان و لەماڵی کاك نیازی تەویڵەیی دەعوەت بوین کاك نیازی کورێکی باش بوو پێشتر ئامرکەرت بوو لەگەڵ مندا بوو هەموو کادرەکان دژی بون بەتەنها من پشتیوانیم لێ دەکردو ئەووکاك غەفور دەرەشیشی و کاك عبدالخالق هەورامی لەبەر شالاَوی کادرەکان کەوتبون... جارێکی کەش لەچەمی زەڵم لەکاتی شەری سۆسیالست ویەکێتی دا هەواڵیان هێنا کەلەچەمی زەڵم لەخواروی کشیەری ولەچەمەکەدا کۆمەڵێ پێشمەرگەی یەکێتی ئاگایان لەخۆیان

نیـەو خۆیـان دەشـۆن کـە کـاك حمـەی حمـە سـەعیدوکاك نیـازی بـون مـن زانـیم ئـەوانن هەرچـەندە نامـەیان بۆناردبون بـەنهێنی برۆنـە قـەرەداغ و لـەوێ لەگـەڵ تیپـی شـارەزوورو قەرەداغ یەگ بگرن و بێنە سەرئێمە بەلاّم من لەگەڵ ئەوەشدا نەم هێشت دەستیان بۆبەرن وخـۆم چـوم مەرحـەبای وچاکوچـۆنیم لەگـەڵ کـردن و رۆیـشتم هـەتا کـاك نیـازی لـەناو ئاوەکەدابوو خۆی کۆنەکردبووە جێگای گولەیەك بەشانی چەپیەوە بوو وتم کاك نیازی چیە وتـی ئـەوە جێگـای برینداریـە لەگـەڵ پـارتی لـەوێ مـن نـەم هێشت دەستیان بۆبەرن نزیکەی (30) کەسێك دەبون لەوێ خۆیان دەشۆرد... هەر ئەو رۆژە (6) ساڵ تێدەپـەری بەسەر شەری عێراق ئێران و پێ ی دەنایە ساڵی (7) وە بەلاّم کورد سودی لێوەرنەگرتبوو تا ئێستا... چوینە مچە کوێروسۆڵەو شەو دەعوەتی کاك دلێرجاف بوین.. دلێرجاف ناوی قادرحمەصالح بوو خەڵکی قەلاّتەوزانی گەرمیان بوو لـەتیرەی شاتری عەشیرەعەتی جـاف بووکـورێکی ئازاولێهـاتو بـوو ماوەیـەکی زۆریـش پێـشمەرگە بـوو لەگـەڵ منـدا بزوتنـەوەبوو لـەکاتی شـەری قیـادە موەقەتـەدا برینـداربوو وەلەچـەندین جێگـای کـەش برینداربیوو یـەکێك بوو لەوئامرکەرتانـەی لەسـەر مـن یـەکێتی وکـاك نەوشیروان سجنیان کرد وەیەکێك بوو لەوانـەی لەنشکۆلان وبێوەران چوبوو بۆگرتنی کـاك سالاروکاك شاهۆ وەلەمەفرەزەی سەرەتایی بوو لەبەر ئەوەی لەگـەڵ منـدابوو یـەکێتی ئامۆزایـەکیان بـەناوی لەتیف عەزیز لەقەلاّتەوزان کوشت بێ تاوان تەنها لەسەر دلێرجاف ئەوکاتە یەکێتیش بوو بەلاّم بزوتنەوە بوو کۆمەڵە نەبوو ئەوەبوو لـە986/9/21 لـەتیفی ئامۆزایـان کوشـت مـەلا ابـرهیم کـەکادرێکی یـەکێتی بـوو لەوسـنورە کوشـتی، لـەرۆژی 986/9/23 لەسـۆڵەوە گەراینەوە مەقەر لەنێوان کانی هەنجیروسێ تەلاّندا، لە24 و986/9/25 هەر لەوێ بوین،

## لەگەرمیانەوە بۆبنـاری سورێن...

لـە986/9/26 لەمەقـەری کـانی هـەنجیرەوە بـەرێ کـەوتین بۆگەورەقـەلاّو زەلـەرەش وبـەرۆژ لەزەرایـەن ورەبایەکانـەوە تەقـەی زۆرمـان لێکـراو لـەجادە پەرینـەوە وچوینە ماڵەجافـەکان لای کانی کەوەی چوغ خەریك بـوو ببێتـە تەقـەو بۆکـانی کـەوەی کـۆن وحاصـڵ وتەپەکـەل ودوای چـوینە سـۆیلەمیش ودارەکـەی هـەیاس... دارەکـەی هـەیاس ودارەکـەی محمـودی سـەرەوالەو دارەکـەی ئیمـامی زامـن ودارەکـەی شـاملوو دارەکـەی حسـك ئەمانـە هـەموو

بەناوبانگن وکۆن وروت ببونەوە لەو ناوەدا داری بەرووبون ولەدەشتی شارەزووردابون داری گەورە کەس نەی دەبرین جێگای حەسانەوەی ڕێبوارو خەڵکی ناوچەکە بوو یاجێگای نیشان ودیاری بون دارەکەی بێ کەسە وەکو باسیان دەکردلەزەمانی هاتنی ئیسلامەوە هەبووەو زۆر کۆن بووە باسی ئەوە دەکەن کە کچەکانیان لەشارەزوورەوە بەئەنفال بردوە قائیدەکانیان لەبن ئەو دارە بونەو کچەکان لەبەرهەتاو بون ئیتر ئەو دارانە لەوکاتانەوە ماوە ماڵەجافەکانیش کاتێ دەچون بۆناوچەیەکی تر شتە زیادەکانیان لەوێ دادەناو کەس دەستی بۆنەدەبرد تادەگەرانەوە لەکوێستان وگەرمیان، لە986/9/28 چوینە دۆلاش ومەستەکان، لە986/9/29 چوینە قاجر، لە986/9/30 چوینە کیشەدەری و تەپەتۆڵەکەو لای کانی سەید، حسێن سۆیلەمیشی لەسەر نامەی ئێمە بوو بەئامرسریەی جاش وناوی نهێنی سەربەست بوو لەرێگای سەرحەدەوە هات وچاوم پێکەوت وتەوجیهاتی تازەمان دانێ و بۆتەپە تۆڵەکەوتەپی سەفاوشەشکی خوارو، لە986/10/1 لەشەشکی خوارووە چوینە تەپی سەفای سەروبۆگۆمەلارودێکۆن ودەرە سولان جێگایەکی چۆلەولەنێوان بابە زەردەلەو دارەکەی داری بەرمەراندایە داری بەرمەران ، دارێکی گەورەو بەناو بانگە و لەسەر جادەی بیارەو تەوێڵە وخورماڵ ولەبەردەم گوڵپ و لەباخەکۆن وسەرگەت وهانەی دن وچاخانەبووە ماوەیەك کابرایەکی شارەزووری زۆر حەزی لەجگەرە کردوە لەسەرپشت خۆی دابوو بەزەویدا هەریەکە ئاواتی خۆی باس کردبوو ئەویش ئاواتی خۆی ئەوەبووە گردەکەی قوڵخورد توتن ودارەکەی بەرمەران سبیل وبەچەخماخەی هەورویبرسکە بۆی داگیرسانایە وئەویش دوکەڵەکەی هەڵمژیایە، شەوی 1-986/10/2 سەرکەوتین بۆپەنای سەرگەت وهانەی دن وبۆهانە نەوە، لە رۆژی 986/10/2 هەر لەهانە نەوەوە بوین، لە986/10/3 لەدزلی بوین باران وتەرزەیەکی زۆرباری دزلیش کوێستانە، لە986/10/4 هەرلەدزلی بوین، لە986/10/5 لەدزلیەوە بەرێ کەوتین بۆشاری سنەی ئێران لەوێ ماینەوە تارۆژی 986/10/7، لەرۆژی 986/10/8 لەسنەوە گەراینەوە بۆمەریوان، لە986/10/9 گەراینەوە بۆدزلی، لە986/10/10 لەدزلی بوین وکۆبونەوەمان هەبوو لەگەڵ مەسئولینی کۆماری ئیسلامی ئێران وەزۆربەی مەسئولینی سیاسی وعەسکەری ئێران لەوێ بون لەوکاتەدا فشار لەسەر

خـواروی عێـراق بـوو ماوەیـەك بـوو لەسـنوری کوردسـتانەوە شـتێکی وا نـەکرابوو جگـە لەشەری کەرکوك کەیەکێتی لەسەر مەرجەکەی ئێران رازی بوو بەهاوبەش لەکەرکوکیان دا وەلەگەڵ یەکێتی دا ئەحمەدی زول قەدرو ئاغای جەعفەری و پاسدارهاتبون بۆکەشفی ناوچـەکەو نـەقڵ کردنـی گولـەتۆپ وچـەك لـەرێگای جاشـەکان ودۆسـتەکانی یـەکێتی لەفەوجـە خەفیفەکانـەوە بـەرێ کـرا لەوانـە کـاك دارای حـاجی ابـراهیم چـەرمەگا کەمستەشاربوو ئەحمەدی کەریمی وچەندین مەسئولی ئێرانی لەوێ بوو بەڵام فەرمانـدەی هاوبەش وقیادەی مەیدانی هاوبەش ئاغای ئەحمـەدی زولقەدروکاك نەوشیروان مستەفا بوو دوای لێدانی کەرکوك عێراق رەد فعلی تونـدی هـەبوو نزیکـەی (65) گونـدی ناوچـەی سالەیی وشـوانی چـۆڵ کـردو ئـەوناوەی تـەخت کـردوو خەڵکەکـەی بۆئۆردوگاکـانی بنـە سلاوەو دارەتووبەحرکەو زۆری کە گواستەوە یەکێتیش رۆژبەرۆژ تەنگی پێ هەڵدەچنراو مەساحەی یائابلوقەی سەرکردایەتی یەکێتی تەسك تردەبوەوەو شەری قـەیوان مـاوەتیش هەروا پەرەی دەسەندو دوای ئەوەش شەرێکی هاوبەشی یەکێتی ئێران بـەناوی داسـتانی رزگاری لەناوچـەی شـارباژێرونەزمر کـراو ئـەوەبوو ئێـران هێرشـی نەکردوزەختەکـە زیـاتر لەسەر یـەکێتی کۆبـوەوە پـێش ئەوەقسەیان لەگـەڵ یـەکێتی کردبوو وتبویـان لەسـورێن و هەورامانـەوە شـارەزانین وپاشـان لەگـەڵ پـارتی ئـەوانیش بۆیـان نـەکرابوو داوایـان لەئێمـە کردبۆئەو چالاکیە بەناوی زەفەری(3) وە لەدەربەندیخان هاوبەشی بکەین یاهەر جێگایـەك بگونجێ.. ئێمە رێکەوتین لەسەر ئەوەی کەئەوانیش چەکی وردەمـان بـدەنێ وکلاشـنکۆف وئـار.بی.جـی. وبـی.کـەی. سـی . و دۆشـکەو جیهـازی پەیوەنـدی وپشتیوانی سیاسـی و لـەرادیوی تـەهران و دوەلـی ومحەلیـەکان بـەناوی حزبـی سۆسیالیـستی کوردسـتانەوە لەرۆژنامـە بـلاوی بکەنـەوە ئێمـەش هـەموو شتەکان بگەیەنینـە قـەرەداغ وئامـادەی بکـەین بۆچـالاکی کـەدەبوو (1000) گولـەی کـاتیوشـاو(500) گولـەی کـاتیوشـای (3)مـەتری و(1600) گولەی هاوانی (81ملم) و (2) هـەزار گولـەی هـاوانی (60ملـم) و (150) هـەزار فیـشەکی روسـی وژێرسـی وبـی.کـە.سـی ودۆشـکەو لەگـەڵ ئازوقەوپێویـستی کـەش کەلەکوردستان دەمان کری (10) دۆشکەو(5) هاوانی (120ملم) و (10) هاوانی (81ملم) و(20) هـــاوانی (60ملـــم) و(200) ئێـــستر بـــارو لەگـــەڵ مەســـاریفی رێگـــاو هـــەموو

پێویستیەکانمان بدەنێ وئۆردوگایەکیش بەجیا بۆحزبی سۆسیالست بکەنەوە لەئێران ئەو جێگایەی کەخۆمان دەمانە وێت بۆئەوەی سودی لێ وەربگرین لەهەر گۆرانکاریك بۆماڵە پێشمەرگە ئێران لەماوەی دوو رۆژدا دەستی کردبەجێ بەجێ کردنی لەسەر ئەوە لەگەڵ ئاغای محمدی ئەوکات مەسئولی مەکتەبی ئاغای رەفسنجانی و نوێنەری شاری تەهران لەمجلسی شورای ئیسلامی(پەرلەمانی ئێرانی) بوو وەموعارەزەی عێراقیش لەرێگای ئەوەوە بوو لەکۆبونەوەکە من تەنها شتی سەربازیم داواکرد وشتی سیاسی وراگەیاندن ئەوانیش هەر مەبەستیان بوو لەماوەی (3–4) مانگ ئەوشتانە بەسەلامەتی بگات وکۆبونەوە کۆتایی بێت وئاغای محمدی چەند مەسئولێکی ئێرانی لەوێ بون وەکو ئاغای مقدەمی تەهرانی وزۆری کەبون،(200) کلاشنکۆف جەیشی وچەکەکانی کەش هەرچی زیاد بوولەوچالاکیە کەجێ ی بهێڵن بۆحزبی سۆسیالیست لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوەیە کەدیاری کرابۆ کۆمیتەیەکی هاوبەش لای ئێمەش کاك شیروان شیروەندی وکاك جەمالی حەلاو کاك صابیری حاجی رەحیم دیاری کران بۆوەرگرتنی ئەشیاکان بەحیساب ونەقلْ کردنی بۆشارەزووروقەرەداغ هەرئەورۆژە عەلی بچکۆل وابراهیم قاجری خۆیان کرد بەنەخۆش لەدۆڵەکە (200) ئێستریان دی وترێلەی (18) تایەی درێژ (2–3) یەك رێگای نەبوو لەقەلەخانی دێوربکەنەوە وگولەی (3)مەتری یان چاوپێکەوت ئەوە چۆن دەروات لەولاشەوە ئەوەجگە لەرێگای قەلەخانی خۆی وەمەقەروپارێزگاری و شەهید حاجی عبداڵە مەقەری سورێنیان گەورەتر کردبوو لەریشێنەوە رێگایان کردبووەوە ئەوێشمان بۆاحتیات دانابوو، لەرۆژی 986/10/11 لەدزلی بوین، لە986/10/12 لەدزڵیەوە بەرێ کەوتین بۆقەلەخانی سەیارە دەچوو وابریارماندا لەقەلەخانی هەموو شتەکان بەرێ بکەین تا بەفر قەلەخانی نەگرتووە بگوازرێتەوە بۆکانی خەیاران وسورێن دەبوو بەمەرحەلەی یەکەم لەقەلەخانی گولە (3) مەتریەکان بکەنەوە هەریەکەی بەدووپارچە بۆئەوەی لەبار جێ ی ببێتەوە وپاشان لەخوارەوە بیبەستین دەبێت لەقەلەخانی بۆهانە نەوەوبۆ دێکۆن ولەوێش بەتراکتۆر بۆکەڵتەکەو لەزینانەکاندا بێت ولەوێش بەتراکتۆر بۆقەرەداغ... هەرئەو رۆژە کۆبونەوەمان کردلەگەڵ ئاغای محمدی ومەسئولەکانی تردا وەهەر ئەورۆژە لەسەردەعوەتی کۆماری ئیسلامی ئێران سوپای

پاسداران مام جەلال سەردانی ئێرانی کرد هەر لەوکاتەدا ئێران ناردی بەدوای وەفدێکی پارتی لەراژان بۆتەهران ئێرانیەکان مسودەیەکیان نوسیبوو هەردولایان قبوڵیان کردوئەو هەموو شەروهەرایە هەردوکیان مام جەلال وکاك ادریس بارزانی ئیمزایان کردو ئێرانیش وەکو لایەنی سێیەم لەلایەن یەکێتی کاك فەرەیدون عبدالقادرو لای پارتی کاك فاضل میرانی و چەندکەسێکی تر بەشداربون ئەوە بوو لە986/10/8 لەرادیۆ وڕۆژنامەکانی ئێران بڵاوکرایەوەو سەرکەوتنی یەکێتی بوو کەبو بەهێزێك وئاشتیشی لەگەڵ پارتی کرد یەکێتی نیشتمانی هەموو حزبەکانی کەی بەمەرحەبایەکی پارتی نەدەگۆریەوە ئەوەبوو لەدوای هەڵبژاردنی کوردستان لەساڵی 1992 یەکێتی خەتی بەسەر هەموو حزبەکان هێنالەبەرخاتری پارتی وەمام جەلال لەزۆربەی مقابەلەکانیدا دەیوت دووحزب لەکوردستان هەیە ئەویش پارتی ویەکێتی جارێکیان لەمام جەلالیان پرسی لەکۆبونەوەی کادرەکانی خۆیان لەگەڵ پیاو ماقوڵانی ناوچەکان لەوەڵامدا مام جەلال وتی هەر یەکێتی وپارتی لەکوردستان هەیە ئەوانی تر هیچ نین بەڵام بەوانەوزۆرشتی کەشەوە پارتی هەر لەیەکێتی وشەخسی مام جەلال رازی نەبون وهەرکات بۆیان بلوایە کاری خۆیان دەکرد بەڵام ئاشتی نێوان سۆسیالیست ویەکێتی کەلەشارەزوور لەگوندی دولاش وناوگردان کرا لەنێوان مەڵبەندی یەکی یەکێتی ولقی سلێمانی حزبی سۆسیالیست هەنگاوی یەکەمی بۆنراو بوبەئەساسێك لەگەڵ حزب کراو پاشان پاسۆك وشیوعی وئێران ویەکێتی ولێدانی کەرکوك دوای سەردانی مام جەلال بۆئێران ریشی پارتیان گرت وبردیان ئیمزایان پێ کرد پارتی ویەکێتیش ئاشت بونەوە، لە 986/10/12 لەقەلەخانی بوین وسەری ملەی وزەرامان دا ملەی وزەراش لەشاخی هەورامان بوولەپشتی زەڵم ودەرەی مەرەوە وەسەیری ناوچەکەو ناردنی بارەکانمان دەکرد، لە986/10/13 دەستمان کرد بەناردنی بار بۆهانە نەوە، لەرۆژی 986/10/14 لەکەلی کەمالجارەوە چوینە خوارەوە بۆهانە نەوە بۆشەوەکەی بۆتاقی کردنەوەی رێگا (8)باری ئێستر کەرەسەو تەقەمەنیمان ناردە خوارەوە بۆشارەزووربۆتاقی کردنەوەی رێگاکەوهەمان شەو گەرانەوە لامان وبارەکانیان بردبووە نزیك چەمی زەڵم وکوڵکنی، ئێمە لەهانە نەوە بوین وچادرمان هەڵدا بۆئەوەی سەرماوبەفری زۆربوو ئەو ماوەیە هەر لەبەر سەرما بوین، لەرۆژانی 15و986/10/16 هەر

لەویٚ بوین ماڵەوەشمان (تامین خان) لەویٚ بوو لەهەموو ناخۆشیەك ونارەحەتیەك هەر لەگەڵم بووەوچەكی پیٚ بووە لەساڵی 1979 وە وەزۆریارمەتی داوم لەكاری سیاسی وعەسكەری وئیداری دا، لەشەوی 18-986/10/19 لەهانە نەوەوە بارمان بەریٚ كردو من تانیوەی ریٚگاو لەریٚگای رەبایەكان بەریٚ كراوپاشان گەراینەوە ئەو شەوە نزیكەی (80) بارمان بەریٚ كرد لەو ریٚگا خەتەرەدا كە كەس باوەری نەدەكردو هەتا ئیٚرانیەكان باوەریان نەدەكرد، لە986/10/19 لەهانە نەوەوە گەرامەوە بۆقەلەخانی، لە986/10/20چومە دزڵی بۆسەرپەرشتی كارەكان، لە986/10/21 لەمەریوانەوە گەراینەوە قەلەخانی جیٚگایەكی چۆڵ بوو لەكویٚستانە كەهەوارگەی هاوینی(دەرەكیٚ) بون وحكومەت خانویەكی لیٚ كردبوو مەشروعیان بەدەستەوەبوو مەسعەدەیەك دروست بكەن بۆسەرشاخ وهەورازیٚكی كوری ناخۆش بوویەك سەعات دەبوو بەلاٚم بەقەدەر (10) سەعات ریٚگامانەدوو دەبویت ئەو مەشروعە سەركەوتونەبوو تاقی كرایەوە لەریٚگا لەوگلاٚبانەی باریان دەهیٚنا سەیارەكەی راگرتنی وكابرا زۆر لەسەرخۆ وهیٚمنی وتی كاك شیروانتان لەگەڵ دایە بەفارسی وتمان بەڵیٚ ئەوە كاك شیروانە كابرا وتی كاك شیروان كورتانەكەی تۆ لەسەرەوە كەوتووە یاكۆپان جلی ئیٚستریٚك كەوتبوو كاك شیروانیش لەویٚ مەسئول یانویٚنەری حزب بوو لەكارەكان لەگەڵ دەوڵەتی ئیٚران(200) ئیٚستر هاتبووبۆبار بردن (200) قاترو(200) كەس لەویٚ بون جگە لەپیٚشمەرگەو ئەوانەی ئیشیان دەكرد وپاسدارو ئەو دۆڵە شتیٚكی سەیر بووهەموی هاواری دەكردكاك شیروان كابراش هەربانگی دەكردكاك شیروان پالوەكەت كەوتوە لەوسەرەوە منیش وتم پالوی(كورتان) قاترەكەیەو ئەویش وتی وەلاٚ پالوی كاك شیروانەوهی قاترەكە نیە وازمان هیٚناو رۆیشتین و هەرلەقەلەخانی نەوەستاین هەربەو شەوە تاریكە سەركەوتین بۆهانە نەوە، لەشەوی 22-986/10/23 لەهانە نەوە بەریٚ كەوتین نزیكەی (120) بارمان لەگەڵ خۆمان بردو داوامان كرد لەخوارەوە پیٚشمەرگەو تراكتۆر بۆبارەكان وبارەكانی پیٚشویش لەدیٚكۆن ئامادە بكەن وهەر گەشتین لەویٚ باری بكەین وبرۆین بۆجیٚگای مەبەست بارەكان زۆربوو تاگەیشتین ماندوبوین تائیسراحەتمان كرد لەدیٚكۆن ئەوان بارەكانیان خست ولەتراكتۆر باریان كرد و ولاٚغ دارەكان گەرانەوە وئیٚمەش بەریٚ كەوتین بۆگۆمەلارو بۆتەپی سەفاو

بۆتەپەتۆڵەکەو بۆچەمی زەڵم وکشیەری بەوهەمووبارەو گولەتۆپ ودۆشکەو تراکتۆرەوە بەوسەرمایە، لە986/10/23 لەکشیەری بوین تراکتۆرەکان لەگەڵ ئەوبرادەرانە بۆیان دیاری کرابوو جێماو بردیانە دەوری شاملو لای دەریاچەی دەربەندیخان وشاردیانەوە ئێمەش چوینە قاجروگردی شەریف وناوگردان وبێرەشکەو شاتوان وکەڵتەکەی سەرو نانی نیوەڕۆمان خواردو دوای چوینە سۆیلەمیش وتاسلوجەوسواری ومالوان لەوکاتەدا بەهۆی هێنانی ئەوشتانەوە کەحکومەت نەی دەزانی بۆکۆێ دەبەین وهەر ڕۆژەی لەلایەکەوە جەیش دەردەچوو، لە986/10/24 چوینە تەپەکەل وسۆیلەمیشی خواروسۆیلەمیشی سەروو گەراینەوەتەپەکەل وشەولای دەریاچەی دەربەندیخان خەوتین لەخواروی سۆیلەمیشەوە لەبەرئەوەی دوژمن لەپرنەمان خاتە داوی خۆی هەرچەندە سەرمابووئەوکاتە، لە986/10/26 لەمەسەکانەوە بۆگردی شەریف وقاجرچوین وشەوەکەی لەوێ بوین، لە986/10/27 لەقاجرەوە چوینە کشیەری ونیوەڕۆ چوینە تەپەسەرقولەو ئێوارە چوینە تەپەتۆڵەکەو تەپی سەفای سەرو گۆمەلارۆئەوشەوەیش کەمین هەبوو گەراینەوەشەشك، لە986/10/28 لەشەشکەوە بۆگۆمەلارودێکۆن وشەوەکەی ڕۆیشتین بۆلای سەرگەتەوە بۆسەعات (11)ی شەو چوینە هانە نەوە هەرلەوماوەیەدا لای دەرە سولان کۆمەڵێك ژن ومناڵ کەبۆئێران دەچون کەوتن بەسەر لوغمدا هەندێکیان لێ کوژراو هەندێکیان بریندارbووکاك ئەنوەر حاجی عوسمانی قەویلەیش بریندارbوولەوێ، لەڕۆژی 986/10/29 لەهانە نەوە بوین وشەوەکەی (98) بار گولەتۆپ وفیشەك وشتمان ناردە خوارەوە بۆشارەزوور مام ڕەشەی هەورامی باری بەسەردا کەوت وقاچێکی ئازاری پێ گەیشت وبریندارbوو، لە986/10/30 لەهانە نەوە بوین نان وشتمان لێ برابوو زۆرمان برسی بوو هیچ نەبوو بیخۆین تاقەتم نەبوو قسەبکەم برادەرێك لەپەنامدا بوو زۆر قسەی دەکرد ئەوەندەی کە ماندووی کردبوم بەهادین بوو قسەی زۆر دەکرد، لە986/10/31 هەر لەهانە نەوە بارمان بەرێ دەکرد ئەوەبوو لەمانگی (10) دا یەکێتی وئێران لەکەرکوکیان دا، لە986/11/1 لەهانە نەوەی هەورامان بوین پشتی سەرگەت ودەرەی مەر ئەوەبوو شەوی رابردوو وەجبەیەکی باش بارمان ناردەخوارەوە بەئاسانی بردیان وگەرانەوە لامان، لە986/11/2 لەهانە نەوە بۆقەلەخانی

ودزڵـی لـەرێگا توشـی کـاك مـەلا شـێخ محمـد بـەرزنجی وکـاك مـەلا لـەتیف وهەنـدێك لەمامۆسـتایان بـوین ئـەوانیش هـاتبون لەقەلـەخانی مەقـەر دابنـێن لـەویٚ زۆر لەگـەڵمان هاوکاریـان کردومانـدوبون بەسـەیارەی خۆیـان ئێمـەیان گەیانـدەوە دزڵـی، لـە986/11/3 لەدزڵی بوین باران بوو زۆرماندو بوم، لـە986/11/4 لەدزڵیـەوە بـەریٚ کـەوتین بۆمـەریوان وشلێرو سـەیران بـەن وبانـەو سەردەشت ومیراواو سـەرجادەی خانـە سەردەشت و شـەو لەمیراوا بوین کاك تامین ومام کەریم ومەلاهەژارومامەرەشەشم لەگەڵدا بـوو، لـە986/11/5 لـەمیراواوە بۆئالۆوەتـان وکـاولان ومەکتـەبی سیاسـی ودوای نیـوەرۆودوای کۆبونەوەیـەکی کـورت لەگـەڵ مەکتـەبی سیاسـی مـن گەرامـەوە بۆسـنوری لقـی سلێمانی چـونکە ئـەوکات ئەنـدامی مەکتــەبی سیاســیش بــوم جگــە لەمەســئولی لقــی ســلێمانی وسەرپەرشــتی پێـشمەرگەی سـلێمانی وکـەرکوك دەبـوو بـۆزۆر لەئیـشەکان لەگـەڵ مەکتـەبی سیاسـی راوێـژمان لەسـەر بکردایـە هـەر چـەندە جارجـار مەکتـەبی سیاسـی وسـەرکردایەتی لای لایەنەکانی کە یابۆ مزائیدە وایان پیشان ئەدا ئەوان ئاگایان لەهەندێك بریار نیەو من خۆم بریارەکانم داوە بەلاٚم من بەبیٚ پرسی سەرکردایەتی وبریاری بەکۆمەڵی مەکتەبی سیاسـی یا کۆمیتەی ناوەندی هیچ هـەنگاوێکم نـەناوە جگـە لەئاشـتی لەگـەڵ یـەکێتی ئـەویش پـێم وانیــە زەرەریــان لــیٚ کردبێــت، لــە86/11/5 گەراینــەوە سەردەشــت وشــەو لــەویٚ بــوین، لـە986/11/6 لەسەردەشـتەوە بـەریٚ کـەوتین بۆبانـەو سـەیران بـەن وگـۆخلاٚن وسـاوجی.. گۆخلاٚن ئاخر گونـدی سەرسـنوربوو ساوجیش ئـاخر گونـدی سەرسـنوربوو لای ئێرانـەوە بۆسەرکوردسـتان عێـراق، لـە986/11/7 لـەدزڵی بـوین و بـارانێکی زۆربـاری وەبۆیەکـەم جـاربوو رادیـوی تـەهران وڕۆژنامـەکانی رایانگەیانـد کـەمام جـەلال وکـاك ادریـس بـارزانی لەتــەهران ئاشــتیان بۆتــەوەو رێکــەوتن نامەیــەکی هاوبەشــیان بــەئامادەبونی نوێنــەری کۆماری ئیسلامی مۆرکردووە، لەرۆژی 986/11/8 هەموو راگەیاندنەکانی ئێـران بلاٚویـان کـردەوە کـە یـەکێتی وپـارتی رێکـەوتون ورێکەوتنامـەیان ئیمـزا کـردووە تائەوکاتـە نـاوی پـارتی لەشـەرەکان بەرەزمەنـدەگانی کـوردی عێـراق نـاوی دەهـات ئـەو رۆژە بـەپارتی دیموکراتی کودسـتانی عێراق نـاوی هـات تائـەو کاتـە تـەنها حزبـی سۆسیالیسـت نـاوی بـەحزب دەهات لەراگەیاندنـەکانی ئێران وجارجاریش بـەافرادی رەسـول مامەنـدو حـاجی

محمـوديش نـاوی دەهـات ئەورێکەوتنـەش دوای لێـدانی کـەرکوك بەهاوبەشـی یـەکێتی و ئێران وقیادەی مەیدانی ئاغای ئەحمەدی زولقەدروکاك نەوشیروان مستەفا کرا دوای ئەوە مـام جـەلال چـووە تـەهران لەسـەر دەعـوەتی ئێـران وکـاك ادریـس بـارزانی بـانگ کـراو رێکەوتننامەکەش مۆرکرا، لە986/11/9 دووجار چومە قەڵەخانی و گەرامەوە دزڵی دنیا بـاران وسـاردبوو بارمـان هـەبووبۆناردن، لـە986/11/10 لەقەڵـەخانی بـوین بـەفرێکی زۆربـاری بـوو، لـە986/11/11 لـەدزڵی بـوین بـەفرێکی زۆربـاری لـەدزڵی وشـاخەکانی چـواردەوری، لـە986/11/12 لەقەلـەخانی بـوین، لـە986/11/13 لەدزڵیـەوە بۆمـەریوان بـەرێ کـەوتین بۆسـیاناو بـن بـەردی گـۆمڵی لـەبناری سـورێن ودیـوی ئێـران لای کـانی پونگەڵەوبەرامبەر بەکانی کەوەو ئەسکۆل وپیرانی کۆن کەکاتی خۆی شێخ محمودی نەمر سـکەی لـەوێ دروسـت کـردوەو لـەوێوە سـەرکەوتین بۆسەرشـاخی چادرسـەوز لەسـورێن بۆسـەیری ناوچـەکە وجموجـۆڵی عێـراق ودیـاری کردنـی جێگـای چـالاکی عەسـکەری زۆرهیلاك بوین هەورازوساردوبەفروهەوای ساردی سورێن لەوجێگایەدا بـەفر دەمێنێتـەوە لەهەنـدێك جێگالەهاوینـەوە تازسـتان، لـە986/11/14 هەرخـەریکی گواسـتنەوەی چـەك وتەقەمـەنی بـوین، لـەرۆژی 986/11/15 لەقەڵـەخانی بـوین حزبـی شـیوعی عێـراق بروسـکەیەکی بۆیـەکێتی نـاردبوو بەبۆنـەی رێکـەوتنیان لەگـەڵ پـارتی لـەئێران بـەڵام بروسـکەکەیان بـاش نـەبوو لەبروسـکەدا نوسـیبویان دەبـوو ئـەو رێکەوتنـە لەکوردسـتان بکرایە لەوکاتـەو ئێسـتاش ناکرێـت، لەرۆژی 986/11/9 طـارق عبـدالجبارجواد سـەفیری عێراق لـەتورکیا تەسـریحی دا کەدەوڵـەتی تـورك بـۆی هەیـە بێتـە قولایی خـاکی عێراقـەوە بەمەسافەی (15 کم) بۆلێدانی کوردەکانی تورکیا وەعێـراقیش بـۆی هەیـە بەهـەمان شـێوە بچێتە ناو خاکی تورکیاوە بۆهـەمان مەبەسـت لەوکاتـەدا ئێـران دوولایـەنی کـوردی ئاشـت کردەوە وعێـراق وتورکیـا رێکـەوتن لەسـەر لێـدانی کوردهـەتا حورمـەتی سـنوری دەوڵـەتی خۆیـان خـستە ژێـر پۆسـتاڵی سـەربازی یـەکترەوە بۆلێـدانی کـوردی هـەردو وڵات... بروسـکەکەی حزبی شـیوعی زۆر گاڵتـەپێکردن بـوو بۆپـارتی ویـەکێتی، لـە986/11/16 هەرلەقەلـەخانی بوین گولـەتۆپ وچـەکمان دەگواسـتەوە بۆبـەری قـەرەداغ ومەقـەری حـزب لەقـەرەداغ کەزۆرزەحمـەت بـوو نـاردنی ئـەو هەمووشـتە بۆقـەرەداغ لەوکاتـەدا بەناوسـەدان

رەبايـەو هـەزاران جـاش وجـەيش و تـەيارەی هەليکۆپتـەرو جاسـوس ومـين بـەبارو ولاّغ وتراکتـۆر پەرينـەوە لـەجادەی قـيری نێـوان خورمـالّ وبيـارەو سەيدصـادق وهەڵەبجـە وسليّمانی ودەربەنديخان ئاسـان نـەبوو بـەلاّم بردنـی ئەوشـتانەهێزو توانـای پيێشمەرگەو رێکخستن و جـەماوەری حزبـی سۆسياليـست زياترشـيان بەسـەروی حـزب ودۆسـتەکانی حـزب دەداو دوژمـنی دەترسـاند... دوای رێکـەوتنی يـەکێتی وپـارتی ويـەکێتی و ئێـران کەچی خۆمان هيچ رێکەوتنێکمان لەگەڵ ئێران نەبوو لەسـەر ئەساسـێك پێشتر برادەرانـی ئێمە نەياندەکرد لەگەڵ ئێران دابنيشن لەترسی موزايەدەی ناوخۆيان کاك دکتۆر محمود جارجارتەعليقی دەدا کە(مەجيد) هيچ ناکات چونکە ئەوکاتە زۆربەی مەسئولەکانی ئێران ناويـان مەجيـد بـو، لـەرۆژی 986/11/17 کـاك رەسـول وخالّـەحاجی هـاتن بۆلامـان مـن کۆبونەوەيـەکم بۆدروست کردبـون لەگـەڵ ئێرانيـەکان وبريـاربوو دوای رێکـەوتنی يـەکێتی وئێران برادەرانی ئێمەش هەنـدێك بيريـان کـردەوە کەپێويـستە رێکـەوتن لەسـەر ئەساسـیٚ لەگـەڵ ئێـران بکـەين بـەلاّم دوای ئـەوەی يـەکێتی لەگـەڵ ئێـران رێکـەوت وپـارتيش لەگـەڵ يــەکێتی رێکــەوت نــاوی سۆسياليــست کێــشەيەك بــوولای ئێرانيــەکان لەگــەڵ ئێمــەدا ئێرانيەکان حازرنەبون دوای ئەوەی چەندين جار داوای رێکەوتنيان دەکردسـەرکردايەتی نـەی دەکـرد چـونکە سـەرکردايەتی ولقـەکانی هاوکـاری ئێرانيـان نـەدەکرد لەشـەروکاری عەسـکەری بۆيــە لەوکاتەشـدا ئێـران تــەعامولی رۆژانــەی لەگــەڵ لقــی سـليّمانی حزبــی سۆسياليست بوو ياسليّمانی وکەرکوك ئەويش لەسەر بەرنامـەو پرۆتۆکـۆل نـەبوو لەسـەر ئەساسی رۆژانەبوو واتا رێك دەکـەوتين لەسـەر چالاکی هاوبەشـی عەسـکەری بـە ئەوەنـدە کلاّشـنکۆف ودۆشـکەو بـی.کـەی.سـی. و چـادروجيهاز هـاوانی (60 و81 و120 ملـم) وکاتيۆشـاو شـتی تـری پێويـست بۆيـە تـازە کـاك رەسـول ومەکتـەبی سياسـی بيريـان کردبـوەوە بۆهاوکـاری ئێـران هەرچيمان دەکـرد لەگـەڵ ئێـران بۆلەسـەر ئەسـاس نـەبێت منيش هەوڵم ئەدا لـەرێگای لقی سليّمانيەوە رێکەوتنەکە بکرێت وئێرانيـەکانيش پێيـان بـاش بـوو، لـە986/11/18 مـن (5)هـاوانی (120ملـم) ودووراجيمـەو(10)دۆشـکەو(يـەك کاتيوشـای (3)مـەتری و (50) ئـار.بـی.جـی و(10) بـی.کـەی.سـی و(500) هەزارفيـشەك ولـــوغمێکی زۆری دەبابـــەو وشەخـــسی و گـــراد کەگولـــەی (3) مـــەتری دەتەقانـــد

و(220)کلاشنکۆفم وەرگرد و چەکمان نارد بۆمەکتەبی سیاسی لەوکاتەدا خەریکی بەرێ کردینی بوین وکۆبونەوەی کاك رەسول وخاڵەحاجی وئێرانیەکان کراو بریاردرا وەجبەیەك چە ك وئازوقەو بەتانی وجل وشتی شەری بە مەکتەبی سیاسی بدەن بێ ئەوەی وەرگیراوە پرۆتۆکۆل ئیمزا بکەن بەڵام هەر دوایان دەخست نەیان دەکرد برادەرانی مەکتەبی سیاسی بەمنیان دەوت ئیشەکە رابگرن وچالاکیەکە مەکەن ئەگەر ئێمە نەمان کردایەت هەردەیان کرد چونکە زۆربەی شتەکان راکێشراوبوو بۆقەرەداغ  چەند مانگێ بوو هەربەردەوام کەس ئیسراحەتی نەکردبوو، لە986/11/19 کاك رەسول وئەوانم هێنا بۆسەیری ئەو ئەشیایەی کەپەلەی لێ دەکەین و ئەو هەمووناخۆشیەو رۆژانە(200) ئێسترمان دووجار لەقەڵەخانی وە ناردە هانە نەوە وە(40) بارمان نارد، بەترێلە گولە تۆپ دەهات ئەو وەزعە بوەو هەم پەشیمان بونەوە لەوێ شتێکی لەگەڵ ئێران ئیمزا بکەین وتیان ئەم کارە تەنها بەئێوە واتا لقی سلێمانی دەکرێت ولای ئێمەو جێگاکانی تر ناکرێت و تۆشی عەیبەیش دەبین و ئێوە هەروابێ رێکەوتن بکەین جارجار شتیان لێ وەربگرن بۆپێشمەرگە و ئێمەش... ئەوە لەهێزی کەس دا نیە ئەو موجازەفەیە بکات ئیتر ئەوان گەرانەوە بۆمەکتەبی سیاسی ومنیش گەرامەوە دزڵی ودوای بۆقەلەخانی وهانە نەوە، لە986/11/20لەهانە نەوە بوین جێگایەکی خۆش ودارگوێزو ئاوی ساردوهەرمێ وترێ وکەپری گەورەی چاکی هەبووسێبەری خۆشی هەبوو لەهاوین بەڵام لەزستان نەمان دەتوانی دەست وچاوبشۆرین لەوناوە لەبەر سەرماو بەفر، لە986/11/21 لەهانە نەوەوە (40) بارمان ناردە شارەزوور، وەلەرۆژی986/11/22 هەر لەهانە نەوەوە (83) بارمان ناردە شارەزوور لەتەقەمەنی وگولە تۆپ، لە986/11/23 هەرلەهانە نەوە بوین وبارمان دەناردە خوارەوە لەوسەرمایە، لەرۆژی 986/11/24 هەرلەهانە نەوەوە (118) بارمان ناردئەمانە هەمووی بەشەو دەبوو برۆشتایە لای جادەی زەرایەن لای رێگای زەلەرەش کەوتە کەمین وە ولاغ دارێك وپاسدارێك گیراو بەڵام پێشمەرگە و باقی بارەکان هیچ نەگیراو بەسەلامەتی گەیشتنە کانی هەنجیر لای بەری قەرەداغ، لەشەوی 25-986/11/26 لەهانە نەوەوە بە(157) بار گولە تۆپ وفیشەکەوە چوینە دێکۆن وگۆمەلارو تەپی سەفاو تەپەتۆڵەکە لەچەمی زەڵم  ولاغەکان هەرئەو شەوە گەرانەوە بۆهانە

نەوەوشاخی هەورامان ئێمە بەیانی چوینە کیشەدەری ولەویّ بە(14) تراکتۆرهەموی بارکرا، لەشەوی 26-986/11/27 چوینە کشیەری وقاجروگردی شەریف ودۆلآش وناوگردان ولەخوارەوە رۆیشتینە بێرەشکەوکەلّتەکەو کەلّتەکەی خواروسۆیلەمیشی خوارو تەپەکەل وحاصلّ وکانی کەوەی کۆن وکانی کەوەی چوغ ولەجادەی دەربەندیخان سلێمانی پەرینەوە بۆگوندی زەلەرەش وبۆکانی هەنجیرو مەقەری لقی سلێمانی ئەوکات لەکانی کەوەی نێوان سیّ تەلآن وکانی هەنجیرەبوو ئێمە هەروا مەشغولّی ئەوبەرنامەیە بوین لەپێشمان بوو، لە986/11/27 لەمەقەر بوین لەبەری قەرەداغ لەکانی هەنجیر بۆشەوەکەی لەکانی هەنجیرەوە بەریّ کەوتین بۆزەلەرەش وبۆسەر جادەی دەربەندیخان زەرایەن لەنێوان داری قەلان ومیردی وە لەبەردەم زەلەرەشەوە پەرینەوە دوو راجیمەو چەندین دۆشکەو شتمان لەسەر تراکتۆرەکە دامەزراندبوو لەسەرجادە تەقەیان لیّ کردین بەلآم سەلامەت بوین لەهیچ جێگایەك لامان نەدا تاگەیشتینە دەشتی تەپەکەل وقەلّبەزەوخۆمان قائیم کردلەبەر چەك وشتەکان نیوەرۆی 986/11/29 چەکەکانمان لەسۆیلەمیش دانا چونکە سۆیلەمیش لەکاتی شەرەکانەوە چۆلّ کرابوو ئێمە پێشمەرگەمان بۆحەرەسیاتی شتەکان داناو چوینە تەپەکەل ئەو چەند رۆژە لەشارەزوور بوین، لە986/11/30 لەتەپەکەلەوە چوین بۆمالوان وتەپی کەرەم وموانی میرزاو موانی مەلاتاهیر وسواری وگەراینەوەتەپەکەل هەندێك پاسدارمان لەگەلّ بوو لەوماوەیەدا ئێمە بەهێزی زۆرەوە لەشارەزوور بەدۆشکەو چەکی قورسەوە دەگەراین ونەیان دەویست روی بەروی هێزی سۆسیالست ببنەوە بەلّکو هیچ هێزیك لەشارەزوور نەمابوو وەجەولەی ئاسایشیان نەدەکرد ئێمە بوین بەیەك پارچە ئاگرو بەدوای شەردا دەگەراین، لە986/12/1 لەحاصلّ بوین، لە986/12/2 لەئالان بوین ودوای نیوەرۆ چوینە قەلّبەزەو بەچەك وراجیمەوە، لە986/12/3 لە قەلّبەزەو کانی بەردینە نەوەستاین بۆبێسەلّمێن وشەو لەویّ بوین، لە986/12/4 چوینە جەردئاسنە، لە986/12/5 چوینە کانی بەردینە، لە986/12/6 چوینە کانی مرواری ودەق... هەرلەرۆژەکانی سەرەتای مانگی 12ی1986 وەفدێکی پارتی چووەیەخسەمەرولەویّ چاویان بەیەکێتی کەوت وەفدەکەی پارتی (فاضل مطني وفرانسۆ حەریری وحاجی حاجی ابراهیم وعبداللەئاغا) بون کاتیّ

ئەوان لەویَ بون عێراق رێگای هاتوچۆی سەفەرەی گرت وئەوانیش لەقەرەداغەوە گەرانەوە لەمەقەری لقی سلێمانی لەقەرەداغ لایان دابوو کاك عبدالخالق هەورامی لەویَ بوو میوان داری لیَ کردبون دوای ئەوە هاتبونە مەقەری هەرێمی (5) لەکانی هەنجیرئەوان شارەزا نەبون عەلی بچکۆل ومەفرەزەیەکی هەرێمی (5) شەو لەجادەی زەرایەن دەربەندیخان پەراندوبویانەوەو بردویانە مزگەوتەکەی تەپەکەل جێگەوشتی بۆهێنابون شەولەویَ خەوتبون بەلاّم کەخەبەری ئێمەیان بیستبوو کەناوچەکە ئالۆزەو ئێمە بەدۆشکەو راجیمەوە جەولە دەکەین هەر نیوەشەو هەڵسابون بەتانی وشتەکانیان لەمزگەوتەکە بەجیَ هێشتبوو نەیان بردبوەوە بۆخاوەن ماڵەکان بەریَ کەوتبون بەرەو سۆیلەمیش وناوچەی سورێن بەلاّم پیَ ی ئەچوو هەرشارەزا نەبون بەتانی وشتەکان بەرنەوە بۆماڵەکان وایان زانیبوو دەبیَ خەڵکە بەتانی وشتیان بۆبهێنیَ وبیباتەوە چونکە ماوەیەکی زۆربوو ئەوان نەچوبونە ناوجەماوەرەوە، ، شەوی 7–986/12/8 لەمزگەوتەکە بون بەتانیەکانیان بەجیَ هێشتبوو بەریَ کەوتبون بەرەو هەورامان وسورێن وتبویان ئێمە نەمان زانیوە یەکێتی لێرە واتا دۆڵی جافەتی حکومەتێکی بچکۆڵەیان هەیە، وادیاربوویەکێتی هەموو دەزگاو شوێنەکانیان پیشان پارتی دابوو، هەربەهێزەکەوە (18) تراکتۆرەوە لەقەڵبەزەو ئالان وحاصڵ وتەپەکەل وسواری وقوماشی حمەرەشید بەگ وتاسڵوجەو سۆیلەمیش وکەڵتەکە، لەرۆژی 986/12/8 لەکەڵتەکە و شاتوان وبێرەشکەو ناوگردان ومەسەکان وگردەنازیَ بوین، بۆشەوەکەی چوینە قاجروگردی شەریف ودۆلاّش ولەگردی شەریف قوەتێك بەقیادەی محمد صالّح دەوڵەتیار جێگری هەرێمی (1) مان نارد بۆگرتنی رەبایەکانی گامێش تەپە وهێزەکەش لەدۆلاّشەوە بۆ ناوگردان (12)تراکتۆرمان پێبوو چاوەرێمان دەکرد رەبایەکان بگرن وزووبگەنەوە لامان لەگەڵ دیل ودەستکەوتەکان هێزەکە (79) پێشمەرگە بوو بەریَ کەوتن شەرەکە درێژەی کێشاو بۆیان نەگیراو (2–3) پێشمەرگەمان لەناو رەبایەکە بریندارو شەهید بون چونکە هێزەکە بەشێوەیەکی رێك وپێك نەچوبون ومەسئولەکانیش کەسیان حەزیان نەدەکرد محمد صالّح سەرکەوتوبێت لەوشەرەدا چونکە زۆر لەمەسئولەکان قیادەی شەریان کردبوو بەلاّم ئەوقیادەی شەری وای نەکردبوو خۆشی لەوانەی تر بەکەم

نەدەزانی برادەران دەیانوت ئەگەر (200) کەسی بدەیتێ شەری بۆناکرێت، لەشەوی 9-986/12/10 لەناوگردانەوە بەرێ کەوتین بۆبێرەشکەو شاتوان وکەلتەکەوسۆیلەمیش وتەپەکەل وحاصل وکانی کەوەی کۆن وسەرجادەی زەلەرەش و گەورەقەلاٚو کانی هەنجیرو مەقەری هەرێمی(5) لەکانی کەوەی نێوان سێ تەلان وکانی هەنجیر بریندارەکانمان لەگەڵ خۆمان برد بۆقەرەداغ سیروان محمود خەڵکی گۆری ئەسپی گەرمیان شەهید بوو، جەلیل شەهید بوو کەدانیشتوی کەرکوك بوو، رەوف عبدالرحمان خەڵکی جەردئاسنە شەهید بوو، جەمال مۆریاسی ودووسێ پێشمەرگە برینداربون، لەرۆژانی 11و12و986/12/13 هەرلەوێ بوین ومەفرەزەیەکی لقی هەولێر هاتبون بۆسەردانمان کاك عبداللە کەردزی وئەوان بون، لەشەوی 14-986/12/15 لەکانی هەنجیرەوە بۆکانی کەوەوتەپەکەل وسۆیلەمیش چوین، لە986/12/16 لەسۆیلەمیشەوە بەرێ کەوتین بۆتەپەکەل وبێسەلمێن چوین بۆئەوەی بدەین لەچەناخچیان بەراجیمەو هاوان ودۆشکە، لە986/12/17 چوینە قەڵبەزەوتەپەکەل ومالوان خواروومالوانی سەروتەپی کەرەم وقازاووئاوایی حمەعزیز لای زێرنجۆ سەرچەمی تانجەرۆ تاگولەکانیان ئامادەکرد دنیا تاریکی کردو تەقەی راجیمەوتۆپیش بەشەو جێگاکە کەشف دەبێت وەئێرانیەکان وتیان ئەگەر چالاکیەکەش بکرێت بەناوی سۆسیالیستەوە بلاٚوی ناکەینەوە لەبەرئەوە ئێمەش ئەوچالاکیەمان نەکرد شتەکانمان بارکردو گەراینەوە بۆلای تەپەکەل ولەوێشەوە بۆسەرجادەی زەرایەن وبۆلای قەرەداغ بەلاٚم ئێمە (18) تراکتۆر بارمان پێبووجگە لەپێشمەرگە، لەشەوی 17-986/12/18 تراکتۆرەکان وهەندێك پێشمەرگەمان نارد بۆپەراندنەوەی چەك وتەقەمەنیەکان بۆبەری قەرەداغ وخۆشمان وهێزەکەشمان ناردە تەپەکەل وشەویش برواتە نزیك بەحرەکە وناو ئەو جەنگەڵە و دەشتیەکە لەبەر هێرشی دوژمن بەلاٚم رژێم (6) دەبابەی هێنابووە لای رەبایەکان دەبابەی بەرازیلی وگولەی تۆپەکەشی گردابوولەرەبایەوە بۆ جێگای پەرینەوەی تراکتۆرەکان (200م یان250م) بوو وادیار بوو تراکتۆرەکان هەمووی بەکۆمەڵلەسەر جادە بوون بەجارێك 18 تراکتۆربێ لایت بووکەبی کەی سی و(B.K.C )ودۆشکەوهاوان وراجیمەی وتۆپی تیابوو لەوکاتە گولە تۆپی دەبابەیەك پڕبەپری بەر عەرەبانەکە کەوت کەپربوو لە

گولەو کاتیۆشاودۆشکەو هاوانی تیادا بوویەکسەری ئاگری گرت و تەقییەوە هەر گولەی ناوتراکتۆرەکە هەموو ئەوناوەی روونـاك کردەوە ئەوەندەی‌کەش دوژمن بەهەموو چەکێ لێی داین بەلام تەنها تراکتۆرێك سوتا لەگەڵ بارەکەی دا وە تراکتۆرێکی کە پارچەی بەرکەوت بەلام هەرچۆنێك بێت دەریان کردبەراکێشان وهێنایانەوە وەتراکتۆرەکەمان هێنایەوە بۆ خاوەنەکەی بەدڵی خۆیان وچۆنیان ویست لەگەڵ تەقەکەدا ئێمە لەکانی کەوە هەر چاوەڕوان بووین بەجیهاز قسەم لەگەڵدەکردن تا بزانم دەرباز بوون یان نا لەپڕ تەقە دەستی پێکرد دوای 10بۆ12 دەقیقە بو بەدەست ڕێژو هەرگولەی ئەوناوە هەمووی رۆشن بۆوە ئێمە رۆشتین هەندێك لەپێشمەرگەکان لەم بەریجادەکە بوون کەئێمە چووین ئەوان هەڵسان و چوونە سەرجادەکە محمود گردی شەریفی وئەوان بون وەمن (3) پاسدارم لەگەڵ دا بوو ئاغای حورمەت وئاغای مونفەریدو ئاغای صادق، هەمووتراکتۆرەکان و بارەکانیان بردەوە کانی هەنجیر ئێمەگەراینەوە لای هێزەکە لەخواروی سۆیلەمیش لەسەر چەمی تانجەرۆ بووین وەدنیاساردو سەرماو باران و زوقم بوو لەشارەزوورو دەورو پشتی هەر ساردو سەرماوزوقم بوو ئەو چەند رۆژە گیانمان بە کاك نصرالدین میرزاخانەقینی بوو ماڵیان لەئەرەك بوو پیاوێکی بەهێز بوووەرزشەوان بوو زۆری بارەکان ئەوباری دەکرد،کۆچی دوای کرد لەکۆتای ساڵەکانی هەشتاکاندا، 1986/12/18 چووینە ئالان وحاصل و لەبەردەم قلیجەوە چەم وژاڵەوبۆسۆڤ وەنەکان زەلەرەش وکانی هەنجیر، لە1986/12/19 چووینە کانی هەنجیرو بلکان لەمەقەربووین یەکەم رۆژی زستان بوو وەدنیا زۆر سارد بوو، لە20تا1986/12/21 هەرلەمەقەربووین وەلە12/22دا ئێران لەخواروی عێراقەوە هێرشی کردو بەپێی هەواڵە جیهانیەکان (50)هەزار لەهەردوولا کوژراوە، ئێران و عێراق هەردوولا لەدەزگامەدەنی یەکان ولەشارەکان و خەڵکی هەژاریان دەدا، لە1986/12/24 باوکو کەس و کاری ئەحمەد قەدەفەری ژنیان هێنابوو بۆ ئەحمەد و لەئاوەکەڵە لای مەقەری هەرێمی(1) دایان نابوو وە خۆی لەوێ نەبوو مەشغوڵی ئیش و کاربوو لەبناری سورێن جیهازمان بۆ کرد وابووك هاتووە و لەئاوەکەڵەیەو لەبناری قەرەداغە بەڵکوبگەڕیتەوە ئەوە یەکەم جارنەبوو بەنسبەت پێشمەرگەی سۆسیالستەوە بووك لەمەقەربێت و چاوەروانی زاوا بکات زاواش

لەشەڕ و جەولەبێت و ڕێگاخەتەرو دووربێت و بەدووسیٚ ڕۆژ بگاتەوە، لە1986/12/25 جاش هێرشی کردبوو بۆبناری قەرەداغ وبەیانی زووبوو ئێمە بۆیان ڕۆشتین لەزەلەرەش و گەورە قەڵاراومان نان تائێمە گەشتین تراکتۆرێکی دێی زەلە رەشیان شکاندبوو وەزۆر ئازاری خەڵکەکەیان دابوو، لەرۆژی 25و1986/12/26 کوبرا خانی خێزانی کاك ئەحمەد ناچار لەئاوەکەلەوە بۆ کۆرەو مەقەری کانی هەنجیرو سیٚ تەلان و گوندی کانی هەنجیر لەبناری قەرەداغ کەوتە جەولەو بەمەفرەزەیەکەوە کاك ئەحمەدیش هەر نەگەرابۆوە وابوکەکە سیٚ رۆژی بەریٚ کرد هەر لەو رۆژانەشدا موئتەمەری نەصری عێراقی لەتەهران بۆ هەموو هێزە بەرهەڵستکارە عێراقیەکان بەستراو کاك رەسول مامەندیش بەشداری کرد لەگەڵ کاك شێخ محمد و خاڵە حاجی و وەفدێکی حزب لەویٚ ووتاری حزبی سۆسیالست خوێندرایەوە وەلەپارتیش کاك ئدریس بارزانی بەشداری کردوەهەموو ئەو موعارەزانەی کەلە لوبنان وسوریاو لندن وئەوروپا بوون هەمووبەشداریان تێدا کرد لەئوتێل ئیستقلال لەتەهران .. لەئوتێلەکەوە بەناوی مەسئولێکی ئێرانەوە تەلەفونیان کرد بۆکاك رەسول کەئێوە بەتەمابوون چالاکی بکەن چیتان کرد ئەویش زۆربەوردی وەڵامی دابۆوە بەڵیٚ وایە و برادەرانمان مەشغوڵن و بەردەوامن و چاوەڕێن کەلەو ماوەیەدا بکرێت بەناوی زەفەری (3)وە لەدەربەندیخان بکرێت دوای دەرکەوت ئەوتەلەفۆنە ئێرانیەکان نەبووە،لە1986/12/29 لەکانی هەنجیرەوە بەڕێکەوتین بۆ زەلە رەش وسۆفی وەنەکان وسەرجادەی دەربەندیخان زەرایەن لەچەمەکەوە لەژێر پردەکەوە پەرینەوە بۆ بەری قلیجەو ئالان و حاصل و کانی کەوەی کۆن، لەرۆژی 1986/12/30 لە ئالان بەریٚ کەوتین بۆ قەڵبەزە باران بوو وەبۆکەڵتەکەی سەرو خوارو شاتوان و بێرەشکەو خواروی ناوگردان و دۆڵاش و قاجرو کشەدەری و دوایش بۆ تەپە تۆڵەکە وەئێوارە کەمینی جاش هاتە سەرجادەو رەبایەیەکیش لەسەر جادە دانرابوو دوای شەهید مام کەریم و ئەوان گەراینەوە کشەدەری ئێمەش زۆر بووین، لەرۆژی 1986/12/31 ئاغای صادق جیهازی کردبۆئێران بۆئەوەی تۆپ بارانی کەمینەکە بکەن ئەوانیش تۆپ بارانی کەمینەکەیان کردو تۆپ دای لەکەمینەکان و ئێمەش چووینە سەرجادەو جاشەکان هەڵهاتن و کەمینەکە تێك شکا. ساڵی 1986 گۆرانی زۆرو ساڵێکی پرلەمەینەتی وگەرمەشە ری

**ئێران وعێراق وماندووبونی پێشمەرگەو شەری گەورەو کوژرانی سەدان هەزار لەنێوان ئێران وعێراقداو لێدانی کەرکوك لەلایەن یەکێتی و ئێران وەئاشت بوونەوەی یەکێتی و پارتی لەتەهران و تەقینەوەی کارگەی نەوەوی چیرنوبیڵ لەسۆڤیەت و مەترسی ناوچەکەو پاکردنەوەی ناوچەی سورێن لەلایەن هێزەکانی حزبی سۆسیالست و دەیان روداوی مێژووی گەورەترو چوونی کاك رەسول بۆ یەخسەمەرو شەری قەیوان ماوەت و بەستنی ڕێگای سەفرە لەلایەن عێراق و کۆبوونەوەی رێگن و گۆرباشۆف و رێکەوتنی پاسۆك و حزبی شیوعی لەگەڵ (ی.ن.ك) وزۆری کەش .... کۆتایی بەرگی دووهەم.**

**تێبینی :**
لەبەر هۆکاری تەکنیکی و ئاسان خوێندنەوەی کتێبەکە لەلایەن میوانانی جەماوەرنیوزەوە ، بەڵگەنامەو وێنەکانمان بڵاونەکردەوە.
خوێنەران دەتوانن لە دەقی چاپکراوی هەر سێ بەرگی رۆژ ژمێری پێشمەرگەیەک سەرجەم وێنەو بەڵگەنامەکان ببینن.